**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١١٧

سالٌی/ ٢٠٢٠ – بەرگی سەدو هەڤدە

---

چاپی یەکەم/ سالٌی ٢٠٢١

له بڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

---

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی(٢٠٢٠)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بەرگی: ١١٧
چاپی یەکەم: ٢٠٢١
تیراژ: ٢٥٠
پێداچوونەوەونەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات کردن: نەورۆز شێرزاد، دلێر اکرم، شوان محمد، کۆڤان خسرو، تارا رشاد، رێبین رشاد، ارام کمال، شیلان ملاعباس، رەنجدەر رقیب.
ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:
چاپخانەی شەهاب - هەولێر

# پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) ی نائاسایی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن - چوار شەممە ٢٠٢١/١/٦ل٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠٢١/٣/١ ل ٤٣
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠٢١/٣/٨` ل٨٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢١/٣/١٠ ل ٢١٥

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی**

**چوارشەممە ڕێکەوتی ١٦\١١\٢٠٢١**

**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی
# چوارشەممە رێكەوتی ٦/ ١/ ٢٠٢١

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٢٠٢١/١/٦ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. رێواز فائق حسێن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی ماددەی (٥) برگەكانی یەكەم و دووەم و سێیەم لە ماددەی (١٦) و برگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) و برگەكانی یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم پێنجەم لە ماددەی (٢٠) و ماددەكانی (٤٧ و ٤٨)و برگەی یەكەم لە ماددەی (٥٢) و ماددەكانی (٥٤ و ٥٥ و ٥٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانشتنی ژمارە (١) ی نا ئاسایی سالی سێیەم لە خولی هەڵژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كاتژمێر (١١) ی پێش نیوەرۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٢٠٢١/١/٦ بەو شێوەیە بێت:

١ دەنگدان لەسەر متمانەدان بە بەرێز (كەمال عەبدولحەمید عەبدولڕەحمان) بۆ پۆستی وەزیری سامانە سروشتییەكان لە كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە پێی بڕگەی چوارەمی ماددەی (٥٦) و لە یاسای هەلبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١)ی سالی ١٩٩٢ ی هەموار كراو.

٢- دەنگدان لەسەر پڕۆژە یاسای فرۆشتن و بەكرێدانی مایەكانی دەوڵەت لە هەرێمی كوردستان بەپێی حوكمی ماددەكانی (٩٠ و ٩٣ و ٩٦ و ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

سالێ نوێتان پیرۆز بێ، بە ناوی خوای گەورە، بە ناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ژمارە (١)ی نا ئاسایی سالی سێیەم لە خولی هەلبژاردنی پەرلەمانی كوردستان دەست پێ ئەكەین، داوا لە بەرێز سكرتێری پەرلەمان ئەكەم بەرنامەی كاری ئەو كۆبوونەوەیەمان بۆ بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەرێز منى نبى قهوچى / سكرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمی ماددەی (٥) برگەكانی یەكەم و دووەم و سێیەم لە ماددەی (١٦) و برگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) و برگەكانی یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم پێنجەم لە ماددەی (٢٠) و ماددەكانی (٤٧ و ٤٨)و برگەی یەكەم لە ماددەی (٥٢) و ماددەكانی (٥٤ و ٥٥ و ٥٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانشتنی

ژماره (١) ی نا ئاسایی سالی سێیەم لە خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/٦ بەو شێوەیە بێت:
١ دەنگدان لەسەر متمانەدان بە بەڕێز (كمال عبدالرحيم عبدالرحمن) بۆ پۆستی وەزیری سامانە سروشتییەکان لە کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێی بڕگەی چوارەمی ماددەی (٥٦)و لە یاسای هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ی سالی ١٩٩٢ ی هەموار کراو.
٢- دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی (٩٠ و ٩٣ و ٩٦ و ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دەست بە جێ بەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار ئەکەین، نوقتەی نیزامی فەرموو، فەرموو دکتۆر کاظم.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ناو بەرنامەی کار و لە ناو ئەو سیقیەی بە دەستمان گەیشتبوو هیچ روون کردنەوەیەکی تێدا نییە سەبارەت بە ئەو کەسەی ئەیەوێ ببێ بە وەزیری سامانە سروشتییەکان بەرنامەی کاری چییە؟ ئەیەوێ چی بکات؟ واز لەوە بێنە لە حکومەت باس کراوە، بەڵام چ جیاوازی هەیە لەگەل وەزیری پێش خۆی؟ پێش دەنگدان وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە، چونکە ئەو کەسە ئەبێ بە وەزیری سامانە سروشتییەکانی میللەتێك نە حیزبێك، لەمەودوا خەڵك ئەزانێ چەند نەوت ئەفرۆشرێ، بە کێ و بە چەند ئەفرۆشرێ و داهاتی چەند ئەبێ، ئەگەڕێتەوە بۆ کوێ؟ ئەدرێ بە مووچەی خەڵك، پاشەکەوتی مووچە ئەگێڕێتەوە، ئەو قەرزانەی لەلایەن وەزیری پێشوو هێنراوە ئەدرێتەوە، یان ئەو وەزیرەش چەندین ملیاری تر دێنێتە سەر هەرێم، بە نیازە چۆن مەلەفی نەوت لە نێوان هەرێم و بەغدا ئیدارە بدات؟ ئەو سامانە سروشتییە چۆن ئەیخاتە خزمەتی خەڵك، یان ئەبێتەوە هۆی برینی مووچە و قوت و بی ئیشی خەلك، پێش دەنگدان وەڵام بدرێتەوە، بۆ ئەوەی پەرلەمانتار بەرچاو روون بێ بۆ ئەو کەسە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بدريه اسماعيل طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەندین جار یاداشتمان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە کە کۆبوونەوەی تایبەت بۆ گرفتی مووچە بکرێ، بەداخەوە وەڵام نەدراوەتەوە، تازەترین یاداشت هی دوێنی بوو بە داخەوە کە (٢٢) ئەندام داوایان کرد گرفتی مووچە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، بەداخەوە زیاد نەکراو وەڵامیش نەدرایەوە، ئەمڕۆ کە کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجام ئەدرێ و نوێنەری خەڵکین ئەو قەیرانەی بەرۆکی هەرێم و مووچە خۆرانی گرتووە، ئەبێ پەرلەمان بە ئەرکی خۆی هەڵسێ، بەداخەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان کەوتە بەر پەرپرسیاریەتێکی گەورە کە ئەبوو ئەو بڕگەیە زیاد بکرێ بۆ کۆبوونەوەی ئەمڕۆ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕۆژی ١١/٢٥ لەسەر تەقە لێکردنی خۆپیشاندەران لە سلێمانی و گەرمیان داوای دروست کردنی لیژنەیەکم کردوو، بەداخەوە پێش ئەوەی ئەو لیژنەیە دروست ببێ دووبارە کارەساتێکی ترمان بەسەر هات، سێ پەرلەمانتار (شیرین خان، کاك دیار) و من لە سلێمانی پەلامار دراین، دیسانەوە لیژنەیەك لە پەرلەمانی کوردستان سەردانی سلێمانیمان کرد بۆ بەدواداچوون، یەکێ لەو شتانەی من داوام کردبوو ژوورەکەی من (١٠) مەتر دوورە لە ژووری سەرۆك و ئەندامان، یەك کەس بۆ یەك وشەش پرسیاری لێ نەکردووم تۆ شاهێدی لەویا، ئەنجامی لیژنەکەش بڵاو نەکرایەوە، تکا ئەکەم بەڕێزتان پارێزەری مافی خەڵکن، هیچ نەبووایە بە یەك دێریش ئیدانەی ئەو هێرشانەتان کردبووایە لەسەر پەرلەمانتار.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ابو بەکر.

**بەڕێز ابو بەکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەبێ هەموو ڕۆژانی سێ شەمە و چوار شەمە تایبەتە بە کۆبوونەوەی پەرلەمان، بەڕێزت وەڵامی ئێمە بدەرەوە، (٣٥) ڕۆژە بۆ پەرلەمان کۆنابێتەوە، بەپێی یاسای ژمارە (١) ی ١٩٩٢ و ژمارە (١) ی ٢٠٠٥ ئەبێ پەرلەمانی کوردستان شوێنی یەکلایی کردنەوەی پرسە نیشتیمانی و چارەنووسسازەکان بێ، ئەو پەرلەمانە بە تەمەنی ئەو خولەی چ پرسێکی چارەنووسسازی یەکلایی کردۆتەوە، ئەو هەموو یاداشتانە بەپێی ماددەی (٦٦) لەبەر دەستی بەڕێزتانە وەك گرێبەستی (٥٠) ساڵە و مەسەلەی ئازادی و دەستگیر کردنی خۆپیشاندان و بابەتی دواکەوتنی مووچە، (٣٥) ڕۆژە هیچ کامێ لەو یاداشتانە دانیشتنی بۆ ناکرێ، بەڵام ئەمڕۆ بە خواستی حکومەت پەرلەمان کۆ ئەبێتەوە، ئەوە بەرپرسیاریەتی بەڕێزتان و فراکسیۆن و پەرلەمانتارانە، ئەوە پەرلەمان نییە، کەی حکومەت ویستی کۆببێتەوە، ئەو بەرپرسیاریەتییە لە ئەستۆی ئێوەیە، ئەو پەرلەمانە ناتوانێ نوێنەرایەتی خەڵك بکات بەو ئەدایەوە خراپترین مێژووی هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆتان ئاگادارن دۆخی کوردستان یەکجار مەترسیدارە، بەتایبەتی لە رووی ئابوورییەوە دۆخی بازار خراپە، تەشەنوجاتی سیاسی زۆر خراپە، چاوەڕوان بووین دانیشتنی نائاسایی پەرلەمان لەسەر قوتی خەڵك و پرسی گرنگ بکرێ، چاوەڕێ نەبووین دانیشتنی نائاسایی دەنگدان بێ لەسەر کاندێکی حکومەت کە دونیایەك پرسی گرنگ هەیە، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان

بێـدەنگە، ببـوورن ئەو قسـەیە ئەکەم، بەرپرسـیاریەتی هەڵنەگـرێ لەسـەر ژیـانی هاووڵاتیـان، نـوێنەری گەلـین، بـۆ مـووچە دابەش نـاکرێ، خەڵـك دۆخـی خـراپە، خەڵـك هەیە پـارەی شـیری منداڵەکەی نییە، کرێی خانووی نییە، کۆمەڵێ پرسی گرنگن، مەلەفی دەرمـان گەیشـتۆتە ئاسـتێك بازرگـانی بە ژیـانی خەڵـك ئەکـرێ، تێسـتی دەرمـان نـاکرێ، مەلەفـی مەترسـین، مەلەفـی نەوت یەکجار حەساسە، حەقی خۆیەتی پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەو پرسانە کۆبێتەوە، لە پشـووی پەرلەمان کۆمەڵێ دانیشتنی نائاسایی بکرێ لەسەر ئەو پرسانەی باسمان کرد، بە تـایبەتی دۆخـی مووچە و شەفافیەتی نەوت و خاڵە سنوورییەکان، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڕێبوار فەرموو.

**بەرێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکـو لیـژنەی پەیوەنـدییەکانی دەرەوە و رەوەنـدی کوردسـتانی، مـاوەیەك بەر لە ئێسـتا یاداشتێکمان بەرز کردەوە بۆ بەرێزتان لەسەر پرسی کۆچی گەنجان، گەنجانی ئێمە پـوَل بە پـوَل وڵات جـێ دێلـین، بەداخەوە لە مـاوەی رابـردوو هـیچ بـاس نەبـووە لەسـەر ئەوەی کە ئەم بـابەتە ئەخرێتە گفتوگۆ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەلی.

**بەرێز عەلی حمە صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماوەی ساڵ و نیوی رابردوو چەندین جار بەپێی ماددەی (٤٨ و ٦٦) داوای دانیشـتنی پەرلەمـان کـراوە لەسـەر ئەو پرسـانە کە رەبتـی بە مـووچەوە هەیە، فکـرەی ئـێمە ئەوە نیـیە وەفـدی دانوستانکار بێ و شەرحی مفاوەزاتمان بۆ بکات، بەدەر لەو رێگەی بەغدا دەیـان رێگـای تـر هەیە، نـازانم حـیکمەت چیـیە ئەو پەرلەمـانە رێگـا نـادات لەسـەر قاچـاغچیەتی خـاڵە سـنوورییەکان دانیشتن بکات، سەیارە بە قاچاغ دێ کە داهاتی ئەو وڵاتەیە با مووچەی پێ حەل بکەیـن، ئەمرۆ وەزیریش دەست بەکار ئەبێ، چەندین جار داوا کـراوە دانیشـتن بکـرێ لەسـەر دۆسـیەی نەوت و پێداچوونەوە بە خەرجییەکانی نەوت و گرێبەسـتە خراپەکـان و فرۆشـتنی نەوت نـاکرێ، ئەوەی لە کوردستان پێویستە باج بدات نایدا ئەوەی نـاتوانێ بیـدات لێـی وەرئەگـرن، یاسـای چاکسـازی، بەو چوار رێگـایە کێشـەی مـووچە چارەسـەر ئەبـێ، پێـداچوونەوە بە نەوت، رێگـرێ لە قاچـاغی، باج، یاسای چاکسـازی، ئەوەی کـراوە بـایۆمەتریە، دوو مـووچە لابـراوە باشـە، (٢٤٦) هەزار فـایلی خانەنشینی هەیە، تا ئێستا دەستکاری یەك فایلیش نەکراوە، (٦) هەزار فایلی شـەهیدان هەیە، تـا ئێستا شەهیدی ساختە جیا نەکراوەتەوە، (٢١٧) هەزار پێشـمەرگە هەیە تـا ئێسـتا حەق و نـاحەق جیـا نەکـراوەتەوە، نـاکرێ (١٢) رۆژ بچـی بـۆ بەغـدا بەس ئامـادە نەبیـت رۆژی بچیـت بـۆ خـاڵە سـنوورییەکان و پەرلەمـان، باوەڕمـان وایە کێشـەی مـووچە و ژیـانی خەڵـك لێـرە لە کوردسـتان چارەسەر ئەبێ، ئەرکی بەرێزتە بەپێی ماددەی (٨) یـان دەسـەڵاتی سـەرۆکە یـان ٣/١ ئەنـدامانەن کردمان بە (٦٦و ٤٨)، دوای ئەم دانیشتنە زنجیرەیەك دانیشتن بکـرێ لەسـەر خـاڵە سـنوورییەکان،

حکومەت ئامادە نیـیە باسـی ئەو قاچـاخچییە بکـات، وەزیـری سـامانە سروشـتییەکان ئەبـێ ئەو کۆمپانیا گەورانە باج بدەن، بە قـانوونی و بە نـا قـانوونی باجیـان لـێ وەرنـاگیری، لەگەل ئەوەش شەش مانگ تێپەڕیووە هەنگاوی یاسـای چاکسـازی نـاچێتە پێشـەوە، هیـوادارم وەڵامـی دەقیـق بدەیتەوە، ئایا جەنابت ئامادەی دانیشتن بۆ ئەو پرسانە بکەیت یـا نـا؟ ئەگەر بەڕێـزت ئامـادەی و حکومەت نایەت بە روونی پێمان بڵێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو موژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گلەییەکەم هەیە لە بەڕێزتان، فرست صۆفی کە کۆچی دوایی کرد، لێرە فاتیحەی بۆ خـوێنرایەوە بۆ روحـی شـادی، بەڵام شـەقامی کـوردی پـۆلێ شـەهیدی دا کە لە پێنـاوی نـان و ئـازادی شـەهید کران، لێرە فاتیحەیان بۆ نەخوێنرا، پەرلەمان هەڵوێسـتی نەبـوو کە لەلایەن دەسـەڵاتەوە شـەهید کـران، لێـرە دەقەیەك بـۆ گیـانی پاکیـان نەوەسـتان، عەیـبەیە بـۆ پەرلەمـان، لەبەر ئەوەی هـیچ باگراوندی حیزبیان نەبـوو، لێـرەوە داوا ئەکەم دەقەیەك بـۆ گیـانی پـاکی ئەو شـەهیدانە بە پێـوە بوەستن و فاتیحەیان بۆ بخوێندرێ، سـەرەرای تێبیـنم، یەك دونیـا یاداشـتی پەرلەمانتـاران دراوە بە سەرۆکایەتی، ئێستا کاك عەلی ئاماژەی پێدا قاچـاغچییەتی هەیە لە خـاڵە سـنوورییەکان، یەك کۆبـوونەوە نەکـراوە کە دونیـایەك داهـات ئەگـرێتەوە بـۆ ئەو وڵاتە، مـووچە و گـوزەرانی خەڵـك چارەسـەر ئەبـێ، بەڵام پەرلەمـان دانیشـتنی لەسـەر ئەنجـام نـادات، بە یەك فـیکەی حکـومەت دانیشـتن ئەنجـام ئەدات لە کـاتی پشـوو، ئەبـوو کارەبـا نیـیە، مـووچە و نەوت نیـیە، یەك دونیـا قەیران هەیە، بەڵام بەرنامەی کارێـك رێـك ئەخـرێ ئەمڕۆ کە ئیسـتیفادەی یەك (٢٥٠) بـۆ مـیللەت نییە، تەحەدا ئەکەم دانانی ئەو وەزیرەش یەك شـت لە وەزعـی ئەو مـیللەتە بگـۆڕێ، لەبەر ئەوەی سیاسـەتی ئەو حیـزبەیە، وەزیـر هەبـێ و نەبـێ تەنیـا شەخسـە، داواکـارم لەسـەر داهـاتی خـاڵە سنووری و قاچاغچییەتی و ئەو یاداشتانەی پەرلەمانتاران داویانە بە بەڕێزتان کۆبوونەوە بکـرێ، پەرلەمان هیچی نەکردووە تا پشووی وەرگرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر شەمول.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پـێم وایە تەحەکـوم کـردن بە دانیشـتنەوە لەلایەن پەرلەمـانەوە نـاکرێ، بەڕێـزت سـەرۆکی پەرلەمانی و ئیدارەی دانیشتن ئەکەی، لەبارەی ئەو پرسانەی هاورێیـانی بەڕێـزم قسـەیان کـرد لە بەشـێکی زۆریـان هـاوراین، هیـواداریـن ئەو وەزیـرە بەرێـزە ئەگەر نـاروونییەك لە کەرتـی نەوت هەبـێ لە کوردسـتان وا بکـات خەڵـك ئاشـت بکـاتەوە لەگەل ئەو کەرتە، رۆڵـی لە شـەفافیەت کە دروشـمی کـابینەی حکـومەتی هەرێـمە و بەرێـز سـەرۆك وەزیـران بـووە، خـۆی چـاودێر ئەبـێ، داواکـارم لە بەرێـزت ئەو قسـانە بسـڕیتەوە کە هـیچ گونجـاو نیـیە لە هـۆلی پەرلەمـان بکـرێن، ئەوانەی لە مەقەری حیزبین کەس و کاری ئێمەن، برای ئێمەن، ئەوانەن لە شەری داعش بەرامـبەر

خەڵك وەستاون، هێرشیان كراوەتە سەر، ناوچەیان بەسەر سوتاوە، ڕێگا نادەین هیچ كەس بە خراپ ناویان ببات، ئەو جۆرە ناویان ببات خەلكێكی بازاری و نەفامە، لەبارەی فیكەی حكومەتەوە، حكومەت حكومەتی خەڵكە، ئەمانەوێ لە مەسەلەی قاچاغ و روون كردنەوەی داهات كە كاك عەلیش وتی، ئیمەش داواكارین بە هەموومان شانی بدەینە بەر، چاكسازی بابەتێك نییە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو روپاك خان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە گوێرەی ماددەی (٤٨) ئێمە (٢٢) پەرلەمانتار یاداشتیكمان دا سەرۆكایەتی پەرلەمان دوێنی بۆ زیاد كردنی بڕگەی كاری تایبەت بە مووچە و پرس و بژێوی، نازانم تا كەی ببینە پاشكۆی حكومەت، خەڵك بە گوللەی هێزی دەسەڵات ئەكرێتە قوربانی، خوێن ئەرژێ پەرلەمان باكی نییە، خەڵك مووچەی نییە، پەرلەمان دەنگی نییە، دۆلار نرخی بەرزە، رۆژانە كەل و پەل گران ئەبێ، پەرلەمان نە چاودێری هەیە بۆ بازار، پرسیاری خەڵكە پەرلەمان بۆچییە و كاری چییە؟ خەڵك زۆر پرسیار ئەكات، وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نامەوێ وەكو تەلەبەیەكی عاقل دانیشم تۆش گوێ بگرێت و دەرەنجامی نەبێت، ماوەی دوو ساڵە دەیان یاداشتمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان داوەتە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان، بۆ ئەوەی لەسەر ژیانی خەڵك دۆسیەی نەوت و گرێبەست لەگەڵ توركیا و قاچاغ و كوشتنی خۆپیشاندەر و ژیان و گوزەرانی فەرمانبەر كۆببێتەوە، كەناڵ دائەخرێ، رۆژنامە نووس دەستگیر ئەكرێ، چالاكوانی مەدەنی ئەخرێتە سجن، ئەو پەرلەمانە ئەبێ مەرجەعی باڵای سیاسی بێ، ئەمانەوێ لەوە تێبگەین هەركاتێ ئەمانەوێ بەپێی یاسا و پەیڕەو بحوڵێینەوە لەو پەرلەمانە، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان پێشێل ئەكات، (٢٢) پەرلەمانتار، (٣٧) پەرلەمانتار، (١٠) پەرلەمانتار و (١٨) پەرلەمانتار داوامان كردووە ئەو پەرلەمانە لەسەر كۆمەڵێ دۆسیە دانیشتن بكات كە یاداشتمان پێشكەش كردووە، داوای دانیشتنی نائاسایی و ئاساییمان كردووە، پەرلەمانی كوردستان بۆ ئەمانە كۆنەبێتەوە بۆچی كۆئەبێتەوە؟ ئەی ئیشمان چییە و چۆن جوابی خودا و خەڵك بدەینەوە، دۆخێكتان دروست كردووە ئەو پەرلەمانە بەو جۆرە ناتوانێ نوێنەرایەتی خەڵك بكات و ئێمە رووما نایە نوێنەری خەڵك بین، ئەمەوێ وەڵامم بدەیتەوە، دوێنی یاداشتێكمان نووسیووە بۆ نەخراوەتەوە بەرنامەی كارەوە؟ ئەگەر ناقانوونیە بڵێن، ئەگەر ناقانوونی نییە بەپێی پەیڕەوی خودا و خەڵك و پەرلەمانی كوردستان ئەگەر پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی خەڵك هەبوو بە زووترین كات

لەسەری کۆبێتەوە، بەپێی ماددەی (٤٨) داوامان کردووە بڕگەیەك بۆ بەرنامەی کار زیاد بکرێ، فەرمووو بۆ نەتان کردووە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك سەروان.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ١/٦ لە رۆژی دامەزراندنی جەیشی عێراق داوا ئەکەین رۆژی پێشمەرگە هەبێت، کە سەروەری و پاکی کوردستانە، پێنجەم خولی پەرلەمانە داوای دانانی رۆژی پێشمەرگەمان کردووە، بە چەندین یاداشت داوای کراوە، بەڵام هۆکار لە لیژنەی خۆمان ئەبینم کە لیژنەی پێیشمەرگەیە، تا ئێستا لەسەر رۆژەکە رێکنەکەوتوون، ئێوەش و هەموومان پێکەوە ئەو رۆژە دابنێین، کارەساتە رۆژی پێشمەرگەمان نییە، دوو، چەند یاداشت و نووسراومان بەرز کردۆتەوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێم، بۆ ئەوەی پێشمەرگە و وەزارەتی شەهیدان جیا بکرێتەوە لە وەزارەتەکانی تر، لەبەر ئەوەی ئەوەی لە ئەرکە کە لە ئەرك دانەبراوە پێشمەرگەیە، بۆیە جیاکاری بکرێ لە پێدانی مووچە، هەموو مانگ مووچەیان پێ بدرێ، دوو، وەزارەتی شەهیدان، ئەوەی باوکی شەهید بووە مندالەکەی ناتوانێ پارە کۆ بکاتەوە، ئەو دوو وەزارەتە جیا بکرێتەوە، هاورای بەڕێز مامۆستا ئەبو بەکر بۆ دانیشتنی پەرلەمان کەمبکرێ، هەفتەی چوار جار دانیشتنی پەرلەمان بکرێ، بۆ پەرلەمانی عێراق چوار ئەوەندەی ئێمە کۆبێتەوە کە ئێمە کێشەمان زیاترە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەخت ئەکەمەوە لەسەر قسەکانی هاورێیانم کاك عەلی حەمە صالح و مامۆستا ئەبو بەکر سەبارەت بە دواخستنی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و ئەنجام نەدانی کۆبوونەوە لە یەك مانگ بە حیساب کردنی یاداشتی یاساییانەی ئەندامان، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەپێی یاسا وەزیرەکەی دەست بەکار ئەبێ، هەر بەپێی ئەو یاسایەی کە بەڕێز وەزیر ئەمڕۆ متمانە وەرئەگرێ، ئەبێ ئەو وەزارەتە سەندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتییەکانی هەبێ، بەداخەوە هەشت دانە ساڵا داهاتی فرۆشتنی نەوت کە بۆتە مایەی کێشە بۆ خەڵکی کوردستان و برسی بوونی خەلك و تێر بوونی کۆمپانیای بەرپرسان دیار نییە، کەس نازانی داهاتی نەوت لە کوردستان چی لێ دێ، بۆ گیرفانی کێ ئەچێ و ئەچێتە کام حیساب بانکیەوە، بۆ کەمتر لە نیوە ئەگەرێتەوە بۆ خەڵکی هەرێم، هیوادارین وەزارەت ببێتە دامەزراوە، داهاتی ببێتە نیشتیمانی، هەموو حکومەتانی دونیا کە حکومەتی بەغدا و ئەفغانستان دوو گەندەلترین حکومەتی دونیان، بەڵام یاسای بودجەیان هەیە، بەداخەوە حکومەتی هەرێم (٧) دانە ساڵە پێشێلکاری ماددەکانی (٩٨ تا ١٠٨) پەیڕەوی ناوخۆ ئەکات، هیچ بەرنامە و پلانی لە بواری داراییەوە نییە، کوردستانی سپاردووە بە قەدەر، بۆیا هیچ مووچە خۆرێك وەك لە ٢٠٢٠ حاڵی مووچە خۆر بەو جۆرە بوو

نـازانی لە ٢٠٢١ چەنـد مـووچە وەرئەگـرێ و چەنـدین لێبرینـی هەیە، چەنـدین جـار یاداشـتمان پێشـکەش کـرد سـەبارەت بە دەسـتگیر کـردن، کوشـتن، شـەهید کردنـی خۆپیشـاندەر، بەداخەوە یاداشتمان هیچ ئەنجامی نییە، دواجـار بیسـتمان مامۆسـتا بەدەل بەرواری لە زینـدان لە هەولیـر گیانی لەدەست داوە، داوا لە بەرێـزت ئەکەم بە زووتـرین کـات لیـژنەیەك راسـپێری سـەردانی ئەو مامۆستا بەرێزە بکات دڵنیا بێتەوە لە ژیانی، ئەمەوێ لێـرە زەنگی پـڕ مەترسـی بـۆ سـەرۆکایەتی پەرلەمـان و پەرلەمانتـاران بـۆ حکـومەتی هەرێـم و هەرکەس خـۆی لە کوردسـتان بە بەرپـرس ئەزانـێ زەنگـی لێبـدات سـەبارەت بە بـودجەی ٢٠٢١، کێشـەی بێکـاری و هەژاری گەورەتـرین هەرەشـەن لەبەردەم هەرێـم، هەمـوو ئەوانەی چـاودێری دۆخەکە ئەکەن و ئـابووری ناسـن پێیـان وایە لە ٢٠٢١ تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەبینەوە...

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئەرشەد.

**بەرێز ارشد حسین محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرێمی کوردستان لە دۆخێکـی خراپـی سیاسـی و داراییە، قەوارەی هەرێـم لە مەترسـی دایە و مافی خەڵکی هەرێم خوراوە لەلایەن بەغداوە، ئێستا هەمووان پێویستمان بەوەیە هەوڵ بـدەین دەسـت لە نـاو دەسـت ئەو کێشـانەی سیاسـیە و خەڵکـی هەرێـم بـاجی ئەدات، پـێکەوە مـاڵێکی کوردسـتانی دروسـت بکەیـن و خەڵکـی هەرێـم و قەوارەی هەرێـم لەو قەیـرانە دەربـاز بکەیـن، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر صەباح.

**بەرێز صباح محمود محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

روون کردنەوەیەکم لەسەر کاك هاورێ و کاك کاروان گەزنەیی و خوشکە روپاك...

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نابێ لەسەر قسەی ئەندامی پەرلەمانی تر قسە بکەی، ئەتوانێ بێ ناوهێنـانی ئەو بەرێـزانە باسـی لیژنەی لاوەکی دەرمان بکەی.

**بەرێز صباح محمود محمد:**

ئێمە لیژنەیەکی لاوەکیمان دەست نیشان کـردووە بـۆ دەرمـان، هەنـدێ گلەیـی هـاتووە لە هەنـدێ هەڤاڵانی ئێمە، بەدواداچـوونی بـۆ ئەکەیـن، لیـژنەیەك راسـپێردراوە موتـابەعە بکـات، مەوزوعـی گرانی بازار موتابەعە ئەکەین لەگەل قائیمقامیەت، چونکە موسرن لەسـەر ئەوە، رۆژ نییە شـەش جـار تەلەفـۆنی ئیـدارە نەکەیـن، ئەوانـیش ئیجرائـاتی خۆیـان ئەکەن، ئەزانـین وەزعەکە لەبەر گۆڕینی دۆلار زۆر شت تـێکەلاو بـووە، لەبەر ئەوە تەواو بـووە ئـێمە لەسـەر ئەرکـی خـۆ بەردەوام دەبین زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سیپان.

**بەرێز سیپان سالم حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل گۆری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە یاسایە پەرلەمانتارێن بەرێز یاداشتێك ئاراستەی جەنابێ وە کردیە، وکو بابەتی هەرە گرنگ ئەورۆ لە هەرێما کوردستانێ کو گرێدانێ ژین و خەلکی هەرێمی کوردستانێ پرسا مووچەیە، خەڵکی هەرێمێ کوردستانێ چاوەرێی ئەڤەیە چەندێدکە پەرلەمانێ کوردستانێ لەسەر پرسی مووچە کۆببێتەوە بەراستی، نەك لەسەر پرسا بابەتەکی بەراستی هیچ پەیوەست نەبێ بە ژیانی هاوڵاتی هەرێمی کوردستاندا خەڵکی هەرێمی کوردستانێ چاوەرێی ئەوەیە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستانێ حکومەتی مولزەم بکا بە پێدانی مووچەی (٣٠) رۆژ جارەك بە بێ لێبرین، بەداخەوە سەرەرای ئاراستەکردنا چەندین یاداشتەکا ژ بۆ سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ کوردستانێ حەتاکەڤی پەرلەمانێ کوردستانێ سەرۆکایەتیا پەرلەمانی کوردستانێ نەشێ ئەڤان یاداشتی پەرلەمانتار بیخاتە بەرنامەی کار،لێرە پرسیار ئاراستەی سەرۆکایەتیە پەرلەمانتاری کوردستان دکەم، دخواز دکەم قسەکی راستو رەوان بدەینە مە، ئایا بۆ سەرۆکایەتیا پەرلەمانی کوردستان بابەتی گرێدانێ و ژین و ژیانا هاوڵاتیان وکو مووچەی ئەوان نایەخاتە بەرنامەی کارێ، ئایا سەرۆکایەتیە پەرلەمانێ کوردستانێ کەتیە ژێر باندیە حکومەتێ و بێ حکومەت بەرنامەی جێبە جێ بکات، یانیش وەکو سەرۆکایەتیە پەرلەمانی کوردستانێ ڤی بەرنامەیە نایەخاتە بەرنامەی کار، چونکین لە خەمێ خەڵکی هەرێمی کوردستانێ دا نین و زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێزت مامۆستا عثمان فەرموو.

**بەرێز عثمان علی سوارە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

پشت بەستن بە هەردوو ماددەی (٤٨ و ٦٦) بڕگەی چوارەم و بڕگەی یەکەم کە داوای ( ٢٢) پەرلەمانتار کە دوێنێ بەرزکرایەوە، ئێستا ئەو قسەیەی من دووبارەیە هەموو پەرلەمانتارەکان داوایان کردووە، بەڵام من داوا لە جەنابتان دەکەم ئێستا داوا لە بەرێز دەستەی سەرۆکایەتی دەکەم هەر ئێستا وادەی کۆبوونەوەی تایبەت بە مووچەی فەرمانبەران دیاری بکا، ئەگەر نایکا هەڵوێستمان دەبێ دەمانەوێ دیاری بکەی و زۆر سوپاست دەکەین، ئێستا ئەگەر دیاری نەکرێت بەراستی بایکۆت دەکەین، نەهاتووین بۆ ئێرە پارێزگاری لە حکومەت بکەین محامی حکومەت نین ئێمە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێزت، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان کە هاوکارێکی بەرێزتان قسە دەکات، ئەگەر پێویستی بە وەڵامدانەوەبێ دڵنیابن خۆم وەڵامی دەدەمەوە، تکا دەکەم لە شوێنی خۆتانەوە

قسـه مەكەن، كـاك كـاوە فەرمـوون، بەسـەر چـاو كـاك مەم هەمووتـان وەردەگـرم، هەمـووی كـۆ دەكەمەوە یەك جار وەڵام دەدەمەوە.

**بەڕێز كاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دیارە بەراستی دەبوایە ئەم دانیشتنە تایبەت بایە بە داواكاری خـۆ پیشـاندەران و مووچەخـۆران و فەرمـانبەران لە هەرێمـی كوردسـتان، كە دەڵێم خۆپیشـاندەران بەراسـتی، چـونكە ئـێمە وەكـو لیژنەیەكی پەرلەمانی سەردانی ئەو ناوچانەمانكرد، سـەردانی شـوێنی خۆپیشـاندانەكانمان كـرد، ئێمە دەزانین بەراستی داواكـاری و معانـاتی خۆپیشـاندەران چـی بـووەو و چـۆنە، بەراسـتی پـێم خۆشە لێرە پەیامێك بدەمە دەسەڵاتدارانی هەرێم، هەم سەرۆكایەتی هەرێـم، هەم سـەرۆكایەتی حكومەت، هەم سەرۆكایەتی پەرلەمانتاران و پەرلەمانتارە بەرێزەكان و سەرۆكایەتی پەرلەمان.

بەراسـتی بـۆ ئەوەی كەوا ئـێمە بینیمـان ئەو داواكـارییەی كە خۆپیشـاندەران هەیبـووە، ئەو دۆخەوی كەوا دروست بوو گەیشتۆتە بنبەست خۆپیشاندەران كارتی سوریان بەرووی دەسـەڵات و حكومەتـدا بەرزكـردۆتەوە، كە پـێم وایە دوا دەرفەتە، دوا كـارتە پێویسـتە حكـومەت بەخۆیـدا بچێتەوە و دەسەڵات چاكسازی راستەقینەبكات و، بەراستی داواكـاری خۆپیشـاندەران جێبەجـێ بكات، لەسەرووی هەموویانەوە دابینكردنـی مـووچەی فەرمـانبەران و دروسـتكردنی هەلـی كـارو مەسـەلەی خزمەتگـوزارییە، چـونكە خەڵـك بەراسـتی تەحەمـولی نەمـا ژیـانی خەڵـك بە تەواوی وێران بووە خەڵك برسـیە، بەراسـتی یەعنـی خەڵك هاواردەكـات برسـیمە، یەعنـی حكـومەت بـۆ تێناگا، دەسەڵات هەتا كەی سی ساڵە تێناگەی خەڵك هاواردەكـات برسـیمە كەی تـێ دەگەی، ئەگەر تـۆ بە سـی سـاڵ تێـنەگەی خەڵـك برسـیەتی خەڵـك هـاوار دەكـات، خەڵـك فەرمـانبەر قەرزدارە، مـووچەكەی پـێ نـادرێ مەسـاریفی مـاڵەوەی پـێ نـاكرێ، بەراسـتی ئەوا خـاڵێكی جەوهەریەو پێویستە دانیشتنێكی تایبەتی لەسەر بكرێ و حكومەتیش بانـگ بكـرێ، ئەوا خـاڵی یەكەم، خـاڵی دووەم لەسەر مەسەلەی بەرێز كاندیدی وەزیـری سـامانە سروشـتییەكان، یەعنـی بەراسـتی ئـێمە ئەوەی كەوا گرنگە بە لای ئێمە سیغەیەكەمان بەدەست گەیشتووە، بەڵام گرنگە بزانین سیاسـەتی نەوتی لە هەرێمی كوردستان بەرەو چ ئاراستەیەك ئاراستە دەكـرێ بەراسـتی، چـونكە خـۆ رەنـگە بەرێزیـان بـزانن و رەنـگە ئـێمەش هەمـوو پەرلەمانتـاران بـزانین بەراسـتی لە هەمـووی گرنگتـر ئەوەیە نەوت بخـرێتە خزمەتـی خەڵـك بـۆ خۆشـگوزەرانی خەڵـك، نەوەك بكـرێتە نـیعمەت نەك میحنەت بۆ خەڵكی هەرێمی كوردستان كە تا ئێستا میحنەت بوە زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك مەم فەرموو.

**بەرێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن قسـە لەسـەر هەنـدێ خـاڵی پەیـرەوی دەكەم و، دواتـر هەنـدێك پرسـیارم هەیە بـۆ بەرێـز راسـپێردراو بـۆ پۆسـتی وەزیـری سـامانە سروشـتییەكان، ماددەكـانی ( ١٦ و ١٧ و ١٨ و ١٩ و ٢٠ ) دەسەڵاتەكانی دەستەی سەرۆكایەتی دیاری كردووە بێ لە (٢٠) كە سكرتێری پەرلەمانە سـەرۆك و

جێگر دیاری کراوە، بەشێکی زۆری ئەو دەسەڵاتانە لە ماوەی رابردوودا پێشێڵکراوە ئەم خولەی پەرلەمانمان لەبەردەم دایە، داوا دەکەم لە دەستەی سەرۆکایەتی پابەندبن بەو دەسەڵاتانەی کە هەیە، بۆ نموونە ئەوەی کە پەیوەندی بە جێبەجێکردنی یاساوە هەیە ماددەی (٤٨) ئێمە مانگێك و حەوت رۆژ لەمەو بەر یاداشتێکی (٣٧) ئیمزایمان کۆکردۆتەوەو بۆ برگەیەك کە دەبێ لەدوای (٢٤) سەعات ئیزافە بکرایە، ئیزافە نەکراوە بە پێی ماددەی (٦٦) داوای چەندین یاداشتمان کردووە، ئەوانە ئیزافە نەکراوە، ئەمانە پێشێڵکردنی پەیرەوە کە دەستەی سەرۆکایەتی لێی بەر پرسیارە، من لە جەنابتان دەپرسم (٥٥) کاتژمێر بە پێی راپۆرتێکی رێکخراوێك (٥٥) کاتژمێر ساڵی ٢٠٢٠ دا پەرلەمان کۆبۆتەوە، لە کۆبوونەوەی یاسای چاکسازیش (١٦) سەعات کۆبوینەتەوە لە (١١) سەعات بۆ هاتنی سەرۆکی حکومەت و تیمی حکومەت (٢٧) کاتژمێر دەکات، (٢٨) کاتژمێر بێ لەو سێ رۆژەی ئێمە کۆبووینەتەوە (٢٨) کاتژمێر بۆ یەك ساڵ، ئەم مەسەلەیە ئێوە ویژدانتان ئاسودە دەبێ، دڵخۆشن بەوەی کە دەستەی سەرۆکایەتی بەم شێوەیە لە کاتێکدا لە ناو ماددەی هەر بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ماددەی (٥١) پێویست دەکات سێشەممان و چوارشەممان کۆبینەوە، ئەو کۆبوونەوانە نەکراوە، بەراستی ئەوانە بەشێکن لەو رەخنانەی کە رووبەرووی دەستەی سەرۆکایەتی دەبێتەوە بە پابەند نەبوون پێی من ئەو پرسیارانە کە بۆ بەرێز راسپێردراو بۆ پۆستی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان،

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە گوێرەی چ ماددەیەکی پەیڕەو پرسیار لە کەسێك بکەین کە هێشتا کاندیدە؟

**بەرێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نا من مەبەستم لە چ شتێکە من دەمەوێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر جەنابت زۆر تەئکید لە پەیڕەو دەکەیەوە، بە پێی چ ماددەیەکی پەیڕەو؟ خۆ ئەوە وەزیر نییە ئێستا.

**بەرێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەوەی کە پەیوەندیدارە مەسەلەی کەسێك کە را دەسپێردرێت سیغەیەکەمان لەبەر دەستدایە خوێندومانەتەوە، بەڵام هەم من، هەم هاووڵاتیانی کوردستان، پێم وایە بە دوای چەند خاڵێکی گرنگدا دەگەرێت کە ئەرکی لە پێشینەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە، ئەم وەزارەتە تێبینی هەبووە کە شەفاف نەبووە گرێبەستەکان داهاتی نەوت هەموو ئەوانە دەزانین کە شەفاف نەبووە پلانی وەزیری راسپێردراو بۆ ئەو پۆستە، بۆ ئەو ئەرکە چی دەبێت لە رووی شەفافی ئەو ئەو وەزارەتەوە، جگە لەوە ئەوتریش دوو خاڵ...

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناتوانێ وەڵام داتەوە، چونکە رێگەی پێنادەین وەڵام داتەوە، لەبەر ئەوەی بەرێزیان وەزیر نییە ئێستا هاوڵاتییەکی هەرێمی کوردستانە.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی کەواتە ئەو متمانە دانە لەسەر ئەو کۆمەڵە دێرەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش چەند خاڵێکم هەیە، سەرەتا بە گلەییەك لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، ئایا ئەو پرسیارەتان لەخۆتان کردووە، ئێوە ئێستا لەوەرزی پێشوی یاسادانانا یەك مانگ دانیشتن دانانێ کە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەبوایە هەموو هەفتەیەك دانیشتنی تیابێ، بەڵام ئێستا کە پشووی پەرلەمانە دانیشتنتان داناوە کە بە دوو بڕگە کە هەردووکی لە مەسڵەحەتی حکومەتە، یەکەم دەنگدانە بە کاندیدێك کە دەبوایە هەژدە مانگ لەمەوبەر لە ١٠-٧-٢٠١٩ ئەو متمانەیەی وەرگرتبایە، نەك دوای هەژدە مانگ لە پشوویەکی پەرلەماندا دانیشتنێکی بۆ دابندرێت و بڕگەی دووەمیشی لەسەر دەنگدان بە پرۆژە یاسایەك کە ئەویش هەر هەمان شێوە پرۆژە یاسای حکومەتە، بۆ دانیشتنەکان ناکەن، سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئیدامە دانی جەلسەکانی پەرلەمانە، نەك بۆ کەمکردنەوەی رۆڵی پەرلەمان و پێ ئەرزشکردنی پەرلەمان کە ئێستا شەقام هەمووی بەو شێوەیە سەیری پەرلەمان دەکات کە پەرلەمان هیچ رۆڵێکی نییە، کە ئەبوایە پەرلەمان چۆن ئێستا وەزیرێك دێت متمانە وەردەگرێ، بە هەمان شێوە کاتێك کە نایاسایەك ئەبوایە بهاتابایە متمانەی لێ وەربگیرابایەوە، خاڵی ترمان هەیە ئەگەر بڵێم ئەو سەرۆکایەتی پەرلەمانە دانیشتن دانانێ لە کاتی پێویستا نەبێ.

من کاتی پێویست زۆر هەیە ئێمە چەندین یاداشتمانداوە، یەکێك لەوانە یاداشتی فەرمانبەرانی گرێبەست کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆکراوەو بۆ پەرلەمان خوێندنەوەی دووەمی بۆ نەکردووە، نەیکرد بە یاسا کە چەندین فەرمانبەری گرێبەست هەیە چاوەڕێی ئەوەیە، مامۆستایانی وانە بێژ کە نزیکەی (١٧) بۆ (١٨) هەزار مامۆستان کاتێك کە وەزیری دارایی بڕیارێك دەر دەکات دە هەزارو (٦٠٩) کەس دوو مووچەو سێ مووچەو خانەنیشینی نا یاسایی لا دەدات، ئەو داهاتەی کە دێتەوە و پێشتریش بڕیارێکی تری بەو شێوە دەرکردووە بۆ نایەتە ئێرە، ئەو داهاتە چەندە، بۆ ئەوەی ئەوانەی کە لە چاوەروانی دامەزراندندان، بۆ ئەوەی وەك وتم دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان و مامۆستایانی وانە بێژ و گرێبەستەکان یەکلایی بکرێتەوە، دیوێکی تر ئێمە یاداشتمان داوە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەر چارەنووسی پرۆسەی خوێندن بۆ وەزیری پەروەردە نەهاتۆتە پەرلەمانەوە، چارەنووسی خوێندن یەکلای بکاتەوە دراوە بە لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاتەکەت تەواو بوو فەرمووو هەلز خان.

**بەرێز هلز احمد محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر تامیا یاداشتێمە پێشکەشکرین یەکیش وان یاداشتا ئیمزا (٢٤) پەرلەمانتارابوو یاداشتەکی ئیدی (٢٨) ئەندام پەرلەمانێ بوو یان یاداشتێکاتر ئەوە هەموو گرێدان بوونە لە کەرتی پەروەردێ ئەڤ لێرێ ئاخافتنێ دەکەم وەك ئەندامەکا لیژنا پەروەردە بۆ دووەم جارە یاداشتێمە دێتە تەحویلکردن بۆ لیژنەیەکا مەعنی، وەك لیژنەی پەروەردەیە، ئەم بێژین ئایا (١١) ئەندامی لیژنەی پەروەردە تەمسیلا (١١١) ئەندامی پەرلەمان دکەن، کۆ لێرێ بە تەنێ وەزیر دێتە ئێرە متمانەی لە من وەر دەگرێ پشتی هەنگێ بەرزە جارەکی لێپرسینی لەگەڵ بکەین بینە والله پەرلەمانی وە مناقەشەیەك و دانوساندنەکی لەگەل بکەین مە داخوازە مێوانداریە دوو وەزیرێ بەرێز کردبوو وەزیرێ پەروەردە لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵا،ئایا کەنگین لجنەیەکی وەك ئەز ئەندامێ لە لیزنەیەکدا بۆ بزانین حەق هەیە یاداشتا وان پەرلەمانتارا لابدەن وکو بەس دێنە مەسیرێ، بۆمان رونکەن نە رەهەندەکی سیاسی هەبوو نە رەهەندەکی دارایی هەبوو بەس دیارە ژی کو حەتا نوکە خەلکی هەرێما کوردستانێ کا چش مووچەی خۆ نازانێتن و مسیرو پاشە رۆژا چیکە خۆ نەزانێت، ئایا سالێ خاندنێ ئەڤ سالێ ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ بەرەو کیفە دەچیتن بەر هەندێ ئەمن تەئکیدی لیدەکەمەوە بە زووترین وەخت هەردوو وەزیری بەرێز بینە هۆڵێ پەرلەمانی کا چا متمانە ڤی پەرلەمانی وەرگرتن خۆ سەرکەفتی بن.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زانا.

**بەرێز زانا خالد سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٣٠) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی تەندروستی پەرلەمان لیژنەیەکی لاوەکی پێك هێناوە بۆ بەدواداچونی گرفتەکانی دەرمان لە هەرێمی کوردستان، بەراستی گرفت گەلێك هەن لە هەرێمی کوردستان کە خەڵکی کوردستان باجەکەی دەدا، هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان باجەکەی دەدات، بە هاوکاری لە خوشك و برایانم لە لیژنەی لاوەکی دەرمان راپۆرتێکی تێرو تەسەل ئامادەکراوە، راپۆرتەکە لە ژێر دەستی بەرێزتانە و ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرا و، لەسەر راسپاردەی جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەزیری تەندروستی راسپێردراوە، لە ئێستادا (١٣) بڕیار لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی پەرلەمانی (١٣) بڕیاری پێویست لە مانگی رابردوو لە وەزارەتی تەندروستی دەرکران بۆ پێداچونەوەی بە سەرجەم ئەو خاڵانەی کە پەیوەستن بە گرفتی دەرمان لە هەرێمی کوردستان.

خاڵی دووەم: لە دوایین دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان لەسەر پێشنیاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە وەرگرتنی پشتیوانی دوو پەرلەمانتاری بەرێز لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و فراکسیۆنی بزوتنەوەی گۆران، داوامانکرد کە پرسی مووچەو بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان بخرێتە بەرنامەی کار، بە داخەوە ئەوکات بە هۆی کۆمەڵێك گرفت لە

هۆڵی پەرلەمان نەتوانرا گفتوگۆ لەسەر بابەتی مووچە بکرێت وابڕیاربوو کە دانیشتنێکی تر بۆ ئەم بابەتە بکرێت، تاوەکو ئێستا ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین ئەو دانیشتنە بکرێ.
خاڵی سێیەم: لەسەر راسپاردەی بەرێزتان لیژنەیەك تەشکیل کرا بۆ بەدواداچوونی گرفتی خۆ پیشاندانەکانی ئەم دوایەی هەرێمی کوردستان بۆ زانینی هۆکارەکان ئەم خەلەلانەی کە دروست بوون، بەداخەوە تاوەکو ئێستا لیژنەکە دەست بەکار بوون و راپۆرتی خۆیان هەیە، ئێمە داوا دەکەین کە راپۆرتی لیژنەکە لەبەردەم پەرلەمانتارانی بەرێز بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی هەموومان بەرچاوو روونیمان لە هۆکارەکان هەبێ و زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێزتان فەرموو قسە بکە دوای جەنابت شیرین خان قسە دەکات، ئێ هەمووی قسە دەکات، ئەوە هیچی نوقتەی نیزامی نییە، بەرێزان بڕواتان بێ فەرموون شایان خان.

**بەرێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە، ئەمن وەکو پەرلەمانتار وەکو نوێنەری هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان لەو پەرلەمانەدا داوا دەکەم، ئەگەر دانیشتنەکەی ئەمڕۆ لەسەر چارەسەرکردنی دۆخی مووچەو بژێوی هاوڵاتی نەبی دانیشتنەکە نەکرێ.
خاڵی دووەم: ئێمە بۆ ماوەی چەند پەرلەمانتارێك بۆ ماوەی پێنج رۆژ لە ناو ئەو حەرەمی پەرلەمانە مانمانگرت کارەبامان لەسەر کوژێندرایەوە، دەرگایەکی ئاسنی لەسەرمان داخرا، کە یەکەمجارم بوو لە ژیانم ببینم و لە هەمانکاتدا داواکاریەکانمان نەهێندرایە دی، کە ئەویش دانیشتنێك بوو بۆ چارەسەرکردنی دۆخی مووچەو دابینکردنی بژێوی هاووڵاتی، پرسیار لە دەستەی سەرۆکایەتی دەکەم ئایا رێگر چییە بۆ ماوەی یەك هەفتە یەك مانگ لەو هۆڵی پەرلەمانە هەموومان بەیەکەوە دانیشین، تا چارەسەری دۆخی مووچەو بژێوی هاووڵاتی نەکەین، ئەو هۆڵە بەجێ نەهێڵین بە ئامادەبوون یا بە بێ ئامادە بوونی حکومەت، و ئایا بۆچی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و لەگەڵ چەند لیژنەیەکی بەرێز بە تەنها لەگەڵ وەفدی حکومەت کۆبوونەوە لەم هۆڵەی پەرلەمان کۆنەبوونەوە، ئایا تەنها بابەتەکە پەیوەست بوو بە ئەوانەوە پەیوەست نەبوو بە ئەندام پەرلەمانەکانی ترەوە و زۆر سوپاس و هیوادارم وەڵامی پرسیارەکانم بدەیتەوە، چونکە زۆر جار وەڵامم نادەیتەوە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەرێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان .**

ئێمە وەکو ژمارەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان یا لە پەرلەمانتارانی کوردستان، رەنگە دەیەها یاداشتمان بە پێی ماددەی (٦٦) و بە پێی ماددەی (٤٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، بەڵام بە داخەوە تا ئەم ئان و ساتەیا تاکو ئێستاکە سەرۆکایەتی پەرلەمان نەیتوانیوە تەنها یاداشتێك لەسەر ئەم پرسانەی ئێمە بخاتە ریزبەندی بەرنامەی کارەکانییەوە، لە کاتێکدا من بۆخۆم داوای ئەوەمکردووە لە یاداشتێکدا

ئیمـزای ئەوەم کـردووە لەسـەر یاداشـتێك کە داوامکـردووە وەزیـری نـاوخۆ ئامـادەی جەلسـەی پەرلەمان بێ، لەسەر پرسی دەستگیرکراوەکان لە بادینان و دهۆك لەسـەر رۆژنـامەنوس، شـێروان شێروانی بەرواری دەیەها چالاکوان و خۆپیشاندانی دیـکە، بەڵام ئامـادە نەبـووە لە جەلسـەیەکی پەرلەماندا، خێرە ئێستا لە کاتێکدا پەرلەمـان لە پشـووی خۆیـدایە، کەچـی بـۆ ئەوەی متمـانە بە وەزیرێك بدرێ خێرا هاتۆتە دەنـگ و بەرنـامەی کـاری رێکخسـتوە بە نەص، لە بەرێزتـان دەپرسـم سەرۆکی پەرلەمان یەعنی تەفسیرێکی ئەم دامەزراوەیە بۆ ئێمەی پەرلەمانتـاران بـکەن، ئایـا ئەم دامەزراوەیە دەرگـای مـاڵی بەرێزتـانە دەرگـای لـق و مەڵبەنـدو حزبەکانتـانە، هەرکـاتێ ویسـتان دەرگای بکەنەوە و دایبخەن ئەگینا ئەگەر وا نییە؟ بۆچی دەیەها یاداشتی پەرلەمانتاران ناخرێتە بەرنامەی کارەوە، بۆ خۆتان دەیاها جار پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان پێشـێڵ دەکەن، بۆچی لەسەرو بەندی خۆپیشاندانەکاندا دەیان گەنج خوێنی دەرژێت، هێندەی شوشـەی بارەگـای حیزبەکەتان، هێندەی بۆیەی بارەگای حیزبەکانتان خوێنی تـاکە گەنجێکتـان بەلاوە گرنـگ نەبـوو، بۆ پەرلەمانی بەریتانیا لە سەر دۆخی خۆپیشاندان و خوێن رشتنی خۆپیشـاندەران دێـت، دەنـگ بۆ پەرلەمانی کوردستان کڕ کەوتـوە، خێـرە ئەمە بـۆ لە خۆتـان ناپرسـن بـۆ ئـێمەی پەرلەمانتـاران لەسەر جادە لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە ئەوپەری بێرێزیمان بەرامبەر دەکرێت، خێرە ئێـوە وەکـو سەرۆکایەتی پەرلەمان، لە کاتێکدا ئێمە ئەندامی باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانانین بۆ نـایەنە دەنـگ لە سەر ئێمەی پەرلەمانتاران.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتەکەت تەواو، فەرموو کاك هاورێ جوابی هەموویت دەدەمەوە، فەرموو قسە بکە کاك هاورێ.

**بەرێز هاورێ بناء محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، راستییەکەی ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان ئەندامانی پەرلەمـان، ئەگەر تەنها نوێنەرایەتی خەڵـك بـکەن هـاووڵاتی لەسـەر بـێ بەرێزتـان لە سـەرۆکایەتی ئەو سـێ بەرێزە نوێنەرایەتی کردنی دوو جار نوێنەرایەتیتان لەسەرە، هەم نـوێنەرایەتی ئێمەتـان کـردووە لە بۆنە رەسمی و پرۆتۆکۆلەکان، هەم نوێنەرایەتی خەڵکتـان کـردووە هـاتونەتە پەرلەمـان، دواتـر ئەم پەرلەمـانە هەروەك زۆر لە بـرادەران ئاماژەیـان پێـدا مـوڵکی بـاوکی کەس نیـیە، هەرکـات ویستیان دایبخەن هەرکات ویستیان بیکەنەوە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دایخستوە بۆ ئەوەی بزانین؟

**بەرێز هاورێ بناء محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله پێم خۆش نییە ناو بهێنم راستییەکەی..

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

والله ناو بهێنە؟

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله ئەگەر زیاد ئەوە بکات ناو ئەهێنم، ئیستا دواتر مەبەستە لامان، من خۆم مەبەستە لام هۆکارەکەی بزانم، یەعنی ئەگەر هۆکارەکان بەڕێزتان ئەوا با بۆ خەڵك و ئێمەش بیزانین و ئەگەر هۆکارەکان هاوڕێکانتن لە سەرۆکایەتی و ئەو پرۆسەیەی دیموکراسیەی بە دەنگدان یەکلا دەکرێتەوە، وەکو زۆر جار ئاماژەم پێ داوە، ئەوا دیسان با بزانین، بۆچی بەرنامەی کاری پەرلەمان بەو شێوازەیە؟ یەعنی زۆر ئاسایە کامیراکان بکوژێنەوە، دواتر ئاماژەی پێبدەن، بەرای من ئەوەش ئاساییە بۆ ئەوەی ئێمە بیزانین بۆ ئەو زۆرینە دەستکردەیە کە زۆر جار ئاماژەی پێ دەدەین، دیسان با بیزانین بۆچی بەرنامەی کار بەم شێوازە دەڕوا کە لە تموحی جۆرێك پەرلەمانتارەکان نییە، کە ڕێکەوتنامەی پەنجا ساڵەی کە من زۆر جار ئاماژەی پێ دەدەم برسیکردنی خەڵك ناخرێتە بەرنامەی کارەوە، لێبڕینی ( ٢١٪) مووچە ناخرێتە بەرنامەی کارەوە، دواتر بەراستی یەعنی یەکێك لە بابەتە هەرە هەستیارو گرنگەکان ئەم حکومەتە چاو بەستە، وایکردوە کە ئێستا ئەگەر لە هەر هاووڵاتیەك بپرسی نازانێ لە ساڵی پێشوو چەند مووچە دابەشکراوە، کە لە راستیدا لە هیچ سوچێکی دونیا لە هیچ وڵاتێکی دنیا، لە هیچ شێوازێکی حوکمرانی دونیا بەم شێوازە حوکمداریە نەبووە کە ئێستا لە هەرکەسێك دەپرسی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هاوڕێ دوو دەقەکە خۆتت قسە کرد تەواو، ئاخر دوو دەقەکەت تەواو بووە، بە قوربانت بم ئەمە بە کاتە لە هەر مەجلیسێکا دانیشی قسەکردن بە کاتە، جەنابت دوو دەقەکەت تەواو بووە، فەرموون کاك لقمان جەنابت ناوت نەنوسیوە کاك عثمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاشکرایە قەیرانی دارایی و نەبوونی مووچە تەنگی بە ژیانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان هەڵچنیوە و خراپی دۆخی سیاسیش هێندەی تر باری دۆخی هاوڵاتیانی قورسترکردوەو، بەرزبوونەوەی بەهای دۆلارو نزمبونەوەی نرخی دینار.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەسەر چاو دەرگایەکە داخەن، سەبرتان هەبێ، بەرێزان ئێوە هەمووتان فشاری شەقامتان لەسەرە ئەتانەوێت قسە بکەن راو بۆچوونی خۆتان بڵێن، سور دەزانم لە سەدا نەوەتی ئەو قسانەی کە دەکرێن نوقتەی نیزامی نین، بەڵام بۆخۆم بڕیارم داوە دەرفەت بە هەر هەمووتان بدەم قسە بکەن، بەڵێ کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاشکرایە قەیرانی دارایی نەبوونی مووچە تەنگی بە ژیانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان هەڵچنیوە و بەرزبونەوەی بەهای دۆلار دابەزینی نرخی دیناریش دیسان هێندەی تر باری هاووڵاتیانی قورس کردووە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان پێویستیمان بە چاکسازییەکی ریشەیە، بۆ ئەوەی پشت بە داهات و سەرچاوەکانی خۆمان ببەستین، ناکرێ لە هەڵ و مەرجی ئێستادا بە

دیار پەسەندکردنی بووچەی عیراقەوە بوەستین بۆ دەستەبەرکردنی پشکی هەرێمی کوردستان، بۆیە پێشنیاز دەکەم پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی پشوودا دانیشتنێك بکا، تایبەت بە باشکردنی رەوشی دۆخی دارایی لە هەرێمی کوردستان و هەمە چەشنەکردنی سەرچاوەکانی داهات و چاکسازی کردن، بە تایبەت لە سێکتەری نەوت و خاڵە سنوورییەکان و باج و دەرامەتی ناوخۆ، بۆ ئەوەی داهاتی ناوخۆمان بەرز بکەینەوە بتوانین دەرەجەیەك بدۆزینەوە بۆ دەربازکردنی قەیرانی دارایی و هاووڵاتیان لەو ژیانە قورسەی کە تێی کەوتوینەو زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئێمە لە بیدایەتەوە ناومان نووسی هەمووی (١٢) کەس بوون، ئێستا نزیك بونەتەوە لە (٣١) کەس، ئەزیزەکانم کاك جلال والله جەنابت لە لیژنەی قانونی ئەزانی ئەو قسانە هیچی نوقتەی نیزامی نییە، فەرموو قسە بکە، بەس ئەوەیە من نامەوێ بۆم تەسجیل بکرێ کە لە نەزانینمە دەرفەت دەدەم، نەمزانیوە ئەوانە نوقتەی نیزامین ئەمەوێ ئەوە تەسجیل بێ کە دەزانم ئەوانە نوقتەی نیزامی نین، بەڵام فەرموو قسە بکە.

**بەرێز جلال محمد امین احمد:**

**بەرێز سەرۆکەی پەرلەمان.**

دیارە ئێمەش وەك جەنابت ئاگادارین ئەو بابەتانە هەندێکی نوقتەی نیزامی نییە، بەڵام دەکرێ قسە لەسەر وەکو برادەران ئاماژەیان پێدا بابەتەکە بکەین، وێڕای پشتیوانیم بۆ ئەو بەرێزانەی کە باسیان لەوەکرد کە دەبێ مووچەو قوتی ژیانی هاونیشتیمانیان، بابەتی گفتوگۆکانمان بێت و، پێم وایە بۆ چارەسەرکردنی بابەتی مووچەو قوتی ژیانی هاونیشتیمانیان بە خۆشحاڵیەوە ئەمڕۆکە کاندیدی وەزیری سامانە سروشتییەکان لێرەیە، پشتیوانیم بۆ قسەکانی بەرێز کاك علی کە دەبێ پێداچوونەوە بۆ گرێبەستە نەوتییەکان بکرێ، بە مافی خۆمی دەزانم قسە لەسەر دوو خاڵ بکەم کە ئەویش بابەتی ئەوەیە کە ژینگەی ئەو ناوچانە ئێوە ئاگادار دەکەمەوە کە بە تەواوەتی خراپ بووە کە دەوڵەمەندن بە سامانی سروشتی، لەوانە ناوچەی گەرمیان و ناوچەی چەمچەماڵ کە سامانی سروشتیان هەیە لە گرێبەستەکان وابووە کە دەبێت لە پای دەرهێنانی ئەو سامانە سروشتییە لە ژێر ئەو خاکە کە من بۆخۆم خەڵکی ئەو ناوچەیەم، دەبوو ناوچەیەکی زۆر سەوز بکرێ، بۆ ئەوەی خەڵکەکە و دانیشتوانی ئەو ناوچەیە توشی نەخۆشی نەبن، بەڵام بەداخەوە تەنها یەك داریش لە سنووری قادر کەرەم کە خەڵکی ئەوێن کۆمپانیای دانا غازی لێیە نەنێژراوە و، داواکارم کە پاش متمانە وەرگرتنی بەرێز وەزیری سامانە سروشتییەکان کار لەسەر ئەوە بکا و دوو کار بکات بۆ هەلی کار بۆ ناوچەی چەمچەماڵ و گەرمیان کە ئەو ناوچەیە دەوڵەمەندە بە سامانی سروشتی و بەراستی بێ ئیشی و هەلێکی کاری زۆر لەو ناوچەیە و هیوای سەرکەوتن دەخوازم، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس گوڵستان خان، نوقتەی نیزامیت هەیە جەنابت، ئەگەر بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کارەکە جێبەجێ بکەین بەرێزیان متمانەی ئەگەر وەرگرت سوێندی خوارد ئەوانی تریشتان وەردەگرم، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان یارمەتیمان بدەن کاك شوان بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان بەرێز کاك دکتۆر کمال جەنابیان، ئێستا هاووڵاتیەکی ئاسایی هەرێمی کوردستانە هیج

دەسـەڵاتێكی نیـیە بـۆ وەڵام دانەوەی هـیچ پرسـیارێك لەوانەی كە بەرێزتـان كردوتـانە، بەرێـزان بەرێزیان لە بەردەمی پەرلەماندا هەتا ئەو دەقەیەی كە متمانەی پێ دەدرێ و سوێند دەخوا هـیچ جـۆرە دەسـەڵاتێكی بـۆ وەڵام دانەوە نیـیە بە نـاوی وەزیـری سـامانە سروشـتییەكانەوە، چـونكە بەرێزیان هاووڵاتیەكی تا ئەو لەحزەیە ئاساییـن ناتوانی خۆ ئەمە كاندیدی هەڵبژاردنی پەرلەمـانی كوردستان نییە، ناتوانێ ئەمە ئیش نییە كاك دكتۆر كـاظم ئەمە سیستـەمی خـۆی هەیە، بەرێـزان ئەندامانی پەرلەمان، وەڵامی هەموو پرسیارەكانتان دەدەمەوە دڵنیابن لەوە كە ئیشەكەی دەست پێكرد، ئینجا دەتوانێ بـۆی نیـیە لەبەر دەمـی پەرلەمانـدا ئیسـتا قسـە بكـات، بەرێـزان ئەنـدامانی بەرێزی پەرلەمان، وەڵامی هەمووتان دەدەینەوە ئەو وەڵامانەی لە ئێمە كراوە بەرێزان ئەنـدامانی پەرلەمــان هەر ئەنــدامێكی بەرێــزی پەرلەمــان لەگەڵ ئەوەیە بەرێــز (كەمــال عەبدولحەمیــد عەبدولڕەحمان) بۆ پۆستی سامانە سروشتییەكان لە كابینەی نۆیەم دەنگی پـێ بـدرێ بـا دەسـتی بەرز بكاتەوە؟ بەرێزیان متمانەی وەرگرت.

**بەرێز د. كەمال عەبدولحەمید / وەزیری سامانە سروشتییەكان:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی خۆشەویست و بەرێز ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان.

السلام علیكم ورحمە الله وبركاتە، من دكتۆر كمال عبدالحمید عبدالرحمان ئەتروشـیمە بە خـودای مەزن سوێند دەخۆم كە بەدڵ سۆزییەوە پارێزگـاری لە یەكێتـی گەل و خـاكی كوردسـتان-عیـراق بكەم و رێز لە یاسا رەچاوكراوەكان بگرم سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس پیرۆزت بێ بەرێزان پشوویەك بۆ ماوەی یەك چارەگ وەردەگرین فەرموون..

**بەشی دووەم**

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بۆ ئەوەی بڕگەی دووەمی بەرنامەی كار تەواو بكەین فەرموون، بەڕێزان، دەست بەجـێ بەجێكردنـی بـڕگەی دووەمـی بەرنـامەی كـار دەكەیـن، فەرمـوون لیـژنەی یاسـایی لەگەڵ لیـژنەی دارایی، تا لیژنەی یاسایی ئامادە دەبێت سەبارەت بەوەی بۆچی (٣٥) رۆژە دانیشتمان نەكـردووە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێوە لە كۆتا دانیشتن بەڕێزتان گوتان بەبێ ئامادەبوونی حكومەت ئێمە باسی مووچە ناكەین، سەرباری ئەوەی بە دەنگی (٥٥) پەرلەمانتار بڕیاردرا لەو كۆبوونەوەیە قسە بكرێت.

ئـێمە قسـەمان لەگەڵ حكومەتـدا كـرد گوتیـان تـاوەكو دانووسـتانەكانمان تەواو نەبێـت بەرچـاو روونیمان نەبێـت نـاتوانین بێـین سـەبارەت بەو بـابەتە قسـە بكەیـن، كە دانووسـتان تەواوبـوو بە ئامـادەبوونی (٤٥) ئەنـدامی پەرلەمـان كۆبـوونەوە كـراوە، ئـێمە بە تەوجیهـی هـیچ كەسـێك كۆبوونەوە نـاكەین، بەڵام پەرلەمـان لە دۆڵـێ نیـیە و حكـومەتیش لە دۆڵێـك بێـت، ئـێمە یەكتـری تەواو دەكەیــن، حكــومەتی هەرێمــی كوردســتان بەرهەمــی دەنگــدانی زۆرینەیەكــی رەهــای پەرلەمانی كوردستانە.

ئێمە بڕیارمانداوە کاری تەواوکاریان لەگەڵ بکەین، ئەگەر کارەکانیان خراپ بوو پێیان بڵێین کارەکانتان خراپە خۆتان چاك بکەن، ئەگەر کارەکانیشتان باش بوو پێیان بڵێین کارەکانتان باشە، هەر لە ناو ئەم پەیڕەوەی لەبەردەستی بەڕێزتان دایە مافەکان و ئەرکەکانی بەڕێزتانی تێدایە، لە زیاتر لە چەند بڕگەیەکدا باسی ئەوە دەکات کە حکومەت لە چەند حاڵەتێکدا بۆی هەیە داوا لە پەرلەمان بکات کۆببێتەوە، ئەمە هەر لە پەرلەمانی کوردستان نییە، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش وایە، لە پەرلەمانانی دنیاش وایە، کاتێك حکومەت پێویستی بەوەیە بابەتێکی دیاریکراو دەنگی پەرلەمانی بۆ بدرێت داوا لە پەرلەمان دەکات بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی خۆی بکات، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، ئەم پەرلەمانە موئەسەسەیەکی خەڵکی کوردستانە و ئێمەش هەموومان تێیدا وجودمان هەیە، بێ ئەرزشکردنی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە عەیبەکەی بەس بەر سەرۆکایەتی ناکەوێت، دڵنیاتان دەکەمەوە خەڵکێك ئێستا لە دەرەوە بە هەر یەکێك بە ئێمە دەڵێت ئەگەر پەرلەمان ئەوەندە خراپە تۆ بۆ تێیدا دەمێنیتەوە.

ئێمە ئەوەندە توانامان هەیە کارەکانمان ببەینە پێش، بەڕێزتان لە خولەکانی تری پەرلەمانیشتان بینیوە، ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانەی کە دەڵێن بۆ دانیشتن نەکراوە، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە چەند حاڵەتێکدا دەتوانێت ئیعلانی دانیشتن بکات، ئەگەر پێداویستیەکانی یاداشتی ئەندامانی پەرلەمان هاتە دی بۆ ئەنجامدانی دانیشتن، بۆ نموونە رەنگە کۆبوونەوەیەك لەسەر خۆپیشاندان بکەین پێویستی بە تەواوکردنی راپۆرتی ئەو لیژنەیە بێت کە ئێمە لە سێ لیژنەی پەرلەمانی کوردستان داوامان لێکردوون وەکو دەستەی سەرۆکایەتی دروستیانکردووە، چونکە قسەکردن لەسەر خۆپیشاندان بەبێ ئەنجامدانی سەرەدانی مەیدانی، بەبێ ئامادەکردنی راپۆرت بە نەبوونی راسپاردە هیچ گرنگیەکی نییە، ئێمە بەڵێنی ئەوەتان پێ دەدەین ئەگەر لیژنە تایبەتمەندەکان راپۆرتەکەی خۆیانیان تەواوکرد و بە راسپاردەوە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانیان کرد دانیشتنێکی نا ئاسایی سەبارەت بە خۆپیشاندەران دەکەین، وە بە خۆپیشاندانەکان دەکەین، وە بە گیراوە سیاسیەکان کە بەڕێزتان هەموو جارێك باسی دەکەن خۆ ئەو کۆبوونەوە دەکەین، بەڵام ئێمە بە کەرستە دەتوانین کۆبوونەوە بکەین، کەرەستەی ئێمەش راپۆرتی لیژنەکانە، بەڕێزان، ئەوە ئێمە ئێستا ئامارێکمان ئامادەکردووە لەسەر کاری لیژنەکان، سەرۆکی لیژنەی هەیە سێ پرۆژە یاسای لەلایە، سێ پێشنیازە یاسای لەلایە، پێشنیازە یاسا هەیە لەلایەتی نزیکەی ساڵێك و سێ مانگە.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی خۆت حازری بەس ئەوەی من باسی دەکەم خۆی حازر نییە دیفاع لە خۆی بکات، لەبەر ئەوە ناوی ناهێنم، نەیتوانیوە تاوەکو ئێستا راپۆرتی لیژنەکەی حازر بکات، راپۆرتی لیژنە حازر نابێت بۆ قانونەکان، راپۆرتی لیژنە حازر نابێت بۆ سەردانە مەیدانییەکان، چەند راپۆرتێکی گرنگ ئامادەن، یەکێك لەوانە راپۆرتی دەروازە سنوورییەکانە، ئەم دەستەی سەرۆکایەتییە سێ جار تاوەکو ئێستا داوای لە حکومەت کردووە بۆ ئەوەی ئامادەبێت سەبارەت بەو بابەتە، کەواتە ئێمە هیچ تاوانێکمان نییە.

بەڕێزان، سەبارەت بە هەندێك بابەت کە باستانکرد ئێمەش باوەڕمان وایە کە داهاتی هەرێمی کوردستان کۆبکرێتەوە دۆخمان لە ئێستا باشتر دەبێت، ئێمەش باوەڕمان وایە کە گەندەڵی بەهەدەردان هەیە، بەڕێز سەرۆکی حکومەتیش لەبەردەم بەڕێزتان گوتی کە گەندەڵی

بەهەدەردان هەیە، ئەگەر گەنــدەڵی بەهەدەردان نەبێــت حکــومەت یەکێــك لە ئەساســیاتی بەرنامەکەی ناکات بە ئەنجامدانی چاکسازی، وە هێزە سیاسیەکان لە نێوان خۆیاندا ڕێك ناکەون لەسەر چاکسازی، حکومەت ئیقراری کردووە کە گەندەڵی هەیە، ئێمەش دەستباری یەکتری دەکەین بۆ ئەوەی ئەم بابەتە یەکلایی ببێتەوە، سەبارەت بە یاداشتی دوێنیتان ئێمە بەڕێز سکرتێری پەرلەمانمان راسپارد وەڵامتان بداتەوە.

ئێمە لەبەردەم دوو ئەگەرین، ئەگەری یەکەم: ئەگەر بەڕێزتان (٣٧) ئیمزاتان کۆکردەوە ئێمە ئاڕاستەی حکومەتی دەکەین بۆ ئامادەبوون، ئەگەر کۆتان نەکردەوە ئێمە خۆمان دەسەڵاتێکمان هەیە لە پەیڕەوی ناوخۆ لە ماددەی (٨)، سەرۆك یان یەك لەسەر سێ، ئێمە دڵنیاتان دەکەینەوە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا قسە دەکەین ئەگەر زانیمان ئامادەکاری وەکو پێویست وەکو ئەوەی ئێوە دەتانەوێ هەیە، ئێمە ئەو دەسەڵاتەی خۆمان بەکار دەهێنین ئەگەر ئێوەش نەتانتوانی (٣٧) ئیمزا کۆبکەنەوە، داواتان لێدەکەم بۆ ئەوەی دەست بە جێ بەجێکردنی بەرنامەی کارەکەمان بکەین، فەرموون جێ بەجێکردنی بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دەقی راپۆرتی هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە.

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ راپۆرتی دەنگدان

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری، رۆژی سێ شەممە، ریکەوتی (٢٠٢١/١/٥)، کاتژمێر (١١) پێش نیوەڕۆ، کۆبوونەوەی هاوبەشی ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردنی داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراون سەبارەت بە پرۆژە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان_عێراق، لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە، سەبارەت بە ناونیشان دوو پێشنیار هەن، پێشنیاری یەکەم/ بەم شێوەیە، یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی گشتی لە هەرێمی کوردستان_عێراق، پێشنیاری دووەم/ وەك خۆی، یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان_عێراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێشنیاری یەکەم دەخەینە دەنگدان، یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی گشتی لە هەرێمی کوردستان، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەدایە ناونیشانەکە بەم شێوەیە بێت تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ زۆر سوپاس، پێشنیاری دووەم وەك خۆی، یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان_عێراق، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٤) کەس لەگەڵدایە، بە دەنگی زۆرینە پەسەندکرا، زۆر سوپاس، ماددەی یەك بخوێننەوە، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك سێ پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنها بڕگەکانی سێیەم و چوارەم بەم شێوەیە لێبکرێت:

سێیەم: دەسەڵاتی تایبەتمەند هەر یەکە لە وەزیر، سەرۆکی یەکە نەبستراوە بە وەزارەت، پارێزگار، سەرۆکی یەکەی ئیداری، یان هەر کەسێك کە ئەوانەی ڕێی پێدەدەن بە مەرجێك پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت دەگرێتەوە.

چوارەم: موڵك و ماڵی گشتی موڵك و ماڵی کەرتی گشتی لە هەرێم دەگرێتەوە.

پێشنیاری دووەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنها بڕگەکانی سێیەم و چوارەم بەم شێوەیە لێبکرێت:

سێیەم: دەسەڵاتی تایبەتمەند بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە هەر وەزارەتێك یان نەبستراوە بە وەزارەت لیژنەیەکی هەمیشەیی بۆ فرۆشتن و بەکرێدانی مایە گوازراوە و نەگوزراوەکانی دەوڵەت پێك بهێنرێت کە لە سێ کەس کەمتر نەبێت، وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبستراوە بە وەزارەت سەرۆکایەتی ئەم لیژنەیە بکات.

چوارەم: موڵك و ماڵی دەوڵەت موڵك و ماڵی کەرتی گشتی گوازراو و نەگوزراوە لە هەرێم دەگرێتەوە.

پێشنیاری سێیەم/ وەك خۆی بەم شێوەیە:

ماددەی (١):

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:

یەکەم: هەرێم/ هەرێمی کوردستان_عێراق.

دووەم: ئەنجومەنی وەزیران/ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان_عێراق.

سێیەم: دەسەڵاتی تایبەتمەند هەر یەکە لە وەزیری سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان هەر کەسێك کە ئەوان ڕێی پێدەدەن بە مەرجێك پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت دەگرێتەوە.

چوارەم: موڵك و ماڵی دەوڵەت موڵك و ماڵی کەرتی گشتی لە هەرێم دەگرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەرسێ پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدان، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵدا نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە وەك خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٧) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پەسەندکرا، دەچینە سەر ماددەی دوو، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم/ وەك خۆی تەنها رستەی ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە بێت لادەدرێت لە کۆتایی ماددەکە و بەم شێوەیە:

حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر موڵك و ماڵی گوازراوە و نەگوزراوەی دەوڵەت لە کاتی فرشتنی یان بەکرێدانی جێ بەجێ دەکرێت.

پێشنیاری دووەم/ وەك خۆی حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر موڵك و ماڵی گوزراوە و نەگوازراوەی دەوڵەت لە کاتی فرۆشتنی یان بە کرێدانی جێ بەجێ دەکرێت ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی دووەم، پێشنیاری یەکەم کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٤) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، پێشنیاری دووەم وەك خۆی کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٢) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پێشنیاری دووەم پەسەندکرا، دەچینە سەر ماددەی سێ، تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) سێ پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە وەك خۆی تەنها بڕگەیەك لە زنجیرەی سێیەم زیاد بکرێت بەم شێوەیە (سێیەم: ئەو پارەیەی کە لە ئەنجامی فرۆشتن یان بەکرێدانی ئەم موڵکانە بەدەست حکومەت دەکەوێت تەرخان بکرێت بۆ دەرماڵەی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان)، پێشنیاری دووەم/ ماددەکە بکرێتەوە بەم شێوەیە (موڵك و ماڵی دەوڵەت تەنها بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند لە کاتی هاتنە دی بەرژەوەندی گشتی دەفرۆشرێت یان بەکرێ دەدرێت لە رێگەی زیادکردنی ئاشکرا بەپێی ئەو رێکارانەی لەم یاسادا دروستکراون)، پێشنیاری سێیەم/ وەك خۆی بەم شێوەیە:

ماددەی (٣):

یەکەم: موڵك و ماڵی دەوڵەت تەنها بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند لە کاتی هاتنە دی بەرژەوەندی گشتی دەفرۆشرێت یان بەکرێ دەدرێت بە مەرجێك لە بڕیارەکەدا جۆر و خەسڵەت بڕی ئەم موڵك و ماڵە دیاری بکرێت کە بۆ فرۆشتن یان بەکرێدانی دادەندرێت.

دووەم: فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە رێگەی زیادکردنی ئاشکرا بەپێی ئەو رێکارانەی لەم یاسادا دروستکراون ئەنجام دەدرێت ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانە نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێشنیاری یەکەم دەخەینە دەنگدان کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٤) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، پێسنیاری دووەم کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٢) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، پێشنیاری سێیەم کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٠) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پێشنیاری سێیەم پەسەندکرا، تکایە ماددەی چوارەم بخوێننەوە.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤): هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی:

یەکەم: ڕێکارە یاساییەکانی خەملاندن هەواڵ، فرۆشتن، بەکرێدان، وەرگرتنی بڕی بەرامبەری فرۆشراو و بەکرێدان و بە قیستکردن تەنها لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەند لە ماوەیەك کە لە (١٥) ڕۆژ لە ڕێکەوتی گەیشتنی کۆنووسیەوە تێپەڕ نەکات، بڕیاری کۆتایی لە بارەیەوە دەدرێت بە بنبڕ دادەندرێت.

دووەم: ڕێژەی یاسایی لیژنەکانی خەملاندن فرۆشتن یان بەکرێدان بە ئامادەبوونی گشت ئەندامەکانی دروست دەبێت، بڕیارەکانیشیان لە ئەگەری ڕێك نەکەوتن بە زۆرینە دەچێت، ئەو ئەندامەی ڕایەکی جیاوازی هەیە دەبێت ڕایەکەی بە کۆنووس جێگەی بکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی چوار وکو خۆی دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٤) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە دەنگی (٦٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی پێنج تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥): هیچ پێشنیارێك نییە، وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی پێنج وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٥) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی شەش بخوێننەوە.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦): دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم/ ئەم ماددەیە بەم شێوەیە لێبکرێت (فرۆشتنی موڵك وماڵە نەگوزراوەکانی دەوڵەت تەنها بۆ هاونیشتیمانیان ڕێپێدراوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی یاسای وەبەرهێنانی بەرکار لە هەرێم، وە کارپێکردنی پرەنسیپی مامەڵەی هاوشێوە)، پێشنیاری دووەم/ وەك خۆی

ماددەی (٦):

فرۆشتنی موڵك و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت تەنها بۆ هاونیشتیمانیان ڕێپێدراوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی یاسای وەبەرهێنانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی شەش دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، پێشنیاری دووەم وەك خۆی تکایە کێ لەگەڵیدایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٣) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی حەوتەم بخوێننەوە.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٧): هیچ پێشنیارێك نییە، وەك خۆی.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی حەوت وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٧) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی هەشت بخوێننەوە.
**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی هەشت دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم/ وەك خۆی:
ماددەی (٨):
یەکەم: لیژنەی خەمڵاندن لە ژماریەك فەرمانبەری شارەزا پێك دەهێندرێت کە ژمارەیان لە سێ کەس کەمتر نەبێت، سەرۆکەکەی لایەنی کەم بەڕێوەبەر و ئەندامانی پلەی وەزیفیان لە پلە چوار کەمتر نەبێت.
دووەم: فەرمانبەرێك لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە و فەرمانبەرێکی ژمێرکاری لە فەرمانبەرانی وەزارەتی دارایی و ئابووری هاوەڵی ئەو لیژنەیە دەکەن کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەقنووسکراوە.
سێیەم: لیژنە دەتوانێت لە کەسانی شارەزایی دەبەستێت.
پێشنیاری دووەم/ پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی ماددەی نۆیەم، بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند دراوە، ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی کە پێشنیارکراوە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەم پێشنیارە دەخەینە ڕوو، داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان.
یەکەم: لیژنەی خەمڵاندن لە ژمارەیەك فەرمانبەری شارەزا پێك دەهێندرێت کە ژمارەیان لە سێ کەس کەمتر نەبێت و پلەی وەزیفیان هیچ کامیان لە پلەی پێنج کەمتر نەبێت.
دووەم: فەرمانبەرێك لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە و فەرمانبەرێکیش ژمێرکاری لە وەزارەتی دارایی و ئابووری هاوەڵی ئەو لیژنەیە دەکەن کە لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە دەقنووسکراوە.
سێیەم: لیژنە دەتوانێت لە کەسانی شارەزا و تایبەتمەند دەبەستێت.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی هەشت پێشنیاری یەکەم وەك خۆی، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانیە، پێشنیاری دووەم پێشنیاری لیژنەی هاوبەش کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٧) کەس لەگەڵدایە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی نۆیەم بخوێننەوە.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی نۆ هیچ پێشنیارێك نییە، وەك خۆی.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی نۆ وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ (٦٥) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی دەیەم بخوێننەوە.
**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (١٠) هیچ پێشنیارێك نییە، وەك خۆی.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی دەیەم وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ (٦٤) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی یانزە بخوێننەوە.
**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی یانزە چوار پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم/ وەك خۆی تەنها لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە دەستەواژەی لە دووجار بکرێت لە یەکجار بەم شێوەیە (دووەم: هیچ فەرمانبەرێك نابێت لە ساڵێکدا زیاتر لە یەکجار بەشدار بێت لە سەرۆکایەتی یان ئەندامیەتی لیژنەکانی خەمڵاندن و فرۆشتن یان بەکرێدان)، پێشنیاری دووەم/ وەکو خۆی تەنها لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە دەستواژەی لە ساڵێکدا لابرێت، پێشنیاری سێیەم/ وەکو خۆی، پێشنیاری چوارەم/ پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە لابرێت و بەم شێوەیە (لە کاتی فرۆشتن یان بە کرێدانی موڵك و ماڵێکی نەگوازراوەی دیاریکراودا سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی خەمڵاندن ناکرێنە ئەندامی لیژنەی فرۆشتن یان بە کرێدان).
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ماددەی یانزە چوار پێشنیاری هەیە، کێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵدا نییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمدایە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٥) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ پێشنیاری چوارەمدایە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ سەرۆکی لیژنەی یاسایی فەرموو.
**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
تەوزیحێك بۆ کاك هێڤیدار، ل دواین کۆبوونەوەیدا ئاماژە پێدا هەندەك پرسێت سەرەف قانونینە، جەنابێ تە و سەرۆکێ لیژنەی ئەو دسەڵات دانە مە، ئەڤ بڕگە نوکە مەوجودە ل

جەلسا خویندنا دووێ ژی سەرۆکا پەرلەمانی ژی ئاماژە پێدابوو لەگەڵ ماددەیا (٣٥) تەعروزا (١٠٠٪)ە، مە ئیتیفاق کربوو کاك زیادیش ئامادەیە، پرسەکا قانونی هەوە دەسەڵات دانە مە، مەوزوعێ قانونی نە مەوزوعەکی فەنی، ئەگەر ئەو برگەیا دووێ لا نەچووبا لەگەڵ ماددەیا (٣٥) تەعاروز (١٠٠٪) دروست دەبێت، مەوزوعەکێ قانونیە، یەعنی مە هیچ دەستکاریەك نەکریە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ لەگەڵ پێشنیاری چوارەمدایە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ (٥٤) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوانزە چوار پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە وەکو خۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی خوارەوە:

١. لە خاڵی یەکی بڕگەی دووەدا دەستەواژەی ئەگەر بە پێویستی زانی لابرێت، لە خاڵی یەکی بڕگەی دووەدا دەستەواژەی تەعینات بکرێت بکرێتە رەهن، لە بڕگەی حەوتەمدا لە (٧٠٪) بکرێتە لە (٩٠٪).

پێشنیاری دووەم/ وەکو خۆی تەنها زیادکردنی خاڵێك بە زنجیرەی سێ بۆ بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە بەم شێوەیە (سێ: پێویستە ئەو جاڕنامەیەی کە لە خاڵی یەکی ئەم بڕگەیەدا هاتووە لە شوێنی فرۆشتن و بە کرێدانەکە شوێنی بە ئەنجامدانی زیادکردنەکە هەڵبواسرێت).

پێشنیاری سێیەم/ وەکو خۆی:

ماددەی (١٢):

ڕێکارەکانی فرۆشتن و بە کرێدانی موڵك و ماڵی نەگوازراوە لەلایەن لیژنەی فرۆشتن یان بە کرێدان بەم شێوەیە دەبێت:

یەکەم: ڕێکخستنی لیستی زیادکردن لەبەر ڕۆشنایی خەسڵەتەکان موڵك و ماڵە نەگوازراوەکە کە لەلایەن لیژنەی خەملاندنەوە چەسپێندراوە ئەگەر زیاتر لە موڵك و ماڵێکی دی ئەوە بۆ هەر یەکێکیان لیستێکی زیادکردن ڕێك دەخرێت.

دووەم: ١- جاڕنامەی فرۆشتن یان بە کرێدان بە زیادکردنی ئاشکرا لە دوو ڕۆژدا بڵاو دەکرێتەوە، دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەدا بڵاو دەکرێتەوە کە یەکێکیان لە هەولێر و ئەوەی دیکە لە ناوەندی ئەو پارێزگایەی کە زیادکردنەکەی تێدا دەکرێت، وەك جاڕنامە لە فەرمانگە هەڵدەواسرێت کە فرۆشتن یا بە کرێدانەکە ئەنجام دەدات، لیژنە ئەگەر بە پێویستی زانی دەتوانێت بڕیاری بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکە لە ڕێگەی ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندنەوە لە ناویاندا پێگە ئەلکترۆنیە فەرمیەکان بدات.

٢. ئەو موڵك و ماڵە نەگوازراوەی بەهای خەمڵێندراوی بە کرێدانی ساڵانەی لە یەك ملیۆن دینار کەمتر بێت لە جاڕدان دەردەکرێت.

سێیەم:

١- جارنـامەکە گشــت ئەو خەسـڵەتانەی موڵــك و مــاڵە نەگــوازراوەکە کە لە کۆنــووس لیــژنەی خەمڵاندندا هـاتوون ڕۆژ و ڕێکەوت و کـاتژمێری زیـادکردنەکە مەرجەکـانی بەشـداریکردن ئەو شـوێنەی تێیـدا ئەنجـام دەدرێـت و بـڕی ئەو بارمەتـانەی کە پێویسـتە سـپاردە بکـرێن لە خـۆ دەگرێت.

٢- فرۆشـتن یـان بە کرێـدانی موڵك و مـاڵە نەگـوازراوەکە بەپێـی ئەو ڕێزبەنـدیەی لە جاڕنامەکـدا هاتووە ئەنجام دەدرێت.

چـوارەم: لیسـتی زیـادکردنەکە لە ڕۆژی بڵاوکـردنەوەی جارنـامەکە بـۆ مـاوەی سـی ڕۆژ کـراوە دەبێت، پێویسـتە لەسـەر ئەو کەسـانەی خواسـتی کـڕین یـان بە کـرێ گرتنـی موڵك و ماڵەکەیـان هەیە سەرەدانی فەرمانگەی تایبەتمەند بکەن بۆ دەربڕینـی خواسـتی کـڕین یـان بە کرێگـرتن بەو مەرجەی هەر یەکێکیان پێش بەشداریکردنی لە زیادکردنەکە بـارمتەیەك سـپاردە بکـات، بـڕەکەی لە (٢٠٪)ی بەهای خەملێندراو لە حاڵەتی فرۆشتنی لە کۆی بڕی بەرامبەری بە کرێـدان بـۆ تەواوی لە حاڵەتی بە کرێدان کەمتر نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

....هەر بەڕێزێکی لەگەڵە وەك خۆی؟ خۆی چوار پێشنیارە ئەوە هـی لیـژنە نیـیە ئەو پێشـنیارە، (١) کەس، پێشنیاری چوارەم پێشـنیاری لیـژنەی تایبەتمەنـدە، هەر بەڕێزێکـی لەگەڵە؟ بە دەنگـی (٥٧) ئەندامی پەرلەمان پەسـەند کـرا، فەرمـوون کـاك بـژار، مـاددەی دوای ئەوە بخـوێننەوە، کـاك زیـاد ماددەی (١٣) .

**بەڕێز سارا دڵشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددە (١٣) سێ پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم ماددەکە وەك خۆی، تەنهـا لە بـڕگەی یەکەم دا ماوەکە لە (١٥) ڕۆژ بکرێتە (٢٥) ڕۆژ، پێشـنیاری دووەم/ وەك خـۆی تەنهـا بە زیـادکردنی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا بەم شێوەی خوارەوە:

١-ئەگەر لە ئەنجامی زیادکردنەکە بڕی بەرامبەر نەگەیشـتە بەهـای خەملێنـراو ئەوا زیـاد کـردنەکە بۆ ماوەی (٢٥) ڕۆژی تر درێژ دەکرێتەوە بە هەمـان نـرخ لە ڕۆژی دوای بڵاوکـردنەوەی جارنـامەکە دەست پێدەکات.

پێشنیاری سێیەم وەك خۆی، تەواو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێــزان ســێ پێشــنیارمان هەیە بــۆ مــاددەی (١٣) پێشــنیاری یەکەم هەر بەڕێزێکــی لەگەڵە؟ پێشنیاری دووەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ بەڵێ (١) کەس، پێشنیاری سێیەم وەك خـۆی؟ بە دەنگـی (٥٩) پەرلەمانتار پەسەند کرا، کاك سامان ئەگەر دەیـانەوێ بێـنەوە دەتـوانن بێـنەوە موەزەفەکـان، ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز سارا دڵشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددە (١٤) دوو پێشنیار هەیە:

-پێشنیاری یەکەم ماددەکە وەك خۆی، تەنیا بە لابردنی ڕستەی (پێشەنگی بۆ ئەوانە دەبێت کە هاوسەرگیرییان کردووە) لە بڕگەی یەکەم خاڵی یەکەم دا.
-پێشنیاری دووەم وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە وەك خۆی فەرموون؟ بە دەنگی (٥٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز سارا دڵشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٥) دوو پێشنیار هەیە:
-پێشنیاری یەکەم وەك خۆی.
-پێشنیاری دووەم پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە ماددەکە وەك خۆی تەنیا لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی خوارەوە:
١-یەکەم لە پێشەنگی ماددەکە دەستەواژەی کشتوکاڵی لابدرێ.
٢-بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە بەم شێوەی لێ بکرێت (نابێت ماوەی بانەوانی لە ٢٥ ساڵ زیاتر بێت یارای نوێکردنەوە بە موڵك کردنی بۆ بانەوانیکار نییە دوای کۆتاییهاتنی ماوەی بانەوانی هەرچی بونیات نرابێت دەبێتە خاوەن موڵك و ماڵ نەگوێزراوە بێ بەرامبەر.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دوو پێشنیار هەیە وەك خۆی، لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند، هەر بەڕێزێك لەگەڵ وەك خۆیەتی؟ (٣) بەڕێز، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری لیژنەیە؟ بە دەنگی (٥٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، کاك سامان بە کاروبار بڵێ بێنە ژوورەوە، وا خۆم ڕەقەمەکانیان بۆ دەنووسم، ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

ماددەی (١٦):
سەبارەت بە ماددەی (١٦) چوار پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی تەنیا لە خاڵی دووەمی بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە سێ ساڵ بکرێتە پێنج ساڵ، پێشنیاری دووەم وەك خۆی تەنها بڕگەی چوارەمی ئەم ماددەیە لابرێ، پێشنیاری سێیەم وەکو خۆی، پێشنیاری چوارەم پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە وەك خۆی تەنیا لە خاڵی دووەمی بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیە (٢٠) ساڵ بکرێتە (١٥) ساڵ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ وەك خۆیەتی؟ (٤) کەس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەندە؟ بەدەنگی (٥٦) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی دوای ئەوە فەرموون.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

سەبارەت بە ماددەی (١٧) دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە لابرێت، پێشنیاری دووەم وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان بۆ ماددەی (١٧) دوو پێشنیارمان هەیە، پێشنیاری یەکەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ (١) کەس، پێشنیاری دووەم وەك خۆی؟ لیژنە خۆتان دەنگ نادەن بەڕێزان؟ سارا خان خۆتان دەنگ نادەن بە ماددەکە؟ ئێوە بۆ ئێمەتان حازر کردووە، بەڵێ سوپاس، بە دەنگی (٦٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

سەبارەت بە ماددەی (١٨) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ماددەی (١٨) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

سەبارەت بە ماددەی (١٩) دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەکو خۆی تەنها زیاد کردنێك لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بەم شێوەیە (کرێچی پابەند دەبێت بە دانەوەی بڕی بەرامبەری بەکرێدان لەگەڵ تەواوی خەرجییەکان لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەواڵە کردنی بنبڕ ئەگەر ماوەی گرێبەستەکە لە ساڵێك زیاتر نەبێت بەپێی بارودۆخی ئابووری دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێ ڕەزامەندی بدات لەسەر دانەوەی بڕی بەرامبەر بەکرێدانەکە بە قیست بەم شێوەیەی خوارەوە، هیچ نەنووسراوە، پێشنیاری دووەم وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەوە هی دیباجەکەیەتی بۆیە هیچ نەنووسراوە، بەڕێزان هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە بۆ ماددەی (١٩)؟ یەك کەس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ وەك خۆیەتی؟ بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٢٠) فەرموون.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

سەبارەت بە ماددەی (٢٠) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هەر بەڕێزێك لەگەڵ ماددەی (٢٠) وەك خۆی؟ بە دەنگی (٥٩) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

سەبارەت بە ماددەی (٢١) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٢١) هەر بەڕێزێکی لەگەڵە وەك خۆی؟ بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٢٢).

**بەڕێز جلال محمد أمین احمد:**

سەبارەت بە ماددەی (٢٢) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان هەر کەسێك لەگەڵ ماددەی (٢٢) وەك خۆی؟ بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز جلال محمد أمین احمد:**

سەبارەت بە ماددەی (٢٣) سێ پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم ماددەکە وەك خۆی تەنیا لە بڕگەی سێیەم و چوارەم لە خاڵی یەك دەستەواژەی (خانووبەرانەی) بکرێتە (مولکەکان)، پێشنیازی دووەم وەکو خۆی، پێشنیازی سێیەم هی هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە وەکو خۆی تەنیا لە بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیەدا (دەستەواژەی ساڵانە جارێك) بکرێتە (سێ ساڵ جارێك)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (٢٣) پێشنیاری یەکەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ دوو کەس، پێشنیاری دووەم وەك خۆی هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ پێشنیاری سێیەم پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ بەڵێ زۆر سوپاس، بە دەنگی (٦١) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز جلال محمد أمین احمد:**

سەبارەت بە ماددەی (٢٤) سێ پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەکو خۆی تەنیا دەستەواژەی (مامەڵەی هاوشێوەی) لابرێ لە کۆتایی ماددەکە، پێشنیازی دووەم وەکو خۆی، پێشنیازی سێیەم هی هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە ماددەکە بەم شێوەی لێ بکرێت (وەزیری دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لەسەر داوای فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بە ڕەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە ئەو زەوییانەی کە موڵکی دەوڵەتن بە کرێیان بدات و وڵاتانی بیانی بۆ دروستکردنی بارەگای نوێنەرایەتییە سیاسییەکانیان یان قونسوڵخانە یان بۆ مەبەستی دروستکردنی خانووە نیشتەجێکان لەسەریان یان نوسینگە بۆ پاشکۆکانیان ئەویش بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە ماوەی بە کرێدانی ڕێگەپێدراو لە وڵاتی لایەنی بەرامبەر ئەویش بە بەرامبەرێك لە لیژنەیەکی تایبەتمەند خەمڵاندنی دەکات کە وەزیری دارایی پێکیدەهێنێت یان بەبێ بەرامبەر بەمەرجی بوونی مامەڵەی هاوشێوە لەلایەنی بەرامبەر.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بەڕێزان بۆ ئەم ماددەیە سێ پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ بەڵێ دوو کەس، پێشنیاری دووەم وەك خۆی هەر بەڕێزێکی لە گەڵە؟ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیاری سێیەم پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٢٥) فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد أمین احمد:**

سەبارەت بە ماددەی (٢٥) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ هەر بەڕێزێك لەگەڵ ماددەكەیە وەكو خۆی؟ بە دەنگی (٦٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا، ماددەی (٢٦).

**بەڕێز جلال محمد أمین احمد:**

سەبارەت بە ماددەی (٢٦) هیچ پێشنیارێك نییە وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ماددەكەیە وەك خۆی؟ بە دەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا، ماددەی (٢٧).

**بەڕێز جلال محمد أمین احمد:**

سەبارەت بە ماددەی (٢٧) هیچ پێشنیارێك نییە وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ماددەی (٢٧)ە وەكو خۆی؟ بە دەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا.

**بەڕێز جلال محمد أمین احمد:**

سەبارەت بە ماددەی (٢٨) هیچ پێشنیارێك نییە وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵە دەستی بەرز بكاتەوە؟ بە دەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا.

**بەڕێز جلال محمد أمین احمد:**

سەبارەت بە ماددەی (٢٩) هیچ پێشنیارێك نییە وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ماددەی (٢٩)یە وەك خۆی با بفەرموێ دەست بەرز بكاتەوە؟ بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا.

**بەڕێز جلال محمد أمین احمد:**

سەبارەت بە ماددەی (٣٠) هیچ پێشنیارێك نییە وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ماددەكەیە وەكو خۆی؟ بەدەنگی (٦١) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا.

**بەڕێز جلال محمد امین::**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣١) هیچ پێشنیارەك نییە وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وەكو خۆی بەبێ هیچ دەستكارییەك؟ بە دەنگی (٦١) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣٢) دوو پێشنیاز هەیە:

پێشنیازی یەکەم: وەك خۆی، تەنها بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە لابیرێت.

پێشنیازی دووەم: وەك خۆی.

ماددەی (٣٢):

١-دەکرێ موڵك و ماڵە گوازراوەکانی دەوڵەت لەکاتی پێویستی بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەکرێ بدرێن.

٢- دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێ بەبێ جاردان و بەبێ زیادکردنی ئاشکرا موڵك و ماڵە گوازراوەکانی دەوڵەت بە فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی لە هەرێم بەکرێ بدات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ماددەی (٣٢) هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ (١) کەس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ وەك خۆیەتی؟ بە دەنگی (٥٨) ئەندامی پەرلەمان وەك خۆی پەسەند کرا.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٣):

سەبارەت بە ماددەی (٣٣) هیچ پێشنیازێك نییە وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ماددەکەیە وەك خۆی؟ بە دەنگی (٦١) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٤):

سەبارەت بە ماددەی (٣٤) سێ پێشنیاز هەیە:

پێشنیازی یەکەم: ماددەکە وەك خۆی تەنها سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکرێتە (ئەنجومەنی وەزیران).

پێشنیازی دووەم: ئەم ماددەیە لابیرێت.

پێشنیازی سێیەم: وەك خۆی، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە لەکاتی پێویست بڕیار بدات بە فرۆشتنی موڵك و ماڵە گوازراوە و نەگوازراوەکانی دەوڵەت یا بەکرێ دانیان بەدەر لەو ڕێکارانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەر کەسێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ پێشنیاری یەکەم دەڵێ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکرێتە (ئەنجومەنی وەزیران)؟ (٧) کەسی لەگەڵە. ئەوی دووەم کە دەڵێ هەموو ماددەکە لابرێ؟ (١) کەسی لەگەڵە. ئەوەی کە دەڵێ وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ بە دەنگی (٥٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٥):

سەبارەت بە ماددەی (٣٥) سێ پێشنیاز هەیە:

پێشنیازی یەکەم: بڕگەی سێیەم لەم ماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێبکرێت:

بڕگەی سێیەم/ پاداشتێك دەبەخشرێتە کەسی شارەزا لە هەردوو لێژنەی دەرخستنە کردن وە بڕگەی فرۆشتن یان خەمڵاندن یان بەکرێدانی موڵك و ماڵە گوازراوەکان و نەگوازراوەکانی دەوڵەت بەرامبەر هەر کۆنووسێکی خەمڵاندنی پەسەندکراو کە لێژنەکە رێکیدەخات یان لیستێکی زیادکردن لە لێژنەی فرۆشتن و بەکرێدان رێکیدەخات بە بڕی دە هەزار دینار کۆی گشتی ئەو پاداشتانە مانگانە نابێت لە چوار سەد هەزار دینار تێپەر بێت، بۆ هەر هاوەڵێکیش مانگانە نابێت لە دوو سەد هەزار دینار زیاتر بێت.

پێشنیازی دووەم: وەك خۆی.

پێشنیازی سێیەم: پێشنیازی هەردوو لێژنەی تایبەتمەند ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی سێیەم بەم شێوەی لێبکرێت:

بڕگەی سێیەم: پاداشتێك دەبەخشرێتە هەردوو لێژنەی رێکخستن، خەمڵاندن و فرۆشتن و بەکرێدان هەر یەك لە فەرمانبەری فەرمانگەی تۆمارکردنی خانوبەرە و نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری و شارەزا و سکرتێری لێژنە و ئەمینداری سندوق و شۆفێرە هاوەڵەکان لێژنە بەرامبەر هەر کۆنووسێکی خەمڵاندن پەسەند کراو یان هەر لیستێکی زیادکردن بەمەرجێك کۆی گشتی ئەو پاداشتانەی دەبەخشرێتە هەر ئەندامێکی لێژنە مانگانە لە چوار سەد هەزار دینار و بۆ هەر هاوەڵێکیش مانگانە لە دوو سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بۆ ئەم ماددەیە سێ پێشنیارمان هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ (١) کەس. هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە پیشنیاری هەردوو لێژنە؟ بە دەنگی (٥٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٦):

هیچ پێشنیازێك نییە وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەر کەسێك لەگەڵ ئەوەیە ماددەی (٣٦) وەك خۆی؟ بە دەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٧):

هیچ پێشنیازێك نییە وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ مـاددەی (٣٧)ە وەك خـۆی؟ بە دەنگـی (٦٤) ئەنـدامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٨):

هیچ پێشنیازێك نییە وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەگەڵ ماددەی (٣٨)ە وەکو خۆی؟ بە دەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٩):

سەبارەت بە ماددەی (٣٩) هیچ پێشنیازێك نییە، وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ مـاددەی (٣٩)ە وەك خـۆی؟ بە دەنگـی (٦٤) ئەنـدامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٠):

سەبارەت بە ماددەی (٤٠) دوو پێشنیاز هەیە:

پێشنیازی یەکەم ئەم ماددەیە لابرێت.

پێشنیازی دووەم: وەك خۆی.

ماددەی (٤٠):

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمە مـاددەکە لابرێـت کە مـاددەیەکی پڕۆتۆکـۆلییە؟ (١) دەنـگ. هەر بەڕێزێـك لەگەڵ ئەوەیە وەکـو خـۆی بمێنێـتەوە؟ بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤١):

سەبارەت بە ماددەی (٤١) دوو پێشنیاز هەیە:

پێشنیازی یەکەم: وەك خۆی.

پێشـــنیازی دووەم: پێشـــنیازی هەردوو لێـــژنەی تایبەتمەنـــد وەزیـــری دارایـــی و ئـــابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار پێویستە ڕێنمایی ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـــزان بـــۆ مـــاددەی (٤١) دوو پێشـــنیار هەیە، وەك خـــۆی هەر بەڕێزێکـــی لەگەڵە؟ (١) کەس. پیشنیازی هەردوو لێژنەی تایبەتمەند؟ بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٢):

هیچ پێشنیازێك نییە وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مـاددەی (٤٢) هەر بەڕێزێـك لەگەڵ ئەوەیە وەك خـۆی پەسـەند بکـرێ؟ بە دەنگـی (٦٣) ئەنـدامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن:

هیچ پێشنیازێك نییە، وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چاکیان کـردووە کـاك (د.رێبـوار) جەنابـت ملاحەزەیێکـی دەقیقـت هەبـوو، هەر کردوویـانە بە یەك پێشنیار، ئەوەی جەنابتی تێدایە، بخوێننەوە.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن:

لەبەر گرینگـی موڵـك و ماڵەکـانی دەوڵەت چـونکە خاوەنـداریەتی بـۆ گەلە دەسـەڵاتی ئیـداری پابەنـدە بە چـاك رەفتـار پێکردنـی بەم موڵـك و مـاڵانە، بەو شـێوەیەی بەرزتـرین سـوود بـۆ گەل دەسـتەبەر دەکـات و بەرژەوەنـدی گشـتی لەبەر چـاو دەگیـرێ، بـۆیە پێویسـتە فرۆشـتن یـان بەکرێدان یا بانەوانی بەپێی چەند حوکمێکی یاسـایی بێـت، کە ڕێکارەکـانی رەفتـار پێکـردن بەم موڵك و ماڵانە بە زۆرترین ئاستی شەفافیەت و روونی و نزیکی بۆ دادپەروەری ڕێـك بخـات، بەم شێوەیەی ئامانجەکانی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵەکـانی دەوڵەت دەسـتەبەر بکـات، لەبەر هەموو ئەمانە ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان هەر ئەنـدامێکی پەرلەمـان لەگەڵ هۆیەکـانی دەرچـوونە بەم شـێوەیەی کە بەڕێـز کـاك (بەڵێن) خوێندییەوە؟ بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

بەڕێزان هەر بەڕێزێك لەگەڵ کۆی یاساکەیە با بفەرمووێ دەنـگ بـدا؟ پێشـنیارێکی تـر هەیە کـاك (بەڵێن) دەیخوێنێتەوە.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك هەردوو لیـژنەی تایبەتمەنـد بە گرینگـی دەزانـین بـۆ ڕێکخسـتنی زنجیـرە و دابەشـکردنی ماددەکـان پێشـنیاز دەکەیـن ناونیشـانی دەروازەی پێـنجەم حـوکمە کۆتاییەکـان لە بەشـی دووەم بکرێتە حوکمە گشتی و کۆتاییەکان و داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەو گۆرانکاریەیە کە بەڕێـزان لە لیـژنە تایبەتمەنـدەکان پێشـنیاریان کردووە با بفەرموێ دەنگ بدا؟ تەنها ناوی دەروازەکە دەگۆڕن، بە دەنگی (٥٨) ئەنـدامی پەرلەمـان پێشـنیازەکە پەسـەند کـرا. هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ کـۆی یاسـاکەیە؟ بە دەنگـی (٦٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. پیرۆزبـایی لە خۆمـان و لە گەلـی کوردسـتان دەکەیـن و بەم شێوەیە کۆتایی بە دانیشتەنەکەمان دەهێنین و دانیشتن هەڵگیرا.

| منی نبی قهوچی | هێمن هەورامی | د. ڕێواز فائق حسێن |
|---|---|---|
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی**
**دووشەممە ڕێکەوتی 11\3\2021**
**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١)
# دووشەممە رێكەوتی ١/ ٣/ ٢٠٢١

كـاتژمێر (١١)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی دوو شـەممە رێكەوتـی ١/ ٢٠٢١/٣ پەرلەمـانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكايەتی د. هێمن احمد حەمە صالح هەورامـی و، بە ئامـادەبوونی بەڕێـز منی نبـی قهوچی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی خولی پێنجەمی سـاڵی (٢٠٢١) ی خـۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێـی حـوكمی مـاددەی (٥) و بـڕگەی (یەكەم) لەمـاددەی (١٦) وبـڕگەی (سـێیەم) لەمـاددەی (١٨) بڕگەكانی (یەكەم ودووەم وسێیەم وچوارەم وپێـنجەم) لەمـاددەی (٢٠) و ماددەكـانی (٤٧) و (٤٨) و بـڕگەی یەكەم لە مـاددەی (٥٢) و ماددەكـانی (٥٤) و (٥٥) و (٥٦) و (٥٧) لەپەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی كوردسـتان – عێـراق دەسـتەی سـەرۆكايەتی پەرلەمـان بڕیاریـدا بەرنـامەی كـاری دانیشتنی ژمارە (١) ئاسایی لە ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمـان لە كـاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی دووشەممە رێككەوتی (٢٠٢١/٣/١) بەمشێوەیەبێت:

١-یەك دەقیقە بێ دەنگی وەسـتان بـۆ رێزلێنـان لە گیـانی شـەهیدانی كوردسـتان و عیـراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.

٢-كـردنەوەی خـولی بەهـارەی سـاڵی سـێیەم لە خـولی پێنجەمـی هەڵبـژاردن لەلایەن سـەرۆكی پەرلەمـان بەپێـی حـوكمی بـڕگەی (یەكەم) لە مـاددەی (٧) و بـڕگەی (سـێیەم) لە مـاددەی (١٨)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

٣-وتەی بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان بەبۆنەی كـردنەوەی خـولی بەهـارەی سـاڵی (سـێیەم) لە خـولی (پێنجەمی) هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان.

٤-وتەی بەڕێزان سەرۆك فراكسیۆنەكانی پەرلەمـان بە بـۆنەی كـردنەوەی خـولی بەهـارەی سـاڵی (سێیەم) لە خولی (پێنجەمی) هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان .

٥-سوێند خواردنی پاڵێوراوی بەڕێز (هەڵكەوت أنور خەلیفە) لە شـوێنی ئەنـدام پەرلەمـان بەڕێـز (ئومێـد عبـدالرحمن حسـن) بەپێـی حـوكمی مـاددەی (٢٧) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی كوردستان.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

بە نـاوی گەلـی كوردسـتان دانیشـتنەكەمان دانیشـتنی ئاسـایی (یەكەم) وەرزی بەهـارەی سـاڵی سێیەمی خـولی پێنجەمـی پەرلەمـانی كوردستان بە دەقـیقەیەك وەسـتان و رێزلێنـان بـۆ گیـانی پاكی شەهیدان و سروودی نیشتیمانی ئەی رەقیب دەست پێ دەكەین، فەرموون.

(سروودی ئەی ڕەقیب)

سەروەری بۆ شەهیدان، فەرموون.

ئێستاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەکەین بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنە بخوێنێتەوە.

**بەڕێز منى نبى نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەرنامەی کار**

بەپێی حوکمی ماددەی (٥) و بڕگەی (یەکەم) لەماددەی (١٦) وبڕگەی (سێیەم) لەماددەی (١٨) بڕگەکانی (یەکەم ودووەم وسێیەم وچوارەم وپێنجەم) لەماددەی (٢٠) و ماددەکانی (٤٧) و (٤٨) و بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٢) و ماددەکانی (٥٤) و (٥٥) و (٥٦) و (٥٧) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عیراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١) ئاسایی لە ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی دووشەممە ڕێککەوتی (٢٠٢١/٣/١) بەمشێوەیەبێت:

١-یەك دەقیقە بێ دەنگی وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عیراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.

٢-کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٧) و بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (١٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٣-وتەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی (سێیەم) لە خولی (پێنجەمی) هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

٤-وتەی بەڕێزان سەرۆك فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بە بۆنەی کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی (سێیەم) لە خولی (پێنجەمی) هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان .

٥-سوێند خواردنی پاڵێوراوی بەڕێز (هەڵکەوت أنور خەلیفە) لە شوێنی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (ئومێد عبدالرحمن حسن) بەپێی حوکمی ماددەی (٢٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش دەست بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی کار دەکەین، با وتارەکە تەواو بکەم دوایی نوقتە نیزامی.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان

ئەمڕۆ (٢٠٢١/٣/١) یەکەمین دانیشتنی وەرزی بەهارەی ساڵی سێیەمی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەکەینەوە.

ئەمڕۆ (٣/١) (٤٢) ساڵ تێدەپەڕێ بەسەر کۆچی دوایی سەرکردە و ڕابەری مێژوویی گەلەکەمان بارزانی نەمر لێرەوە دروود بۆ گیانی پاکی بارزانی نەمر و هەموو سەرکردە و شەهیدەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و وڵاتەکەمان دەنێرین.

ئەمساڵ لە چەند ڕۆژی ئایندەدا (٣٠) ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر سەرکەوتنی ڕاپەرینە مەزنەکەی گەلەکەمان کە بە هۆیەوە توانرا دام و دەزگاکانی ڕژێمی بەعس لە کوردستان ڕاماڵین و زەمینە

بـۆ هەڵبـژاردن بێنیـنە ئـارا و ئەم پەرلەمـانە و حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان و دامەزراوەکـانی حکومڕانی خۆبەخۆی گەلەکەمانی پێ پێکبهێنین.
بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بەڕێـزان، قۆنـاغ و سـاڵانی کەمـی پـێش ڕاپەڕیـن سـەختترین قۆنـاغی بەردەم بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی گەلەکەمـان بـوون، سـاڵانی شـاڵاوە بەدناوەکـانی ئەنفـال و کیمیاباران و جینۆسایدی گەلەکەمان بوون، بەڵام نهێنی خۆڕاگری و بەرگەگرتنی ئەو سـەختییانە ئەو یەکڕیـزی و پـێکەوە بـوونە بـوو کە لە نێـوان هێزەکـان لە چوارچێـوەی بەرەی کوردسـتانی دا بـوو، قۆسـتنەوەی دەرفەت و هەلـومەرجی نـاوچەیی و نێـودەوڵەتی و ڕایەڵەی پـتەوی نێـوان خەڵـك و هێزەکـان و متمـانەی نێـوان هێزەکـان بـوو، مێـژوو سـەلماندوویەتی چەنـد تەبـا و یەکگرتووبین دەستکەوتی زیاترمان بۆ میللەتەکەمان بە دەستهێناوە.
ئێسـتا کە (٣٠ ) سـاڵ تێـدەپەڕێت پێویسـتمان بە دووبـارە داڕشـتنەوەی کـاری پێکەوەیـی و چاکسـازی ڕیشـەیی و بنەڕەتـی و دروسـتکردنەوەی متمـانە و پاراسـتنی قەوارەی دەسـتووری هەرێمی کوردستانە دوور لە گرژی و دڕدونگی و دێواندنی یەکتری.
بەڕێـزان، پارسـاڵ کە لە (٢٠٢٠/٣/١) وەرزی بەهـارەی سـاڵی دووەمـی خـولی پێنجەممـان دەسـت پێکرد، سەرەتای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا بوو، تەنها پێنج حاڵەت تۆمار کرابوو، لەو کـاتەوە تـا ئێستا لێکەوتە تەندروستی و ئابوورییەکانی ئەم پەتا جیهانیی یە بەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان و نـاوچە و جیهـان بەرنـادات، بە نـاوی پەرلەمـانی کوردسـتانەوە سـوپاس و پێـزانین دەستخۆشـی زۆرمـان بـۆ تەواوی پزیشـك و کارمەنـدان و هێـزی مرۆیـی و کەرتـی تەندروسـتی وەزارەتە تایبەتمەندەکان دەنێرین، بۆ خەبـات و شـەونخوونی و خزمەتـی بەرچاویـان، ئێسـتاش کە جـۆرە گۆڕاوەکەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوترە، داوا لە هاووڵاتیان دەکەیـن و تکایـان لـێ دەکەیـن پابەنـدی ڕێنمایی یە تەندروستییەکان بن.
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.
ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان هەر لە سەرەتای کارکردنمانەوە لەم خـولەدا سـەردانی تەواوی هێـــز و لایەنە سیاسـییەکانمان کـــردووە و جەختمـــان لە بـــایەخی گرنـــگ و گەورەی پڕکردنەوەی کەلێنی نەبوونی دەستوور لە هەرێمی کوردستان کردۆتەوە.
بۆیە لێرەوە جارێکی تر ڕایدەگەیەنین کە پێویستە هەوڵەکان و هەنگاوەکـان چڕتـر بکەیـنەوە بـۆ ئەوەی هەنگـاوە کردارییەکـان لە زەمینەسـازی سیاسـی و تەوافـوقی و هەنگـاوە یاسـایی یە پێویسـتەکان لە ئامـادەکردنەوەی لیـژنەی نووسـینەوەی دەسـتوور دەسـت پێـبکەین و بتـوانین دەسـتوورێك بـۆ هەرێمەکەمـان بنووسـینەوە کە تیایـدا زامنـی قەوارەی دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتان و لەبەرچـاو گـرتن و چەسـپاندنی لێکجیـایی نێـوان دەسـەڵاتەکان و شـۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دامەزراندنی دادگای دەستووری و چەندین بابەتی دیکەی گرنگ لە خۆ بگرێ.
بەڕێزان..
وێڕای ئەوەی وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان پێشتر هەندێك ئامارمان لەسەر کار و ژمـارەی یاسـا و بڕیارەکان و بابەتە پەیوەندیدارەکانی پرۆسەی یاسـادانان و چـاودێری خسـتۆتەڕوو بە دەرفەتـی دەزانین سەرنجتان بۆ ئەم داتایانەی خوارەوەش ڕابکێشین:

-تا ئێستا لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کۆی گشتی ئەو پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیارانەی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لەبەردەستی پەرلەمانی کوردستان بوون بریتی بوون لە (٧٨) پێشنیاز و پرۆژە یاسا و بڕیار، لەمانەش تەنها چواردەیان پەسەند کراون و هەموو قۆناغە تەشریعییەکانیان بڕیوە، (٢٢) لەو پێشنیازە یاسا و بڕیارانە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ بە هۆی دروستکردنی بارگرانی دارایی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، یان بە هۆی نەبوونی مەرجە پەیڕەوییەکان، یان نەبوونی کەلێنی یاسایی لەلایەن لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە ڕەت کراونەتەوە.

(١٣) پێشنیازە یاسا و بڕیار ئاراستەی حکومەت کراون بۆ دەربڕینی بیرورا و ڕەزامەندییان تا ئێستا نەهاتۆتەوە.

(١٠) پێشنیازە یاسا و بڕیار خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە و (١٣) پێشنیازی یاسا و بڕیار لە ژێر پرۆسەی تەشریعدان و لای لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستانن.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان..

بێگومان ئەگەر ئاوڕێك لە پرۆسەی تەشریع بدەینەوە پرۆسەکە بە خاوی بەڕێوە دەچێ و لە ئاست ویست و خواستی هیچ یەكێك لە ئێمەدا نییە، لەمڕۆوە ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەدواداچوونێکی وردمان بۆ ئەو بابەتە کردووە و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەو پرۆژانەی کە لەبەر ڕۆشنایی هێڵە گشتییەکانی بەرنامی کاری کابینەی نۆیەم کە لێرە دەنگی پێدراو و پەسەند کرا، دەنگی پێدرا، ژمارەیەك پرۆژە یاسا لەلایەن حکومەت نێردراون بەڵام کەم بوون، ئێستاش ئەم پرۆژە یاسایانە لە قۆناغی کارلێکردندان و ئومێدمان وایە لەم وەرزەی یاسادانان بنێردرێن بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان کاری جددیان لەسەر بکات:

١-لەسەروو هەموویانەوە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان لێرەوە داوا دەکەین و ڕژدین لەسەر ئەوەی هەرچی زووتر یاسای بودجەی ساڵی (٢٠٢١)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئێستا بە پێی بەدواداچوونەکانی لیژنەی ئابووری و دارایی و سەرۆکایەتی پەرلەمان لە قۆناغێکی باشی کۆتاییدایە و ئومێدمان وایە کە پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان لە زووترین کات بێتە پەرلەمان و ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ دەبێت کە لە دوای (٢٠١٣)ەوە یەکەمجار دەبێت پرۆژە یاسای بودجە بێتە پەرلەمان و بۆ یەکەمجاریش دەبێ دۆسیەی نەوت بە وردەکاری و قەرزەکانەوە لە ناو پرۆژەکە جێگیر بکرێ.

٢-پرۆژە یاسای پەروەردەیە.

٣-پرۆژە یاسای مافەکانی پزیشك و کارمەندانی تەندروستی.

٤-پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنانی ژمارە (٤).

٥-پرۆژە یاسای ئاو لە هەرێمی کوردستان.

٦-پرۆژە یاسای ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی عەلوەکان.

٧-پرۆژە یاسای سەرپەرشتی کردنی پرۆژەکانی کشتوکاڵی.

٨-پرۆژە یاسای پاراستنی زەویی کشتوکاڵی.

٩-پرۆژە یاسای تەرخانکراوی زەوی بۆ دامەزراندنی پرۆژەی کشتوکاڵی.

١٠-پرۆژە یاسای دامەزراوەی دەرمان و خۆراك.

١١-پـرۆژە یاسـای هەمـوارکردنەوەی یاسـای زانکـۆ تایبەتەکـان کە بە هەمـاهەنگی لەگەڵ لیـژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان کاری لەسەر دەکرێ.
١٢-پرۆژە یاسای ڕێکخستنەوەی سیستەمی بانکی لە هەرێمی کوردستان.
بۆیە بەڕێزان، داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەین لە لیژنە تایبەتمەندەکان کە دەست و بردی زیاتر بـکەن لە ئامـادەکردنی ڕاپـۆرت لەسـەر ئەو پێشـنیازە یاسـایانەی کە ئێسـتا لاتـانە و لەگەڵ وەزارەت و دامەزراوەکان بەدواداچـوونی زیـاتر بـکەن بـۆ زانینـی قۆناغەکـانی نـاردنی ئەو پـرۆژانە کە پێتـر ئاماژەمان پێکردن.
خاڵێکی تری گرنگ بەڕێزان لەلایەن دەستەی دەستپاکییەوە پرۆژەیەك نێردراوە بۆ هەمـوارکردنی یاسـای دەسـتەکەیان و ئێمە لەم وەرزەدا خوێنـدنەوەی یەکەمـی بـۆ دەکەیـن و لە بەرنـامەی کـار دایدەنێین.
بەڕێزان..
یەکێـك لە ئەرکە سـەرەکییەکانی تـری پەرلەمـانی کوردسـتان چـاودێری و بەدواداچـوونە بە پێـی میکانیزمەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.
-لە سـەرەتای خـولی پێنجەمـی پەرلەمـان کە لە (٢٠١٨/١١/٦) دەسـتی پێکـرد ئـێمە لەبەر ئەوەی کابینەی پێنجەم تەنها لە (٢٠١٩/٧/١٠) پێکهات و پرسیاری پەرلەمـانی لە دوای پێکهێنـانی کـابینەی نۆیەم ئاراستەیان کراون، تـا ئێسـتا کـۆی گشـتی ئەو پرسـیارانەی بە پێـی پەیـڕەوی نـاوخۆ چ بە نووسـراو، چ بە زارەکـی ئاراسـتەکراون بـریتین لە (١٢٢٤) پرسـیار و کـۆی ئەو وەڵامـانەی بۆمـان هـاتوونەتەوە دراونەتەوە بە ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان (٩٦٦) وەڵام بـوون و تـا ئێسـتا (٢٥٨) پرسیار وەڵامەکانیان نەهاتۆتەوە.
لەبـارەی هەمـاهەنگی لە نێـوان لیـژنە تایبەتمەنـدەکان و وەزارەتەکـان دەتـوانین بڵێـین لە خـولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە هەر چـوار خولەکـانی پێشـووتر زۆرتـرین بەرپـرس و وەزیـری حکومەت هاتوونەتە ناو کۆبوونەوەی لیژنەکان و دانیشتنەکانی پەرلەمان.
لە مـاوەی پشـووی تەشـریعیش دا بەڕێـزان، لە دوو مـانگی رابـردوودا ئـێمە لە سـەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ لیژنە تایبەتمەنـدەکان سـەردانی مەیـدانیمان بـۆ (١٥) وەزارەت هەبـووە و لەگەڵ وەزیر و بریکاری وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ڕاوێژکارانی وەزارەت کۆبـوونەوەی چـڕ و پڕمان هەبووە لەسەر ئەم تەوەرانە:
١-ئاستی هەماهەنگی و بەدواداچوونی کاری وەزارەتەکان لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند.
٢-ئاسـتی جێبەجێبـوونی خـاڵ و بنەماکـانی کـاری کارنـامەی کـابینەی نـۆیەم کە لە پەرلەمـانی کوردستان متمانەی پێدرا.
٣-بەدواداچوون بۆ ئاستی جێبەجێبوونی یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ی.
٤-پرۆسەی چاکسازی گشتی و نەهێشتنی ڕۆتین لە وەزارەتەکان وبەدواداچوون بۆ پێکهاتەکـان و دامەزراوەکـانی دیـکەی نـاو وەزارەت لە شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان و شـۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان.
٥-پلانی ٢٠٢١ی وەزارەتەکان و پێداویستی تەشریعی هەر یەك لە دامەزراوەکان.

ئەمـانە و چەنـدین خـاڵ و پرسـیار و بەدواداچـوونی دیـکەی گرنـگ کە لەلایەن ئێـوەی بەڕێـز ئەندامانی لیژنەکان لەو کۆبوونەوانە ڕووبەڕوو ئاراستەی بەرپرسانی ئەو وەزارەتانە کراون.
هاوکـات لەگەڵ سـەردانی ئەم (١٥) وەزارەتەی ئـێمە وەکـو دەسـتەی سـەرۆکایەتی لەگەڵ لیـژنەی تایبەتمەنـد سـەردانی ئەنجـومەنی دادوەری، ئەنجـومەنی شـورا، دەسـتەی دەسـتپاکی، دەسـتەی سەربەخۆی مافی مرۆڤیشمان کردووە.
لەو سەردانانە بەڕێزان تەنها وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە مـاوە بـڕۆین ئەویـش لەبەر ئەوەی پـێش مانگێـك بـوو لیـژنەی ئـاوەدانکردنەوە وەزیـر و سـتافیان بانـگ کردبـوو و وەزارەتـی دارایـی و پلانـدانان لەگەڵ لیـژنەی دارایـی و ئـابووریش تەنسـیقمان کـردووە، چـونکە ئەوان سـەرقاڵی داڕشتنی بـودجە و گفتوگۆکـان بـوون لەگەڵ عیـراق، ویستمان بزانین نەتیجەیەك هەبـێ ئینجـا لەگەڵیان کۆبوونەوەکە بکرێ.
وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیش لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی لیژنەش دا هەماهەنگیمان کـردووە کە دەرفەتێـك بـدەینە وەزیـر لەبەرئەوەی تـازەیە لە ئەرکەکەی خـۆی لە ئاینـدەیەکی زۆر نزیـك سەردانی ئەو وەزارەتانەش دەکەین.
بەڕێزان..
پەرلەمـانی کوردسـتان بە وردی چـاودێری پرۆسـەی دانوسـتانەکانی نێـوان حکـومەتی هەرێـم و حکومەتی فیدراڵی عیراق و ڕەوشی گفتوگۆکان لەنێو پەرلەمانی عیراق کردووە لەسەر بـودجەی (٢٠٢١)ی عیراق و پشکی هەرێمی کوردستان.
پەرلەمـانی کوردسـتان بەردەوام پشـتیوانی ڕێکـاری گفتوگـۆ و دیـالۆگ هەبـووە بـۆ چارەسـەری کێشەکان لەسەر بنەمای ماف و ئەرکە دەستوورییەکان. شاندی حکـومەتی هەرێـم بە سوپاسـەوە بە پشوویەکی درێژەوە چەنـدین جـار سـەردانی بەغـدایان کـردووە و پێشـتریش لە (٢٠٢٠/١٢/٢٨) شاندی دانوستانکار بە سەرۆکایەتی بەڕێز کاك قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیرانـی هەرێمـی کوردستان و ئەندامانی شاند هاتنە پەرلەمانی کوردستان، لە کۆبوونەوەیەکی چـوار کـاتژمێری دا لەگەڵ سەرجەم سەرۆك فراکسیۆنەکان و لیژنەکانی یاسایی و دارایی و ئابووری و وزە و سـامانە سروشـتییەکان نـاوەڕۆکی تەواوی ئەو خـاڵ و بابەتانەیـان ڕوونکـردەوە کە لەگەڵ لایەنـی پەیوەندیـدار لە حکـومەتی فیـدراڵی گفتوگۆیـان کـردووە، ئومێـد دەکەیـن فراکسـیۆنە کوردستانییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیـراق هاوهەڵوێسـتی بـۆ مـاف و شایسـتە دارایـی و دەسـتوورییەکانی هەرێمـی کوردسـتان بنـوێنن و لە کـاتی دەنگـدان بەو بڕگـانەی پەیوەسـتن بە شایسـتە دارایـی و دەسـتوورییەکانی گەلەکەمـان یەکڕیـزی و پـێکەوە بـوونی کوردسـتانییانە بپارێزن.
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان..
لاتان ئاشکرایە کە لە مانگی (١٠)ی ئەمساڵ وا بڕیارە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیـراق بەڕێـوە بچـێ، ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردسـتان داوا دەکەیـن کە ئەم هەڵبژاردنـانە دەرفەتێـك بـن بـۆ لێك نزیککردنەوەی لایەنەکان و لانی کەم هاوئاهەنگبوون و شێوە ڕێکەوتنێکی کوردسـتانییانە لە نێوان سەرجەم لایەنە کوردستانییەکان هەبێت بۆ دوو ئامانج:

١-دروستكردنی لیستێكی هاوبەشی كوردستانی لە ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.
٢-پێكەوەبوونی لایەنە كوردستانییەكان بۆ هەر هاوپەیمانێتییەك كە بڕیارە پێش هەڵبژاردنەكان لەسەر ئاستی عیراق تۆمار بكرێ و لەگەڵ هەر قەوارە و هاوپەیمانێتییەكی دیكەی گۆڕەپانی عیراقی لەسەر بنەمای ئەوە بێ كە كێ و چۆن و بە چ میكانیزمێك نزیكتر و ڕژدترە لەسەر پاراستنی بنەماكانی دەستوور و سازان و هاوسەنگی و فیدراڵییەت و جێبەجێ كردنی ماددەی (١٤٠)، بۆ ئەم مەبەستەش وەكو سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی ناوچە كوردستانییەكان ڕۆژی (٢٠٢١/١/٢٨) لێرە لە پەرلەمانی كوردستان میوانداری بەرپرسی هەڵبژارنەكانی (٢٦) حیزبی كوردستانیمان كردووە و بە ڕوونی بە ناوی پەرلەمانی كوردستانەوە داوامان لێكردوون لە ناوچە كوردستانییەكان لیستێكی هاوبەشی نیشتیمانی كوردستانی دروست بكەن و لە ڕووی تەكنیكییەوە دەزگاكانی هەڵبژاردنی هەموو لایەك بە وردی بازنە بە بازنەی هەڵبژاردن لە ناوچە كوردستانییەكان هەڵسەنگێنن، ئەومەترسییانەی لەسەر چەند بازنەیەك لەسەر ڕێژەی نوێنەرایەتی كوردستانییەت هەیە بە جیددی وەربگرن، بتوانن پێكەوە كارێك بكەن كە ئەو مەترسییانە بڕەوێننەوە و بە گیانێكی كوردستانی و نیشتیمانپەروەری وزە و تواناكان لەمەدا یەكخەن.
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان..
لە ماوەی ڕابردوودا زۆر بەداخەوە هەرێمی كوردستان جارێكی تر كرایەوە ئامانج بۆ تێكدانی سەقامگیری و ئارامی و ئاوەدانی و خاوكردنەوەی ڕەوڕەوەی سەقامگیری.
شەوی (١٥) لەسەر (١٦)ی (٢) لە پەلامارێكی تیرۆریستانەی ترسنۆكانەدا هێرشێكی مووشەكی بە كاتیۆشا (١٠٧) ملم كرایە سەر فرۆكەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و چەند شوێنێكی ناو هەولێر، وێڕای دووبارە بە توندی ئیدانە كردنی ئەو كردەوە تیرۆریستییە بە ناوی پەرلەمانی كوردستانەوە دووپاتی هەڵوێستی خۆمان دەكەینەوە، كە هەرێمی كوردستان باوەڕی بە شەڕ و ململانێی توند و تیژی نییە و نامانەوێ ببینە یان بكرێینە یان ڕابكێشرێینە ئەو شەڕە بە وەكالەتەی ئێستا لە ناوچەكەدا هەیە، پێمانوایە هەوڵەكانی لاواز كردن و تێكدانی ئارامی و ئاسایشی هەرێمی كوردستان و بە ئامانج كردنی پایتەختی هەرێمی كوردستان هەوڵی نەزۆكن و ناتوانن ئەو ئامانجانە بێننە دی، بەڕێزان هەرێمی كوردستان و قەوارەكەی لەبەردەم چەندین ئاستەنگ و قەیران و كۆسپدایە لەوانەش كۆسپ و ئەگەری پاشگەزبوونەوەی بەشێكی زۆری هێزە عیراقییەكانە لە بنەما دەستوورییەكانی مافەكانی گەلەكەمان، بەردەوامی دۆخی نەخوازراو لە ناوچە كوردستانییەكان و سڕكردنی عەمەلییانەی ماددەی (١٤٠)، پابەن نەبوونی حكومەتی فیدراڵی لە ناردنی شایستە داراییەكانی هەرێم، سەرهەڵدانەوەی داعش لە زۆرێك لە ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئاڵوزی هاوكێشە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەكان و نەبوونی ئاراستەیەكی دیار لە چۆنیەتی پەرەسەندنی ئەم ئاڵوزی و هاوكێشانە، ململانێ و كێبركێی هەرێمایەتییەكان و لێكەوتەكان لەسەر ئاسایشی هەرێم، بەردەوامی قەیرانی پەتای كۆرۆنا بە هەردوو دیوە تەندروستی و لێكەوتە ئابوورییەكانی، پریشكی ململانێی سەربازی نێوان هەندێ هێز و وڵاتانی ناوچەكە و بە كارهێنانی چەند

شـوێنێکی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ ململانێکانیـان و زیـان گەیانـدن بە خەڵـك و هـاتنە ئـارای ناسەقامگیری و ڕێگری لە ئاوەدانکردنەوەی گونـدەکان لە نـاوچە سـنوورییەکان، لاوازی متمـانەی نێـوان خەڵـك و لایەنەکـان لاوازی متمـانەی نێـوان لایەنە سیاسـییەکان و لە ئاسـت پێویسـت نەبـوونی پەیوەنـدییەکان و دڕدونگـی و دێوانـدنی یەکتـری، وەك پێویسـت بەڕێوەنەچـوونی پرۆسـەکانی چاکسـازی لە ئاسـتە جیاجیاکـان و ئەو ڕێگرییـانەی کە بەداخەوە بەهـۆی خراپـی پەیوەندی هێزە سیاسییەکان بۆ پرۆسەی چاکسازی گشتگیر دروست دەبێ، بەسیاسی کـردن و بە چاویلکەی حیزبی بینینی هەموو ڕووداو و لێککەوتەیەك کە پەیوەنـدی بە مـافی ڕەوای خەڵـك و قۆستنەوەی بۆ ئیستیسماری سیاسی و حیزبی لەسەر حیسابی مافی ڕاستەقینەی خەڵکی بەش مەینەتە، بەمەش نەك کێشەکان چارەسەر ناکرێت، مەودای گەیشـتن بە چارەسـەر و بەهێزکردنـی دامەزراوەکان لەسەر بنەمای حکومڕانییەکی باشتر و شەفافییەت، خەڵك میحوەری و پرەنسیپی جیای نێوان دەسەڵاتەکان دوورتر دەخاتەوە.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان..

ئومێد و تکامان لە ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست و سـەرجەم فراکسـیۆنە بەڕێزەکـان و ئەنـدامانی سـەربەخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان ئەوەیە ئەم سـێ وەرزی یاسـادانانەی لەبەردەم خـولی پێنجەمـی پەرلەمـانی کوردسـتان مـاوە، وەك هـاوڕێ و هاوپیشـە بەدەر لە ڕەنـگ و بەرژەوەنـدی حیزبی، بەدەر لە گەرمکردنی حەملەی پێشـوەختی هەڵبژاردنەکـانی عیـراق و کوردسـتان، روحـی کاری پەرلەمانی و پەیڕەوی کاری پێکەوەیی و زمـان و ڕەفتارمـان بەرمەبنـای ئاکـاری پەرلەمـانی قوڵتر بکەینەوە، یەکتریمان بە جیاوازییەکانەوە قبوڵ بێ، ئەندامان و فراکسیۆنەکانی دەسـەڵات، ئەندامان و فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن، هەموو تەواوکەری یەکترین، کەسمان لە وڵاتێکـی دیـکە و بۆ بەرژەوەندی دیکە لێرە نین، خەمی هەمووومان هەر (١١١) ئەندامەکەی پەرلەمان سـەقامگیری کوردسـتان، چاکسـازی و ڕووبەڕووبـوونەوەی گەنـدەڵی و سیستەمسـازی و بەهێزترکردنـی دامەزراوەکان، لێبووردەیی و باشـتر کردنـی بژێـوی هاووڵاتییـان بە ڕەخسـاندنی دەرفەتـی کـار و چاکسازی ڕیشەیی لە خەرجی و داهاتەکان و فرە چەشن کردنی ئابوورییە.

بۆیە هیوادارین هەموومان ئەزموونمان لە وەرزەکانی دیکە وەرگرتبێ و لە ئەمڕۆوە لاپەڕەیەکـی نوێ لە کاری پێکەوەیی پەرلەمانی هەڵبدەینەوە و ئەرکەکانمان لە چوارچێـوەی دەسـتوور و یاسـا و پەیڕەودا بەرامبەر یەکتری پەیڕەو بکەین.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان..

کـاری لیژنەکـان کـۆڵەکەی بنەڕەتـی کـاری پەرلەمـانییە، داوا لە هەمـوو لایەك دەکەیـن بـایەخێکی زیاتر بە بەشداریتان لە کۆبـوونەوەی لیژنەکـان بـدەن و مانەوەتـان لە کۆبـوونەوەی لیژنەکـان بـۆ بەرهەمداری کاری لیژنە لە گفتوگۆ و بەدواداچوونەکان زۆر بە پێویست دەزانین.

داوا لە سـەرجەم فراکسـیۆنەکانیش دەکەیـن لێـرەوە بـۆ دانیشـتنەکانی ئاینـدە هەر ئاڵوگۆڕێـك و ڕێکخستنەوەیەکتان دەوێت لە ئەندامێتی یان لە دەسـتەی سـەرۆکایەتی لیژنەکـان بە پاکێجێـك، بە نووسـراوێك ئاراسـتەی دەسـتەی سـەرۆکایەتی بـکەن، بـۆ ئەوەی لە دانیشـتنێکی تـایبەتی پەرلەمانی کوردستان ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە پێویستن دەنگیان لەسەر بدرێ و کاریان پێ بکرێ.

خاڵێکی دیکەی گرنگ بەڕێزان پابەندبوون و بەشداریتانە لەو خوول و وۆرکشۆپ و سیمینارانەی کە سەنتەری تـوێژینەوەی پەرلەمـان بە هەمـاهەنگی ڕێکخـراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکـان بـۆ پەرەپێدانی زیاتری کاری پەرلەمانی ئەنجامی دەدەن، لەمڕۆوە داواتان لێ دەکەین کاتێك خولێـك یان وۆرکشۆپێك یان سیمینارێك بەڕێوە دەچێت بەشداری کاراتان لە کـات و سـاتی خـۆی دا زۆر بە گرنگ دەزانین.

لەگەڵ هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك.

ئێستاش دەست بە جێبەجێ کرنی خاڵەکانی تری بەرنامەی کاری پەرلەمان دەکەیـن، کـاك کـاروان فەرمووو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە گوێرەی بڕگەی (٣) لە مـاددەی (٧٩) قسـە دەکەم پاڵپشـت بە مـاددەی (٥٦) لە یاسـای ژمـارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)، وەکو بەڕێزیشتان لە وتارەکەتان دا ئاماژەتان پێـدا تـا ئێسـتا (١٧) پـرۆژە یاسـا ئاراسـتەی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان کـراون، ئەم (١٧) پــرۆژە یاسـایە نەهـاتۆتەوە بەو بیانووەی کە تەبەعاتی مالییان هەبووە، سەرنجتان ڕاکێشم بۆ پـرۆژە یاسـاکان وەکـو گێـڕانەوەی پاشەکەوتی مووچە، دامەزراندنی فەرمـانبەرانی گرێبەسـت تـا ئێسـتا وەڵامەکەیـان، دەرچـوانی یەکەمـی زانکـۆ و پەیمانگاکـان، بەگەڕخسـتنەوەی کـارگە لەکارکەوتووەکـان، ئەوانە هەمــوو دەرفەتی کار یەکسانن بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردسـتان دەرەخسـێنن، لە کاتێـك دا بە گـوێرەی مـاددەی (٨٤) لە پەیـڕەوی نـاوخۆ لە بـڕگەی (٢١) ئـێمە تەنهـا (٢١) ڕۆژمـان هەیە لە لیژنەکـان بـۆ ئەوەی ڕاپـۆرتی کۆتـایی لەمەڕ ئەو پـرۆژانە بنووسـین، بەڵام تـا ئێسـتا لە حکـومەت وەڵامــی نەدراونەتەوە لە کاتێك دا پرۆژە هەیە لە ساڵی ٢٠١٩ لای حکومەتەو کە تەنها سێ هەفـتە و چـوار هەفتە...

**بەڕێز د.هێمن أحمد حەمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر بەخێرایی یەك دەقیقەت هەیە بەڕێزم.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیجـازەم بـدەی بە خێرایـی، زۆر بە بەخێرایـی بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان" بەشـی دووەم، کۆمەڵێـك چـالاکوان بە گـوێرەی یاسـای ژمـارە ٢١ لە سـاڵی ٢٠٠٣ سـزادراون بە لەخـۆگرتن و لەکارخستنی ماددەی/١٥٦ لە یاسای ژمـارە (١١)ی سـاڵی ١٩٦٩ ئـێمە لەگەڵ ئەوەیـن کە پێمـان وایە ئەم بەڕێـزانە هـیچ تاوانێکیـان نەکـردووە، پێمـانوایە کە ئەم سـزادانە سیاسـیە و داواکـارین لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردسـتان کە هەوڵێکـی جـدی بـدات بـۆ ئەوەی کە زوو بە زوو بتوانین کارێك بکەین کە ئەم ئازادی ڕادەبـڕینە لە هەرێمـی کوردسـتان ڕێـزی لـێ بگیردرێـت" بـۆ گێڕانەی شکۆی ئازادی ڕادەبڕین لە هەرێم دا.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك کاروان. کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە دوو ماددەی پەیڕەوی، ماددەی/ ١١٦ و ماددەی/١١٧ باس لە نووسینگەكانی پەرلەمان كراوە، هیچ میكانیزمێك بۆ دەست نیشان كردنی سەرۆكی ئەو نووسینگانە نەكراوە، بەڕێزانتان لە سەرۆكایەتی پەرلەمان چەند فەرمانێكتان دەركردووە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆكی ئەو نووسینگانە، كە دەبوایە سەرۆكی ئەو نووسینگانە تەنها بۆ سێ لایەنەكەی دەسەڵات نەبووایە، بەڵكو بۆ ئۆپۆزسیۆنیش بووایە، چونكە ئەم پەرلەمانە نوێنەرایەتی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتیش دەكات، بێجگە لەوەی لەم پەیڕەوەدا لەم پێنج بڕگەیەدا لەو دوو ماددەیەدا بەهیچ شێوەیەك میكانیزمی دەست نیشان كردنی بەرپرسی نووسینگەكان دیاری نەكراوەكە دەبووایە لەسەر بنەمای ئەزموون و بڕوانامە و تەنانەت شوێنی نیشتەجێ بوونیش بێ بەداخەوە زۆرێك لەو بنەما پەیڕەویانە ڕەچاو نەكراوە، خاڵی دووەم كۆمەڵێك دەستە هەن وەك دەستەی مافی مرۆڤ و دەستەی دەستپاكی و دیوانی چاودێری دارایی ئەمانە ماوەی یاساییان بەسەرچووە بە داخەوە سەرۆكایەتی پەرلەمان و پەرلەمانی كوردستان كەمتەرخەمن لە دەست نیشان كردنی سەرۆكێكی نوێ بۆیان، خاڵی سێیەم پرسی ئازادییەكانە، چونكە ئەوەی مەترسیە لەسەر قەوارەی هەرێم بێجگە لەو خاڵانەی بەڕێزت باست كرد وەك لە ماددەی یەكەمی ئەم یاسایەدا هاتووە" ماددەی دووەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دا هاتووە كە ئەبێ مەرجەعی باڵای خەڵكی كوردستان بێ ئەویش دوو شت مەترسیە لە سەر قەوارەی هەرێم" یەكەم/ گەندەڵی، دووەم/ بەرتەسك كردنەوەی ئازادییەكان، پشتگیری قسەكەی كاك كاروان دەكەم.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

من بەپێی ماددەی/٥٦ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان قسە دەكەم، خاڵی یەكەم باس لە مەسیری سێ یەكەمەكەی هەرێمی كوردستان دەكەم، ئێمە وەك فراكسیۆنی كۆمەڵی ئیسلامی چەند جار باسی ئەوەمان كردووە .. .

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بدریە خان ئاخر ئەوە خاڵی پەیڕەوی نییە.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی پیرەوییە. بەڕاستی ئێمە چەند جار بە یاداشت ئاراستەمان كردوون" بۆیە لێرەوە داوا دەكەم وەك نوێنەری ئەو خەڵكە... با خاڵەكانی تر بخەمە ڕوو .

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر خاڵی پەیڕەوی نەبوو بدریە خان ببورە، كاك علی فەرموو" ئاخر خاڵی پەیڕەوی نەبوو بەڕێزان كە داوای خاڵی پەیڕەوی دەكەن تكا دەكەین بە پێی پەیڕەو با خاڵی پەیڕەوی بێت" دوایی دەرفەتت دەدەمەوە، كاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمەصالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە، مـن بەپێـی مـاددەی/٢ و مـاددەی/٦٦ قسـە دەکەم، بەو پێـیەی پەرلەمـان بەرزتــرین دەســەڵاتی چــاودێریە، بەداخەوە ئــازادی لە کوردســتان دا و دەربڕینــی ڕا دەچێــتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە بە بەرچاوی هەموومـانەوە پەرلەمانتـارێکی عیـراق بەشـێوەیەکی زۆر مافیاگەریـانە لـێ ئەدرێـت ئەوەی کە لێیـداوە نـاو و ناسـنامە و هەمـوو شـتێکی دیـارە و ئـێمە تەسەورمان دەکرد دەزگا ئەمنیەکان لە زووترین کات دا دەستگیری بـکەن، بەڵام بەداخەوە ئەگەر ئەم بڕواتە سەر ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ژیان و کەرامەتـی کەس نەپـارێزراوە، خـاڵی دووەمـم مـاددەی/٦٦ بەڕێــز ســەرۆکی پەرلەمــان، پێشــووتر چەنــدین جــار بەپێــی ئەم پەیــڕەوە داوای دانیشـتنی پەرلەمـان کـراوە بـۆ دۆسـیە گرنگەکـان کە پەیوەنـدی بە حەیـاتی خەڵکەوە هەیە، لە هیچ...

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی پەیامەکەت گەشت، ئێمە لەم وەرزە هەوڵ دەدەیـن ئەو دانیشـتنانە ئەنجـام بـدرێت" بـا دەست بەجێ بەجێ کردنی بەرنامەی کار بکەین" ئێسـتا داوا دەکەیـن" لە بەینـی وتـاری سـەرۆك فراکسیۆنەکان ئەوانی تریش وەردەگـرین، بەڕێـزان ئێسـتا دەسـت بەجـێ بەجـێ کـردن دەکەیـن، داوا لە بەڕێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکان دەکەین دەست بە پێشکەش کردنـی وتارەکانیـان بـکەن. پێش هەموو شـتێك پیرۆزبـاییەکی گەرم ئاراسـتەی بەڕێـز زانـا مەلا خالـد دەکەیـن بـۆ بـوونی بە ســەرۆکی فراکســیۆنی پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان، ئێســتا دەرفەت دەدەیــنە ســەرۆکی فراکسیۆنەکان وتارەکانیان پێشکەش بکەن، بەڵام تکاتان لێ دەکەین ئاگاداری کات بن" لە بەینـی ٣ ـ٥ دەقیقە، یەعنی بتوانن وتارەکانی خۆتان بخەنەڕوو بۆ ئەوەی بە عەدالەت بێ، یەعنـی لە (٣) دەقیقە کەمتر نەبێ و لە (٥) دەقیقەش زیاتر نەبێ، کـاك زانـا فەرمـوو بەڕێـز سـکرتێری پەرلەمـان کات دەگرێتەوە.

**بەڕێز زانا مەلا خالد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان، ئەمڕۆ ٣/١ هاوکـات لەگەڵ کـردنەوەی وەرزی بەهـارە لە ســاڵی ســێیەمی خــولی پێنجەمــی پەرلەمــانی کوردســتان یــادی (٤٢) ســاڵەی کــۆچی دوایــی سەرکردەی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان (بارزانی نەمر) دەکەینەو.

بەم بـۆنەیەوە درود بـۆ گیـانی پـاکی بـارزانی نەمـر و سـەرجەم شـەهیدانی کـورد و کوردسـتان دەنێـرین و سـەری ڕێـز و نەوازشـیان بـۆ دادەنـوێنین" لە دەسـتپێك دا بە پێوسـتی دەزانـین لەو بـارودۆخە تەندروسـتیەی کوردسـتان و جیهـانی گرتـۆتەوە جـارێکی دیـکە دەسـت خۆشـی و سوپاسگوزاریمان بۆ ستافی پزیشـکی و کارمەنـدانی هێزەکـانی نـاوخۆ و پێشـمەرگە و سـەرجەم وەزارەتە پەیوەندارەکان دووپـات بکەیـنەوە و درود بـۆ گیـانی پـاکی ئەوانەی کە لەم سـەنگەرەدا گیـانی خۆیـان بەخشـی. بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، وێـڕای بەرز نرخانـدنی ڕۆڵـی پەرلەمـانی

کوردســتان بە دەرچوانــدنی ژمــارەیەك یاســا و بڕیــار لە وەرزەکــانی ڕابــردوودا پێمــانوایە کە نەمــانتوانیوە وەکــو پێویســت بپــڕژێینە ســەر دەرچووانــدنی ئەم یاســایانەی کە پێویســتن بــۆ پڕکــردنەوەی بۆشــایی یاســایی لە هەرێمــی کوردســتان، هۆکارەکــان هەر چــی بــن و چــی بــووبن لەڕابردوودا داوا لە دەستەی ســەرۆکایەتی پەرلەمــانی کوردســتان دەکەیــن هەوڵە پەیڕەوییەکــان چڕ تر بکەنەوە بۆ ئەو ماوەیەی لەبەردەستمان ماوە بۆ دەسنیشان کردنی پێویستیە یاسـاییەکان، چ ئەوانەی وەك پێوستی یاسایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامـادە دەکـرێن و چ ئەوانەی بە ئەرکــی پەرلەمــانی خۆمــانی دەزانــین لە نێویــان دا دەســتووری هەرێمــی کوردســتان وەك پێویستیەکی گرنگ دەبینین و بـۆ ئەم مەبەستەش داوا لە بەڕێزتـان لە سـەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردسـتان و سـەرجەم خوشـك و برایانمـان لە فراکسـیۆنە جیاوازەکـانی پەرلەمـانی کوردسـتان دەکەین" لە پێناوی ئەم هەنگاوە پیرۆز و نیشتمانییەدا هەموو هەوڵەکانی خۆمان بخەینە گەڕ بـۆ ئەوەی ئیــدی لە هەرێمــی کوردســتان دا ببیــنە خــاوەنی دەســتووری خۆمــان، بەڕێــز ســەرۆکی پەرلەمــان لەم وەرزەی یاســادانان دا وێــڕای پێشــکەش کردنــی (٧) پێشــنیازە یاســا لەلایەن فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و پێنج پێشنیازە یاسا بە هاوکـاری خوشـك و برایانمـان لە فراکســیۆنەکانی تــری پەرلەمــان داوا دەکەیــن پەلە بکرێــت لە ڕێکــارە پەیڕەویەکــان و لە دانیشتنەکانی تری ئەم وەرزەدا بخرێنە بەرنامەی کار لە هەمـان کاتـدا بە پێویسـتی دەزانـین داوا لە بەڕێزتـان بکەیـن هەنگـاوی کـرداری و پەیـڕەوی بهـاوێژین بـۆ چارەسـەری پرسـی سـەرۆکی دەستەکانی سەربەخۆی مافی مرۆڤ و دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەسـتپاکی هەرێمـی کوردستان کە مـاوەی دوو سـاڵە ویلایەتـی سـەرۆکایەتیەکانیان تەواو بـووە و تـاوەکو ئێسـتا ئەم پرسانە یەکلایی نەکراونەتەوە، داوا لە بەڕێزتان دەکەین چارەسەری گرفتـی یاسـایی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان بـکەن" کە لە ڕێککەوتـی ٢٠١٩/١٢/٢٣ ەوە مـاوەی یاسـایی ئەم کۆمسـیۆنە تەواو بـووە و پێویسـتە بە پێـی بەرکەوتەی هەڵبژاردنەکـان ئەم پرسـە یەکلایـی بکـرێتەوە و داوا لە فراکسـیۆنە جیاوازەکـانی پەرلەمـانی کوردسـتان دەکەیـن هاوکار بین بەیەکەوە بۆ ئەوەی پێکهاتەیەکی تازە و تەفعیلیان بۆ دابندرێت، لە ئەرکـی چـاودێری کردندا ئەندامانی فراکسیۆنمان بە هاوکـاری خوشـك و برایانمـان لە فراکسـیۆنەکانی تـر لە لیـژنە هەمیشـەییەکان توانیویـانە ڕۆڵـی خۆیـان ببیـنن و لە هەمـاهەنگی بەردەوام دان بـۆ دەستنیشـان کردنی کەموکوڕیەکان و لە نزیکەوە چاودێری هەنگاوەکان جێ بەجـێ کردنـی یاسـای ژمـارە٢/ ی ٢٠٢٠ ی چاکسـازی دەکەیـن و پشـتیوانی تەواوی ئیـرادەی چاکسـازی و بەردەوامـی دانـی لەلایەن حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان دەکەیـن، لەسـەرجەم سـێکتەرەکان بە تـایبەت ڕێکخسـتنەوەی لیســتی مووچەخــۆران و بڕینــی مــووچە و خانەنشــینی نایاســایی و دانــانی بــاج لەســەر کۆمپانیاکانی بواری نەوت و ئەوانەی تـا ئێسـتا بە هەر بیـانوو و ڕێگـایەك بەدەر بـوون لە پێـدانی باج لە هەرێمی کوردسـتان دا" پشـتیوانی تەواوی هەوڵەکـانی حکـومەت دەکەیـن بـۆ پێکهێنـانی هێزی هاوبەش بۆ کۆنترۆلکردنی خاڵە سنووریەکان بنبڕ کردنی قاچاغچێتی و کاری نایاسایی.

بـۆ ئەم مەبەسـتەش داوا لە هێـز و لایەنە سیاسـیەکان دەکەیـن هاوکـار و پاڵپشـت بـن بـۆ ئەم هەنگــاوە کــردارییەی حکــومەتی هەرێمــی کوردســتان، هاوکــات لەگەڵ پرۆســەی چاکســازی و هەوڵدانی حکومەت بۆ بە فرە سەرچاوەیی کردنی داهـات بەرز دەنـرخێنین کە هاوتەریـب دەبـێ

لەگەڵ ئامادەکردنی بودجەی ٢٠٢١ لە دوای حەوت ساڵ لە نەبوونی یاسای بودجە لەم وەرزەدا چاوەڕوانی هاتنی ئەم پرۆژە گرنگەین کە پێمانوایە بوونی یاسای بودجە و ئیرادەی بەهێزی چاکسازی ڕیشەیی دەبێتە بوژانەوەی کەرتی ئابووری و گەڕانەوەی خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیانی خۆشەویست کە لەیەکەم هەنگاودا بە جێ بەجێ کردنی بەڵێنی دابەشکردنی مووچە لە هەر سی ڕۆژ جارێك دا متمانە بەو ئیرادە بە هێزە زیاتر دەکات و مافی خەڵکی کوردستانە کە لە خزمەتیان بین و دادپەروەری بەرجەستە بکرێ، بەڕێز سەرۆکی پەر لەمان ئێستا هەرێمی کوردستان لە هەموو کات زیاتر هەڕەشە لەسەر قەوارەی دەستووریەکەیەتی مافە دەستووریەکانمان لەژێر هەڕەشە دایە و قوتی خەڵکی کوردستان و وەك ئەنفالێکی تری دژ بە هاووڵاتیانی هەرێمەکەمان دەبینین و هیواداربن شاندی دانووستانکاری حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بگەن بە ئەنجام و بۆ ئەم مەبەستەش وەك فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پشتیوانی تەواوی شاندی هەرێم دەکەین بۆ بەدەستهێنانی مافە دەستووریەکانمان لە چوارچێوەی دەستووری هەمیشەیی عیراقی فیدراڵ دا" داوا لەسەرجەم هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دەکەین ڕەچاوی قوربانی دانی ڕووبارێك خوێنی ڕۆڵەکانمان بکەن و دەست لەناو دەست ئەم قەوارەیە بپارێزین و ئەم بارودۆخە نەخوازراوەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەژێر چنگی داگیرکاری دەربهێنین و چی دیکە بە بەرچاومان خاکمان زیندە بە چاڵ و دیموگرافیای ناوچەکانمان نەگۆڕدرێت، لە ئێستادا نزیکترین دەرفەت بۆ یەکڕیزی لایەنە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان بە دەرفەت دەزانین کە ئەویش هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی فیدراڵە کە بڕیارە ئەنجام بدرێت کە بتوانین جارێکی دیکە دەست لەناو دەستی یەکتر ریفراندۆم ئاسایەکی تر نەك تەنها ٩٣% ی خەڵکی کوردستان...

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا کاتەکەت تەواو بوو دەست خۆش. کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سڵاوێکی گەرم، وەرزی ڕابردووی یاسادانان وەرزێکی هەستیار بوو بۆ سەرجەم فراکسیۆنەکان، ئێمە لە فراکسیۆنی سەوز سەرەڕای گشتی ئەو کێشە و قەیرانانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان بووەوە لە قەیرانی دارایی و پەتای کۆڤید/١٩ و تا دەگاتە کێشەی سیاسیەکان و کێشەی نێوان هەریم بەغدا، بەڵام بەردەوام بووین لە هەوڵەکانمان بۆ پەرلەمانی کوردستان و فراکسیۆنەکەمان ڕۆڵی گونجا و شایستەی خۆی بگێڕێت و پەرلەمان وەکو دامەزراوەیەکی گرنگی سیستمی سیاسی ڕۆڵی یاسادانان و چاودێری خۆی بگێڕێ، بۆ ئەم وەرزەی یاسادانانیش ئێمە لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان چەند ئەرکی گرنگ و چارەنووسساز لەسەر شانمانە چاوەڕوانین بە چارەسەرکردنی قەیرانەکان کە لە ئاسۆدا دەرکەوتوون.

ڕۆڵی گەورە بگێڕین لەوەی کە پەرلەمانی کوردستان و فراکسیۆنەکان بە گشتی بتوانن ژیانی سیاسی و دەسەڵاتەکان بەجۆرێك ڕێك بخرێنەوە کە چیتر زیادەڕەوی نەکرێت لەسەر دەسەڵاتەکانی پەرلەمان" گشت دامەزراوەکان وەکو دامەزراوەی هەرێمی دیموکراسی و دادپەروەری دەربکەون کە لە سایەی دا هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان ژیانێکی شایستەیان هەبێت، هەروەکو چاوەڕوانین بە ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی کوردستان کۆتایی بهێنرێت بە دۆخی ناهەمواری ئابووری و دارایی لە هەرێمی کوردستان کە ماوەی هەشت ساڵە هاووڵاتیان و مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان بە دەستیەوە دەناڵێنن بۆ هەرەشەیەکی ڕاستەقینە بۆ سەر ژیان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری ناو خێزان، بەڕێزان ئێمە لە فراکسیۆنی سەوز لەسەرەتای ئەم خولەی پەرلەمانەوە پەیوەندیمان لەگەڵ تەواوی فراکسیۆنەکانی کوردستان پەیوەندیەکی باش بووە لەسەر بنەمای خزمەت کردن و بەرگری کردن لە مافە ڕەواکانی خەڵك کاری پێکەوەییمان لەگەڵ فراکسیۆنەکان کردووە، هەڵوێستمان لە ئاست هەموو خواستەکانی خەڵك هەبووە بۆ ئەم وەرزەی نوێی یاسادانانیش خوازیارین پەیوەندی و پێکەوە کارکردن لەگەڵ تەواوی فراکسیۆنەکان پتەوتر بکەین بە مەبەستی نەهێشتنی هەر ستەمێك کە لە خەڵك دەکرێت بەدیهێنانی هەر خواستێك کە خەڵك هەیەتی.

بەو پێیەی ئێمە هەڵبژێردراوی خەڵکین، پێوستە پارێزەری ماف و خواستەکانی خەڵك بین" لەبەر ڕۆشنایی ڕێککەوتنی سیاسی لە نێوان لایەنە سیاسیە پێکهێنەرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها کارنامەی ڕاگەیانراو و پەسەندکراوی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕای دەگەیەنین.

یەکەم/ ئامانج و ئەرکی سەرشانمانە کە کار لە سەر کاراکردنەوەی لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژە یاسای دەستووری هەرێمی کوردستان بکەین کە خولی پێشوو کاری باشیان لەسەر کراوە، لەم خولەش دا بە لەبەرچاو گرتنی پێشهات و گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکان دەستوورێکی شایستە بە گەلی کوردستان ئامادە بکەین و هەرێمی کوردستان لەو بۆشاییە یاساییە دەستووریە رزگار بکەین کە لە سەرەتاوە تاوەکو ئێستا پێوەی گرفتارە، بەو هۆیەوە مافی ئازادیەکان پێشێل دەکرێن" ئەرکی ئێمەیە بەرگری لە دەستوور و یاسا ڕێگا لەهەر پێشێلکاریەك بگرین.

دووەم/ پێویستە کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی هەمەلایەنانە سەرتاپاگیر جێ بەجێ بکرێت" دووربخرێتەوە لە هەڵاودێر کردن، چونکە سەرجەم لایەنەکان کە لەسەر بنەمای ئەو کارنامەیە بەشداری حکومەتیان کردووە بە تایبەتی لە بابەتی لامەرکەزی کارگێڕی و دارایی کە ئێمە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەك فراکسیۆن بە یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی دەزانین بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

سێیەم/ دۆسیەیەی ئازادیەکان" دۆسیەیەکی گرنگ و هەستیارە کە پێمانوایە پێوستە پەرلەمانی کوردستان دەبێ بەرگریکارێکی سەرەکی بیت لە هەموو ئازادیەکان لە کوردستان چ ئازادی ڕادەبڕین بێ یان ئازادی تاکەکان بۆ هەڵبژاردنی هەر شتێك کە پەیوەست بێ بە ژیانی تایبەتیان" بەداخەوە لە ماوەی ڕابردوودا پێشێلکاری بەرامبەر بە ئازادییەکان کراوە، ئێمە لە فراکسیۆنی یەکێتی داوا دەکەین لە سەرجەم فراکسیۆنە بەڕێزەکان دوور لە لایەنداریەتی حزبی

و سیاسی سەرکۆنەی ئەم جۆرە ڕەفتارانە بکەین و پارێزگاری لە ناووناوبانگی هەرێمی کوردستان بکەین.
چوارەم/ چەند پرۆژەیەك کە بە لامانەوە گرنگە کە پەرلەمانی کوردستان هەماهەنگی بکات بە مەبەستی دەرچوواندنی لەم وەرزەدا: أ/ پرۆژە یاسای بودجەی هەرێم کە ماوەی حەوت ساڵە نەهاتۆتە پەرلەمانی کوردستان کە وەرزی پێشوو لە ئەولەویەتی کاری فراکسیۆنەکەمان بووە یاداشتمان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و لە ئێستاشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان خەریکی ئامادەکردنیەتی هیواداریین لە کاتێکی نزیك دا بنێردرێتە پەرلەمانی کوردستان، پرۆژە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان کە ماوەی ساڵێکە لە ئەنجومەنی وەزیران قسەی لەسەر دەکرێت، ئومێد دەکەین کە ئێمە فشار بین بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە بێتە پەرلەمانی کوردستان، پرۆژە یاسای خانەنشینی ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ کە پێشتر فراکسیۆنەکانەمان پرۆژەی بۆ پێشکەش کردووە، هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان.
پێنجەم/ سەبارەت بە بەدواداچوونی پەرلەمانی لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی چاکسازی لە سەرچاوەکانی داهات چەند بڕیارێکی دەرکردووە پێویستە کاری جدیان لەسەر بکرێ و جێ بەجێ بکرێن" بەڵام پێداچوونەوە بە گرێبەستە نەوتیەکان" پێداچوونەوە بە گرێبەست و خاڵە سنووریەکان، جێ بەجێ کردنی یاسای ژمارە/٢ ی ساڵی ٢٠٢٠ بە تایبەتی ماددەی/١٣ سەبارەت بە کردنەوەی هەژماری بانکی بۆ مووچەخۆران و فەرمانبەران بە مەبەستی دانانی شایستە داراییەکان و خەرج کراو خەرج نەکراوەکان بە تایبەتی مەسەلەی پاشەکەوتی مووچە، لەم وەرزەی یاسادانان دا لای فراکسیۆنەکەمان گرنگە بایەخ بەو پرۆژە یاسایانە بدەین کە تایبەتن بە ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان و چین و توێژە جیاوازەکان" بۆ نموونە بە هەمیشەیی کردنی کارمەندانی گرێبەست و بیمەی تەندروستی و هتد. زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس. گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان داوای کاراتر کردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەین بە بەشداری سەرجەم فراکسیۆنە بەڕێزەکانی پەرلەمان لە پێناو نەخشە ڕێگایەکی نیشتمانی بۆ کاراکردنی ئەو یاسایانەی کە ڕۆڵیان هەیە لە خۆشگوزەرانی و پەرەپێدانی ژیانی خەڵك و پرۆسەی سیاسی وەك دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕاژە و کاراکردنی یاسای بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر بنەمای بەرنامەی هەڵبژاردن و کارنامەی فراکسیۆنی گۆڕان ئەولەویەتی کارکردنمان بۆ ئەم وەرزەی یاسادانان بریتیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی قاچاغچێتی و چارەسەر و بەدواداچوونی کێشەکانی خەڵکی کوردستان بە تایبەت مەسەلەی مووچە و بژێوی خەلکی کوردستان و دەرچوواندنی ئەو یاسایانەی کە دەبنە هۆی چارەسەر و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی شەفافکردنی داهات و بە نیشتمانی کردنی هێزە چەکدارەکان و بایەخدان بە کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی وەبەرهێنان و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی بە دامەزراوەیی کردنی

پەیوەندیەکانی هەرێم و دەوروبەر و بەغدا، چاکسازی گشتگیر و هەمەلایەنە لەبواری ئابووری سەربازی و یاسایی و کارگێری، پاراستنی فەرهەنگ و زمانی کوردی و فەراهەمکردنی مافی ئازادی ڕادەربڕین و سەروەری یاسا، لەم پێناوەدا لەم وەرزە نوێیەی کاری پەرلەمان کار دەکەین بۆ پەسەند کردنی ئەم پرۆژە یاسایانە.

یەکەم/ پەسەند کردنی پرۆژە یاسای بوودجە بە شێوازێك کە دەستەبەری شەفافیەت بکات لە داهاتی ناوخۆ و نەوت و گرێبەستەکان و خاڵە سنوورییەکان و هەروەها چۆنیەت خەرجیەکان و دەستەبەر کردنی مووچەی مووچە خۆران و بە مووچە نەدراوەکانیش و کۆتایی هێنان بە لێبڕینی مووچە.

دووەم/ هەمواری یاسای خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هەوڵدان بۆ یەکخستنەوە و بەدامەزراوەیی کردنی هێزەکانی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش.

سێیەم/ هەمواری یاسای داواکاری گشتی ئەنجومەنی دادوەری لە پێناو سەروەر بوونی یاسا و پاراستنی مافی ئازادییە گشتیەکان بە تایبەتی ئازادی ڕادەربرین.

چوارەم/ هەمواری یاسای وەبەرهێنان لە کوردستان بە مەبەستی سوودمەند بوونی خەڵکی کەم دەرامەت و بە گژداچوونەوەی گەندەڵی و داگیرکاری کە لەم بوارەدا ڕێژەکەی زۆرە.

پێنجەم/ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە یاساییانەی کە بۆ دەستە سەربەخۆکانی مافی مرۆڤ و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی لە پێناو بەهێز کردنی ڕۆلی چاودێری پەرلەمان.

شەشەم/ گوشار خستنە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دروست کردنی سەندوقی کوردستان بۆ داهاتی نەوتی و گازیەکان لە پێناو جێ بەجێ کردنی یاساکانی پەرلەمانی کوردستان و شەفافیەت لە داهاتی نەوت دا و بۆ ئەم مەبەستە لە ٢٠١٥ ەوە یاسایەکە دەرچووە، بەڵام تا ئێستا جێ بەجێ نەکراوە.

حەوتەم/ دروست کردنی دەستەی دانووستانکار لە نێوان هەرێم و بەغدا لە پێناو بە دامەزراوەیی کردنی گفتوگۆکان و بە مەرجەعی بوونی پەرلەمانی کوردستان لەو گفتوگۆیانە و وەك لە کارنامەی حکومەت و ڕێککەوتنەکان دا هاتووە.

هەشتەم/ پەسەند کردنی یاسایەك بۆ پاراستنی بەرهەمە ناوخۆییەکان لە کۆتایی دا داوا لە دەکەین پەرلەمانی کوردستان هاوکات لەگەڵ دەرچوواندن و پەسەند کردنی ئەم پرۆژە یاسایانەدا ئەولەویەتی پەرلەمانی کوردستان نووسینەوە و پەسەند کردنی دەستوور و هەمواری ئەو یاسایانە بێت کە هەڵگری ڕەهەندی نیشتمانین و ئازادییە گشتیەکان مسۆگەر دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس پێش کاك عبدالستار، تەنها مامۆستا ابوبکر لەسەر بابەتی نووسینگەکان" بەڕێزان ئەمانەوێ ڕوونکردنەوەیەك بدەین وەکو دەستەی سەرۆکایەتی" ڕاستە لەناو پەیڕەو هیچ میکانیزمێك دەستنیشان نەکراوە، هەم سەرۆکایەتی و هەم فراکسیۆنە بەڕێزەکان، بۆیە ئێمە داوامان لە هەموو فراکسیۆنەکان کردووە و گفتوگۆ لەناو خۆیاندا بکەن، هەر ڕێککەوتنێك و هەر جۆرە تەفاهومێك لەناو خۆیاندا لەسەر سەرۆکی نووسینگە بێ جێگری سەرۆکی نووسینگە بێ،

ئایا بەپێی ئەوەی لەکام شار کێ توانیویەتی زۆرترین دەنگ بێنێ ئەوە بەرپرس بێ دانیشتووی ئەوێ بێ، ئێستاش داواتان لێ دەکەین هەر فراکسیۆنێك لە فراکسیۆنە بەڕێزەکان گفتوگۆیەك لە نێوان خۆتان دا بکەن هەر میکانیزمێك ڕێك دەکەون لەسەر ئێمەیە ئەو میکانیزمە جێ بەجێ بکەین، کاك عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

سەلامی خوای گەورە لە هەموو لایەك بێ، دیدگای فراکسیۆنی کۆمەڵ لە پەرلەمانی کوردستان بۆ خولی بەهارەی گرێدانی یاسایی ساڵی ٢٠٢١، لەپێناو پێشکەکردنی باشترین ئەدای پەرلەمانی بۆ خولی بەهارەی گرێدانی یاسادانان" ئێمە لە فراکسیۆی کۆمەڵی دادگەری لە پەرلەمانی کوردستان ئەولەویەتی کارەکان بەم شێوەیە ڕیز دەکەین.

یەك/ گوزەرانی خەڵك دۆخ و گوزەرانی هاووڵاتیان لە خراپترین ئاست دایە، بۆیە یاسایەکمان پێویستە بۆ کواڵیتی خۆراك و بەرهەمی ناوخۆیی و هاوردەکان، یاسایەك بۆ دۆخی تەندروستی و دەرمان" یاسایەك بۆ کەم کردنەوەی کرێ و کرێنیشینی لە هەرێم و لە هەمان کاتدا ناچارکردنی حکومەت بە پێدانی مووچە لە کاتی خۆی و بە بێ لێبرین لە هەموو مانگێك دا.

دوو/ مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی مرۆڤ لە قەیرانی قوڵدایە لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەری، خەڵك هەیە لەسەر کۆمێنت بانگ کراوە و گیراوە، یاسایەکمان پێویستە بۆ پاراستنی مافەکانی منداڵ و هەرزەکاران و بۆ هەمواری یاسای ڕۆژنامەگەری و بۆ جێ بەجێ کردنی ئازادبوونی بە مەرج بۆ سەرجەم سزادراوان بەبێ جیاوازی.

سێ/ هەموارکردنەوەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری، یاسایەکی نوێ و بۆ دەزگای داواکاری گشتی کە بەداخەوە بەشێکی دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیی خۆی لەدەستداوە، بۆیە داوا لە دادگای پێداچوونەوە دەکەین بە تایبەتی بۆ کەیسی ئەم دوایەی سزادراوانی ئازادی ڕادەربڕین پێداچوونەوی جدی بکرێت و ئەو بەڕێزانە ئازاد بکرێن و دادگایەك دوور لە هەموو سانسۆرێك.

چوار/ هەمواری یاسای وەبەرهێنان و گونجاندنی لەگەڵ قۆناغەکانی ئێستادا".

پێنج/ ئەم دامەزراوەیە کە پەرلەمانی کوردستانە" تا ئێستا خاوەنی یاسای سەربەخۆی خۆی نییە، پێویستە یاسایەك هەبێ کە تایبەت بێت بە پەرلەمان، هەروەها یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان.

شەش/ دەستە سەربەخۆکانی هەرێم چواریان سەر بە پەرلەمانن، سەرۆکەکانیان ماوەیان بەسەرچووە، پێوستە کەسی نوێیان بۆ هەڵبژێردرێت بەشێوەیەك هێزە کاریگەریەکان پێگەکەیان پارێزراو بێت، هەروەها یاسای دامەزراوەکانیان هەموار بکرێتەوە،ڕۆڵی چاودێریان بەپێی یاسا زیاد و کاریگەر بکرێ.

حەوت/ یاسا بوودجەی هەرێم ئەگەر یاسای بودجەی هەرێم نەبێت و سەرجەم داهاتەکانی هەرێم شەفاف نەبێت و گرێبەستەکانی نەوت دارشتنەوەی بۆ نەکرێت، سیستەمی بانك و جوڵەی پارە کۆنترۆڵ نەکرێت، ئەو باج و خەراجەی کە زۆر زۆرە ئێستا لەسەر هاووڵاتیان زیاد کراوە وەردەگیرێ نەخرێتەوە خزمەت هاووڵاتیان، ئەگەر هەموو ئەمانە نەکرێ، قسە کردن لە

چاکسازی له دۆخی ئێستادا هیچ له بارودۆخ و ژیانه خەڵك ناگۆڕێ، هەر یەك لەمانه بکرێته ئەولەویەتی کاری پەرلەمانی و حکومەتی پێوه پابەند بکرێت.
هەشت/ یاسایەکمان پێویسته که دۆخی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی بپارێزێت، پەرلەمانتار لەو خولەی رابردوودا پەلامار دراوه، هەیه سوکایەتی پێکراوه، نابێ بەراستی سەرۆکایەتی بەڕێزیش رۆڵی تەماشاکار ببینێ، بەڵکو پێویسته بەلایەنی کەم بەرگری له ئەندامەکانی خۆی بکات.
نۆ/ یاسایەکمان هەیه بۆ کار پێویسته که گونجاو بێت لەگەڵ ئەم چەرخەدا، بەشێوەیەك پاراستنی ماف له کار و دەرفەتی هەبوونی کار وه پاراستنی چارەنوسیان دوای کۆتای تەمەن لەخۆ بگرێ.
دە/ بڕیارێکی پەرلەمانیمان پێویسته سەرجەم کۆمپانیا نیشتمانی و بیانییەکان پابەند بکات که کرێکار و هێزی کاریان (٧٠٪) له هاووڵاتی کوردستانی بێت.
یازدە/ دامەزراندنی سێ یەکەمەکان له سەرجەم زانکۆ و پەیمانگاکان مافێکی یاساییه، دەبێ حکومەت جیبەجێی بکات، ئەوه چەندین جاره داوا دەکرێ و بڕیاریش دراوه، بەڵام بەداخەوه تا وەکو ئێستا جێبەجێ نەکراوه.
دوازدە/ سەرجەم فەرمانبەر و مامۆستایانی گرێبەست بکرێت به هەمیشەیی بەپێی پرانسیپی یاسایی، پڕۆژه یاساێکمان لەبارەی پارێزبەندی مامۆستا و بەڕێوەبەره پەروەردەییەکان پێشکەش کردووه، بۆ پاراستنی شکۆی مامۆستا که بەداخەوه ئەویش کەوتۆته بەر هەرەشه.
سێزدەیەم/ دەرچوانی زانسته ئیسلامییەکان له هەردوو رەگەزی نێر و مێ بەشوێوەی گرێبەست دابمەزرێن که ئەوانیش ستەمیان لێکراوه تا ئێستا.
چواردە/ حکومەت پابەند بکرێت که سەرجەم ئه مزگەوتانەی که پێویسته وتار هەینیان هەبێت وتار خوێنیان نییه بۆیان دابنرێت ئەوانیش که هەزار و پێنج سەد خۆبەخشیان هەیه بکرێن به گرێبەست، پشتگیری دەرچوونی یاسایەك دەکەین تایبەت به رێکخستنەوەی وەقفەکان له وەزارەتی ئەوقاف که کێشەی زۆر تێدایه ئاگادارین.
پازدە/ یاسایەکمان پێویسته که چارەنووسی کوردانی تاراوگه.
شازدە/ یاسای ماف و ئیمتیازاتی شەهیدان هەموار بکرێتەوه وه تیایدا زیاتر ماف بەخانەوادەی و کەس و کاری شەهیدان بدرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتت تەواو، زۆر سوپاس، کاك (د.شێرکۆ)، فەرمووو.

**بەڕێز شیرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەوره و میهرەبان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان سڵاوی خوای گەورەتان لێبێت، ستراتیژی کاری فراکسیۆنی یەکگرتووی پەرلەمانی کوردستان بۆ وەرزی نوێ لەم خاڵانەدا لەم تەوەرانەدا خۆی ئەبینێتەوه، که هیواداریـن پەرلەمانی کوردستان بەو پەری کاراییەوه بتوانین هەمووومان پێکەوه رووێکی گەشتی پەرلەمانی کوردستان بخەینه روو.
کارابوونی پەرلەمانی کوردستان جارێکی تر بگێرینەوه بۆ ئەوەی که رۆڵی سەرەکی له حوکمرانی له هەرێمی کوردستان دا ببینێتەوه، بەم بۆنەیەوه هەر لەم یادەیا ئەمڕۆ یادی

مامۆستایانە ئێمە پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی مامۆستایانی کوردستان دەکەین، پشتیوانی خۆمان بۆ تەواوی مافە رەواکانیان رائەگەێنین وەکو فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کە داکۆکیکارێکی سەر سەخت بین بۆ مافەکانیان.

بەرێزان پرسی ئازادی رادەربرین بەر تەسك کردنەوەی ئازادییەکان قبوڵ نەکراوە، پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، مەوقفی جدی و هەڵوێستی جدی دەوێ لە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، کە بێگومان پێشێلکاری دەستووری، پێشێلکاری یاسایی روون روویداوە وە پێشێلکاری مافی مرۆڤی بە روونی تیا بەرجەستە کراوە، کە پێویستە راست بکرێتەوە، نابێت لە هەرێمی کورستان ئەم دیاردەیە بەراستی بەردەوام بێت، ستراتیژێکی تر مەسەلەی مەترسی تەعریب و تەعریب کردن لەو ناوچە کوردستانیانەی کە لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانین کە ئەمە بەراستی سەری هەڵداوەتەوە، کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر شەرعیەتی ئەو نەتەوانەی بەتایبەتی نەتەوەی کورد.

لەو ناوچانە پێویستی بە هەڵوێستی جدی هەیە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هەروەها مەسەلەی بوودجە کە بەراستی کەلێنێکی گەورەیە بەنایاسایی بوونی داهات و خەرجییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە حەوت ساڵی رابردووا وای کردووە کە بێ متمانەیی بە بوودجە بە داهات و بە خەرجی ئەم هەرێمی کوردستانە دروست ببێت، دەرگایەکی گەورە بۆ گەندەڵی، بۆ لارێدابردنی سەروەت و سامانی هەرێمی کوردستان، بۆ ناروونی و ناشەفافیەت لە ئیدارەدانی داهاتی ئەم هەرێمی کوردستانە بێتە دی، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە پەرلەمانی کوردستان ئەمە قبوڵ نەکا و بە زووترین کات یاسایی بوودجە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان بکرێت، بە هەماهەنگی و تەنسیق لەگەڵ رێکەوتنەکان لەگەڵ بەغدایا بۆ ئەوەی کە چۆن لە عێراقدا بۆ سێ ساڵ بوودجە دائەنرێ، هەرێمی کوردستانیش لە رێی پەرلەمانەکەیەوە بوودجەیێکی پاك و دروست دابرێژێت، باسێکی تر کە دەرچووە یەکەمەکانە.

مامۆستایانی وانەبێژە، کە بەراستی ئەوە بۆتە گرێکوێرەیێکی زۆر مەترسیدار کەوای کردووە مەسیری ئەو بەرێزانە دیار نەبێت کە مافی خۆیانە دابمەزرێن و مافیان بۆ بگەرێتەوە، مەسەلەی سامانی سروشتی بەتایبەتی کوالێتی بەنزین و ئەو نەخۆشییە مەترسیدارانەی کە بڵاوی دەکاتەوە، ئەو گۆرەپانانەی کە لە ناوچە جیا جیاکانی هەرێمی کوردستان بە پشتیوانی کەسانی دەست رۆیشتوو بەردەوامن لەوەی کە شتێك بفرۆشنەوە بە هاووڵاتیان کە هەموو شتێکە بەس بەنزین نییە، سەرەتا و شێرپەنجە بڵاو دەکاتەوە، مەترسی دروست کردووە، پێویستی بە هەڵوێستی جدییە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، پرسی دەستوور پرسێکی زۆر زۆر گرینگ و سەرەکییە، کە پێویستە هەر وەکو بەڵێنمان داوە بە گەلی کوردستان کە پەرلەمانی کوردستان لە رێی پەرلەمانی کوردستانەوە دەستوور لەم وەرزەدا، لەم خولەی پەرلەماندا بێتە دی، پێویستی بە هەڵوێستی جدی هەموومانە، کە دەستوورێکی دروست بۆ ئەم هەرێمی کوردستان بهێنینە دی، بەڵێنەکەشمان بۆ هەرێمی کوردستان بێنینە دی.

بەرێزان سەرنجی هەموو لایەك رادەکێشم بۆ دارمانێکی زۆر مەترسیدار لە رووی رەوشتییەوە کە تووشی کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان بووە، گەیشتۆتە ئاستێکی وا کە لە میدیاکانەوە بە

ئاشـكرا بانگێشـت ئەكـرێ بـۆ ئەو دارِمـان رەوشـتییە، كەبەراسـتی لای ئـێمە وەكـو فراكسـیۆنی یەكگرتـووی ئیسـلامی كوردسـتان زۆر بە مەترسـیدارتری ئەزانـین لە هێـرش و مەترسـییەكانی داعش و تیرۆرستان و تەنـانەت گەنـدەڵییە ئابوورییەكـانیش، بێگومـان دارِمـانی سیاسـی بـوو بە مایەی ئەوەی كە دارِمـانی ئـابووریش دروسـت ببێـت، دارِمـانی ئەخلاقیشـی ئێسـتا هـاتۆتە سـەر پێویستی بە هەڵوێستێكی جدی نیشتیمانییە لە هەموو لایەكەوە.

بۆیە پێویسـتە بە هەموومـانەوە پـێكەوە ئەو بەهـا ئەخلاقیـانە زینـد و بكەیـنەوە كە كـۆمەڵگەی كوردسـتان پێـی ناسـراوە، كۆمەڵگەمـان بپـارێزین لەو دیـاردە دزێـوە، بـۆیە ئەو یاسـایانەی كە بە جدی كارمان لەسەر كردووە، بەردەوام كاری لەسەر دەكەین لەم وەرزە نوێیەشـدا یاسـای كـارە كە رزگـاركردنی كرێكـارانە ئەوانەی كە كـار دەكەن لە كەرتـی تایبەتـدا بـۆ نەفەوتانــدنی ئەرك و مافەكانیان، زۆر سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك (د. كاظم)، فەرموو.

**بەرێز كاظم فاروق نامق:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای بەخشـندەی میهرەبـان، دیـارە ئـێمە وەكـو فراكسـیۆنی نەوەی نـوێ، لە پەرلەمـانی كوردسـتان، كۆمەڵێـك خـاڵ بەلامـانەوە زۆر گـرینگە كە لایەنـی كەم لەم چەنـد وەرزەی تـری ئەم خولەی پەرلەمانی كوردستان كە ماوە ئیشی لەسەر بكرێ.

یەكێـك لەم خـاڵانە كە راسـتەوخۆ پەیوەنـدی بە ژیـانی خەڵـكەوە هەیە، مەسـەلەی هەڵگرتنـی لێبرِینی (٢١٪) مووچەیە، چیتر بەراستی مووچە خۆران گەیشـتووە بە تینیـان وە قبـوڵی نـاكەین (٢١٪) مووچەكەیان ببرِدرێ بە نـاهەق، بەبـێ یاسـا بە نایاسـایی، لە كاتێكـدا داهـاتی نـاوخۆ زیـاد بووە بۆ چەند هێندە، نرخی نەوت بەرز بۆتەوە بۆتە نرخی بەرمیلێك نەوت گەیشـتووە بە نزیكـی (٦٨) دۆلار، داهاتی ناوخۆ زیادی كردووە، داهاتی خاڵە سنوورییەكان زیادی كردووە.

هاوپەیمانـان پـارە دەنێـرن، لە بەغـداوە تـا ئێسـتاش بەشـێك لە فەرمانگەكـان مووچەیـان بـۆ دەنێردرێـت، ئـاواش هێشـتا حكـومەتی هەرێـم (٢١٪) مـووچەی فەرمـانبەرانی تـر دەبرِێـت بە نایاسایی كە هیچ پاڵپشتێكی یاسایی نییە، لەبەر ئەوەی خەڵك و مووچە خۆران بە گشـتی دەبـێ ئەو هەموو پارەیە دەفع بكا، پارەی كرێی خانوو، پارەی ئاو، پارەی كارەبـا، پـارەی مۆلیـدە، پـارەی خۆڵ رشتن، پارەی رێگا وبان، ژینگە و رێگاوبـان، پـارەی سـەعاتی ئـاو، پـارەی قیـرانە و شۆسـتە، پارەی زەریبەی عەقـار، پـارەی زەریـبەی دەخـل، پـارەی قگعەی سـەر دوكانەكـان، پـارەی رەسـمی پیشــەوەری، پــارەی عیــادە و دەرزی و دەرمــان، لەبەر ئەوەی زۆربەی دەرمــان لە نەخۆشــخانە حكومییەكان نییە، پارەی ئینتەرنێت.

چـونكە خوێنـدن كـرا بە ئـۆنلاین، پـارەی خوێنـدنی ئەهلـی بـۆ ئەو خوێنكـارانەی كە لە زانكـۆ حكومییەكان وەرنەگیران و ناچاربوون بچنە ئەهلی، بـاوك و دایـك دەبـێ ئەو هەمـوو پـارەیە بـۆ منداڵەكانی سەرف بكا، بۆ ژیان و پژێـوی خـۆی سـەرف بكـا لە بەرامـبەرا حكـومەت مـووچەیێكی پێـنج سـەد شـەش سـەد هەزار دینـاری هەیە. (٢١٪) لێـدەبرِێ، لەكاتێكـدا ژێـر قـاچی هەمـوو هاوڵاتیەكی ئەم هەرێمی كوردستانە پـرِ پـرِە لە نەوت، ئەمە یەكێـك لە بابەتەكـان، بـایەتی دووەم

بەلای ئێمە گرینگە لەم وەرزەی پەرلەمانـدا کـاری لەسـەر بکرێ، خۆمـان پرۆژەمـان بـۆ پێشـکەش کردووە، ئەوەیە کە بڕیاری گەڕاندنەوەی پاشەکەوتی مووچە بۆ فەرمـانبەران، ئەو مووچـانەی کە ساڵی رابردوودا نەدرا بە هاووڵاتیـان بگەڕێنـرێتەوە بەپێـی ئەو میکانیزمـانەی کە ئـێمە لە پـرۆژە یاساکەی خۆماندا پێشکەشمان کردبوو.
 بڕیـاری پێـدانی دەرمـاڵەی خوێنـدن بە خوێنـدکارانی زانکـۆ و پەیمانگاکـان، دابینکردنـی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵك، بەراسـتی خەڵـك ئەوەتە هەر رۆژە و لە شـوێنێك، لەنـاو خـێمەدا خەڵـك لەسەر جادە رۆژ دەکاتەوە، بەراستی خەڵکی دیار، ئەمە دۆخی زۆرێك لە خەڵکە کە وای لێهـاتووە لەم هەرێمی کوردستانەدا کە پڕ پڕە لە داهـات، راگرتنـی پـلە بەرزکـردنەوەی سـەربازی و مەدەنـی بەراستی بە ناياسـايی تـا ئێسـتا راگیـراوە، پێویسـتە حکـومەت دەسـت پێبکـاتەوە، ئەمە هەمـوو کاری ناياساييە لەم هەرێمی کوردستانە حکومەت ئەنجامی دەدات، پێویستە رابگیـرێ، بـابەتێکی تر مەسەلەی ئازادی رادەربڕینە کە بەراستی ئێستا زۆر لە پاشەکشـەیە لە هەرێمـی کوردسـتان، لە سلێمانی خەڵك خۆپیشاندان دەکا بۆ داواکردنی مافی خۆی یان دەستگیر دەکـرێ یـان دەکـوژرێ، لە هەولێـر و دهـۆك خەڵـك داوای خۆپیشـاندان دەکـا یـان خۆپیشـاندان بکـات دەسـتگیر دەکـرێ، تۆمەتی بۆ دروست دەکرێ، حوکم دەدرێ، بەراسـتی ئەمە ئـازادای رادەربـڕین زۆر خـراپ دەکـا لە هەرێمـی کوردسـتاندا ناوبـانگی هەرێمـی کوردسـتان، ئەمە مەترسـی گەورەیە لەسـەر قەوارە هەرێمـی کوردسـتان، یەکێکـی تـر لە بابەتەکـان کە پێویسـتە لەم وەرزەدا کـاری لەسـەر بکـرێ، مەسەلەی دابینکردنی هەلی کارە حکومەت والێ بکەین ناچاری بکەین یان خۆی پرۆژی بێنێت یـا پرۆژەی پەرلەمان کە پێشکەشکراوە بێ بۆ دابینکردنی هەلی کار، بـۆچی وڵاتـان یاسـا دەردەکەن بۆ پێدانی مافی پەنابەر بە خەڵکی ئاوارە بۆچی ئێمە گەنجەکانی خۆمـان کە خەڵکـی ئەم وڵاتەن کوڕ و کچ و خوشك و بـرای خۆمـانن نەوەی خۆمـانن بـۆچی راویـان بنێـین و لە بێکـاری و لە بـێ ئیشی و دەرچووی زانکۆکانمان هەمووی سەری خۆی هەڵگرێ لەباشـترین حاڵەتـا ئەگەنە خـاریج لە خراپترین حاڵەتا ئەوەیە کە تیا ئەچێـت دەبێتە قوربانی بەداخەوە.
 لەبەر ئەوەی پێویسـتە مـاف بـدرێ بەراسـتی بە دەرچـووی زانکـۆ و پەیمانگاکـان حکـومەت لەم لایەنەوە ئیجبـار بکـرێ کە مـافی خەڵـك بـدات، یەکێکـی تـر لە بابەتەکـان مەسـەلەی عەقـدی نەوتەکانە سەرۆکی پەرلەمان ئێمە چەند جارێـك داوامـان کـردووە بە نوسـرا و بە یاداشـت وە لە جەلسەی پەرلەمانیشدا ئەو عەقدە نەوتیانە بـا بهێنـرێ لەنـاو پەرلەمانـدا هەمـوو فراکسـیۆنەکان، هەموو ئەندامەکان پـێکەوە مناقەشـەی بکەیـن بـزانین کـوێیە خـاڵە لاوازەکـانی، بـۆچی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا خزمەتی خەڵك ناکا؟ بۆچی بووە بە نارحەتی و ناخۆشی بۆ خەڵك؟.
 بۆچی تا نەوتمان نەئەفرۆش بە (٣٠) رۆژ جارێك مووچە لەکاتی خۆیـدا بە فـولی ئەدرا، لەوەتەی هەریمی کوردستان نەوت ئەفرۆشـێ مـووچە نەمـاوە، لێـی ئەبـڕێ و پاشـەکەوت دەکـرێ، خەڵـك نـارحەت بـووە و دۆخـی هەژاری زیـادی کـردووە، نـاکرێ لە دوای سـاڵ و نیوێـك لە فرۆشـتنی نەوتەکە تەقریرەکە بهێنرێت بۆ پەرلەمان.
 تا ئێستا کە ساڵی (٢٠٢١)ە تەقریـری فرۆشـتنی نەوتـی مـانگی (١١،١٢) سـاڵی (٢٠١٩) هـیچ کەسـێك نەیبینیوە و نەهاتۆتە پەرلەمانی کوردستان، هـیچ لایەنێـك نەیبینیـوە، جگە لە چەنـد کەسـێك لە دەسـەڵاتدا، لەبەر ئەوە بەراسـتی ئەمە هەمـووی دۆخـی خەڵکـی خـراپ کـردووە، نەوت بـۆیە

ناشــەفافە، بــۆیە بەغــدا لەگەڵ هەرێمــدا نــاگەنە رێککەوتــن، لەبەر ئەوەی ئــابەم شــێوازە ناشەفافیەیە، پەرلەمـانی کوردستان ئاگاداری ئەم دۆخە نیـیە، یەکێکـی تـر لە بابەتەکـان بەرێـز سەرۆکی پەرلەمان کە ئێمە بەلامـانەوە گرینگە وەکو پەرلەمـان لەم وەرزەدا کـاری لەسـەر بکرێ مەسەلەی ئازادی کاری میدیاییە، سـەرۆکی پەرلەمـان مەعقـول نیـیە کەناڵێـك تەنهـا لەبەر ئەوەی مایکەکەی دەباتە بەردەم هاوڵاتییەك کە داخی دڵی خـۆی و داواکـاری خـۆی ئاراسـتەی دەسـەڵات بکات، هەڵبکوترێتە سەر نوسینگەکانی لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك دابخـرێ وە فەرهـوود بکـرێ لەولاشەوە هەندێك کەناڵ ...

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، کاك (رۆمیو)، فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو فراکسیۆنی هاوپەیمانی یەکێتـی نەتەوەیـی بـۆ کـاراترکردنی پەرلەمـان، بەهێزکردنـی رۆڵـی پەرلەمـان و پاراسـتنی شـکۆی پەرلەمـان ئـێمە چەنـد خاڵێـك دەخەیـنە رووی جەنابتـان و سەرجەم خوشك و برایانی پەرلەمانتار.

ئێمە پێمـان وایە چەنـدە پێویسـتمان بە یاسـا هەیە لە هەرێمـی کوردسـتان بەقەد ئەوەش زیـاتر پێویستمان بە جێبەجێکردنی یاساکانە، ئێمە لە زۆرێك لە قۆناغەکانـدا وتومـانە کێشـەی یاسـایی یاسامان نییە بە قەد کێشەی جێبەجێکردنی یاسامان هەیە لە کوردسـتاندا، بـۆ نمـونە ئـێمە وەکـو پێکهاتەکان پاراستنی ماف و داهاتووی پێکهاتەیکان یاسای ژمارە (٥)ی سـاڵی (٢٠١٥) هەیە، ئەگەر ئەم یاسایە جێبەجێبکرابایە دوای ئەوەی لە پەرلەمانی کوردستاندا دەنگی پێـدراوە پـێش چەنـد ساڵێك، من ناڵێم سەد لە سەد، بەڵام (٧٥٪) ی کێشەکانی ئێمە کێشەی تەجـاوزات لەسـەر موڵـك و ئەرز و زەوی و زاری ئێمە چارەسەر دەکرا.

دووەم پێش چەند مانگێك یاسای تاپۆکردنی زیادەرۆییەکـان لە پەرلەمـانی کوردسـتاندا دەنگـی لەسەر درا، ئەویش پێمان وایە دوای دەرچوونی ئەم یاسایە تەجاوزێکی زۆر کراوە تا سـەر موڵـك و مـاڵی پێکهـاتەی ئـێمە بەتـایبەتی لە دهـۆك بەتـایبەتی تـریش لە گونـدە مەسـیحیەکانی دەڤەری زاخۆ، بۆیە ئێمە پێمان وایە دەبـێ پەرلەمـان لەگەڵ لایەنـی پەیوەندیـدار کە حکومەتە هەنـدێك ئەو لایەنـانەی کە پەیوەندیـدارن یـاخود پەیوەسـتن یـاخود سـەر بە پەرلەمـانن، ئەبـێ رەقـابەی تەواوی هەبێـت بـۆ ئەوەی یاسـاکان جێبەجـێ بکـرێ لە کـات و سـاتی دیـاریکراوی خۆیـدا، ئـێمە کێشەی خزمەتگوزاریمان هەیە لە زۆرێك لە ناوچەکانی ئێمە.

هەر لەم پەرلەمـانە پـێش چەنـد مانگێـك ئـێمە باسـی نـاوچەی (نەهلێمـان) کـرد وە دواتـر باسـی شارۆچکەی (عەنکاوە) کرا کە خزمەتگوزارییەکی زۆریان پێویستە، بەتایبەتی لە هەنـدێك شـوێن بینیومە جیاکاری پێشـکەش کردنـی خزمەتگـوزاری هەیە، لەگەڵ پێکهـاتەی ئـێمە لە هەنـدێك لەو ناوچانە، بۆیە داوا لە پەرلەمان دەکەیـن لەگەڵ لایەنـی پەیوەندیـدار لەسـەر خەت بـێ بـۆ ئەوەی ئەم ناوچــانە نەخــرێنە دەرەوەی ســەرجەم پــرۆژەی خزمەتگــوزاری لەو ناوچــانە، خــاڵی دووەم مەســەلەی دەســتوور ئـێمە لە (٢٠٠٩) لەم پەرلەمــانە دەســتوور دەنگـی لەسـەر درا جەنابتـان لە

راپۆرتەکەتاندا باسی ئەوەتان کرد کە دەستوور لەم خولەدا دەبێ بنوسرێتەوە یاخود تەواو بکرێ یاخود دەنگی لەسەر بدرێ.

ئێمە پێمان وایە چیتر لەبەر هەر هۆکارێك بێ ناکرێ کوردستان بەبێ دەستوور بمێنێتەوە، چونکە کاری هەرە گەورەی نووسینی دەستوور پێش چەندەها ساڵ تەواو بووە، لەسەردانەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بۆ لای حزب و لایەنە سیاسیەکان من پێم وایە پار ساڵ بوو یەکێك لە خاڵەکان کە جەختتان لەسەر کردووە مەسەلەی نوسینی دەستوور بووە، بۆیە ئێمەش دەنگمان دەخەینە پاڵ ئەو دەنگە زۆرەی کە داوای نوسینەوەی دەستوور دەکرێ لە هەرێمی کوردستاندا، سێیەم لە وەرزی رابردوودا ئێمە کاتێکی زۆرمان برد لە پەرلەمانی کوردستان بە ململانێی نێوان هەندێك لە فراکسیۆنەکاندا، ئێمە داوا دەکەین لەم وەرزەدا قەرەبووی ئەم کاتە بکرێتەوە بۆ هەوڵدان بۆ دەرکردنی دەرچواندنی زۆرێك لە یاساکاندا، خاڵێکمان هەیە، ئێمە تێبینیمان کردووە جەنابیشتان لە راپۆرتەکە ئیشارەتتان پێداوە بۆ ئەوەی لێژنەی پەیوەندیدار بۆ نوسینی راپۆرت لەسەر پرۆژە یاساکان پەلە بکات.

من پێم وایە ئەبێ سەقفی زەمەنی بۆ ئەمانە دیاری بکرێ، هەروەها بۆ کاری خوودی لێژنەکانیش سەقفی زەمەنی دیاری بکرێ، بۆ ئەوەی لە کات و ساتی خۆیاندا پرۆژەکان و راپۆرتەکان تەواو بکرێ، خاڵێکی تر ئێمە هەر خۆمان وەکو هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی لە بۆنەیێکی تر لەم پەرلەمانە باسی ئەوەمان کرد کە هەندێك دەستە وەکو دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، دەستەی دیوانی چاودێری، دەستەی دەست پاکی، کاتی ماوەی خۆیان ئەوەی راستی بێت زیاتر لە سێ چوار ساڵە بەسەر چووە، ناکرێ چیتر لەبەر هەر هۆکارێك بێت ئەمانە بەم شێوەیە بەجێ بێڵن، دەبێ دەستوبردی بۆ بکرێت، خاڵێکی تر ئێمە پێمان وایە هەندێك لە یاساکان بەداخەوە کە لەم پەرلەمانە دەردەچێت بە داخەوە چەند مانگێك پێویستیان بە پێداچوونەوە و هەموارکردن و تەعدیلات هەیە، جا بۆیە پێویستە پێش موناقەشەکردن لەسەر هەر یاسایەك لە پەرلەمانی کوردستان ...

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتەکەت تەواو دەست خۆش، بەڕێزان تەنها روونکردنەوەیەك دەدەین وەکو دەستەی سەرۆکایەتی، بۆ بەرچاو روونیتان لەسەر بابەتی دەستەکان، ئێوە ئەزانن هەر یەکێك لەم دەستانە یاسای تایبەتی خۆیانیان هەیە. بۆ جێبەجێکردنی هەر ئاڵوگۆڕێك پێویست دەکات، بۆ نمونە باسی دەستەی دەست پاکی ئەکەین دانانی سەرۆکی دەستەی دەست پاکی پێویستی بە دەنگی دوو لەسەر سێ ی ئێوەی بەڕێز هەیە، دەفەرموون فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان لەناوخۆتاندا رێککەون لەسەر ئەوەی زامنی دوو لەسەر سێ ی دەنگی ئێوە بەڕێز ئەکرێ بۆ دانانی سەرۆکی دەستەیەك تا ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە نزیکترین دانیشتنی پەرلەماندا داخلی بەرنامەی کاری بکەین، ئەگەر ئێمە بێن ئیعلان کەین بەڵام ئێوە تەوافوق لە نێوانتاندا نەبێ، دوو لەسەر سێ ی بۆ کۆ نەکرابێتەوە ئێ سبەینێ ناتوانرێ سەرۆکی دەستەی دەست پاکی دابنرێت، بە هەمان شێوە ئەمانەش رەبتی بە دیوانی چاودێری دارایی هەیە، دەستەی مافی مرۆڤ قۆناغەکانی خۆی بڕیوە، لەم وەرزە ئەم بابەتە یەکلایی دەکەینەوە، کاك (مەم) فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان من سەرەتا ئەمەوێ روونكردنەوەیەك بدەم، سوپاس بۆ دەستەی سەرۆكایەتی ئەم وتەیەی كە پێشكەش ئەكەین بە ناوی سێ پەرلەمانتاری سەربەخۆ بە سوپاسەوە پەرلەمانتارانی بەڕێز كاك (دیاری انور)، كاك (سیروان بابان)، متمانەیان بە من بەخشی كە من وتەی ئەم سێ پەرلەمانتارە سەربەخۆیە لەگەڵ خۆمدا پێشكەش بكەم.
دەربارەی بەرنامەی كاری ئێمە وە ئەجێندای ستراتیژی ئێمە بۆ ئەم وەرزەی یاسادانان خۆیان لە چەند خاڵێكدا ئەبینێتەوە لێرەدا ئەیخەینە روو.
یەكەمیان پێشكەشكردنی رەشنووسی بریارێك بۆ ئەوەی حكومەتی هەرێم ناچار بكرێت كۆی ئەو پارەی مووچە خۆران كە وەك مووچە كەوتۆتە لای حكومەت و لە ژێر هەر ناوێكی پاشەكەوت یان راگرتن یاخود هەر ناوێكی دیكە یا بە هەر پاساوێكی دیكە لە كابینەی پێشوو ئەم كابینەی حكومەتدا دابەش نەكراوە بخرێتە سەر هەژمارێكی بانكە تایبەتی مووچەخۆران و بتوانرێ مامەڵەی پێوە بكرێت، سەرەرای ئەوەی بە دەق لە یاسای چاكسازیدا هاتووە، بەڵام ئەم هەژمارە بانكییە كارا نەكراوە.
دوو/ گەڵاڵەكردن و پێشكەشكردنی بڕیارێك بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی چیتر رێگا بە حكومەت نەدرێ مووچەی مووچەخۆران ببڕێت، كە هیچ بنەمایەكی یاسایی نییە.
سێ/ پرۆژە بڕیارێك پێشكەشی سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەین بە پشتیوانی پەرلەمانتارانی دیكە بۆ ئەوەی پەرلەمان چاودێر بێت بەسەر دانوستاندنەكانی هەرێم لەگەڵ بەغدا و چارەسەر كردنی كێشەكانی نێوان هەرێم و بەغدا، لەپێشیانەوە كێشەی مووچە و بوودجەی عێراق و شایستە داراییەكانی هەرێم و پابەندكردنی هەرێم بە رادەستكردنی بڕی نەوتی بڕیارلێدراو نیوەی داهاتە ناوخۆییەكان، بۆ ئەوەی چیترخەڵكی كوردستان باجی سیاسەتی حوكمرانی و ململانێی سیاسی و حزبی نەدەن لە كوردستان.
چوار/ كاركردن بۆ هەمواركردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن و تیرۆر لە هەرێمی كوردستان یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦) بەتایبەتی ئەو بڕگانەی تایبەتن بە كاری میدیایی و كاری چالاكوانی مەدەنی بۆ ئەوەی پاڵپشت بە دەستەواژە لاستیكییەكانی ئەم یاسایە میدیاكاران و چالاكوانان حوكمی زیندانیكردنیان بەسەردا نەدرێت كە لە وەرزی پێشوودا بە ئیمزای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران رەشنووسی ئەم هەمواركردنەمان پێشكەشی سەرۆكایەتی پەرلەمان كردووە.
پێنج/ ئیمزا كۆكردنەوی بۆ بانگێشتكردنی وەزیری شارەوانی گەشتوگوزار سەبارەت بەو موڵكانەی شارەوانی كە لەلایەن بەرپرسانی باڵادەست و كەسانی ئاسایی و حیزب و رێكخراوە سیاسییەكانەوە داگیركراون و موڵكی گشتین.
شەش/ ئیمزا كۆكۆدنەوەی بۆ بانگێشت كردنی وەزیری دارایی لەسەر دوایی هەنگاوەكانی چاكسازی و بڕینی مووچەی ناشایستە و نایاساییەكان هەروەها دۆخی خاڵە سنوورییەكان و داهاتەكانیان و پرسی قاچاغچیەتی لە خاڵە سنوورییەكان و كۆتایی هێنان بە سیاسەتی لێبڕینی مووچە.

حەوت/ بانگهێشت کردنی وەزیری ناوخۆ سەبارەت بە پێشێلکارییە یاساییەکانی وەکو بوونی ئۆتۆمبیلی جام رەش و بێ ژمارە و هەروەها دۆخی دەروونی و تەندروستی و مرۆیی ئەو زیندانیانەی لە گرتوخانەکاندان و رێگای سەردانیکردنیان نادرێت، لەگەڵ هەنگاوەکانی پێکهێنانی ئەو هێزە هاوبەشەی کە ئەرکی رێگری کردنە لە قاچاغچیەتی سنوورەکان.
هەشت/ بانگهێشتکردنی وەزیری تەندروستی بۆ روونکردنەوەی پلانەکانیان لە رووی چۆنیەتی دابەشکردنی ڤاکسینی کۆرۆنا، پلانی وەزارەتەکەیان لە ئەگەری زیاتر تەشەنەسەندنی ئەم ڤایرۆسەدا.
نۆ/ بانگهێشتکردنی وەزیری داد سەبارەت بە دۆسیە هەڵپەسێردراوەکانی کوردستان لە دادگاکاندا یان ئەو دۆسیانەی داخراون یاخود ئەوانەی لە دادگاوە بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ تۆمەتبارەکان دەرچووە و وەزارەتی ناوخۆ جێووەجێی نەکردوون، سەرەرای پرسی سەروەری و یاسا لە بڕیارەکانی دادگا و رۆڵی حزب لە دەست تێوەردان لە دۆسیەکانی دادگاکاندا هەڵوێستی وەزارەتەکەی" هەروەها ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان.
دە/ کارکردن بۆ جێگیرکردنی شایستەی دارایی چین و توێژە جیا جیاکانی وەکو خاوەن پێداویستی تایبەت و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و هەروەها زامنکردنی مووچەی ئەم ساڵی مووچەخۆرانی هەرێم لەنێو رەشنووسی بوودجەدا بەبێ لێبڕین، تەرخانکردنی پارەی پێویست بۆ ناوچە فەرامۆشکراو دوورە دەستەکان گەیاندنی پرۆژەی خزمەتگوزاری.
یازدە/ خاڵی کۆتایی چڕکردنەوەی هەوڵەکانمان لەگەڵ فراکسیۆنەکاندا بۆ دەرچواندنی ئەو یاسایانەی بۆ خەڵکی کوردستان گرینگن، سەرەرای ئێوەی ئێمە وەکو سێ پەرلەمانتاری سەربەخۆ لە رابردوودا بۆ داهاتووش هاوکار دەبین و بەشدار دەبین بۆ گەڵاڵەکردن و پشتیوانیکردنی ئەو پرۆژانەی خزمەتی خەڵکی کوردستان دەکەن. سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (هاورێ) فەرموو داوای خاڵی نیزامیت کرد.

**بەڕێز هاورێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، راستی کۆنفرانسێك لە سلێمانی بەسترا بۆ بوژانەوەی کفری راسپاردەی فراکسیۆنەکەمان هێنا بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان لەهەمان کاتدا سەردانی فراکسیۆنە جیاوازەکانیان کردبوو، بۆ ئەوەی لێژنەیەك لە کۆی گشتی لێژنە هەمیشەییەکان پێك بهێنرێت سەردانی کفری بکەن، بەڵام تاوەکو ئێستا نەکراوە، ئومێد ئەکەین ئەوە بکرێ، لە هەمان کاتدا لە ماوەکانی پێشوو دەنگۆیەك هەبوو کە سێ مووچە لەسەر یەك بە هێزەکانی پێشمەرگە سەر بە وەزارەت بدرێ لەلایەن هاوپەیمانانەوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە حکومەت وترا بێ سەرباری دەست خۆشی و سوپاس بۆ هاوپەیمانان کە ئەو فەرمانەیان بە حکومەت کردووە، ئومێد ئەکەین جیاکاری نەکرێ کە هێزی (٧٠-٨٠) ئاسایش و ئەو هێزانەی تر کە هەن هەموو ئەوانە مووچەکانیان پێ بدرێ...

**بەڕێز د. هێمن احمد حمەصالح هەورامی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (هاوڕێ) ئەوە خاڵی پەیرەوی نەبوو، ئەوە بەدواداچوونی خۆتانە، خاڵی پەیر}ەوی ماددەكان وازحە، تكاتان لێ دەكەم، بەڕێزان من سەرەتای وتارەكە باسمان كرد، هیوادارین لاپەرەیەكی نوێ بێت بۆ ئەوەی بتوانین بەپێی پەیڕەو ئەوەی پێویست دەكات ئیلتیزاماتمان بەرامبەر بە یەكتری هەبێت، كاك هاوڕێ فەرمو.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ئێستادا ئازادی را دەربڕین بە شێوازێك لە شێوازەكان قەتیسكراوە، ئومێد دەكەین حكومەتی هەرێمی كوردستان وێنای خۆی لە لای وڵاتانی دراوسێ و نەیار هەندەی تر ناشرین نەكات، دەست تێوەردانی سیاسی نەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حمەصالح هەورامی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

شایان خان فەرموو.

**بەڕێز شایان كاكە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی مادەی (٢٢) بڕگەی شەشەم قسە دەكەم، لە رۆژانی (١٥، ١٦)ی مانگی دووی ئەم ساڵ لە چوارچێوەی ئەركی چاودێریمان چاودێری پرۆسەی دادگاییكردنی سزادراوانی بادنیانمانكرد، بڕیاری دەستەی دادوەری هەمان ئەو لێدوانەبوو كە سەرۆكی حكومەت پێشتر باسی لێوەكردبوو، بۆیە داوا دەكەین دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان جەخت لەوە بكاتەوە كە دادگاكان سەربەخۆبن و دادوەرەكان فشاری حزبیان لەسەر نەبێت...

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دواتر لەسەر ئەو بابەتە تەوزیحمان دەبێت، كاك محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێڕوانینی فراكسیۆنی ئازادی بۆ خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمدا، گەلی كوردستان لە مێژووی كۆن و نوێ و هاوچەرخێدا بەردەوام لە ژێر فشار و بەرنگاربوونەوە و تێكۆشانی بێ وچان دابووە بۆ بەدەستهێنانی مافە رەواكانی خۆی و ئەم قۆناغەی ئێستاشمان بەدەر نییە لەو راستیە مێژووییە تاڵە، هەرێمی كوردستان بەسەرجەم دامەزراوە فەرمیەكانی مافێكی سروشتی و ئێستاش قەوارەیەكی دەستوورەیە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، كە ئەم ساڵ سەد ساڵ تەمەنی دامەزراندیەتی، لە ماوەی ئەم سەدەیەدا تەمەنی ئەم دەوڵەتە گەلی كوردستان بە هەموو پێكهاتەكانی لە ژێر باری كوردستان لە پشت گوێخستن و نا دادپەروەری و كوشتن و هەڕەشەی لە ناوبردن بەسەربردووە، لە كاتێكیشدا هەڵی بۆ گونجابێت هەوڵی خۆی لەگەڵ هەموو ئەوانەی كە بانگەشەی دیموكراسی و دادپەروەری و كۆمەڵایەتی و دانان نان بە مافەكانی گەل وهەماهەنگی كردووە بۆ گەیشتن بە رۆژگارێكی باشتر بۆ سەرجەم هاوڵاتیان، ئەمڕۆش گەلی كوردستان و قەوارەی سیاسی هەرێمی كوردستان و دامەزراوەكانی لە ژێر فشاری ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدایە، لە كاتێكدا ئەگەر لە حاڵەتی سروشتی و لە

فەزای سیاسیدا ئەم باردۆخە چاوەڕوانکراو بێت، بەڵام بۆیە تەحدیاتی گەورەترمان رووبەروو دەکاتەوە کە بەرپرسیاریەتی گشتی دەهێنێتە پێشەوە بۆ ئەوەش لە پەرلەمانی کوردستان وەکو دەسەڵاتی یاسادانان و داکۆکیکار لە ماف و ئازادی و داخوازی بژێوو گوزەرانی هاوڵاتیان و وەکو دەسەڵاتی چاودێری ئەرکی بنیاتنانی داهاتوومان دەخاتە سەرشان و ئەم بوتیاتنانەش پێوستی بە پشوو درێژی و لێك تێگەیشتن و قبولکردنی راو رای جیاواز و چەسپاندنی پایەکانی دیموکراسی هەیە، بەرێزان، فراکسیۆنی ئازادی هیواخوازە کار دەکات و چاوەڕوانی ئەوەیە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هەموو بە یەکەوە کار بکەین پایەکانی ئەم پەرلەمانە بەهێز بکەین، چونکە پەراوێزخستن و لاوازکردنی هەر دەسەڵاتێکی حوکمڕانی لە نێویاندا پەرلەمانی کوردستان لاوازبوونی پێگەو قەوارەی هەرێمی کوردستان دەبێت و پێچەوانەکەشی راستە، لە هەمان کاتدا ئیتلیافی حکومڕان چۆن بۆی هەیە بانگەشەی بۆ هەنگاوەکانی خۆی بکات لەبەرامبەردا ئێمە لە فراکسیۆنی ئازادی وەك ئۆپۆزسیۆن و فراکسیۆنەکانی دیکەش لەگەڵماندا بەپێی بیر و بۆچوونی بەرنامەی حیزبەکانمان بۆ بەرژەوەندی گشتی و ئایندەی نەوەکانی داهاتوو مافی تەواومان هەیە چاوی رەخنە و بە هەڵسەنگاندنی واقیعی کاروباری حکومەت و دامەزراوەکان و سیاسەتکانی ئابووری پەیڕەوکراو بخەینە روو، هەروەها داکۆکیکاری راستەقینەش بین لە ماف و گوزەران و بژێو دەستەبەرکردنی ئازادیەکانی هاوڵاتیان، ئێمە لەو راستیەش تێ دەگەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرباری ئەرکی حکومڕانی باش کە شایستەی گەلی کوردستان بێت و بە تەقای بەرخودان و قووربانیدانی ئەم گەلە بێت دەبێت ئەرکی رزگاری نیشتیمانی بە رێوەببات لەگەڵیشیدا پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی عێراقی و دیبلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی پەیڕەو بکات بە هاماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دیکە، ئەم بەرپرسیاریەتیە ئەرکێکی گەورەیە، بەڵام بنەمای سەرەکی سەرکەوتنی ئەم حکومڕانیە لە هێنانەدی دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەدەست هێنانەوەی متمانەی هاوڵاتیان دێتە دی لەبەرامبەردا کەمتەرخەمی لە وەڵامدانەوەی پێداویستیەکانی خەڵکی کوردستان مەترسی و تەحدیاتی گەورەتر دەکات، لێرەدا ئاماژە بە پێویستی پاراستنی قەوارە و یەك پارچەیی هەرێمی کوردستان دەکەین، لە سەرووی گشت بەرژەوەندیەکانی دیکە بێت، هەرێمی کوردستان شانازی بە سەقامگیری و پانتایی ئازادی را دەربڕین و دیموکراسی و بوونی حیزب و کومەڵەی فشاری چین وتوێژەکان دەکات، نابێت ئەمە لە پەرلەمانی کوردستان بە هیچ شێوەیەك رێگا بدەین ئەم دەستەکەوتانە لە ژێر هەر بیانوویەکدا بێت پاشەکشەی تێدا بێت، هاوکات لەم خولەی یاسادانان پێویستە ئەو پرۆژە یاسا و بڕیاردانە کە خزمەت بە یەك جیاکردنەوە دسەڵاتەکان و باشترکردنی ئەدای دەسەڵاتی دادوەری و پاراستنی سەربەخۆییەکەی و بەهێزکردنی دەمەزراوەکانی دیکە کاری جدیان لەسەر بکرێت، بە پێویستی دەزانین ئاماژەی پێبکەین ئەگەر یاسای بودجە بێتە پەرلەمانی کوردستان پێویستە سەرچاوەکانی داهات و خەرجی بەو پەڕی شەفافیەت لە پرۆژە یاسای بودجەدا روونکرابێتەوە و ببێتە هەنگاوێك لە هەنگاوەکانی پڕۆسەی چاکسازی و بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی و هەوڵی جدیش بێت بۆ جێ بەجێکردنی پڕۆسەی دابەشکردن و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ پارێزگاکان و دەستە کارگێڕیەکان و باشترین شێوەی لا مەرکەزیەت و رێچکەی یاسای و ئاسایی خۆی بگرێت، جەخت دەکەینەوە لەم خاڵانەی خوارەوە لە دەرکردنی ئەوە یاسایانەی کە پەیوەندیان بە رێکخستن و ژیان و گوزەران و ماف و ئازادیەکانی هاوڵاتیانەوەیە، جەخت دەکەینەوە کە

پەرلەمانی کوردستان لەم خولەی پێنجەمیدا ئەرکی داڕشتن و دەرکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان بێت، دەرچوواندنی یاسای کارێکی سەردەمیانە کە ژیان و گوزەرانی کرێکارانی تێدا پارێزراوبێت، پەرلەمانی کوردستان ڕۆلی زیاتر بگێرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دیکە بۆ پاراستنی دیموگرافیای ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و ڕووبەڕووبوونەوەی پرۆسەی داگیرکردن و بە عەرەب بوونی جارێکی دیکە، پەرلەمانی کوردستان ڕێگربێت بە یاسای گونجاو بەرامبەر بە سیاسەتی بە تایبەتکردنی کەرتە خزمەتگوزاریەکان کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانەوە هەیە وەکو کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی و ئاو و کارەبا و نەهێشتنی هەموو قۆرغکاریەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەبێت بە شێوەیەکی دروست بەکار بێت، ئەرکی ئێوەی بەڕێزە کاتێك پەرلەمانتارێك ماددەیەك دەڵێت ئەو ماددەیە دروست بێت، پەرلەمانتارێکی بەڕێز دەڵێت بەپێی ماددەی (٥٣) من قسە دەکەم لە کاتێکدا ماددەی (٥٣) باسی ئامادەبوونی مێوانان دەکات لەناو هۆلی پەرلەمان، ئەو باسی سێ، چوار بابەتی تری کرد گووتی بەپێی ماددەی (٥٣) هەر ویستم ئێوە زیاتر دەقیق تربن لەوەی کە پەرلەمانتارێك دەڵێت ماددەی (٦٠) یان هەر ماددەیەکی دیکە بزانێت ئێمە دانیشتووین لێرە بێ ئاگا نین، دەزانین کە ماددەی (٥٣) شتێکی دیکەیە، ئەوەی ئەو قسەیەی لەسەر دەکات بابەتێکی دیکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من ل سەر ماددەیا (٦٦)یە، خالا پەیڕەویە، دە هەیڤا شەش سالا بووردیا ماوەیەك لیژنەیا پەیوەندییێن دەرەوە داخازا کۆبوونەکا تایبەت ل سەر کۆچکرنا گەنجان بۆ دەرڤەی ولاتی کریە و ئەڤ کۆبوونە دەست خۆشیا سەرۆکایەتیا پەرلەمانی دەست نیشان کریە بۆ رۆژەکی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك فراکسیۆنی پارتی گەشەپێدانی تورکمان پێشتر لەگەڵ فراکسیۆنەکان بە هەموو ئاراستە سیاسیەکان جەخت لەسەر دوو پرسی سەرەکی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەبوو بە بەرژەوەندی خەڵك و قەوارەی هەرێمی کوردستان، بابەتەکانی چاکسازی و دەستوو بوو، پاش

ئەوەی یاسای چاکسازی لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوویّندرا هەنگاوەکانی پرۆسـەی چاکسـازی لەلایەن حکومەتەوە جێ بەجێ دەکرێت کە بووەتە هۆی رێکخستنی نیزامـی ئیـداری لە هەرێمـی کوردسـتان و زیـادبوونی داهاتەکـان، ئەوەی دووەم کە بـابەتی دەسـتوورە، ئومێـدەوارین کە وەك هەنگاوی یەکەم پرۆژەی ئامادەکردنی دەستووری هەرێمی کوردسـتان ئامـادە بکرێـت کە ئـالیەتی نووسـینی دەسـتوور و پێکهێنـانی لیـژنەکە لەم خـولەدا یەکـلا بکـرێتەوە، هەروەهـا هیـوادارین دانووستاندەکان لەگەڵ بەغدا سەرکەوتوو بێـت، بەڵام لە ئەگەری پێکهـاتن و پێـك نەهـاتن لەگەڵ بەغـدا ئومێـدەوارین پـڕۆژە یاسـای بـودجەی (٢٠٢١) بگـاتە پەرلەمـان ئەم سـاڵ هەرێـم خـاوەنی بودجەی خۆی بێت و پلانێکی دارایی مونەزەمی هەبێت، سەبارەت بە پێکهاتەکان وەك لە یاسـای ژمـارە (٥)ی سـاڵی (٢٠١٥) ئەو مـافە بە پێکهـاتە نەتەوییەکـان دراوە پـڕۆژە یاسـای ئاکادیمیـای تورکمانی و سریانی ئامادە دەکەین، هیـوادارین سـەرۆکایەتی پەرلەمـان و گشـت فراکسـیۆنەکان پشـتیوانی ئـێمە بـن بـۆ دەرچووانـدنی ئەم یاسـایە، لە کۆتاییـدا جەخـت لە یەکرێـزی و یەك هەڵوێسـتی دەکەیـن لەم قۆنـاغە هەسـتیارەدا کە هەرێمـی کوردسـتان تێیـدا تێـپەڕ دەبێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمه صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حکمت فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن بە حـوکمی مـاددەی (٥٦) بـڕگەی یەك قسـە دەکەم، لە (٢٠٢٠/١٠/٢٨) مـن یاداشـتەك ئاڕاسـتەی سـەرۆکایەتیا پەرلەمـانی کـرد بـوو، ئەو ژی سـەبارەت ئەو خەڵکـێ کـو ئـاوەرەی تورکیـا ببـوو ل ساڵێت (١٩٧٥) و (١٩٨٨)ی کو بێنە قەرەبوو کرن وەکی وان ئاوارێـت کو ئاوەرەی ئێران بـوون، کـو بیسـت ملیـۆن دینـارا هـاتبوونە قەرەبـوو کـرن، داخازێـت دکەم ئەو ژی بێـنە قەرەبـوو کـرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمه صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەپێی ماددەی (٢) و مـاددەی (٦٦) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان قسـە دەکەم، دیـارە بەپێـی ماددەکـانی ئەم پەیـڕەوە لە پـاڵ ئەرکـی یاسـادانان دووەم ئەرکـی پەرلەمـان چـاودێریکردنە، بەڵام بە داخەوە بەپێـی هەنگاوەکـانی تـاوەکو ئێسـتا ئەم پەرلەمـانە نەیتوانیـوە چـاودێرێکی چـڕ بێـت و ئەم پەرلەمـانە کڵـۆڵ بـووە لە چـاودێریکردن، سـەبارەت بە دۆسـیەی دەستگیرکراوانی بادینـان، ئـێمە بەپێـی مـاددەی (٦٦) چەنـدین یاداشـتمان ئاڕاسـتەی پەرلەمـانی کوردسـتان کـردووە چـی بە بانگهێشـتکردنی وەزیـری نـاوخۆ بـۆ ئەم پرسـە و چـی داوای بینینـی رەوشـی ئەو زینـدانیانمان کـردووە بە ئێستاشـەوە، بەڵام بە داخەوە رێگەیـان بە ئـێمە نەداوە، وە دەبینین لە هەرێمی کوردستان رۆژ بە رۆژ هەنگاوی دیکتاتۆری زیـاتر دەبێـت، وە رەوشـی ئـازادی زیاتر کۆتووبەند دەکرێت، پەرلەمانتـار لە کاتێکـدا کە پارێزبەنـدی هەیە بەر چەقـۆ دەدرێـت ئەمە

پارێزی ژیانی پەرلەمانتارێك بێت، ئایا پارێزی ژیانیەکی هاووڵاتییەکی ئازادیخواز و ئازادی دەربڕین چۆن دەبێت، بۆیە دەرئەنجامی ئەم هەنگاوانەی دەسەڵاتی پۆلیسی بەراستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخاتە ژێر بەرپرسیاریەتیەوە، بەرەو هەنگاوێك دڕوات وەکو کۆریای باکوور...

**بەڕێز د.هیمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەپێی ماددەی (٥٥) خاڵی پێنجەم، بڕگەی دووەم دەسەڵاتی پۆلیسی پەرلەمان لە پرۆتۆکۆڵ دەسڕێتەوە، کلارە خان فەرموو.

**بەڕێز کلارە عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە (٤٢) ساڵەی کۆچا بابێ روحی گەلێ کوردستانێ بارزانی نەمر سڵاڤ ل گیانێ پاکێ وی دنێرین و هەمی شەهیدێن کوردستانێ، بارزانی نەمر هەمەوو ژیانا خۆ تەرخان کر بۆ مافێن هەمی کوردستانیان، وەك پێشمەرگەك خەباتکار بوو، نیشتیمان پەروەری و خۆ قووربانی کرن چەسپاندنا عەداڵەتێ و خزمەتا بەردەوام ژ بۆ کوردستانەکا ئەڤرۆ بوو، یێ بەردەوام پاڵپشتیا مافێن پێکهاتان بوو و پێکڤە ژیانێ، یا گرنگە ل ڤێ یادێدا ل دێڤ ئەڤێ رێبازێ بەردەوام بین و قەوارێ کوردستانێ پاراستن و سەقامگیر بێت، پاراستنا هەرێما کوردستانێ ل ڤی دەمیدا یا هەستیا بەرپرسیاریەتیا هەمی پارتێن سیاسیە و هاوڵاتێین کوردستان تاك بە تاك، یەکگرتنا کار کرنێ و پەیاما سیاسی ل بابەتێن چارەنووس زۆر گرنگن، پاڵپشتیا بەردەوام بۆ حکومەتا هەرێما کوردستانێ دکەین ژ بۆ جێ بەجێ کرنا هێڵین گشتیێن کارنامەیا کابینەیا نەهێ، هەروەسا ژبۆ بەردەوامیدان ژ دانووستاندن گەل حکومەتا عێراقێ بۆ بە دەست هێنانا مافێن گەلی کوردستانێ، پاڵپشتیا حکومەتێ دکەین ژبۆ جێ بەجێ کرنا ماددەیێن یاسای چاکسازی دژایەتیا گەندەڵی و نەهێلانا بەهەدەردانا مولکا گشتی و پتر خزمەت کرنا هاووڵاتیان، داخاز دکەین ل حکومەتا هەرێما کوردستانێ لەزێ بکەتن لە روخساندنا کار چ دامەزراندن بیت یان گرێبەست ژ بۆ گەنجان ژبەر کو ژمارەکا مەزن ساڵ ب ساڵ دەردچن، فراکسیۆنا ئەنجومەنی کلدانی سریانی ئاشووری بەردەوام کار دکەتن وەك فاکتەرەکێ پۆزەتیڤ پێخەمەت دیڤ هەمی ناکۆکیان، وە ژ بۆ پاراستنا قەوارێ کوردستانێ و سەقامگیریا سیاسی و ئابووی و ئەمناهی، هەرێما کوردستان دێ بەهێز تربیتن ئەگەر مافێن هەمی پێکهاتێن نەتەوەیی و ئایینی پاراستی بین، ژبەر هەندێ دێ کار کەین بۆ پاراستنا هەبوونا گەلێ مە ل کوردستانێ ب هەموارکرنا یاسایێ ژمارە (٥) لە ساڵا (٢٠١٥) کو ئەڤ یاسایە کەماسی هەنە، وە هەندێك ماددەی وی و هەروەسا زێدەکرنا هەندەك ماددەی دی بۆ نموونە ئەڤ یاسایە چ ماددە تێدا نینە کو بەحسێ سزادانێ بکەتن، هەورەسا جهێن پەویوەندیدار چ بەرنامە بۆ جێ بەجێکرنا ماددەیێن ڤی یاسایێ نە دەرچووینە، ئیلزامکرنا حکومەتێ جارەکا دی چاڤ خشاندنەك و بەرێخۆدانەك داتە مەنهاجێ پەروەردێ ل دیڤ بنەمایێ مافێ مرۆڤ و رێزگرتن ل تایبەتمەندیێن هەر نەتەوەیەك و ئایینەك ل کوردستانێ، هەروەسا تەئکید ل سەر بەهێزکرنا بنەمایێن ئاشتی و پێکڤە ژیانی دکەتن و گرنگیدان ب ناساندنا مێژوو و کەلتوری هەمی پێکهاتەکان یێن کو شەریکن ل ڤی وڵاتیدا، زێدە کرنا ماددەیەك تەئکید ل سەر

بەشداریکرنا پێکهاتەیان د ناڤ هێزێن پێشمەرگە و دەزگایێن ئەمنی هاڤ سەنگی هەبیت، نەخاز مە ل جهێن تر یا وان ئاکانجی پێکهاتان بیت، زێدە کرنا ماددەیەك ژ بۆ بەشداریا پێکهاتەیان ل نوێنەرایەتیان و پەیوەندیێن دەرڤە و بە شێوەیەکی بەهێز و کاریگەر، کار کرن و دیڤ چوون و چارەسەرکرنا مەلەفێ زێدە گاڤیان جێ بەجێ کرنا یاسایێ ژمارە (٥) دێ کارکەین بۆ دەست نیشانکرنا بۆدجەکا تایبەت بۆ پرۆژێ بودجەیا سالا (٢٠٢١)ێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ ژ بۆ پتر گەنهاندنا خزمەتگوزاری و گرنگیدان ب جهێن گەشت و گوزاری بۆ گوند و شارۆچکەیێن مە، وە ژ بۆ پاراستنا شوێنەوار و جهێن کەلتوری، هەروەسا ڤە کرنا منیومێنتەکی شەهیدێ کلدانی سریانی ئاشووری، ل سێمێلێ پشتی عەرد هاتیە تەرخان کرن بەری ماوەیەکێ مە داخواز کریە ئەو پلەیێن فەرمانبەریێن پێکهاتێن مە و ماینەڤە ل ئەگەرێ چوونا دەرڤەی وڵاتی ژبەر هێرشێن (داعش) بهێنە پڕ کرن، ئێستاش داخواز دکەین ئەو پلە هەر ژ پێکهاتێ مە بهێتە پڕ کرن وەك پاڵپشتیەك بۆ گەنجێن پێکهاتێ مە و رێگریەك بیتن بۆ هەندێ کو نەچنە دەرڤەی وڵاتی، هێزا هەرێما کوردستانێ یا گرێدایە پاراستنا هەمە جۆریا نەتەوەیی و ئایینی، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.هیمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەهمەن.

**بەرێز بەهمەن کاك عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ماوەیەك لەخۆپیشاندانەکانی رانیە و راپەرین لیژنەیەکی بەدواداچوون لە پەرلەمانی کوردستان دروست کرا، تا ئێستا ئەو لیژنەیە هیچ ئەنجامێکی بۆ رای گشتی ئاشکرا نەکردووە، پەرلەمانی کوردستانیش لە راگەیاندنی ئەنجامی ئەو لیژنەیە بێدەنگە، دوو، بەپێی یاسای جیا کردنەوەی دەنگەکان هەرێمی کوردستان لێدوان و هەندێ...

**بەرێز د.هیمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە بەرێز کاك شاخانەوان و کاك رۆمیۆ ئەکەم دوای ئەو موداخەلانە روون کردنەوە بدەن، بۆ تا ئێستا روون کردنەوەیان نەداوە، فەرموو کاك عمر.

**بەرێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٦) ئەرك و بەرپرسیاریەتی حکومەتی هەرێم بژێوی ژیانی خەڵکە، بە پێچەوانەی ئەو ئەرکەوە وەزارەتی دارایی رێنمایی دەرکردووە مووچەی پێنج مانگی مووچە خۆران ئەخاتە ئەستۆی حکومەتی فیدرالی، بەپێی یاسا و کاری فەرمانرەوایی حکومەت بەرپرسیاری ئەو مووچانەیە، داوا لە بەرێزتان ئەکەم دەسەڵاتی خۆتان بەکار بێنن بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو رێنماییە و بەرپرسیاری حکومەت لە مووچە، دوو، جەخت ئەکەمەوە لەسەر قسەکانی کاك عەلی و مامۆستا ئەبو بەکر سەبارەت بە ماف و ئازادی.

**بەرێز د.هیمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو موژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەو ئێمە ژمارەی یاسایی پەرلەمان کۆمەڵێ یاداشتمان ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی کردووە، زیاد لە جارێ داوام کردووە ژمارەی یاسایی ئەندامان تەواو بووە، بەپێ ئەوەی پەیڕەو داوای کردووە و زیاتریش بووە، کۆمەڵی بابەت ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی کراوە وەکو کەیسی ڕاگیراوەکان و دەرچووە یەکەمەکان و وانەبێژان و خۆبەخشەکان و لێبرنی مووچە بەڵام هیچ جاری نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە دەستەی سەرۆکایەتیش نالێ بۆ نەخراوەتە بەرنامەی کار.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوپیشەکانم زۆر باسی یاسای بودجەیان کرد، من بەپێی پەیرەوی ناوخۆ باسی ئەکەم، ماددەی (٩٨) لە برگەی (١) ئەلێ لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران پێویستە لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەم هەموو ساڵێك بەر لە ساڵی دارایی بە مەبەستی گفتوگۆ کردن پرۆژەی بوودجە بۆ پەرلەمان بنێرێ، واتە ئەبوایە لە مانگی (١٠) ساڵی رابردوو پرۆژەکە بگەیشتبوایە پەرلەمان، بەداخەوە نزیکەی پێنج مانگ تێئەپەرێ نەگەیشتووە.

**بەڕێز د.هیمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان بۆ ئەوەی شتەکان وەکو خۆی باس بکرێ، لە ١٠/٥ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیری دارایی و شاندی دانووستانکار لێرە (١٠) سەعات قسە لەسەر بابەتەکان کرا، وتیان چاوەرێن لەگەل حکومەتی عێراق لەسەر پرۆژەی بودجە بگەنە رێکەوتن تا بەشە بودجەی هەرێم بتوانن بندرێتەوە، ئەوەنیە کاری لەسەر نەکرابێت، فەرموو کاك نزار.

**بەڕێز نزارملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمڕۆ ٣/١ ڕۆژێکە لەناخی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، خاڵی پەیڕەوی بەپێی ماددەی(٥٧) قسەدەکەم بەڵام با پرسیارەکەم تەواو کەم، ئەمڕۆ ٣/١ چل و دوو ساڵ بەسەر وەفاتی ژەنەڕاڵی چیاکان سەرۆك و ڕابەری نەتەوەی بارزانی نەمر کەوا ئەم پەرلەمان و ئەم دەستکەوتەو ئەم حکومەتە لە سایەی ئەم سەرکردەیە هاتۆتە ئاراوە، بۆیە لێرەوە سەری ڕێزو نەوازش دەنوێنم بۆ ڕۆحی پاکی ئەم ژەنەڕاڵە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەپێی ماددەی (٥٧) قسەدەکەم کە هەر پەرلەمانتارێك تەشهیر بە هیجرانێك یاخود بە ئاخاوتنێك بکات، بۆمان هەیە وەڵام بدەینەوە، ئەویش خاتونێکە دەڵێ هەنگاوەکانی حکومەتی پۆلیسی.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم ئاخاوتنە لە پڕۆتۆکۆڵ سڕینەوە پێویست ناکات، چونکە وەڵامی پەرلەمانتار نادرێتەوە بەپێی پەیڕەو ئەرکی دەستەی سەرۆکایەتیە ئەگەر غەرقی ماددەی(٥٤) بڕگەی(٥) خاڵی(٣) هەبێت دەستەی سەرۆکایەتی بڕیار دەدات بسڕێتەوە، ئێستا بەڕێز کاك هیمداد فەرموو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، ئێمە لە فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی بە گرینگی دەزانین لە دەستپێکی کارەکانی ئەم وەرزەدا ئەو پڕۆژە یاسایانەی بخرێتە ئەجندەی کارەکانی پەرلەمان کە خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەن بە تایبەت ئەو پڕۆژە یاسایانەی بارگرانی لەسەر فەرمانبەرو مامۆستاو پێشمەرگەو هێزە ئەمنیەکان و کاسبکاران هەیە ئاسان بکرێتەوە، لەئێستادا خەڵك چاویان لەوەیە پەرلەمانی کوردستان پڕۆژە یاسای بوودجەی هەرێم پەسەند بکات ئەوەش یەکێکە لە کارە سەرەکییەکانی پەرلەمان پێویستە هەرچەند زووە بوودجە بێتە پەرلەمان بۆ پەسەند کردنی بە هیوای ئەوەی ناوەڕۆکی پڕۆژە یاسای بوجە خزمەت بە هەموو خەڵکی کوردستان بکات، بەتایبەت زەمانەتی دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران و هێزە ئەمنیەکان و مامۆستایان و پزیشکان لە کاتی خۆی بەبێ لێبڕین بدرێت، گرینگە لەڕێی یاسایەك کرێی شوێنە گشتی و بازرگانی و خان و شوقە، ڕێك بخرێتەوەو یەك بخرێتەوەو بەشێوەیەك لەخزمەتی کرێچی و خەڵکەکەمان دابێتن، هەموومان لەم وەرزە کارکردنی پەرلەمان پڕۆژە یاسای خانەنشینی موحد هاوشێوەی عێراق پەسەند بکرێت بەشێوەیەك هیچ خانەنشینێك موچەکەی لە سێ سەدوو پەنجا هەزار کەمتر نەبێت، هەروەها گرینگە ئێمە وەکوو پەرلەمان بە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆمان هەڵسین، ئەویش چاودێری کردنی کارەکانی حکومەتی بەتایبەتی چۆنیەتی جێبە جێکردنی پڕۆژە یاسای چاکسازی بۆ ئەوەی بتوانین هاوکاری حکومەت بین بۆ ئەوەی خەرجیەکان کەم بکرێتەوەو داهات زیاد کرێتن، بەڕێزان لە ئێستادا هیوایەك هەیە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەرەو باشتر بڕۆن، ئێمە لە فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی لەگەڵ ئەوەین گفتوگۆو دانوستاندن لە نێوان هەردوولا بەردەوام بن و دەستوری عێراق بکرێتە پەیڕەو بۆ یەکلای کردنەوەی پرسەکان، هەروەها پێویستە حکومەتی ناوەندی عێراق پابەندی دەستور بێت و بودجەی موچەی خەڵکی هەرێم بنێرێت و، نەیکات بەکارتێکی سیاسی خەڵکی هەرێمی کوردستان پێ سزا بدات، بەڕێزان ئێمە لەگەڵ سەقامگیری ئاسایشی هەرێمی کوردستانین وە بە توندی دووبارە ئیدانەی هێرشەکەی سەر شاری هەولێر دەکەین تیرۆرو توندوو تیژی لە بەرژەوەندی هیچ کەس دانییە پێویستە هەموو ئەو گروپە چەکدارانە دوور بکرێتەوە کە مەترسی هەیە لەسەر بەرژەوەندی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دەبێتە هۆی تێکدانی پەیوەنییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانمان، لە کۆتایدا دەمەوێت بڵێم لە خولی ڕابردوودا پڕۆژە یاسای بۆنە فەرمییەکانی تورکمانی پەسەند کرا وەکو فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی سوپاسی خۆمان بۆ هەموو لایەك دەگەیەنین بەهیوای ئەوەین لەم خولەشدا ئەو پڕۆژە یاسایانەی ئێمە ئامادە دەکەین بۆ نەتەوەی تورکمان و ئاینزانەکان گرینگی پێ بدرێ و هاوکاریمان بکرێت لەگەڵ ڕێزم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك فرید.

**بەڕێز فريد يعقوب ايليا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان بەڕێز سـەرۆكی پەرلەمـان بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، فریـد یعقـوب سەرۆكی فراكسیۆنی ڕافیدین لە دەستپێكی وەرزی تشریعی هیوادارم ئەم وەرزە ببیتە وەرزی تشـریعی بە ئیمتیاز بۆ بەرژەوەندی خەڵكی هەرێم ب هەمی جۆرە یاساكان ب هەمـی جـۆری ژیانەكـان هەروەهـا داواكـارم لە بەڕێزتـان كە بیـرو بـوچەی جیاوازیەكـان بەلاوی بەرژەوەنـدی گەلەكەمـان لە پـێش هەمـوو چشتەك بیت، ١/ هیڤیدارم پەرلەمان رۆلی چاودێری باشی هەبێ سەبارەت دیڤ چوونـا فشـارێت زیـاتر ل حكومەتێ بۆ زیـاد كردنـی بـودجەی پێویسـت بـۆ خزمەتگوزاری لە گونـدەكانی هەرێـم بـێ جیـاوازی تـایبەت چـاكردنی جادەكـان و تەندروسـتی و كـۆمەڵایەتی و وەرزشـی و كەرتـی كشـتوكالی و پاراسـتنا بەرهەمی ناوخۆیی، هیڤیدارم پەرلەمان گرنگی زیاتر بە پێكهاتەكان بدات و گرنگی بە یاسای ژمـارە ٥ ی ٢٠١٥ بدات، تەرخـان كردنـی دانیشـتنی تـایبەت بە گفتوگـۆ كـردن بە كێشـەی پێكهاتەكـان، گرنگـی زیـاتر پرۆژەی ئەندامی كۆتـا لە نزیـك، تەرخـان كردنـی بـودجەی هەرێـم بـۆ دابەش كردنـی پـلەی وەزیفـی بـۆ گەلەكەمان بۆ ئەو فەرمانبەرانەی چوونەتە دەرەوەی ولات.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو كاك بالانبۆ.

**بەڕێز بالانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٥٦) برگەی یەكەم، جنێودان و تەشهیر كاری نایاساییە، ئاگادارن لە خۆپیشاندانی مـانگی (١٢) ی هاووڵاتیـانی هەرێـم پەرلەمانتارێـك بە مەبەسـت چـووە نـاو خۆپیشـاندانەوە، جنێـو و تەشهیری بە پێشمەرگە و ئاسایش و ناوخۆ كرد كە هێزی پارێزەری سەر و مـاڵ و خـاكی هەرێمـی كوردستانن، لێرەوە داوا لە بەرێزتان ئەكەم داوا لەو پەرلەمانتارە بكەن داوای لێبوردن بكەن.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك فاهیك.

**بەڕێز فاهيك كمال صوغومون:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم دبینـین بەحسـی هەنـدێ خالێـت هـاوبەش بكەیـن ڤـێ قۆناغێـدا، یەك، داخـازێ حكـومەتا ئێتیحادا عێراقێ دكەین مافێ دەستوریت خەلكێ كوردستانێ پێشێل نەكەت، پێتڤیـا حكـومەتێ عێراقێ نە ژێر كارگەریا تائیفی كار بكەت، دوو، پێتڤیا ئامادەیی بێتە كرن بۆ نڤیسینا دەسـتووریێ هەرێمێ مافێ هەمی پێكهاتەین كوردسـتانێ پـارێزراو بێـت، سـێ، داخـازێ دكەیـن ڤـێ قۆنـاغێ یەكریزیا پارتێ كوردستانی بتایبەت بواری جێ بەجێ كردنا یاسا چاكسازیا ژمـارە (٢) سـاڵا ٢٠٢٠، چونكە ئەم دبینین جێ بەجـێ كرنـا هەمـی مـاددێن و بـرگەێن ڤـێ یاسـای و رێكخسـتنا داهـاتێن حكومەتێ و خالێن دەروازێ سنووری دێ حكومەت شیانێن دەرباز كرنا قەیرانـێ دارایـی هەبیـت و سەركەفتنێ ئینێت، چـار، داخـازێ ژ وەزارەتـێ ئـابووری و داراییـا حكـومەتێ هەرێمـێ دكەیـن بزوترین كات یاسا بودجه ساڵا داراییا ٢٠٢١ بۆ پەرلەمـانێ كوردسـتانێ رێـكەت، پەرلەمـانێ ڤـی

وەرزێ یاسا دانانێ کار ل سەر بکەت و پەسند بکەت، چونکە ئەڤ بودجە وەکی بەلگە نامەك فەرمی و یاسایە ب دەست حکومەتێ شەفافیەتی حکومەتێ ل خەرجی ڤێ سالا دارایی دیار دکەت، پێنج، داخازا حکومەتێ هەرێم دکەین هەولی جدی بدات بۆ دانا بەردەوامیا مووچە کو (٣٠) رۆژا نەبوریت دا باوەریا فەرمانبەر و خەلکی هەرێما ب حکومەتا هەرێم هەبیت.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دکتۆر زێدان.

**بەڕێز زێدان رشیدخان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٧٧ و ٨٩ و ٨٤) سەبارەت بە پێشنیازی پرۆژە یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپور لە هەرێمی کوردستان، وەك ئەزانن لە مانگی (٧) ی ٢٠٢٠ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا و لە ٩/٣ لیژنەی شارەوانی کۆبوونەوەی فراوانی لە ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆرانی شوێنەوار ئەنجامدا، لە ٩/٩ راپۆرتی لیژنەی ئامادا کرا بەڵام پەرلەمانی کوردستان لە ٩/٢٢ نووسراوێکی ئاراستەی حکومەتی هەرێم کرد لەسەر پێشنیاری ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار بکرێتە دەستە یان وەکو خۆی بێ، ئەو نووسراوە (٥) پێشنیاری تێدابوو، وەزارەتی شارەوانی گەشت و گۆزار لە ١٠/١ /٢٠٢٠ وەلامی ئەنجومەنی وەزیرانی داوەتەوە، لەو ماوەیە تا ئیستا ئەو نووسراوە لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەرلەمانی کوردستان نەهاتووە، بۆیە داوا ئەکەین پەلە بکرێ لە وەڵامی ئەو نووسراوە بۆ ئەوەی ئەو پرۆژە یاسایە لە زووترین کات بکرێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئازاد.

**بەڕێز ئازاد اکرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچوونی فراکسیۆنی میللەت لەگەڵ دەستپێکی خولی بەهاری پەرلەمان، یەك، هەموار کردنەوەی یاسای ژمارە (٥) لە سالی ٢٠١٥ یاسای پاراستنی پێکهاتەکان جێ بەجێ بکرێ، پرۆژەکانی پەروەردە و پرۆژەی پەروەردەیی گرنگی بدرێ بۆ چارەسەری کێشەکانی پەروەردەیان، سێ، پرۆژەکانی رۆشنبیری پێکهاتەکان گرنگی پێ بدرێ بۆ چارەسەری پرۆژەکانی رۆشنبیری، چوار، مووچەی حکومەتی هەرێم بێتە پەرلەمانی کوردستان و بوودجەیەك بۆ چالاکییەکانی نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و میدیایی تەرخان بکرێ، کار لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی بۆچوونەکانی فراکسیۆنەکان بکرێ، شەش، لە هەموو کۆبوونەوەی پەرلەمان مەجال بدرێتە سەرۆك فراکسیۆنەکان بۆچوونی فراکسیۆنەکانیان روون بکەنەوە لە نێوان سێ تا پێنج دەقەیە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جا ئەوە ئەبێ پەیڕەوی بۆ بگۆڕین، فەرموو کاك بەلێن.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی نەبێ بە قۆپیە نوقتەی نیزامی نییە، پێشنیازە...

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دوایی مەجال ئەدەین، فەرموو كاك جەلال.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پەیوەستە بە هەر (١٢٨) خاڵەكەی پەیڕەوی، سەبارەت بە كۆتایی هاتنە بە زمانی كوردی، وەختی خۆی گلەییمان لە حكومەتی بەعس ئەكرد دەرسی كوردی لە دەرسی (٥ و ٦)ەم ئەبوو، لەبەر ئەوەی ئەیانویست زمانی كوردی بشكێنن، ئێستا لە هەموو قوتابخانەكان زمانی كوردی لە هەمان كات بەشێ لە قوتابخانە ئەهلیەكان شانازی ئەكەن و داك و باب شانازی ئەكەن منداڵیان فێری ئینگلیزی و توركی و عەرەبی بووە كوردی لەبیر چووە، ئەبێ خەمی لێ بخۆین، پێشنیار ئەكەم لە هەموو زانكۆكان توب و هەندەسە و زۆربەیان چۆن دەرسی ئینگلیزی و فیزیا (٩٠) بەرەو سەرەوە بێ كوردیش وای لێ بێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

پرۆژە یاسای پەروەردە لە ئەنجومەنی شورا تێپەڕیوە ئێستا لە ئەنجومەنی وەزیرانە، بڕیارە لەو وەرزە بێ، ئەتوانن لەوێ موناقەشەی خۆتان بكەن، فەرموو مامۆستا عثمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمەوێ لە ژێر گۆڕینی ناونیشانی كۆمەڵی دادگەری پشت بەستن بە فەرموودەیەكی پێغەمبەری خودا موداخەلەیەك بكەم، سوپاس كە رێت پێدام، ئەو دانیشتنەی ئەمجارە نەك هەر دادگەری تەواو دادگەریت چەسپاند سوپاست ئەكەم، رێگەت دا بە هەر هەموو ئامادە بووان قسە بكەن...

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بڕیاری دەستەی سەۆكایەتی بوو بەس من نەبووم.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

..... ئەگەر فراكسیۆنێك یەك نەفەر بووبێ پێنج دەقە قسەی كردووە، فراكسیۆنێك پێنج كورسی بێ یەك دەقە قسەی كردووە، ئەمەوێ جەنابت بۆمان روون بكەیەوە لە كوێی ئەو پەیڕەوە هاتووە كە دەستپێكی خولی تازە سەرۆك فراكسیۆنەكان پێنج خولەك قسە بكەن و دوایی بڕۆنە دەرەوە؟

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە لە سەرۆك فراكسیۆنەكان بپرسە، فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەرەتای وەرزی نوێی تەشریعی كۆمەلێ یاسا پێویستیان بە هەموار كردنەوەیە، بەهۆی تێپەڕ بوونی كات و گۆڕانی ژینگەیی لە هەمان كات كۆمەڵێ پرۆژە یاسا هەن پێویستە تەشریعیان بۆ بكرێ، تەواوی سەرنجم لەو خالانەی خوارەوە كۆ ئەكەمەوە:

١-یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) سالی ١٩٦٩ پێویستی بە هەموار كردنی زۆر هەیە، بە نموونە پرسی لەبار بردن وەكو تاوانێكی گەورە سزای بۆ دانراوە لە كاتێكدا لە جیهانی ئێستا لەبار بردن لە هەندێ شوێن بەشێكە لە مافی دایك و باوك تا تەمەنێكی دیاری كراوی كۆرپەلە، لە هەندێكی تر مافی تەواوی دایكە بڕیاری لێ بدات.

٢- یاسای جێ بەجێ کردنی عێراقی ژمارە (٤٥) ی ١٩٨٠ ئەویش پێویستی بە هەموار کردن هەیە، بۆ نموونە هەموو ئەو بڕیارانەی دادگا نووسراوی فەرمی و نافەرمی کە ئەبرێتە بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردن ئەکرێ بە ئەقسات یان پێنج یەکی داهاتی قەرزدار کە ئەوەش پێویستی بە هەمواری بەپەلە هەیە.
٣- یاسای سەلماندنی عێراقی ژمارە (١٠٧) ی ١٩٧٩ ی هەموار کراو، کەموکوری زۆری تێدایە، بەهۆی پێشکەوتنی ئامرازەکان لە جیهان، نموونە گرتە ڤیدیۆ کە یەکێکە لە ئامرازەکانی سەلماندن لە هەموو جیهان بۆ گەیشتن بە حەقیقەت بوونی نییە لەو یاسایە.
٤- یاسای باری کەسی عێراقی ژمارە (١٨٨) ی ١٩٥٩ ی هەموار کراو، کەموکوڕی زۆری تێدایە بە حوکمی ئەو یاسایە گەڕێندراوەتەوە بۆ ئیجتیهادی فوقەهاکانی سەدەی (٢ و ٣ و ٤) ی کۆچی، لە ئێستا زۆربەی ئەحکامەکان گۆڕاون بە پێی گۆڕانی زەمەن، بۆ نموونە هاتووە ئافرەت نیو شاهێد و نیو میراتە، تەنانەت لە یاسای ژمارە (١٥) ی ٢٠٠٨ ی دەرچوو لە پەرلەمانی کوردستان ڕێگری لە فرە ژنی نەکراوە، بەڵکو کۆمەڵی مەرجی بۆ دانراوە لە کاتێکدا پێویست بوو پەیوەست بکرێ بە شوێنی ناسنامەی باری شارستانی تاکەکان، چونکە خەڵکانێك لە هەرێم ئەچن لە ناوەڕاست و باشووری عێراق فرە ژنی ئەنجام ئەدەن و بەو شێوەیە یاسای ژمارە (١٥) ی سالی ٢٠٠٨ ناچێتە بواری جێ بەجێ کرنی تەواوەتی.
٥ یاسای پاراستنی مافی موئەلیف ژمارە (٣) ی سالی ١٩٧١، ئەویش زۆر کەمو کورتی تێدایە بە حوکمی ئەوەی لە ساڵانی زۆر زوو تەشریع کرا، لە ئێستا لە هەرێم پێویستیمان بە تەشریع کردنی یاسایەك هەیە بە ناوی خاوەنداریەتی هزری، من پرۆژەیەکی ئامادە کراوم بۆی هەیە و ئاراستەی ئەکەم لە داهاتوو.
٦- وەك لە یاسا بەرکارەکانی هەرێم بوونی هەیە ئێستا (٨) ئاین نوێنەرایەتیان هەیە لە وەزارەتی ئەوقاف لە کاتێکدا تەنیا دوان لەو ئاینانە یاسای تایبەتی خۆیان هەیە، کە ئاینی ئیسلام یاسای باری کەسی هەیە و ئاینی کریستیانش، بەڵام ئاینەکانی تر یاسای تایبەت بەخۆیان نیە، پێویستە یاسای باری کەسی بە شێوازێك هەموار بکرێتەوە کە بە تەواوی دابماڵرێ لە هەموو دینەکان و مرۆڤ گەلایی سەربەست بێ، یان پێویستە ئاینەکانی تر کە لە وەزارەتی ئەوقاف ناویان هەیە و لە یاساکانی هەرێم هەن پێویستە پرۆژەی تایبەت بە خۆیان هەبێ کە لە ئێستا کارم لەسەر پرۆژە یاسایەك کردووە بۆ ئاینەکانی تر کە ئەگەر بکرێ لە داهاتوویەکی نزیك کاری لەسەر بکەین.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هدیە خان.

**بەڕێز هدیە مراد حیدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتی ڕێکەوتنا ناڤبەرا حکومەتا هەرێمێ و بەغدا هاتیە کرن ل سەر ئاسایی کرنا دۆخی شەنگالێ مخابن تا نوکە نەکەفتیە بوارێ جێ بەجێ کرنێ، خلکی مە ژیانەکا سەخت و دژوار دەرباز دکەن، کارەسات و روودانێ ناخۆش رودات، تایبەت بەری چەند رۆژا لە کەمپا بێرسڤێ چەند کەمپ هاتنە سوتن و ٤ کەس بوونە قوربانی کو بابەك و سێ زارۆکێت وی بوون، چەندین برینەدار ژی هەبوون، داخازی پەرلەمانێ کوردستانێ دکەم پتر گرنگی ڤێ ڕێکەفتنێ بدەن.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەلێن.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەمەوێ پێشنیارێك بکەم بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، ئەو هاووڵاتییەی لە دەرەوە سەیری ئێمە ئەکات ئەڵێ یەك کەس هاتووە وتار بۆ هەموو ئەو بەڕێزانە لەسەر فراکسیۆنەکان نووسی بێ، هەموو خەمی هاوبەش کۆی کردوویەتەوە، لە ٨٠٪ و ٩٠٪ قسەکان هەمووی یەك ئەمانجە، بۆ ئەوەی ئەو پەرلەمانە ئەو گلەییەی لەسەر لابچێ کە کارا نیە، پێشنیار ئەکەم دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان وتاری سەرۆك فراکسیۆنەکان وەرگرێ و لە سبێنەوە کۆبوونەوەی سەرۆك فراکسیۆنەکان بکات و ئەولەویەتی قسەکانمان ریزبەندی بۆ بکەین، شەو و رۆژ بخەینە سەر یەك بتوانین ئەو وەرزەی یاسا دانان کارا بێ خزمەتی خەڵك بکەین، ئەگەر دیقەت بدەین لە پاڵ پرۆژە یاساکان مەسەلەی ئازادی رادەربرین و یەکەمەکان ...
**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو کاك شاخەوان.
**بەڕێز شاخەوان رۆوف مصطفی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سوپاسی هاورێکانم ئەکەم لە لیژنەی بەدواداچوون لە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەلەبجە و راپەرین، دیارە هەرسێ لیژنە بۆ بەدواداچوونی کێشە و گرفتی خۆپیشاندەران جوهدی باشیان کردووە سوپاسیان ئەکەم، ئەمەوێ روون کردنەوە بدەم کە راپۆرتی هاوبەش کۆتایی هاتووە، تەنیا چەند ئیمزایەك ماوە، ئەگەر کەمی دواکەوتبێ پەیوەندی بە پشووی پەرلەمان هەبووە، وردە کاری راپرۆتەکە بە وردی...
**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
ئیمزا نەکراوە یانی کۆتایی نەهاتووە، فەرموو کاك رۆمیۆ.
**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
وەکو لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ دوای سەردانی دوو ساڵی رابردوو بۆ چاکسازی و لایەنی پەیوەندیدار وەکو دادگاکانی هەرێم چەندەها کەمووکوریمان بینی، لە راپۆرتی تێرو تەسەل باسی کەموکوری و چارەسەریشمان کرد، لە دانیشتنی تایبەتی پار ساڵ لەو پەرلەمانە باسی هەموو شتمان کرد، بەڵام تا ...
**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
وەکو سەرۆکی لیژنە راپرۆتەکەتان چی لێ کردووە؟
**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**
...... ئەگەر چێشت لێنەر زۆر بوو خواردنەکە ئەسووتێ، چەندەها کۆبوونەوەی هاوبەشمان کرد بۆ لیژنە هاوبەشەکان هەموویان ئامادە نەدەبوون، چەندەها جار راپۆرتەکە بە دوو شێوە نووسراوە، رۆژانە و شەوانە تێبینی و پێشنیاری نوێ ئەهات، یەکلایی ئەکرایەوە دوای چەند سەعاتێکی تر شتی نوێ ئەهات، بەشی هەرە زۆری تیبنیە نوێیەکان دووبارە بوون ئەوە هۆی دواکەوتنی راپۆرتەکە بوو.
**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو کاك مەم.

**بەرێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەكـانی (٥٨و ٥٩و ٦٦و ٦٩) كە بەرێـزت باسـت كـرد لە راپـۆرتی دەسـتەی سـەرۆكايەتی (٢٥٦) پرسيار وەڵام نەهاتۆتەوە، لەو وەڵامانەی نەهاتۆتە لە كۆ (١٢٢٤) پرسيار بەرێـز سـەرۆكی پەرلەمـان لە دانيشتنێك وتی رێوشوێنی تايبەت بگرنە بەر، فـيعلەن لە پەيـڕەو هـاتووە پرسـيارت كـرد وەلام نەبوو ئاليەتێك هەيە ماددەی (٦٦) بۆ دانيشـتن، دانيشـتنی (٦٦) كـراوە نەتـيجەی نەبـووە، مـاددەی (٦٩) نەكـراوە نەتـيجەی نەبـووە، پرسـيار لە دەسـتەی سـەرۆكايەتی، ئەگەر (٦٦) جـێ بەجـێ نـابێ حەلێك بلێن.

**بەرێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێزان ئەو پەيڕەوەمان لەبەر دەسـتە هەر سـەرنجێكتان هەيە بـۆ هەمـوار كردنـی ئەو پەيـڕەوە فەرموو بە ياداشتێك پێشكەشی بكەن، فەرموو.

**بەرێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٦) بەرەوە يادەكانی راپەرين ئەچـين كە لە ٣/١ لە راپەريـنەوە دەسـتی پـێ كـرد، ئەو پەرلەمـانە بەرهەمـی ئەو راپەريـنەيە، لێـرەوە لەو يـادە مەزنەوە كە (٣٠) سـاڵ تێـپەر ئەبـێ، سەرۆكايەتی هەرێم لە ٢٠١٢ فەرمانی ئيدارە سەربەخۆكانی دەركرد كە ئيدارەی راپەرين يەكێكە، بەڵام تائێسـتا لە واقيـع سـەربەخۆ نـين، پێويسـتە پەرلەمـانی كوردسـتان رۆلـی هەبـێ ئيـدارە سـەربەخۆكان هاوشـێوەی پارێزگاكـان مامەلەيـان لەگەل بكـرێ كە رانـيە لە ئاسـت ئەو قوربـانی دانە...

**بەرێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو حەسيبەخان.

**بەرێز حسيبە سعيد ابراهيم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سلاو درود بۆ گيانی پاكی رۆحـی نەتەوەيـی كـورد بـارزانی، سـەبارەت بەو ليـژنەی هاوبەشـانەی لەســەر راســپاردەی دەســتەی ســەرۆكايەتی پەرلەمــان لە ١٢/١٥ لە لێكــۆلينەوە لەســەر ئەو بارگرژيانەی لە يەكێ لە پارێزگاكانی كوردستان و ئيـدارەی راپەريـن و گەرميـان دروسـت بـوو كە سەردانمان كرد، سێ كۆبوونەوەمان كرد...

**بەرێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دەست بە جێ بەجێ كردنی خاڵی پێنجەمی بەرنـامەی كـار ئەكەيـن كە بـريتيە لە سوێند خواردنی بەرێز پاڵێوراو (هەڵكەوت انـور خلـيفە) لە شـوێنی ( ئومێـد عبـدالرحمن حسـن) بەپێی حوكمی ماددەی (٢٧) لە پەيڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، بفەرموون.

**بەڕێز هەڵكەوت انور خليفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەلكەوت انوەر خەليفە بە خوای گەورە سوێند ئەخۆم پارێزگاری يەكێتی گەل و خاكی كوردستان و عێراق و بەرژەوەندييە باڵاكانی بكەم.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك سيروان.

**بەڕێز سيروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی ( ١١١ ) كە ئازادی كاری پەرلەمانتاريە، وەكو پەرلەمانتار لە دەرەوەی ليژنەكان بەداواداچوون ئەكەين، يەكێ لەو شتانەيە لەسەر شەقام لەگەڵ هاوولاتيان ئەبين، بۆخۆم زياتر لە سێ جار لە خۆپيشاندانەكان بەشداريم كردووە هەر سێ جار توندو تيژی بەرامبەر من و هاووڵاتيان كراوە، باسم رد لەسەر داوای من ئەو ليژنەيە كراوە لە ٢٠٢٠/١١/٢٥ داوام كردووە، ئەو ليژنەی بەڕێزە هاتووە سلێمانی سێ ليژنە هێشتان كەس نەهاتووە پرسيار ...

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان چەند بابەتێك وروژێنرا پێويستە باسی بكەين، بەرمەبنای دەستوور و ياسا كارەكان ئەكەين، پرەنسيپی جيايی لە دەستەڵاتەكان بابەتێكە لە دەستووری عێراق بەپێی ماددەكانی (١٩ و ٨٧ و ٨) تەزمين كراوە، بابەتی دادگا و دەسەڵاتی دادوەری لە پەرلەمانی كوردستان ياسايەكمان هەيە ياسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣) ی ٢٠٠٧، لە ماددەكانی باسی سەربەخۆيی دادگاكان و دەسەڵاتی دادوەری و ئەرك و كارەكانی پەرلەمانی كوردستانيش روونن، بەپێی بنەماكانی دەستوور و ياسا لە هەرێمی كوردستان و پەيڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ماددەی (٤٣) برگەی (٣) و ماددەی (٥٩) برگەی (٣و ٦٢) و بڕگەی (٦) ئەركی ئەندامی پەرلەمان روونە كە بابەتێك لە ژێر لێكۆڵينەوەی دادگاكان بێ بۆ كاركردن و دەستێوەردان لە كاروباری دادگا ئەچێتە دەرەوەی كاری پەرلەمانی كوردستان، بۆيە لێرەوە داوا ئەكەين زۆر جار بەشێك لە ئەندامان ئەلێن هەوڵدارەوە هەندێ لە حوكم دراوەكان ببينين، تا ئێستا ليژنەی كاروباری مافی مرۆڤ و كۆمەلايەتی ياداشتی فەرمی بە ئێمە نەداوە تا بيدەينە ئەنجومەنی وەزيران، ئەگەر ئەتوانن ياداشتێك بدەنە سەرۆكايەتی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆكايەتی حكومەت و ئاسايش تەنسيق ئەكەين بۆ ئەوەی بتوانن ئەوەی پێويستە ئەنجامی بدەن، كۆتايی بە دانيشتن ئەهێنين، سوپاس.

| | |
|---|---|
| **منى نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)ی**
**دووشەممە رێكەوتی ١٨ ٢٠٢١\٣**
**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)
# دووشەممە ڕێکەوتی ٨/ ٣/ ٢٠٢١

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/٨ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمی ماددەی/٥ و بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لەماددەی/١٦ بڕگەی/٣ لە ماددەی/١٨ و بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی/٢٠ و ماددەکانی/٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی، خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێشنیوەڕۆ، ڕۆژی دوو شەممەی ڕێککەوتی ٢٠٢١/٣/٨ بەم شێوەیە بێت:

١- خستنەڕووی ڕاوبۆچوونی پەرلەمانتاران سەبارەت بە ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان لە ساڵی ١٩٩١ بۆ ماوەی (٤٠) دەقیقە.

٢- خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی، خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ ئەکەین، سەرەتاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە بەرنامەی کار لەگەڵ پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو بخوێنێتەوە، فەرموون.

**بەڕێز منى نبى قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار بە پێی حوکمی ماددەی/٥ و بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لەماددەی/١٦ بڕگەی/٣ لە ماددەی/١٨ و بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی/٢٠ و ماددەکانی/٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی، خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆ، ڕۆژی دوو شەممەی ڕێککەوتی ٢٠٢١/٣/٨ بەم شێوەیە بێت:

١- خستنەڕووی ڕاو بۆچوونی پەرلەمانتاران سەبارەت بە ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان لە ساڵی ١٩٩١ بۆ ماوەی (٤٠) دەقیقە.
٢- خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

بەپێی حوکمی خاڵی یەکەم لە بڕگەی یەکەم ماددەی/٤٩ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بە زیاد کردنی بڕگەیەك بۆ ڕیزبەندی سێیەم بۆ بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢) ی ڕۆژی دوو شەممە ڕێککەوتی ٣/٨ بەم شێوەیەی خوارەوە:

خوێندنەوەی یاداشتێك لەلایەن بەڕێز سەرۆکی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت بە بۆنەی یادی ٨/ مارس وەك ڕۆژی جیهانی ئافرەتان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١) ی ئاسایی بە پێی حوکمی بڕگەی دووەم و ماددەی/٢٠ و ٥٢ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی، خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێشنیوەڕۆو ڕۆژی دوو شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٣/١ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
٣- دەسپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
٤- یەك دەقیقە بێ دەنگی وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عیراق.
٥- کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لەلایەن بەڕێز جێگری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٦- وتەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان بە بۆنەی کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.
٧- وتەی بەڕێزان سەرۆك فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بە بۆنەی کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.
٨- سوێندخواردنی پاڵێوراو بەڕێز (هەڵکەوت انور خلیفە) لە شوێنی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (ئومێد عبدالرحمن حسن).
٩- کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەست بە جێ بەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار دەکەین، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار/ بریتیە لە خستنەڕووی ڕاوبۆچوونی پەرلەمانتاران سەبارەت بە ڕاپەرینە مەزنەکەی گەلەکەمان لە ساڵی ١٩٩١ بۆ ماوەی (٤٠) دەقیقە لەو بارەیەوە قسە ئەکەین، بەڕێزان ئێمە (٤٠) دەقیقەمان لەبەردەستدایە یا ئەوەتا (٢٠) کەس وەردەگرین لە تەواوی فراکسیۆنەکان هەر کەسە و دوو

دەقیقە قسە بکات، یـان ئەوەتـا (٤٠) کەس وەردەگـرین و هەر کەسـە و یەك دەقـیقە قسـە بکـات، فەرمـوو ناویـان بنووسـە، نـاوی هەمـووان بنووسـە دوایـی بە تەوازن لە هەمـوو فراکسـیۆنەکان وەردەگرین، بەڕێزان ئێمە ئەم ئسـلوبە بەکـاردەهێنین لە دانیشـتنەکانی پەرلەمـانی کوردسـتان بە مەرجی پابەندبوون بەو کاتەی کە ئێمە دایدەنێین بۆ ئەو بـابەتە ئیتفـاق بـکەن لەبەینـی خۆتانـدا شەرت نییە هەر هەمووی قسە بکات، ئێمە بابەتی ترمان هەیە ئەبێ یاسا لەم پەرلەمانە دەربچێ، لەنجە خان نوقتە نیزامیەکەت بڵێ فەرموو.

**بەڕیز لنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی/٤٨ خاڵی یەکەم لە پەیڕەوی پەرلەمانی کوردستان، بەناوی لیژنەی داکـۆکی کـردن لە مافی ئافرەت داوا دەکەم کەوا بڕگەی (٣) لە بەرنامەی کـار بکـرێتە بـڕگەی/٢ لە بەرنـامەی کـار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بۆ ئەم بـابەتە دەبـێ سـەرۆکایەتی داوا بکـات یـان ئەبـێ سـێ کەس بـن، هەر بەڕێزێکـی تـر پشتیوانی لە ڕایەکەی لەنـجە خـان دەکـات؟ بەڵـێ، بەنـاوی لیـژنەوە هـیچ کەس ئیعتـرازی هەیە؟ بەڵـێ کەواتە ئێسـتا ئەم بـابەتە ئەخەیـنە دەنگـدان، چەنـد کەس لەگەڵ ئەوەیە بـرگەی/٣ بکـرێتە بـرگەی/٢ ی بەرنـامەی کـار؟ تەواو سـوپاس، (٧٠) کەس لەگەڵ ئەوەیە بـڕگەی سـێیەم بکـرێ بە برگەی دووەمی بەرنامەی کار، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە و میهرەبـان، لەمەر بەرنـامەی کـاری ئەمـرۆی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان ئـێمە تێبینیەکمـان هەیە لەسـەر بەرنـامەی کـار بە گشـتی و بە تـایبەتی بـۆ ئەم پـرۆژە یاسـایەی کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت، دەکرێت پێشنیازە یاسـای پاراسـتنی بەرهەمە خۆماڵیەکـان لە هەرێمـی کوردسـتان، لەڕاسـتی دا لە ڕاپـۆرتی لیـژنەی یاسـایی دا هـاتووە کە ئەمـان پشـت بەسـتن...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان با بگەینە سەر ئەو بڕگەیە کە بڕگەی (٣) یە... فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ڕیگەم بدەی هەر بە کـورتی تەواوی دەکەم... بە گـوێرەی مـاددەی/٥٦ باسـیان لەوە کـردووە کە لەسـەر ڕاپـۆرتی لیـژنەی وزە و سـامانە سروشـتییەکان و پیشەسـازی و بازرگـانی لە ئەساسـدا ئـێمە لە لیـژنەی سـامانە سروشـتییەکان ڕاپۆرتمـان لەسـەر ئەم پێشـنیازە یاسـایە نەنووسـیوە، لە مـانگی (٧) ئـێمە ڕاسـتاندنێکمان کـردووە بـۆ سـەرۆکایەتی پەرلەمـان و حەوت جـار ئەم پـرۆژەی چـۆتە حکـومەت و گەڕاوەتەوە و دواتـریش داوای ڕەئـی حکومەتمـان کـردووە، بەڵام ڕایەکە نەگەڕاوەتەوە تـا ئێسـتاش، چـاوەڕوانی وەڵامـی حکـومەتین و لە هەمـان کاتـدا تـا ئێسـتا لیـژنەی

یاسایی و لیژنەی سامانە سروشتیەکان لەسەر ئەم بابەتە کۆنەبوونەتەوە، بۆیە لە ڕاستی دا هیچ ڕاپۆرتێك لە لیژنەی سامانە سروشتیەکان لەسەر ئەم بابەتە نەنووسراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلی زۆر سوپاس کە گەیشتینە سەر ئەو بڕگەیە وەڵامتان ئەدەینەوە، کە ئەمە چۆن کراوە، بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بەو نوقتەی نیزامیە کاك علی هەر هەمان قسەت هەیە؟ کاك علی ئێمە نووسیومانە بۆ ماوەی (٤٠) دەقیقە، کاك علی حمە صالح برای ئەزیزم تۆ ئەندامی پەرلەمان بووی لە خولی پێشووش ئێمە، ئەبێ قسە کردنمان تەنزیم بکەین و ڕێکی بخەین، کات زۆر موهیمە، تکایە با من قسەکانم تەواو بکەم تکایە با قسەکانم تەواو بکەم، ڕاپۆرتی یەکێك لە سایتە موعتەبەرەکانم خوێندەوە لەسەر پەرلەمان هیچ شتێك بەقەدەر ئەوە برینداری نەکردم کە هەر قانونێك کە لە پەرلەمانی کوردستان لەم خولی دەرچووە ملیار و نیوێك لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەسەر دارایی هەرێمی کوردستان کەوتووە، پێوەر بۆ ئەوەی لە دوای تەواو بوونی ئەم خولە، ئەم خولە سەرکەوتوو بوو یان نا ئەوەیە کە چەند بۆشایی یاسایی ئەم هەرێمەی پڕ کردووەتەوە؟ قسە کردنەکانی بەڕێزتان زۆر زۆر گرنگە، زۆر لە جێی خۆیەتی، ئێمە بۆ ئەوەی تووشی ئەو ئەشکالیەتە نەبین کە لە ڕابردوو دا تووش دەبووین بەوەی کە قسە دەکراو قسەکان نوقەی نیزامی نەبوون، ئیتفاقمان کرد ئەم سیانەمان کە شێوازێك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی تەنفیسێك بۆ ئەندامانی پەرلەمان هەبێ قسە بکەن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە بەڕێزان ئێمە نەتوانین قانون دەربکەین لەبەر قسە کردن، ئێوە بۆتان هەیە قسە بکەن، ئێوە فراکسیۆنن، روئیاتان هەیە، ئەندامانی پەرلەمان ئێوە خۆتان و ئێمە (١١١) کەسین، (٤٠) کەس بۆی هەبێ قسە بکات، یەکی یەك دەقە با قسە بکات، (٢٠) کەس بۆی هەبێ قسە بکات یەکی دوو دەقە با قسە بکات، ئەگینا ئەو ژمارەیەی ئێستا بەڕێزتان ناوتان نووسیوە هەتا دوو رۆژی تر قسە بکەن تەواو نابێ، هەمووومان قسە لەسەر ئەوە دەکەین دەبێ بەرهەمی خۆماڵی بپارێزرێت، کەس نییە لەم پەرلەمانە قسەی لەسەر ئەوە نەکردێت، ئەم پێشنیازە یاسایەکی گرنگە، دەست بە قسە کردن دەکەین بەو ئالیەتەی خۆمان دامانناوە، تکایە با یەکتری ئەوەنە هیلاك نەکەین، ... فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەبتی هەیە بەم بڕگەوە، ئەم پرۆژەی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی ئێمە بۆ دەعمی پشتیوانی مەعمەلەکان و بەروبومی کشتوکاڵی ئەیکەین، ئێستا وەزارەتی کشتوکاڵ ئەوەی کە کاروان وتی ئێمە لەمانگی حەوت ناردوومانە، مانگی حەوت بۆ ئێستا یەك دنیا گۆڕانکاری لە پەیوەندی ئێمە عێراق دا ڕووی داوە، ئێستا وەزارەتی کشتوکاڵ و بازرگانی کە کەسیان لێرە نین لەگەل ئەم ڕەشنووسە نین، ئەبێ ئێمە دانیشینەوە لە گەڵیان دا قۆناغێکی نوێ دروست بووە، لە مانگی (٧)ەوە بۆ ئێستا بە جدی چاوەڕێی وەڵامی حکومەت نەکراوە، یەعنی ئەگەر فکرەکە ئەوەیە هەر قانوون دەربکەین دەری ئەکەین، بەڵام ئایا تۆ قانونێکت دەوێ دەعمی بەرهەمی ناوخۆ بکات یان هەر قانونەکە دەرکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەمەی لەبەردەستمانە دوایش دەرفەت دەدەم بە بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی قسەی خۆی لەو بارەیەوە بكات، حازر كردنی ئەم پرۆژە یاسایە بە ئامادەبوونی هەردوو وەزیری تایبەتمەند بووە، ئەمەی لەبەردەستمایە ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی پەرلەمانی كوردستانە و دەستەی سەرۆكایەتی ناتوانێ داوا لە لیژنەی یاسایی بكات بۆ ئامادەكردنی رأپۆرت ئەگەر لیژنەی تایبەتمەند ڕاپۆرتی ئامادە نەكردبێت، ئیمزای هەشت ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانی كوردستانی لەسەرە لە لیژنەی وزە، هەر لەوێ داوا دەكەن كە بە پێی حوكمی ماددەی ئەوەنە لە وە كە خۆتان نووسیوتانە كاك علی حمەصالح ئیمزای كردووە، ڕاپۆرتی پێشنیازە یاسای بەرهەمی خۆماڵیەكان لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق هی مانگی (٧)، بەرێزان ئێوە راپۆرتی خۆتانتان نووسیوە ناردووتانە بۆ لیژنەی قانونی و لیژنەی قانونیش ڕاپۆرتی خۆی نوسیوە دواتر ئەنجومەنی وەزیران لە مانگی (٢)ی ئەمساڵ وەڵامی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستانی داوەتەوە، لەبەر ئەوەی لیژنەی یاسای نووسراوەكەیان كردووە، لەبەر ئەوەی ئێوە نەتان كردووە، ئەوان كردوویانە، باسی ئاخر جار دەكەم، وەڵامیان داوەتەوە و بەلێ ئەنجومەنی وەزیرانی كوردستان لەگەڵ ئەوەیە كە پێشنیازە یاسایەك بۆ پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی لە هەرێمی كوردستان پەسەند بكرێ، ڕاوبۆچوونەكانی هەردوو وەزارەت بە هەند وەربگیردرێت، بۆ ئەو مەبەستە ئێمە ڕاوبۆچوونەكانی هەردوو وەزارەتمان بە نووسراو بۆ هاتووە، ئەو ڕاوبۆچوونانەی كە هەردوو وەزارەت هەیان بووە لەسەر پێشنیازە یاسایەكە لە ڕێگەی لیژنەی یاساییەوە خراوەتە ناو پرۆژە یاسایەكە زیاتر لە دوو سەعات ئێمە لەگەڵ ڕاوێژكاری وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی دانیشتووین ئەمە كە لەبەردەستی مندایە پرۆتۆكۆلی واژووكراوی نێوان حكومەتی فیدراڵی و حكومەتی هەرێمی كوردستانە، تەنها یەك بڕگەی تیایە كە پەیوەندی بە پاراستنی بەرهەمەوە هەیە، تەواوی بڕگەكەمان كردووە بە ماددەیەك لە پێشنیازە یاساكە بۆ ئەوەی هیچ ئەشكالێك بۆ وەزارەتی ناوبراو دروست نەبێ و ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر موناقەشە كردنی ئەو پێشنیازە یاسایە، ئێمە ئەزانین پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی خەڵكێك هەیە دژیەتیو بازرگانی چاوچنۆك لەم وڵاتەیا هەیە دژیەتی، ئەو ئاستەنگانەی كە تا ئێستا بۆ پێشنیازە یاسایە دروست كراوە لە عومری ئەم خولەی پەرلەمان دا بۆ هیچ پێشنیازە یاسایەكی تر دروست نەكراوە، ئێستا دەرفەتی قسە كردن دەكەینەوە بەڕێزان...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فە رموو كاك علی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بازرگان نین، یەعنی با وا نەڕوات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

من مەبەستم ئێوە نییە بڕواتان بێ، مەبەست بەڕێزتان نییە، من دڵنیام لە نیەت پاكی لیژنەكانی پەرلەمانی كوردستان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، بەڕێزان ڕێوشوێنی خۆی بڕیوە ئێمە

موناقەشەی ئەو پێشنیازە یاسایە ئەمرۆ ئەکەین، با بگەینە ئەو بڕگەیەی پەیوەندی بەو بابەتەوە هەیە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان با ئێمە دەست بە بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار بکەین، ناکرێ ئەم وەڵام و وەڵامکاریە ئاشنا خان، ناکرێ، فەرمووو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمەرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر مەبنای ئەو قسانەی کە بەڕێزتان کردتان لەسەر ئەوەی کە سایتێکی موعتەبەر راپۆرتێکی کردووە لەسەر ئەوەی هەر پرۆژە یاسایەك لەم خولەی پەرلەمانی کوردستاندا دەرچوو‌بێت ملیارێك و ئەوەندە کەوتووە، یەعنی کۆی قسەکانی بەڕێزتان ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی کە ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووین قسە بکەین، ئەگەر بابەتەکە ئەوەیە لەم خولەی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوە کەمترین یاسا دەرچووە زۆرترین مەسروفاتی هەبووە لەبەرئەوەی ئێمە قسەمان کردووە، من پێموایە ئەوە نییە دەبێ ئەمە ڕاست بکرێتەوە چونکە ئەمە دەچێتە پرۆتۆکۆڵەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەم بابەتە پەیوەندی بەوەوە هەیە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە پێشێلی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کراوە، چەندین جار ئێمە داوامان کردووە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لەو ڕۆژانەی کە دیاری کراون بە پێی پەیڕەو بۆ دانیشتن پەیڕەو بکرێ، بەڵام دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە هەر هۆکارێك کە پێشتر پرسیارمان کردووە و نوقتەی نیزامیمان کردووە و کۆ نەبۆتەوە، لیژنە پەیوەندارەکان و دواجار هەندێك لەو پرۆژە یاسایانەی کە بارگرانی داراییان هەیە و نێردراونەتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەی کە بەرپرسە لێی قسە کردنی پەرلەمانتاران نییە، خۆ ئێمە دەکرێ (١٢) سەعات و (١٥) سەعات لێرە قسە بکەین و کاروبارەکانیشمان بکەین، بەڵام ئەم پەرلەمانی کوردستانە جاری واهەبووە بە دوو مانگ کۆنەبۆتەوە، بە مانگێك کۆ نەبۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ وایە، سوپاس ئەگەر ڕاپۆرت حازر نەبێ ئێمەش ناتوانین کۆببینەوە، کاك پێشەوا وەردەگرم فەرمووو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبڕگەی یەکەم ڕاوبۆچوونی پەرلەمانتاران لەبارەی ڕانیە ئێمە واژوومان بۆ ئەوە کرد کە دانیشتنی پەرلەمان بکرێ لەڕانیە، بەڵام یەعنی ئەمە تایتڵێکی سەیرە ڕاوبۆچوون، یەعنی چ کاریگەریەکی هەیە، لەوانەیە ئێمە لەم (١١١) کەسە دە کەسمان بە تەواوەتی ناو ڕانیەی نەبینێ، سەردانی ڕانیەی نەکردبێت، کەسێك کە نەچووبێتە ناو شوێنێك و موعاناتی خەڵك هەست پێ نەکات ئەوا بە گەڕەکەکانی ناو ڕانیە نەگەڕێ لە دۆخی ڕانیە نەزانێت چ قسەیەك بکات لەسەر ڕانیە، جگە لەوەی کە ئێستا دەرگایەك دەکرێتەوە بۆ ئەوەی کە جواب و جواب کاری بکرێت موزایەدە بەسەر یەکتردا بکەین، من ئەمە بۆچی ئەڵێم ٣/١٦ لەبەردەممانە، ئێمە یاداشتێکمان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی کە لە هەڵەبجە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان بکرێت، هیوام وایە ٣/١٦ نەنووسرێ ڕاوبۆچوونی ئێمە وەربگیردرێت، ئەگەر هەر هەوڵێکتان داوە با دانیشتنی پەرلەمان لەوێ بێت، چونکە خەڵکی مەنتیقەکە بۆ خۆیان باشتر دەزانن دۆخ و گوزەرانیان

چـۆنە، نەك لەوەی كە لێـرە دەرگـایەك بكـرێتەوە و ببێـتە جـواب و جوابكـاری و لەوانەیە بە ئاراستەیەك بڕوات خەڵكی ڕانیە ئەسڵەن بڵێن بریا ئەم برگەیەشتان هەر زیـاد نەكردایە لەم چـل دەقەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵـێ زۆر سـوپاس، ئـێمە یاداشـتەكەی ئێوەمـان سـێ ڕۆژ پـێش ٣/٥ پـێ گەیشـت، لەبەر دۆخـی كۆرۆنـا و لەبەرئەوەی نـاتوانین لەڕووی لۆجسـتیەوە لەمـاوەی ٣ ڕۆژدا ئامادەكـاری بكەیـن لە قاعەیەك لە ڕانیە بۆ كۆبوونەوەی پەرلەمـان، خۆتـان دەزانـن بـابەتی كۆرۆنـا هەیە، بـۆ دانیشـتنی پەرلەمانیش پێویستی بە ئامادەكاری لۆجستییە، ئێمە لە ساڵی ٢٠١٥ بـۆیە چـووین دانیشـتنێكمان لە هەڵەبجە ئەنجام دا لەبەرئەوەی دەسـت كەوتێكمـان پـێ بـوو ئەو كـاتە بـۆ هەڵەبـجە كە بریتـی بوو لە بڕیاری بە پارێزگا كردنی پارێزگای هەڵەبجە، خەڵك دەسـتی بـۆ كردبـووینەوە و سـنگی بـۆ كردبووینەوە و شوێنەكەیان بۆ ئامادە كردبووین سوپاسیان دەكەین ئیدارەی ئەو كـاتە و خەڵكـی ئەو شـارە، بەڵام بەڕێـزان هەرێمـی كوردسـتان شـارو شـارۆچكەكانی هەرێمـی كوردسـتان ئەوەنـدەیان نەهـامەتی بینیـوە لە ڕابـردوودا ئەگەر ئـێمە هەر كۆبـوونەوەیەكی پەرلەمـان ببەیـنە هەر یەكێك لەو شارانەی كە تووشی جۆرێك لە كارەسات و نەهامەتی بوون دڵنیا بن دەبیـنە ئەرك بۆ ئیدارەی ئەو شـارانە بـۆ ئامادەكـاری لەڕووی لۆجسـتیەوە و ئەم بـابەتە بـابەتێكی ئاسـان نیـیە ئەگەر پێشتر ئامادەكاری بـۆ نەكرابێـت، ئێسـتاش كە دەرفەت دەدەیـن بـۆ ئەوەی باسـی ڕاپەڕیـن بكرێ و باسی دۆخی ڕانیە بكرێ و باسی پرۆسەی ڕاپەڕین بەشێوەیەكی گشتی بكرێت و بـۆ ڕێـز گـرتنە لەو یاداشـتەی بەڕێزتـان كە نەمـان تـوانی دانیشـتن ببـەینە ڕانـیە، نەمـانتوانی ئەو ئامادەكـارییەی لەڕووی لۆجسـتیەوە پێوسـتە بـۆ دانیشـتنەكە دانیشـتنەكەمان ئەنجـامی بـدەین، بەڵێ كاك سەركۆ فەرموو.

**بەڕێز سەركۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئـێمە لەبەرواری ٢٠٢٠/١١/١٨ كە (٣٢) پەرلەمانتـار بە پێـی مـاددەی (٦٦) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی كوردستان داوامان كردووە دانیشتنێكی تـایبەت سـەبارەت بە گرێبەسـتی (٥٠) سـاڵەی نێوان حكومەتی هەرێمـی كوردسـتان و دەوڵەتـی تـوركی ئەنجـام بـدرێت و بانگهێشـتی لایەنـی پەیوەنـداری حكـومەتی هەرێمـی كوردسـتان بكرێـت بـۆ خسـتنەڕووی نـاوەڕۆك وردەكـاری ئەم ڕێككەوتـنە و كاریگەریەكـانی لەسـەر فرۆشـتنی نەوتـی هەرێمـی كوردسـتان بەداخەوە تـاوەكو ئێسـتا ئەوە نزیـك دەبێـتەوە لە چـوار مانـگ ئەو دانیشـتنە نەكـراوە كە ڕێـژەی یاسـایی پەرلەمانتارانیش واژوویان كردووە و داوایان لە سەرۆكایەتی پەرلەمان كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئـێمە یاداشـتەكەمان ئاراسـتەی حكـومەتی هەرێمـی كوردسـتان كـردووە، هەر كاتێك حكومەت ئامادە بوو بێ ئێمە ئەو دانیشتنە ئەنجام دەدەین، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تایبەت بە خوێندنەوەی دووەمـی پێشـنیازە یاسـایەكە، ئەم پێشـنیازە یاسـایە مـن كە ڕاپـۆرتەكە گەیشت بە دەستمان سەیرم كرد بە تەنها لە نێوان لیژنەی قانونی و لیژنەی سامانە سروشتیەكان

دەڵێن ئێمەش بەشداریمان تیا نەکردووە، بەڵام بەر لەوە پەیوەندیەکی زۆری بە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێریشەوە هەیە، من قسەم لەگەڵ بەڕێز کاك عبدالستار کرد وتم ئێوە تا چەند ئاگاداری ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتەن، بەڕێزیان وتی من هیچ ئاگادار نیم، لەبەرئەوە ئەم پرۆژەیە بە تەنها پەیوەندی بە لیژنەی سامانە سروشتیەکان و بازرگانی وزەوە نیە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێریشەوە هەیە، بێگومان کە ئەبێ ئەوانیش بەشداری تیا بکەن، خاڵێکی تر لەسەر ئەم پرۆژەیە بەڕاستی نووسینی پرۆژەکە من تێبینی زۆر زۆریم لەسەری هەیە، هەر چەند ئەم بابەتە ئێمە قسەمان لەسەری کردووە و پێشتریش وا ڕێککەوتووین لە ڕووی زمانەوانیەوە لەم هۆڵەدا ئێمە موناقەشە نەکەین، بەڵام بەڕاستی بەشێوەیەکی زۆر ڕەق و تەق و با بڵێین بە شێوازێك نووسراوەتەوە تێی ناگەی، من بۆ خۆم چەند جار بڕگە و ماددەکانی ئەم پرۆژەیەم خوێندۆتەوە و ئەنجا توانیومە تێی بگەم، ئەم پرۆژەیە پەیوەندارە بە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئێمەوە کە دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکەین کە بەشێوازێك بنووسرێت و ڕاستی وەك قانونیش دەبێ زمانەکی سادە بێت و بۆ ئەوەی کە هاووڵاتی لێی تێ بگات، چونکە تۆ بۆ ئەوی دەنووسی، بۆیە بەلای منەوە گرنگە، بێجگە لەوە ئەوەندەی کە من ئاگادار بم بەڕێز وەزیری بازرگانی و پیشەسازی باری تەندروستیان تەواو نییە و ئەمڕۆ ئامادەی دانیشتنەکە نابن، نازانم بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ ئامادە دەبێ یان نا، لەبەر ئەم هۆکارانە من بە پێویستی دەزانم بەڕێزتان ڕای ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان وەربگرن لەسەر ئەوەی کە تأجیل بکرێ، بەڵێ گرنگە ئەم پرۆژەیە، ئەم پێشنیازە یاسایە ببێ بە یاسا، بەڵام وەکو کاك علی وتی ئەمە بزانین چۆن دەبێت بە یاسا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەم بابەتە مەسەلەی ئیغراق، مەسەلەی دەعم، مەسەلەی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی، نە پەیوەندی بە پیشەسازی هەیە، نە پەیوەندی بە کشتوکاڵ هەیە، پەیوەندی بە بازرگانی نێودەوڵەتی هەیە، ئەم پرۆژەیە کە دراوە بە لیژنەی پیشەسازی و وزە لەبەرئەوە بووە کە وەزارەتی پیشەسازی ئێستا وەزارەتی بازرگانیشی لەگەڵە، بەڕێزان ئەم بابەتە بابەتێکی قورسە تەنانەت بۆ پسپۆڕان و تایبەتمەندانی بوارەکە بابەتێکی قورسە، باس لە پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی دەکەین، پیشەسازی و کشتوکاڵی، بەڵام لە بوعدە تیجاریەکەیەوە باسی دەکەین، نەك لە بوعدێکی تر، ئێمە ئێستا بۆ پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی لەو بوعدەی کە پەیوەندی بە کشتوکاڵ هەیە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ مان هەیە کە باس لە چۆنیەتی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی دەکات لە ڕێگەی وەزارەتی کشتوکاڵ و بە جێ بەجێ کردنی لەڕێگەی وەزیری کشتوکاڵ، بابەتی ئیغراق بابەتێکی قورسە، نەك تەنها بۆ ئەندامانی پەرلەمان بەڵکو تەنانەت بۆ ئەو پسپۆڕانەشی کە ئیختساسی دەقیقیان لە بابەتی ئیغراق و دەعم هەیە، هیچ کەسێك لە ئێوە و هیچ بەڕێزێك لە ئێوە من دڵنیام لەوەی کە ناتانەوێ قانونێك لە پەرلەمان دەربچێت کە بە باشی دیراسە نەکرا بێت، بەڵام ئەم پێشنیازە یاسایە دڵنیاتان دەکەم زیاتر لە (٢٥) سەعات کۆبوونەوەی بەس لەگەڵ پسپۆڕاندا بۆ کراوە، (٢٥) سەعات کۆبوونەوەی دەقیقی بۆ کراوە، ئەم بابەتە بەس زمانە عەرەبیەکەشی بابەتێکی قورسە بە تەنها بۆ زمانە کوردیەکە نا، خەتای ئێمە نییە کە لە زمانی کوردیدا موستەلەحی بەرامبەری دەقیقی ورد لەگەڵ

موستەڵەحاتی عەرەبیەکان دا نییە، ئێمە ناچارین تەرجەمی حەرفی بکەین و جوانکاری تیا بکەین، ئەگینا ئەمەشمان پێ دەرنەچوو، ئەم بابەتە قورسە، ئەم بابەتە تەنانەت ڕەئیەك هەیە کە پێی وایە ئەم بابەتە بابەتێکی فیدراڵیە، ئەبێ بە تەنها دەوڵەتی ئیتحادی قانونی بۆ دەربکات، بەڵام بەڕێزان بۆ ئەوەی تووشی ئەم بەریەك کەوتنەش نەبین چەند ماددەیەکمان لێرە داناوە و گەڕاوینەتەوە بۆ ئەو پرۆتۆکۆڵەی کە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی کراوە بۆ چۆنیەتی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی کە بە دەق تیایا هاتووە دەسەڵاتی داوە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی ئیجرائات وەربگرێ بە مەبەستی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و لەناو پرۆتۆکۆڵەکە هاتووە ئەگەر بەر یەك کەوتن هەبوو لە نێوان ئیجرائاتی حکومەتی هەرێم ئیجرائاتی دەوڵەتی فیدراڵی کامیان توند ترە ئەوەیان وەردەگیرێ، ئێمەش خۆمان قەناعەتمان وایە مادام حکومەتی فیدراڵی بۆ خۆی ئیقرار دەکات و سەرباری ئەوەی بوعدەکەی بوعدێکی فیدراڵیە، ئیقرار دەکا بەوەی کە حکومەتی هەرێم بۆی هەیە ڕێوشوێن وەربگرێ ئەی ئێمە بۆ ئیستفادە لەم موبادەرەیە نەکەین و قانونی خۆمانمان هەبێت، هەرچی تێبینیەکتان هەیە لەسەر ئەم بابەتە دەتوانن ئیزافەی بکەن، ئێمە تەلەفۆنمان بۆ بەڕێز وەزیری بازرگانی کردووە دوێنێ لەڕێگەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان بۆ ئەوەی بەڕێزیان ئامادە بن، بۆ خۆی وتویەتی ناتوانم ئامادەبم ڕاوێژکارێکم دەنێرم هەر تێبینیەکی هەبوو، تەبعەن ئەو ڕاوێژکارە کاك د.سۆران، تێبینی زۆر باشی نووسی بوو لەڕێگەی وەزارەتی پیشەسازیەوە هات بووە پەرلەمانی کوردستان، ئێستاش لێرە ئامادەیە دەتوانێ بە نووسین هەر پێشنیار و ڕەئیەك هەبوو هی وەزارەتەکەی بوو پێشکەشی بکات، هاوکات لەگەڵ بێگەرد خان قسە کراوە پێمان وتووە دەتوانی ئامادەی دانیشتنەکەی پەرلەمان بێ و پرۆژەکەشیان بۆ چووە، لەبەرئەوە بەڕێزان ئەمە پێشنیازە یاسایە و ئەنجومەنی وەزیران ئیقراری کردووە و ئێوە هەر ئیزافەیەکتان هەیە ئێمە لەسەر سەرمانی دائەنێین و تکایە با بڕۆینە سەر بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار، بەڕێزان بۆ ئەوەی پێتان بڵێم چەند کەس ناوی نووسیوە بۆ ئەوەی لەسەر ڕاپۆرتەکە قسە بکات، (٥٩) کەس ناوی نووسیوە، بەڵێ یەکی یەك دەقە قسە دەکەن، هەندێك لە حەقەکەی خۆیان دەبوورن بۆ ئەوەی ژمارەکە هەندێك کەم بێتەوە، بەڕێز د.کازم فەرموو، باشە ئەمجارە لەو بەرەوە دەست پێ دەکەین، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دەست پێك دا هەشتی مارس لە سەرجەم ئافرەتانی جیهان و کوردستان بە تایبەتی پیرۆز بێت، ئەم خاڵە کە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، ئەمڕۆکە لەناو پەرلەمانی کوردستان دا، ئەو پەرلەمانەی تیایدا بە ئازادی هەموومان قسە دەکەین و نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکەین بەرهەمی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ و دامەزراوە دەستووریەکانی هەرێمی کوردستان بەرهەمی ئەم ڕاپەڕینە مەزنەن، بۆیە پێوستە لەسەر هەموو لایەکمان ڕێز لە ئەو بەرهەمە مەزنەی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بگرین کە تیایدا دامەرزاوە دەستووری و شەرعیەکانی هەرێمی کوردستانی تیایدا بەرهەم هات، بەپێچەوانەوە ڕێز نەگرتن لە دامەزراوە دەستووریەکان ڕێز نەگرتنە لە قوربانی دانی هەزارەها ڕۆڵەی گەلەکەمان و پێویستە هەموومان

له ئاستیاندا سەری ڕێز و نەوازش دابنوێنین، دەروازەی ڕاپەڕین و سەرجەم ناوچەکانی تری کوردستان شایەنی خزمەتن، بەڵام لە دەروازەی ڕاپەڕینەوە دەبێ خزمەتگوزاریەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست پێ بکەن، جێگای دەست خۆشیە بۆ جەنابی سەرۆك وەزیران کە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا بڕی (٢٠) ملیار و (٢٥٦) ملیۆنی دیناری تەرخان کرد بۆ چوار پرۆژەی خزمەتگوزاری لەم دەروازەیەدا پێویستە پەلەی لێ بکرێت لە جێ بەجێ کردن، سوپاس بۆ جەنابتان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال حویز مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، ٥/ ئازاری ٩١ لە جەماوەری ڕانیە و سەرجەم کوردستانیان پیرۆز دەکەم، درورد بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕاپەڕین و هەموو شەهیدانی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دیارە خزمەتگوزاریەکانی ڕانیە لە ئاستی گەورەیی ڕاپەڕینەکەیا نین، هیوادارم ئەوانەی ئەمن باس دەکەم کە ڕاسپێردراوم لەلایەن خەڵکی ڕانیە بگاتە جێی خۆی بە هیمەتی ئێوەی بەڕێز، دوو سایدی ناو بازاڕی ڕانیە، نەخۆشخانەی (٢٩٠) قەرەوێلەیی ڕانیە، پرۆژە ئاوی دەربەند ٧٠٪ بەسەرەوە جێ بەجێ کراوە، بەڵام بە داخەوە چەندین ساڵە ئیهمال کراوە و تەواو نەکراون، جادەی شەست مەتری، قیرتاو کردنی گەڕەکەکانی ڕانیە، کەم کردنەوەی باجی زەویەکانی کە حکومەت دابەشی کردووە ئێستا دەکرێنە کشتوکاڵ بەقەدەر خۆی باجی هاتۆتەسەر، بە فەرمی کردنی مەرزی کێلێ کە لەڕووی بازرگانی و هەلی کار هەموو خەڵکی دەڤەری بیتوێن و پشدەر ئیستفادەی باشی لێ دەکەن، بانگهێشت کردنی وەبەرهێنەران خۆماڵی و بیانی بۆ دەڤەرەکە بۆ ئەوەی ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك جمال، بیدەرە یەکێکی تر، کاك دابان فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حوکمی ئەوەی کە کاتەکە زۆر کەمە، من تەنیا دوو جوملە دەڵێم، ڕاپەڕین ڕووداوێکی دەگمەنی مێژوویی گەلی کوردە کە بە خوێن و قوربانی هەزاران کەس هاتۆتە بوون، بەڵام دۆخی دامەزراوە دەستووریەکانی هەرێمی کوردستان دۆخی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان دۆخی قەزا و دۆخی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن لە ئاستێك دا نییە کە بڵێی ئەمە بەرهەمی ڕاپەڕینە، دۆخ و ژیان و گوزەران و بازاڕ و کار و کاسبی خەڵك و دۆخی موچەخۆران لە ئاستێك دا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە خۆی دەست کەوتە، موژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، یادی نەورۆز و ڕاپەڕین لەسەرجەم گەلی کورد پیرۆز بێت، من تەمەنم یەك ساڵ بوو کە ڕاپەڕین کراوە، ئێستا وا پەرلەمانتارم و لەو پەرلەمانە دانیشتووم کە بەرهەمی ڕاپەڕینە، بەڵام بەداخەوە ئەو شوێنەی کە یەکەم تەقەی ڕاپەڕینی لێ کراوە ئەو شوێنە ئێستا بە عەمودێکی ژەنگاویەوە لە شوێنێکی قوڕ و جەزرە وەسەتیەکی وشك و ڕێزە دوکانێك بە ناوەڕاستی دوو سایدی ڕانیەوە لەو شوێنە یادەکە کراوەتەوە، بەداخەوە کە (٣٠) ساڵ تێپەڕ دەبێت، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئەم حکومەتە و ئەم وڵاتە نەیانتوانیوە خزمەتی خەڵکی ئەو دەڤەرە بکەن کە لە هیچ ڕوویەکەوە هیچ خەدەماتێکی پێشکەش نەکراوە، چەند ساڵە خەڵکی ڕانیە داوای دوو سایدێك دەکات کە ڕیزە دوکانێك ڕێگرە و حەلەکەشی زۆر ئاسانە یانزە ملیاری دەوێت، حکومەت چەند پێنشیازی خراوەتە بەردەم کە چارەسەری کێشەی ئەو دوو سایدە بکات، بەڵام هەتاوەکو ئێستا نەك هەر ئەو دوو سایدە، ڕانیە لەسەرجەم پرۆژە خزمەتگوزاریەکان دڵسۆزێکی وای نییە و هەتاوەکو ئێستا بەرپرسان نەیانتوانیوە هیچ شتێك بکەن بۆ خەڵکی ڕانیە و بەداخەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس دەست خۆش، هەدیە خان فەرمووو.

**بەڕێز هەدیە مراد حیدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرهەڵدانا خەڵکێ کوردستانێ ل تەبایی خەڵکێ کوردستانێ پیرۆز دکەم، ئەڤ سەرهەڵدانە یەکریزییا تەبایێ خەڵکێ کوردستانێ بوو مەزنترین دەستکەوت ب دەست خۆ ڤەهینان کە بووینە خودان پەرلەمان و حکومەت و کوردستانەکا ئاڤەدان و ڤەگەڕاندن و پاراستنا خاك نیشتمان و مافێن گەلێن کوردستانێ و پاراستنا هەموو پێکهاتێن کوردستانێ و مافێن پێکهاتێن کوردستانێ، هەر دڤێ ڕۆژێ دا ٨/مارس ڕۆژا جیهانیا ژنان ل تەڤایا ژنێن جیهانێ و کوردستانێ پیرۆزی دکەم، دەمی ئەم ڕۆژێ ساغ بکەین و بیر دینین زوڵم و زۆرداری و مەزلومیەتا کچ و ژنێن ئێزدیا دێنە بیرا مە کە ئەڤە بوینە حەفت ساڵ ئەو کچ و ژنا هەتا نوکە د دەستێن تیرۆرا دانە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس هەدیە خان، کاك سەروان فەرموو.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان، من پیرۆزبایی لە تەواوی میللەتی کورد دەکەم بە بۆنەی دەست کەوتی مێژوویی یادی ڕاپەڕینی مەزن لە پێشمەرگە قارەمانەکان و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان ئەوانەی ئەمرۆیان دروست کرد، بەم بۆنەیەوە من داوا لە هەموو پەرلەمانتاران و هەموو حزبە سیاسیەکانی کوردستان دەکەم کە دەستی برایەتی یەکریزی بۆ یەکتر ڕابکێشن و ئیدی تەشهیر و سوکایەتی کردن بە یەکتری ڕاستی (٣٠) ساڵە ئێمە گلەیی ئەوە

له یەکتری دەکەین کە سوکایەتی بە یەکتری دەکەین، کەچی هەتا ئێستا دەستی برایەتی و موحیبەت و کوردایەتیمان بۆ یەك ڕانەکێشاوە، با ئەم یادە بکەینە یادی برایەتی، با بیکەینە یادی پێکەوە ژیان، با بیکەینە یادی کورد بوون، ئەوە یەك، دوو/ داواکاریەکم لە هەموو پەرلەمانتاران و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان هەیە بەڕاستی بۆ ئەم یادە مەزنە، چونکە بەدیهێنەری ئەم دەست کەوت و پیرۆزیانە پێشمەرگەن، شەرمە بۆ ئێمە وا لە پێشمەرگە بکەین بچێت لەسەر باڵەخانەیەك خۆی فڕێ بدات و خۆی بکوژێت، کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێت، ئەوە یەك، دوو/ نووسراوێکمان ئاراستەی بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە بۆ بەهاناوەچوونی ئەو پێشمەرگە زێرەڤانیانەی کە (٢١) ڕۆژ لە دەوامن و حەفتەیەك لە ماڵەوەن، ئەگەر وەڵامی ئەوان لە وەزارەتی ناوخۆ دراوەتەوە، چونکە لە باروگوزەرانیەکی زۆر ناوخۆش دان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوە بابەتێکی ترە کاك سەروان، کاك زیاد فەرموون.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، سەرەتا سەری ڕێز نوی دەکەین و درورد دەنێرین بۆ روحی پاکی شەهیدانی کوردستان، بە تایبەتی شەهیدان ڕاپەڕین، هەروەها سڵاوڕێزمان بۆ هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کە لە ڕۆژە سەختەکانی خەبات کوردستانی میللەتەکەمان بەشدار بوون و ئێستا لەناوماندا نەماون، پیرۆزبایی لە کەسوکاری شەهیدان و لە پێشمەرگە قارەمانەکان و تەواوی خەڵکی کوردستان دەکەم لە یادی ڕاپەڕین، پیرۆزبایی لە ژنانی کوردستان دەکەم لە یادی ٨/مارس دیارە ئەوە دەرئەنجامی زوڵم و زۆری ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق بووە کە ڕاپەڕین بەرپا بووە، ڕاپەڕین ئامانجی خۆی هەبووە، بەداخەوە ئێمە دوای سی ساڵ لە حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان نەمانتوانیوە تەواوی ئامانجەکانی ڕاپەڕین بەدی بێنین بۆ خەڵکی کوردستان، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئێمە وەکو دامەزراوەیەکی دەستووری لە هەرێمی کوردستاندا کار بکەین لەسەر گەشەپێدانی پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان، هەروەها باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی خەڵك کە ئێستا ژیان و گوزەرانی خەڵك لە دۆخێکی خراپ دایە، باش کردنی سیستەمی دام و دەزگاکانی حکومەت و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سیستەم بکرێ و هەروەها کەم کردنەوەی ئەو هەموو گەندەڵی و بەهەدەردانەی لە هەرێمی کوردستان دا بتوانین چاکسازی بکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك زیاد، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەیادی ڕاپەڕین سەری ڕێز و نەوازش بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی گەلەکەمان و بۆ کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و بۆ ڕابەر و ئەندازیاری ڕاپەڕین جەنابی کاك (نەوشیروان) و لەسەر ئەم یادە پیرۆزە بەڕاستی یەك تێبینیم هەیە، سەرنجی هەمووتان ڕائەکێشم بۆ دیدارێکی نێوان جەنابی کاك نەوشیروان و مامۆستا عبدالعزیز لە ساڵی ٩١ بەس ئەو ڕێ و شوێنانەی ئەو

بەرنامـانەی ئەو کـاتە کە بەسـەرکردایەتی بەرەی کوردسـتانی و کە بە هەمووەمـان توانیمـان ئەم ڕاپەڕیـنە و ئەم دەسـتکەوتە بـۆ خەڵکـی کوردسـتان بەدەسـت بێنـین، بەس ئەو بەرنـامەی بەڕێـز جەنابی کاك نەوشیروان باسـی دەکـات حکـومەتی هەرێـم، پەرلەمـانی کوردسـتان، سـەرۆکایەتی هەرێـم، هەمووەمـان پـێکەوە بەس ئەوانە جـێ بەجـێ بکەیـن دەتـوانین ڕوویەکـی گەشـاوەتر و جــوانتر بە هەرێمەکەمــان و بە وڵاتەکەمــان ببەخشــین و ئەوە دەبێــتە بەرنــامە و بنــاغەی کوردسـتانێکی بەهێـز کە سـەروەری یاسـای، یەکگـرتنەوەی هێزەکـانی پێشـمەرگە بە نیشـتمانی کردنی داهاتەکان و زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پیرۆزبایی لەم مێژووەو لە خەڵکی هەرێمی کوردستان، جێگـای شـانازییە بـاس بکرێـت کە خەڵك ڕاپەڕینی لە دژی زوڵم و ستەم کردووە، ئامانجەکانی ڕاپەڕین لە ئێستادا پێچەوانە بـۆتەوە لەلای هاووڵاتیـان شـەقام، زۆر بەلاوازی باسـی ئامانجەکـانی ڕاپەڕیـن دەکەن، چـونکە لەبەر ئەم هۆکارانە سیستمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا بەڕوونی دیار نییە، هەرێم خـاوەنی دەستووری سەربەخۆی خۆی نیـیە، هەروەهـا ئـابووری کوردسـتان بەهـۆی دەسـتوەردانی حزبـی، ئابووری کوردستان لە کەرتی گشتی و تایبەت لە قەیرانی قوڵ دایە، دەسـتکەوتی ڕاپەڕیـن بەڕای من بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان ئەوە بووە نەبوونی ئازادی ڕادەربڕین و هەروەها پێشـێلکردنی مافی مرۆڤ، خەڵك دەبینین چالاکوان و ڕۆژنامەنووس لەسەر ئازادی ڕادەربڕین ڕاپێچی زینـدان دەکرێ و هەروەها ڕاوەدوو دەنرێت، سەبارەت بە ڕانیەش کە ڕاپەڕین لە ڕانیە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لە یـادی ڕاپەڕینـا سەرەخۆشـی ومـاتەمینی لە خەڵکـی کوردسـتان دەکەم، دوای سـی سـاڵ ئامانجەکانیـان نەهـاتۆتە دی، دوای سـی سـاڵ ئێسـتا لە بانقەکـان میراتگـری پێشـمەرگە و بکـوژی پێشمەرگە بە یەکەوە مووچە وەردەگرن، بریار بـوو ئەمـان لە جـاش و خۆفرۆشـەکان خـۆش بـن، نەك بیـانکەنە کـار بەدەسـت و کـوڕو کچـی شـەهیدەکان لەبەردەرگـای مـاڵە مستەشـار و جـاش و سـیخوڕەکانی بەعـس بوەسـتن بـۆ دامەزرانـدنێك، ڕاپەڕیـن کـرا، بەڵام ئێسـتا لە ٢٠٢١ دا لەسـەر ناونانی مناڵە پێشمەرگە دوای (١١) ساڵ لە خزمەت فەسڵ دەکرێت، ڕاپەڕیـن کـرا کـاڵ بـوونەوەی ئینتما بۆ نیشتمان ڕۆژ بەڕۆژ لەلای گەنجـانی ئەم وڵاتە پەرەئەسێنێ، ڕاپەڕیـن کـرا، بەڵام ئـازادی ڕادەربــڕین لە پاشەکشــە دایە، پەراوێــزی دیموکراســی لە پاشەکشــە دایە، ســەروەری یاســا و دەسـتێوەردان لە دادگاکـان ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو دواوە ئەگەڕێـتەوە، تۆڕەکـانی مافیـا بەسەرتاسـەری وڵات و بەسەرجەم سێکتەرەکان دا بڵاوبوونەتەوە و هەزاران دەرچوو لە یاسا نە حساب بۆ بازگە

دەکەن و نە حساب بۆ پۆلیسی هاتووچۆ دەکەن، نە حساب بۆ پۆلیسی دارستان و ژینگە ئەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، روبینە خان فەرموو.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرهەڵدان دەستکەفتەکا مێژووی بوویە دناڤ بزاڤا رزگاریخوازیا کورد و کوردستانیان، د یادا سەرهەڵدانان ١٩٩١ سلاڤ بۆ گیانێت وان هەمی قوربانیا تێرین کو ب خوینا خۆ کوردستانا ئازاد کری، هەڤژی گوتنێیە کو هەمی پێکهاتێن نەتەوەیەت کوردستانێ د سەرهەڵدانێ دا دهەڤکار بوون بەشدار بوون دگەل پێشمەرگێت قەهرەمان بۆ ژ ناڤبرنا دەرکرنا ڕژێما بەعس، دەما سەرکردایەتیا کوردستانێ بڕیار دا سەرهەڵدانێ دا خەڵك و پێشمەرگێت کوردستانێ د ڕۆژەکا وەکو ئەڤرۆدا رژێما دکتاتۆر ل کوردستانێ دەرکر، دام و دەزگەهێن ژ وان ناڤبەرن، هەر لە دەستپێکا ڕاپەڕینی ل هەمی شارو شارۆچکێت کوردستانێ ڕولیت ل پێکهاتێ نەتەوەیی کلدان ـ سریان ـ ئاشووری تێدا دیار بوونە ت وێت کوردستانێ دی، ب تایبەت لە ئازادکرنا چ وەکو هەولێر و سلێمانی و دهۆك و کەرکووك و ناوچەیەن دیەن پێکهاتێن دی، ڕۆڵەکی گرنگ هەبوو...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس روبینە خان، کاك ملا احسان فەرموو.

**بەڕێز احسان محمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، ل بیرا مەیە ساڵا ٩٢ دا چەوا خەڵکی کوردستانێ کەیف خۆش بوو دەمی ئەڤ دەستکەفتا هەرە مەزن کو پەرلەمانێ کوردستانێ ب دەست خۆ ڤە هینای، لەوڕا ئەڤرۆکە ژی داخازێ ل هەمی پارتێن سیاسی دکەین ب دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن ڤە رجا و هێڤیی لێ دکەینەڤەوە پێڵین ئەڤی پەرلەمانی ڤێ دەست کەفتا هندا مەزن ئەوی کو میللەتێ کوردستانێ ب خوینا شەهیدان ئیناڤە، پێلن ڤی دەسکەفتەی ل مزایداتێت خۆ و هەر دیسا شەڕێن خۆی سیاسی نەهیدا دناڤ هۆڵێ پەرلەمانی دا، پەرلەمانێ بهێڵن بۆ ڕێکێن تەشریعی و موراقیبی ب ڕەنگەکی نیشتمان پەروەری ڤی وەڵاتێ دا رێڤە بات و سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك بەهجەت فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرهەڵدان بەرهەمی خەبات و یەکڕیزیا میللەتێ کورد بوویا، ڕۆژا ٣/٥ خەڵکی کوردستانێ و پێشمەرگەهێت قەهرەمان کەلها زوڵم و ستەمکاری هەرفاند و تیرۆشکێن ئازادیی ل وڵاتێ مە هەڵار، ئەڤرۆ بەرهەمی سەرهەڵدانێ ئازادیا میللەتێ مەیە، دخازین هەمی لایەن ژی بۆ پاراستنا دەستکەفتیا یەکگرتی بن، هەمی شیان بۆ باشتر کرنا ژیارا خەڵکێ کوردستانێ بن، ڤێ هەڵکەفتا

پیرۆز، پیرۆزبایین گەرم ئاراستەی هەمی خەلکی کوردستانێ دکەین، د بێژین پیرۆزە بەرهەمی خەبات و یەکگرتنا خەلکی کوردستانێ، ڤێ هەلکەفتێ وان چەند خالا ب فەرز دزانم بەرچاڤ بکەین، یەك/ سەرهەڵدان بەرهەمی یەك ڕیزیا پارتێن کوردستانی و دامەزراندنا بەرەیێ کوردستانی بوویە، پێشمەرگەهێ قارەمان سومبولا ئەڤێ سەرەهەڵدانێ بوویە، دوو/ سەرهەڵدان پشتەڤانیا ناڤخۆیی و ئارکنجی و دڵسۆزێن کوردایەتی بازێرا سەرکەفتنێنە، سێ/ سەرهەڵدانێ سەلماند کو تنێ مە ئازادیا کوردستانێ دڤێت و میللەتێ کورد و میللەتێن دی تر ژی ئەڤێ ل کوردستانێ دژین مافێن خۆ شاد بن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پیرۆزبایی یادی ٨/ مارس لە تەواوی ئافرەتانی کوردستان دەکەم، بەو پێیەی کە هەموومان پێکەوە خەباتمان کرد و قوربانیمان دا و ئاوارە بووین و پێکەوە ڕووبەڕووی حکومەتی دکتاتۆری سەدام بووینەوە و ئەنفال و کیمیاباران ڕووی لە هەمووماان کرد، ڕاپەڕینیشمان هەر پێکەوە کرد، هەر پێکەوەش دامودەزگای داپلۆسێنەری بەعسیمان لەوڵات ڕامالی، ئامانجمان رزگارکردنی وڵات بوو سەرەڕای دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان و خاوەنی وڵاتی خۆمانین، ئێمە بە حوکمڕان و ئۆپۆزسیۆنەوە دەبێ وڵاتەکەمان ئاوەدان و ئاوەدان تر بکەینەوە کەس بادەستکەوتی ڕاپەڕین بەلارێ دا نەبات، با هێزی ئاشتی خوازی بکەینە ڕێچکەی ژیانمان، هەرێمێك کە بە خوێنی هەزاران ڕۆڵەی ئەو وڵاتە بەرهەم هاتووە دەبێ هەوڵەکانمان بە ئاراستەی ئاوەدانی زیاتر و خۆشگوزەرانی و ژیانێکی شایستە و شایستە تر بۆ هەر تاکێکی وڵات بێ تا کەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگە و گشت چین وتوێژەکان بە ئاشتی و ئازادی لە وڵات دا بژین، بەو پێیەی کە نەتەوەیەکین کە زۆرترین قوربانیمان داوە با هێز و وزەمان بۆ بنیاتنانی کوردستان بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ریڤنگ فەرموو.

**بەڕێز ریڤنگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ، سوپاس سەرۆکی پەرلەمان، بڕاستیا ڕۆژەکا گەلەکا پیرۆزە د ڤێ هەلکەفتێ پیرۆزبایێت ل تەبایا خەڵکی کوردستانێ دکەم، ئومێدەوارین سەرهەڵدان بۆ مە ببیتە پێڤوەچوونەك یان ئەو هۆکاری سەرهەڵدا پێ هاتی یەك ڕێزیا میللەتێ کورد بوو، بەرهەمی خوینا شەهیدا بوو بریارا بەرەیا کوردستانی بە ژ بەر هەندێ دڤیت ئەم هەمی ڕێزێ لێ بگرین، دەنگی من دگەل دەنگێت هەڤاڵێت منن پێشمەرگێت کاك سەروان و مەلا احسان ژی داخازێ ژ هەمی لایەنێت سیاسی دکەین ڕێزێ ل قوربانیەن سەرهەڵدانێ بگرن دیسان وەکو پێشمەرگەیەك داخازێ ژ سەرۆکێ گشتی هێزێن پێشمەرگێت کوردستانێ دکەم کو ڕەوشا پێشمەرگا د ڤی ڕەوشێ دا نەمینێت و بشێن پێشمەرگە ببیتە پێشمەرگەکی ڕێکخستیەن نیشتمانی و هەمی ژیانا وان بێتە دابین کرن، سلاڤ و ڕێز بۆ گیانێ پاکی شەهیدێن

سەرهەڵدانێ و شەهیدێن کوردستانێ و سلاڤ بۆ هەمی هەڤاڵێن پێشمەرگە د سەنگەرا دان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لە دیدی ئێمەدا ڕاپەڕین داستان و شاکارێکی مەزنی مێژوویی گەلەکەمانە، کە پاڵەوانی ئەوەڵ و ئەخیری خەڵکی کوردستان بووە و هەر ئەوانیش خاوەنی سەروەری و شانازی و دەستکەوتەکانیەتی، سەرەکی ترین ئامانجی ڕاپەڕین رزگاربوون بوو لە دەستی زوڵم و ڕاوەدونان و سەرکوت کردن، ئێستا و دوای سی ساڵ لەو سەرکەوتنە گەورەیەی گەلەکەمان شکۆ و یادەوەریەکەی لای خەڵك کاڵ بۆتەوەو کە ئەمەش ئاماژەیەکی خراپە و بەرپرسی یەکەمیش لەو ڕەشبینی و بی هیوایەی خەڵك بە تایبەتیش گەنجەکانمان دەسەڵاتە، بەداخەوە بەشێك لەوانەی کە شۆڕشیان کرد ئێستا بەشێوەیەکی نا ئاسایی دەوڵەمەند بوون و دەستیان خستۆتە بازاڕ و ئابووری و خەڵکی کوردستانیش بەو هۆیەوە ژیان و گوزەرانێکی سەختی هەیە و سەدان هەزار گەنج و دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان بەهۆی هەندێ بازرگانی سیاسی و رۆچوونی هەموو جومگەکانی حوکمڕانی کوردی دوای سی ساڵ لە ڕاپەڕین کارێکیان دەست ناکەوێت و بەشێکی زۆری ئەو گەنجە بەرێزانەمان ڕێگەی مان و نەمان و ڕێگەی ناچاری و زۆرەملێی دەرەوەی وڵاتیان گرتۆتەبەر، پێمان وایە ئامانجەکانی ڕاپەڕین نەهاتوونەتە دی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس مامۆستا، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بۆ یادی ڕاپەڕین سەری ڕێز و نەوازش بۆ سەرجەم شەهیدانی کوردستان و بۆ ئەندازیاری ڕاپەڕین نەمر (نەوشیروان مستەفا) نەوی دەکەم، ڕاپەڕین بۆ دادپەوەری بوو، بەڵام ئێستا زۆرترین نادادی لە داهات و سامانی ئەم وڵاتەیا هەیە، ڕاپەڕین بۆ ئازادی و دادپەروەری بووە، بەڵام ئێستا ئازادی زەوت دەکرێ و هاووڵاتی لەسەری ئەشکەنجە دەدرێ و لە زیندان دەکرێ و لەسەر مافی خۆی لە شەقامەکان دەکوژرێ، لەڕێگای لێشاوێك لە میدیای نا بەرپرسیار وئاراستەکراو کار لەسەر شێواندنی دەرونی خەڵکی کوردستان و نانەوەی دووبەرەکی و شەڕێکی نا بەرپرسان دەکرێت، بۆیە زۆر بە گرنگی دەزانین ئاشت کردنەوەی هاووڵاتی و نیشتمان یەکێك لە کارە سەرەکیەکانی بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە بێت، باشتر کردنی ژیانی خەڵك و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان و دامەزراندنیان و ئاسانکاری بۆ هاوسەرگیریان وبۆ ژیانێکی شایستە بەرنامەی ئەجێندای حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس سەلمە خان فەرموو.

**بەڕێز سەلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەم یادەدا دەمویست بە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران بڵێم جێگەی باوك و برا شەهیدەکانمان بۆ بگرنەوە، بەڵام پاڵپشت بە یاسای چاکسازی کە ئەم پەرلەمانە دەنگی پێداوە و پەسەند کراوە، بەبڕیارێکی وەزیری دارایی لە ٢٠٢٠/٩/٢٨ و لەدوایین بڕیاری ٢٠٢١/٢/٧ ی ئەنجومەنی وەزیران و ٢٠٢١/٢/١٠ ی وەزارەتی شەهیدان کچ و کوڕی شەهیدان لە زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و بە تایبەتیش لە کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکان پارەی خوێندنیان بۆ سەرف ناکرێت، پارەی تەندروستی و دایکان و خوشکان و ژنانیش لەو ناوچانە بەهیچ شێوەیەك سەرف ناکرێت، ڕاپەڕین لە ٣/٥ لە دەروازەی ڕانیە بروسکەی داوە لە ٣/٢١ لە کەرکووك کۆتایی پێ هات کە من بۆ خۆم باوکم و برایەکی گەنجی (٢٠) ساڵەم لە ڕۆژی ڕاپەڕینی ئێوارەی نەورۆز لە کەکووك شەهید بوون، بۆیە لێرەوە داوا ئەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیارەکانی دا بچێتەوە، کەسوکاری شەهیدانی ئێمە و کەرکووك کە قوربانیەکی زۆرمان لەسەر داوە، ناکرێت بەدەر بکرێ لە یاسا و ڕێنماییەکان، چونکە ئێمە لەشەڕی داعش...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس قسەی زۆر باشت کرد دەست خۆش، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕوونە لە پای ستەمی دەستی بەعس ڕاپەڕین بەرپا کرا، پاش (٣٠) ساڵ لە ڕاپەڕین تەوژمێکی بەهێز هەیە لە پەراوێز خستنی هاووڵاتیانی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان تا بڕینی قوتی خەڵك و برسی کردن، مەخابن ڕەنگدانەوەی هەنگاوەکانی حزب وحکومەت هۆکار بووە لە بەشێك لە شۆڕشگێرەکانی ڕاپەڕین لەسەر شاشەی تی ڤی دا لێ بوردن بکەن کە ڕاپەڕینیان ئەنجام داوە، چونکە ئەنجامی ڕاپەڕین لەشەڕی برا کوژی و ئاودیوکردنی شۆفل و تەل بڕینەوە دەستی پێ کرد، بۆ تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسان و سەرکوت کردنی ئازادی خوازان و کوشتنی خۆپیشاندەرو ئەو بەرپرسانەی بە جوتێك پێڵاوی لاستیکەوە لە شاخەوە دابەزین بۆ شار ئەمڕۆ خاوەنی مەلایین دۆلار و کۆمپانیا و نوێنەرایەتی گروپی قاچاغچێتی دەکەن، مووچەخۆر و خەڵکی ئاسایی لە هەرێمی کوردستان لە ناچاری دا پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، دوێنێ ڕاپەڕین بۆ ئازادی.... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ڕاپەڕین لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان ڕووداوێکی مێژوویی مەزن بوو، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا ئامانجەکانی ڕاپەڕین نەهاتوونەتە دی، خەڵکی هەرێمی کوردستان ڕاپەڕینیان کرد لە پێناو ئازادی، لەپێناو مافی مرۆڤ، لەپێناو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی

لە پێناو عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بەڵام بەداخەوە چینێکی حکومڕان لە هەرێمی کوردستان بازرگانی بە خوێنی شەهیدان و بە ڕەنج و ماندووبوون و قوربانی دانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە کرد، خەڵکێکی کردە ملیاردێر لەسەر ڕەنج و ماندووبوونی خەڵك، خەڵکی ئاساییش زۆرینەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش تا ئێستا بە هەژاری دەژین و ئەو بارودۆخەی ئێستا تێیدایە باشترین شایەدی قسەکانی منە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك دیاری أنور لە جیاتی منیش قسە ئەکات کاتەکە ئەدەمە ئەو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچوونی من لەسەر ڕاپەڕین، من دەڵێم ڕاپەڕین دەستکەوتێکی گەورەی گەلەکەمان بوو، وەرچەرخانێك بوو بە ئاراستەی نەهێشتنی زوڵم و ستەم وتاکڕەوی و نا دادی و نەبوونی ئازادی، بەڵام ئێستا بەداخەوە پاش (٣٠) ساڵ لە ڕاپەرین ستەم و نادادی هەر بەرقەرارە، ئازادی ڕاپەڕین دوای (٣٠) ساڵ هەر لەژێر پرسیاردایە، میللەت پێش (٣٠) ساڵ تێر تربوو تا ئێستا، مووچەخۆر مووچەکەی نادرێتێ و لێ بڕینیشی بۆ ئەکرێ، گەنجان بەرەو هەندەران دەڕۆن و سەری خۆیان هەڵدەگرن، بە کورتی خەڵك ڕاپەڕینی کرد، بەڵام دەستکەوتەکەی خەڵك نەیبرد.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار أحمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەدوای ٣٠ ساڵ ئێمە لە ڕاپەڕین دابەش بوونی کۆمەڵایەتی هەیە لە کوردستان، دابەش بوونی ئابووری هەیە، دابەش بوونی فکری، ڕۆشنبیری، سیاسی هەیە، دابەش بوونێکی قوڵی جوگرافی هەیە، دابەش بوون لە نێو تاکی کۆمەڵگا هەیە، سلێمانی هەولێری ناخوێنێ، بڕیارەکانی هەولێریش لە سلێمانی ناخوێندرێت، لەم پەرلەمانە بەڕێزە یاسا دەردەچێت جێ بەجێ ناکرێ، خەڵکی ئێمە بەشێك لە بەرپرسانی ئێمە بۆ تەندروستی دەچنە دەرەوە و متمانەیان بە تەندروستی هەرێم نەماوە، لە هەمووی مەترسیدار تر ئێستا بەشێکی زۆری ئەوانەی بەرپرسیاریەتیان هەیە و ئەوانەی پارەدارن جنسیەی وڵاتانی دیکە دەکرن، دەتوانین بڵێین بڕوایان بە ئێرە نەماوە، ئاسایشی خۆراکی ئێمە لە مەترسی دایە، ٧٠٪ ی کاڵاکانی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە دابین دەکرێت، دەبێ دەستی پێ بکەین لە خەتی دێگەلەوە دەست پێ بکەین، ئەو خەتە نەهێڵین هەمووامان برای یەکدین لەم وڵاتەدا پێکەوە دەژین، لەبەرەکانی شەڕ

پێکەوە خوێنمان ڕشتووە، پێویستە موساڵەحاتی نیشتمانی بکەین، هەر لەو دێگەلەوە پێویستە کۆنگرەیەکی ئاشتەوایی بکەین، ئێمە ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، با هەمووممان ئیلتزام بە وەختەوە بکەین، نەجات خان فەرموو.

**بەڕێز نجاه شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ب ناڤی خودێ مەزن و دلۆڤان.**

گرنگترین دەستکەفتێ سەرهەڵدانێ بووینە خودان دامەزراوەیەن شەرعی لە هەرێما کوردستانێ، ل گوتارا ئێکێیا جەنابی سەرۆك بارزانی پشتی سەرهەڵدانێ داخاز کو گەلەك کوردستانیان برێك پرۆسێسا دیموکراسی و هەڵبژاردن نینەرێن خۆ دیاری بکەن، ئەڤ جا ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانێ لێ بەرهەم هات و دیڤرا حکومەتا هەرێما کوردستانێ ژ بەر هەندێ نابیت چ لایەن دەست کەفتا نادیدە بکەن، بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانێ ژ داستانێن قارەمانێ کوردستانێ سەرهەڵدانا پیرۆزا بەهارا ساڵا ١٩٩١ ی گەلی کورد بوو، ئێك ژ بوێرا دیرۆکا بەرێ کوردستانی بوو لە ساڵا ١٩٨٦ ی، سەرهەڵدانا ٩١ بەهێز و بازوویا جەماوەر و پێشمەرگەهێ قەهرەمان بوو، سەرهەڵدان مەزنترین بیمەلەرز بوو وەچەرخانەك بوو... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ئازاد فەرموو.

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قوتابخانەی تورکمانەکان نوێنەری پێکهاتەکان لەناو پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگار و حکومەتی هەرێم لەسایەی ڕاپەڕینە، ئێمە وەك نەتەوەی تورکمان ڕاپەڕین لامان زۆر پیرۆز موقەدەسە هەردەم هەوڵ دەدەین ئەو قەوارەی سیاسیەی هەرێم ڕۆژ بەڕۆژ بەهێز بێت بە بیر و فکرەکانمان کاری بۆ دەکەین،داوا دەکەین ئیعتماد لەسەر خۆمان بکەین و داهاتمان بەهێز بکەین و بەداهاتی خۆمان بتوانین خۆمان بەڕێوە ببەین، بۆیە خەلکی بەشەرەفی کوردستان ڕاپەڕینی ٩١ ی ئەنجام دا، بۆیە بەشداری ڕاپەرین بووین هەتا بەیەکجارەکی رزگار بین، من وەك تورکمانەك بەشداریم لە ڕاپەڕین کرد، کۆڵی ساڵانی فیراری و ئەزیەتی مەغدوری میللەتەکەمان کێشا بوو لەگەڵ خەڵکی بەشەرەفی کوردستان هجومی سەر ئیستخباراتی بەعسمان کرد، کە من خۆم یەك ڕۆژ بەعسیەتیم نەکردووە، هیچ باوەرم بە بەعس و دیکتاتۆر نەبووە، بۆیە لەناو ئەو پەرلەمانە داوا دەکەم لە خەلکی بەشەرەفی کوردستان تەجروبەی پێکەوەژیانی پێکهاتەکان لە کوردستان ببێتە نموونەیەك لە هەموو جیهان دا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك رومیو فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێشـەکی شـانازی بە خـۆم دەکەم وەکـو ئاشـووریەك بەشـداریەکی چالاکـانەم هەبـووە لەم ڕاپەڕینە مەزنە، تەمەنیشم گەورە بووە، بچووك نەبـووم، بەداخەوە دوای تێپەڕبـوونی سـی سـاڵ خەڵـك بە نائومێـدی باسـی ئەو حەدەسـە گەورەیە دەکـات، مـن پێمـوایە ڕاپەڕیـن ناکرێـت بەو شـیوەیە باسـی لێـوە بکریـت، چـونکی ئەوەی دیـارە و ئەوەی ئـێمە دەیبینـین هەر کاتێـك ئەم حەدەسە نزیـك دەبێـتەوە هەر ئەو حـزب و لایەنە سیاسیانەی کە هەموویـان بەشـدار بـوون لەم ڕاپەڕینە مەزنە دا هەر یەکە بە شێوازی جۆراوجـۆر باسـی ئەم ڕاپەڕیـنە مەزنە دەکـات و خۆیـان دەکەن بە خاوەنی ئەم ڕاپەڕینە مەزنە و هەندێك لە حزبەکان وەکو موڵکی تایبەتی خۆیان باسـی راپەرین دەکەن، بـۆیە مـن پیمـوایە نـاکرێ ئەمە حەدەسێك بـوو مێـژووی کوردسـتان وعیـراق و ناوچەکەی گۆڕی، پەرلەمان و حکومەتی دامەزراند، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك هیمداد فەرموو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـێمەش وەکـو تورکمـان و فراکسـیۆنی بەرەی تورکمـانی بە بـۆنەی سـاڵیادی ڕاپەڕینـی پیـرۆزی کوردستان پیرۆزبایی لە گشت خەڵکانی هەرێمی کوردستان بە گشت پێکهاتەکان دەکەین و ڕێـزو نەوازش بۆ شـەهیدان دەخـوازین، بـە هیـوای یەکڕیـزی و برایەتـی پتەوکردنـی پەیوەنـدی لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئاییندەیەکی گەش و ئەم دەستکەوتە بە زەحـمەت هـاتە دی بە ئاسـانیش ون نەبـێ و داهـاتی ئەو دەڤەرە و ئەو دەروازە زیـاتر بـدرێتە نـاوچەی ڕاپەڕیـن و خاسەتەن رانیە، بـۆ ئەوەی زیـاتر ئیسـتفادەی لـێ بـکەن و لە هەمـان کاتـدا لە بـواری تەندروسـتی خۆتـان دەزانـن خاسـەتەن نەخۆشـخانەکانی تـایبەت مەعەل ئەسـەف کردیتیـان بە تیجـارەت بە هیوای ئەوەین قانونێك دابنرێـت بـۆ ئەم نەخۆشـخانە و چـونکە نەخۆشـمان زۆر زۆر مەغـدورن، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەرەتا پیرۆزبـایی جەژنـی ٨/مـارس لە ئافرەتـانی جیهـان و کوردسـتان بە تـایبەتی دەکەم، پیرۆزبایی ڕاپەڕینیش دەکەم لە ساڵی ١٩٩١ گەلی کوردستان لەسـەرجەم شـارو شـارۆچکەکانی بە هەموو چین و توێژەکانەوە بریاریان دا دژی حکومەتی بەعس ڕاپەڕینەکـی سەرتاسـەری ئەنجـام بدەن، ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی مێژووی بوو بۆ گەلی کوردستان لە باشووری کوردسـتان، ئەمەش لە ئەنجامی دەیان چیرۆکـی سـەرنجڕاکێش و هەسـت بـزوێن و جەرگ بـر لە کـات ڕاپەریـن دا بە یەکگرتـوویی گەلـی کوردسـتانیش بـووە هۆکـاری ئەوەی گەلـی کوردسـتان بـۆ یەکەم جـار لە

باشووری کوردستان ببێتە خاوەن قەوارە و حکومەت و ئیدارەی خۆیی و ئەو پەرلەمانەی کە ئێستا تێیدایئە، بەرەی کوردستانی ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەم دەستکەوتانە بە سەرۆکایەتی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك بەهمەن فەرموو.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپەڕین گەورەترین شانازی مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردە، بۆیە بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم، ئامانجی ڕاپەڕین بریتی بوو لە رزگارکردنی خەڵك و خاکی کوردستان لە ژێردەستە و دکتاتۆریەت، ئەو ئامانجانە بەدی هاتن و دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینیش بریتی بوون لە پەرلەمان و حکومەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها ئەو ئازادییەی کە ئەمڕۆ خەڵکی کوردستانی تیادا دەژی حەقی خۆیەتی لێرەوە سوپاسێکی بێ پایانی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و سەرۆك مسعود بارزانی کە ئەو کات سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو لە ڕاپەڕین و لەناو کۆیەدا ڕایگەیاند کە دەبێ شەرعییەتی دیموکراسی و سەندوقەکانی دەنگدان جێگەی شەرعیەتی شۆڕشگێری بگرێتەوە و خەڵکی کوردستان خۆیان بڕیار لە چارەنووس و خۆیان بڕیار لە بەڕێوەبردنی خۆیان بدەن و بەرهەمەکەی ئەم پەرلەمان وحکومەتەیە، بۆیە ئەمە جێگەی شانازی هەموو کوردێکە ئەوەی کە ئەمڕۆ ئەیەوێ دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین ناشیرین بکات ئەوا گەندەڵی و قاچاغچێتی و ئەو خەڵکانەن کە هەموو پیرۆزیەکانی ئەم وڵاتەیان لەڕێگەی ڕاگەیاندن و سایتی علوجەوە ناشیرین کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك حکمت فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبوزید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یادە پیرۆزە لە گەلی کوردستان پیرۆز دەکەم، بە تایبەتی لە سەرۆك بارزانی کە ئەو کاتە سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو، لڤێ یادا پیرۆزیا مەزن پێویستە لسەر لایەنێن سیاسی کو دەمێ ئاخافتنێت خۆ پەیامێت خۆ دگەهینن بۆ خەلکێ کو پەیامەکا رۆژەکا وەسایا گرنگ پێوستە ئەو پەیامە بتنێ بۆ هەندێ بیتن کو لایەنێن سیاسی پتر نزیکی یەکتر بکەن، پتر پەیوەندیەت سیاسی خورتر لێ بێن، یا دی پیوستە لسەر هەمی لایەنێن سیاسی سەر پەرلەمانێ ژی داکۆکی بێتە کرن کو پتر قانون بچەسپیتن، ژ بەر کو هەر وەڵاتەکی قانون تێدا نەچەسپیتن ئەو وڵاتە پێشڤەچوونێ بخۆڤە نابینیت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەو ڕاپەڕینە شکۆدارەی کە لە هەرێم دا کرا جێگای فەخرو شانازی ئێمەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا مایەی نیگەرانیە و مایەی دلتەنگیە کە لە سی ساڵەی یادی ڕاپەڕین دا زۆرینەی زۆری هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان هێز و لایەنە سیاسیەکان بە بێ جیاوازی کۆکن لەسەر ئەوەی ئامانجەکانی ئەو راپەرینە بەداخەوە کرانە قوربانی ململانێی حزبی، لەم بۆنە نیشتمانییە بە گرنگی دەزانم سڵاو بنێرم بۆ روحی ئەندازیاری ڕاپەڕین بەڕێز رەوانشاد نەوشیروان مستەفا امین، کە تا لە ژیاندابوو پێداگری لە چەسپاندنی یاسا و ڕێزگرتن لە ئازادیەکان دەکردەوە، بەڕیزان بە گرنگی دەزانم جەخت لە بابەتێکی هەستیار بکەمەوە ئەویش سەروەری یاسا و چەسپاندنی پایەکانی عەدالەتە کە لە ئەساس دا ڕاپەڕین بۆ ئەمە کرا، بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان دۆخی یاسا لە ئاستێکدایە دادوەری، پارێزەر، یاساناس هەمووی دەڵێن دەسەڵاتی دادوەری لەژێر پرسیارێکی گەورەدایە، ڕاستە ئێمە دامەزراوەی یاسادانان... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاتەکەت تەواو بوو، کاك سەرکۆ فەرمووو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان، پێشمەرگە قارەمانەکان، ڕیکخستنە دێرینەکان و زیندانیانی دەستی ڕژێمی بەعسی لەناوچوو، پیرۆزبایی سی هەمین سالیادی ڕاپەڕین لە گەلی کوردستان و دانیشتوانی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵی کوردستان دەکەم، سی ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی پیرۆزی وەکو ئەمڕۆدا لە دەروازی ڕاپەڕین تۆماری دەیان ساڵەی تەعریب و تەعبیس و قڕکردن و کاولکاری ڕژێمی بەعسی خوێنرێژ پێچرایەوە، ڕاپەڕین بە دەست و بازووی خەڵکی کوردستان و ئەندازیاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ڕابەرایەتی جەنابی مام جلال کە سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو و ئەو کاتەش کاك نەوشیروان مستەفا ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان و بەرەی کوردستانی بوو، لە ئێستادا خەڵکی کوردستان دەیانەوێ کە سەروەری یاسا و ئازادیەکان و ئاسایش و کار وپیشەیان و مووچە و قووت و کەسابەت و ژیانیان لە دەست کەمینەیەکی دەسەڵات پارێزراو بێ، چاك بکرێ و لەم یادە پیرۆزەدا داواکارین ئەم مۆدێلەی حوکمڕانی چاك بکرێ کە بووەتە هۆی قەیران و گەندەڵی و برسی و نەبوونی ئازادی و...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك لقمان فەرمووو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپەڕین دەرئەنجامی یەکگرتووی خەڵکی کوردستان بوو بەرەنجامی یەکێتی و یەکریزی هێزە سیاسیەکانی کوردستان بوو، بۆیە لە دەست پێکدا سلاو دەنێرین بۆ روحی ڕابەری نەتەوەییمان

سەرۆك مام جلال ئەندازیاری یەكێتی و یەكڕیزی گەلەكەمان، ئەمڕۆ یادی سی ساڵەی ڕاپەڕین دەكەینەوە، ڕاپەڕین بۆ فەراهەم كردن و دەستەبەر كردنی ئازادی و ژیانێكی شەرەفمەندانە بوو، بەداخەوە وەڵاتەكەمان ئێستا بە قەیرانێكی قوڵی دارایی دا تێ ئەپەڕێ و ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان مسۆگەر نییە، وە ئازادیەكان لە ژێر مەترسی دان، بۆیە ئەركی حكومەتی هەرێمی كوردستانە ئەولەویەتی كاری بۆ باشتر كردنی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان و فەرمانبەران بێ كۆتایی بێ بە لێبڕینی مووچەی فەرمانبەران و هەروەها ئەركی دامودەزگا دەستووریەكانە ئازادییەكان و دیموكراتی و مافی مرۆڤ بپارێزێ و لە ژێر هیچ بیانویەك پاشەكشە لە ئامانجەكانی ڕاپەڕین نەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك یاسین فەرمووو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرەش هەر غەدرم لێكرا من دەمەوێ بەدەر لەو قسانەی كە ئەو برادەرانە كردیان، لەبەرئەوەی من سی ساڵە دوای ڕاپەڕین بەو دەسەڵاتەی دەڵێم خزمەتی ڕانیە بكات، زانایەكی عەرەب دەڵێ ( گەر سەڵاحەدیی ئەیوبی شكستی خواردبا لەو سەركەوتنانە عەرەبەكان دەیانگوت سەڵاحەدینی ئەیوبی كوردە) بەڵام ئێستا سەڵاحەدینی ئەیوبی سەركەوتنی بەدەستهێناوە هەموویان دەڵێن عەرەبە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەو وێنەیەی كە ئێستا سی دانە ساڵە لەو پەرلەمانی كوردستانە تەنها بەیەك وشەش ناوی ئەو كابرایەی نەهاتووە كە مێژووی گۆڕی مێژوو، مێژووی كوردی گۆڕی لەسەرانسەری جیهاندا ئەو شەهید (علی) یە، كە بەتەلی ڕاپەڕینە، مۆنۆمێنت بە تەواو نەكراوی ماوە، من بۆ خۆم بەشداری ڕاپەڕینم كردووە بەدوای ئەو كابرایەی وە بووم، ٣/٧ دەبووا ڕاپەرین كرابا، لە دەنگی گەلی كوردستان دەیكوت ٣/٧ زەماوەندە، بەڵام شەهید (علی نبی) توانی مێژوو بگۆڕێ، بیكاتە ٣/٥ ئەگەر ٣/٥ نەبووایە ئەو پەرلەمانە نەدەبوو، لەبەر ئەوەی قەڵادزێ و هەموو گوندەكان تەعریب و تەخت كرابوون، بۆیە داوا لە بەڕێزت دەكەم، داوا لە هەموو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەكان دەكەم رسمێكی شەهید (علی نبی) وەكو بەتەڵی ڕاپەڕین لە پەرلەمانی كوردستان هەبێ، بۆ ئەوەی هەموو سیاسیەكان شەهید علی نبی كە هاتە مەیدانێ گوتی بژی بەرەی كوردستانی باسی هیچ لایەنێكی سیاسی نەبوو، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ڕاپەڕین لە پێناو ئازادی و فەراهەم كردنی ژیانێكی شایستە بۆ هاووڵاتیان جێگەی ڕێزە، بەڵام ئەوەی نیگەرانییە ئەوەیە كە پاش سی ساڵ لە ڕاپەڕین دەستكەوتەكانی ڕاپەڕین لەبەردەم هەڕەشە و مەترسیەتی جدی دان، ئەویش هەڕەشەی گەندەڵی و نەبوونی دادگەری و دادگەری كۆمەڵایەتییە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان لە پاش سی ساڵ هێشتا زامی ئەنفال سارێژ نەبووە كەسوكاری ئەنفالكراوان چاوەڕوانی ئیسك و پروسكی

خۆشەویستانیان دەکەن، لەبواری دادگەری کۆمەڵایەتی دا لە کوردستان هاووڵاتییەکی خاوەن پێداویستی تایبەت هەشت ساڵە چاوەڕوانی مووچەی (١٥٠) هەزار دەکات، بەڵام سەدان خەڵك مووچەکەیان لەسەرووی سێ ملیۆنەوەیە کە هەندێکیان نا یاسایین، لەبواری ئازادیەکان دا ئەوە شەهید هیوایە تاقانەی شەش خوشك تا ئێستاش بکوژەکەی دەستگیر نەکراوە و شەهیدی ئازادی و ئازادی ڕادەربرین و خۆپیشاندانەکانە، بەهەمان شێوە شەهید هەرێم تەمەنی ١٣ ساڵە، ئەمانە نەوەی دوای ڕاپەڕینن تا ئێستا بکوژەکانیان دەستگیر نەکراوە لە خۆپیشاندانی سەیدصادق شەهید کرا، ئەبێ لە کەسوکاری پێنج سزادراوی ئازادی بادینان بپرسین بۆچوونیان لەسەر ڕاپەڕین چییە؟ ئەوا عائیشەیە مناڵی کاك شڤانە قوربانی دەستی ئازادییەکانە ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرهەڵدان بەرهەمێ خەباتا سەدان سالان بوو دەستکەفتەیەکا گەلێ کوردستانێ بوو لی مخابن پشتی سی سالان ئەڤ دەستکەفتیا هاتیە حزبی کرن و (کل حزب بما لدیهم فرحون)، جهێ داخێیە، راپەرین بۆ چەندین ئارمانجان هاتە ئەنجام دانێ، ئێك ش وانا ئازادی بوو، ئەڤ هاوکێشا نوکە گەلەك بانگەشەی بۆ دکەن ئاسا تە ئازادی یان تە نان، ئایا تە دادپەروەری یان تە نان، ئەم بێژین گەلێ کوردستانێ خەبات کر ئازادی وەربگریتن، لێ دگەل وێ ئازادی ژی نانی خۆ دڤێتن، دیماهی دینم ئاخافتنا خۆ ب ئایەتەکا قورئانا پیرۆز (الَّذِي أَطْعَمَهُمْ مِنْ جُوعٍ وَآمَنَهُمْ مِنْ خَوْفٍ) ب زگی برسی تنێ ئەم نەشێین بەردەوامی بدەینە ڤان دەستکەفتیەت ڕاپەڕینێ بەر هەندێ ئەو بیژین دادپەوەری پیتڤیا هەبیتن دهەمی بواران دا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمه رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی کات بگری من ئەو دوو هاوڕێیەم ناویان نووسیوە بە هەردووکیان یەك خولەك بیکەین بە دوو خولەك یان ئەوان خۆیان قسە بکەن؟ سێ خولەك دەکەین بە دوان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قانعی شاعیر دەڵێت: (ئەسەف دارێك دەبێتە کلکی تەور و دارێکی تر دەبڕێت)، بە ئەم دەردە گرفتارە سەرانسەری خاکی کوردستان، لە یادی سی سالەی ڕاپەڕین دا سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدان و ئەوانەی روحیان بەم نیشتمانە بەخشی، بەڵام ئەسەف ئێستا جاش و موستەشارەکان ژیان و گوزەرانیان لەوان خۆشترە و کاریان ماشیی ترە، سڵاو لەو زیندانیە سیاسیانەی کە شەهیدی زیندوون و دوای سی سال چاوەڕوانی تا ئێستا مووچەیەکیان پێ ڕەوا

نەبینیون، زۆریان بەو حەسرەتەوە سەریان نایەوە، بەداخەوە دوای سی سال لە ڕاپەڕین گەنجان زیاتر بێ هیوا و بێ ئومێد بوون، پۆل پۆل ئەوەی عانەیەکی پێ بوو ڕێگەیەکی پێ ببڕێ ڕێگەی هەندەران و غوربەتی گرتەبەر و بەداخەوە سەدان گەنج بوونە خۆراکی ئیجە، ئەسەف دوای سی ساڵ مووچە شەست ڕۆژ و مامۆستا و فەرمانبەر بێ مووچە و هاووڵاتی برسی و داهاتی نەوت نادیارە و قاچاغچێتی بە ڕۆژی ڕووناك دەكرێت، بەداخەوە ڕاپەڕین سی ساڵ بەر لە ئێستا بۆ ئازادی کرا، کەچی خەڵك لەسەر ئازادی ڕادەربڕین تیرۆر دەکرێ و ڕۆژنامەنووس دەخرێنە کونجی زیندان و مامۆستا لەسەر داواکردنی مافی خۆی شەق دەخوات، دوای سی ساڵ حزب و مەکتەب سیاسی مەسئولی بەر و بەحر خۆیان بڕیاری یەکەم و کۆتایی دەدەن، پەرلەمان بێ ئەرزش دەکرێ و کەس گوێ لە ڕەخنە و ئازادی خواز ناگرێ و میدیا کوت و بەند کراوە و یاسا ماسیە بچووکەکان دەگرێ و گەورەکانیش بە هەوای شان دێن و دەچن، بۆیە لەم نائومێدیە گەورەیەی کە بەرۆکی هەمووانی گرتووە یان دەبێ بەڕاستی چاکسازی بکرێت، داهاتی نەوت شەفاف بکرێ، ئازادی لەوە زیاتر بەرتەسك نەکرێتەوە و قاچاغچێتی دەروازە سنووریەکان کۆتایی پێ بێت و یاسا سەروەر بێت، پەرلەمان مەرجەعی یەکەمی بڕیاری سیاسی و یاسایی بێت، ڕێز لە ئازادی ڕادەربرین بگرین، یان ئەم تووڕەییەی خەڵك کە تا سەر لوتی هاتووە لەگەڵ خۆیان دا دەمانبات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مەلا وەیس فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەبۆنەی ساڵیادی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و بە پێویستی دەزانم پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و هەروەها لەسەرووی هەمووشیانەوە ئاراستەی جەنابی سەرۆك (مسعود بارزانی) بکەین کە لە داستانی بەناوبانگی خواکورك لە ساڵی ١٩٨٨ پێشبینی گۆڕانکاری گەورەی کرد کە لە دواییدا بە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان هاتە ئاراوە و یەکەمین سەرکردەی سیاسی بەرەی کوردستانیش بوو لە رانیەی دەروازەی ڕاپەڕینەوە هاتەوە ناو خاکی پیرۆزی کوردستان، بێگومان ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان دەسکەوتی زۆر گەورەی بۆ خەڵکی کوردستان هێناوە لەسەرووی هەموویانەوە ئەو فرە ئایینی و فرە نەتەوەییەیە کە لە هەرێمی کوردستان هەیە پێشنیار دەکەم پەرلەمانی کوردستان ساڵانە ڕۆژی ٧/ئادار کە دوێنێ بوو بە بۆنەی هاتنی قەداسەتی پاپای ڤاتیکان بکات بە ڕۆژی پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان، چونکە بەڕاستی ئەمە دیمەن و کاریگەریەکی گەورە بوو و توانیمان بەو شێوازە پرۆتۆکۆڵ و نێودەوڵەتیە لە پێشوازی قەداسەتی پاپا دابین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا غفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەبۆنەی یاد کردنەوەی سی ساڵەی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لێرەوە هیوادارم ئەو ناوچە داگیرکراوانەی هەرێمی کوردستان بگەڕێنەوە ژێر ڕکێفی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئێستا لە ژێر هەژمونێکی داگیرکراوی دان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ڕاپەڕین بە یەکڕیزی لایەنە سیاسیەکان و کلـپەی دڵسۆزی جەماوەری کوردستان هاتە کایەوە، ئەمەش باشترینە ئەزموونە بۆ ئێمە کە بتوانین بەیەکڕیزی پارێزگاری لە دەستکەوتەکانمان بکەین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئاماژە بە وتارێکی جەنابی سەرۆك بارزانی دەکەم کە لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکە داوای کرد گەلی کوردستان لە ڕێگەی پرۆسەیەکی دیموکراسی و هەڵبژاردن نوێنەرانی خۆیان دیاری بکەن و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی لێ بەرهەم هاتوو دواتر حکومەت و بۆیە نابێت هیچ لایەنێك دەستکەوتەکانی نادیدە بگیرێت و ئەو بیروڕا ئازادیەی کە لە ئێستا لە هۆڵی پەرلەمانی کوردستان دەردەبڕن ئەمانە دەستکەوتی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بوو و وتارەکەی جەنابی سەرۆکە، دەمەوێ یەك دەرفەتم پێ بدەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس تەواو کاك نزار، کاك فرید بەڕێزت ناوت نووسیوە قسە ئەکەی؟ قسە ناکەی، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، هەروەکو پێشبینیم کردبوو لەبری ئەوەی باسی ڕانیە بکرێت گەیشتینە ئەو جەدەلەی کە کێ ئەندازیاری ڕاپەڕینە، لەبری ئەوەی کە بلێین لە هەرێمی کوردستان دا پێش ئەوەی کە ڕاپەڕین بکرێ جەنابی سەرۆك بارزانی سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو بەڕێز مام جلال و کاك نەوشیروان مستەفا وەکو دوو برا پاڵپشتی ئەویان کرد بۆ ئەوەی کە ڕاپەڕین ئەنجام بدرێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا هیچ شتێك لەمانە بە بێ خەڵکی کوردستان نەدەکرا و خەڵکی کوردستان داینەمۆ و هێز و پاڵپشتی ڕاپەڕین بوون، لەپاڵ هەموو ئەو گلەییانەی کە قبوڵ کراون و ئەو ڕەخنانەی کە هەن لە هەرێمی کوردستاندا لە سیاسیەت، لە حکومەت، لە پەرلەمان یان لە هەر بابەتێکی دیکە، بەڵام ئێمە ڕاپەڕین و ئازادییمان نەکرد بۆ ئەوەی چەپڵە بۆ سیخوڕ لێ بدریت و ڕێگە بدرێت خەڵکێك بەناوی سیخوڕی و تێکدانەوە بێتە هەرێمی کوردستان بشیوێنێت و بەرەو عاقاریکی نادیاری ببات، بەڕێزان بەشێك لەو قسانەی کە کراون لەسەر ئەم بابەتە گوایە ئازادی زەوت کراوە بە تایبەت لە کەیسی بادینان دا هەر لە بادینان شەهید غازی ئەلی خان شەهید کرا لە کاتی نێرگز چاندن دا لە باخچەکەی دا ئەویش خوێنی ڕژاو مناڵەکەی ئەویش فرمێسك لە چاوی هاتە خوارەوە، بەڵام بینیمان یەکە نەفەر وشەیەك لە دەمی دەرنەهات، چونکە بابەتەکە کراوەتە مەسەلەیەکی سیاسی، بەرهەم چۆن هەبێ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دا ئەگەر تۆ لە دەسەڵات بیت و ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن بگێڕی دەم و چاوت قیناعیکی لەسەر بێ و بە شەو ئەرکێکت هەبێ و بەشەو ئەکێکی دیکەت هەبێ، بە واجبی خۆت و بە مەسئولیەتەوە کارەکانت بکەی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، سەرەتا لەو یادە پڕ شكۆیە سڵاو پیرۆزبایی دەنێرم بۆ تەواوی خەڵكی كوردستان لەسەرووی هەموویانەوە عەرابی ڕاپەڕین و نەخشەداڕێژەری ڕاپەڕین جەنابی سەرۆك بارزانی كە مەیدانیەن بە تەوجیهاتەكانی توانی قیادەیەكی باشی ڕاپەڕین بكات، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەگەر فلاش باكێك بكەین بەینەوە پێش دیمەنەكانی پێش ڕاپەڕین ببینین چۆن بەعسیەكی پێ پەتی بە شەقە زللە لە لاوانی كورد دەدات و پێی ئەڵێ كە تۆ موتەمەردی، ئێستا لە دوای ڕاپەڕین كە یەكێكە لە بەرهەمە هەرە جوانەكانی ڕاپەڕین بریتیە لەو ئازادیەی كە دەستەبەر كراوە لەو ئاسایشیەی كە هەیە لە هەرێمی كوردستان لەژێر سایەی پێشمەرگەی كوردستان هەموومان بە ئازادی دەئاخڤین ودەژین، بۆیە وا باش بوو من پێشبینیم دەكرد كە گوتارەكان، دیسكۆسەكان لە پەرلەمان هەمووی بە ئاراستەی تۆخ كردنەوەی گیانی تەبایی و یەكڕیزی بێت، بەڵام بەداخەوە بەشێك لە گوتارەكان بە ئاراستەی لێك ترازانی سیاسی بوو، من دەپرسم ئەوانەی بە تایبەتی حزبەكانیان لە دەسەڵاتە ... با تەواوی بكەم بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان... ڕێگەت دا دوو خولەك قسە بكات كاك دیاری ڕێگە بدە یەك خولەك قسە بكەین، ئاخر ناكرێ خۆ پەیڕەوی نییە هەر كەس لە جیاتی خۆی قسە دەكات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ڕێبوار یەكێك تەنازولی بۆ كردبوو، زۆر سوپاس، خدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خديجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەبۆنەی ٨/مارس ڕۆژی جیهانی ئافرەتان پیرۆزبایی لە سەرجەم ئافرەتانی كوردستان و دایكانی خۆڕاگری كوردستان دەكەم، یادی ڕاپەڕین لە گەلی كوردستان پیرۆز بێت، بێگومان ڕاپەڕین پەیامەكی گرنگی هەبوو بۆ دوژمنانی گەلی كورد كە گەلی كورد چیتر ژێردەستەیی و زوڵم و زۆرداری قەبوڵ ناكات، ئەو ڕاپەڕینە بە یەكڕیزی یەك هەڵوێستی هەموو گەلی كوردستان لەسەر ئاستی سیاسی و لەسەر ئاستی جەماوەری توانی كە سەركەوتنێكی گەورە بەدەست بهێنێت و ئەمڕۆكەش ئێستا بۆ پاراستنی دەستكەوتەكانی ئەم ڕاپەڕینە ئەو یەكڕیزی و یەك هەڵوێستیە دووبارە پێویستە بۆ پاراستنی ئەو پەرلەمانە. ئەم حكومەتە، ئەم قەوارەیەی هەرێمی كوردستانە كە بەرهەمی ئەم ڕاپەڕینە دووبارە پێوستە كە ئەمە یەك هەڵوێست بین و هەركەسێكیش پێچەوانەی ئەمە بكات بێگومان نا پاكی لە خوێنی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری خوازی كوردستان دەكات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك حاجی سفین فەرموو.

**بەڕێز سەفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان، ڕاپەڕین ڕەدکردنەوەی ستەم و داگیرکاری بوو لە هەمان کاتیش دا هەنگاوێکی مەزنی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد بوو، بۆ دەستپێکی قۆناغێکی گرنگ لە خەباتی گەلەکەمان ئامانجی ڕاپەڕین گەڕانەوەی خاك و ماف بوو بۆ گەلی کوردستان، کە ماوەیەکی زۆر بوو بە زەبری ئاگر و ئاسن، زۆرداری لە خەلکی کوردستان زەوت کرابوو، ڕاپەڕین ئەوە بوو بۆ گەلی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله مه خۆ حازر کردبی ڕاستی ئەم سلاڤا و پیرۆزبایهی بنێرن ڤی یادا ڕاپەڕینێ مخابن وە لێ کرن خۆزیا ئەڤ برگەها هەر نەبا، چونکی شینا معانات و کێشە و گلەییت وێ مەنتقا و خەڵکی بگەهینن ب ئاراستەك دیڤه برن، ئەز داخازێ ژ جەنابێ تە دکەم دیڤ مادداً/ ٥٥ برگا/٢ چەند وشە گەلەك هاتن بکارئینانێ ژ لایێ گلستان خان، شیرین خان، کاك کاوە، کاك سەرکۆ، کاك دیاری بهێن لابرن، ڕاستی نە جان بین و دەرهەقێ ڤێ دەستکەفتا مەزندا بهێن کرنێ، پاراستنا شکۆ و هەیبەت و یەکریزیا میللەتێ کورد هەمی دا لازمە هەبیتن. ڕاوەستاندنا ڤێ تەشهیر کرنێ ناشیرین کرنا یەکدی ڕاستی بلا بستەکنیتن بەسە، ئەڤ دەستکەفتیت هەنێت مەزن خودێ هندەك ژ وان ئاخافتینە ئەسڵەن ٩١ موالیدا وان، هەندەك ٩٢ چ ژ ڕاپەڕینێ نزانن، نزانن ڕاپەڕین کیش تاریخی بی....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ نابی وەڵامی ئەوانی تر بدەیتەوە، بەڵێ زۆر سوپاس، کاك دیاری بەڕێز ئێمە لێرەین دانیشتن بەڕێوە دەبەین، ئەڵێ بە گوێرەی ماددەی/٥٥ ئەو وتانە لادەن، دواجار ئێمە قەرار دەدەین چی لائەدەین وچی لانەدەین، لەبەرئەوە دەرفەت بدە کە قسەیەك دەکرێ کەزانیمان دەرچوونە لەوەی کە ئەبێ بوترێ ڕایدەگرین، ڕەئی خۆی دەڵێ بە پیی ماددەی/٥٥ یا بە قسەی دەکەین یان بە قسەی ناکەین، سوپاس ڕۆژان خان زۆر سوپاس، کاك عوسمان سێدەری فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم بۆنە پیرۆزەدا پیرۆزبایی گەرم لە کەسوکاری سەربەرزی شەهیدانی ڕاپەڕین و تێکڕای شەهیدانی گەلەکەمان و تێکۆشەرەکانی میللەتەکەمان بە گشتی ئەکەم، دیارە ڕاپەڕینە مەزنەکەی خەڵکی کوردستان بە پاڵپشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و تێکڕای لایەنە سیاسیەکانی نێو بەرەی کوردستانی بوو، هەروەها من لەم بۆنەیەدا داواکارم خزمەتی زیاتری کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان بکرێت، لە هەمان کاتیش دا لە هەموو شارو شارۆچکەکاندا شەقامێك بەناوی شەهیدانی ڕاپەڕینەوە بکرێت وێنەی شەهیدەکانی تیا هەڵواسرێ، هەروەها ئەم ڕۆژەش بکرێتە ڕۆژی ئاشتەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یەکتر قبوڵ کردنی تەواوی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، دیارە ڕاپەڕین دژی زاڵمێکی ستەمکار بوو، بەڵام ئەندازیاری ڕاپەڕین کاك نەوشیروان خۆی پێی وابوو ڕاپەڕین ئامانجەکانی نەهاتۆتە دی، بەداخەوە بەشێکی زۆری بەرپرسان لەسایەی ڕاپەڕین دا دەستیان دایە شەریکەی نەوت و سکیورتی و قاچاغچێتی و لیوا و فەوجی پاسەوانی و داگیرکردنی زەوی و کارگەی جگەرە و مەشروب بە نایاسایی و قاچاغی داخڵ بکەن و گۆڕەپان و پاڵاوگەی بێ مۆڵەت بکەن و ژەهر بکەن بە قورگی خەڵکا، ڕاپەڕین دژی نادادی بوو، بەڵام ئەپرسین دوای سی ساڵ لە حوکمڕانی کوردی و دەیان گەندەڵی و دزی هیچ بەرپرسێك لە سجنەکاندا نییە، بەداخەوە ژیانی پێشمەرگە لەوپەڕی خراپی دایە، ئەم دۆسیەی باسی ئەکەم بەرپرسێکی پێشمەرگەیە (٢٢) هەزار قتعە زەوی بە سێ سەد و سی و دوو ملیۆن دۆلار فرۆشتووە لە دوو ساڵی ڕابردوودا بە نایاسایی، ئەم دۆسیەی تر کە لێرە ئەیخەمەڕوو کە زەغتێکی زۆرم لێکراوە باسی نەکەم لە ٩٦٪ی جگەرەی کوردستان ئێستا بەرپرسان بە قاچاغ داخیلی دەکەن، لە ٤٠٪ی مەشروب بە قاچاغ، چەندین کارگەی جگەرە و مەشروب بە نایاسایی بەبێ مۆڵەت دانراوە خراپترین کوالیتی دەکەن بە قورگی خەڵك دا، ئایا خەڵکی کوردستان ڕاپەڕینی بۆ ئەمە کرد؟ ئایا خەڵکی کوردستان ڕاپەڕینی بۆ ئەوە کرد زەوییەك وەربگیرێت و بدرێ بە سی ملیۆن دۆلار و خەڵکیش نان نەبێ بیخوات؟.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك عەلی حەمە صالح، زۆر سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك د.محی الدین، فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەبۆنەی یادی سی ساڵەی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ەکەوە سڵاو بۆ ڕۆحی پاکی شەهیدانی ڕاپەڕین و هەروەها شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان، سڵاو بۆ کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان، سڵاو بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان و کەم ئەندامان، سڵاو بۆ زیندانیانی سیاسی، بەڕێزان ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو بۆ گەلی کورد، کە پێشمەرگە بە هاوکاری جەماوەری توانیان شار و شارۆچکەکانی کوردستان ئازاد بکەن بە شاری کەرکوکیشەوە، هەر لە بەرهەمی ئەو ڕاپەڕینە مەزنە توانراوە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەم پەرلەمانە بێتەدی کە بە خوێنی هەزاران شەهید و ڕۆڵەی ئەم نیشتیمانە، بەڵام بەداخەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو پێویست ئاوڕی لە پێشمەرگە و کەم ئەندامان و زیندانیانی سیاسی نەداوەتەوە، کە مافی ڕەوای خۆیانە ژیانێکی شایستەیان هەبێ لە دوای سی ساڵ ڕاپەڕین ئێستا زۆربەیان نەخۆش و پەککەوتەن کە هەموو ژیانی خۆیان بەخت کردبوو بۆ ئەم کوردستانە، زۆربەیان تاوەکو ئێستا پارچە زەوییەکیان پێ نەدراوە، یان مووچەکانیان بۆ نەبڕاوەتەوە وەکو پێویست، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەلا ناصر، فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر أحمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ یەکێ بوو لە وێستگە گرنگ و شۆڕشگێڕەکانی مێژووی گەلی کوردستان لە ئاکامی یەکڕیزی گەلی کوردستان بوو، لەم هەلومەرجەی ئەمڕۆی کوردستان دا ئەم ئاستەنگ و بەربەستانەی کە دووچاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و قەوارەمان دەبێتەوە وا دەخوازێ پێداچوونەوەیەکی تەواو و جیددی بە تێکڕای سیاسەتە پەیڕەو کراوەکان بکرێ بە دیدێکی ڕەخنەگرانەی بابەتیانە، کە خزمەت بە ئامانجەکانی ڕاپەڕین بکات، دوورکەوتنەوە لە ململانێی لاوەکی، پتەوکردنی پایەکانی دیموکراسی، پاراستن و فراوانکردنی پانتایی ئازادییەکان، یەکڕیزی، سەروەری یاسا، دابین کردنی ژیانێکی شایستە کە عەدالەتی کۆمەڵایەتی بۆ هاووڵاتییان دەستەبەر بکات، زامنی پاراستن و بەهێزکردنی قەوارەی باشووری هەرێمی کوردستانە بە پێچەوانەوە مەترسی و هەڕەشەکان لەسەر ئەو قەوارەیە ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر دەبێت، نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و سەرفرازی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەستخۆش، د. کاظم، فەرموو.

**بەڕێز د.کاظم فاروق نامق:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

دیارە بەڕاستی ڕاپەڕین گەورەیە و مەزنە و ڕێزی لێ دەگرین، هەموومان ڕێزی لێ دەگرین، بەڵام وەڵلاهی خەڵك ڕاپەڕینی بۆ ئەوە نەکرد کە لە دوای سی ساڵ نێوانی سێ پارێزگا نەکرابێ بە دوو ساید، وەڵلاهی خەڵك ڕاپەڕینی بۆ ئەوە نەکرد کە لە (٢١٪)ی مووچەکەی ببڕێ، کە مووچەی پاشەکەوت بکرێ، وەڵلاهی خەڵك ڕاپەڕینی بۆ ئەوە نەکرد کە دوو مانگ جارێ مووچەی پێ بدرێ، وەڵلاهی خەڵك ڕاپەڕینی بۆ ئەوە نەکرد کە کۆرپەکەی کردە باوەشی و چوو لە ناو شەقامەکان دا ڕژێمی پێشووی وەدەرنا بۆ ئەوەی نەکرد کە ئەو منداڵەی باوەشی گەورە بوو زانکۆی تەواو کرد لە تاو بێ ئیشی و نەبوونی و هەژاری سەری خۆی هەڵگرێ و لە ڕێی خاریج تیا بچێ، وەڵلاهی خەڵك ڕاپەڕینی بۆ ئەوە نەکرد کە لە ناو هەرێمی کوردستان دا ڕۆژنامەنووس تیرۆر بکرێ، وەڵلاهی خەڵك ڕاپەڕینی بۆ ئەوە نەکردووە کە کاتی خۆی بەعس شەقی لە کورد هەڵ دەدا بەڵام ئێستا دەسەڵات شەق لە مامۆستایەکی کورد هەڵبدا، وەڵلاهی خەڵك ڕاپەڕینی بۆ ئەوە نەکرد کە حاکم لە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سیپان، فەرموون بەڕێزتان.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

ڕاپەڕینا گەلێ کوردستانێ ئەو ڕاپەڕینە خەڵکی وەڵاتێ مە خوێنا خۆ کردیە قوربانی ژ پێ خەمەت ژیانەکاش هەژی گەهەشتن بە حکومڕانیا کوردی، موفاداربوون سەروەت و سامانی ژ بۆ

بەرژەوەندیا گشتی نەك سەروەت و سامانی ڤێ وەڵاتی یەك و وەڵاتی خۆیژی ژ بۆ بەرژەوەندیا تایبەت بچیتن، لەوڕا پشتی سی ساڵ سەرهەڵدانا گەلی کوردستانێ ئەڤرۆکە کار بەدەستن ڤی وەڵاتی دەوڵەمەند و بازرگانن لێ خەلکێ هەرێما کوردستانی، ئەرێ کو سەرهەڵدان کری هەژار و دەستکورتن، خەلکی هەرێما کوردستانی سەرهەڵدان کرد بۆ ئەوەی بە ئازادی بژین، لە ئەورۆکە گەنجێن وەڵاتی مە لەسەر کۆمێنتەکی دهێنە دەست بەسەر کردن و زیندان کرن، لەوڕا بلا یادا سەرهەڵدانێ بکەینە بنەمایەك بۆ حکومڕانییەکا خزمەتکار نەك حکومڕانییەکا بەرژەوەندی خاص.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، لیزا خان. فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕووی مێژووییەوە ڕاپەڕین وەچەرخانێك بوو لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئیدارییەوە، ئەم قەوارەیە نەك تەنها چەترێك بوو بۆ باشوور، بەڵکو چەترێك بوو بۆ تەواوی پارچەکانی دیکەی کوردستان، بەتایبەتیش ڕۆڵی ئەو قەوارەیە لە شەڕی داعش بۆ کوردانی ڕۆژئاوا زۆر گرنگ بوو، کە وای کرد دەتوانم بڵێم قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆی بۆ ئەو پارچەیە دروست کرد و وای کرد خەڵکی ئەو ناوچەیە بپارێزێ، بۆیە ئەمەش شانازییەکی زۆر مەزنە، لە پاڵ ئەوەی کە هەندێك لە برادەران باسیان لە گەندەڵی و قاچاخچییەتی و بەهەدەردانی سامانی گشتی کرد کە ئەمڕۆ بوونەتە شێرپەنجەی ئەم قەوارەیە، بەڵام شێرپەنجەیەکی زۆر مەترسیدارتر ئێستا دروست بووە ئەویش بریتی یە لە فیکرەیەکی ئەنتی نەتەوەیی، کە بە بەردەوام هەوڵی لاوازکردنی ئەم قەوارەیە دەدات، هەوڵی شکانەوەی کەسایەتییەکان دەدات، بەداخەوە لایەنگەیەك دروست بوون کە ئێستا سیناریۆ بۆ مردووەکانیش دروست دەکەن، وای لێهاتووە کە ئەو کەسانەی پیرۆز بوون، کە ئەو کەسانەی ڕۆڵیان هەبووە لە شۆڕش و لە ڕاپەڕین لە ئێستادا ناشیرین دەکرێن، بۆیە پێشنیارێکی زۆر گرنگم هەیە ئەم پرسە تەنها بە قسەکردن و بە دەرفەتدان بە ئێمە بەم شێوەیە حەل نابێ، پێویستە بەجیددی کار بۆ یاسایەك بکەین بەتایبەتی ئەو پێشنیازە یاسایەی کە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا لەسەر پارێزگاریکردن لە پرسی نەتەوەی و نیشتیمانییەکان پێویستە خوێندنەوەی بۆ بکرێت و ببێ بە یاسا...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاتەکەت تەواو بوو، لەیلا خان، فەرموو.

**بەڕێز لیلی عبدالجبار حدو:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

لە یادی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان پێویستە سڵاو بنێرین بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە خەباتیان کردووە لە پێناو ئازادی خاك و خەلکی خۆیان، هەروەها دەبێت ڕۆڵی جەنابی سەرۆك بارزانی بەرز رادەگرین کە بە سەرۆکایەتی جەنابیان لە بەرەی کوردستانی ڕاپەڕین ئەنجام درا، ئێستا لە سایەی هەزارەها هەزار پێشمەرگە سی ساڵە خاوەن قەوارەیەکی دەستوورین، حەز دەکەم

سەرنجتان بۆ سەر خالەك ڕابكێشم كە بە بۆچوونی من كێماسیەكی گەورەیە لە ژیانی سیاسی و دەستووری هەرێمی كوردستان ئەویش نەبوونی دەستوورەكە كە پێویستە هەموومان لە هەموو فراكسیۆنەكان بە گیانی ڕۆژانی ڕاپەڕین بە یەك هەڵوێستی كار بۆ نووسینەوەی دەستوورەك بكەین، یان دەتوانین ڕێگاكاریشمان كورت بكەینەوە بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەستوورەی كە لەو پەرلەمانە و لە ناو ئەو هۆڵە زۆرینەی پەرلەمانتاران دەنگیان پێداوە، بەڵام جەنابی سەرۆك بارزانی كە ئەو كاتە سەرۆكی هەرێمی كوردستان بوو بەڕەچاوكردنی پێویستی و هەبوونی یەك دەنگی نیشتیمانی لەسەر پرسە گرنگ و چارەنووسسازەكان و هاوهەڵوێستی لایەنە سیاسییەكان پرۆژە یاسایەكە ئیمزا نەكرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سوپاس خاتوون، كاك محسن، لێرە نییە، بەڵێ فەرموو كاك ڕزگار، فەرموو.

**بەڕێز ڕزگار عیسى سوار:**

**بە ناوی خوای گەورە مەزن و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سڵاو لە ڕۆحی شەهیدانی ڕاپەڕین و هەموو شەهیدەكانی كوردستان و بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەكەمان، لە سایەی ئیرادەی بەهێزی جەماوەری سەربەرزی كوردستان، كوردستان لە دەستی دكتاتۆرێكی خوێنمژی سەردەم ڕزگار كرا، ئێستاش بە شانازییەوە سەرەڕای هەموو كەم و كوڕییەكان و ململانێی سیاسی، هەڕەشەی ناحەزان و پیلانگێری دژی قەوارەی هەرێمی كوردستان، هەرێمی كوردستان لە ئێستادا لە ڕووی سیاسی، پێكەوە ژیان، پەیوەندی نێودەوڵەتی و ئەمن و ئاسایش لە ئاستێكی بەرزدایە، هاتنی پاپا بۆ هەولێر بەڵگەیەكی زیندووە كە لە مێژووی ناوچەكە بێ وێنەیە، لە ئێستاداش هەموو حیزبە سیاسییەكانی كوردستان هەتا بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە بەرپرسیارین لە پاراستنی دەستكەوتەكان و قەوارەی هەرێمی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك چیا، فەرموو، سوپاس بۆ بەڕێزت كاك ڕزگار.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

٨ی مارس لە ئێوە پیرۆز بیت، وەكو دیارە هەیڤا ئاداری هەیڤا چەندین بیرەوەریێ خۆش و ناخۆشن، پرانییێن ئەو دەسكەفتێن بەدەستی مە ڤە هاتینە ژ ئەنجامێ یەكرێزیا ئالێ سیاسی بوویە، ما دەبینین دەستكەفتا سەرهەلدانا پیرۆزی گەلی كورد بوو لە ساڵا ١٩٩١، بەڕێزان ڤە هەلكەفتا پیرۆز بە دەرفەت دەبینم و پاراستنا وان دەستكەڤتەكی هەرێما كوردستانێیە و داخازیش سەرۆكایەتیا پەرلەمانی دكەم هەولێت جددی بێتە دان بۆ یەكرێزیا ئالیێن سیاسی و ڕەوشا پێتڤیا نووكەیی، من تەنها چارەسەریا وان ئاریشە جێ یەكرێزیا میللەتی كوردە و مە بە دەرفەت زانی كە سەركردا كورد كو ڕۆڵەكا بەرچاڤ هەبوونە د سەرهەڵدانێدا، بەڕێز جەنابی سەرۆك بارزانی و بەڕێز خوداێخۆشبوو مام جلال تالەبانی و نەوشیروان مستەفا، خاڵا دووێ دوو پێشنیار هەبوون، یەك پێشنیارە ئەو، یەكێشیانە ئەوە كە كۆمبوونا (٣/١٦) كە لە حەلەبچە

بێته كرنێ، هەروەسا پێشنیار دكەم كۆمبوونا دووێ لە پارێزگاها دهۆكی بێتە دانان، باژێرێ زاخۆ بەرخودان و (٢٧٠٠) شەهید ڤێتە دانایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك چیا زۆر سوپاس، حسیبە خان، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید إبراهیم:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

لە یادی ڕاپەڕین دا سڵاو لە هەڵگری پەیامی ڕاپەڕین و سەربەخۆیی كوردستان و سەرۆكی بەرەی كوردستانی جەنابی سەرۆك بارزانی، درود بۆ گیانی پاكی شەهیدان.

هەموومان دەزانین ڕاپەڕین شێواز و دەستكەوت و قۆناغی خەبات و شۆڕشی هەر گەل و نەتەوەیەكە بۆ بەدیهێنان و جێگیركردنی ئامانجەكان و بەدەستهێنانی دەستكەوتەكان بۆ ڕزگاركردنی گەل لە ستەم و زۆرداری، ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) ڕاپەڕینێكی جەماوەری مەزنی خەڵكی هەرێمی كوردستان بوو لە دژی سیاسەتی داپڵۆسێنەر و دڕندانەی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو بە پاڵپشتی جەماوەری كوردستان و هێزەكانی بەرەی كوردستانی، كەمكردنەوە لە بەهاكانی ڕاپەڕین لەلایەن هەر لایەنەك بێت مەزنترین خیانەتە بەرامبەر بە گەل و خاك و خوێنی شەهیدان، ئەگەر بێت و پێداچوونەوە بكەین بە خەباتی نەپساوەی گەلەكەمان دەبینین گەلی كوردستان بە درێژایی..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس حسیبە خان، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە إسماعیل محمود:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای پیرۆزباییم لە گەلی كوردستان و پیرۆزبایی (٨)ی مارس لە ئافرەتانی جیهان و ئافرەتانی كوردستان دەكەم، ئەگەر باس لە مێژووی ڕاپەڕین بكەین ئەم دەستكەوتە دەستكەوتێكی نەبڕاوەیە بە گشت دەستكەوتەكانییەوە، بەڵام دوای سی ساڵ دوای ڕاپەڕین بەداخەوە زۆر لەوانەی كە خاوەنی ئەو دەستكەوتە بوون كەمترین شتیان بۆ كراوە و بگرە هیچیان بۆ نەكراوە، بە نمونە وەك خزمەتگوزاری و ژینگە و سنووری جوگرافی و چارەنووسی دابڕێنراوەكان و بە نیشتیمانی كردنی هێزی پێشمەرگە و دەزگا ئەمنییەكان و، بێ ئومێد كردنی گەنج و دیاری نەكردنی چارونووسی لە ڕووی دامەزراندنییانەوە و بەلاوازبوونی ئینتیمای تاكی كوردی بۆ نیشتیمان و، پەراوێز خستنی ڕۆڵی ئافرەتان، خوێندن، تەندروستی، باری كۆمەڵایەتی، هەموو ئەوانە بەداخەوە لە قەیراندان، ئەزموونی حكومڕانی هەرێم تا ئێستا لە شەرعییەتی شۆڕشگێرییەوە بە تەواوەتی نەبۆتە شەرعییەتی یاسایی، ئومێد دەكەم ئەم یادە ببێتە وەچەرخانێكی گەورە و دادگەری و هەوێنی ئاشتەوایی لە هەرێمی كوردستان...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس.

**بەڕێز بدريە إسماعيل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، هەموو جارێ باوەڕکە چەند سانیەیەکم ئەبڕی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با متمانەمان بە یەکتری هەبێ تکایە، د.إسماعیل، فەرموو، تکایە با متمانەمان بە یەکتری هەبێ.

**بەڕێز د.إسماعيل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

لە دەسپێکی بیرهاتنا سەرهەلدانا مەزن نە لە کوردستانا عیراقی تەنێ پیرۆز کەم بەلکی هەر چوار پارچێت کوردستانی پیرۆز کەم، چونکی دەست پێکەکا قۆناغەکا دی بۆ ڕزگاری خوازا یا کوردی دا ئیشاڵڵا، دوو/ ئەز دبێژم سەرهەلدان ئەنجامی ئێك ڕیزی و شۆرشگێر و دڵسۆز و وەڵاتپەروەر یا کری بلا کەس سەرهەلدانێ لسەر میللەتێ مە نەکەتە منەت، هەر یەك جهێ خۆدا ب سەرهەلدانێ ڕابوو، سێ/ ئەگەر ئەم بێژنە وان کەسێ سەرهەلدانێ ڕابوون و شەهید بوونا نەڤێت مرین، بێژنێهین چ دبێژن ڕەوشا کوردستانێ ڤێ ڕەنگیا ڤا ئەم تێدا دەبیێژن، موخابن، سەرهەلدان ئەنجامی تووێ و مەبەستا وێ نەهاتە جێ و مخابن گەلەك کەسا چووت بەری کا هەندە حزب و هەندە کەسادا سەروەت و سامان پێ کۆم کر و کۆمپانییێت زەبەلاح دروست کرن، ئەگەر ئەم بێژنە وانا....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك گۆران، فەرموو، سوپاس کاك دکتۆر.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پیرۆزبایی لە ڕۆژی ژنان دەکەم لە ٨ی مارس، ڕاپەرین بەرهەمی ئەندازیاری ڕاپەرین ڕەوان شاد نەوشیروان مستەفا و پێشمەرگە قارەمانەکان و بەرهەمی خوێنی شەهیدانە، بۆ ڕێزگرتن لە خوێنی شەهیدانی سەربەرزی کوردستان و ئەو ڕۆژە مەزنە پاراستنی قەوارەی هەرێم ڕێزگرتنە لە ڕاپەرین، پاراستنی زمانی کوردی ڕێزگرتنە لە ڕاپەرین، پاراستنی ئاسار و ئاسەوار لە کوردستان ڕێز گرتنە لە ڕاپەرین، بەهەدەردانی سامانی سەرزەوی و ژێر زەوی ڕێزگرتنە لە ڕاپەرین، یەکتر قبول کردن و ڕێزگرتن لە ئازادی ڕادەربڕین ڕێزگرتنە لە ڕاپەرین، جوان کردنی کوردستان و گەیاندنی خزمەتگوزاری و بوژاندنەوەی کوردستان ڕێزگرتنە لە ڕاپەڕین، داگیرنەکردنی زەوی و زار و موڵکی گشتی ڕێزگرتنە لە ڕاپەڕین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك ڕزگار، فەرموو.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕوونە ڕۆژی ڕاپەرین جێگەی دڵخۆشی هەر چوار پارچەی کوردستانە، بەڵام ئەمڕۆ کە یادی ڕاپەڕین دەکرێتەوە ڕوونە کەوا یادەکە نەبۆتە جێگەی دڵخۆشی خەڵکی کوردستان، بەداخەوە لە

ساڵی ١٩٩٢ لەبیرمە دەوترا پەرلەمانێـك بە پەلە دەرمـانە بـۆ ئەم گەلە، بەڵام نە پەرلەمـان جـێگەی دڵخۆشی خەڵـك بـوو و دامەزراوەی حكومەتی هەرێمـی كوردسـتانیش ئەم بەرهەمـانەی هەبـوو كەوا ڕیزم هەیە ژنی جاش كرا بە ژنی شاخ، چەنـدین جـاش كـران بە قارەمـان، چەنـدین خەڵكـی قاچـاخچی كـران بە زینـدانی سیاسـی، بەداخەوە دەبـوایە حكـومەتی هەرێمـی كوردسـتان ئەو یادەی كە ئێستاكە خەڵك زۆر لێی نـاڕازییە، كە خەڵـك یـادی ناكـاتەوە بـوایەتە جـێگەی دڵخۆشـی خەڵك، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ژیان خان، فەرموو.

**بەڕێز ژیان طاهر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سێ سەد ساڵ لەمەوبەر شاعیری ناوداری كورد ئەحمەدی خانی ئامـاژەی بەوەدا بـوو كە (گەر دێ هەبوو ئەمە ئیتیفاقەك ڤێكرا بكرامەن قیـادەك، روم و عەرەب و عەجەم تەمـامی هەمیـان ژ مەرا دكر غـولامی) ڕاپەڕینـی (١٩٩١) و دروسـت كردنـی بەرەیەكـی كوردسـتانی بەڕابەرایەتـی سـەرۆك مەسعود بارزانی سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە، بەو بۆنەشـەوە كە هاوكاتیشـە لەگەڵ ڕۆژی جیهـانی ژنــان ســەری ڕێــز و نەوازش دادەنــوێنم بەرامــبەر هەمــوو شــێرە ژنــانی كوردســتان، ئەوانەی پێشـمەرگە ئاسـا گۆڕەپـانی پەروەردەكردنـی نەوەی داهـاتوو بە زگـی برسـی و لە هەمـوو كـاتە سـەختەكان دا منـاڵانی خۆیـان لەسـەر بنەمـای نیشـتیمانپەروەری و وڵاتپـارێزی بە سـەربەرزی پەروەردە كردن و فێری (یـان كوردسـتان یـان نەمـان)یـان كـردن، داواش لە هەمـوو هاووڵاتییـان دەكەم وەك ئەركێكـی ئەخلاقـی و نیشـتیمانی پـارێزەرانی ڕاسـتەقینەی ئەم ئەزمـوونە بـن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، كاك مەلا جیهاد، فەرموو.

**بەڕێز جهاد حسن إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

دەسـتپێكێ پیرۆزباییـا لە خەلكـێ كوردسـتانێ دكەیـن، ئەڤ ڤـێ یـادا هەنێیـا پیـرۆز و مەزن ب تایبەتیژی لە سەرۆك بارزانی كـو ڕۆڵـێ ویـێ بەرچـاڤ كە وە لـێ كـر ئەڤ خەلكـێ هەنە هەمـی را ببیتە سەرخۆ سەرهەلدانێ، بەرێ سەرهەلدانێ حەتا وەختێ داعشێ كوشناڤێ، مە دڤیـت ئامـاژە تشتەكی بـدەم ڕاپەریـن تشـتەك نیشـانەدا ئەوژی ئیتیفـاقی بـوو، بەس موخـابن دڤێـت ئامـاژە بە خاڵێك بدەم ئەوژی هەندەك پەرلەمانتاری هەین ناو فراكسـیۆنەكا بەشـداری لە حكومەتێـدا بەس كارێ وان نیە بۆیە هاڤێتنا حیكمەت....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تۆ باسی پەرلەمانتاران مەكە، ڕەئی خۆت بدە.

**بەڕێز جهاد حسن إبراهیم:**

بە لێ مانا دهێتە وجودێ دا، ئەز بێژمە ڤانا پێتڤیا ئەڤ كەسێت هەنێ خۆ ژ حكـومەتێ ڤەكێشـن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك هەڵکەوت، فەرموو، زۆر سوپاس ئاماژە بە ماددەی (٥٥) ئەو بەشە لادەبرێ.

**بەڕێز هەڵکەوت أنور خلیفە:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یادی (٣٠) ساڵەی ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کورد دا سەری ڕێز لەبەردەم شەهیدانی گەلی کوردستان و ڕاپەڕینی نەمر دادەنێین، نابێ لەم ڕۆژە کە ڕاپەڕین کرا، وەك دانانی بەرنامەی ڕاپەڕین ڕۆڵی کار و کاریگەری جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانیمان لە یاد بچێت، هەر هەمان ڕۆژ خودی جەنابیان لە چیاکانی کوردستانەوە دابەزینە شارەکانی کوردستان و بەشداری ڕاپەڕینی گەلی کوردستانیان کرد، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە وەکو گەلی کوردستان زۆر خۆشحاڵین بە ڕاپەڕینی گەلی کوردستان، لەم ڕۆژەدا داواکارم با ڕاپەڕین بکەین بۆ ڕاپەڕاندنی ئەوەی کە پشتیوانی لە کابینەی حکومەتی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بەرنامە چاکسازییەکەیان جێبەجێ بکەن، لە دوا وتەشمدا بمانەوێ و نەمانەوێ لە جیهان دا جەنابی سەرۆك بارزانی بە ڕابەری گەلی کورد ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هەڵکەوت کاتەکەت تەواو بووە سوپاس، کاك کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دەسپێك دەمەوێ پیرۆزبایی لە ڕێبەر و زیندووکەرەوەی شۆڕشی نوێی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و داڕێژەری بەردی بناغەی ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستان جەنابی مام جلال بکەم، هەروەها دەمەوێ بڵێم بەداخەوە کە نەمانتوانیوە داخوازی خەڵکی ڕاپەڕینی کوردستان و لە ئاستی داخوازی خەڵکی ڕاپەڕینی کوردستان دابین، وێڕای شانازی کردنمان بە ڕاپەڕینەوە بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان خەریکە بەهۆی تاقمێکی خۆسەپێن و گرووپێکی بچووکەوە دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین دەکەونە ژێر مەترسی و هەڕەشەی گەورەوە، بۆیە لێرە تەئکید لەسەر پرسی لامەرکەزییەت دەکەینەوە، بۆ ئەوەی کە بتوانین خزمەتی تەواوی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بکەین، لە ناویان دا شاری ڕانیەی قارەمان و خەڵکی بە شەرەفی دەروازەی ڕاپەڕین بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکانییان بە تەواوی پێبگات، چونکە خەڵکی ئەم دەڤەرە زۆر موستەحەقە و گەنجەکانیان تا ئێستاش ڕێژەیەکی زۆری بێکاری تێدایە، کۆمەڵێك خزمەتگوزاریی گرنگ لە ناو شاری ڕانیە و دەوروبەری بە گشتی لە دەروازەی ڕاپەڕین دا هەن، بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕێگەی لامەرکەزییەتەوە ئەم پرسانە چارەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك د. عثمان، فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەز دەکەم بەڕاستی بە بێ شەرمانە بڵێم ڕاپەڕین مولکی بابی هیچ حیزبێك و سەرۆك حزبێك نەبووە، هەموو ئیرادەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان تێیدا بەشدارن، ئەو زانیارییە لێرەوە بڕوات هەڵەیە، ئەوە هەڵەیە..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.عوسمان بەس ڕەئی خۆت بڵێ جوابی کەس مەدەوە.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

ڕەئی خۆم ئەوەیە ڕاپەڕین پیرۆز بێ لە هەموو گەلی کورد و کوردستان، بەڵام ڕاپەڕین بۆ چەسپاندنی دادگەری کرا، بەڵام بەداخەوە ئێستا نا دادگەرییەکە زۆر زیاترە، مامۆستایانی ئاینی شەهید دەکرێن لە مینبەر دوور دەخرێنەوە، ڕۆژنامەنووسان لە زینـدانن، ئەوانەی کەوا لەو ڕۆژانە قاچاخ بوون ئێستاش هەر قاچاخن، بۆیە داوا دەکەم ئەو زانیاری و دەستەواژانە ڕاست بکرێتەوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دوای تەواوبوونی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار، کاك هێرش وەڵلا ناوی تۆی تیانییە، قسە بکە کاك هێرش، فەرموو.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یادی (٣٠) ساڵەی ڕاپەڕین لە تەواوی خەڵکی کوردستان و دەروازەی ڕاپەڕین دەکەم بە تایبەتی، من لێرەوە داواکارییەکم لە سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامە بەڕێزەکانی سەرجەم فراکسیۆنە جیاوازەکان هەیە، کە لە کاتێك دا پرۆژەی بودجە دێت بۆ پەرلەمانی کوردستان، هەوڵ بدەین لە ناو بودجەدا خزمەتێکی بەرچاو پێشکەش بە سنووری دەروازەی ڕاپەڕین بکەین کە ڕۆڵ و قارەمانێتی سەرهەڵدانی ڕاپەڕین لەم ناوچەیە لەبەرچاو بگیرێ، سوپاسی هەموو فراکسیۆنەکان دەکەم، چەندین کەم و کوڕی هەیە لەم سنوورە کە ئاماژەیان پێ بدەین ناتوانین لە دەقیقەیەکدا بیانخەینە ڕوو، بۆیە بە پێویستی دەزانم کە ئێمە هەوڵەکانمان چڕبکەینەوە و پشتیوان بن لە بودجەدا خزمەتی زیاتری ئەم ناوچەیە بکەین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێوە هەرچیتان هەیە وەکو نوسینگەی ڕانیە لەگەڵ پەرلەمانتارانی دەڤەرەکەتان دەتوانن یاداشتێك پێشکەش بکەن ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بکەین، ڕۆژان خان، بەڕێزان لە لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت فەرمووون وەرنە ئێرە، فەرمووون.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**
**بە ناوی خوای گەورە.**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من دەڵێم ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بە یەکڕیزی سەرجەم لایەنە سیاسییەکان کرا، دەمەوێ لێرەوە پیرۆزبایی تایبەت لە کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان بکەم، چونکە ئەوان مانای ڕاپەڕین و ئامانجەکانی دەزانن، ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بۆ یەکڕیزی و بۆ دادپەروەری بوو، ئەو ئازادییەی کە شەهیدان گیانی خۆیان بۆ بەخت کرد لە ڕاپەڕین دا بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان بوو، بۆ خزمەتی کەس و کاری شەهیدان بوو، بۆیە لێرەوە داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەم کە بە ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و زیندانییانی سیاسی دا بچێتەوە و مافەکانیان بۆ زیاد بکات، ڕاپەڕین بۆ ئەوە نەکرا کە تاقانەی ئەنفال و کەس و کاری شەهیدان دوای (٣٠) ساڵ مافەکانیان کەم بکرێتەوە، تاقانەی ئەنفال کە دوای مردنی بە شەهیدی جینۆساید نەناسێنرێ، هەروەها بەرکەوتەی چەکی کیمیایی دوای مردنی ئێستا بە شەهیدی جینۆساید ناناسێنرێن، هەروەها ڕاپەڕین بۆ ئەوە نەکرا کەس و کاری شەهید تا ئێستا هەبێت زەوی نەبێت لەو کوردستانە.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ سوپاس، زۆر زۆر سوپاس، بەڕێزان بڕگەی دووەمی بەرنامەی کارەکەمان جێبەجێ دەکەین، کاك جمال دەرفەتم دابووی قسە بکەی، بۆیە لە ناو پەیڕەویش دەڵێ دوو جار نابێ بۆیە دەرفەتت نادەم، کاك جمال ڕاست دەکەی، بەڕێزان ئێمە دەرفەتمان دا بۆ ئەوەی قسە بکرێ و بۆ ئەوەی باسی ڕاپەڕین بکەین، باسی ڕانیە بکەین، باسی ڕاپەڕینی تەواوی ناوچەکانی تری کوردستان و پێداویستییەکانی قۆناغەکە بکەین، بەڵام هەندێك جار ئەوەی ئەتەوێ ئەو ئامانجە ڕەنگە وەکو پێویست نەیێتە دی، ئێمە دەست بە جێبەجێ کردنی بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار دەکەین بە بۆنەی (٨)ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان دەرفەت دەدەین بە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت بە بۆنەی (٨)ی مارسەوە یاداشتێکی لیژنەکەی بخوێنێتەوە، فەرموون بەڕێز لەنجە خان.
**بەڕێز لەنجە إبراهیم عبدالرحمن:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
**بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان.**
**ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی بەڕێز.**
ئەو کاتە و هەموو کاتتان باش، تەبعەن سەرەتا پێش ئەوەی دەست بە یاداشتەکەمان بکەم بە ناوی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت داواکارییەکمان لە هەموو لایەنەکان هەیە کە هەموومان پێکەوە جەخت لە یەکڕیزی ناو ماڵی کورد بکەینەوە، بەڕاستی ناکۆکییەکانمان کاتی ئەوە هاتووە بەلاوەنێین...
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
لەنجە خان یەکسەر بڕۆ سەر یاداشتەکە، دەبوو لە دەقەکەی داوای قسەت بکردبا دەرفەتمان دەدای، فەرموو.

**بەڕێز لەنجە إبراهیم عبدالرحمن:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەمڕۆ (٨)ی مارس ڕۆژی جیهانی ئافرەتانە، بەم بۆنەیەوە بە ناوی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئافرەتانی کوردستان و جیهان دەکەین، وەك هەموو لایەك ئاگادارن (٨) مارس ڕۆژی وەچەرخانە لە مێژووی خەباتی ئافرەتان، تا لە بەها مرۆییەکان و بە تایبەت لە مافە بنەڕەتییەکان و لە سەرووی هەموویانەوە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری لەگەڵ پیاوان دا هاوتا بن، لەم پێناوەدا خەباتی زۆر کراوە و قوربانی گەورە دراوە، سەری ڕێز و نەوازش بۆ ئەو ئافرەتانە دادەنوێنین کە لە پێناو بە ڕەنگاربوونەوەی ستەم و نادادی و پێشێل کردنی مافەکانی گیانی خۆیان بەخت کرد لەسەرتاسەری جیهان، بەڕێزان ئافرەتانی کوردستانیش لەو خەباتە جیهانییە دانەبڕاون، سەرەڕای خەبات لە پێناو مافە ڕەواکانی خۆیان لە کۆڕ و مەیدانی خەبات لە پێناو مافە نەتەوەییەکانی کوردستان ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەریان بینیوە، بۆیە ئێستا هاوکات کە لە ڕۆژانی یادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستاندا ین جێگەی خۆیەتی درووود بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدان و بە تایبەت ئەو شێرە ژنانەی لە پێناو دۆزی ڕەوای میللەتەکەیان گیانی خۆیان بەخت کرد، بەڕێزان لە دوای بەهاری ساڵی ١٩٨١ تاکو ئەمڕۆ خەباتی ئافرەتانی کوردستان هەنگاوی بەرچاوی ناوە و پێشکەوتنی باشی بەخۆوە دیوە، تا ڕاددەیەك ئافرەتان بەشداری و ڕۆڵیان هەبووە لە هەموو کایەکانی ژیان و لە پێگەی بڕیاردان، بەڵام ڕێژەکە تاکو ئێستا وەك پێویست و لە ئاست و ویست و داواکارییەکانی ئێمەی ئافرەتانی کوردستان نییە، بۆ نمونە لە زۆرێك لە دام و دەزگاکانی کەرتی گشتی ڕێژەی ئافرەت لە پلەی تایبەت و باڵاکان لە باشترین شێوە لە (١٤٪) تێپەڕ ناکا، بۆیە لەو پێناوەدا هەوڵەکانی خۆمان چڕ دەکەینەوە و بەشێك دەبین لە بەردەوامی ئەو خەباتە، تا لە بەشداری کاری سیاسی و ئیداری و ئابووری هەموو جومگەکانی کۆمەڵگا ڕێژەی بەشداربووی ئافرەتان بەرزبێتەوە بەتایبەت لە پێگەی بڕیاردان و دانووستانەکان لە ئاستی باڵادا، بەڕێزان لە ماوەی خولەکانی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان هەنگاوی باش نران، بەشێك لەو یاسایانەی کە هەناسەی جیاکاری ڕەگەزیان بەسەردا زاڵ بوو هەموار کراونەتەوە، بەشێك لەو مافانەی ئافرەتان کە لە ڕێککەوتن و بەیاننامە نێودەوڵەتییەکان هاتوون بە یاسا چەسپێنران بەتایبەت یاساکانی ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٨) و یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١)، لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتنانە پێویستە دان بەوەش بنێین کە هێشتا ئافرەتانی کوردستان گرفتاری چەندین دیاردەی کومەڵایەتی و دارایی و یاسایی و ئەو بارودۆخە وامان لێ دەخوازێ هەموو لایەك و هەر یەکە لە پێگەی بەرپرسیارێتی خۆمانەوە گرفت و ئاریشەکانی ژنانی کوردستان چارەسەر بکەین، بە یەکەوە درێژە بە خەباتی گەشەپێدان و لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەمیان لە هەرێمی کوردستان بدەین، بەڕێزان، لەم دەرفەتەدا دەمانەوێ لە دەرەنجامی بەدواداچوونی بەردەوامی لیژنەکەمان و ئەندامانی بەڕێز تیشك بخەینە سەر چەند کۆسپ و گرفتێکی هەنووکەیی دەربارەی پرسی ئافرەت لە کوردستان، لەوانە:

١- جێبەجێ نەکردنی بەشێکی ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوون تایبەت بە پرسی مافی ئافرەت، گرفتی بۆ ئافرەت دروست کردووە، بۆ نمونە لە یاسای توند و تیژی خێزان

ژماره (٨)ی ساڵی ٢٠١١ كە جەخت لەسەر دامەزراندنی دادگایەكی تایبەت بە كەیسی توند و تیژی خێزانی دەكاتەوە، ئەوا (١٠) ساڵ بەسەری دا تێپەڕ دەبێ دروست نەكرایە.
٢- دامەزراوەكانی تایبەت بە پرسی ئافرەتان پێویستیان بە كاراكردنی ڕۆڵی زیاتر هەیە و دەرفەتیان بۆ بڕەخسێ، بۆ نمونە ئەنجومەنی كاروباری خانمان لە ئێستا تاقە دامەزراوەی باڵای ئافرەتانە لە هەرێمی كوردستان، یاسایەكی تایبەت بە خۆی نییە كە ئەرك و لێپرسراوەتی دەسەڵاتەكانی ڕێك بخا، نەبوونی بودجەی تایبەت و پێویست بە پەرەپێدانی جەندەری، بە هۆی قەیرانەكان لە یەكە جەندەرییەكانی سەر بە وەزارەت و دام و دەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان وایكردووە كە نەتوانن پلانەكانیان بەجێ بگەیەنن و سستی و لاوازییان پێ دیارە و ئامانجی خۆیان نەپێكاوە.
٣- پرسی كەمی ڕێژەی ئافرەت لە هێزی كار بە گشتی، كە بە پێی داتاكانی وەزارەتی پلاندانان لە نێوان ساڵی ٢٠١٤ تا ٢٠١٨ لەو پەڕی باشی (١٤٪) تێپەڕ ناكات، یەكێكە لە كێشەكانی كوردستان، كە دیسان هەر بە هۆی قەیرانەكان نەتوانراوە بە پێی پێویست كاری لەسەر بكرێ، هەموومان دەزانین دەبێ هەلی كار بۆ هەمووان، بەڵام بۆ ئافرەتیش زیاتر بڕەخسێ لەبەر ئەوەی كەوا ڕێژەیان كەمترە، هەر كاتێك كەوا سەربەخۆیی ئابوورییان هەبێ ژنان بەهێز دەبن و كێشەكانیان كەمتر دەبێتەوە، بۆیە ئێمە وەكو لیژنەی پەیوەندیدار هەموو هەوڵمان بۆ ئەو بابەتە بە یاسا چڕ دەكەینەوە تا ئافرەتانی كوردستان لە شار و شارۆچكە و گوندەكان خاوەن كار و بژێوی ژیانی خۆیان بن، بە سەربەرزانە ژیان ببەنەسەر.
بەڕێزان لە سۆنگەی ئەرك و بەرپرسیارێتیمان وەك لیژنەی تایبەتمەند لە پەرلەمانی كوردستان بە پێویستی دەزانین پلانەكانیشمان لە ماوەی ساڵێك و سێ مانگی كاركردنمان لە بەدواداچوون و هەروەها چاودێری كردن بۆ ئێوەی ئازیز و ڕای گشتی لەم ڕۆژە پیرۆزەدا بخەینەڕوو كە لەم خاڵانەی خوارەوە چڕمان كردوونەتەوە:
- چاودێرییەكی وردی جێبەجێ كردنی ئەو یاسایانە دەكەین كە لە پەرلەمانی كوردستان دا دەرچوون و تایبەتن بە پرسی ئافرەت.
- تەواوی ئەو یاسایانەی كە ماون هەناسەی جیاكارییان بەسەرەوە بێ دەبێ هەمواربكرێنەوە.
- بودجەی هەرێمی كوردستان كە بڕیارە لە ماوەیەكی نزیكی داهاتوو بنێردرێتە پەرلەمان، كار لەسەر ئەوە دەكەین بە جۆرێك دابڕێژرێت و پەسەند بكرێ بەشێكی زۆری پێداویستییەكانی هەنووكەیی ئافرەتانی كوردستانی تیادا بەرجەستە بێ، تیایدا دادپەروەری لەسەر بنەمای جۆری جەندەری ڕەنگ بداتەوە، هەوڵ دەدەین ئەو پرس و دیاردانەی پەیوەستن بە ئافرەت پێویستیان بە ڕێكخستنەوەی یاسایی هەیە بە هاوكاری دامەزراوەكانی حكومەت و ڕێكخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەكان یاسای نوێیان بۆ دەربچوێنین، یاخود یاسا بەركارەكانیان لە هەرێمی كوردستان بۆ هەموار بكەینەوە، جەخت لەسەر سزادانی كوژرانی ژنان دەكەین، نابێ هیچ كەس و لایەنێك داڵدەیان بدات و بیانپارێزێ، پێویستە یاسا سەروەر بێت و بەسەر بكوژان دا جێبەجێ بكرێ تا بە سزای دادپەروەرانەی خۆیان بگەن و ڕێگری لە كوشتنی ئافرەت بكرێ، لە دەركردنی تەواوی یاساكان بە تایبەت ئەو یاسایانەی ڕەهەندی جەندەریان هەیە، هەموو هەوڵێك دەدەین كە مافەكانی ئافرەت و مرۆڤ سالاری تیادا پارێزراو بن و یەكسانی جەندەری تیایدا ڕەچاو

بکـرێ، پێویســتە بە یاســا چارەســەری کەم و کــورتی و ئەو سســتیيانەی کە لە دادگــا هەن بە سەپاندنی یاسا لە کەیسەکانی ئافرەتان جێبەجێ بکرێ، کارکردن لەسەر کێشـە کۆمەڵایەتییەکـان بە تایبەت بەرزبـوونەوەی ڕێـژەی جیـابوونەوە (تەڵاق) کە کێشـەیەکی فـرە ڕەهەنـدییە پێویسـتە لەگەڵ لیـژنە پەیوەندیـدارەکان بە هەمـاهەنگی لە پەرلەمـانی کوردسـتان کـاری دەسـتە جەمعـی لەسـەر بکرێ، لە کۆتاییـدا جـارێکی دیـکە درود بـۆ گیـانی تـاکی قوربانییـانی خەبـاتی ئافرەتـان دەنێرین، ٨ی مارس لە هەموو لایەك پیرۆز بێ.

**لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت**

زۆر سـوپاس بـۆ ئەنـدامانی بەڕێـز کە هەردەم لە چـاودێری و بەدواداچـوون ئـاکتف بـووینە و سوپاسی جێگری سەرۆکی لیژنە شادی خان دەکەین کەوا کۆکردنەوەی داتاکـانی لە ئەسـتۆ گـرت بۆ دابین کردنی ڕاپۆرتی پلانی ساڵی (٢٠٢١) بۆ لیژنەکەمان، دووبارە زۆر سـوپاس و ٨ی مـارس لە هەمووومان پیرۆزە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، سوپاسی لەنجە خان دەکەین دەستی خۆش بێ، لیژنە ئیزافەتـان هەیە؟ هـیچ قسەیەکی ترتان هەیە؟ زۆر زۆر سوپاس، ئیشی ئێوە تەواو بـوو، فەرمـوون بچـنەوە شـوێنەکانی خۆتـان، دەسـتی هەمـوو لایەك خـۆش بـێ، دەسـتخۆش، بەڕێـزان ئێسـتاش دەسـت بەجێبەجـێ کردنـی بـڕگەی سـێیەمی بەرنـامەی کـار دەکەیـن، بـۆ ئەم مەبەسـتە داوا لە سـەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی یاسـایی و پیشەسـازی و وزە و سـەرچاوە سروشـتییەکان دەکەیـن بفەرمـوون بێـنە ئێـرە، فەرمووون بەڕێزان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، ئێستا دەست بەجێبەجـێ کردنـی بـڕگەی سێیەمی بەرنامەی کارەکە دەکەین، داوا لە بەڕێـز سـەرۆکی لیـژنەی یاسـایی دەکەیـن بفەرمـوون ڕاپۆرتی ڕاستێنراو بخوێننەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی یاساییە:

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند

کە ڕاستاندنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی.

لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتـی (٢٠٢٠/١٠/٦) کـاتژمێر (١٢) و ڕۆژی سێشـەممە ڕێکەوتــی (٢٠٢١/١/١٩) کــاتژمێر (١١) کۆبــوونەوەی ئەنجامــداوە بە مەبەســتی پێــداچوونەوە و داڕشتنی یاسایی و دڵنیابوون لە دژنەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوور و یاسـا کارپێکراوەکـان بە پێــی حوکمەکــانی مــاددەی (٨٥) بڕگەکــانی (یەکەم) و (ســێیەم)، لەســەر ڕاپــۆرتی لیــژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی سەبارەت بە پێشنیازە یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکـان لە هەرێمـی کوردسـتان-عیـراق تـایبەت بـۆ خوێنـدنەوەی دووەم، دوای کۆبـوونەوە لیژنەی یاسایی ئەو داڕشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسەندە:

ناونیشانەکە:

(پێشنیازە یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق)

ماددەی (١):
بــۆ مەبەســتی حوکمەکــانی ئەم یاســایە ئەم زاراوە و دەســتەواژانەی خــوارەوە ماناکــانی بەرامبەریان دەگەیەنن:
١-هەرێم: هەرێمی کوردستان-عیراق.
٢- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.
٣- وەزارەت: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێم.
٤- وەزیر: وەزیری بازرگانی و پیشەسازی هەرێم.
٥- بەڕێوەبەرایەتی گشتی: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچوون لە وەزارەت.
٦- بەرهەمە خۆماڵییەکان: کاڵای کشتوکاڵی یـان پیشەسـازی بەرهەمهێنـراو لەنـاوخۆی هەرێـم و عیراق.
٧- بەرهەمی لێکچوو (المشابە): بەرهەمی خۆمـاڵی هاوشـێوەی بەرهەمـی هـاوردەکراو لە هەمـوو ڕوویەکەوە یان لێکچووی بە ڕادەیەکی زۆر لە ڕووی خەسڵەت یان بەکارهێنانەوە.
٨- بەرهەمی ڕکابەر (المنافس): ئەو بەرهەمە خۆماڵییەیە کە لە بەکارهێنان دا کێبڕکێی بەرهەمـی هاوردەکراو دەکات ئەگەر هاوشێوەی نەبێت.
٩- بەرهەمهێنە ناوخۆییەکان: ئەو بەرهەمهێنەرانەن کە ڕێژەی زۆرینەی بەرهەمـی هاوشـێوە یـان ڕکابەر بەرهەم دەهێنن بە مەرجێك بەرهەمی نقومکاری یان پاڵپشتیکراو هاوردە نەکەن.
١٠- نقـومکردن: هـاوردەکردنی بەرهەمێـك بە نرخـی کەمتـر لە بەهـای ئاسـایی خـۆی لە بـازاڕی هەناردەکراو.
١١- پاڵپشـتیکردن: ئەو بەشـدارییە دارایـیەیە کە دەوڵەتـی سـەرچاوە یـان هەناردەکـار یـان هەر دامەزراوەیەکی کەرتی گشتی لەو دەوڵەتە بە ڕاستەوخۆ یـان ناڕاسـتەخۆ پێشکەشـی دەکـات و دەبێـتە مـایەی سـوودمەندبوونی بەرهەمهـێن، یـان ئەو کەسـانەی بەرهەمەکە دەگـوازنەوە، یـان دەیفرۆشن، یان هەناردەی دەکەن.
١٢- زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە: زێـدە هـاوردەکردنی بەرهەمە بـۆ هەرێـم بە شـێوەیەکی ڕەهـا یان ڕێژەیی ئەگەر نقومکـار یـان پاڵپشـتیکراویش نەبێـت بە جۆرێـك ببێـتە هۆکـاری زیـانی، یـان گەیانـدنی ڕاسـتەوخۆ، یــان مەترسـی زیــان گەیانـدن لەسـەر ئەو دامەزراوە خۆماڵییــانەی کە بەرهەمی هاوشێوەو ڕکابەر بەرهەم دەهێنن.
١٣- زیان: ئەو زیانـانەن کە ڕوویانـداوە یـان مەترسـی ڕوودانییـان هەیە و دەبـنە هـۆی ئاسـتەنگ دروسـت کـردن لەبەردەم کەرتـی پیشەسـازی یـان کشـتوکاڵی خۆمـاڵی بە هـۆی نقـومکردن یـان پاڵپشتیکردن یان زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە.
١٤- پیادەکاری زیانبەخش: نقومکردن یان پاڵپشتی کردن یان زیادکردنی بێ پاساوی هاوردەیە.
١٥- نرخــی ئاســایی: بریتــی یە لەو نــرخەی کە بەرهەمە هــاوردەکراوەی پــێ دەخــرێتە بەردەم بەکاربەر لە خودی وڵاتی هاوردەلێکراو.
١٦- پەراوێـزی نقـومکردن: جیـاوازی نێـوان نرخـی ئاسـایی و بەرهەمـی هـاوردەکراو و نرخـی هەناردەکردنییەتی.

١٧- لێکـۆڵینەوە: ئەو وردبینـی و بەدواداچـوونەیە کە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی بـۆ دڵنیـابوون لە ڕاسـتی و دروسـتی بەڵگەنـامە و زانیـاری یە پێشکەشـکراوەکان ڕوودانـی پیادەکـاری زیـانبەخش زیانلێکەوتووەکانی و بوونی پەیوەندی هۆکاری لە نێوانیاندا ئەنجامی دەدات.
١٨- ڕێکاری خێرا: ئەو ڕێکارانەن کە بەشێوەیەکی کاتی تا یەکلاکـردنەوەی دۆسـییەی لێکـۆڵینەوە بۆ ڕاگرتن یان کەمکردنەوەی کاریگەری پیادەکاری زیانبەخش لەسـەر بەرهەمـی خۆمـاڵی بـابەتی لێکۆڵینەوە پیادە دەکرێت.
١٩- ڕێوشـوێنی کۆتـایی: ئەو ڕێوشـوێنانەن کە دوای کۆتاییهـاتنی لێکۆڵینەوەکـان و سـەلماندنی پیادەکاری زیانبەخش و زیانەلێکەوتەکانی و پەیوەندی و هۆکـاری لە نێوانیانـدا بە بڕیـاری وەزیـر بۆ پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی دەگرینەبەر.
مادده (٢):
١-حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر ئەو پیادەکارییە زیانبەخشانە جێبەجێ دەکرێت کە دەبـنە هـۆی زیان گەیاندنی کردارەکەی یان مەترسی زیان گەیاندن بە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی.
٢- حوکمەکـانی ئەم یاسـایە پاراسـتنی ئەو بەرهەمە خۆماڵییـانە دەگـرێتەوە کە لایەنـی کەم ٥٠٪ پێداویستی ناوخۆی هەرێم دابین دەکەن.
٣- حوکمەکانی ئەم یاسایە پاراستنی ئەو بەرهەمە پیشەسازی خۆماڵییانە دەگـرێتەوە کە لایەنـی کەم ٥٠٪ پێکهاتەی کەرەستەی خاوی بەرهەمی ناوخۆیی بێت نەك هاوردەکراو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

ماددەی (٣)

بەرهەمهێنی ناوخۆیی یان نوێنەرە یاساییەکەی یان هەر خاوەن بەرژەوەندییەك....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك علی، بزانین كاك كاروان نوقتە نیزامییەکەی چییە؟

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێکی پەیڕەوی، لەبەر ئەوەی ئەمە یەك ڕاپۆرتە و دوو ڕاپۆرتمان نییە ئـێمە، پێشـنیاز دەکەم کە ئەمە بکـرێتە بنەمـای گفتوگـۆ یەکسـەر دەسـت بە گفتوگـۆ بکەیـن، پێویسـت ناکـات ئەم هەمـوو خوێنـدنەوەی بـۆ بکـرێ، ئەگەر ڕای جەنابیشـتانی لەسـەرە، چـونکە تەنهـا یەك ڕاپـۆرتە، ئـێمە دوو ڕاپۆرتمان نییە تا هەردووکی خوێندنەوەی بۆ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر دەیخوێنێتەوە ئینجا دەیکەینە بنەمـا، چـی بکەیـن خـۆ ئـێمەش دەزانـین وەختمـان زۆر لـێ دەبـا، بەڵام دەسـەڵاتمان نییە، چـی بکەیـن یەعنـی مـاددەکە وا دەڵـێ، ڕاسـت دەکەی بەڵام دەبـێ بیخوێنێتەوە مەوزووعەکە بەس ئەوەیە، سوپاس زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

ماددەی (٣):

یەکەم/ بەرهەمهێنی ناوخۆیی یان نوێنەرە یاساییەکەی یان هەر خاوەن بەرژەوەندییەك لە رێگەی بەڕێوبەرایەتی گشتییەوە نووسراو بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیادەکاری زیانبەخش پێشکەش بە وەزیر دەکات بەم دوو مەرجەی خوارەوە:
١- داواکارییەکی ئەو زانیاری و بەڵگەنامانە لە خۆ بگرێت کە ڕوودانی پیادەکاری زیانبەخش کەوتنەوەی زیان و بوونی پەیوەندی هۆکاری لە نێوانیاندا دەسەلمێنن.
٢- داواکارییەکە پشتگیریکراو بێت لەلایەن بەرهەمهێنەرە ناوخۆییەکان بە مەرجێك رێژەی بەرهەمهێنان زیاتر بێت لە ٥٠٪ی پێداویستی ناوخۆیی بەکاربەر.
دووەم/ داواکاری پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی لەلایەن بەرهەمهێنە ناوخۆییەکان یان بەڕێوبەرایەتی پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پێشکەش دەکرێت، ئەگەر پیادەکاری زیانبەخش پەیوەندی بە بەرهەمی کشتوکاڵییەوە هەبوو.
سێیەم/ بەڕێوبەرایەتی گشتی ئەرکی تاوتوێکردن و دڵنیابوون لە هاتنەدی مەرجەکانی داواکاری پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی دەقنووس کراو لەم یاسایەدا لە ئەستۆ دەگرێت دەبێت لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتنی تۆمارکردنی داواکارییەکە ڕاسپاردەی خۆی بۆ وەزیر بەرز بکاتەوە.
چوارەم/ ١- وەزیر لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕێکەوتی گەیشتنی ڕاسپاردەی بەڕێوبەرایەتی گشتی بڕیاری خۆی سەبارەت بە دەست پێکردن بە لێکۆڵینەوە یان ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە دەدات.
٢-ئەگەر وەزیر لە ماوەی دیاریکراو لە خاڵی یەکی ئەم بڕگەیەدا بڕیاری یەکلاکەرەوەی نەدا ئەوا وەڵام نەدانەوەکە بە ڕەزامەندی لەسەر دەست پێکردن بە لێکۆڵینەوە هەژمار دەکرێت.
٣- بەڕێوبەرایەتی گشتی بڕیاری دەست پێکردن بە لێکۆڵینەوە لانی کەم لە ماوەی حەوت ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونی لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بڵاو دەکاتەوە.
ماددەی (٤):
بەڕێوبەرایەتی گشتی بەڕەزامەندی وەزیر بەبێ پێشکەش کردنی ئەو داواکارییەی لە ماددەی (٣)دا هاتووە لە خۆوە لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدات، ئەگەر بەڵگەی پێویست لەسەر هەبوونی پیادەکاری زیانبەخش هەبوو.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسین:**

ماددەی (٥)
یەکەم/ بەڕێوبەرایەتی گشتی لە ماوەی حەوت ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڕیاری وەزیر بە دەست پێکردنی لێکۆڵینەوە ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێبەجێ دەکات:
١-دەست بە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان سەبارەت بە پیادەکاری زیانبەخش زیانلێکەوتەکانی و پەیوەندی هۆکاری لە نێوانیان دا دەکات .
٢- دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان و لێکۆڵینەوەکە و لایەنە بەشداربووەکانی بۆ پێشکەش کردنی هەر بەڵگەنامە و زانیارییەك گوێبیستنی وتەکانیان و گفتوگۆکردن دەربارەیان و بینینی ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی کە پەیوەستن بە لێکۆڵینەوەکان ئەگەر نهێنی نەبن.

٣- له دروستی وردی زانیاری و بەڵگەی پێشکەشکراو بۆ سەلماندنی پیادەکاری زیانبەخش و زیانلێکەوتەکانی دەکۆڵێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێت داوای هەر زانیاریەکی تر لەلایەنە پەیوەندیدارەکانی لێکۆڵینەوەکە و لایەنە بەشداربووەکان بکات.
٤- ئەنجامی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان و ڕاسپاردەکانی لە ماوەیەك دا کە لە (١٥) ڕۆژ زیاتر نەبێت لە ڕێکەوتی دەست پێکردنی لێکۆڵینەوە ئاراستەی وەزیر دەکات.
دووەم/
١-وەزیر لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و ڕاسپاردەکانی بەڕێوبەرایەتی گشتی و ئەو زانیاریانەی بەردەستێتی لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدات.
٢- وەزیر دەتوانێت داوا لە هەر لایەنێکی پەیوەندیدار بکات چ گشتی بێت یان تایبەت بۆ ئەوەی هەر زانیاریەکی پەیوەست بە بابەتی لێکۆڵینەوە بخەنە بەردەست، دەبێت ئەو لایەنانەش پابەندی پێشکەش کردن بن.
ماددەی (٦):
١-وەزیر دەتوانێت لە هەر کاتێك دا لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێوبەرایەتی گشتی بڕیار لە ڕاگرتنی لێکۆڵینەوەکان یان کۆتایی پێهێنانیان بدات لە هەردوو باری نقومکردن یان پاڵپشتیکردن بە بێ سەپاندنی ڕێ و شوێنی بەرەنگاربوونەوەی نقوومکردنی یان ڕێ و شوێنی قەرەبووکردنەوە، ئەگەر هاوردەکار بەڵێننامە پێشکەش بکات و تێیدا بەڵێن بدات بە پێداچوونەوە بە نرخی بەرهەمەکە یان ڕاگرتنی هاوردەکردنی بۆ هەرێم بە نرخی نقومکار یان پاڵپشتیکراو.
٢- وەزیر دەتوانێت بڕیار بدات بە تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکان و وێڕای قبوڵکردنی ئەو بەڵێننامەیە کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا دەقنووس کراوە.
ماددەی (٧):
یەکەم/ وەزیر لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بڕیاری کۆتایی هێنانی لێکۆڵینەوەکان دەدات بەبێ گرتنەبەری ڕێ و شوێنی کۆتایی لە یەکێك لەم بارانەی خوارەوەدا:
١-ئەگەر بەڵگەنامەی پێشکەش کراو لەسەربوونی پیادەکاری زیانبەخش یان جۆری زیانەکان باوەڕپێهێنەر نەبوو یان ئەگەر پەیوەندی هۆکاری لە نێوان پیادەکاری زیانبەخش و زیانەکانی بەرهەمی خۆماڵیدا نەبوو.
٢- ئەگەر داواکارییەکە بکێشرێتەوە ئەم ڕێکارەش پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتی نەبێت.
٣- ئەگەر پەراوێزی نقومکردنی یان بڕی پاڵپشتی کردن یان قەبارەی هاوردەکردن کەمتر بێت لەو بڕە دیاریکراوانەی کە بە پێی ڕێنمایی پشتبەستوو بەم یاسایە دەردەچێت.
دووەم/ وەزیر لە کاتی کۆتایی پێهێنانی لێکۆڵینەوەکان بەپێی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ئەم بڕیارانەی خوارەوە دەدات:
١-کۆتایی پێهێنانی ڕێکاری خێرا و گەڕاندنەوەی بڕی ئەم بارمتە و دەستبەسەرانەی کە بە پێی بڕگەی یەکەمی ماددەی (نۆیەمی) ئەم یاسایە وەردەگیرێت.
٢- هەڵوەشانەوەی ئەم بەڵێننامانەی کە بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٦)ی ئەم یاسایە پێشکەش دەکرێن.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٨):
یەکەم/ ئەگەر وەزیر بڕیاری بەردەوامی لێکۆڵینەوەکان بدات ئەوا بەڕێوبەرایەتی گشتی بەو شێوەیەی خوارەوە تەواویان بکات:
١-ئەگەر پەیوەست بێت بە پاڵپشتی کردن یان نقومکردن لە ماوەیەك کە لە شەش مانگ لە ڕێکەوتی ڕاگەیاندنی دەست کردن بە لێکۆڵینەوەکان تێپەڕ نەکات.
٢- ئەگەر پەیوەست بێت بە زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە لە ماوەیەك کە لە سێ مانگ لە ڕێکەوتی ڕاگەیاندنی دەستکردن بە لێکۆڵینەوەکان تێپەڕ نەکات.
دووەم/ تاوتوێ کردنی داواکاری وەرگرتنی ڕێ و شوێنی پاراستنی بەرهەمێکی خۆماڵی یان ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە ڕێگر نابیت لەبەردەم تەواوکردنی ڕێکارە گومرکییەکان (التخليص الكمركی).
ماددەی (٩):
یەکەم/ وەزیر لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێوبەرایەتی گشتی بڕیاری گرتنەبەری ڕێکاری خێرا بەرامبەر بە بەرهەمی هاوردەکراوی بابەتی لێکۆڵینەوە دەدات ئەگەر گەیشتە ئەو بڕیارە بەرایییەی کە پیادەکاری زیانبەخش بەرامبەر بەرهەمی لێکچووی بەرهەمی ڕکابەر بوونی هەیە بە مەرجێك لایەنی کەم (٣٠) ڕۆژ بەسەر دەست پێکردنی لێکۆڵینەوەدا تێپەڕبووبێ و ڕێکارەکان بەو شێوەیەی خوارەوە دەبن:
١-سەپاندنی ڕەسمی نقومکردن لەسەر بەرهەمی هاوردەکراوی بابەتی لێکۆڵینەوە کە بە شێوەی بارمتە لای دەستەی گشتی گومرگەکان سپاردە دەکرێت.
٢- پابەندکردنی کەسی هاوردەکار بە پێشکەش کردنی دەستەبەری گەرەنتیکار بە بڕێکی یەکسان بە پەراوێزی نقومکردن.
٣- پابەندکردنی کەسانی هاوردەکار لە وڵاتی پاڵپشتیکار بە پێشکەش کردنی دەستەبەری گەرەنتیکار بۆ دەستەی گشتی گومرگەکان بە بڕێکی یەکسان بیت لەگەڵ بڕی پاڵپشتی پێشکەش کراو.
٤- لە حاڵەتی زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە، زیادکردنی ڕەسمی گومرکی یان پابەندکردنی کەسانی هاوردەکار بە پێشکەش کردنی دەستەبەری گەرەنتیکار بۆ دەستەی گشتی گومرگەکان بەبڕێکی یەکسان لەگەڵ ئەو زیانەی بە بەرهەمهێنە خۆماڵییەکان کەوتووە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی گشتییەوە دیاری کراوە.
٥- پابەندکردنی هاوردەکار بە پێشکەش کردنی ئەو بەڵێننامەی کە لە ماددەی (٦)ی ئەم یاسایە دەقنووس کراوە بۆ وەزارەت.
دووەم/ بەڕێوبەرایەتی گشتی گومرگەکانی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی گشتی و دەستەی گشتی گومرگەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی ئەو ڕێکارە خێرایانەیە کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا دەقنووس کراون لە دوای بڵاوکردنەوەی لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەدا جێبەجێ دەکەن.

سێیەم/
١-ئەگەر بڕیاری گرتنەبەری ڕێ و شوێنی کۆتایی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەرچوو ئەوا ڕێکارە خێراکان کۆتاییان پێ دەهێنرێت و بارمتەکان یەکلایی دەکرێنەوە و دەستەبەرە پێشکەشکراوەکانیی هەڵدەوەشێنرێنەوە لە بەرامبەردا ڕەسمی نقومکردنی یان ڕەسمی قەرەبوو کردنەوە وەردەگیرێت.
٢- ئەگەر بڕیار بە وەرنەگرتنی ڕێ و شوێنی کۆتایی دەرچوو ئەوا ڕێکارە خێراکان کۆتاییان پێ دەهێنرێت و دەستەبەرەکان هەڵدەوەشێتەوە و ئەو هەڵمەتانەی پێشکەش کراون دەگەڕێندرێتەوە.
بەڕێز بختیار شوکری سلیمان:
ماددەی (١٠):
ئەگەر داواکارییەکەی پێویست بێت بە بەرهەمێکی کشتوکاڵی ئەوا ئەو ماوانە بە لێکۆڵینەوە ڕێکارەکانی دەرکردنی بڕیار لە ماددەکانی پێشوو دەقنووس کراون یەك لەسەر پێنج ئەو ماوەیە کەم دەکرێتەوە.
ماددەی (١١):
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت ڕێکاری خێرا ڕابگریت ئەگەر بۆی دەرکەوت ئەم ڕێکارە لێکەوتووە نەرینی هەبوو لەسەر بەرهەمی خۆماڵی تر یان بەکاربەرانی یان بەرژەوەندی گشتی.
ماددەی (١٢):
بەڕێوبەرایەتی گشتی لە دوای تەواوکردنی لێکۆڵینەوە لە چوارچێوەی ڕاپۆرتەکەدا پاڵپشت بە بەڵگەنامە و زانیاری پشتڕاستکراو ڕاسپاردە ئاراستەی وەزیر دەکات تیایدا ئەو دەرەنجامانە دەخاتەڕوو کە دەربارەی پیادەکاری زیانبەخش و زیانەکان و پەیوەندی هۆکاری لە زووانیاندا پێگەیشتووە.
ماددەی (١٣):
یەکەم/
١-وەزیر لەژێر ڕۆشنایی ڕاسپاردەی بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاماژە پێدراو لە ماددەی (١٢)ی ئەم یاسایەدا بڕیاری بە سەپاندنی ڕێ و شوێنی کۆتایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیادەکردنی زیانبەخشی دەدات، بەو مەرجەی جۆر و قەبارەی ئاستی پیادەکردنی ڕێ و شوێنەکە لەخۆبگرێت و ئەم بڕیارە لە ماوەی (١٠) ڕۆژ لەڕێکەوتنی دەرچوونی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت بۆ پەسەندکردن.
٢- ئەگەر گرتنەبەری ڕێ و شوێنی کۆتایی ڕەت بکرێتەوە، ئەوا داواکار ناتوانێت داواکارییەکی تر پاڵپشت بە هەمان ئەو وەقائیع و هۆکارەکانی لە داواکاری یەکەمی دا هاتووە بەر لە تێپەڕبوونی ماوەی (١٨٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتنی بەرکاربوونی بڕیاری وەزیری پێشکەش بکاتەوە.
دووەم/ وەزیر بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیادەکردنی زیانبەخش ئەو ڕێ و شوێنانەی خوارەوە دەگرێتەبەر:
١-ڕێ و شوێنی بەرەنگاربوونەوەی نقوومکردن بە سەپاندنی ڕەسمی نقومکردن بە جۆرێك یەکسان بیت بە پەراوێزی نقومکردن.

٢- ڕێ و شوێنی قەرەبووکردنەوە بە سەپاندنی ڕەسمی گومرگی قەرەبووکردنەوەی بە پێی یاسا کە یەکسان بێت لەگەڵ بڕی پاڵپشتکردنی بەرهەمی هاوردەکراو بۆ هەرێم.
٣- ڕێ و شوێنی خۆپاراستن بۆ بەرەنگاربوونەوەی زیادکردنی بێ پاساو و هاوردە و بەسنووردارکردنی ئەو بڕەی ڕێگە بە هاوردەکردنی دەدرێت یان سەپاندنی پێناسەی گومرگی لەسەر بەرهەمی هاوردەکراو یان زیادکردنی پێناسەکە یان هەر ڕێکارێك یارمەتی بەرهەمهێنی خۆماڵی بدات لەسەر خۆگونجاندن لەگەڵ بەرهەمی هاوردەکراو بەو مەرجەی کاریگەری نەرێنی لەسەر بەرژەوەندی گشتی و بەکاربەری ناوخۆیی نەبێت.
سێیەم/ سەپاندنی ڕێ و شوێنی کۆتایی تایبەت بە پاراستنی بەرهەمی کشتوکاڵی دوای ڕەزامەندی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەبێت.
ماددەی (١٤):
یەکەم/ ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا بڕیاری وەزیر بە سەپاندنی ڕێ و شوێنی کۆتایی پەسەند بکات یان ڕەتی بکاتەوە.
دووەم/ ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران لەم ماوەیەی لە خاڵی یەکەم دا دیاری کراوە بڕیاری نەدا ئەو بڕیارە وەزیری پەسەندکراو دادەنرێت.
**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**
ماددەی (١٥):
یەکەم/ گرتنەبەری ڕێ و شوێنی کۆتایی دەبێت بەو بڕەبێت کە بۆ بەرگریکردن لە ڕووداوی زیان یان لابردنی زیان پێویستە بە جۆرێك دەرفەت بداتە بەرهەمهێنی خۆماڵی بارودۆخی خۆی لەگەڵ بەرهەمهێنی هاوردەکراو و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێم بگونجێنێت.
دووەم/ نابێت بڕی ئەو ڕەسمە گومرگییانەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی نقومکردن یان پاڵپشتیکردن بەپێی یاسا دەسەپێندرێت زیاتر بێت لە پەراوێزی نقومکردن، یان بڕی پاڵپشتی کردن و دەکرێت بە بڕێکی کەمتر دیاری بکرێت ئەگەر ئەو بڕە لابردنی کاریگەرییەکانی زیان مسۆگەر بکات و هەر زیادەیەك لە ڕەسمی گومرگی وەرگیراو کە زیاترە لە پەراوێزی نقومکردن یان بڕی پاڵپشتیکردن لادەبرێت.
سێیەم/ نابێت هەمان بەرهەمی هاوردەکراو لە هەمان کات دا بۆ ڕێ و شوێنی بەرەنگاربوونەوەی نقومکردن بۆ ڕێ و شوێنی قەرەبووکردنەوەکەش ملکەچ بێت هەرچەندە لە یەك کاتدا نقومکەر و پاڵپشتیکراویش بێت.
ماددەی (١٦):
یەکەم/ جێبەجێ کردنی ڕێ و شوێنی کۆتایی بە شێوەی کاتی یە و نابێ لە پێنج ساڵ زیاتر بێت.
دووەم/ ڕێ و شوێنی کۆتایی بەرەنگاربوونەوەی نقومکردن و پاڵپشتیکردن بە درێژایی ماوەی بەردەوامبوونی حاڵەتی نقومکردن و پاڵپشتیکردن بەردەوام دەبێت.
دووەم (أ)/ بەڕێوبەرایەتی گشتی لە خۆوە یان لەسەر داوای کەسی پەیوەندیدار داوای پێشکەش کردنی پاساو بەڵگەی پێویست پێش تەواوبوونی ماوەی ڕێ و شوێنی کۆتایی دەتوانێ پێداچوونەوە بەو ڕێ و شوێنانە بکات.

ب/ ئەگەر بەڕێـوبەرایەتی گشـتی بـۆی دەرکەوت کە بەردەوامـی ڕێ و شـوێنی کۆتـایی پاسـاوی نەماوە، ئەوا بە گرتنەبەری ڕێکاری یاسـایی بە ڕەزامەنـدی وەزیـر و دوای پەسـەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران کۆتایی بە ڕێ و شوێنەکان دەهێنرێت.

**بەڕێز ڕۆژان إبراهيم على:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

ماددەی (١٧):

بەڕێـوبەرایەتی گشـتی گومرگەکـانی هەرێـم بە هەمـاهەنگی لەگەڵ بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی و دەستەی گشتی گومرگەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی ڕێ و شوێنی کۆتایی جێبەجێ دەکات.

ماددەی (١٨):

یەکەم/ بەڕێوبەرایەتییەك بە ناوی بەڕێـوەبەرایەتی پاراسـتنی بەرهەمە خۆماڵییەکـان لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشـتی پلاندانان و بەدواداچـوون لە وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو دادەمەزرێـت و لە پارێزگاکـانی هەرێم بەش یان هۆبەی تایبەتمەندیان دەبێت.

دووەم/ هەر بەڕێـوەبەرایەتیەك لەوانەی لە بـڕگەی یەکەم دا دەقنـووس کـراوە بـۆ مەبەسـتەکانی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە ئەم تۆمارنامانەی خوارەوەی دەبێت:

١-تۆمارنامەی نقومکردن.

٢- تۆمارنامەی پاڵپشتی کردن.

٣- تۆمارنامەی زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە.

حوکمە گشتییەکان:

ماددەی (١٩):

بەرهەمە خۆماڵییەکـان پشـت بەسـت بە بنەمـای مـامەلەی هاوشـێوە بە هەمـاهەنکی لەگەڵ دەسەڵاتە فیدراڵییەکان لە دەرەوەی هەرێم پارێزراو دەبن.

سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك سەرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی (٢٠):

ئەنجـومەنی وەزیـران هێمـای جیـاکەرەوەی بەرهەمە خۆماڵییەکـانی هەرێـم دیـاری دەکـات و بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی فیدراڵی کـار بـۆ بەدەسـتهێنانی بـارکۆدی نێـودەوڵەتی بـۆ بەرهەمە خۆماڵییەکان دەکات.

ماددەی (٢١):

یەکەم/ وەزیـر بە ڕەزامەنـدی ئەنجـومەنی وەزیـران دەتوانێـت هەر کـات پێویسـت بـوو لەگەڵ هاوتاکەی لە دەسەڵاتی فیـدراڵی هەمـاهەنگی بکـات بـۆ گونجانـدنی پاراسـتنی ڕێ و شـوێنەکانی بەرهەمی خۆماڵی هەرێم لەگەڵ ڕێ و شوێنە فیدراڵییەکان.

دووەم/ هەموار هەموو دەروازە سنوورییەکان پابەندی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان چ لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەندی فیدراڵی دەرچوو بێتن یان لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەندی هەرێم و لە کاتی ناکۆکی لە نێوانیان دا کام ڕێ و شوێن توندتر بێت ئەوە جێبەجێ دەکرێت بە مەرجی جێ نەهێشتنی کاریگەری نەرێنی لەسەر بەکاربەرانی هەرێم.

ماددەی (٢٢):

وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەبێ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی پێشکەش کردنی داوا و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە پیادەکردنی زیانبەخش بە مەبەستی جێبەجێ کردنی سیاسەتی بە بازاڕکاری وەزارەتەکە و پاراستنی بەرهەمی کشتوکاڵی و خۆماڵی لە وەرزی پێگەیشتن دا بڕیاری قەدەغەکردنی هاوردەی بەرهەمی دەرەکی یان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری بڕیاری زیادکردنی ڕەسمی گومرگی دەدات ئەگەر بەرهەمێك بەبێ پاساو زیاد هاوردە کرابێت و کاریگەری نەرێنی ڕاستەوخۆ لەسەر بەرهەمە خۆماڵییەکان هەبێت لە وەرزی پێگەیشتنیاندا.

ماددەی (٢٣):

دامەزراوە و فەرمانگە و کۆمپانیاکانی کەرتی گشتی لە گرێبەستەکانی کڕین و گرێبەستی پرۆژەکان دا پشت بەو بەرهەمە خۆماڵییانە دەبەستن کە لەگەڵ پێوەدانگ و خەسڵەتە داواکراوەکان دا هاوتان و لەلایەن بەرهەمهێنی ناوخۆییەوە بەرهەم دەهێنرێن.

ماددەی (٢٤):

یەکەم/ ئاشکراکردنی زانیارییە نهێنییەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە و ڕێکاری و ڕێ و شوێنەکان لەلایەن کەسانی پەیوەندیدار و فەرمانبەرەوە قەدەغەیە.

دووەم/ سەرەڕای هەر سزایەك کە لە یاسا بەرکارەکان دا هەیە هەر فەرمانبەرێك یان هەر کەسێکی تر سەرپێچی حوکمی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بکات بە پێ بڕاردنێك سزا دەدرێت کە لە (١٠) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و (٢٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

حوکمە کۆتاییەکان:

ماددەی (٢٥):

وەزیر بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

ماددەی (٢٦):

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

ماددەی (٢٧):

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچوواندن:

لەپێناو بونیاتنانی کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی خۆماڵی و پاراستنیان لە پیادەکاری زیانبەخش، کە دەبێتە هۆکاری لە دەستدانی ڕەگەزەکانی کێبڕکێی ڕەوا و دادپەروانە بە مەبەستی ڕەخساندنی دەرفەتی گونجاو بۆ بەرهەمهێنە خۆماڵییەکان و بەرزکردنەوەی تواناکانیان و ئامادەکردنیان بۆ کێبڕکێ کردن لە بازاڕی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و

ڕەچــاوکردنی بەرژەوەنــدی بەکــاربەری نــاوخۆیی بە ئاراســتەی کەمکــردنەوەی کــاریگەرە نەرێنییەکــان بــۆ نزمتــرین ئاســت ڕێگەگــرتن لە بەرزبــوونەوەی بەهــای بەرهەمە خۆمــاڵییە پارێزراوەکە لە بازاڕی ناوخۆیی ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئێستا دەست بە گفتوگۆ دەکەین، کاك علی کە ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند هات ئێمە جارێکی تر ناگەڕێینەوە بۆ لای بڵێین ئێستا ڕەئیت چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەیوەسـت بەو دۆخە نـوێیەی کە لە نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و عیـراق دا هـاتۆتە کـایەوە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی بەو پێیەی بەندە سەرۆکی لیژنەم و تەنسیقم کـردووە لەگەڵیـان دا کـۆمەڵێ مـولاحەزەی جـدییان هەیە، لای منـیش بـاوەڕ پێهێـنەرە بە کـورتی ئەیـخەمەڕوو، لەچوارچێــوەی ئەو مولاحەزاتــانە ئەگەر دوو ڕۆژ دەرفەت بــدرێ لەم دوو ڕۆژە گفتوگــۆ لەگەڵ وەزارەت دا بکرێ، چونکە ئەم یاسایە لە پێناوی ئەوەیە کە خزمەتی خەڵکی کوردستان بکات، ئەگەر بە زەرەر بشکێتەوە ئەمە خراپ دەبێ و بە کورتی یەکەمیان دەڵێ سیستەمی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی بە یاسایەکی جیاواز دوور لە تەنسیق لەگەڵ بەغدا، ئەگەری دروستبوونی کۆمەڵێك کێشەی یاسایی و پراکتیکی هەیە و دەیهێنێتە کایەوە، بە یاسایەکی جیاواز بەبێ هەمـاهەنگی لەگەڵ بەغـدا دەبێـتە هۆکـاری ئەوەی بڕیارەکـانی هەرێـم سـنووردار بێـت و دەروازەکانی هەرێم بگرێتەوە، بڕیاری تاکلایەنەی هەرێم لەم بارەیەوە لە ڕووی پراکتیکییەوە بایەخی ئەوتۆی نامێنێت، خاڵی سێیەم دەڵێ دۆخی ئێستا وا دەڕەخسێنێ کە هەماهەنگی هەبێـت لە بـنکەی تەشـریعی هەرێمـی کوردسـتان لە بەغـدا بە تـایبەتی بە پێـی پرۆتۆکـۆلی واژووکراو لە نێوان وەزارەتمان و وەزارەتی پیشەسازی عیراقی فیدراڵ سیستەمی هاوردە و هەنـاردە ئەلیکتـرۆنییە یەك دەخرێـت و یەکێـك لە گرنگتـرین ئەو یاسـایانەی کە پشـتی پـێ دەبەسترێت یاسای پاراستنی بەرهەمی خۆماڵییەکانە، بۆیە کارکردن بە دوو یاسای جیاواز لە هەرێمی کوردستان و عیراق ئەگەری دروستبوونی کۆمەڵێك کێشەی تەکنیکی و یاسایی هەیە، جا من داواکارم لە بەڕێزتان و لە ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان یەعنی ئەگەر ئەم یاسایە بە زەرەر بۆ بەرهەمی ناوخۆ بشکێتەوە، عیراق دیسانەوە بێتەوە لە حدودەکانی خۆی گومرگ دانێتەوە کێشەی گەورە بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەبێ، ئەگەر دوو ڕۆژ دەرفەتمان پێ بدرێ تا چوارشــەممە گفتوگــۆ لەگەڵ وەزارەت دا بکرێــت، مــن پێمــوایە دەتــوانین باشــتر ئەم یاســایە تێپەڕێنین و سوپاست دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵــێ زۆر ســوپاس، بەڕێــزان ســەبارەت بەم بــابەتە ئەم پێشــنیازە یاســایە دەگەڕێــمەوە بــۆ ســەرەتاکانی کە دەگەڕێتەوە بـۆ سـەرەتای دەسـت پێکردنـی ئـێمە بە ئـیش و کـاری تەشـریع لە پەرلەمانی کوردستان، ئەم پرۆسەیە پرۆسـەیەکی درێژخـایەن بـووە تـا ئـێمە گەیشتووینەتە ئەم قۆناغە، ئێمە زیاتر لە جارێـك لەگەڵ وەزارەتە تایبەتمەنـدەکان قسـەمان کـردووە بە ئامـادەبوونی

خۆیان هاتوون، خۆیان حزووریان هەبووە، پێکەوە دانیشتووین قسەمان کردووە، دوایی داوای تێبینیمان لێ کردوون، ئەوە تێبینییەکانی وەزارەتی پیشەسازی یە کە بۆ ئێمەیان ناردووە و بەڕێزێك کە ئێستا ڕاوێژکاری یاساییە لە وەزارەت ئێمە بانگمان کردووە بۆ پەرلەمانی کوردستان زیاتر لە دوو سەعات لەگەڵی دانیشتووین سەبارەت بەوەی کە ئەوە بابەتێکی حەصری فیدراڵییە، دەرفەت دەدەمە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی لەو بارەیەوە قسە بکات، بەڵام سەبارەت بەو پرۆتۆکۆلەی کە لە ناو تێبینییەکان دا ئاماژەی پێدراوە لە یەك بڕگەدا لە پرۆتۆکۆڵەکە باسی (حماية المنتج) دەکات، دەڵێ (تلتزم جميع المنافذ الحدودية بجميع المحافظات والإقليم بتنفيذ قرارات حماية المنتج الوطني الصادرة من الحكومة الإتحادية و إقليم كوردستان ويفرض الرسم الأعلى عند التعارض ومنع الإستيراد)، حکومەتی عێراقی خۆی پرۆتۆکۆلێکی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئێمە ئیمزا کردووە لە ناو پرۆتۆکۆڵەکە کە بەداخەوە لە دوای ئەو دۆخانە بوو کە بەسەر هەرێمی کوردستان هات و لە داوی ساڵی ٢٠١٧ و ریفراندۆم و ئێمە کەوتینە دۆخێکی جیاواز، لەو پرۆتۆکۆلە خۆی ئیقرار دەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جیا ڕێ و شوێنی هەبێ، ئەو ماددەیەی پرۆتۆکۆلەکەمان هێناوە کردوومانە بە ماددەیەك لە ناو ئەو پێشنیازە قانونە، ئێمە بۆ بۆخۆمانی ڕەوا نەبینین کە ئەو مافەی خۆمان مومارەسە بکەین، قانونێکی خۆمان هەبێ؟ ئەوە ئەو ماددەی پرۆتۆکۆلیەیە کە باسی دەکات، ئەمە یەك، دوو/ ماددەیەکی ترمان داناوە دەڵێ (وەزیر) واتا وەزیری بازرگانی (هەر کاتێك پێویست بوو بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێ لەگەڵ هاوتا فیدرالیەکەی هاوئاهەنگی بکات بۆ گونجاندنی ڕێ و شوێنە فیدراڵیەکان و ڕێ و شوێنەکانی هەرێمی کوردستان)، بەڕاستیش ئێمە لەسەرەتای ئەم خولەوە ئیتیفاقمان لەسەر ئەوە کرد ئێمە بونیەی تەشریعی خۆمان هەبێ، دەستەی گشتی گومرگەکانی عیراق و دەستەی گشتی گومرگەکانی هەرێمی کوردستان لە ناو ئەو قانونە صەلاحیەتیان پێدراوە پێکەوە هاوئاهەنگی بکەن، بەڵام کە ئەو لە پرۆتۆکۆڵەکە ئیقراری ئەوە بکات تۆ خۆت صەلاحیەتت هەبێ و ئەشڵێ کامیان توندتر بوو ئەوە جێبەجێ دەکەین، ئەی ئێمە بۆ بە خۆمانی بە ڕەوا نەبینین؟ لەبەر ئەوە ئێمە تەقدیری زۆرمان بۆ بەڕێز وەزیری پیشەسازی و بەڕێز وەزیرە تایبەتمەندەکان هەیە، ئێمە دوانووسراو کە بۆمان هاتووە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیرانە بۆتان دەخوێنمەوە دەڵێ (ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە ئەوەندە...) تەبعەن ئەو نووسراوەمان دەمێك بوو ئێمە کردبوو لە (٢٠٢٠/١٠/٧) سەبارەت بە پێشنیازی یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان، دوای دیراسەت کردنی لەلایەن لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لیژنە بڕیاری دا پشتگیری بکات لە ڕا و بۆچوونی هەر یەك لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کە لە کاتی ئامادەبوونیان لە لیژنەی تایبەتمەند لە پەرلەمانی کوردستان خستیانەڕوو، ئەمەش لەبەرچاو دەگیرێت کە بۆ جێبەجێ کردنی یاساکە و دەرکردنی ڕێنمایی هاوئاهەنگی لە نێوان هەردوو وەزارەت دا بکرێ، لەبەر ئەوە ئێمە لەسەر پرۆسەی خۆمان بەردەوام دەبین، کاك سەرکۆ دەرفەتت دەدەم بێگومان، دەرفەت دەدەمە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی قسەمان بۆ بکات سەبارەت بە هەردوو ماددەی (١١٠) و ماددەی (١١٤) لە دەستووری عیراق.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ جەنابت.

حەز دەکەم مەجال بۆ لیژنەی یاساییش هەبێ هەندێ بابەتی گرنگ هەیە، هەندێ تێبینی گرنگ هەیە، پێویستە لێرە باس بکەم، چونکە هەست دەکەین لە پێش جەلسەش گومان و ڕەئیەك هەیە لە ناو ئەندامانی پەرلەمان دا کە کێشەی دەستووری و قانونی تێدایە، لەبەر ئەوە داوا دەکەم ئەگەر سێ، چوار، پێنج دەقەش بێ مەجالمان پێ بدەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ بیدایەت سەبارەت بەم پێشنیازە یاسایە کە گوایە نادەستوورییە و دژی دەستووری عیراقە. وەکو سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان بە ناوی تەواوی ئەندامان و ڕاوێژکارانی لیژنە بە جەنابتان ڕادەگەیەنین ئەم ڕایە هیچ بنەمایەکی دەستووری و یاسایی نییە، لیژنەکەمان ئەو بەرپرسیارێتی یە لە ئەستۆ دەگرێ وەکو لیژنەی تایبەتمەندلە بواری یاسایی دا، هەروەها ئەگەر ئەو پێشنیازە یاسایە نا دەستووری بوایە ئێمە لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی لیژنەکەمان و دیراسەت کردنی هەر پێشنیازە یاسایەك بەپێی ئەو ئەرك و دەسەڵاتانەی کە مادده (٧٩) و (٨٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێمان دراوە بێگومان داوامان دەکرد کە ئەم پێشنیازە یاسایە ڕەت بکرێتەوە، ئەسڵەن خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ نەکرێت، بۆیە خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هەردوو لیژنەی تایبەتمەند بۆ خوێندنەوەی دووەم سەبارەت بەم پێشنیازە یاسایە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئەم پێشنیازە یاسایە دروست و تەندروستە لە ڕووی دەستووری و یاسایی، بۆیە هەندێك لە تێبینییەکان لێرە دەخەمەڕوو:

١-بەپێی مادده (٧٩) و (٨٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لیژنەی یاسایی موختەصە لە ڕاستاندنی پرۆژە و پێشنیازە یاساکان.

٢- ئەگەر بڕیار بێت ئەم پێشنیازە یاسایە پێویست نییە چونکە دەسەڵاتی ئیتیحادی حەصری یە بەپێی ماددەی (١١٠)ی دەستووری عیراق، ئەوە پێویست بە ئینفازیش ناکات، چونکە دەسەڵاتە حەصریەکان ڕاستەوخۆ لە هەرێم و پارێزگاکان جێبەجێ دەکرێت.

٣- ئەو قانونانەی لە چوارچێوەی دەسەڵاتە حەصرییەکان بە گشتی دەردەچن هەرگیز نابێ ببنە هۆکارێك بۆ زیان گەیاندن بە ئابووری و بازرگانی هەرێم یان هەر پارێزگایەك، بەڵکە دەبێ هاوکار وهەماهەنگ و موساعید بن.

٤- ئابووری و دارایی لە دەوڵەتی فیدراڵی بە گشتی و لەوانەش عیراق تەکامولییە واتا تەواوکارییە، ئەوەی کە پێویست بێت حکومەتی ئیتیحادی هاوکاری هەرێم و پارێزگاکان دەکات بۆ گەشەپێدان و سوودوەرگرتن بە باشترین شێوە لە توانای ئابووری و دارایی بازرگانی و هەرێمەکان و پارێزگاکان تا داهات زیاد ببێت و هەنارده لە جیاتی هاوردە زیاد بێت، بۆیە

حکومەتی ئیتیحادی کارێك ناکات زیان بگەیەنێت بە هاونیشتیمانەکانی خۆی یان هەر هەرێمێك بە پێچەوانەشەوە.
٥- دەبێ حکومەتی ئیتیحادی ئاگادار بێ لەو ڕێکارانەی هەرێم یان پارێزگایەك بۆ حیمایە کردنی بەرهەمی ناوخۆی دەگرێتەبەر ئەمەش بە هەماهەنگی دەبێ و ئەم یاسایە ئەم مروونەتەی تێدایە کە ئەم ئامانجە کە ئامانجی هەردوو حکومەت دێنێتە دی وەك لە ماددەی سەرەکییەکانی یان پێشنیازە یاسادا هاتووە.
٦- لەو پرسانەی پەیوەندی بە لایەنی ئابووری و دارایی و تەنمیە هەیە تەفسیری ئابووری و دارایی تەنانەت سیاسەتی ئیجابی بۆ دەقەکان دەکات، لە ڕووی عەمەلیشەوە لە ماوەی ڕابردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتیحادی بەم ئاراستەیان کاری کردووە.
٧-مومارەسە کردن و جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە هاوکار و پشتیوان دەبێ بۆ ستراتیجیەت و سیاسەتی ئابووری و بازرگانی ئیتیحادی نەك بوونی نیزع و مونازەعە.
ئەخیر تێبینیم ئەوەیە ئەگەر ئیستیناد یان پشت بەستن لەسەر تێبینییەکانی وەزارەت بکەین، ئەگەر وابێ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کێشە لە پێشتر کەواتە ڕویداوە بەڵام حەتمەن ئێمە لەگەڵ ئەوەین هیچ کێشەیەك نییە ئەگەر وابێ، یاسایەکمان هەیە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٨) ماددەی (٢) برگەی (پێنجەم و حەوتەم) کەواتە ئەوەش نابێ، ئەوەش لە دەسەڵاتی دەکەوینە چوارچێوەی ماددەی (١١٠) لە دەستووری عیراق و دەسەڵاتە حەصرییەکانن، یاسایەکی تر یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان، لەوێش دا مادده (٢) (برگەی حەوتەم و برگەی نۆزدەم)، یاسایەکی تر یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٠ یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان دیسان لە ماددە (٢) باسی سیاسەتی تیجاری دەکات کەوا وەزارەت خۆی پێی موختەصە و پێی هەڵدەستێت ئەوەش لە زیمنی ماددەی (١١٠)ی دەستووری عیراق دا بە وازحی هاتووە، ماددە (٣) دیسان هەر لەم یاسایە برگەی یەکەم، برگەی دوازدەیەم، برگەی سێزدەیەم برگەی پازدەیەم، جگە لەوەی ئەو قەرارەی جەنابت پێشتر باست کرد قەراری رەقەم (١٣)ی مەجلیسی وزەرا، لەبەر ئەوە ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی دڵنیایی دەدەین هیچ کێشەیەکی یاسایی نییە، موحتەمەلە لە ڕووی سیاسەتی تەنفیزی ئەم یاسایە بۆ هەردوو وەزارەتی مەعنی یان (٣) وەزارەتی مەعنی بێ ئەگەر لە هەرێم، لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەتی ئیتیحادی موحتەمەلە پێویستی بە هەماهەنگییەکی زۆر جدی و دەقیق بکات، ئەوەش لەم پێشنیازە یاسایە وابزانم حەوت ماددە باسی ئەو هەماهەنگییەی کردییە، ئەم پێشنیازە یاسایە بە پێچەوانەوە لەگەڵ سیاسەتی ئەم قانوونە یان سیاسەتی تەنفیزی حکومەتی ئیتیحادی ناکات، هیچ پێچەوانەو مخالەفە دروست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (سەرکۆ)، فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی پیشەسازی و بازرگانی کە لیژنەی تایبەتمەند بووین بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەر ئەم یاسایە، ئەم پێشنیازی یاسایە، پێشووتر بەراستی ئەم لیژنەیە زۆر بە پیشەییانە

کاریـان لەسـەر ئەم پـرۆژە یاسـایە کـرد، سـەرەتا تەنهـا کارمـان لەسـەر ئەوە کـرد کە ئەم یاسـایە ئینفاسی یاسایی ئیتیحـادی بێـت، دواتـر کـار لەسـەر ئەوە کـرا بـۆ ئەوەی تەعـاروز نەبێـت لەگەڵ یاساکانی ئیتیحادی، لەگەڵ بۆچوونی وەزارەتـی پیشەسـازی و بازرگـانی، وەزارەتـی کشـتوکاڵمان وەرگرت، سوود لە پسپۆری راوێژکارەکـانی لیژنەمـان وەرگـرت کە زۆر مانـدوو بـوون لەگەڵمانـدا، دواتـر حکـومەت مـاوەیەکی زۆر وەڵاممـانی داوە دواتـر راگیـرا، ئەمە بـووە هـۆی ئەوەی کە حکـومەت لە نـاردنی بۆچونەکانیـا تاخیربێـت، دوای ئەوەی کە لیـژنە لەگەڵ بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، دەسـتەی سـەرۆکایەتی کارمـان بـۆ ئەوە کـرد، هەرێمـی کوردسـتان خـۆی یاسـایەکی خۆماڵی بۆ بەرهەمی خۆماڵی هەبێت، بەراستی ئەمە کارێکی مانـدوکەرانەی لیـژنەی پیشەسـازی بوو، پیشەییانە بەڕێز سەرۆکی لیژنەش بەهەمان شـێوە کـاری جـدی کـرد لەسـەر ئەوەی کە ئەمە بتـوانین ببیـنە خـاوەنی ئەم یاسـایە، زیـاد لە حەوت جـار بۆچـوونی حکـومەتی هەرێمـیش وەرگیراوە، بە نوسراو، بە بانگکردنی بۆ لیژنەکە، بۆیە ئێمە زۆرینەی ئەنـدامانی لیـژنە ئەوانەی کە ئامادەبوونە، چونکە بەراستی بە کارێکی پیشەییانە کارمـان لەسـەر ئەمە کـردووە، نەك ئەوەی کە لایەنی سیاسی یان تەوەجوهی سیاسـی داخلـی کـاری لیژنەکەمـان بکەیـن، بـۆیە بە بـڕوای ئـێمە تەواوی لیـژنەکە ئەگەر هەیە بـۆ نمـونە لەسـەر خاڵەکـانی هەنـدێك مـاددە ئەبێـت هەنـدێك جیاوازیمان هەبێت، بەڵام بە تەواوەتی ئێمە پشتیوانی ئەوە دەکەیـن کە ئەم پـرۆژە یاسـایەی کە ئەمرۆ خوێندنەوەی بۆ ئەکرێت تێپەڕێت و خوێندنەوەی بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامیت هەیە کاك (کاروان)؟ فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پرۆژە یاسایە جەدەلێکی زۆری هەڵگرت، ئێمە مەبەستمانە کە ئەو پـرۆژە یاسـایە دوا ئامـانج بپێکێ، یەکەمینیان حیمایەی مەنتوجاتی محلی بکات لە هەرێمی کوردستان، خاڵی دووەمیشـیان خزمەتکردنی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان و ئیقتصادەکەی بێـت، ئەگەر لابـدا لەم دوو ئامـانجە رەنـگە ئامــانجەکە نەپێکـین و ئەمەش خــاڵی ســەرەکییە، مەبەســت لەوەی کە ئـێمە یاســای خۆماڵیمان هەبێت سەد لە سەد ئێمە پشتیوانی ئەوەین، چونکە دەسـتوور رێـگەی پێـداوین ئـێمە یاسای خۆماڵیمان هەبێت، ئەم یاسایانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچـووێنراون بەرمەبنـای دەستووری عێراقی بـوون، چـونکە دەسـتوور رێـگەی بە ئـێمە داوە وەکـو هەرێمێکـی فیـدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا یاسای خۆمان هەبێت، بەڵام نامانەوێت پرۆژەکە بە هـیچ شـێوەیەك بچێـتە خزمەتی چەند بازرگانێکی چـاوچنۆك وە پـێچەوانەی خواسـتی هاوڵاتیـانی هەرێمـی کوردسـتان، پێچەوانەی پاراستنی مەنتوجاتی مەحەلی بێ لە هەرێمـی کوردسـتان، ئەگەر ئەمە نەپێکێ پـێم وایە بەراسـتی قورسـایی یاسـاکە لەدەسـت دەدەیـن، چـونکە ئەم یاسـایە، ئەم پـرۆژە یاسـایە بە ئەنـدازەی پـرۆژە یاسـا زۆر گرینگەکـان لە هەرێمـی کوردسـتان قورسـایی هەیە، پێویسـتی بەوە هەیە بەراستی لایەنی کەم ئەگەر راپۆرتی لیژنەش نەبوو ئێمە تێبینیەکانمـان بە هەنـد وەربگـرن، چـونکە بەراسـتی دیراسـەیێکی زۆر وردمـان کـردووە، نابێـت پـرۆژە یاسـاکە لەم دوو ئامـانجە

سەرەکیەکە لابدات، خاصەتەن پاراستن بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**
ئێمە ڕێگە بە هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەدەین بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە، دڵنیا بن لیژنەی تایبەتمەندیش زیاتر، چونکە تایبەتمەندی خۆیانە، زانیاری زیاتریان هەیە، دەرفەتیان دەدەین، ئەگەر جاری یەکەم بەدڵی خۆیان راپۆرتەکەیان نەنوسیوە ئێستا ئەتوانن ئیزافاتیان هەبێت، با دەست بە بابەتەکەمان بکەین، کاك (دیاری)، نوقتەی نیزامییە؟ فەرموو.
**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هەر بەپێی ماددەی (٥٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان...
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**
ئێ ماددەی (٥٦) ئەو ماددەیەیە کە دەرفەتتان نەدا بەپێی پەیڕەو قسە بکەن، بەس ئەبێ ئاماژە بە ماددەیەك بکەی کە ئێمە ئیشی نا پەیرەویمان کردووە.
**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دکتۆرە نا عەفوم بکە، هەر لە سەرەتای ئەم خولەوە باوڕبکە یەکەمجارمە من، بڕۆن سەیری پرۆتۆکۆل بکەن باوەر بکە یەکەم جارمە بەپێی ماددەی (٥٦) قسە بکەم، ئەویش...
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
تۆش و هەر کەسێکی تریش ماددەی (٥٦) دەرفەتت ئەدا ئیحالە بی بۆ ماددەیەکی تر.
**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سوپاس دکتۆرە گیان.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
نا مەیلێ (٥٦) مافەکەیە، ئەبێ بڵێی ئێوە ئەو ماددەیەتان شکاندووە، بۆ نمونە ماددەی بیست تان شکاند، هەر کەس قسەی کردبێت پەیڕەوی بووە، ئیتر وتوومە یەڵە با بڕوا، ماددەی (٥٦) ئەوەیە کە دەرفەتەکە ئەدا، ئەبێ تۆ ئیحالەمان بکەی بۆ ئەو ماددەیەی کە ئێمە شکاندوومانە، کاك دکتۆر ناونیشان بخوێنەوە، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە دواخرێ مناقەشە؟ چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە بەردەوام بین؟ فەرموو بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی بەردەوام بە، بەڕێزان چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە دواخرێ؟ مناقەشە نەکرێ ئەم قانوونە، (١٢) کەس، چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە بەردەوام بین؟ (٣٥) کەس لەگەڵ ئەوەیە بەردەوام بین، چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە راپۆرتەکە بکەینە بنەمای مناقەشە؟ (٤٤) کەس لەگەڵە، چەند کەس دژە؟ کاك (د.بژار) فەرموو.
**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ناونیشانی پێشنیازەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

پێشنیازی یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێ قسە لەسەر ناونیشانەکە بکات، کاك (مەم)، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانجی ئەم یاسایە پەرەپێدانی بەرهەمە خۆماڵییەکانە من پێشنیاز ئەکەم لەجیاتی پاراستن بکرێت بە پەرەپێدانی بەرهەمە خۆماڵییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نا ئامانجەکەی پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکانە، ئێمە یاسامان هەیە بۆ پەرەپێدان ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٨) ئەمە پاراستنیەتی لە هاتنی بەلێشاوی بەرهەمی دەرەکی بۆ ناو هەرێمی کوردستان کە داوجار ئەبێتە هۆی پەکخستنی کارگەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەوەی ئەیبینین بە هەزاران سندوق تەماتە خەڵك لە رقا ئەیخاتە سەر جادە، فەرموون ماددەی (١).

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١):

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیێنن:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق.

دووەم: ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

سێیەم: وەزارەت: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێم.

چوارەم: وەزیر: وەزیری بازرگانی و پیشەسازی هەرێم.

پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان و بەدواداچوون لە وەزارەت.

شەشەم: بەرهەمە خۆماڵییەکان: کاڵای کشتوکاڵی یان پیشەسازی بەرهەم هێنراو لە ناوخۆی هەرێم و عێراق.

حەوتەم: بەرهەمی لێکچوو (المشابە): بەرهەمی خۆماڵی هاوشێوەی بەرهەمی هاوردەکراو لە هەموو رووێکەوە یان لێکچوو بەرادەیەکی زۆر لە رووی خەسلەت یان بەکارهێنانەوە.

هەشتەم: بەرهەمی رکابەر (المنافس): ئەو بەرهەمە خۆماڵییەیە کە لە بەکارهێناندا کێبڕکێی بەرهەمی هاوردەکراو دەکات ئەگەر هاوشێوەشی نەبێت.

نۆیەم: بەرهەم هێنە ناوخۆییەکان: ئەو بەرهەم هێنەرانەن کە رێژەی زۆرینەی بەرهەمی هاوشێوە یان رکابەر بەرهەم دەهێنن بەمەرجێك بەرهەمی نوقمکار یان پاڵپشتیکراو هاوردە نەکەن.

دەیەم: نوقم کردن: هاوردەکردنی بەرهەمێك بۆ هەرێم بە نرخێکی کەمتر لە بەهای ئاسایی خۆی لە بازاری وڵاتی هەناردەکار.

یازدەیەم: پاڵپشتیکردن: ئەو بەشدارییە داراییە کە دەوڵەتی سەرچاوە (المنشأ) یان هەناردەکار یان هەر دامەزراوەیەکی کەرتی گشتی لەو دەوڵەتە بە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پێشکەشی

دەکات، دەبێتە مایەی سوودمەندبوونی بەرهەم هێن یان ئەو کەسانەی بەرهەمەکە دەگوازنەوە یان دەیفرۆشن یان هەناردەی دەکەن.
دوازدەیەم: زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە: زیادە هاوردەکردنی بەرهەمە بۆ هەرێم بەشێوەی رەها یان رێژەیی ئەگەر نوقوم کار یان پاڵپشتیکراویش نەبێت، بەجۆرێك تا ببێتە هۆکاری زیان گەیاندن راستەوخۆ یان مەترسی زیان گەیاندن لەسەر ئەو دامەزراوە خۆماڵیانەی کە بەرهەمی هاوشێوە و رکابەر بەرهەم دەهێنن.
سێزدەیەم: زیان: ئەو زیانانەن کە روویان داوە یان مەترسی روودانیان هەیە دەبنە هۆی ئاستەنگ دروستکردن لەبەردەم کەرتی پیشەسازی یان کشتوکاڵی خۆماڵی بەهۆی نوقم کردن یان پاڵپشتی کردن یان زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە.
چواردەیەم: پیادەکاری زیانبەخشان: نوقم کردن یان پاڵپشتیکردن یان زیادکردنی بێ پاساوی هاوردەیە.
پازدەیەم: نرخی ئاسایی: بریتییە لەو نرخەی کە بەرهەمە هاوردەکراوەکەی پێ دەخرێتە بەردەم بەکاربەر لە خودی وڵاتی هاوردەلێکراو.
شازدەیەم: پەراوێزی نوقم کردن: جیاوازی نێوان نرخی ئاسایی بەرهەمی هاوردەکراو نرخی هەناردەکردنیەتی.
حەڤدەیەم: لێکۆڵینەوە: ئەو وردبینی و بەدواداچوونەیە کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ دڵنیابوون لە راستی و دروستی بەڵگەنامە و زانیارییە پێشکەشکراوەکان روودانی پیادەکاری زیان بەخش زیانە لێکەوتەکانی بوونی پەیوەندی هۆکاری لە نێوانیاندا ئەنجامی دەدات.
هەژدەیەم: رێکاری خێرا: ئەو رێکارانەن کە بەشێوەیێکی کاتی تا یەکلایی کردنەوەی دۆسیەی لێکۆڵینەوە بۆ راگرتن یان کەمکردنەوەی کاریگەری پیادەکاری زیانبەخش لەسەر بەرهەمی خۆماڵی بابەتی لێکۆڵینەوە پیادە دەکرێن.
نۆزدەیەم: رێ و شوێنی کۆتایی: ئەو رێ و شوێنانەن کە دوای کۆتایی هاتنی لێکۆلینەوەکان و سەلماندنی پیادەکاری زیان بەخش و زیانە لێکەوتەکانی و پەیوەندی هۆکاری لە نێوانیاندا بە بڕیاری وەزیر بۆ پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی دەگیرێنە بەر.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێت لەسەر ماددەی پێناسەکان ماددەی (١) قسە بکا با ناوی خۆی بنوسێ، لیژنەی تایبەتمەند دەڵێن لەبەر ئەوەی ئێمە زۆر دەمێکە ئەو راپۆرتەمان نوسیوە ئیزافاتی زۆر خراوەتە سەری تێبینیان هەیە، قەی چی ئەکا ئەگەر ئەتوانن دەوڵەمەندی کەن، شتێك کە لەناو راپۆرتەکەیاندا نەیان نوسیبێت لە کاتی خۆی لەسەر ئەو ئیزافاتانە با قسە بکەن، چونکە زۆر پێناسەی ئیزافە کراوە، کاك (بەڵێن)، کاك (کاروان)، کاك (رزگار عیسی)، کاك (شێخ ظاهر )، (حسیبە) خان، کاك (لقمان)، کاك (سەرکۆ)، کاك ( بەختیار)، (ئاشنا) خان، (خدیجە) خان، کاك (حاجی سفین)، (د. رێبوار)، کاك (زیاد)، (سەرچنار) خان، (د. اسماعیل)، (نجات) خان، کاك (شێخ ظاهر )، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، من چەند تێبینیەکم هەیە لەسەر پێناسەی ئەو زاراوانە، شەشەم باس لەوە دەکات بەرهەمە خۆماڵییەکان کاڵای کشتوکاڵی یان پیشەسازی بەرهەم هێنراو لەناوخۆی هەرێم و عێراق، پێشنیاز دەکەم بکرێتە (بەرهەمە خۆماڵییەکان کاڵای پیشەسازی کشتوکاڵی بەهەردوو جۆری رووەکی و حەیوانی کە لە هەرێم و عێراق بەرهەم بهێنرێ)، خاڵێکی تریان پێشنیاز دەکەم نـۆیەم بکـرێتە دەیەم وە دەیەم بکـرێتە نـۆیەم، چـونکە لە نـۆیەم هـاتووە بەرهەم هێـنە ناوخۆییەکـان ئەو بەرهەم هێنـانەن کە رێـژەی زۆریـنەی بەرهەمە هاوشـێوەی رکـابەر بەرهەم دەهێنن بە مەرجێك بەرهەمی نوقم کار یان پاڵپشتیکراو هاوردە بکەن، کەواتە ئەوەی باسی نوقم کردن دەکا، وشەی نوقم کردنیش بکرێتە (نغرۆکردن) واتا جێگایان بگۆردرێ، لەبەر ئەوەی پێناسەکە روون بێت، پێشی ئەوەی لە بابەتێکی دیکە باس بکرێت پێناسەی نوقمکردن بکرێت، خاڵێکی تریش پاڵپشتیکردن من پێشنیاز دەکەم بەم شێوە لێبکرێ (ئەو سوودە داراییەی کە وڵاتی بەرهەم هێن یان هەناردەکار دەیدات بەشێوەیێکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بە هەر هۆکارێك کە دەبێتە پاڵپشتی بۆ زیادکردنی داهات یان نرخ یان هەردووکیان بەیەکەوە کە دەبێتە سوود گەیاندن بە بەرهەم هێن یان تاکەکان کە کاری بەرهەم هێنان یان فرۆشتن یان هەناردەکردنی ئەنجام دەدەن)، دوازدەیەم زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە بکرێتە (زیادە هاوردەرکردنی بێ پاساو) چونکە زیاد کردن بە موزایەدە زیاتر لە موزایەدە بەکاردێت، سێزدەم زیان ئەو زیانانە کە روویانداوە یان مەترسی روودانیان هەیە، پێشنیاز دەکەم ئەگەری روودانیان هەیە نەك مەترسی، پازدەیەم نرخی ئاسایی بریتییە لەو نرخەی کە بەرهەمی هاوردەکراوەکەی پێ دەخرێتە بەر دەم بەکاربەر لە خوودی وڵاتی هاوردەلێکراو، وڵاتی هاوردەکار نەك هاوردە لێکراو...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مەبەستمان ئەو وڵاتەیە کە لێی هاوردە دەکرێ، بۆ نمونە ئەو پەرداخە خۆی لە ئەصڵا بای دۆلارێکە بەڵام لە وڵاتەکەی خۆیان بە دۆلار ئەیفرۆشن کە ئەینێرن بۆ ئێمە بۆ نەوت سەنت ئەماندەنێ بۆ ئەوەی معاملی ئێمە فەشەل بێنێ، ئەوە تەواوە.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەژدەیەم رێکاری خێرا ئەو رێکارانەیە کە بەشێوەی کاتی یان یەکلایکردنەوەی دۆسیەی لێکۆڵینەو بۆ راگرتن یان کەمکردنەوەی کاریگەری پیادەکاری زیانبەخش، بەراستی ئەو وشەی پیادەکاری زیان بەخش تۆزەك ئەوەیە بکرێتە (چالاکی زیان بەخش)...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەیر کە لە قانوونەکە پێی دەگوترێ (الممارسات الضارة) خۆزگە لە کوردیدا شتیك هەبێ، نەمان ئەزانی چی لێبکەین.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەدوای وشەکەیدا گەرام یەکێك لە مانایەکانی ئەو پیادەکاری زیانبەخش بە چالاکیش دێ، چالاکی زیانبەخش، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس قسەی زۆر باشت کرد، كاك (کاروان)، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم من چەند تێبینیەکم هەیە لەسەر بڕگەکانی، بڕگەی سێیەم کاتێك کە باس لەوە دەکرێ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی وەکو جەنابیشت فەرمووت فعلەن ئەوە پەیوەست بە بازرگانیکردنە بەشێوەیێکی گشتی، بەڵام لەبەر ئەوەی (٣٠٪) پرۆژە یاساکە لەرووی تەفعیلکردنەوە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان پەیوەستە بە وەزارەتی کشتوکاڵ کاتی ئەوەیە لێرەش ئاماژە بەوە بکەین کە وەزارەتی کشتوکاڵیش بە هاوبەشی بەشێك بێ لێی، چونکە لە ئیجرائاتی ماددەکانی تر لەناوەخنی یاساکەدا بە وازحی ئاماژە بە دەسەڵاتەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ کراوە، ئەمە وا دەکات کە ماددەی چوارەمیش بەهەمان شێوە وەزیری کشتوکاڵی بۆ ئیزافە بکرێ، بڕگەی پێنجەم هەر لە ماددەی یەکەم کاتێك کە باس لە بەڕێوەبەری گشتی دەکرێ سەیرە دەسەڵاتێکی وا گەورە بدرێت بە بەڕێوەبەرێکی گشتی لە وەزارەتێك کە سەلاحیەتی ئەو هەموو جوڵاندن و ئەم بابەتە گرینگەی هەبێت، بۆیە من پێشنیاز ئەکەم وەك ئەنجومەنێك بێت، چونکە لەناوخۆش باس لەوە کراوە کە وەزارەتی کشتوکاڵ دەوری هەیە، هەندێك جار ئەنجومەنی وەزیران دەوری هەیە، هەندێك جاریش وەزارەتی بازرگانی، بڕگەی حەوتەم لەگەڵ بڕگەی هەشتەم باس لە بەرهەمی موشابیهە و بەرهەمی منافس دەکرێ واتا ڕکابەر و بەرهەمی لێکچوو بەم شێوە لەبەر ئەوەی کە لەناواخنی یاساکەدا تەعریفەکان بۆ ئەوەن کە ئێمە یاساکەی پێ بناسێنین، لە ناوەخنی یاساکەدا بە وازحی هەردووکیان لە یەك جوملەدا هاتوون، بۆچی لێرە نایکەین بە یەك تەعریفات، بیکەین بە بەرهەمی ڕکابەر، بەرهەمی لێکچوو، واتا بەرهەمی هاوشێوەش، دەتوانین بەم شێوەی لێبکەین ئەو بەرهەمە خۆماڵییەی کە لە بەکارهێنان کێبڕکێی و هاوشێوەی بەرهەمی هاوردەکراو نەبێت، دەتوانین ئەمە ئیزافە بکەین و کێشەمان بۆ دروست ناکات لەرووی قانوونیشەوە، بڕگەی سیانزەیەم کاتێك کە باس لە زیان دەکات دەڵێ کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی زائیدەن بازرگانیش چونکە لە ئەساسدا ئەمە کێبڕکێیەکی بازرگانی گەورەش دروست دەکات، زیانیش دەگەێنێ لە ڕاستیدا ئەگەر باسی نەکەین، چونکە ئەگەر دوایی بچینە وردەکاریەکەیەوە بەروونی دەردەکەوێ مەبەستمان لە چییە، دووبارە لە بڕگەی حەڤدەیەم لێکۆڵینەوە ناکرێت بەڕاستی بدرێت بە بەڕێوەبەرێکی گشتی چونکە ئەم پرۆژە یاسایە دەیهێنێ کە لای ئەنجومەنێکی باڵا بێت یان ئەنجومەنی وەزیران خۆی بێت یان ئەوەتا ئەنجومەنێکی هاوبەش بێت لە بەینی وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی بازرگانی، بەڵام بەڕاستی ناکرێ لای یەك بەرێوەبەر بێت، بڕگەی هەژدەیەم ڕێکاری خێرا ئەم ڕێکاری خێرایە لێرە زیادە ئەم تەعریفاتە چونکە لە ناوەڕۆکی پرۆژە یاساکە لە چەندین ماددە بە دووبارە ئاماژە بەوە کراوە کە

ڕێكارەكان بە خێرایی بەڵێ جێبەجێ دەكرێن بەڵام بە گشتی ڕێكارەكان دیاریكراوە كە چۆن دەچنە بواری جێبەجێكردنەوە، بۆیە پێویست ناكات لێرە ڕێكاری خێرا تەعریف بكەین، ئێمە لە ماددەی شەشەدا هەمانە لە ماددەی تردا هەمانە بە وازحی كە وەزیری بازرگانی ئەم سەڵاحیەتەی پێدراوە، سەرۆكی حكومەت ئەو دەسەڵاتەی پێدراوە، ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی پێدراوە، وەزیری كشتوكاڵ و وەزیری دارایی بە یەكەوە لە هەندێك شوێن سەڵاحیەتیان پێدراوە، بۆیە ناكرێ ڕێكاری خێرا تەعریف بكرێ لە كاتێكدا كە پێویست نییە، ڕێكارە خێراكان ئەو كاتە پێویستن كە خۆیان لە لێژنەكەدا ئاماژەی پێبكەن و خۆیان بڕیاری لەبارەیەوە بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە هەرێمی كوردستان ئەنجومەنی ئەكادیمیای كوردیمان هەیە، ئەو هەموو مامۆستایانەی زانكۆمان هەیە لەبواری كوردی دكتۆرای هەیە ئەتوانین وەكو پەرلەمان ئیستیفادەیان لێبكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێمە بیرمان لەوە كردبۆوە هەر لەسەرەتاوە كە هاتین، بە نوسراوێكی ڕەسمی داوامان لە ئەكادیمیا كرد، هەموو ئەو موستەڵحاتە قانوونی، سیاسی، كارگێریانەی كە لە لای ئەوان یەكلایی بۆتەوە بۆمانی بنێرن، بۆیان ناردووین، بەڵام بەراستی هیچێكی لەمانە تێدا نییە، ئەمە یەك، دوو پرۆسەیێكی تر ئێمە لە پەرلەمان بەڕێوە دەبەین، زیاتر لە دوو مامۆسامان هەیە كە پرۆفیسۆرن ئەم بابەتانەیان بۆ دەنێرین، ئەم پرۆژانەیان بۆ دەنێرین بەم شێوەیە بۆمان دەنێرنەوە، گلەییەكانیشان ئەوەیە كە ئەو وشانە لە بەرامبەرا نییە، كوردییەكی بەرامبەری دەقیق نییە، سوپاسی كاك (مەم برهان) دەكەین زۆر جار یارمەتیمان ئەدا بۆ خۆم بۆی ئەنێرم، زۆر جار زۆر هاوكارە لەوەی كە زۆر شتمان بۆ ڕاست دەكاتەوە، ئەم مەوزوعە خۆی مەوزوعێكی قورسە كەلیماتەكانی قورسن لە كوردیدا نییە، ئێستا ئێمە ئیغراقمان بە نوقكردن دانابوو، كاك (شێخ ظاهر ) دەڵێ (نغرۆكردن)، لە ڕاستیدا ئێمە دەكەوینە نێوان دوو حاڵەتەوە نازانین كامیان دەقیق ترە، ئێمە تاوانمان نییە كە زمانی كوردی لە وشەی قانونیا زۆر دەوڵەمەند نییە، ئەگینا بەراستی بیرمان لە هەردوو پرۆسەكە كردبۆوە، هەم ئیعتیمادكردن لەسەر پسپۆران هەم داوای هاوكاری لە ئەكادیمیا، بەڵام ئیتر ئەوەندەمان بۆ هاتووە، كاك (د.محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە ماددەی (١) بڕگەی شەش بەرهەمە خۆماڵییەكان كاڵای كشتوكاڵی یان پیشەسازی بەرهەم هێنراو، بەرهەمی كشتوكاڵی ڕووەكیمان هەیە و ئاژەڵیشمان هەیە، پێم وایە لە ناو كەوانەك لە بەرامبەر كاڵای كشتوكاڵی بنوسرێ (ڕووەكی- ئاژەڵی)، لە بڕگەی دەیەم نوقمكردن هاوردەكردنی بەرهەمێك بۆ هەرێم بە نرخێكی كەمتر لە بەهای ئاسایی خۆی لە بازاری وڵاتی هەناردەكراو،

ئەمن پێم وایە هەندێك وڵات بەهۆی دابەزینی نرخی دراوەكانیان تێچووی بەرهەم هێنانەكانیان زۆر كەمتر بێت لەوەی كە لە هەرێم بەرهەم دەهێنرێ بۆ ئەوەی بتوانین هەندێك جار پارێزگاری لە بەرهەمی ناوخۆی بكەن پێم وایە ئێستا دارشتنێكی وام لەبەر دەست نییە، مەسەلەن ئەگەر سەیر بكەن دراوی ئێرانی زۆر بەهاكەی كەمترە لەوەی ئێستا لە كوردستان هەیە، بۆیە ئەو بەرهەمانە بە نرخێكی زۆر كەمتر دێنە هەرێمی كوردستان رەنگە ئەو بەرهەمەی كوردستان لەرووی نرخەوە نەتوانێ كێبرکێ لەگەڵ ئەو بەرهەمە هاوردەیە بكات، بۆیە پێویستە شتێك بدۆزینەوە بۆئەوەی بتوانین هەم هاوسەنگیەك، هەم پارێزگاری لەوە بكەن، زۆر سوپاس،

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵام مەسەلەی ئیغراق موستەڵەحێكە تەعریفی بەو شكلەی هەیە، ئێمە ناتوانین زۆر دەستكاری تەعریفەكە بكەین، بەڵام ناڵێین تێچووی بەرهەم هێنان، ئەڵێن تێچووی عەرزكردنی لە بازاری وڵاتەكە ئەمە یەك، دوو ئەگەر ئێمە بەوە نەمانتوانی رێگری بكەین بەوەی سێیەم ئەتوانین رێگری بكەین یان بەوەی دووەم دەتوانین بە پاڵپشتیكرن رێگری بكەین، بەوەش نەمانتوانی ئەتوانین بە هاوردەكردنی یەعنی زێدە هاوردەكردنی بێ پاساو رێگری بكەین، یەعنی مشكیلەمان لەگەڵ موستەڵەحەكە هەیە، ناتوانین ئیزافەیەك بخەینە سەری لە كاتێكدا هەموو كتێبی قانوون و فقە بەو شێوەیە تەعریفی دەكەن، قەی چی ئەكا ئەگەر توانیت لەو یەك دوو رۆژە شتێكت بۆ ئیزافە بوو سوپاسیشت دەكەین، كاك (رزگار عیسا)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسا سوار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی حەفتەم بەرهەمی لێكچوو بەرهەمی خۆماڵی هاوشێوە بەرهەمی هاوردەكراو لە هەموو روویێكەوە یان لێكچووی بەرادەیەكی زۆر، من تێبینیم لەسەر بەرادەیەكی زۆر، رادەكی دیار دەكاتن، پێم باشە بكرێتن بە نسبە (٦٠٪)، (٧٠٪) لە رووی خەسڵەتەوە یان بەكارهێنان، بۆ ئەوەی دەقیق بیتن لەرووی یاساییەوە، چونكە بەرادەیێكی زۆر ئەو رادەیە زۆرە یەعنی چۆن ئەتوو هاوسەنگی دێنی یان تەشخیصی دەكەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (حسیبە) خان، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیازە یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەكان پێشنیازێكی باشە و لە رێگەی ئەم پێشنیازە یاسایەوە دەتوانرێت رێگری لە هاوردەكردنی ئەو بەرهەمانە بكرێت كە لە دەرەوەی وڵات هاوردە هەرێمی كوردستان دەكرێن.

لەناوخۆشدا هەمانە، لە رێگەی بە یاساكردنی ئەم پێشنیازە یاسایە دەتوانرێت هەم لە رووی ماددی، هەم لە رووی مەعنەوی پاڵپشتیكاری باشی بەرهەم هێنەران لە هەرێمی كوردستان بێت، هەر بۆیە لە ماددەی یەكەم و لە زاراوەكان لەدوای ماددەی پێنجەم بەر لەوەی بێینە سەر بەرهەمە خۆماڵییەكان مادەم باس لە بەرهەمەكان كراوە پێشنیاری ئەوە ئەكەم كە ماددەیەك

بەرهەمەکان زیاد بکرێت بەو شێوەیە (بەرهەمەکان کۆی کاڵای پیشەسازی و کشتوکاڵی بەدەر لە بەروبومی کشتوکاڵی کە لە کەرتی پیشەسازی لەناوخۆی هەرێمدا بەرهەم دەهێنرێت).
دواتر بێینە سەر دابەشکردنی جۆرەکانی بەروبومەکان، لە ماددەی حەوتەمیشدا بەرهەمی لێکچوو باشترە بکرێتە (بەرهەمی هاوشێوە) بەم شێوەیە دابڕێژرێ، (بەرهەمێکی ناوخۆیی هاوشێوە لە هەموو رووەکانی ئەو بەرهەمەی هاوردەی هەرێم دەکرێت یان بەشێوەیێکی رەها هاوشێوەیە لەرووی تایبەتمەندی بەکارهێنانەوە).
لە بڕگەی دەیەمدا نوقم کردن دیسان پشتگیری کاك (شێخ ظاهر ) دەکەم بەوەی کە نوقم کردن زاراوەیەکی زۆر گونجاو نابێ لە بواری ئابووریدا بە خنکاندن یاخود داشکاندن یان نغرۆکردن هەرسێکیان دەبنە بەدیل بۆ وشەی نغرۆکردن، بەم شێوەیە پێناسە بکرێ (دابینکردنی کاڵای هاوشێوە بۆ بازاری ناوخۆ بە نرخێکی کەمتر لە بەهای ئاسایی خۆیان کە لە وڵاتی دابینکەرەوە هاوردە دەکرێن، هەروەها سەبارەت بە ماددەی دوازدەم زیادکردنی بێ پاساو منیش لەگەڵ کاك (شێخ)دام لەگەڵ زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە بکرێت بە زیادەی بێ پاساوەکە، زیادە هاوردەکردنی بەرهەم بۆ ناو هەرێم بەشێوەی رەها یان بە رێژەی بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو.
دیسان نغرۆکاری پاڵپشتیکراو نەبێت، بەڵام ببێتە هۆی زیان گەیاندن یان مەترسی زیان گەیاندن بە بەرهەمی خۆماڵی هاوشێوە یان رکابەر، لە فەقەرەی سێزدەم زیان دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەم کەرتی پیشەسازی یان کشتوکاڵی یان بەرهەمی خۆماڵی بەهۆی نغرۆکردن یان پاڵپشتی کردن، لە خاڵی پازدەمیش نرخی ئاسایی نرخی بەکاربردنی بەرهەمی هاوردەکراو لە ناو وڵاتی هەناردەکار، لە بڕگەی حەڤدەهەم لێکۆڵینەوە بەو شێوەیەی لێبکرێ ( وردبینیکردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە راست و دروستی بەڵگەنامە و زانیاری پێشکەشکراوەکان کە لەلایەن بەرهەم هێنەرە ناوخۆییەکان و هاوردەکارەکان سەبارەت بە هەبوونی پیادەکاری زیان بەخش)، لە تەواوی بڕگەکان پشتگیری برای بەڕێز کاك (شێخ ظاهر ) دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەو تەعریفانە بە نوسین هەتە ئەگەر بیدەیتە کاك (بژار) بۆ ئەوەی ئیستیفادەی لێبکەین دواتر، کاك (بەڵێن)، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١) بڕگەی پێنجەمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون لە وەزارەت، لە راستیا ئەوەی بەغداش بەڕێوەبەرایەتی پیشەسازییە یەعنی ئەگەر روونکردنەوەیەك بدە، نازانم بۆ لێرە چ رەبتێکی بەم بەڕێوەبەرایەتییەوە هەیە، بۆ گۆڕاوە بەم بەڕێوەبەرایەتییە، چونکە زیاتر ئیشەکان تایبەتمەندە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی و پیشەسازی وەك لە ناوەڕۆکی پێشنیازی یاساکەش دەردەکەوێت، ئەگەر روونکردنەوەیەك هەیە بمانەدەنێ، ئەگەر نا من پێشنیاز ئەکەم وەکو ئەوەی بەغدای لێبکرێ، بگۆردرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پیشەسازی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ڕاستیا ئەوە داواکاری وەزارەتی بازرگانی خۆیانە، لەوەی کە بۆ ئێمەیان ناردووە، ئەوان پێیان وایە لەوێبێت باشترە، دیار لە تەنمیەی صناعی ڕەنگە بۆ ئەوەی کە ئێستا چۆن لە وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ نمونە ئەوان شکاتەکە ئەکەن ڕەنگە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پیشەسازیان دانابێت بۆ شکاتکردن، بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەداوادچون بێ لایەنە لەوەی کە متابەعەی پرۆسەکە بکات، نە بەشی پیشەسازییە و نە بەشی بازرگانییە...

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دکتۆری ئیشەکە ئیشی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە نییە، نازانم ئەگەر بەدواداچونەکەی بۆ جیا بکەینەوە ئەبێ، بەڵام ئیشەکە ئیشی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پیشەسازی وەك لەوەی عێراقیشدا هاتووە، یەعنی ئەمە خەلەلێك دروست دەکات لە جێبەجێکردنی یاساکە بەڕاستی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر هی پیشەسازی نییە لەبەر ئەوەی ئەو کاتە ئەو بوعدەی موشکیلەیە کشتوکاڵ بۆ شتەکانی خۆی بدات بە پیشەسازی، ئەوە ئیشکالەکە لەوێدا دروست دەبێت.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی خاڵی دووەم من پشتیوانی لە پێشنیازەکەی کاك (شێخ ظاهر ) ئەکەم بۆ گۆڕینی وشەی زیاد کردنەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (لقمان)، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمە حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری بڕگە و ماددەکانی پێشنیازە یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان بکەین بەرپرسیاریەتییەکە لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە لەنێوان وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوا بۆیە پێشنیاز ئەکەم کە بڕگەی سێیەم و بڕگەی چوارەم بەرپرسیاریەتیەکە مادەم هاوبەشە وەزارەتی کشتوکاڵیشی بۆ زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (بختیار)، فەرموو.

**بەڕێز بختیار شوکری سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دەستپێکی تەئیدی قسەکانی کاك (شێخ ظاهر )، (حسیبە) خان دەکەم، بۆ ئەو پێناسەی گومرگی و ئەو گۆڕانکارییەی تێدا کراون، بەڕاستی من دوو ملاحەزەم هەیە، یەك لەسەر ماددەی دەیە پێناسەی نوقم کردن بیگۆڕین بۆ نغرۆکردن، هەر ئەوها بەم شێوەیە پێناسە بکرێت، هاوردەکردنی بەرهەمی بیانی بۆ ناو هەرێم کە هاوشێوەی بەرهەمی خۆماڵی بێت بە نرخێك

کەمتر لە بەهای ئاسایی خۆی لە وڵاتی هەناردەکار، پێناسەی گومرگی نرخی ئاسایی بەم شێوەی لێبکرێ (نرخی بەکاربردنی بەرهەمی هاوردەکراو لەناو وڵاتی هەناردەکار)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (ئاشنا) خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستیەکەی من ئەمەوێت ماددەیەك زیاد بکرێت پێش ماددەی دووەم، بەڵام نەمزانی چۆن قسە بکەم، لەو بەینەیایە نەماددەی یەکەمە و نە ماددەی دووەمە ئێستام بە دەرفەت زانی بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکەم، پێشنیار ئەکەم کە ماددەیەك زیاد بکرێت پێش ماددەی دووەم بەم شێوەیە یەکەم (پێویستە پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی بە کوالێتییەکی بەرز بێت بە پێی پێوەرەکانی پێوانەسازی عێراقی یاخود جیهانی لە کاتی نەبوونی پێوەری عێراقی)، دووەم (دڵنیابوون لە بەرهەم هێنان بە شێوەیێکی دروست و بەردەوام دوای ماوەیەك لە دەستپێکردنی بەرهەم هێنان لە پڕۆژە پیشەسازییە بەرهەم هێنەرەکان)، سێیەم (ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی بەکاربەر لەکاتی پاراستنی بەهەمی خۆماڵی بە شێوەیێك ڕەنگدانەوە نەرێنییەکانی لەسەر بەکاربەر بۆ کەمترین ئاست بێت)، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (سەرکۆ)، لێرە نییە، کاك (حاجی سفین)، فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمن لەسەر خاڵی شەشەم بەرهەمە خۆماڵییەکان، کاڵای کشتوکاڵی یان پیشەسازی بەرهەم هێنراو لە ناوخۆی هەرێم و عێراق، پێم باشە ببیتە (ئەو کاڵا کشتوکاڵیانەی لە بواری پیشەسازی بەکاردێت لە ناوخۆ و هەرێمی عێراق)، تا تێکەڵ نەبیتن لەگەڵ یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٨) یاسای پاراستنی بەرهەمی بەروبوومی کشتوکاڵی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە قسە لەسەر بەرهەمە خۆماڵییەکان دەکەین زۆر گرینگە بزانین چۆن بەرهەمی خۆماڵی دەناسینەو، وشەیەك هەیە لە ئەدەبیاتی زانستە ئابوورییەکان پێی دەڵێن (العلامة المسجلة) واتا بۆ ئەوەی کە هەر بەرهەمێك بناسرێتەوە دەبێت عەلامەی موسەجەلەی خۆی هەبێت، لێرەدا لەو پێشنیازە یاسایەدا ئەوە نییە، پێشنیاز ئەکەم ئەم دەستەواژەیە لە تەعریفی وشەکاندا هەبێت ئەمە یەك، دوو سەبارەت بە وشەی (پیادەکاری زیان بەخش) دیارە بە عەرەبیەکەی بریتییە لە (الممارسات الضارة) بە کوردییەکەی پێویستە ببێتە (هەڵسوکەوتی زیان بەخش) چونکە مومارەسە یەعنی هەڵسوکەوت، بەڵام هاتووە ئەڵێت پیادەکاری زیان بەخش، ئەوە چاك

بكرێتەوە، سەبارەت بە وشەی نوقم كردن منیش پشتیوانی رایەكەی كاك (شێخ ظاهر ) دەكەم بكرێتە نغرۆكردن باشترە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (زیاد)، فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی سێ و چوار دیارە پێشنیاری قسەكانی كاك (كاروان)، كاك (لقمان) دەكەم، بڕگەی هەڤدەیەمیش لێكۆڵینەوە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتی یە بكرێتە وەزارەت، دیسان پشتیوانی قسەكانی كاك (كاروان) دەكەم لەو بڕگەیەش، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، (سەرچنار) خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ملاحەزەم هەیە لەسەر خاڵی نۆیەم كە دەڵێ بەرهەمە ناوخۆییەكان ئەو بەرهەم هێنەرانەن كە رێژەی زۆرینەی بەرهەمی هاوشێوە، ئەو وشەی (هاوشێوە) بكرێتە بە (لەیەكچوو)، چونكە ئێمە لە بڕگەی حەوتەمدا پێناسەمان كردووە دەڵێن بەرهەمی لێكچوو، ئێمە بەرهەمی هاوشێوەمان نییە لە پێناسەكاندا، بەرهەمی لێكچوومان هەیە، لەبەر ئەوە ئەبێت وەك و یەكی لێبكرێت، حەوتەم ئەو (هاوشێوە) وەكو حەوتەمی لێبكەین، بكرێت بە (لێكچوو)، خاڵێكی تر لە بڕگەی سیانزەهەما كە پێناسەی زیانی كردووە، ئەڵێ زیان (ئەو زیانانەن) خۆ ناكرێ پێناسەی زیان بە زیان بكرێتەوە، وەكو وایە پێناسەی ئاو بە ئاو بكەیتەوە، لەبەر ئەوە ئەو وشەیە بڵێی (زیان) نا بێت بڵێی (ئەو زیانە) ئەبێت بڵێی (هەر هۆكارێك بێت) یان (هەر جوڵەێكی بازرگانی یان كشتوكاڵی یان پیشەسازی) وشەێكی هاوشێوەی ئاوای بۆ دابنرێت لە بری زیانەكان لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، (نجاة) خان، فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتەڤانیا ئاخافتنێت كاك شێخ (ظاهر )ی دكەم، بڕگەی دەیەم ببیتە نۆیەم، نۆیەم ببیتە دەیەم، ژبەلكو نیشا نوقمكار وی هاتیە ئاماژە پێكرن وەك بكەر، بشتی ڤێ شنكێ هاتیە پێناسە كرن وەك كار، لبەر هندێ ئەگەر هەردوو بڕگا جهێت وان بگۆڕن دێ باشتر بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (د. اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعيل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند تێبینیەك هەی یەکێ خالا سێیێ دەمێت بێژیت وەزارەت بۆ پێناسەکرنا وەزارەتێ لدیڤڕا وەزیر ئەز بینم یا باشە کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاویش ژبێتە ناودا، چونکی گەلەك پەیوندیا دگەل وی هەیە و ئیشێت وەزارەتێ پەیوەندیدارن، تێبینیا دووێ بێژیتن بەرهەمی لێکچوو (المشابە) ئەز بێژم ئەگەر (المشابە المماثل) بیت وە جێگای (مماثل) ژ کوردی هاوتا بیتن باشتر دێ رامانێ دگەهینیتن لێکچوو، ئەگەر مە کرا هاوتا (المماثل) ئەبێت خالا دوماهیکا وی ژی هاوشێوە ئەو هەرچی هاوشێوە هاتبیت بکەینە هاوتا چونکو دا وەکو یەك بیتن، تێبینیا دی ئەز پشتەڤانیا وان دکەم ئەوی گوتی نوقومکردن تەرجومەکا حەرفییە تەمامەن یەعنی هیچ مەعنایا اغراقی ناداتن (اغراق) مەعنا ویێ رەمزی زێدەکرنا بیچاعەیە ئیتسلکێدا بیتە ئەگەرێ هەندێ سعر بێتە خارێ دابەزیتن، ئەز بێژم نوقمکردن شوێنا وێ زێدەکردن بکرێت ئان زۆرکردن دگریتن شوینا نوقمکردنێ، نوقمکردن تەرجەمەکا یا حەرفی حەرفییە، خالا سێزدێ ئەز پشتگیریا خوشکا (سەرچنار)ی دکەم، فیعلەن بێژیت زیان ئەو زیانانەن ئەوەلەن زیان نابێت زیان تەقیدکا، زیان زیانێت گەورە (الاضرار الجسم) ئەما زیان مومکینە مەعنا وێ شتێکی بچوك ژی زیان بیتن، بەس ئەگەر بلێین زیانی گەورە یەعنی (الاضرار الجسم) ئەو هۆکارانەن ئەوە دەبیتە ئەگەری پەیدابوونی ئەو شتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند ماددەی (٢)، فەرموو.

**بەڕێز بختيار شوکری سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢):

١-حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر ئەو پیادەکارییە زیان بەخشانە جێبەجێ دەکرێت، کە دەبنە هۆی زیان گەیاندن کردارەکەی یان مەترسی زیان گەیاندن بە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ.

٢- حوکمەکانی ئەم یاسایە پاراستنی ئەو بەرهەمە خۆماڵیانە دەگرێتەوە کە لایەنی پەیوەندیدار یاان (٥٠٪) پێداویستی ناوخۆی هەرێم دابین دەکات.

٣- حوکمەکانی ئەم یاسایە پاراستنی ئەو بەرهەمە خۆماڵییە پیشەسازیانە دەگرێتەوە کە لایەنی کەم (٥٠٪) پێکهاتەکەی کەرەستەی خاو بەرهەمی ناوخۆیی بێت، نەك هاوردەکراو بێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ماددەی (٢) بکات بفەرموێ با ناوەکانیان تۆمار بکەین:

کاك (کاروان)

کاك (شێخ ظاهر )

کاك (د.عثمان)،

مامۆستا (عمر)،

کاك (بهجت)،

(سوسن) خان،

كاك (حاجى سفين)،

كاك (لقمان)،

(روپاك) خان،

كاك (مسلم)،

كاك (حاجى هێرش)،

كاك (بەختيار)،

(گلستان) خان،

(حسيبە) خان،

(سلمى) خان،

كاك (حكمت)، دوو دەقەتان هەيە بەپێى پەيڕەو، كاك (كاروان)، فەرموو.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

مـاددەى (٢) بڕگەكـانى يەك و دوو، دوو تێبينـيم هەيە مـن، لە بـڕگەى يەكەم دووبـارە پێشـنياز دەكەم بازرگـانى ئيـزافە بكـرێ بـۆ پيشەسـازى و كشـتوكاڵ، چـونكە ئەمە لە ئەساسـدا فعلـەن لە ناوخۆدا دەكرێت، بەڵام لە نەتيجە بەرهەمێكمان ئەوەندە زۆر بـوو بمـانەوێ بينێـرينە دەرەوە ئەو كات، هەناردەى بكەيـن، ئەو كـات تەئسـيرات لەسـەر بازرگـانيش دروسـت دەكـات، بـۆيە پێشـنياز دەكەم بازرگانى و پيشەسازى و كشتوكاڵ بێت، لە بـڕگەى دووەم ئامـاژە بەوە كـراوە حوكمەكـانى ئەم ياسايە پاراستنى ئەو بەرهەمە خۆماڵيانە دەگرێتەو كە لايەنى كەم (٥٠٪) پێويستى نـاوخۆى هەرێم دابين دەكەن، ئێمە بەرهەممان هەيە رەنگە (١٥٪) دابين بكات، رەنـگە (٢٥٪) دابـين بكـات، رەنگە (٣٠٪) دابين بكات، بەڵام دەبێـت بپـارێزرێن، لە ئەساسـدا ئامـانجى ئەم ياسـايە ئەوەيە كە حيمايەى مەنتوجاتى مەحەلى بكات، ئەمە رەنگە بەرهەممان هەبێت زۆر كەمتر لەو رێژەيە بێـت، بـۆيە مـن پێشـنياز دەكەم ئەم (٥٠٪) هەر لابـرێـت، ئەو صـەلاحيەتە بـدرێتەوە بە ئەنجـومەنى وەزيـران، يـاخود بە وەزارەتەكـان خۆيـان بەگـوێرەى پێويسـتى پاراسـتنى بەرهەمـى خۆمـاڵى لە هەرێمى كوردستان ئەم رێژەيە ديارى بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (شێخ ظاهر )، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد على حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەنـاوى خـواى گەورە، ديـارە هەر ياسـايەك كە دەردەكـرێ ئامـانج و ئەهـدافێكى هەيە، كاتێـك موشەريع ياسايەك دەردەكـات بەمەبەسـتى چارەسـەركردنى گرفتێـك يـان هەبـوونى فەراغێكـى ياساييە، بەڵام لەم ياسايە ئەوەى من تێبينيم كردووە ئامانجەكانى ئەم ياسايە ديارى نەكـرايە بـۆ چ مەبەستێكە، بۆيە پێشـنياز دەكەم ئەگەر بكرێـت مـاددەيەك زيـاد بكرێـت، ئامانجەكـانى ديـارى بكرێت، ئەويش بەم شێوەيە يەكەميان ئامانجى ئەم ياسايە (بريتى بێت لە پاڵپشتى بەرهەمهێن و بەروبومى خۆماڵى لە هەرێمى كوردستان پارێزگارى لێكردن لەو زيانانەى كە لە ئەنجـامى زێـدە

هاوردەکردنی کاڵا و بەروبوومی دەرەکی بەریان دەکەوێت)، دووەمیان ( رەخساندنی ژینگەیێکی گونجاو بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی بەروبوومی ناوخۆیی ئامادەکردنیان بۆ کێبڕکێ لە بازاڕە ناوخۆییەکان و پاڵپشتی کردن بۆ بەهێز کردنی توانای هەناردەکردنی کاڵا و بەروبومە خۆماڵییەکان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر چەند رەئی جیاواز هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا لە تەشریعەکە لە سیاغەکە ئامانج لە پێشەکی بنوسرێ یان لە هۆیەکانی دەرچواندن بێت بۆیە لە هۆیەکانی دەرچواندن ئەگەر سەیری کەی ئەوانەی بە وردی تێدایە کە جەنابت ئیشارەتت پێ کردووە، کاك (د.عثمان)، فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەواو هاورام لەگەڵ قسەکانی بەڕێز کاك (کاروان)، کە نەك (٥٠٪) لەوانەیە زۆر بەرهەمی ناوخۆ هەیە (١٠٪) و (١٥٪) ی دابین بکات، وەکو کاك (د.محی الدین) لە پێناسەکەدا باسی کرد، حەیواناتی ناوخۆیی جاری وا هەیە ئەو مەردارانە هەمووی زەرەرمەند بوون بەهۆی ئەوەی کەوا قاچاغی زۆر زۆر هاتووە، بۆیە دەبێت یاسایەکەش هەم بکرێ بە پاراستن و زیاد کردن، ئەگەر پاراستن بێت هەر گومانمان بۆ بەراد دەچێ بەرادێکمان هەبێ خەیار و تەماتەی خۆمانی تیا هەڵگرین، بۆیە پاراستن و زیادکردن بەراستی ئەو (٥٠٪) لابردرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (حسیبە)خان، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دووەم بڕگەی یەکەم حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر ئەو پیادەکارییە زیانبەخشانە، پیادەکاریە زیانبەخشەکان بگۆردرێت بۆ (چالاکیە زیانبەخشانە) جێبەجێ دیکرێ کە دەبنە هۆی زیان گەیاندنی کردارەکی یان مەترسی زیان گەیاندن بە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ، بڕگەی دووەمیش هاورای هەڤالانم رێژەی (٥٠٪) ئەو رێژەیە رێژەیێکی زۆرە ئەگەر ئێمە مەبەستمان بایەخدان بێتن بە بەرهەمی ناوخۆ پێویستە ئەو بەرهەمانەی کە لەو رێژەیە کەمتر، بڕگەی سێیەمیش لە حوکمەکان دووبارە ئەو رێژەیە زۆرە، بۆ تەواوی بڕگەکانیش پشتیوانی کاك (شێخ ظاهر ) دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (بختیار)، فەرموو.

**بەڕێز بەختیار شوکری سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی قسەکانی برادەران دەکەم، کاك (کاروان)، (حسیبە) خان، نسبەی (٥٠٪) پێداویستی ناوخۆی هەرێم دابین بکرێت، بەراستی ئەگەر گەیشتە (٥٠٪) دەتوانێت منافەسەی کاڵای عالەمی و ئقلیمیش بکات، زەحمەتیەکە ئەوەیە تاوەکو بگاتە (٥٠٪) من لەگەڵ ئەو رەئیەمە ئەو رێژەیە

ببێتە مەسەلەی تەغدیری سەر بە وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بکرێت، ئەو رێژە نەمینێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (لقمان)، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمە حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) بڕگەی دووەم ئەو رێژەیە زیان بە بەروبومی کشتوکاڵی دەگەێنێت بە دیاریکراوی، بە نمونە ئێمە لە ناوچەی باڵەکایەتی باشترین جۆری سێوی لێیە بەڵام تاوانی جوتیارەکەی چییە کە (٥٠٪)ی بەرهەمی ناوخۆیی پڕناکاتەوە پارێزگاری لێنەکرێت، زۆر ساڵان بە حوکمی ئەوەی کە وەزارەتی کشتوکاڵ رێگری ناکات لە هێنانی سێوی ئێرانی و تورکی جوتیارەکە ناچارە دەبێت بەروبومەکەی فڕێ بدات، بەشی ئەوەشی دەست ناکەوێت کە مەسروفی لە باخەکەی کردووە، بۆیە ئەم رێژەیە جگە لەوە رەنگە زیان بە هەناری ناوچەی هەورامانیش بگەێنێت، بۆیە ئەم رێژەیە لابرێت، پشتیوانی لەم پێشنیازە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (حکمت)، فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی پشتگیریا لەتەواوی قسێت هەڤاڵا دکەم کو ئەو بڕگا بەحس دکاتن (٥٠٪) پاشی کو حکمەت پشتگیریا لێ دکات داخازێ دکەم کو شینا پشتگیریا لێ بکاتن یەعنی وەبکاتن کو بەرهەمێ (٥٠٪) چەندی زێدەتر لێبێتن نە (٥٠٪) بەلکی بگاتە (١٠٠٪) ژی، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك حاجی (هێرش)، فەرموو.

**بەڕێز هێرش حسن محمد:**

من پشتیوانی قسەکانی کاك (کاروان) دەکەم، کە رێژەی (٥٠٪) نەمێنێت، بۆ ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (گلستان) خان، فەرموو.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوو بڕگەی دوو ئەو رێژەیە کە دانراوە زیان ناگەێنێت بە بەروبوومی کشتوکاڵی، چونکە یاساکە مەبەستی بەهەرمی خۆماڵی پیشەسازی کشتوکاڵییە واتا هەنار، نەوەك بەروبوومی میوەی هەنار (٥٠٪) ئەو کاتە کارگەی هەنار دامەزراند بۆ شەربەت بۆ سرکە ئەو کاتە کارگەکانی خۆماڵی گەیشتنە (٥٠٪) زیاتر دەتوانن هاوردە راگرن یان چپس یان ئاوی تەماتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (بهجت)، فەرموو.

**بەڕێز بهجت كاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددا دویٚ بڕگا دویٚ و سێیێ من پێشنیارەکا هەی هەرچەندە پشتگیریا لبۆچوونا کاك (کاروان) دکەم سەر هندێ کە رێژا (٥٠٪) سەروان بەرهەما بدەن بەڵام گەلەك بەروبوومی کشتوکاڵی تایبەت ئێ کوشتوکاڵی مەیێ هەی کە کێمترە ژ (٥٠٪) وە داخازێ دکەین کو هەندێ کو وەرارا و منافسا بازاری چێبیتن رێ و شوێن و باجێت منافستر حکومەت بتانیتن بۆ ئەڤان بەرهەما، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، (سلمه) خان، فەرموو.

**بەڕێز سلمه فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لەلایەن کاك (کاروان)، کاك (لقمان) کرا پشتیوانیان ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (روپاك) خان، فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێش مادده (٢) بۆ زیادکردنی بڕگەی ئامانجەکان بەشی ئامانجەکان پشتگیری قسەکانی کاك (شێخ ظاهر ) دەکەم، لابردنی رێژەکەش پشتگیری هەموو ئەو بەرێزانە دەکەم کە باسیان لەوە کرد رێژەکە لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (سوسن)، فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دووەم بڕگەی یەکەم لە راستیدا من تێبینیم لەسەر پیادەکاریە زیان بەخشان هەیە کە ئەم پیادەکارییە لە راستیدا هەر وەکو لە ماددەی یەکەمیشدا هاتووە، (د.رێبوار) یش ئاماژەی پێدا وشەیەکی گونجاویش نییە، وشەیەکی گونجاوتر لە شوێنی ئەوەدابنرێت، هەروەها پشتیوانی لە رایەکانی کاك (شێخ ظاهر ) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێشنیاری ئەوە ئەکەم کە کاك (شێخ ظاهر ) کردی ماددەیەك بۆ ئامانجەکان زیاد بکرێ، ئەم ماددەیە ببێتە ماددەی سێیەم ئەوە یەك، دووەم پشتگیری لەو بەرێزانەش ئەکەم کە باسیان

لەوە کـرد کە ئەم ڕێــژەیە نەمێنــێ (٥٠٪)، بەجــێ بهێڵــرێ بــۆ میکــانیزم و ڕێنمــایی وەزارەتە پەیوەندیـدارەکان، خـاڵی سـێیەمیش خـاتوو (سوسـن) وتـی ئەو وشـەی پیادەکـارییە بەراسـتی نـاقۆڵایە بەلای منیشـەوە، چالاکییەکـان، ڕێ و شـوێنەکان، شـتی دیـکە باشـترە، هەر لە بـڕگەی یەکەمدا وشەی (کردارەکی) هەیە، لە بری وشـەی (کردارەکـی) پـێم باشـە وشـەی (کـرداری) بێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (مسلم)، فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم منـیش هەمـان ڕای ئەو بەڕێـزانەم هەیە کە حوکمەکـانی ئەم یاسـایە ڕێژەی (٥٠٪)ی کە دیـاری کـراوە، ئەگەر بکـرێ لابـرێ، ئەگەر نـا بکـرێتە (٢٠٪) بـۆ ئەوەی زیـان بە بەروبومی خۆماڵی نەگەیێنێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژ پشـتەڤانی و پشـتگیریا وان سـەیدایێ دکەم سـەیدا (کـاروان)، مامۆسـتا (لقمـان)، مامۆسـتا (بهجت)، مامۆستا (عمر)، مامۆستا (مسلم)، کو ئەڤ ڕێژەیا نەمینیتن، ئەڤ ڕێژا خالا دوێـدا هـاتی (٥٠٪) نەمینیتن چونکو گەلەك بەرهەمێـت مە چێـدبیت (١٠٪) ژی تەئمینێـت بکـا یـان نەبیـت ئەم پشتەڤانیا وێ ژی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك(حاجی سفین)، فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) خاڵی دووەم حوکمەکانی ئەم یاسـایە پاراسـتنی ئەو بەرهەمە خۆماڵیـانە دەگـرێتەوە کە لە لایەنی کەم (٥٠٪) ی ناوخۆی هەرێم دابین دەکـات، ئەم ڕێـژەیە دانـراوە زیـان بە بەرهەمـی کشـتوکاڵی دەگەیێنێـت، کە (٥٠٪)ی پێداویسـتی نـاوخۆی دابـین بکـات، ئەم حـوکمە وا دەکـات بەرهەمی خۆماڵی دابڕمێت، بەرهەمی ئێستا ڕێژەکەی (٣٥٪) تێپەر نەکرێـت، نەگـاتە (٥٠٪) بـۆیە مـاددەی سـەرەوە پێـت حیمـایە نـاکرێ ئەتـوو لە کۆتایـدا دەبێـتە (٠٪) بەرهەمـی خۆمـاڵی هەر نامێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لێژنەی تایبەتمەند ئەگەر ڕەئیەکتان هەیە، کاك (بژار)، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن دەکەم، یەکسەر چونە ماددەی (٢) بەس وەلامێك، تێبینیەك هەبوو داواکرابوو، پێشنیاری (د.محی الدین) بوو لێرەش نییە، سەبارەت بە کاڵای کشتوکاڵی یاسایەکی تایبەتمان هەیە، یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٨)ە یاسای پاراستنی پەرەپێدانی بەروبومی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان لە ماددە (١) دا باسکراوە، ئەو یاسایەش ئەم یاسایەش لەم بوارەدا یاسایەکی تایبەتە، سەبارەت بەوەی تری بەڕێوەبەرایەتییەکان مودیریەی عام، ئەگەر تەماشای یاسای وەزارەتی کشتوکاڵی بکەین لە بەشی پێکهاتەی وەزارەتەکان دەبینین لە ماددەی (٣) بڕگەی شەشەم کە تەحدیدی بەڕێوەبەرایەتییەکان مودیریەتی عامی کراوە تایبەتمەندی هەر بەڕێوەبەرایەتییەك ئاماژەیان پێداوە زۆر بە وازحی لەناو قانوون، بەڵام یاسای بازرگانی تەنیا تیعدادی پێنج مودیریەی عامیان کردییە بەبێ ئەوەی ئیشارەتی پێبدرێت، هەر مودیریەی موختەصە تایبەتمەندە لە چ رووێکەوە، لەبەر ئەوە تێبینییەکان، پێشنیاری وەزارەتی بازرگانی ئەوە کە بۆ پەرلەمان هاتبوو بڕگەی پێنجەم بەم شێوەیە ئێستا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (٣)، لیژنەی تایبەتمەند، فەرموون.

**بەڕێز جنان جبار بویا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣):

یەکەم: بەرهەمهێنی ناوخۆی یان نوێنەرە یاساییەکەی یان هەر خاوەن بەرژەوەندییەك لە رێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتییەوە نوسراو بۆ گرتنەبەری رێ و شوێنی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیادەکاری زیانبەخش پێشکەش بە وەزیر دەکات بەم دوو مەرجەی خوارەوە:

١-داواکارییەکە ئەو زانیاریە و بەڵگەنامانە لەخۆ بگرێت کە رووداني پیادەکاری زیانبەخش کەوتنەوەی زیان بوونی پەیوەندی هۆکاری لەنێوانیان دەسەلمێنن.

٢- داواکارییەکە پشتگیریکراوبێت لەلایەن بەرهەمهێنە ناوخۆییەکان بە مەرجێك رێژەی بەرهەمهێنانیان زیاتر بێت (٥٠٪) پێداویستی ناوخۆی بەکاربەر.

دووەم: داواکاری پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی لەلایەن بەرهەمهێنە ناوخۆییەکان یان بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پێشکەش دەکرێن، ئەگەر پیادەکاری زیانبەخش پەیوەندی بە بەرهەمی کشتوکاڵییەوە هەبوو.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەرکی تاوتوێکردن و دڵنیابوون لە هاتنە دی مەرجەکانی داواکاری پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی دەقنووسکراو لەم یاسایەدا لە ئەستۆ دەگرێت، دەبێت لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رێککەوتی تۆمارکردنی داواکارییەکە راسپاردەی خۆی بۆ وەزیر بەرز دەکاتەوە.

چوارەم:

١- وەزیر لە ماوەی (١٥) رۆژ لە رێکەوتی گەیشتنی راسپاردەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بڕیاری خۆی سەبارەت بە دەستپێکردن بە لێکۆڵینەوە یان رەتکردنەوەی داواکاریەکە دەدات.

٢- ئەگەر وەزیر لە ماوەی دیاریکراو لە خاڵی (١)ی ئەم برگەیەدا بڕیاری یەکلاکراوەی نەدا ئەوا بە وەڵام نەدانەوەکە رەزامەندی لەسەر دەستپێکردن بۆ لێکۆڵینەوە ئەژمار دەکرێت.

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بڕیاری دەستپێکردن بە لێکۆڵینەوە لایەنی کەم لە ماوەی (٧) رۆژ لە رێکەوتی دەرچوونی لە دوو رۆژنامەی رۆژانەدا بڵاودەکاتەوە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستاش هەر بەڕێزێك دەیەوێت بەشدار بێت لە گفتوگۆ لەسەرماددەی (٣)، با دەست بەرز کاتەوە ناوەکان بنوسین، ئەم ناوانە تۆمار کراون، کاك (د.اسماعیل)، کاك (مم)، (ئاشنا) خان، کاك (د.عثمان)، (سلمە) خان، (روپاك) خان، کاك (عثمان سێدەری)، کاك (ملا ناصر)، کاك (لقمان)، کاك (حكمت)، کاك (بهجت)، کاك (رێبوار)، (حسیبە) خان، کاك (شێخ ظاهر )، (لیزا) خان، کاك (عثمان سێدەری)، فەرموو.

**بەڕێز عثمان كريم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) برگەی سێیەم دەڵێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەرکی تاوتوێکردن و دڵنیابوونە لە هاتنەدی مەرجەکانی داواکاری پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی دەقنووسکراو لەم یاسایەدا لە ئەستۆ دەگرێت و دەبێت لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رێککەوتی تۆمارکردنی داواکارییەکە راسپاردەی خۆی بۆ وەزیر بەرز بکاتەوە، من پێم وایە (٣٠) رۆژ زۆرە (١٥) رۆژ باشە بۆ ئەوەی کە داواکارییەکە بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (شێخ ظاهر )، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، ماددەی (٣) یەکەم بەرهەمهێنی ناوخۆیی، من پێشنیاز دەکەم بەرهەمهێنی ناوخۆیی سروشتی یان مەعنەوی، برگەی یەکیش لە هەمان ماددە داواکارییەك ئەو زانیارایانەی بەڵگەنامانە لەخۆبگرێت کە رووداني پیادەکردنی زیانبەخش کەوتنەوە یان زیانبوونی پەیوەندی هۆکاری لەنێوانیاندا دەسەلمێنێ، من پێشنیاز دەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت (داواکارییەك کە بەڵگەی زیان گەیاندن لەخۆ بگرێت کە رووداني چالاکی زیانبەخش کەوتنەی زیان و بوونی پەیوەندی هۆکاری لەنێوانیان دەسەلمێنێ)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (لیزا) خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو تێبینیم هەیە بۆ ماددەی سێیەم، لە برگەی یەکەم دەڵێ بەرهەم هێنی ناوخۆیی یان نوێنەرە یاساییەکەی، لێرە یان فەرمانبەریشی بۆ زیاد بکرێ، بۆ نمونە رەنگە فەرمانبەرێك لە یەکێك لە دامەزراوەکان لە خاڵە سنورییەکان ئاگاداری خەرقێکی یاسایی بێت یان کارێکی نایاسایی بێت

دەتوانێ تێبینی خۆی تۆمار بکات ئەو کات داواکاری رەفع بکات، بەرای من فەرمانبەریشی بۆ زیاد بکرێ، هەر لە ماددەی سێیەم، بڕگەی چوارەم لە یەکەم زۆر سەڵاحیەتی دراوە بە وەزیر دەدرێت کە ئەو لێکۆڵینەوەیە رەت بکاتەوە ئەمەش پێچەوانەی ماددەکانی ترە کە کۆمەڵێك مەرجی داناوە، بەرای من لێرە باس لە مەرجەکانیش بکرێ یاخود ئەوەندە صەڵاحیەتی تەواو بە وەزیر نەدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (مەم)، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم بڕگەی یەکەمیان بەرهەم هێنی ناوخۆیی یان نوێنەرە یاساییەکەی یان هەر خاوەن بەرژەوەندییەك بەپێی ئەو مەرجەی کە هاتووە هەردوو مەرجەکە باس لە مەسەلەی پرسی زیان گەیاند دەکات، بۆیە من پێشنیاز دەکەم یان هەر زیان لێکەوتوێك ئەوەی زیانی لێ کەوتووە ئەو کارە ئەکات بەپێی مەرجەکان، نەوەك خاوەن بەرژەوەندییەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (حکمت)، فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم، بڕگەی یەکەم، خاڵی دووەم، داواکارییەکە پێشکەش کرابێت لەلایەن بەرهەم هێنەری ناوخۆ، یەعنی تەقریبەن ئەوەش وەکو ئەو خاڵانانەی ترن کە (٥٠٪) بێ بەرهەمی ناوخۆ بێتن، من لێرە داوادەکەم ئەو (٥٠٪) لە خاڵی دووەم لابرێت کە لە بڕگەی دووەم هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (لقمان)، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣)، خاڵی یەکەم پێشنیاز دەکەم وای لێبکرێت داواکارییەکە ئەو بەڵگەنامانە کە دەیسەلمێنێ روودانی پیادەکاری زیانبەخش لەخۆ بگرێت، زانیاری و بەڵگەنامە من پێم وایە هەردووکی بەیەکەوە زیادە، خاڵی دووەم، سەبارەت بە ماددەی دووەم، بۆ داواکاری ئاراستەی وەزارەت بکرێ؟ بۆ ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەزارەت نەکرێ، یەعنی ئەگەر هاوڵاتییەك زیانی لە دهۆك یا لە هەڵەبجە پێگەیشت بۆ بێ مراجەعاتی وەزارەت بکا، بۆ مراجعەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی ناوچەکانی خۆیان نەکەن، خاڵی سێیەمیش ئەو (٣٠) رۆژە گەلێك زۆرە، بۆ دەسەڵات بدرێت بە بەڕێوەبەری گشتی (٣٠) رۆژ داواکارییەك لای خۆی بهێڵێتەوە، من پێم وایە ئەوە بکرێ بە نیوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا (عثمان)، فەرموو.

**بەڕێز عثمان كريم سواره:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بۆ زیاتر متمانەبوونی برا جوتیارەکانمان و ئەوانەی کەوا خزمەتی ئەو نیشتمانە دەکەن پێم باشە ئەو لێژنە تایبەتمەندە بەڕێزە هاوکار بن لەگەڵ لێژنەی ئەوقاف، لێژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و بۆ ئەوەی کەوا مامۆستایانی ئایینی مولزەم بکەن بە دەرکردنی فتوای هێنانی هەر کاڵایەکی حەڵاڵ بەنایاسایی حەرام دەبێت، بەداخەوە لەبەر ئەوەی ئێستا ئەمە ساڵی (٢٠١٩) بوو چوینە بەغدا بیانوێکیان پێ وتین کە گوایە گەنمی ئۆکرانی داخلی هەرێم کراوە بۆیە تا ئێستا پارەی برا جوتیارەکانمان نەهاتووە، من لە خزمەت ئەو برایانە دەبم بۆ دارشتنی دەقێك کەوا حەرامە هەر کاسبکارێك هەر بازرگانێك بە قاچاغ شت هاوردە بکات، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (حسيبه) خان، فەرموو.

**بەڕێز حسيبه سعيد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم، بڕگەی یەکەم، بەرهەم هێنی ناوخۆیی سروشتی، مەعنەوی، نوێنەری یاسایی یان هەر خاوەن بەرژەوەندییەك لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نوسراو بۆ گرتنەبەر ڕێ و شوێنی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیادەکاری زیانبەخش پێشکەش بە وەزیر دەکات، لە خاڵی یەکەم و دووەم پشتگیری کاك (حکمت)، کاك (شێخ ظاهر ) دەکەم، لە بڕگەی چوارەمیش دوای ئەوەی کە بڵێن لە بڕگەی سێیەم ئاماژە بەوە دراوە کە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا کەسەکە یاداشتێك بەرز دەکاتەوە، داواکارییەکە بەرز ئەکاتەوە، بەڵام ئەو ماوەیە سەرەرای ئەوەی کە زۆرە، دواتر دەسەڵاتێکی تر بە بەڕێز جەنابی وەزیر دراوە کە دوای (١٥) ڕۆژ داوای وەڵامدانەوی هەبێت، ئەم (١٥) ڕۆژەش کەم بکرێتەوە باش دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا (ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەصل لەدەرچواندنی ئەم پێشنیازە یاسایە ئەوەیە کە بەرهەمی خۆماڵی بپارێزرێ، بەڵام کاتێك دێتە سەر ئەوەی کە زیان بە بەرهەمی خۆماڵی دەکرێتەوە، تەقیمی زیانەکانی ئەکرێ، هەندێ مەرجی قورسی تێدایە، بۆ نمونە لە خاڵی دووەم ئەڵێ (ئەو کەسەی کە زیانی بە بەرهەمەکە کەوتووە دەبێت بچێتە لای هەندێك بەرهەم هێنەری خۆماڵی کە (٥٠٪) پێداویستی ناوخۆیی دابین بکات)، جا پرسیار ئەوەیە ئەگەر مەسەلەن کەسێك بەرهەم هێنی ناوخۆیی بوو (٥٠٪)ی پێداویستی دابین بکات پشتگیری نەکرد، بۆ نمونە ئەگەر کەسێك ویستی پشتگیری کەسێکی تر

بكات، بەڵام (٢٠٪)، (٣٠٪)ی پێداویستی ناوخۆیی دابین دەكات وەڵامەكەی چی دەبێت، بۆیە پێشنیار دەكەم ئەوە تەعدیل بكرێتەوە، چونكە (٥٠٪) زۆرە...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

تەعدیلەكە چییە؟

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەعدیلەكە (٢٠٪) یان كەمترین ڕێژەی با بڵێین (٢٠٪)ی، خاڵی دووەم ئەڵێ (ئەوەی كە لە بەروبوومی كشتوكاڵی زیانی پێكەوتووە ئەتوانێ داواكارییەكەی بەرێتە وەزارەتی كشتوكاڵ، ئەی باشە ئەوەی كە لە ئینتاجی پیشەسازی زیانی بەركەوتووە بۆ كوێ بەرێ زیانەكەی، یان داواكارییەكەی؟ هەندێك پیشەسازیمان هەیە ئێمە ڕاستەخۆ ئۆتۆمبیل دروست ناكەین، بەڵام پیشەسازی خۆراكمان هەیە لە هەرێمی كوردستان، پیشەسازی ئاژەڵداریمان هەیە، بۆیە لێرەدا گرینگە، پێشنیار دەكەم كە وەزارەتی پیشەسازیشی بۆ ئیزافە بكرێ، بۆ ئەوەی كە ئەوەی زیانی بەر كەوتووە لە بواری پیشەسازیدا بەرهەمی پیشەسازی بیباتە ئەولاوە، لە خاڵی چوارەم، خاڵی سێیەم و چوارەم بەیەكەوە ڕەبت دەكەمەوە، لەلایەك باس لە (٣٠) ڕۆژ دەكات لە مەسەلەی پرۆسەی هەڵسەنگاندان بۆ بەداواداچون بۆ زیانەكانی، لەلایەكیش (١٥) ڕۆژی داوە بە وەزیر تاوەكو بڕیار بدات، كە ئەمە بۆ خۆی بەڕاستی ڕەنگە پرۆسەی بەدواداچون لێكۆڵینەوە كردن لەسەر حەجمی زیانەكە درێژەی بكێشێ، جا من پێشنیار دەكەم بۆچی لە دەسەڵاتی وەزیر بێت؟ با لێژنەیەكی تایبەتمەند لەو ڕووەوە دروست بكەن، ماوەكەشی كەم بكەنەوە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، (سلمە) خان، فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی كاك (حكمت) دەكەم لە بڕگەی یەكەم، خاڵێ دووەم، ئەو (٥٠٪) هەر لابدرێت، چونكە ڕێنمایی دەردەكرێت، مرونەت بدرێتە ڕێنماییەكە ئەتوانن لەوێ جێگەی بكەنەوە، لە بڕگەی یەكەم پشتیوانی لە قسەكانی كاك (لقمان) دەكەم، لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا باسی وەزارەتی كشتوكاڵ دەكات، ئەو بەرهەمانەی كە پەیوەندی بە بەرهەمی كشتوكاڵییەوە هەیە، بەڵام لە ماددەی یەكەمدا وەك باسمان كرد دەسەڵات نەدرابوو بە وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، بۆیە من لە بڕگەی چوارەمدا پێشنیار ئەكەم دوای خاڵی سێ بڕگەیەك زیاد بكرێ بەرهەمەكە ئەگەر بەرهەمی كشتوكاڵی بوو، هەمان ئەو دەسەڵاتانەی كە وەزیری پیشەسازی هەیەتی وەزیری كشتوكاڵ هەیبی، هەمان ئەو دەسەڵاتانەشی وەزارەت هەیەتی بە هەمان شێوە هەمان وەزارەت هەیبێ، لە بڕگەی سێیەم ئەو (٣٠)ڕۆژە، (٣٠) ڕۆژ زۆر زۆرە بەڕێوەبەرایەتییەك نەتوانێ مامەڵەیەك یەكلایی بكاتەوە، پێشنیار دەكەم لابدرێت، یاخود بكرێت بە ماوەی هەفتەیەك، بۆ ئەوەی كارەكان زووتر ڕابپەڕێنرێت، (١٥) ڕۆژ لە بڕگەی چوارەم دیاریكراوە تەنها بۆ یەك هامیشی جەنابی وەزیر، بۆیە ئەو (١٥) ڕۆژەش بەهەمان شێواز بكرێت بە هەفتەیەك زۆر باشە بۆ ئەوەی كارەكان بە خێراتر جێبەجێ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چار تێبینیت هەی، تێبینیا یەکێ لسەر خالا ئێکێ ئەلێت بەرهەمهێنی ناوخۆیی یان نوێنەرە یاساییەکەی یان هەر خاوەن بەرژەوەندییەك، ئەمە حەزف ببیت یان هەر خاوەن بەرژەوەندییەك یان ژی قەیدەك ببێت لەم بەرهەم هێنانە، یەعنی چونکە هەر خودان بەرژەوەندییەك ئەوە زۆر موگلقە یەعنی نەمومکینە حەصر نابیت، را بیت یان بێتە حەصل کردن، بیژیت لەم بەرهەم هێنانە، تێبینیا دوێ داواکاریا خۆ بگەهینیتە دەستی وەزیری پشتەڤانیا مامۆستا (لقمان) دکەم گەلەکا بزەحمەتە لدهۆکێ و حەلەبچە چەوا بگەهینینە وەزیرێ بلا مودیریەك یا تایبەت بیتن ژ مودیریەتێت ژی جهێ، تێبینیا من یادی خالا دوێ دەڤ من نەمایە زیادە ئان نەبیت بنی رانەبیت یان ژی ئەگەر هەبوو نسبا زۆر کەم ببیت ببیتە (١٠٪) ئەوها چونکە کی هەیە بەرهەم هێن لە کوردستان (٢٠٪) تەئمینی حاجاتی کوردستان هەموو دەکات، نییە، ئەز باوەرناکەم هەبیت، تێبینیا من یا چاری مودەی (٣٠) رۆژا بۆ وەزیری زۆر زۆر گەلەکە، عەلەلئەقەل ببیتە (١٠) رۆژەك...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی پشتگیری ئەو رەئیانە دەکەی؟

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئەگەر پشتگیری بەڕێزێکی تر دەکەن یەکسەر بڵێن پشتگیری ئەو رایە دەکەین، نەك شەرح بکرێتەوە، بۆ ئەوە ئیستیفادە لە وەختەکە بکەین، کاك (بهجت)، فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددا سیێ یەکەم بڕگا دوێ مە گەلەك بەرهەمێت کشتوکالێت هەی بتایبەتی بوارێ رووەکیدا بدەها هەزار جوتیار هەنە عایدی وەزارەتا کشتوکالێنە وەزارەتا کشتوکاڵ نوێنەرێ وانەیە، پێتڤیا پێشوەخت رەزامەندی بوو بهێتە دان، یەعنی دبێبەش بن نشێن چ بەرهەمێ خۆ چ فاکتەرەك نینە دەعما وان بێتەکرن لبەر هەندێ داخازێ دکەین هەر ئەڤ بڕگەها لسەر بەرهەمێن کەرتی کشتوکاڵی تایبەت بەروبومی رووەکی نەگریتن، شلایەکی دیژڤە هێشتا ئاریشەیا گرتنا تەقویما کشتوکاڵی دگەل حکومەتا مەرکەزی دوماهیك نەهاتییە، ئەڤە دبیتە بابەتەك یەعنی ئاریشە دگەل پەیدابیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (مەلا ناصر)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٣) بڕگەی (٣)، پشتیوانی هەڤاڵانم دەکەم، (سلمە) خان، کاك (عثمان)، کاك (لقمان)، برادەران، لەبەر ئەوەی ماوەی (٣٠) ڕۆژی داناوە بۆ تەنها ڕاسپاردەی خۆی بەڕێوەبەری گشتی لەسەر داواکارییەکە بنوسێ بۆ وەزیر ئەمە کارەساتە بەڕاستی، لە بڕگەی چوارەمیش (١٥) ڕۆژ دانراوە تەنها بۆ یەك هامشی وەزیر ئەمە بەڕاستی کارێکی زۆر خراپە، ئەوا بوو بە (٤٦) ڕۆژ تەنها دوو هامشی لەسەر داواکارییەکە نووسراوە، هێشتا ڕێکاری لێژنە و لێژنەکاری و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەکانیش ئەویش دەڕواتە سەری بەڕاستی ئەمە کارێکی خراپە و بۆیە پێویستە هەموار بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (ئاشنا) خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی هەموو ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە دوایان کرد کەوا مراجعەی ئەو ڕۆژانە بکرێ (٣٠) ڕۆژ، (١٥) ڕۆژ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (ڕوپاك) خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددە سێ، پێش ماددە سێ ناونیشانێك بۆ ئەو ماددەیە دابنرێت، بەناوی ناونیشانی مەرجەکانی مۆڵەتی بەرهەمی ناوخۆ، بۆ ڕێژەکەش ئەو داواکارییەی کە بەرهەم هێنی ناوخۆ پێشکەشی دەکا (٥٠٪) لابردرێ ئەو ڕێژەیە، پشتگیری قسەکانی ئەو بەڕێزانە دەکەم ماوەی (٣٠) ڕۆژ، (١٥) ڕۆژەکە کەم بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (علی) ئەگەر ڕوونکردنەوەیەك هەیە، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا لەسەر ماددەی (٣) هەست ئەکەم لێك تێنەگەیشتنێك لێردا هەیە، ئەمە زیاتر مەبەستی کاڵای قاچاغ و ئەو بابەتە نییە، مەبەستی حیمایەی ئەو مەنتوجەیە کە لەناوخۆدا هەیە، بۆ نمونەی کارگەیەکی چیمەنتۆمان هەیە هەیە، کارگەیەکی شیشمان هەیە، مەعمەلێکی کێبڵ هەیە، ئەڵێت من دێم ئیکتیفای زاتی بەرهەمی ناوخۆ دەکەم، ئەم داوایە تەقدیمی لایەنی مەعنی دەکات، لایەنی مەعنی لێژنەیێکی لێکۆڵینەوە لە مودیریەت و بەڕێوەبەرایەتی و کێ و کێ پێك دێت، دەچنە سەر کارگەکە حەجم و قەبارەی ئینتاجەکەی دەردەخەن دوای دەبێت دیسانەوە لێکۆڵینەوە بکرێت لە پێداویستی بازار بۆ ئەم بابەتە، ئەگەر فعلەن توانی (٥٠٪)ی پێداویستی بازار دابین بکات، ئەو کات گومرگ مزاعەف دەکرێت، بۆ نمونە ئێستا گومرگی

چیمەنتۆ لەبەر ئەوەی پێداویستی زیادەیە هەیە لەناوخۆ دووقات زیاد کراوە، بۆیە ئەو (٥٠٪)، ئەو (٣٠) رۆژەش طەبیعییەی، چونکە دەیان کارگە رۆژانە طەبیعییە، دەبێ لێژنە دەربچێت، بچن لە ئینتاج و قوەی ئینتاجی کارگەکە بکۆڵنەوە، باشان بچن لە قەبارە بازرگانییەکەی بکۆڵنەوە، ئەوجا لێك بدرێتەوە بزانرێ پێداویستی ناوخۆ هەیە یان نا، چونکە بەتایبەتی لە ئێستا کە دراوی عێراق توانای کێبرکێی لەگەڵ دراوی تورکیا یان ئێران نییە، بەهۆی دابەزینی بەهاوە، پێویستی بە زیادکردنی گومرگە، ئەگەر نا بووە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بەڵێ تەماتە لە وەرزێکا دەبێت لە دوو رۆژدا قەرار بدرێت، ئەوە صەلاحیەتی وەزیر خۆیەتی، کە تەماتە ئینتاجی ناوخۆی هەیە رای دەگرێ، نەك گومرگ زیاد دەکات، شوتی یاخود دواتر، سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (٤) لێژنەی تایبەتمەند بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەرێز خدیجە عمرگە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤):

بەرێوەبەرایەتی گشتی بە رەزامەندی وەزیر بەبێ پێشکەشکردنی ئەو داواکارییەی لە ماددەی (٣) دا هاتووە لەخۆوە لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدات، ئەگەر بەڵگەی پێویستی لەسەر بوونی پیادەکاری زیانبەخش لەبەر دەست بوو.

**بەرێز هێمن احمد حمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر بەرێزێك دەیەوێت قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکات، کاك (شێخ ظاهر )، (ژیان) خان، کاك (حکمت)، (د.گلاویژ)، کاك (د.رێبوار)، کاك ( ابوبکر)، کاك (مەم برهان)، کاك (بەڵێن)، کاك (دابان)، کاك (کاروان).

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.گلاویژ)، فەرموون.

**بەرێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم، بەرێوەبەرایەتی گشتی بە رەزامەندی وەزیر بەبێ پێشکەشکردنی ئەو داواکارییەی لە ماددەی (٣) دا هاتووە، مەبەستی لێرە رەزامەندی وەزیر بە نوسراوە یان بە زارەکییە؟ لێرە پێم باشە بۆ زیاد بکرێ، رەزامەندی وەزیر بە نوسراوێك ئەگەر بەڵگەی پێویستی لەسەر بوونی پیادەکاری زیانبەخش لەبەردەستدا بوو، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێزت، کاك (مەم)، فەرموو.

**بەرێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی چوارەم، لێرەدا کە ئەڵێ لە خۆوە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات، لە کوردیا ئەڵی ئەوە لە خۆیەوە بڕیار ئەدا، کەواتە هیچ بنەمایەکی قانوونی نییە، من پێشنیازم هەیە بۆ کۆی ئەو ماددەیە و دارشتنەوەی، پێویست ئەکا کە ئەڵێ (لەخۆوە لێکۆڵینەوە ئەنجام ئەدات)، بڵێ

(بۆی هەیە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات) نەك بەڵگەی هەبێت ئەگەر، (بۆی هەیە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات بە مەرجێك بەڵگەی پێویستی لەسەر بوونی پیادەکاری هەبێت) پێم وایە سیاغێکی قانوونی و زمانەوانی تەواوتر لەخۆ دەگرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر زۆر سوپاس، مامۆستا (ابوبکر)، فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەو ماددەیە زیادە چونکە لە ماددەی سێیەمدا یەکەم باس لە ڕەزامەندی وەزیر دەکات لە خاڵی یەکەمی ماددەی یەکەم، کە پێشتر داواکارییەکەی پێشکەش دەکرێت، لە ماددەی چوارەم لە دوو بڕگەدا باسی وەزیری کردووە، هەروەها هەر لە ماددەی پێشوتریشدا جارێکی تر باسی بەڵگە دەکات هەر لە ماددەی سێیەمدا، بۆیە ئەگەر ئەو ماددەیە بمێنێتەوە بەرای من ئەبێت ئاوای لێبکرێت (بەدەر لەو ڕێکارانەی لە ماددەی سێیەمی ئەو ماددەیە هاتووە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەست بە لێکۆڵینەوە دەکات ئەگەر زیانەکانی پیادەکار هەنوکەیی بوو)، بۆ نمونە پەیوەندی بە وەرزێکی دیاریکراو هەبوو، پەیوەندی بە وەرزی هاوینەوە هەبوو، ئەگەر هەنوکەیی بوو، ئەگینا سەرلەبەری ماددەکە بەو جۆرە لە پێشوترا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك (دابان)، فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینی مامۆستا (ابوبکر)م هەبوو بەڵام ئەگەر ئەو بەڕێزانە هەر سوورن لەسەر ئەوەی کە ماددەکە بمێنێتەوە ئەبێت بە زمانێکی سادەتر بنوسرێت (بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەتوانێ بە ڕەزامەندی وەزیر لێکۆڵینەوە بکات ئەگەر بەڵگەی پێویستی لەسەر بوونی پیادەکاری زیانبەخش لەبەردەستدا بوو)، پێویست ناکا، تۆزێك سادەتری بکەینەوە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (کاروان)، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ بەشی دووەمی ماددەکە پشتیوانی قسەکانی کاك (مەم) دەکەم، فعلەن لەخۆوە تەرحێکی زمانەوانی نییە، بۆیە باشترە بکرێ بۆی هەیە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات ئەمە نوقتەی یەکەم، نوقتەی دووەم لە حاڵەتی چاکردنی ماددەی یەك بڕگەی سێ و چوار تەناقوضات و بەرکەوتن لەگەڵ چوار دروست دەکات، چونکە لێرە تەنها ئاماژە بەوە کراوە کە وەزیر دەسەڵاتی هەیە، ڕەنگە مەبەستەکە ئەوە بێت گرانەوە بۆ ماددەی سێیەم لێرەدا، بەڵام لە ئەساسدا ئاماژە بە ناوی وەزیر بکرێت ئەگەر لە حاڵەتێك دووبارە ماددەی یەك لە بڕگەی سێ و چوار بکرێت ئیزافەی وەزیری کشتوکاڵی بۆ بکرێت، ئایا بە هاوبەشی دەکرێت؟ یاخود هەر دووبارە صەڵاحیەتی وەزیری بازرگانییە؟ یان چۆن دەیکەن؟ دووبارە بۆ مەسەلەی بەڕێوەبەری گشتی بەراستی من جێگای پرسیار بەلامەوە بۆ بەڕێوەبەرێکی گشتی ئەو هەموو دەسەڵاتەی هەبێت لە یاسایەکی

ئـاوا گرینگـدا نەکرێـت بە ئەنجومەنێـك کە خۆمـان دەتـوانین وەکـو پەرلەمـانی کوردسـتان ئەو ئەنجومەنە دروست بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، (ژیان) خان، فەرموو.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی مامۆستا (ابوبکر هەڵەدنی) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (حکمت)، فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژی پێوەیە کو ئەڤ ماددا چار پتر گرێدای ماددا سێیە هەر پێویست ناکاتن من پێ باشـە ئەڤ ماددە رابیتن، پشتگیریا قسێت مامۆستا (ابوبکر) دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر مامۆستا (ابوبکر) دوو شتی وت، وتی یان لاببری یان ئەگەر ئەمێنێتەوە سیاغەکەی بگۆڕێ، لە کامەیا لەگەڵی؟

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەل لابـردنەکە ژی مە لەگەل ئەوەشـم ئەگەر بمینیـت ببـتە بـڕگەهەك لە بڕگەکـانی مـاددەی سێیەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر زۆر سوپاس، کاك (ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤) دیارە وەکو ناوەڕۆکەکەی هەیە، باس لە پرۆسسی لێکۆڵینەوە دەکـات ڕێـك لە مـاددە (٣) بە تەفصیلی باس کراوە، وێـڕای ئەوەی کە ئـێمە هەنـدێك سـەرنجمان هەبـوو لە مـاددەی (٣)، خسـتمانە ڕوو، پێشنیاریشـمان خسـتە ڕوو بـۆ ئەو بـابەتە، مـن پێشـنیار ئەکەم یـان ئەوەتـا ئەو مـاددەیە هەڵبگیـرێ بکـرێتە فەقەڕەیەك، چـونکە مـن بە زیـادی دەزانـم، بکـرێتە فەقەرەیەك لە چوارچێوەی ماددەی (٣)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (بەڵێن)، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەم هەر دسیانەوە تایبەتە بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە جەنابت فەرمـووت لە مـاددەی یەکەمیش باسمان کرد، من ئێستاش لەگەڵ وەزارەت قسـەم کـردووە ئەوان تەئکیـد دەکەنەوە کە

ئەو بەڕێــوەبەرایەتییە گشــتییە بکرێــت بە (بەڕێــوەبەرایەتی گشــتی پیشەســازی) ئەگەر نــا مەشــاکیلی گەورەیــان لە جێبەجێکردنــی یاســاکە بەتــایبەت لەو هەمــاهەنگییەی کە لەگەڵ حکومەتی عێراقی دەیکەن کێشەیان بۆ دروست دەبێـت، جـارێکی تـر پێشـنیاز دەکەم لە مـاددەی یەکەم تـایبەت بە بـڕگە و ماددەکـانی تـریش کە باسـی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتییەکە دەکرێـت، بکرێتەوە بە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی و پیشەسازی) وەکو ئەوەی لە یاساکەی عێراقدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك (شێخ ظاهر )، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤) بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە ڕەزامەندی وەزیر بە پێشکەش کردنی ئەو داواکارییەی کە لە ماددەی (٣) هاتووە لە خۆوە دەست بە لێکـۆڵینەوە ئەنجـام دەدات ئەگەر بەڵـگەی پێویسـتی لە سەر بوونی پیادە کردنی زیان بەخش لەبەر دەستدا نەبوو، مـن پێشـنیاز دەکەم ئەم مـاددەیە بەم شێوازەی لێ بکرێت بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە نووسراوێکی فەرمی لە لایەن وەزیر کە ڕەزامەنـد بێـت بە پێشـکەش کردنـی ئەو داواکـاریەی لە مـاددەی (٣) دا هـاتووە لێکـۆڵینەوە ئەنجـام بـدات ئەگەر هاتوو بەڵگەی پێویست لە سەر بوونی چالاکی زیان بەخش لەبەر دەستدا بوو، وە پێشـنیار دەکەم ئەو ماددەیەش بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك شێخ ظاهر ، ماددەی (٥)، کاك علی قسەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ کالا پیشەسازییەکان بەڕێوەبەرایەتی گشتی پیشەسازی پێویستە، بـۆ کـالا کشـتوکاڵییەکان بـۆ نمونە ئەو بەرهەمانەی کشتوکاڵین بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی پێویسـتە، ئێسـتا وایە دواجـار ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە نووسراو بەرز دەکەنەوە بۆ بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی گـومرك، بـۆ نمـونە بـۆ ئەو کالایانەی کە ئیکتیفای زاتیمان هەیە یا (٥٠٪) یە بۆ ئەوەی گومرك موزاعەف بکرێت گـومرك زیـاد بکرێت لە پێناوی پاراستنی بەرهەمە ناوخۆییەکە، ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاساییش مناقەشـەیەکمان کـرد کە پێویسـتە بەڵـگە بکـرێتە زانیـاری، چـونکە زانیـاری هەیە لێکـۆڵینەوە دەکـات لە کـاتی لێکۆڵینەوە بەڵـگە دروسـت دەبێـت یەعنـی مەرج نیـیە بە بەڵـگەوە دەسـت پـێ بکـات، زانیـاری و بەڵگە تەنها زانیاری بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان::**

سوپاس کاك عەلی، بەڵێ خەدیجە خان.

**بەڕێز خەدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە باس دەکرێت بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە ڕەزامەنـدی وەزیـر، خـۆی کە وەزیـر بڕیارێك دەردەکات دەبێت بە شێوەی نووسراو بیت نەك زارەکی بۆ ئەوەی کە لە داهـاتوودا ببێـتە

سەنەدەك بۆ ئیستناد كردن لە سەری، بۆیە كە ئاماژە پێ نەكراوە ئەسل ئەوەیە كە بڕیارەكە بڕیاری ئیداری بە نووسراو دەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان::**

بەڵێ سوپاس، مادده (٥) فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز سارا دلشاد بكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە ماوەی (٧) ڕۆژ لە ڕێكەوتی بڕیاری وەزیر بە دەست پێ كردنی لێكۆڵینەوە ئەم ئەركانەی خوارەوە جێبەجێ دەكات:

یەكەم: دەست بە لێكۆڵینەوە سەرەتاییەكان سەبارەت بە پیادەكاری زیان بەخش زیان لێكەوتووەكانی پەیوەندی هۆكاری لە نێوانیان دا دەكات.

دووەم: دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ لایەنە پەیوەندیدارەكانی لێكۆڵینەوەكە لایەنە بەشداربووەكانی بۆ پێشكەش كردنی هەر بەڵگەنامە و زانیارییەك گوێبیستی وتەكانی گفتوگۆ كردن دەربارەیان وە بینینی ئەو زانیاریانەی بەڵگەنامەی كە پەیوەستن بە لێكۆڵینەوەكان ئەگەر نهێنی نەبن

سێیەم: لە دروستی وردبینی زانیاری بەڵگەی پێشكەش كراو سەلماندنی پیادەكاری زیان بەخش و زیان لێكەوتەكان دەكۆڵێتەوە و بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێت داوای هەر زانیارییەكی تر لە لایەنە پەیوەندیدارەكانی لێكۆڵینەوە و لایەنە بەشدار بووەكان بكات.

چوارەم: ئەنجامی لێكۆڵینەوە سەرەتاییەكان راسپاردەكان لە ماوەی (١٥) ڕۆژ زیاتر نەبێت لە ڕێكەوتی دەست پێ كردنی لێكۆڵینەوە ئاراستەی وەزیر دەكات. یەكەم/ ئەگەر وەزیر لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەكانی لێكۆڵینەوەی سەرەتایی راسپاردەكان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەو زانیاریانە لەبەر دەستییەتی لە ماوەی (١٥) ڕۆژ دا بڕیاری یەكلاكەرەوە دەدات. دووەم/ وەزیر دەتوانێت داوا لە هەر لایەنەكی پەیوەندیدار بكات چ گشتی بێت یان تایبەت بێت بۆ ئەوەی هەر زانیارییەكی پەیوەست بە بابەتەی لێكۆڵینەوەی بخرێتە بەردەست دەبێت ئەو لایەنانەش پابەندی پێشكەشكردنی بن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان::**

بەڵێ سوپاس، چ بەڕێز دەیەوێت قسە بكات؟ فەرموون بەڕێزتان (مامۆستا ابوبكر، كاك بەختیار، سوسن خان، مامۆستا عومەر)، كاك بەختیار فەرموو.

**بەڕێز بەختیار شوكری سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) بڕگەی (٢) یەكەم وەزیر لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەكانی لێكۆڵینەوەی سەرەتایی لە ماوەی (١٥) ڕۆژ دا بڕیاری یەكلاكەرەوە دەدات، لە سەر لێكۆڵینەوەی سەرەتایی وەزیر ناتوانێت بڕیار بدات دەبێت لێكۆڵینەوەی كۆتایی بێت ئەو لیژنەی لێكۆڵینەوە تەقریبەن هەشتا ڕۆژ وەری گرتووە لێكۆڵینەوە بكات ئەوجا ئەوە تەواو بووە دەكرێت لێكۆڵینەوەی سەرەتایی ئەوجا بڕیار وەزیر لەسەر چ ئەساسێك دەدرێت؟ یەعنی لێكۆڵینەوەی دەوێت كۆتایی ئاخیری بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان::**

بەڵێ سوپاس، سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (٥) لە بـڕگەی (٢) خـاڵی دووەم، یەك تێبینـیم هەیە کە دەڵێـت وەزیـر دەتوانێـت داوا لە هەر لایەنێکی پەیوەندیـدار بکـات چ گشـتی بێـت یـا تـایبەت، چـونکە لێـرە لە ڕاستی دا روون نییە ئایا ئەو گشتی و تایبەتە چییـە؟ ئایـا دام و دەزگـای گشـتییە یـان یـان دام و دەزگـای تـایبەتە؟ یـان داواکـاری گشـتییە و داواکـاری تـایبەتە؟ بـۆیە پێشـنیار دەکەم ئەگەر مەبەست دام و دەزگایە ئەوا دام و دەزگا لەبەردەم گشتی و تایبەت زیاد بکرێـت ئەگەر مەبەسـت داواکارییە ئەوە پێویستە داواکاری گشـتی وە داواکـاری تـایبەت لێـرە زیـاد بکرێـت، بـۆ ئەوەی ڕستەکە روون بێت و فەقەرەکە بۆمان ئاشکرا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان::**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ بەڕێزت، مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە کە لە چوار بڕگە پێکهـاتووە زۆر دوور و درێـژە، جـارێ هەر بـڕگەی یەکەم دەسـت بە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دەکات نازانم چ مەعنایەکی هەیە، دووەم لێکۆڵینەوە خـۆ وازحە یەعنـی بەڵگەی پێویستی دەوێت گوێبیستی تەرەفەکانی داواکـار دەبێـت، ئەوەی کە خـاڵی سـەرەکی لەم مـاددەیە بـڕگەی چـوارەمە، بـۆیە بە رای مـن مـاددەکە بەو شـێوەیەی لێبکرێـت،بەڕێوەبەرایەتی گشـتی لە مــاوەی (١٥) رۆژ لە رێکەوتــی گەیشــتنی بڕیــاری وەزیــر ئەنجــامی لێکــۆڵینەوە و راســپاردەکانی ئاراســتەی وەزیــر دەکــات دوای گــوێگرتن لە وتەی لایەنەکــانی لێکــۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بەڵگەنامەکان و کۆی زانیارەییەکانی تایبەت بە دۆسیەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان::**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خودا، من نەم بینی لە هـیچ شـوێنێك ئەم لیـژنەی لێکـۆڵینەوەیە یـا ئەم لێکـۆڵینەوەیە بە نوێنەرایەتی داواکاری گشتی دەبێت یان نە؟ بۆیە من پێشنیار دەکەم خـاڵی یەکەم بـڕگەی یەکەم دەست بە لێکـۆڵینەوە دەکـات بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی بە ئامـادەبوونی نـوێنەر داواکـاری گشـتی، چـونکە ئەم بـابەتە بەراسـتی بـابەتێکە دەرفەتـی ئیحتکـاری تێـدایە، دەکرێـت خەڵکێـك لە پێنـاو قازانجێکی ماددی دەزگا حکومییەکان هەڵبخەڵەتێنێت وە کاڵاکەش لەسـەر خەڵـك گـران دەبێـت، بۆیە من پێم باشە لەم بڕگەیە یا لە بڕگەی تر دا ئەگەر دەرفەت هەبێت بەتـایبەت لێـرە بگونجێـت نوێنەری داواکاری گشتی زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، ماددەی (٦) فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز خەدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦)

یەکەم: وەزیـر دەتوانێـت لە هەر کاتێکـدا لەسـەر راسـپاردەی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی بڕیـار لە راگرتنی لێکۆڵینەوەکان یان کۆتایی پێهێنانیان بدات، لە هەر دوو باری نقـوم کـردن یـان پاڵپشـتی کردن بە بێ سەپاندنی رێ وشوێنی بەرەنگار بوونەوەی نقـوم کـردن یـان رێ و شـوێنی قەرەبـوو کردنەوە، ئەگەر هاوردەکار بەڵێنامە پێشکەش بکات وە تێیدا بەڵێن بدات پێـداچوونەوە بە نرخـی بەرهەکەمە یان راگرتنی هاوردەکردنی بۆ هەرێم بە نرخی نقومکار یان پاڵپشتی کراو.

دووەم: وەزیـر دەتوانێـت بڕیـار بـدات بە تەواوکردنـی لێکۆڵینەوەکـان وێـڕای قبـووڵکردنی ئەو بەڵێنامەیە کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا دەقنووس کراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، هەر بەڕێزێك دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکـات (دکتـۆر محـی الـدین، مەلا ناصر، کاك لقمان، کاك کاروان، ئاشنا خان، دکتۆر اسماعیل)، دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسێن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانجی ئەم یاسایە پاراستن و پارێزگاری کردن لە بەرهەمی نـاوخۆیی، دوایـی ئەوە بـازار نقـوم دەکرێت بەو بەرهەمە وەزیر لە لێکۆڵینەوەکان دوایـی بڕیـار دەدات بە بـێ سـەپاندنی هـیچ رێ و شـوێنێکی بەرەنگـار بـوونەوە رەنـگە ئەوە کەسـەی کە بەڵێنـامەکە پڕدەکـاتەوە یـان بڕیـار دەدات هاوردەکە رابگرێت بازاڕی نقوم کردبێت لە بەرهەمەکە وە بەرهەمی ناوخۆیی زیـانێکی زۆری بەر دەکەوێـت، بـۆیە مـن لەگەڵ سـەپاندنی رێ و شـوێنی بەرەنگـاربوونەوەی نقـوم کـردن و رێـی و شوێنی قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووانی بەرهەمهێنارانی ناوخۆمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ئەو بڕگەی دووەمە بۆ ئیحتیاتە دانراوە، ئەگەر وەزیر گەیشتە ئەو قەنـاعەتەی ئەو زیانەی داوە لێکۆڵینەوە بەردەوام دەبێت، ئەو بڕگە دووە ئیحتیـاتە، چـونکە کـاتی مناقەشـە رێـك ئەو قسەیە کرا لە راستی دا، کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان محمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٦) بـڕگەی یەکەم ئەو دەسـەڵاتە زۆرە دراوەتە بە وەزیـر، وەزیـر لەسـەر راسـپاردەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەسـتی کـرد بە لێکـۆڵینەوە هەر لەسـەر پێشـنیازێکی ئەویـش کۆتـایی بە لێکـۆڵینەوە پـێ نەیێـت مـن پێمـوایە ئەوە جۆرێـك زێـدەڕۆیی تێـدایە، بـۆیە دەکرێـت لەسـەر راسپاردەی لیـژنەی لێکـۆڵینەوە، لێکـۆڵینەوە دەبێـت بە لیـژنە بکرێـت نەك لە رێگـای بەڕێـوەبەری گشتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منـیش هەر هەمـان رام هەیە لەگەڵ کـاك لقمـان، بـۆیە پشـتیوانی تەواوی دەکەم پێـدانی ئەو دەسەڵاتە زۆرە بە وەزیر بە شتێکی باشی نازانم، بۆیە پێشنیار دەکەم مـاددەی (٦) هەر لابرێـت، دەستخۆش.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك مەلا ناصر فەرموون.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نـاوی خـودای گەورە و میهرەبـان، لەمـاددەی (٦) بـڕگەی دوو وەزیـر دەتوانێـت بڕیـار بـدات بـۆ تەواو کردنـی لێکۆڵینەوەکـان وێـڕای قەبـووڵکردنی ئەو بەڵێنـامەیە کە لە بـڕگەی یەکەمـی ئەم مـاددەیە دەقنـووس کـراوە، لەبەر ئەوەی لەسـەر راسـپاردەی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی نـاوبراو لێکـۆڵینەوە دەسـتی پـێ کـردووە ئینجـا هەر ئەو راسـپاردەکە دەکرێـت رای بگرێـت ئەمە هەم حەکەم و هەم خەسم، کەواتا دەگەڕێتەوە خاڵی سفر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك دکتۆر اسماعیل فەرموون.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز گەل هنـدێمە یـان کۆتـایی پـێ ئینـان حەزف ببیـت، بەس راگـرتن مـافی راگـرتن وەزیـر هەیە یەعنی تەعلیق ئەگەر مانـای ئەو راگـرتن ژی تەعلیـق بیـت ئەگەر مانـایەکی تـر بیـت نـازانم ئەگەر ماناکە تەعلیق بیت یەعنـی بەس ئەو مـافە هەبیـت، مـافی تەعلیقـی لێکـۆلینەوە تـا تەعەهودێـك بدات

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی کۆتایی هێنان لابرَت بەس تەعلیق

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

بەڵێ بەس تەعلیق بمینیت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستی دا ماددەی (٦) یەکێکە لە ماددە گرنگەکان بۆیە مـن چەنـد تێبینیـیەکم هەیە، یەکەمیـان پشتیوانی کاك لقمان و هەڤـاڵانم دەکەم کە باسـیان لە دەسـەڵاتی وەزیـر کـرد لێـرەدا لە ئەساسـدا

ناكرێت وەزیر ئەو هەموو دەسەڵاتەی هەبێت، وە ئەوەی کە دکتۆر ئیسماعیلیش باسی کرد لە مەسەلەی راگرتن و کۆتایی پێ هێنان یەعنی هەردوو دەسەڵاتەکەی هەیە نازانین ئەمە ئیختیارییە خۆی کامیان بڕیاری لەبارەیەوە بدات بۆچی دەبێت ئەم سەڵاحییەتە دەدرێت بە وەزیر دووبارە؟ سێیەم وشەی ئەگەر بەکار هاتووە لە قانون ناکرێت وشەی ئەگەر بەکار بێت ئەمە لۆژیك نییە تا تۆ رێگە بدەیت بڵێی ئەگەر وابوو ئەگەر وانەبوو پێچەوانەکەی دەکەین، چونکە ئەمە ئیحتمالاتێکی (٥٠٪) دوایی کراوە بە ئیختیاری لێرەدا، لە کاتێکدا لە ماددەی (٩) لە بڕگەی یەك لە خاڵی پێنجەم پێچەوانەکەی وتراوە پابەندکردن هاتووە لەوێ، ئەگەر لەوێ پابەندکردنە بۆچی لێرە ئیختیارییە؟ ئەمە نوقتەیەك، هەروەها کاتێك کە باس لەوە دەکەین بە حاڵەتێکی ئیختیاری بدرێتەوە بە وەبەرهێنەرەکە یان بەو کەسەی کە پێشێلکارییەکە دەکات بەڵێنامە پڕ بکاتەوە دووبارە من لەگەڵ ئەوەم کە بکرێتە ناچارکردن بە شێوەیەکی ئیجباری ئەم ئیختیار کردنەی لێ دەربچێت، بۆ ئەوەی کە بتوانین بە شێوەیەکی یاسایی مامەڵەی لەگەڵ بکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك عەلی حمە صاڵح فەرموون.

**بەڕێز علی حمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددە زۆر گرنگە کە دەڵێت وەزیر دەتوانێت لەسەر راسپاردەی بڕیار لە راگرتنی لێکۆلینەوە بکات، واتا لێکۆلینەوە نەگەیشتۆتە ئەنجام دەبێت لێکۆڵینەوە بگاتە ئەنجام ئینجا بە ئاراستەیەك کە لێکۆڵینەوە نەگەیشتۆتە ئەنجام، دەبێت لێکۆڵینەوە بگاتە ئەنجام ئەوجا بە ئاراستەیەك بڕیار بدرێت، کە لێکۆڵینەوە بگاتە ئەنجام وەزیر چۆن دەزانێت ئەم واقعە چۆنە؟ بۆ نمونە لە ئاستی بەرهەمی ناوخۆیی تۆ داتا و بەڵگەکەت لەبەر دەست نەبێت لە ئاستی هاوردە کردن و جیاوازی نرخ و هەموو ئەمانە لە نەتیجە دەبێت بە بەڵگە و قەراری لەسەر دەدرێت، پێش ئەوەی بگاتە ئەنجام زۆر قورسە ئەو کاتە لەوانیە مەسالح زاڵ بێت ئیحتیکار زاڵ بێت دەیان هۆکار هەیە زاڵ بێت،بۆیە من پێموایە پێش گەیشتن بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لیژنە راگرتنی لێکۆڵینەوە کارێکی مەترسیدارە هەر چەندە من دەزانم تەحسیڵ حاسڵە ئەوەی زەرەرمەندە دەتوانێت لە مەحکەمە شکایەت بکات، بەڵام هیچ نەبێت هەر نەسێك بنووسرێت ئەوەی لە ئەنجامی ئەم راگرتنە زەرەرمەند بۆی هەبێت پێداچوونەوە بکات، هەرچەندە بە بێ ئەنجامی لێکۆڵینەوە هەڵەیە وەزیر بڕیاری راگرتنی یا بەردەوام بوونی بدات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ماددەی حەوت، ناو نییە. فەرموو سارا خان.

**بەڕێز سارا دلشاد بكر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (٧):

یەکەم: وەزیر لەسەر راسپاردەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بڕیاری کۆتایی پێهێنانی لێکۆڵینەوەکان دەدات بەبێ گرتنە بەری رێ و شوێنی کۆتایی لە یەکێك لەم بارانەی خوارەوە:

یەکەم: ئەگەر بەڵگەنـامەی پێشکەشـکراو لەسـەر بـوونی پیادەکـاری زیـان بەخـش یـان جـۆری زیانەکان باوەڕپێهێنەر نەبوو یان ئەگەر پەیوەنـدی هۆکـاری لە نێـوان پیادەکـاری زیـان بەخـش و زیانەکانی لە بەرهەمی خۆماڵی دا نەبوو.
دووەم: ئەگەر داواکـارییەکە بکێشـرێتەوە و ئەم رێکـارانەش پـێچەوانەی بەرژەوەنـدی گشـتی نەبێت.
سێیەم: ئەگەر پەراوێزی نقوم کردن یان بڕی پاڵپشتی کردنیان قەبارەی هاوردە کردن کەمتر بێت لەو بڕە دیاریکراوانەی کە بە پێی رێنمایی پشت بەستوو بەم یاسایە دەردەچێت.
دووەم: وەزیر لە کاتی کۆتایی پێهێنانی لێکۆڵینەوەکان بە پێـی حوکمەکـانی بـڕگەی یەکەمـی ئەم ماددەیە ئەم بڕیارانەی خوارەوە دەدات.
یەکەم: کۆتایی پێهێنان و رێکاری خێرا و گەڕانەوەی بڕی ئەو بـارمتە و دەسـت بەسـەرانەی کە بە پێی بڕگەی یەکەمی ماددەی حەوتەمی ئەم یاسایە وەردەگیرێن.
دووەم: هەڵوەشـانەوەی ئەو بەڵێنـامەیەی کە بە پێـی حوکمەکـانی مـاددەی شەشـی ئەم یاسـایە پێشکەش دەکرێن.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵـێ زۆر سـوپاس، هەر بەڕێزێـك قسـەی هەیە لەسـەر ئەم بـابەتە، (دکتـۆر اسـماعیل، ) فەرمـوو دکتۆر اسماعیل.
**بەڕێز اسماعیل علی طە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من دوو تێبینی یێت هەی سەر ڤێ یاسایێ، خالا ئێکێ دبێژیـت ئەگەر بەڵگەنـامەی پێشکەشـکراو لەسەر بوونی پیادەکاری زیان بەخش یان جۆری زیانەکان بـاوەڕپێهێنەر نەبـوو بـاوەڕپێهێنەر ئەز بێژم نە موستەڵەحەکێ قانونییە بەڵگەی تەواو نەبـوو یەعنـی (عـدم کفـایە عـدلە) ئەدلە هەیە ئـو باوەڕ پێ هەیە بەس کافی نییە، یەعنـی بڵێـین بەڵـگەی تەواوی نەبـوو پتـر دێ جهـێ خـۆ گریـت، خالا دوویێ دبێژیـت ئەگەر داواکـارییەکە بکێشـرێتەوە و ئەم رێکـارانەش، ئەم رێکـارەش حەزف ببیـت نەمینینـت جێگـای ئەو بێژیـت بەڵام بە مەرجێـك پـێچەوانەی بەرژەوەنـدی گشـتی نەبیـت وازحترە و پتر دێ رامانێ دەت، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ زۆر سوپاس، کاك عەلی فەرموو.
**بەڕێز علی حمە صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەم مـاددەیە داڕشـتنەوەی دەوێـت چـونکە وەزیـر لەسـەر راسـپاردەی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی بڕیـاری کۆتـایی پێهێنـانی لێکۆڵینەوەکـان دەدات واتـا لێکۆڵینەوەکـان نەگەیشـتوونەتە کۆتـایی بڕیـاری لـێ بـدرێت لە کاتێکدا لە خـاڵی یەکەم و دووەم و سـێیەم هەر سـێکی ئەنجـامی کۆتـایی

لێکۆڵینەوەکە دەدات هیچمان لەو سێ دەست ناکەوێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم وەزیر لە سەر ڕاسپاردەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دوایی کۆتایی هێنانی لێکۆڵینەوەکان، یەعنی تا لێکۆڵینەوە تەواو نەبێت بڕیاری لێ دەدرێت

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر کاك عەلی ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی دووانەیـیە خۆ یەك جۆر لێکۆڵینەوەی تێدا نییە، با ئێمە لە رووی قانونییەوە قسە بکەین، لێکۆڵینەوەیەك هەیە بۆ گرتنە بەری ڕێکاری خێرا بە پەلە، لێکۆڵینەوەیەکی تر هەیە بۆ گرتنە بەری ڕێکاری کۆتایی، لێکۆڵینەوەی یەکەم کراوە بۆ گرتنە بەری ڕێکاری خیرا و تەواو بووە، بەڵام ئەگەر لە دوایی کۆتایی هاتنی لێکۆڵینەوەی یەکەم کە ئامانج لێی گرتنە بەری ڕێکاری خێرایە دەرکەوت بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە کە بەڵگەکان کافی نین ناچێت بۆ لێکۆڵینەوەی دووەم پرۆسەی دووەم کە پرۆسەی وەرگرتنی ئیجرائات و مەنع کردنی بۆ نمونە موستەوردێکە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەرهەم بێنێت، پرۆسەی وەرگرتنی ئیجرائات لە ناو ئەم یاسایە پرۆسەیەکی موعەقەدە، هەیە خێرایە، هەیە نیهائییە، هەندێك جار خێراکە رادەگیرێت هەندێك جار نیهائییەکە رادەگیرێت، لە مادده (٦) خێراکە رادەگیرێت، لە مادده (٧) نیهائییەکە رادەگیرێت، لەبەر ئەوە پرۆسەکە پرۆسەیەکی تەکمیلییە لێکۆڵینەوە تەواو ببێت ئیتر چۆن رادەگیرێت ئەو کاتە بەس ئیجراء وەرناگیرێت.

**بەڕێز علی حمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەیری خاڵی سێ بکە، ئەگەر پەراوێزی نقوم کردن یان بڕی پاڵپشتی کردن یان قەبارەی هاوردەکردن کەمتر بێت لەو بڕە دیاریکراوانەی کە بە پێی ڕێنماییەکان پشتی بەستووە بەم یاسایە دەردەچێت، واتا ئەمە دەگاتە لێکۆڵینەوەی کۆتایی، قەبارەی هاوردەکردن چەندە؟ نقوم بوون چەندە؟ ئیکتیفای زاتی چەندە؟ ڕاپۆرتێکی مونەزەمی کۆتایی لە بەردەم وەزیردا یە، یەعنی چ شتێکی تر هەیە لەمە کۆتایی تر بێت تاوەکو بڕیاری لێ بدرێت؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەلی ئێمە لە سیستەمی قانونی عێراقی دا شتێکمان هەیە (الخطاء، الضرر، العلاقه سببية بين الخطا و الضرر) جاری وا هەیە خەتە هەیە ئێستا ئێمە لە بەردەمی ئەوەین کە پەراوێزی نقوم کردن هەیە یا بڕی پاڵپشتی کردن هەیە، لەوانەیە زەرەریش لە بەرهەمێك کەوتبێت، بەڵام پەیوەندی هۆکاری لە نێوان ئەو خەتەئە و زەرەرە دا نەبێت، لێکۆڵینەوە گەیشتۆتە ئەوەی کە پەراوێزی نقوم کردن هەیە، بەڵام نەگەیشتۆتە ئەوەی بوونی ئەم نقوم کردنە زیانی لە بەرهەمێکی خۆماڵی داوە، واتا یەکێك لە عونسورەکانی مەسئولییەت نییە ڕای دەگرێت یەعنی یا خەتە هەیە یا زەرەر هەیە یان هەرسێکی پێکەوە هەیە، یەعنی غەڵەتەکە کراوە پیادەکاری زیانبەخش کراوە زەرەریشی لە بەرهەمی خۆماڵی داوە پەیوەندی هۆکاریش لە نێوان هەڵەکە و لە نێوان زەرەرەکە دا هەیە، بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزتان، کاك بژار ئێوە قسەتان هەیە؟ ماددەی دوای ئەوە.

**بەرێز جنان جبار بویا:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨) یەکەم: ئەگەر وەزیر بڕیاری بەردەوامی لێکۆڵینەوەکان بدات ئەوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەبێت بەم شێوەی خوارەوە تەواو بکات:

١/ ئەگەر پەیوەست بێت بە پاڵپشت کردن یان نقوم کردن لە ماوەیەك لە (٦) مانگ لە ڕێکەوتی ڕاگەیاندنی دەست کردن بە لێکۆڵینەوەکان تێپەڕ نەکات.

٢/ ئەگەر پەیوەست بێت زیاد کردنی بێ پاساوی هاوردە لە ماوەیەك کە لە (٣) مانگ لە ڕێکەوتی ڕاگەیاندنی دەست کردن بە لێکۆڵینەوەکان تێپەڕ نەکات.

دووەم: تاوتوێ کردنی داواکاری وەرگرتنی ڕێ و شوێنی پاراستنی بەرهەمێکی خۆماڵی یان ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە ڕێگر نابێت لە بەردەم تەواو کردنی ڕێکارە گومرگییەکان (التخليص الكمركي).

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، هەر بەڕێزێك دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، (کاك دکتۆر اسماعیل، کاك هێرش، کاك بهمن، کاك شێخ ظاهر )، کاك دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەرێز اسماعیل علی طه:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بینم ئەڤ (٦) مانگە گەلەك گەلەك زێدەیە، خاسەتەن ئەگەر ئەو کەرەستێت پاڵپشت کردن یان نقوم کردنێ پەیوەندی ب کشتوکال و زراعەتێ ڤە هەبیت وی وەختی زەرەرەکا گەلەکا مەزن دێکەڤیتێ، ڤێجا وەخت ل ئەڤ موددە بێتە کێم کرن، چونکی عیلاقاتەکا ب زراعەتێ ڤە هەبیت دێ زەرەرەکا مەزن دێ ب زراعەتێ ڤە کەڤیت.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ئەگەر موڵاحەزە بکەیت لە ماددەکانی دواتر ماددەیەك هەیە دەڵێت هەموو ئەو مودانەی کە لە ناو ئەو قانونە هاتوون بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی دەبێتە یەك لەسەر پێنج، یەعنی زۆر زۆر کەم دەبێتەوە ئەو موددەیە بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی دەبێتە یەك لەسەر پێنج، زۆر سوپاس، کاك حاجی هێرش فەرموو.

**بەرێز هێرش حسن حمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو، موددەکە زۆرە بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی لە هیچ حاڵەتێکدا لە (٢٠) ڕۆژ تێپەڕ نەکات، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ئەوە عیلاج کراوە بە ماددەیەك، کاك بهمن.

**بەڕێز بهمن كاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان تێبینیم هەبوو، بەس لە خاڵی دووەم ئەگەر پەیوەست بێت زیاد كردنی بێ پاساوی هاوردە لە ماوەیەك كە لە (٣) مانگ لە ڕێكەوتی ڕاگەیاندنی دەستكردن بە لێكۆڵینەوە تێپەڕ نەكات، پێت وانییە ئەویش زۆرە؟ چونكە لە ماوەی (٣) مانگ ئەو زیادەیەی كە هاوردوویەتی كابرا دەتوانێت لە ناوی دا بیفرۆشێت و كۆتایی پێ بێنێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لە ڕاستی دا ئەوەی عێراق (٦) مانگە بە حساب كردمانە بە نیوەش

**بەڕێز بهمن كاك عبدالله احمد:**

چونكە ئەگەر بۆ بەرهەمێكی كشتوكاڵی بێت تۆ ئەو سێ مانگە وەرزێك تەواو دەبێت یەعنی وەرزی بەرهەمەكە تەواو دەبێت، بۆیە زۆرە ئو موددەیە بۆ لێكۆڵینەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بۆ كشتوكاڵی دەبێت یەك لەسەر پێنج كاك بهمن، ماددەیەكمان داناوە لە حوكمە كۆتاییەكە، دەبێت یەك لەسەر پێنجی ئەو موددەیە یەعنی دەكاتە (٦) ڕۆژ.

**بەڕێز بهمن كاك عبدالله احمد:**

تەواو زۆر باشە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، كاك شێخ ظاهر .

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددە (٨) بڕگەی یەك، ئەگەر پەیوەست بێت بە پاڵپشت كردن یان نقوم كردن من پێشتریش باسم كرد نقوم كردنەكە بكرێتە نغرۆ كردن، خاڵی دووەمیش ئەگەر پێویست بێت بە زیاد كردنی بێ پاساوی هاوردە، ئەوە زێدە هاوردە كردنی بێ پاساو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی دوایی ئەوە، بەڵێ كاك عەلی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پەیوەندی بەوەوە هەیە كە دەڵێت ماوەكە (٦) مانگە و دواتریش دەكرێتە یەك لەسەر پێنج، دەكرێت پێش ئەو (٦) مانگەش بدرێت، ئێستا پێش ئەوەی كە سكاڵاش بكرێت بۆ نمونە وەزارەتی كشتوكاڵ بە جەدوەلێك خۆیی مەوسمەكانی ماسی و تەماتە و شووتی و هەموو بەرهەمەكانی كردووە، یەعنی هەر (٢٠) ڕۆژ پێش ئەوە ئاگادارییەك بۆ نمونە بڵاو دەكاتەوە دەڵێت فلان جۆری ماسی لە ئەوەندەی ئەوەندە ئیتر ڕێگە پێدراو نییە، یەعنی وەزارەتی كشتوكاڵ خۆیی بە بڕیار ئەمەی كردووە و كاتەكەش مەرج نییە كۆتایی پێ بێنێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، وەزارەتی کشتوکاڵ لە تێبینییەکانیان دا کە بۆ ئێمەیان ناردووە خۆیان داوایان کردووە بکرێت بە یەك لەسەر پێنجی ئەو مودانەی لە قانونەکەدا هاتووە، بەڵێ کاك بژار فەرموون جەنابتان.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ تەئکید کردن माددا (١٠) ل پێشنازە یاسایا ماوەکان کەم کراوە یەعنی لە زۆر بڕگە و مادده دا ژمارە هاتووە دەڵێن سی ڕۆژ پازدە ڕۆژ و ئەوانە پێویست بوو لە بیدایەت بە راستی دەبا ئاماژەمان بە مادده (١٠) کردبا، بۆ ئەوەی بەر چاو روونیەك هەبا ئەو داواکارییەی پەیوەست بێت بە بەرهەمی کشتوکاڵی بۆ یەك لەسەر پێنج کەم دەکرێتەوە بە پێی مادده (١٠) دوایی دوو ماددەی تر دەگەینێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر زۆر سوپاس، ماددەی (٩).

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩):

یەکەم: وەزیر لەسەر راسپارەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بڕیاری گرتنە بەری ڕێکاری خێرا بەرامبەر بە بەرهەمی هاوردەکراوی بابەتی لێکۆڵینەوە دەدات، ئەگەر گەیشتە ئەو بڕیارە بەرایەی کە پیادەکاری زیان بەخش بەرامبەر بەرهەمی لێکچوو یان بەرهەمی رکابەر بوون هەیە، بە مەرجێك لایەنی کەم (٣٠) ڕۆژ بەسەر دەست پێکردنی لێکۆڵینەوەکەدا تێپەڕ بووبێت ڕێکارەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبن:

یەکەم/ سەپاندنی ڕەسمی نقوم کردن لەسەر بەرهەمی هاوردەکراوی بابەتی لێکۆڵینەوە کە بە شێوەیی بارمتە لە دەستەی گشتی گومرگەکان سپاردە دەکرێت.

دووەم/ پابەندکردنی کەسی هاوردەکار بە پێشکەش کردنی دەستەبەری گەرەنتی کار بە بڕێکی یەکسان بە پەراوێزی نقوم کردن.

سییەم/ پابەندکردنی کەسانی هاوردەکار لە وڵاتی پاڵپشتی کار بە پێشکەش کردنی دەستەبەری گەرەنتی کار بۆ دەستەی گشتی گومرگەکان بە بڕێك کە یەکسان بێت لەگەڵ بڕی پاڵپشتی پێشکەشکراو.

چوارەم/ لە حاڵەتی زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە زیادکردنی ڕەسمی گومرکی یان پابەندکردنی کەسانی هاوردەکار بە پێشکەش کردنی دەستەبەری گەرەنتی کار بۆ دەستەی گشتی گومرگەکان بە بڕی یەکسان لەگەڵ ئەو زیانانەی بە بەرهەمهێنە خۆماڵییەکان کەوتووە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتییەوە دیاریکراوە.

پێنجەم/ پابەندکردنی هاوردەکار بە پێشکەشکردنی ئەو بەڵێنامەیەی لە مادده (٦)ی ئەم یاسایە دەقنووس کراوە بۆ وەزارەت.

دووەم: بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی گومرگەکـانی هەرێـم بە هەمـاهەنگی لەگەڵ بەڕێـوەبەرایەتی گشتی و دەستەی گشتی گومرگەکانی دەسـەڵاتی فیـدراڵی ئەو رێکـارە خێراییـانەی کە لە بـڕگەی یەکەمـی ئەم مـاددەیە دەقنـووس کـراوە لە دوایـی بڵاوکـردنەوەی لە دوو رۆژنـامەدا جێبەجـێ دەکەن.

سێیەم:

یەکەم/ ئەگەر بڕیاری گرتنە بەری رێ و شوێنی کۆتایی بە پێی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە دەرچـوو ئەوا رێکـارە خێراکـان کۆتـایی پـێ دەهێنرێـت و بارمتەکـان یەکلایـی دەکـرێنەوە و دەسـتەبەرە پێشکەشکراوەکانیش هەڵدەوەشێنرێنەوە لە بەرامبەر رەسمی نقوم کـردن یـان رەسـمی قەرەبـوو کردنەوە وەردەگیرێت.

دووەم/ ئەگەر بڕیـارە بە وەرنەگرتنـی رێ و شـوێنی کۆتـایی دەرچـوو ئەوا رێکـارە خێراییەکـان کۆتاییـان پێـدەهێنرێت و دەسـتەبەرەکان هەڵدەوەشـێنرێتەوە ئەو بارمتـانەی پێشـکەش کـراون دەگەڕێندرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، هەر بەڕێزێك لەسەر ئەم ماددەیە قسەی هەیە (دکتۆر اسماعیل، مامۆستا ابـوبکر)، مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها لەسەر خاڵی سێیەم تێبینـیم هەیە خـاڵی یەکەم دەلێـت ئەگەر بڕیـاری گـرتنە بەری رێ و شـوێنی کۆتـایی، لە بـڕگەی دووم دەڵێـت ئەگەر بڕیـارە بە وەرنەگرتنـی رێوشـوێنی یاسـایی، یـان هەردووکی بکەن بە وەرگرتن و وەرنەگـرتن یـان بـیکەنە گـرتنە بەر و نەگـرتنە بەر، بـۆ ئەوەی یەك دەستەواژە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆرسوپاس، کاك دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئێك تێبینی هەی ئەز گەل هندێمە پەیڤا لێکچوو جاراکا دی ببیتە هاوتـا (ممـاپـل)، ئەو پتـر دێ جهێ خۆ گریت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی دوایی ئەوە.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠)

ئەگەر داواکارییەکە پەیوەست بێت بە بەرهەمێکی کشتوکاڵی ئەوا ئەو ماوانەی بـۆ لێکـۆڵینەوەی رێکارەکانی دەرکردنی بڕیار لە ماددەکانی پێشوو دەقنووس کراون بۆ یەك لەسـەر پێنجـی یەکـی ئەو ماوەیە کەم دەکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك سەرکۆ، کاك بختیار فەرموون جەنابتان.

**بەڕێز بختیار شوکری سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠) دیارکراووە یەك لەسەر پێنج وە لەو ماوەیە کەم دەکرێتەوە لە ماوەی لێکۆڵینەوە، لێکۆڵینەوە نەوەد ڕۆژی پێدەچێت تەقریبەن نەوەد تا نەوەد و پێنج ڕۆژ، ئێمە زۆر بەرهەمی کشتوکاڵیمان هەیە مەوسمییە مانگێك تا چڵ ڕۆژە ئەگەر چاوەڕێ بکەن تا هەشتا و نەوەد ڕۆژ ئەو بەرهەمە بەکەلك نایەت، هەر چەندە لە ماددەی (٢٢) دیارکراوە وەزارەتی کشتوکاڵ مافی هەیە قەدەغە کردنی بابەت بکات بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی دارایی، بەس لێرە حەزم لێیە ئەو ماوەیە کەم بکرێتەوە لەبەر ئەوەی هەر دیسان دەچێتە ناو ئیتاری قانونی دا ڕێگری لەو بابەتانە بکرێت، پێم باشە بکرێتە سێ لەسەر چوار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەس ئەگەر خۆیان یەك لەسەر پێنجیان پێ باش بێت ئەوان خۆیان لە ڕووی عەمەلییەوە لە ناو ئیشەکەدان، بۆ بەرهەمی کشتوکاڵیش لە مەوسمی پێگەیشتن هیچ لێکۆڵینەوەیەك ناکرێت، ئەو سەلاحییەتەی کە ئێستا وەزیر هەیەتی هەر وەکو جاری جاران یەکسەر ڕێگرییەکان دەکات، بەڵێ بۆ ماددەی (١١)، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠) ئەگەر داواکارییەك پەیوەست بێت بە بەرهەمێکی کشتوکاڵی، من لێرە پێشنیاز دەکەم لەو بڕگەیە ئەگەر بەرهەمێکی کشتوکاڵی کە ئەگەری تێکچوونی هەیە ئەوە زیاد بکرێت کە ئەگەری تێکچوونی هەیە ئەوا ئەو ماوانەی بۆ لێکۆڵینەوە ڕێکارەکانی دەرکردنی بڕیار لە ماددەی پێشوو دەقنووس کراون بۆ یەك لەسەر پێنجی یەکی ئەو ماوەیە کەم دەکرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ئەمە بۆ ئەو ماددەیە لەگەڵ ماددەی (٢٢) دەبێت ڕەبت بکەین، ئەمە بۆ ئەو مەوادانەیە کە تێکناچن کشتوکاڵین و تێك ناچن، بەڵام ئەوانەی کە تێك دەچن بە بێ لێکۆڵینەوە یەکسەر ئیجرائات وەردەگیرێت.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسێن:**

ئەی ماوەکە بۆ کەم دەکرێتەوە مادام تێکناچن؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوان خۆیان پێیان وایە ئەو مودەیە بۆ نمونە بۆ گەنم زۆرە، خۆیان ڕەئیان وایە، دیارە لە ڕووی عەمەلییەوەیە، لە ڕاستیدا نازانم، سوپاس، ماددەی (١١).

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١):

سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـران دەتوانێـت ڕێکـاری خێـرا رابگرێـت ئەگەر بـۆیی دەرکەوت ئەم ڕێکـارە لـێکەوتەی نەرێنـی هەبـوو لەسـەر بەرهەمهێـنەری خۆمـاڵی تـر یـان بەکـاربەرانی یـان بەرژەوەندی گشتی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، هەر بەڕێزێك قسەی هەیە لە سەر ئەو ماددەیە (دکتۆر اسماعیل، کاك سەرکۆ، کاك دابان) کێ تر؟ بەڵێ کاك سەرکۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مــن لە مــاددەی (١١) پێشــنیازی ئەوە دەکەم کە ســەرۆکی ئەنجــومەنی وەزیــران بکرێــت بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت ڕێکاری خێرا رابگرێت ئەگەر بۆیی دەرکەوت ئەم ڕێکـارە لـێکەوتەی نەرێنـی هەبـوو لەسـەر بەرهەمهێـنەری خۆمـاڵی تـر یـان بەکـاربەرانی یـان بەرژەوەندی گشتی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دابان فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینییەکم بـۆ دروسـت بـووە ئەگەر بـرادەران لە لیـژنەی پیشەسـازی یـان لە لیـژنەی یاسـایی بتوانن وەڵام بدەنەوە، ئەویـش ئەوەیە سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـران دەتوانێـت ڕێکـاری خێـرا رابگرێت، ئەم پرۆسەیە بە ڕێکارێکی موعەقەدی لێکۆڵینەوە تێدەپەڕێت، یەعنـی ئەو سـەڵاحیاتە چۆن دەدرێت بە سەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـران؟ وەچـۆن بـۆیی دەردەکەوێـت تـاوەکو بڕیـار لە راگرتنی دەدات، یەعنی سەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـران چـۆن بـۆیی دەردەکەوێـت؟ ئایـا لە سـەر راسـپاردەکانی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتییە؟ یـان ئەویـش شـێوازی خـۆیی هەیە بـۆ لێکـۆڵینەوە؟ روونی بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بینم ئەڤە گەلەکا ب زەحمەتە سـەرۆکێ ئەنجـومەنێ وەزیـران ئـو دێ کـی گەهیـتە سـەرۆکێ ئەنجومەنێ وەزیران هەتا کو ڤێ بڕیارێ بدەت؟ ڤێجا ئەم شـینا سـەرۆکێ ئەنجـومەنێ وەزیـران بێژین دادگایی تایبەتمەند، پاشی لە تەعلیمـات و دیـارە دێبیـت ئەو چ دادگـایە، یەعنـی لە ڕێگـای دادگـایی تایبەتمەنـد دەتوانێـت، چـونکی خەلـك هەمـی دەتـوانن هەمـوو شـارەکان مـوراجعەی دادگایی تایبەتمەند بکەن و ئەو کارە ئەنجام بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی (١٢).

**بەڕێز سەركۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢)

بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە دوایی تەواو كردنی لێكۆڵینەوە لە چوارچێوەی راپۆرتێك دا پاڵپشت بە بەڵگەنامە و زانیاری پشتڕاستكراو راسپاردە ئاراستەی وەزیر دەكات تێیدا ئەو دەرئەنجامە دەخاتە روو كە دەربارەی پیادەكاری زیان بەخش و زیانەكان و پەیوەندی و هۆكاری لە نێوانیان دا پێگەیشتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان**

بەڵێ سوپاس بۆ جەنابت، كێ دەیەوێت قسە بكات؟ مامۆستا ابوبكر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم ماددەیە جیاوازی چییە لەگەڵ ماددەی (٥) كە بەهەمان شێوە دەڵێت لە ماوەی (١٥) رۆژدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەمان شت پێشكەش بە وەزیر دەكات؟ یەعنی ئەوەی یەكەمیان لێكۆڵینەوەی سەرەتاییە و ئەمە لێكۆڵینەوەی كۆتاییە؟ جیاوازییەكە لەوەدایە؟ ئەگەر ئەوە نەبێت ماددەكە زیادە بە رایی من.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نە دوو جۆر لێكۆڵینەوە هەیە یەكێكیان بۆ وەرگرتنی ڕێی و شوێنی خێرایە یەكێكیان بۆ وەرگرتنی ڕێی و شوێنی نیهائیە، ڕێی و شوێنی خێرا ئەوەیە ئیتر ناهێڵێت بەرهەمەكە بێت مەسەلەن لە شوێنێك رایدەگرین نسبەی بەرز دەكەیتەوە، ڕێ و شوێنی كۆتایی ئەوەیە جار وا هەیە تا پێنج ساڵ ناهێڵێت ئەو كۆمپانیایە ئەو هاوردەكارە شت بهێنێت و بەرهەمەكە بە تەواوەتی مەمنوع دەكرێت بۆ دوو حاڵەتی جیاوازە مامۆستا ابوبكر، بۆیە وا هاتووە.

**بەڕێز سەركۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣)

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ كاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببورە من داوایی روونكردنەوەیەكم كرد عەفوم بكە لە ماددەی پێشوودا، من وەڵامەكەم وەرنەگرت ئەگەر نا با من پێشنیار بكەم ئەم ماددەیە لابرێت ئەو دەسەڵاتە موتڵەقەی كە دەدرێتە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران لە سەر چ بنەماییەكە؟ ئەم سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران چۆن بۆیی دەردەكەوێت وە بڕیار دەدات؟ ئەگەر وەڵامێكیان پێ نییە با پێشنیار بكەین ئەم ماددەیە لابرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راست دەکەیت دەبووایە جوابت بدەنەوە لیژنەی تایبەتمەند، کاك عەلی جواب دەدەیتەوە؟ دوایی کاك بژار

**بەڕێز علی حمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە تەئکید سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دوایی لێکۆڵینەوە بڕیار دەدات، یەعنی لە سەر بنەمایی لێکۆڵینەوەیەك بۆ نمونە کە بزانێت گەنمی ئەم ساڵ ئیکتفایی بە زیادەوە هەیە گەنمی ئۆکراینی ناهێنێت تێکەڵی بکەیت و بڕیاری راگرتنی دەدات، واتا لە نەتیجەی لێکۆڵینەوە بڕیار دەدات، ئێمە پێمان وابوو ئەوە تەحسیڵ حاسڵە تەقریبەن هەر دەبێت سەرۆکی حکومەت لێکۆڵینەوە و داتایی لەبەر دەستدا بێت بۆ ئەوەی بڕیار بدات

**بەڕێز دابان محمد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەولێکۆڵینەوەیە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خۆیی دەیکات یان لیژنەیەکی موختەس پێك دەهێنرێت؟ نەك لە سەر راسپاردەی راوێژکارێکی بڕیار بدات و لێکۆڵینەوە رابگرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بژار تۆ دەتەوێت قسە بکەی؟ بەڵێ سوپاس کاك عەلی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە سەر ئەم قسەیە لە یاساکانی پێشووتریش هەر کاتێك شتێك لە بەرژەوەندی گشتی دا نەبێت یان زەرەری زۆری هەبێت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەو پێیەی کە بەرپرسیاری یەکەمە لە سیاسەتی تەنفیزی حکومەت ئەو دەسەڵاتەیان هەیە دەتوانن بۆ بەرچاوگرتنی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی هەر بڕیارێك بدات و خاسەتەن بە ماددەیەك لە ناو یاساکەش بە وازحی بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند تەواو؟ کاك سەرکۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە ماددەی (١١) باس دەکرێت سەرۆکی ئەنجومەن دەتوانێت رێکاری خێرا بگرێت ئەمە دوایی لێکۆڵینەوە و دوایی بڕیارە، یەعنی دەرئەنجامە سەرۆکی حکومەت ئەم بڕیارە دەدات، دەکرێت ئەمە بۆ تەواوکردنی دڵنیایی بدرێت بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بکرێت ئەمە شتێکی نۆرماڵ دەبێت جێگا کردنەوەی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆتان وەکو لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی یاسایی دەتوانن چیتان بوێت، ماددەی دوایی ئەوە.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣):

یەك: وەزیر لە ژێر ڕۆشنایی راسپاردەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئامـاژە پێـدراو لە مـاددەی (١٢)ی ئەم یاسـایەدا بڕیـار بە سـەپاندنی ڕێوشـوێنی کۆتـایی بـۆ بەرەنگـاربوونەوەی پیادەکـاری زیـان بەخش دەدات بەو مەرجەی جۆر و قەبارە و ئاستی پیادە کردنی ڕێ و شوێنەکە لە خـۆ بگرێـت و ئەم بڕیـارە لە مـاوەی (١٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتـی دەرچـوونییەوە ئاراسـتەی ئەنجـومەنی وەزیـران دەکرێت بۆ پەسند کردنی.

دوو: ئەگەر گرتنەبەری ڕێوشوێنی کۆتایی ڕەت بکرێتەوە ئەوە داواکار ناتوانێت داواکارییەکی تـر پاڵپشـت بە هەمـان ئەو وەقـایع و هۆکـارانەی لە داواکـاری یەکەم دا هـاتوون بەر لە تێپەڕبـوونی ماوەی (١٨٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەرکار بوونی بڕیاری وەزیر پێشکەش بکاتەوە.

دووەم: وەزیر بۆ بەرەنگار بوونەوەی پیادەکاری زیان بەخش ئەم ڕێوشوێنە کۆتاییانەی خـوارەوە دەگرێتە بەر:

١/ ڕێوشوێنی بەرەنگار بوونی نقوم کردن بـریتییە بە سـەپاندنی ڕەسـمی نقـوم کـردن بە جۆرێـك یەکسان بێت بە پەراوێزی نقوم کردن.

٢/ ڕێوشوێنی قەرەبوو کردنەوە بە سەپاندنی ڕەسمی گومرگی قەرەبوو کردنەوە بە پێی یاسا کە یەکسان بێت لە گەڵ بڕی پاڵپشت کردنی بەرهەمی هاوردەکراو بۆ هەرێم.

٣/ ڕێوشـوێنی خـۆ پاراسـتن بـۆ بەرەنگـار بـوونەوەی زیـاد کردنـی بـێ پاسـاوی هـاوردە داش بە سنوردار کردنی بۆ بڕەی ڕێگە بە هاوردە کردنی دەدرێت، یان سەپاندنی پێناسی گومرگی لە سەر بەرهەمـی هـاوردەکراو یـان زیـاد کردنـی پێناسـەکە یـان هەر ڕێکارێـك یـارمەتی بەرهەمهێنـی خۆمـاڵی بـدات لە سـەر خـۆ گونجانـدن لە گەڵ بەرهەمـی هـاوردەکراو بەو مەرجەی کـاریگەری نەرێنی لە سەر بەرژەوەندی گشتی و بەکاربەری ناوخۆیی نەبێت.

سـێیەم: سـەپاندنی ڕێوشـوێنی کۆتـایی تـایبەت بە پاراسـتنی بەرهەمـی کشـتوکاڵی دوایـی ڕەزامەندی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەرێزان لە سەر ماددەی (١٣) هەر بەڕێزێك قسەی هەیە (کاك بختيار، دکتـۆر اسـماعيل، کـاك رزگار)، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣) بڕگەی دووەم وەزیر بۆ بەرەنگار بوونەوەی پیادەکـاری زیـان بەخـش ئەم ڕێوشـوێنە کۆتاییانەی خوارەوە دەگرێتە بەر، ڕێ و شـوێنی بەرەنگـار بـوونی نقـوم کـردن، یەعنـی لە جیـاتی نقـوم کـردن لەنـاو بـردن باشـتر نیـیە؟ لەبەر ئەوەی نقـوم کـردن شـتێکە نقـومیش دەبێـت وەکـو ئەوەیە لە بەر چاو ون بێت، بکرێتە لە ناوبردن باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك دکتۆر اسماعيل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بینم مادام بڕیار یا تەمامە بڕیارا وەزیری تەواو بووە پێویست ناکەت (١٠) ڕۆژ تەئخیر ببیت لە لای ئەو هەتا بگەهیت مەجلس وزراء، ئەو موددە ببیتە (٧) ڕۆژ باشترە ل (١٠) ڕۆژ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك بختیار.

**بەڕێز بختیار شوکری سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣) بڕگەی یەکەم دووەم ئەگەر گرتنەبەری ڕێ و شوێنی کۆتایی ڕەت بکرێتەوە ئەوە داواکار ناتوانێت داواکارییەکی تر پاڵپشت بە هەمان ئەو وەقایع و هۆکارانەی لە داواکاری یەکەم دا هاتوون بەر لە تێپەڕبوونی ماوەی (١٨٠)، لێرە مەوزوعەکە بابەتە وەقایعە داواکار نییە، یەعنی داواکارێکی تر دەتوانێت داوا بکات بەس ئەو داواکارە ناتوانێت داوا بکات، لێرە مەوزوعەکە دیسان دەڵێمەوە وەقایعە لێرە پێم باشە ڕێوشوێنی کۆتایی ڕەت بکرێتەوە ئەو داواکارە یان هەر کەسێکی تر ناتوانێت داواکارییەکی تر پاڵپشت بە هەمان واقیع لە داواکارییەکە داوا بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس کاك بختیار، ماددەی (١٤).

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤):

یەکەم: ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا بڕیاری وەزیر بە سەپاندنی ڕێوشوێنی کۆتایی پەسند بکات یان ڕەت بکاتەوە.

دووەم: ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران لەوماوەیەی لە خاڵی یەکەم دیاری کراوە بڕیاری نەدا ئەوا بڕیاری وەزیر بە پەسندکراو دادەنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، (کاك کاروان، دکتۆر اسماعیل) بەڵێ کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە داوایی لێبوردنەوە من لە ماددەکانی پێشوودا دەرەفەت نەبوو کە لێرە بم، بەڵام یەك تێبینیم هەبوو لە سەر ماددەی (١٤) کە پەیوەستە بە ماددە (١١)ی پڕۆژە یاساکەوە لەوێ سەڵاحییەت دراوە بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران خۆیی لە ئەساس دا ئەمە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بێت وە لێرە هەمان ڕێکار پیادە کراوەتەوە کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەو سەڵاحیەتەی هەیە، نازانم لەو ماددەیە دەتوانین تازە گۆڕانکاری تێدا بکەن؟ یان پێشنیازەکە وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بینم هەر دوو خال بنە ئێك خال پێویست ناکەت دوو خال بن هۆسا ب ڤی شکلی، ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت لە ماوەی (١٠) ڕۆژ، (١٥) ڕۆژ زۆرە، چونکە ئەگەر پەیوەندی ب بابەتێ زراعی هەبیت زەرەر دێکەڤیتەڤە، وە فی حالەت ئەگەر لەو کاتەدا نەبیت بڕیارەکە ڕەئسەن دێبیتە پەسندکراو، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (١٥).

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥):

یەکەم: گرتنە بەری ڕێ و شوێنی کۆتایی دەبێت بەو بڕە بێت کە بۆ بەرگرتن لە ڕوودانی زیان یان لابردنی زیان پێویستە بە جۆرێك کە دەرفەت بداتە بەرهەمهێنی خۆماڵی بارودۆخی خۆیی لەگەڵ بەرهەمی هاوردەکراو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێم بگونجێنێت.

دووەم: نابێت بڕی ئەو ڕەسمە گومرگییانەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی نقوم کردن یان پاڵپشتی کردن بە پێی یاسا دەسەپێنرێت زیاتر بێت لە پەراوێزی نقوم کردن یان بڕی پاڵپشتی کردن، وە دەکرێت بە بڕێکی کەمتر دیاری بکرێت ئەگەر ئەو بڕە لابردنی کاریگەرییەکانی زیان مسۆگەر بکات و هەر زیادەیەك لە ڕەسمی گومرگی وەرگیراو کە زیاترە لە پەراوێزی نقوم کردن یان بڕی پاڵپشتی کردن لادەبرێت.

سێیەم: نابێت هەمان بەرهەمی هاوردەکراو لە هەمان کات دا بۆ ڕێوشوێنی بەرەنگار بوونەوەی نقوم کردن و ڕێوشوێنی قەرەبوو کردنەوەش ملکەچ بێت، هەر چەندە لە یەك کاتدا نقوم کەر و پاڵپشتی کراویش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کێ قسەی هەیە؟ کەس قسەی نییە، ماددەی دوایی ئەو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦):

یەکەم: جێبەجێ کردنی ڕێوشوێنی کۆتایی بە شێوەیی کاتییە نابێت لە (٥) ساڵ زیاتر بێت.

دووەم:

١/ ڕێوشوێنی کۆتایی بەرەنگار بوونەوەی نقوم کردن و پاڵپشتی کردن بە درێژایی ماوەی بەردەوام بوونی حاڵەتی نقوم کردن و پاڵپشتی کردن بەردەوام دەبێت.

٢/ أ- بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە خۆوە یان لەسەر داوای کەسی پەیوەندیدار داوای پێشکەش کردنی پاساو و بەڵگەی پێویست پێش تەواو بوونی ماوەی ڕێوشوێنی کۆتایی دەتوانێت پێداچوونەوە بەو ڕێوشوێنانە بکات.
ب- ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆیی دەرکەوت کە بەردەوامی ڕێوشوێنی کۆتایی پاساوی نەماوە ئەوا بە گرتنە بەری ڕێکاری یاسایی بە ڕەزامەندی وەزیر و دوایی پەسندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە کۆتایی بە ڕێوشوێنەکان دەهێنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦) بڕگەی دووەم خاڵی دووەم نوقتەی ئەلف کە باس لەوە دەکات بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە خۆوە دووبارە ئەمە هەڵەیەکی زمانەوانییە ئەگەر وەکو ئەوەی ماددەکەی پێشووی لێ بکرێت، وە فەرعی با کە باس لەوە دەکات ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆیی دەرکەوت بەردەوامی ڕێ و شوێنی کۆتایی پاساوی نەما، دووبارە من داوا دەکەم بە لیژنە بێت ئەم بابەتە زۆر هەستیارە، ناکرێت بەڕێوەبەری گشتی بۆیی دەرکەوێت ئەمە لاببات، بۆیی دەرنەکەوێت ئەمە لانەبات، یا خود ڕێکاری لێکۆڵینەوەکە بەردەوام بێت، چونکە لێرە سێ ناو هاتووە بەڕێوەبەری گشتی وەزیر و ئەنجومەنی وەزیرانیش، مادام هەر سێکیان سەلاحییەتیان هەیە لە بڕیار دانی کۆتایی با بەڕێوەبەری گشتی یەکێك نەبێت لایەنی کەم بە تەنیا نەبێت بڕیار لەوە بدات و بیداتە ئەنجومەنی وەزیران و وەزیر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٦) بڕگەی یەکەم جێبەجێ کردنی ڕێ و شوێنی کۆتایی بە شێوەیی کاتییە نابێت لە (٥) ساڵ زیاتر بێت، ئایا مەبەستی لێرە دیسان نقوم کردنە کە پێشنیاری ئەوەمان کرد نغرۆ کردن؟ یەعنی تۆزێك لایی من ئاشکرا نییە ئەگەر هەڤاڵان شیکردنەوەیەك بدەن..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیارەکەت چییە؟

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

جێبەجێ کردنی ڕێوشوێنی کۆتایی بە شێوەیی کاتییە، بۆچی بە شێوەیی کاتییە؟ بۆ نغرۆ کردن نقۆم کردنە چییە؟ دیار بکرێت، وە بڕگەی دووەمیش خاڵی یەکەم ڕێوشوێنی کۆتایی بەرەنگار بوونەوەی نقوم کردن بکرێتە نغرۆ کردن ئو پاڵپشتی کردن هەتا کۆتایی بابەتەکە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەیوەندیدار وەڵامی حەسیبە خان دەدەنەوە.

**بەڕێز علی حمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە دەڵێت جێبەجێ كردنی ڕێوشوێنی كۆتایی بە شێوەی كاتی و نابێت لە (٥) ساڵ زیاتر بێت، یەعنی دەكرێت لە (٥) ساڵ كەمتر بێت دەكرێت ساڵێك بێت، دەكرێت (٦) مانگ بێت ڕێوشوێنەكە، ڕێوشوێنی كۆتایی كە وەزیر بڕیارێكی مەسیری دەدات، بۆ نمونە لەسەر پاراستنی بەرهەمێكی خۆماڵی بۆ نمونە ئێستا ئێمە لە كێشەیەك داین كە بەرهەمی كێبڵە، خاوەن مەعمەلەكان دوو مەعمەلن دەڵێن ئێمە ئیكتفای زاتیمان هەیە بازرگانەكانیش كە كێبڵە دەڵێن ڕاست نییە ئیكتفای زاتی نییە، كەواتا هەم ئیكتفای زاتی و هەم ئینتاج لە ئاڵوگۆڕ و بەرزی و نزمییە، لە هەر لەحزەیەك لەو ماوە دیسان دەتوانێت بڕیاری لەبارەیەوە بدرێت لە (٥) ساڵ زیاتر نەبێت،

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

یەعنی (٥) ساڵەكە بۆ هەموویەتی، (٥) ساڵەكە بۆ نقوم كردنە، بۆ زێدە هاوردەكردنە، بۆ پاڵپشتی كردنیشە، بەڵام ئەگەر سەیری بڕگەی دووەم بكەیت ئەگەر نقوم كردن بۆ (٦) ساڵ بەردەوام بوو هیچ شتێك نییە ڕێگر بێت لەوەی كە پڕۆسەكە هەر بەردەوام بێت.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ كەواتا دەتوانین لێرە بنوسین جێبەجێ كردنی ڕێوشوێنی كۆتایی لەسەر كۆی گشتی مەسەلەن ناونیشانی بەرهەمە خۆماڵییەكان، بە شێوەیەكی كاتییە و نابێت لە (٥) ساڵ زیاتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ماددەی (١٧).

**بەڕێز سەركۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧) بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەكانی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی و دەستەی گشتی گومرگەكانی دەسەڵاتی فیدراڵی ڕێوشوێنی كۆتایی جێبەجێ دەكات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، لەبەر ئەوەی لە تەعریفەكاندا حسیبە خان لە تەعریفی نۆزدە ڕێ و شوێنی كۆتایی كراوە بۆیە لێرە هیچ ئیزافەیەكی بۆ نەكراوە، ماددەی (١٧) كێ قسەی هەیە؟ (ئاشنا خان، كاك كاروان)، فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵا منیش ڕوونكردنەوەیەكم دەوێت لە بەڕێزان لیژنەی تایبەتمەند، لە ماددەی (١٧) شتێك ووونە غائیبە ئایا هەر دوو لا پابەندن بە خاڵەكانی كوالێتی كۆنترۆڵ؟ چونكە هەموومان دەزانین مەسەلەی كوالێتی و كۆنترۆڵی جۆری بابەتێكی گرنگە كە خەڵك و بازاڕیش بە

دەستیەوە گیـرۆدەن، یەعنـی پرسـیارەکە دەقیـق بەو شـێوەیەیە کـوالێتی کـۆنترۆڵ چ رۆڵێکـی هەیە؟ تا چەند هەرێم و ناوەند پابەندن پێوەی لەسەر مەجموعەیەك خاڵ کۆکن لەسەری؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، قسەتان هەیە کاك عەلی و کاك سەرکۆ، کاك کاروان با جوابی ئاشنا خـان بـدەنەوە دوایی.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی گومرگەکـانی هەرێـم ئەوەی کە دەچێـتە بـواری گـومرگەوە لە کـوالێتی کۆنترۆڵ لە هەموو فەحس و ئەوانە دەرچوون ئینجا دەچێتە گومرگەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە پەیوەندی بەوە وە نییە.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فکرەی ئەم مادده چییە؟ فکرەی ئەم مادده ئەوەیە تەبعەن بـۆیە قەلەقییەکـیش هەبـوو لە رووی قانوونیەوە لەگەڵ عێراق کێشە بین، ئیکتیفایەکی زاتیمان هەیە لە هەرێمی کوردستان مەسـەلەن بـۆ نمـونە لە جنـوب نیمـانە، وەزارەتـی پیشەسـازی ئێـرە لەگەڵ وەزرارەتـی پیشەسـازی عێـراق بە هەمـاهەنگی راپۆرتێـك حـازر دەکەن کە لەم بەرهەمە ئیکتیفـای زاتـی هەتـا لە (٥٠٪)مـان هەیە پـێکەوە ئەم راپـۆرتە ئاراسـتەی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی گومرگەکـان دەکەن، بەڕێـوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان قەرار لەسەر گومرگ دەدات، گومرك لەسەر ئەم کاڵایە دەکرێـت بە دوو هێنـدە بۆ حیمایەی ئەو مەنتوجەی کە لە ناوخۆدا هەیە وەزیفەی ئەم ماددەیە هەرئەوەندەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەبێـت بە هەمـاهەنگی لە گەڵ حکـومەتی فیـدراڵی لەبەر ئەوەی لە مـاددەی (١١٤)ی دەسـتور هـــاتووە دەڵێـــت مەســـەلەی فەرزی گـــومرگی ئیـــدارەی موشـــتەرەکەیە لە ئیختصاصـــاتی موشتەرەکەیە، ماددەی (١٨)، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینـیەکەم لەسـەر ئەوەی کە جەنابـت ئامـاژەت پێکـرد، لەبەر ئەوەی کە ئەسـڵەن دەسـەڵاتێکی موشـتەرەکەیە ئایـا ئەمە تەنـاقوز ناکـات لە گەڵ یاسـاکانی ئەنجـومەنی وەزیـران موختەسـەن ئەوەی کە پەیوەنـدی بە وەزارەتـی دارایـی ئاماژەمـان بەوە کـردووە کە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی گومرگەکـانی هەرێـم و حکـومەتی فیـدراڵی ئەمە جێبەجـێ دەکەن، باشـە ئەمە بـۆ سـەڵاحییەتی وەزراەتـی دارایـی خـۆیی نەبێـت لە ئەساسـدا چـونکە پـێم وابێـت لە یاسـاکەش ئەگەر لیـژنەی یاساییش روونکردنەوەیەکمان پـێ بـدەن وابـزانم سـەڵاحییەتی وەزارەت خـۆیەتی ئەمـان چـۆن دابەشی دەکەن دوایی نەبێت بە ئیشکالی قانونی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، جوابتان هەیە؟ قانوونێکمان هەیە قانونی گومرگ کە لە عێراقیش و لە هەرێمیش هەمان شت جێبەجێ دەکرێت وە رێك ئەو قانونە موشتەرەکە بەرجەستە کردنی ئەو سەڵاحییەتە موشتەرەکەیە کە لە ناو ماددەی (١٢٤)ی دەستور هاتووە، وە داواکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە ئێمە کە ئەم ماددەیە بەم شێوەیە بۆیان دابنێین بۆ ئەوەی ئیشکالییەتیان بۆ دروست نەبێت بەر مەبنای ئەو پرۆتۆکۆڵانەی کە ئیمزایان کردووە لەگەڵ حکومەتی عێراقی بۆ ئەوەی بە موشتەرەکی گومرگەکان ئاراستە بکەن، سوپاس ماددەی (١٨).

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٨):

یەکەم: بەڕێوەبەرایەتییەك بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەر دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدان و پیشەسازی لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دادەمەزرێت لە پارێزگاکانی هەرێم بەش یان هۆبەی تایبەتمەندیان دەبێت.

دووەم: هەر بەڕێوەبەرایەتییەك لەوانەی لە بڕگەی یەکەم دا دەقنووس کراوە بۆ مەبەستەکانی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە ئەم تۆمارنامانەی خوارەوە دەبێت:

یەکەم: تۆمارنامەی نقوم کردن، تۆمارنامەی پاڵپشتی کردن، تۆمارنامەی زیاد کردنی بێ پاساوی هاوردە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کێ قسەی هەیە؟ کاك هەڵکەوت وەرگرە، کاك مەلا وەیس وەرگرە، کاك شێخ ظاهر ، ژیان خان، کاك حیکمەت، حسیبە خان، کاك بەهجەت، کاك مەلا ادریس، کاك حاجی سەفین، کاك کاروان، ئاشنا خان، دکتۆر اسماعیل، کاك بختیار، کاك عوسمان سێدەری، کاك نزار، لەنجە خان، بەڵێ کاك هەڵکەوت فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکارم بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشە پێدان و پیشەسازی بگۆڕدرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان لە هەر وەزارەتێك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك حاجی سەفین، فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی بەڕێز حاجی هەڵکەوت دەکەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشە پێدان و پیشەسازی ببیتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان لە وەزارەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك مەلا وەیس، فەرموو.

**بەڕێز وەیسی سعید وەیسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان، منیش پشتگیری هەردوو بەڕێزان کاك حاجی هەڵکەوت و کاك حاجی سەفین دەکەم، کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشە پێدانی پیشەسازی بکرێتە بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان، چونکە هەر ماددەی (١) لە برگەی پێنجەم خودی بەڕێوەبەرایەتی گشتییەکە دیاری کراوە کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچوونە لە وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٨) برگەی یەکەم من پێشنیاز دەکەم بەو شێوەیە بێت، بەڕێوەبەرایەتییەك بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەر دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشە پێدانی پیشەسازی و بازرگانی لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دابمەزرێت نوقتە، لێرەوە ئێمە لە ئەساسدا یاسا دەردەکەین یاسا بۆ ئەوە نییە کە تەفاسیلی زۆری تێدا بێت پێویست ناکات ئێمە باس لەوە بکەین کە لە پارێزگاکانی هەریم بەش یان هۆبەی تایبەتمەندیان دەبێت، ئەکید ئەمانە بە گوێرەی تەعلیمات و بە بڕیار دەتوانن ئەمە بکەن و لە یاساکە پێویست بەو ئاماژە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵاهی ئێمە دامان نەنابوو بەس هەر دوو وەزارەت داوایان کرد کە تێیدا بێت، وا نییە کاك بژار؟ سەرەتا ئەو تەفاسیلەی تێدا نەبوو کە لە پارێزگاکان هەبێت، ئەوان داوایان کرد لە ئێمە و ئیزافەمان کرد بۆیان، بەڵێ کاك عەلی جارێ تۆ ئەخیر کەس قسە بکە با هەمووان قسە بکەن، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستییەکەی من چەند پێشنیارێکم هەیە بۆ زیاد کردنی چەند ماددەیەك، بەڵام لەبەر ئەوەی دەگەینە حوکمە کۆتاییەکە ئێستام هەڵبژارد بۆ ئەوەی قسە لە سەر زیاد کردنی..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەرفەتت دەدەم کە مناقەشە لە سەر ئەو ماددەیە بکەی، کە تەواو بوو پێش ئەوەی بچینە سەر حوکمە کۆتاییەکان دەرفەتت دەدەم، کاك عوسمان سێدەری.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٨) برگەی یەکەم بەڕێوەبەرایەتییەك بەناوی بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەر دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشە پێدانی پیشەسازی لە وەزارەت و

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلانـدانان و بەدواداچـوون لە وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو دادەمەزرێـت و لە پارێزگاکـانی هەرێـم لە پارێزگاکـان و ئیـدارەکانی ئیـدارەی هەرێـم بەش یـان هۆبەی تایبەتمەندیان دەبێت پارێزگاکان و ئیدارەکان، ئیدارەکان بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیریا مامۆستا عوسمانی دکەم، فیعلەن یا بزەحمەتە هەموو تشت بێـتە هەولێـر بـا لە نـاو پارێزگاکـان بەڕێـوەبەرایەتی هەبیـت، ئەگەر ئەوە نەبـوو ئەو تەعبیـرە لابـدرێت و نەمینیـت یـان هۆبەی تایبەت تا بەش لە بەش کەمتر نەبیت لە پارێزگاکـان نەکو خەیـاری پـێ بـدەن، یـان بەش یان هۆبە، هۆبە نەمینیت ئەگەر ئەوە نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێشنیاز دەکەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشە پێدانی پیشەسازی بکـرێتە بەڕێـوەبەرایەتی پلاندانان، و پشتگیری لە بەڕێـزان حـاجی سـەفین و مامۆسـتا وەیسـی و کـاك حـاجی هەڵکەوت دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك بۆ پشتگیری ئەو پێشنیازەیە با قسە نەکات، چونکە سێ کەسەکە تەواو بووە، ژیـان خان فەرموو.

**بەڕێز ژیان ظاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ووتتان لە سەر پشتگیری قسە نەکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، کاك حکمەت.

**بەڕێز حکمەت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کران، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێـڕای پاڵپشـتی، بەڵام مـن تێبینییەکـی دیـکەم هەبـوو لە سـەر مـاددەی (١٨) بـڕگەی یەکەم، ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی کە دادەنرێت لەماوەی چەند دادەنرێت؟ پێویست نیـیە لێـرە کـاتی دیـاریکراو بێت بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك بەهجەت.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس ئاخفتنێت مە هەمی هاتنە کرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك مەلا ادریس.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی منیش کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، لەنجە خان.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی ئێمەش کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك نزار.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای تێبینیمان لە سەر ماددەی (١٨) قسەکانمان کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك بختیار کەرەم کەن.

**بەڕێز بختیار شوکری سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کران زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوایی ئەو، کاك عەلی قسەتان هەیە؟ فەرموون.

**بەڕێز عەلی حمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە دەڵێت بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشە پێدانی پیشەسازی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ، ئێستا بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشە پێـدانی پیشەسـازی لە وەزارەتـی پیشەسـازی خـۆیی ئەم ئیشـەی هەیە، ئەوەی وەزارەتـی کشـتوکاڵیش خـۆیی هەر ئەو

ئیشـەی هەیە، ئێسـتا کە ئەو ئیشـە کە ئیختساسـیانە و مـاوەیەکە تەجروبەیـان لێـی هەیە و بەڕێــوەبەرایەتی گشــتی پلانــدانان ئیشــێکی تــرە تەختیــت دادەنێــت وە لەم دووانەش هەماهەنگییەك دەکەن بەڕێوەبەرایەتیەکی نوێ دروست دەکەن ئەگەر نـا هەردووکیـان خـۆی بەم شـێوەیە بمێنێـتەوە دروسـترە و وەزارەتەکـانی تـریش خۆیـان ئەمەیـان پـێ باشـە لەبەر ئەوەی ئەزموونیان هەیە لەم بوارە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك سەرکۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پاڵپشتی قسـەکانی کـاك عەلـی دەکەم وەکـو سـەرۆکی لیـژنە، وەکـو خـۆیی ئەو مـاددەیە بمێنێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك بەڵێن ناوم نەنووسیوە، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی کـاك عەلـی دەکەم، ئێسـتا ئەم بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی پیشەسـازییە خـۆیی ئەم ئیشە دەکات، یەعنی لە جیاتی ئێمە لە مـاددەی (١٨) دەسـتکاری ئەم مـاددەیە بکەیـن دەبێـت بـڕگەی پێنجەمـی مـاددەی یەکەم بگـۆڕین بـیکەین بە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی پیشەسـازی ڕێگـا دروستەکە ئەوەیە داوای وەزارەتەکان خۆشیان ئەوەیە بە راستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ئاشنا خان دەتەوێت، داوای ئیزافە بکەیت.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستییەکەی ئەوەیە مـن پێشـنیار دەکەم چەنـد مـاددەیەك ئیـزافە بکرێـت، هیـوادارم هاوڕێیـانی پەرلەمانتار پشتیوانیم بکەن، یەکێك لە ماددەکان بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لە بەرز کردنەوە و نـزم کـردنەوەی نـرخ لە بـازاڕ پێویسـتە ئیـزافەیەك بکرێـت بەم شـێوەیە، هـیچ بەرهەمێکـی خۆمـاڵی پارێزراو بە دەقی ئەم یاسایە ناکرێت نرخی بەرز بکرێت بۆ سەرووی تێکڕایـی سروشـتی خـۆیی، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بە سەر نرخەکان نەهێنرێـت ئەو یاسـایە بە دەرفەت بزانرێـت گۆڕانکـاری بە سەر ئەو نرخانە، وە پێشنیارێکی تریش زۆر بە خێرایی، هەموومان دەزانین کارەساتی سروشـتی وە هەندێك بارودۆخ هەیە پەیوەندیـدارە بە بەرهەم هێنـانی کشـتوکاڵیەوە زیـانێکی زۆریـان بەر دەکەوێـت بـۆ نمـونە مـن سـاڵی رابـردوو راسـتەوخۆ چـوومەتە نـاو بەرهەمهێنـانی کشـتوکاڵی لە مەنتیقەی پێنجوێن گیاندارێکی وەکو بڵێین (کولله و سن...) داوەتـی لە شـووتی هەمـووی خـراپ دەکات جووتیـار زیـان و زەرەرێکـی زۆری بەر دەکەوێـت ئەمە لە حکومەتی ناوەنـدی قەرەبـووی جووتیار دەکرێتەوە، بۆیە ئێمە محـاوەلە بکەیـن لەو قـانوونەدا مـاددەیەك زیـاد بکەیـن ئەگەر بـۆ نمونە کارەساتی سروشتییە یا ئافـاتە سـنگە کـولەیە هەرچییـەکە لە بەرهەمـی کشـتوکاڵی دەدات

ئەو جووتیـارە هـیچ نەبێـت (٥٠٪) قەرەبـوو بکـرێتەوە، وە بـابەتێکی تـریش ئـێمە هەمووـمـان دەزانین لەوە دەچێت ئازاری هەمووـمـانی دابێـت کاتێـك کە بەرهەمـی کشـتوکاڵی پـێ دەگـات بە تـایبەتی شـووتی و تەمـاتە دەبینـین سـەرف ناکرێـت لە بازاڕەکـانی نـاوخۆ سـاغ نـاکرێتەوە بـرا جووتیارەکان هەمووی فڕێ دەدەنە سەر شەقامەکان و ئامادەن بە سەیارەکانی خۆیان بە سـەری دا بـڕۆن، ئەگەر محـاوەلە بکرێـت بەڕادات دابنرێـت لە سـەرجەم شـار و شـارۆچکەکانی هەرێمـی کوردسـتان ئەم بەرهەمـانەی تێـدا بپارێزرێـت هەتـا لە وەرزی زسـتان ئیسـتیفادە لەم بەرهەمـانە بکرێت و بەو شێوەیە برا جووتیارەکانمان هەم نائومێـد نەکەیـن وە هەم پاڵپشـتییەکی تەواویـان بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت دەتوانی دور بیدەیت بە لیژنە، ماددەی دوایی ئەوە بەڕێزان.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حـوکمە گشـتییەکان مـاددە (١٩): بەرهەمە خۆماڵییەکـان پشـت بەسـت بە بنەمـای مـامەڵەی هاوشـێوە بە هەمـاهەنگی لەگەڵ دەسـەڵاتە فیـدراڵییەکان لە دەرەوەی هەرێـم پـارێزراو دەبـن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کێ قسەی هەیە؟ (کـاك کـاروان، کـاك حکمـت، کـاك مەلا ویسـی) فەرمـوو کـاك ویسی.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٩) بەرهەمە خۆماڵییەکان پشت بەست بە بنەمای مامەڵەی هاوشێوە بە هەمـاهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتە فیدراڵییەکان لە دەرەوەی هەرێم پارێزراو دەبـن، پـێم باشـە بکـرێتە لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك حکمت فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیـدی قسـەکانی ئاشـنا خـان دەکەم تەقـریبەن لە مـاددەی (١٩) دەگـرێتەوە، چـونکە ئێسـتا مەسـەلەن گەنمـی هەرێمـی کوردسـتان ئەوە چەنـد سـاڵە لە عێـراقە و حەقیـان نەداوە، تەمـاتە و پەتاتە و هەتا دوایی لە دەستی جووتیـاران دەمێنێـتەوە، چـۆن مەسـەلەن وەکـی هـی حکومەت بێت؟ چۆن پارێزراو دەبێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی قسەکانی ئاشنا خان ماددەیەکی دیاریکراو نەبوو، ئەگەر دەرفەت بفەرموون پشتیوانی قسەکانی دەکەم، خاسەتەن لە دیاریکردنی نرخ، چونکە ناکرێت دووبارە ئەم زەمینە سازە زۆرە بکرێت و بۆ ئیحتکارێکی ناوخۆیی دووبارە بۆ بەرهەمێکی خۆماڵی بکرێتەوە، ئەمەش پێشنیازێکی بەجێیە، بە نیسبەت ماددەی (١٩) کاتێك کە باس لە بەرهەمە خۆماڵییەکان دەکرێت ئەگەر مەبەست لە هەمان ئەو بڕگەیە بڕگەی (٩) لە ماددەی یەکەم بۆ بەرهەمە ناوخۆییەکان، ئەگەریش مەبەست لە بەرهەمی خۆ وڵاتییە ئەمە لێرە زیادەیە بە راستی پێویست ناکات ئەو ماددەیە هەر وجودی هەبێت، چونکە لە ئەساسدا ئەو پڕۆژە یاسایە بە گشتی لە خزمەت ئەم ماددەیە دایە، ئەگەر مەبەست لەوە نییە بۆچی تەعریفێکی هاوشێوەمان هەیە لە ماددەی یەکەم لە تەعریفاتەکان؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ماددەی (٢٠)، قسەتان نییە لە سەر جوابی ئەو بەڕێزانە؟ کاك بژار، کاك عەلی، سەبارەت بە ئیزافەکردنی ئەو ماددەیەی بەتایبەتی ئەوەی پاراستنی بەرهەمێکی خۆماڵی نابێت ببێتە هۆی زیاد کردنی نرخی ئەو بەرهەمە ناوخۆییەکە لەسەر بەکاربەری ناوخۆیی، ئێمە لە هەندێك شوێن وتوومانە بە مەرجێك کاریگەری نەرێنی لە سەر بەکاربەری ناوخۆیی نەبێت، ئەگەر لیژنە تایبەتمەندەکان پێیان وایە ئەوە ئیکتیفا نییە وە رەنگە خاوەنی بەرهەمی ناخۆیی رەنگە بزانێت بەرهەمەکەی پارێزراوە نرخ بەرز دەکاتەوە دەتوانن راوێژ بکەن لە ناو خۆتان و شتێك بکەن کە مەنتیقی بێت، ئەگەر زانیتان ئەوە کافی نییە هەم لەو ماددەیەی کە دەڵێت بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆیی هەیە رایی گرێت ئەگەر زەرەر لە سەر بەکاربەر هەبوو هەم لە وەرگرتنی رێ و شوێنەکان، ئەگەر ئیکتیفا ناکەن وەکو لیژنە تایبەتمەندەکان مانع نییە ئەگەر شتێك بۆ ئیزافە بکەن بە تایبەتی کە وەزارەتی بازرگانیش لەناو پێشنیارەکانیان دا باسیان کردووە، بەڵێ کاك عەلی حمە صاڵح.

**بەڕێز علی حمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو سێ خاڵ هەیە لێرە، یەکەمیان بەشی هەرە زۆری بەرهەم کە حیمایەی دەکەیت قەدەغەی ناکەیت گومرگی لەسەر زیاد دەکەیت کە گومرگت لەسەر زیاد کرد، واتا لە حەدێك دەیوەستێنیت، بەرهەمی ناوخۆش ناتوانێت لەوە زیاتر گرانی بکات، مەسەلەن جار وا هەیە گومرگ (٥٠٪) (١٠٠٪) زیاد دەکرێت لەسەر بەرهەمێك، بەمە بەرهەمی ناوخۆ ناتوانێت زۆر گرانی بکات لەسەر بەکاربەر، خاڵێکی تر ئەوەیە کە کێبڕکێ لەناو خۆیان دروست دەبێت بۆ نمونە لە وەرزی تەماتە کە تەماتە بە تەواوی رادەگیرێت تەواو گومرگ زیاد کردنیش نییە چەندین بەرهەمهێنەری تەماتەت هەیە بە کێبڕکێی ناوخۆیی نرخێکی جێگیر دروست دەبێت لەسەر داخوازی خستنە رووی بازاڕ (عرض و طلب)، بۆیە ئەم قەرارە ئەگەر بدرێت بە بێ ئەم هاوکێشەیە سەر ناگرێت، تۆ ناتوانی ئیسپات بکەیت تەماتە هەر دەبێت بدرێت بە (٢٥٠) دینار ئەوە بازاڕە لە دونیا خۆیی جێگیر دەکات بەو دوو رێگایە یا بەرهەمەکە ئیکتیفای زاتی هەیە و لە چەندین سەرچاوەی جیاواز کێبڕکێ دەکات یان بەرهەمەکە بۆ نمونە وەکو چیمەنتۆ گومرگ کە چیمەنتۆ دوو هێندە زیاد کراوە لە نرخێك دا دەوەستێنرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ماددەی (٢١) بخوێننەوە بزانن ئەو موشکیلەیە حەل دەکات؟ یا ماددەی (٢١) بخوێنینەوە، ئەوەی کە من دەیڵێم لە (٢١) دایە، نوقتەی نیزامیت هەیە کاك کاروان؟

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١) ئەوەی کاك عەلیش فەرمووی، مادەی (١١) بە ئیختیاری دانراوە لە حاڵەتێك کە لێکەوتەی نەرێنی هەبوو لەسەر بەرهەمهێنانی خۆماڵی تر یان بەکاربەران یان بەرژەوەندی گشتی، ئێمە نازانین بەرژەوەندی گشتی لێرە مەبەست لە چییە؟ دەکرێت ئەو ماددەیە زۆر زۆر مەتاتییە پێموایە ئەمە ئیکتیفا نییە بە راستی ئەمە کیفایەت نییە لەسەر ئەوە کە تۆ بێیت نرخ تەحدید بکەیت، چونکە کاك عەلی باس لە تەماتە دەکات دەقیقە ئەمە بۆ تەماتە راستە، بەڵام ئەگەر بەرهەمەکە پلاستیکی بوو بۆ نمونە یاخود ئەگەر شتێکی تر بوو کە لە ناوخۆیی هەرێمی کوردستان زۆر نەبوو تەنها یەك مەواد بوو وە توانیشی رێژەی (٤٠٪) ناوخۆ یا (٦٠٪) بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان پڕ بکاتەوە ئەو کاتە چی؟ رەنگە نرخەکە بگاتە حەدێك کە لەدەرەوە بیهێنیت زۆر زۆر هەرزانتر لەسەرمان بکەوێت، بۆیە من پێم وانییە ئەمە کیفایەت بێت و حەلی مەوزووعەکە بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك حکمت جەنابتان فەرموون.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یا دیارێ وەختێ بەرهەم تێت ژ لایێ حکومەتا عێراقا فیدراڵ تێتە هەرێما کوردستانێ، بەس دڤێت ئەم شوڵ سەر ڤێ هندێ بکەین کو ئەو تشتێ ل هەرێما کوردستانێ ژی تێتە بەرهەم ئینان کو ئەم بشێین چارەیەکێ ببینین ئەم بهنێرینە ژێرییا وولاتی وەکی بەسرا و بەغدا و ئەو جهێت کو خاری وولاتینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، ماددەی (٢٠) فەرموون بیخوێننەوە بەڕێزان.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٠): ئەنجومەنی وەزیران هێمای جیاکەرەوەی بەرهەمە خۆماڵییەکانی هەرێم دیار دەکات وە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی فیدراڵی کار بۆ بەدەست هێنانی بارکۆدی نێودەوڵەتی بۆ بەرهەمە خۆماڵییەکان دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ئەوە بۆ ناسینەوەی بەرهەمی خۆماڵی هەرێمی کوردستانە، بەڵام لەبەر ئەوەی وەرگرتنی بارکۆد بە بێ تەنسیق لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵی نابێت لەبەر ئەوە ئەو ماددەیە بەو شێوەیە سیاغە کراوە، کەس ئیزافەی هەیە؟

**بەڕێز عثمان علی سمایل حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە حـوكمە گشـتییەكان بەداخەوە، ئەوە نـابینین كە حـوكمێكی وا هەبێـت بـۆ ئەوەی كە پرسـی هەناردەكردنی بەرهەمی ناوخۆ بۆ دەرەوە باس كرا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەس ئەوە یاسایەكی تری خۆیی هەیە وابزانم یەكێتی هەناردەكاران حازریـان كـردووە بـۆ ئەوەی كە چۆن پشتیوانی لە تەسدیر لە هەرێمی كوردستان بكرێت، ئەم قانونە زیاتر بۆ پاراستنە لە لێشاوی هاوردە بۆیە بە دیاریكراوی باس نەكراوە، مامۆستا عومەر.

**بەڕێز عمرعبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ تەواو سوپاس بۆ بەڕێزت، ماددەی (٢١) فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٢١):

یەكەم: وەزیـر بە رەزامەنـدی ئەنجـومەنی وەزیـران دەتوانێـت هەر كـات پێویسـت بـوو لەگەڵ هاوتاكەی لە دەسەڵاتی فیـدراڵی هەماهەنگی بكـات بـۆ گونجانـدنی ڕێ و شـوێنەكانی پاراسـتنی بەرهەمی خۆماڵی هەرێم لەگەڵ ڕێ و شوێنە فیدراڵییەكان.

دووەم: هەموو دەروازە سنوورییەكان پابەندنی جێبەجێ كردنی بڕیارەكـانی پاراسـتنی بەرهەمە خۆماڵییەكـانن چ لە لایەن دەسـەڵاتی تایبەتمەنـدی فیـدراڵی دەرچـووبن یـان لەلایەن دەسـەڵاتی تایبەتمەندی هەرێم وە لە كاتی ناكۆكی لە نێوانیانـدا كـام ڕێوشـوێن تونـدتر بێـت ئەوە جێبەجـێ دەكرێت بە مەرجی بە جێ نەهێشتنی كاریگەری نەرێنی لەسەر بەكاربەرانی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵـێ سـوپاس، كـێ دەیەوێـت قسـە لەسـەر ئەو مـاددەیە بكـات؟ (كـاك لقمـان، كـاك كـاروان، كـاك بختیار) بەڵێ كاك بەختیار فەرموو.

**بەڕێز بختیار شوكری سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـڕگەی دووەم دەروازە سـنوورییەكانی عێـراق یـان كوردسـتان ئیلـزام دەكـات كـاتی دەعمـی بەرهەمێكی خۆماڵی بكرێت ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵی وەربگرێت، لێرە نووسـراوە ئەگەر تەعـارز كـرا بەینـی یاسـایی كوردسـتان و یاسـایی عێـراق ئەوا یاسـایی تونـد بەكـار دێـنن، ئێسـتا ئەگەر بەرهەمێك عێراق قبولی دەكات داخلی عێراق ببێت و كوردستانیش دەڵێت من قبوڵ نـاكەم ئەمە لە خاڵی سـنووری كـۆنترۆڵی دەكەن ئەدی ئەو بازگەكـانی بەینـی ئێمە و عێـراق دەبێـت ئەویـش مولزەم بێت بـۆ ئەوەیـی ڕێگـری لـێ بكرێـت، هەر چەنـدە لە مـاددە (٢٤) دسـتوری عێـراق دەڵێـت هەمـوو بەزایـع و تەنەقـولات بەینـی هەرێـم و پارێزگاكـانی عێـراق دەبێـت سەربەسـت بێـت

ماددەیەکی دستورییە، بەڵام کە دێنە ئەمری واقعدا دەبێت جێبەجێ بکەن لەبەر ئەو یاسایە، پێم باشە هەموو دەروازە سنوورییەکان و بازگەکان پابەند بن بە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کێی تر دەیەوێت قسە بکات؟ کاك عەلی تۆ ئاخر کەس قسە بکە بۆ ئەوەی ئەگەر پرسیارێکیش هەبوو جواب بدەیتەوە، کاك دابان تۆش بنووسین؟ بەسەر چاو، کاك لقمان فەرمووو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢١) وەزیر بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت هەر کات پێویست بوو لەگەڵ هاوتاکەی لە دەسەڵاتی فیدراڵی هەماهەنگی بکات، لە ڕاستیدا لە ساڵانی ڕابردوو ئێمە دەزانین لە کاتی پێ گەیشتنی بەروبوومی خۆماڵی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان زۆر جار بە بەردەوامی ڕێگری کراوە، کە ئەو بەرهەمە بگاتە ناوەڕاست و باشووری عێراق، کە ئەمە زیانی زۆری بە بەروبوومی ناوخۆ و بە جووتیارانی هەرێمی کوردستان گەیاندووە، بۆیە پێویستە ئەو ماددەیە وا لێ بکرێت کە حکومەتی فیدراڵی ڕێگری نەکات،مادام ئێمە لە چوارچێوەی وولاتێکین حکومەتی فیدراڵی نابێت ڕێگری بکات کە بەروبوومی جووتیارانی هەرێمی کوردستان هەناردەی ناوەڕاست و خواروی عێراق بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵام پەرلەمانی کوردستان ناتوانێت حکومەتی ناوەندی ئیلزام بکات، وە ئەم ماددەیەش بە تەنها بۆ دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانە، وە بە دیاریکراوی هەر دوو بڕگەکە، ئێمە بۆیە داماناوە بۆ ئەوەی ئەگەر کێشە دروست بوو وەزیری تایبەتمەند سەڵاحییەتی هەبێت بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران خۆیی لە گەڵ ڕێوشوێنە عێراقییەکان بگونجێنێت، دووەمیش ئەو ماددەی کە لە پڕۆتۆکۆڵی هاوبەشی هەر دوو حکومەت ئیمزا کراوە بۆ بەڕێزتانم خوێندەوە کە دەڵێت دەبێت ڕێوشوێنە توندەکە جێبەجێ بکرێت، ئێمە یەك ئیزافەی بۆ بکەین بە مەرجی بە جێ نەهێشتنی کاریگەری نەرێنی لە سەر بەکاربەرانی هەرێم لە رووی نرخ و کواڵێتییەوە، ئەو کاتە ڕەنگە ئەو کێشەی کە ئاشنا خان باسی کرد چارەسەری بکات، یەعنی ڕێوشوێن وەردەگرین بە مەرجێك کاریگەری نەبێت لە سەر موستەهلیکی هەرێمی کوردستان نە لە رووی نرخەوە نە لە کواڵێتییەوە، ئەگەر ئەوە چارەسەری کرد، کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە لە پێشووتر دا سەبارەت بە نرخەکە کاك عەلی ووتی ئەوە دیوێکیەتی هەموو دیوەکەی نییە، چونکە مەرج نییە هەموو بەرهەمێك بە گومرگ حەل بکرێت، بەرهەم هەیە قەدەغەیە هەر هاوردە بکرێت ڕەنگە وای لێ بێت، وە تەواو پاڵپشتی قسەکانی ئاشنا خان دەکەم لەگەڵ ئەوەی کاك کاروان، چونکە ئێمە مەعاملی گەورە لە پێشە دروست بکرێت پترۆکیمیاییە ئەوەی چیمەنتۆیە هەر مەمنوع دەبێت سەرباری ئەوەی کە حکومەت دەعمی هەیە، بەڵام

هێشتا نرخەکەی گرانە ڕەنگە لە دەرەوە بێت هەرزانتر بکەوێت، ڕەنگە سبەینێ مەعمەلی باتری دروست بکرێت، وە پشتیوانی قسەی جەنابت دەکەم بۆ ئەوەی جێ بکرێتەوە، یەعنی لێکەوتەی خراپی لە سەر بەکاربەرانەوە نەبێت لە رووی نرخەکان لێرە جێی بکرێتەوە زۆر زەرووره.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، دکتۆر محی الدین فەرمووو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی من لە سەر بڕگەی دووەمی ماددەی (٢١) کە دەروازە سنوورییەکان پابەندنی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان دەبن، لە حاڵەتی ناکۆکی لە نێوانیان دا کامەی توندە ئەوە جێبەجێ دەکرێت، بەس لە دەستوری عێراقی دا ئاماژە بەوە کراوە ئەولەوییەت بۆ قەوانینی هەرێمی کوردستانە، ئێمە یاسایەك دەردەکەین دەستور ڕێگای بەمە داوە یاساکەی خۆمان جێبەجێ بکەین، هاوشێوەی یاسایەك کە لە عێراق هەبوو، ئەگەر ئیجرائات توندتر بێت ڕەنگە گومرگ زیاد بکرێت حەتمەن کاریگەری لە سەر بەکارهێنەر یا خود موستەهلیکی خۆمان هەبێت، بۆیە من پێموایە ئەو دەستەواژەیە لابەن چونکە ئەولەوییەت لە دەستوری عێراقی دراوە بە قەوانینی کوردستان وەکو هەرێمێکی فیدراڵی کە یاسایی خۆی هەبێت، ئەگەر دوو یاسامان هەبوو لە عێراق و لە کوردستان و ئەگەر ئەوەی عێراق جێبەجێ کرد هی کوردستانیش جێبەجێ دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە خۆی ئەولەوییەت بۆ قانونەکانی هەرێمی کوردستانە، بەڵام ئەمە بەس وەرگرتنی ڕێ و شوێنە وە پرۆتۆکۆڵێکیشە کە هەر دوو وەزارەت ئیمزایان کردووە، یەعنی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی ئیمزایان کردووە، ڕەنگە ڕێ و شوێنەکەی کە حکومەتی عێراق وەری دەگرێت توندتر بێت لەو ڕێ و شوێنەی کە بە گوێرەی قانونی ئێمەیە و ئێمە وەرمانگرتووە، دەبێت ئەوەی عێراق جێبەجێ بکەین چونکە ئەو کاتە بۆ هەموو عێراقە، ئەم ماددەیە ماددەیەکی خۆپارێزییە بە تەنها بۆ ئەوەیە وەزارەتی بازرگانی تووشی ناکۆکی نەبێت لەگەڵ هاوتا عێراقییەکەی سەبارەت بە تیجارەی دەولی، یەعنی ماددەیەکە زۆر خۆش نییە زۆر لە دڵەوە نزیك نییە بەڵام مەنتیقییە، ناچارییە بە ڕاستی، وە داوای خۆشیانە بە ڕاستی هاتن داوایان کرد کە ئەگەر ئەوە دانەنرێت لە پرۆتۆکۆڵەکە ئیمزایان کردووە ئیشکالییەتیان بۆ دروست دەبێت و ڕاستیش دەکەن، ئێمە دامان ناوە قەیدی لە سەرە بە مەرجی بە جێ نەهێشتنی کاریگەری نەرێنی لە سەر بەکاربەرانی هەرێم، توندەکە کاتێك جێبەجێ دەکەین کە زەرەری بۆ بەکاربەری هەرێم نەبێت، ئەوەشی کە گوتمان با لیژنەکان بۆ خۆیان دیراسەی بکەن ماددەیەك زیاد دەکەن یا هەر لێرە دا ئیزافەی دەکەن کە زەرەری نەبێت نە لە رووی نرخەوە نە لە رووی کواڵێتییەوە، هەر هەموو فکرەکان مەترەحە، ئەم بابەتە بوعدی سیادی هەیە، ئیحترام گرتنی بوعدە سیادییەکەیە، بەڵێ کاك کاروان دوایی ئەوە کاك عەلی.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە پێشەكی تەئیدی ئەوە دەكەم كە لە كۆتایی ئەمە زیاد بكرێت بە جێ نەهێشتنی كاریگەری نەرێنی لە چوارچێوەی نرخ و كوالێتی، تەركیز كردن لەسەر ئەمە زۆر زۆر موهیمە بە بێ ئەم دوو وشەیە رەنگە كێشەمان بۆ دروست بكات، دووەم هەر لەبەر ئەوەی پڕۆتۆكۆڵێكی ئیمزا كراوە لە بەینی هەر دوو لادا من پێموایە بە راستی بیانۆ نادات بە دەستەوە، بۆ ئەوەی كە ئەم بڕگەیە وجودی هەبێت، ئەم بڕگەیە هەم لێكەوتەی یاسایی هەیە هەم لێكەوتەی ئیقتسادیشی هەیە، وەكو بەشێك لە برادەرانیش روونیان كردەوە ئەوەی كاك دكتۆر محی الدينيش باسی كرد زۆر تەواوە لە كاتێك ئەگەر سیادی نەبێ قانونەكە بەریەك كەوتن هەرێم حكومەتی فیدراڵی هەبێت ئەولەوییەت بۆ هەرێمی كوردستانە، چونكە ئێمە خۆمان دەستور رێگەی پێ داوین قانونمان هەبێت، بۆ من لەبەر ئیمزا كردنی پڕۆتۆكۆڵێك لە یاسایەك دا ئەمە جێگیر بكەم كە بەرهەمە خۆماڵییەكەم بەم شێوەی لێ بكرێت لە راستی دا من پێشنیاز دەكەم كە ئەم بڕگەیە بە تەواوی لابرێت چونكە بە راستی زیادەیە وە مادام لە پڕۆتۆكۆڵەكەش هەیە ئیعتیادییە، دووەمینیشیان لە رێگای قانوونەوە رێنمایی دەردەكرێت، ئێمە مادام قانونەكانی خۆمان هەیە هەتا ئەگەر بێتو زەرفی موشەدەدەشی هەبێت زۆر رێ و شوێنەكانیشیان توند بێت پێموایە رێگر نییە لەوەی ئێمە قانونەكانی خۆمان رێنمایی پێ دەربكەین وخاڵە سنورییەكانی خۆشمانی پێ بپارێزین، بۆیە پێشنیاز دەكەم ئەم بڕگەیە بە تەواوی لابردرێت چونكە هەم كێشەی یاساییمان بۆ دروست دەكات هەم كێشەی ئابوریشمان بۆ دروست دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر مەسەلەی فەرزی گومرگ لە ئیختساساتی موشتەرەكەیە كە لە ئیختساساتی موشتەرەكە بوو دەبێت ماددەیەك دابنێین بۆ هاوئاهەنگی، ئێستا لە سەڵاحیاتی حەسری حكومەتی هەرێم با، یەعنی موشتەرەكە دەنا دەمانتوانی ئەو ماددەیە دانەنێین، ئێمە ئەوەشمان بۆ ئیزافە كردووە كە كاتێك ئامادەین توندەكە جێبەجێ بكەین كە زەرەری بۆ بەكاربەری هەرێمە كوردستان نەبێت قەیدەكە دانراوە، بەڵام ئیتر دواجاریش پەرلەمان بڕیار دەدات، كاك عەلی فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان من حەز دەكەم تەركیز بكەن لەسەر ئەمە، لە سەرەتاوە كە من وتم ئەو مەترسییە گەورە هەبوو بۆ زانینتان (٦٠٪) بۆ (٧٠٪) بەرهەمی مەعاملەكانی هەرێمی كوردستان بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەچێت، (٧٠٪)ی بەرهەمە كشتوكاڵییەكان بۆ ناوەڕاست و خواروو دەچێت، ئەگەر ئێمە بە پێی ئەم یاسایە حیمایە دانێین لە خاڵە سنوورییەكانی خۆمان و ئەوان دای نەنێن هەم مەعامل و هەم كشتوكاڵی ئێمەش توشی داڕوخان دەبێت، وە دەشتوانرێت یەكێك بڕوا لە دەروازەكانی خوارووە بەرهەمەكە بێنین بۆ ئێرە و ئێرەش غەرق دەكات، بۆیە گرنگ بوو قاعیدە تەشریعییەكە یەك قاعیدە بێت وە پێكەوە قەرار بدرێت بۆ ئەوەی مەنعی بابەتێك بكرێت یا گومرگ زیاد بكات، ئەگەر ئێمە لێرە ئەم قانونەمان هەبێت سەد جار بڕیاری لێ بدەین عێراق ئەو بڕیارە جێبەجێ نەكات و بڵێت ئیلتیزام ناكەم بەم قانوون و قەرارە و خۆم هەمە دڵنیا بە لەوەی

ئیستیفادە ناکرێت لەم قانونە بە زەرەر دەشکێتەوە، بۆیە من ئێستاش پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەم لە عەمەلیش هەمووتان دەیبینەوە ئێمە تەماتەمان هەیە ئەگەر ئەوان مەنعی تەماتە نەکەن تەماتەی ئێمە ئینهیار دەکات، ئایا ئێمە بە قانونێکی خۆمان دەتوانین لەسەر ئەوان قەدەغەی بکەین؟ بە دڵنیاییەوە ناتوانین، ئەم قانونە تەنیا بۆ حدودەکانی هەرێمە وە بە حدودەکانی هەرێم ئێمە ئێستا ناتوانین مەنعی هێنانی بەرهەمی دەرەکی بکەین بۆ ناوخۆی هەرێم، بۆیە هیوادارم ئەو بابەتە بە گرنگترەوە لێی بڕوانن، من لە هەموو کەس زیاتر حەز دەکەم هەرێمی کوردستان قانوونی خۆی هەبێت، بەڵام ئەمە واقعێکە کە سیستەمی گومرگ و سیاسەتی گومرگی و ئەو تێکەڵە لە بەینی ئێمە و عێراق سەپاندوویەتی لەسەرمان، دڵنیا بن لەوەی ئێستا عێراق مەنع لەسەر هەندێك بابەت لابات هەر چی مەعاملی کوردستانە دادەخرێت، بۆ زانینتان لە ساڵی (٢٠١٣) بۆ ئێستا (٦٥٪)ی مەعمەلی هەرێمی کوردستان داخراوە بەشێکیشی کار ناکەن ئەمە ئاماری وەزارەتی پیشەسازییە وە کشتوکاڵیش ئەگەر وا بڕوات بەرەو هین دەچێت، بۆیە هیوام وایە ئەوە بە نەزەری ئیعتبار وەرگرن بابەتەکە ئەوە نییە یەکێك هەزی لە قانونی عێراقە و یەکێك حەزی لە قانونی کوردستانە، بابەتەکە ئەم ترسەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ئیزافەتان نییە کاك بژار؟ ماددەی (٢٢).

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٢) وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە بێ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی پێشکەش کردنی داوا و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە پیادەکاری زیان بەخش بە مەبەستی جێبەجێ کردنی سیاسەتی بازاڕکاری وەزارەتەکە و پاراستنی بەرهەمی کشتوکاڵی خۆماڵی لە وەرزی پێگەیشتن دا بڕیاری قەدەغە کردنی هاوردەی بەرهەمی دەرەکی یان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری بڕیاری زیاد کردنی ڕەسمی گومرگی دەدات ئەگەر بەرهەمێك بێ پاساو زیاد هاوردە کرابێت وە کاریگەری نەرێنی ڕاستەوخۆی لەسەر بەرهەمە خۆماڵییەکان هەبێت لە وەرزی پێگەیشتن دا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەمە سەلاحییەتێکی وەزارەتی کشتوکاڵە لە قانونی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٨) وە لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران داوایان کردووە کە ئێمە گونجاندن لە نێوان سەلاحییەتی هەر دوو وەزیرەکە بکەین ئەو ماددەیە دانراوە.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمیشە تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە کە ئێمە قانوون بۆ ڕۆژێك و دوو ڕۆژ دەرناکەین، هەر لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران تێبینییەکی هەیە لەسەر ئەم بابەتە وە ئێمە لێرە بێین تەوازنێك لە بەینی دوو وەزارەت ڕابگرین لە پێناوی کۆمەڵێك پرسی تر کە ڕەنگە پەیوەست نەبێت بە پرسی یاساییەوە، ئێمە ناکرێت وەکو پەرلەمانی کوردستان بچینە ژێر باری ئەم

بابەتەوە، پێموایە ئەمە سەڵاحییەتی ئەنجومەنی وەزیران خۆیەتی، دانانی رسومات و دانانی باج ئەمە پرسێکی زۆر گرنگە بە نەتیجە پەیوەستە بە ئەنجومەنی وەزیران، ناکرێت وەزارەتی کشتوکاڵ بە تەنیا سەڵاحییەتی ئەوەی هەبێت با هەماهەنگیش بێت لەگەڵ وەزارەتی دارایی، بۆیە من پێشنیاز دەکەم هەر لەبەر ئەوە خۆیان چەند پێشنیازێکیان هەیە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان بە شێوەیەك یاساكان دەربكەین كە لە مەسڵەحەتی گشتی بێت و دوو ساڵی تر ناچار نەبین بە هەمواركردنەوەی پڕۆژە یاساكە یا خود ئەو كات كە دەبێت بە یاسا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك هەڵكەوت فەرموو.

**بەڕێز هەڵكەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بیدایەتی دانیشتنەكەمانەوە كە ئەمڕۆ قسەی لەسەر كراوە باسی هەنارده و هاورده كردن دەكرێت، بەڕێز كاك عەلی حمە صالح باسی خەیار تەماتە و هەندێك شتی كرد كە لە كاتی خۆیدا ئەگەر هاتە بەرهەم هی دەرەوە بە بڕیاری وەزیر داخرێت، ئەمڕۆ لە كوردستان دا ئەگەر بێینە سەر بەروبوومی كشتوكاڵی یا لە بواری پەلەوەریدا گەورەترین زیان لە كوردستان دا بواری پەلەوەری ئەوانەی كە خاوەنی كێڵگەی پەلەوەرین زەرەرێكی زۆریان كردووە لە رووی زیانەكانیانەوە یان لە رووی ئەوەی كە لە ماددەی (٢٢) بە زەقی ئیشارەت دەدات ئەو خاڵە دەگرێتەوە، ئەگەر بێتو ئێمە بە بەردەوامی لە بواری پەلەوەریدا زیاتر (١٠٠٪) كوردستان پەلەوەری خۆمان دابین دەكات، بەڵام بۆ ڕێگا دەدرێت خەیار نەیێت لە كاتی پێویستی دا بە دڵنیاییەوە كوردستان پڕۆژە پەلەوەرییەكان لە سەدا سەد دابینی دەكات، بۆ ڕێگا ناگرن لە ڕێگای توركیا و ئێرانەوە بە قاچاخ داخلی كوردستان دەكرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كە ئەم یاسایە دەرچوو بەڕێزت ئەندامی پەرلەمانی موتابعە بكە كە زانیت قانونەكە جێبەجێ نابێت یەكسەر بڕۆ بە وەزیری كشتوكاڵ بڵێ یا قسەی لەسەر بكە، سوپاس بۆ بەڕێزت، ماددە (٢٣).

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەی (٢٢) تێگ دەگیرێت لەگەڵ یاسایی فیدراڵی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٠)ی هەمواركراو بۆیە دەبێت ئەو لیژنە بەڕێزە پێداچوونەوە بكەن و داڕشتنەوەی بۆ بكەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بژار ئەگەر تەركیز بكە بزانە كاك دكتۆر دەڵێت چی، بیلێ بۆ ئەوەی گوێمان لێ بێت.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

ماددەی (٢٢) تێگ دەگیرێت لەگەڵ یاسایی فیدراڵی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٠)ی هەمواركراو، بۆیە ئەگەر ئەو برا بەڕێزانە موهتەم و موختەسن لەوانەیە باشتر تێبگەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوی چییە یاساکە؟

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

یاسایی فیدراڵی هەموارکراو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر باسی چی دەکات؟ (قانون حماية منتجات الوطنية؟) لە چی تەعاروز دەکات؟

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

لەوە تەعاروز دەکات ئەگەر کاك بژار کۆچەر زیاتر تەوزیحات بدات بەراستی، دەقەکەم لا نییە بەڵام ئەوە ڕێك پێچەوانەیە، سوپاست دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٢٣).

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٣) دامەزراوە و فەرمانگە و کۆمپانیاکانی کەرتی گشتی لە گرێبەستەکانی کڕین و گرێبەستی پڕۆژەکان دا پشت بەو بەرهەمە خۆماڵییانە دا دەبەستن کە لەگەڵ پێوەدەنگ و خەسڵە داواکراوەکان هاوتان لە لایەن بەرهەمهێنی ناوخۆییەوە بەرهەم دەهێنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ماددە (٢٣) باس لەوە دەکات فەرمانگەکان و دەوائیر و دامەزراوەکان ئەگەر بەرهەمی خۆماڵی هەبوو بەو کواڵێتییەی کە پێویستیانە بەرهەمی خۆماڵی بەکار بێنن (کاك دابان، کاك دکتۆر محی الدین).

**بەڕێز دابان محمد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە کاتی خۆیی وەرنەگیرام ئەو قسەی بەڕێز مامۆستا مەلا عوسمان زۆر دەقیقە ئەو قانوونەی حکومەتی عێراقی بۆ ماوەی حکومەتی کوردستان بە بێ ناقس بوونی لە پەرلەمانی کوردستان ئیشی پێ کردووە وە ئەو بڕگە و فەقەرانەی لە وەزارەتی پیشەسازی لە خولی پێشوو وە لە وەزارەتی دارایی وە لە ئەنجومەنی وەزیران کۆمەڵێك ئیشیان پێ کردووە کە خیلافی زۆر گەورە بوون بەعزێکیان هی ئەوە بوون بدرێت بە مەحکەمە، نازانم تا ئێستا بەرکارە یان نا، بەڵام پاڵپشت بەو قانونەی عێراق مەجموعەیەك شتیان لە دەرەوە هێنابووە ژوورەوە لەوانە بۆ نمونە بۆ ئینتاجی مەعاملی چیپسی پەتاتە مەعمەلەکە بایی (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دۆلار بوو بایی (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دۆلار بە پاڵپشتی ئەو قانونە پەتاتەی نەخۆشیان هێنا بۆ ناو هەرێمی کوردستان و ساغیان کردەوە، ڕەنگە بەمەستی مەلا عوسمان ئەوە بێت، دەست خۆش زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ماددەی (٢٤).

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٤)

یەکەم: ئاشکرا کردنی زانیارییە نهێنیەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە ڕێکار و ڕێ و شوێنەکانی لە لایەن کەسانی پەیوەندیدار و فەرمانبەرانەوە قەدەغەیە.

دووەم: سەرەڕای هەر سزایەك کە لە یاسا بەرکارەکان دا هەیە هەر فەرمانبەرێك یا هەر کەسێکی تر سەرپێچی حوکمی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بکات بە پێ بژاردنێك سزا دەدرێت کە لە (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) بیست ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، (کاك شێخ ظاهر ، کاك دکتۆر اسماعیل)، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم پێشنیاز دەکەم بەو شێوەیە لێ بکرێت، درکاندنی هەر زانیارییەکی نهێنی کە تایبەت بێت بە لێکۆڵینەوە لە جیاتی ئەوەی ئاشکرا کردنی زانیارییە نهێنییەکان درکاندن بەکار بێت، وە ڕێکار و ڕێوشوێنی لە لایەن کەسانی پەیوەندیدار و فەرمانبەرانەوە قەدەغەیە قەدەغەکەش بکرێتە تاوان، وابزانم (افشاء الاسرار) تاوانە، بکرێتە تاوان نەك قەدەغە بێت، دوو سەرەڕای کە لە یاسا بەرکارەکان دا هەیە هەر فەرمانبەرێك یا هەر کەسێکی تر سەرپێچی حوکمی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بکات بە پێ بژاردنێك سزا دەدرێت کە لە (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) بیست ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، ئەوەی بۆ زیاد بکرێت بە یەکێك لەو عقوبانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆیی هەر یەکە بەس حەدی ئەقسا و ئەدنای هەیە...

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

نەك هەردووکی یەکێکیان بە پێی درکاندنی مەعلوماتەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٤) باس لەوە دەکات کە پێ بژاردن بۆ ئەو کەسانە دادەنرێت کە سەرپێچی بکەن، بەڵام ئەو سەرپێچیانەی دەکرێت لە خاڵە سنووریەکان زیاتر دەکرێت، ئەو بەرهەمانەی کە داخل دەکرێت بەداخەوە دەهێنرێتە ناو هەرێمی کوردستان وە لێرە دەکرێتە ناو پاکەتی خۆمانی وە بە بەرهەمی ناوخۆیی دەفرۆشرێت ئایا چارەسەر بۆ ئەوە چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، فەرموو کاك دکتۆر.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینی یێت هەی بێژیت ئاشکرا کرنا زانیاریا تاوانە یان قەدەغەیە ئیحتمال ڤێرێ یا هەی فەسادەك د لێکۆلینێ دا هەبیت مومکنە دیار کرن و ئاشکرا کرنا وێ زانیارێ دێبیتە قەتع و رێ برین ژ وێ فەسادێ، ژبەر هندێ ئەز بێژم بێتە ئیزافە کرن بە رەچاوکردنی ماددەی (١٦) لە یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری ژمارە (١١) لە ساڵی (٢٠١٣)، چونکە ئەگەر ئەوە تێدا بیت کارمەندەك ببینیت ئیحساس بکەت فەسادەك هەیە با ئاشکرا بکەت، بۆ ئەوەی رێگا لە فەساد بگیرێت، موڵاحەزا دووەم یا دوویێ دبێژیت سەرەڕای هەر سزایەك کە لە یاسا بەرکارەکان هەیە (بمعنا یعاقب بعقوبتین) ئەویش خلافی قانونە نابیت (یعاقب بعقوبتین) نەسی عەرەبی تەرجومە موەفەق نەبوویە نەسی عەرەبی چ دەڵێت (مع عدم الاخلال بأیە عقوبە اشد یعاقب) یەعنی ئەوە دەبێت بێتە چاك کردن ئەو عقوبە لەگەڵ ئەوەش، ئەوە دەبێتە دوو عقوبە لە سەر یەك تاوان ئەوە نە یێ دروستە و شتێکی نە یێ قانونیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك دکتۆر بژار، لێرە قانونی ئینزباتی مۆزەفین ناگرێتەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پشتگیری ئەمە دەکەین کە ئەم ماددەیە وەك خۆی بمێنێت، چونکە دەڵێت سەرەڕای هەر سزایەك کە لە یاسا بەرکارەکان دا موحتەمەلە یاسای ئینزبات مۆزەفین بێت وە جگە لەمەش مەسەلەی دەرخستنی نهێنییەکان ئەمەش هەر تاوانە (افشاء الاسرار)، جا لەبەر ئەوە ئەگەر بڵێین وەکو کاك شێخ وتی هەر دوو زۆرە با یان ئەو سزای تر بێت یا ئەم غەرامەیە بێت، فەرەزەن لە یاسای تر سزاکەی کەم بێت، ئێستا ئەگەر لێرە ئەم غەرامە هەڵبگرین کەواتا عقوبەکەی زۆر کەم دەبێت دواتریش رەدع و رادع دروست نابێت، لەبەر ئەوە وەك خۆی بمێنێت باشترە، چونکە موحتەمەلە لە یاسایەکی تر هەبێت، بەڵام ئەگەر عقوبەکەی گونجاو نەبێت لە یاسا بەرکارەکانی تر، کەواتە بۆ ئەوەی تووشی ئەم غەرامەیە بین، عقوبە هەیە لە قانوون عقوبات زۆر ماددە هەیە دەڵێت مەسەلەن بە حەبس و بە عقوبەیەکی تر یەعنی ئەوە نییە یەك عقوبە کافی بێت توند نییە سەرەڕای هەر سزایەك کە لە یاسا بەرکارەکان هەیە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر عەرەبیەکە چی دەڵێت؟

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

مع عدم اخلال بعقوبە اشد یعاقب

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی مع عدم الاخال ئەویش وەردەگرێت، یعنی ئەگەر ئیخلال بە عقوبە ئیشەدە نەکرد عقوبەی غەرامە نە هەمووی موتلەقییە موراجەعەی نەسی هەر دووکی بکەن..

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

ئێمە دەتوانین عقوبە ئێمە موشەڕەعین پەرلەمانی کوردستان دوا جار بڕیار دەدات و خاوەن قسەی خۆیە، بەڵام مەسەلەن لە چوارچێوەی قانون ئینزبات مۆزەفین تەوبیخ هەیە ئینزار هەیە قەتع راتب هەیە و زۆر سزای تریش هەیە، یەعنی ئەوە کافی بێت ئەگەر ئەو سزایە وەری گرت ئەم غەرامە لە سەر فەرز نەکرێت؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس بەنیسبەت مۆزەفەوە هیچ عقوبەیەکی جەزائی ڕێگر نییە لەوەی کە ئەو عقوباتانە بدرێت کە لە قانونی ئینزیباتی مۆزەفین هاتووە فەرقی هەیە لە گەڵ هاووڵاتی ئیعتیادی دوایی پێدا دەچینەوە، قابیلە بۆ پێداچوونەوە، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی یەکەم باس لەوە دەکات ئاشکرا کردنی هەر نهێنییەك لە قانوونی عقوباتی عێراقی تاوانە قەدەغە نییە، قەدەغە جیاوازە لە تاوان کەواتا خاڵی دووەم دەگەڕێتەوە سەر خاڵی یەکەم بڕگەی یەکەم، کە عقوبەکە درا عقوبەکە سجنە بە چ شێوەکە دەبێت بنووسرێت (باحدی هذین عقوبتین) بە یەك لەو عقوبانە نەك هەر دووکی لەسەر جێبەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ رەئی کاك شێخم، ئەم قەدەغەیە لێرە پێویست ناکات، خۆیی تاوانە لە قانون عقوبات دا ئەمە تاوانە و باس کراوە، بەڵام بڕگەی دووەم ئێمە لەگەڵ ئەوەین راپۆڕتەکە وەك خۆیی بمێنێت لە راپۆڕتەکەمان دا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، حوکمە کۆتاییەکان.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حوکمە کۆتاییەکان، مادده (٢٥) وەزیر بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و وەزیری دارایی و ئابووری رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، دکتۆر اسماعیل، کاك مەلا ویسی، حسیبە خان، کاك مەلا ویسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢٥) پێم باشە بەو شێوازە دابرێژرێتەوە، وەزیر بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیرانی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و دارایی و ئابووری، بۆ ئەوەی کورت ببیتەوە وە لەبەر ئەوەی

وەزیر بە هەماهەنگی ئەو دوو وەزیرەش ئەو ڕێنماییانە دەردەکات ئاخیرەکەی بکرێتە بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات نا دەردەکەن، چونکە وەزیرەکانی تریش هاوکار و هاوبەشن لەگەڵ ئەوی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر هیچ ڕێنماییەکمان نییە ئیمزای دوو وەزیری لەسەر بێت، زۆر مناقەشەی ئەوە کرا ئیلا وەزیرێك دەری دەکات ئەوانی تر تەنسیقی لەگەڵ دەکەن، ئێمە لە ناو سیستەمی قانونی ئەوە نییە ڕێنمایی موشتەرەك لە بەینی چەند وەزیرێك هەمووی ئیمزای بکەن سەیری ئەوەمان کرد، بەڵام کە تەنسیق دەکەن پێکەوە کۆ دەبنەوە و هاوئاهەنگی دەکەن، سوپاس بۆ بەڕێزت، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە حوکمە گشتییەکان من پێشنیاری ئەوە دەکەم جێگۆڕکەیەك لە نێوان ماددەی (٢٦) و ماددەی (٢٥) بکرێت، وە لە نووسینی ماددەی (٢٦) پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران یەعنی پێویستەکەی بێتە سەر و لەگەڵ ماددەکە جێگۆڕکێ بکرێت وابزانم لە ڕووی داڕشتنەوە باش دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەکەت بە جێیە، وایە ئیلتیزام یەکەم جار لەسەر ئەنجومەنی وەزیران دروست دەکرێت، دکتۆر اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینی یێت هەی، ئێك ل ڤێرێ ئەز بێژم موناسبە ئەم بێژین ماددەکێ ل ڤێرێ ئەم زێدە بکەین بەری ماددێ (٢٥)، موشکیلا ئیجازا یا ئیستراداێ گەلەك یا خەتەرە ڤێ گاڤێ کییە ئیجازێ ددەت؟ مودرییەکا عامە ل تیجارێیە مومکینە هەر مەسئولەکێ ل عەردەکێ تەلەفۆنێ بکەت ئیجازێ بۆ فلانی دروست بکەت تەواو دروست دەکەم ناتوانیت نەوێریت، ئەڵێم لێرە ماددەیەك ئیزافە بکرێت بێژیت مۆڵەتی هاوردە کردن دەسەڵاتی ئەنجومەنی باڵای هەرێم دەبێت، دا پیچەکێ بەرز ببیت بتوانیت ئیجازا ئیستراداێ ئەڤە ژی دێبیتە عاملەك پاراستن بۆ بەرهەمی بیت، ئەڤە وەکو ماددەیەك زێدە، دیسان بۆ ڕێنماییا وەزیر و ئەوانەنە دەڵێن ئەنجومەنی باڵای ئابووری هەرێم ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە تایبەتمەندەکان قسەتان هەیە لەسەر ئەوە؟ کاك عەلی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر مۆڵەتی هاوردە کردن بچێتەوە ئەنجومەنی وەزیران عەمەلیەکە زۆر زۆر رۆتینات زیاد دەکات، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی قسەمان کردووە لە پارێزگاکانیش مۆڵەت

بدرێت، یەعنی بۆ نمونە یەکێك بارێکی تەلەفزیۆنی هەیە لە سلێمانییەوە بۆ بێتە وەزارەت،یەك سەعات چەند رۆژ مامەڵە بکات تا مۆڵەتی پێ دەدرێت و ئینجا بچێتەوە ئەنجومەنی وەزیران، لەوانەیە شتەکە وەرزەکەی نەمێنێت بە بازاڕی بکات.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس،بەڕێز کاك عوسمان فەرموو.

**بەرێز عثمان علی سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەرێز سەرکۆ ازاد حسێن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٦) ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ شێخ ظاهر فەرموو.

**بەرێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە تۆزێك مەتاتی تێدایە لە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاساسە جێبەجێ دەکەن، ئەدی ئەگەر جێبەجێیان نەکرد؟ بۆیە من پێشنیاز دەکەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت، لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام جێبەجێ دەکەن خۆیی سیغەیەکی وجوبیە، بەس بەسەرچاو هیچ ئیشکالیەتمان نییە لەوانە..

**بەرێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لەیاسا عەرەبیەکانیش تەماشا بکەن بەو شێوەیەیە (علی) لەسەر..

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس دەبێت جێبەجێ دەکەن، فەرموو کاك دکتۆر.

**بەرێز عثمان علی سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی کاك شێخ دەکەم، بەڵام بەو شێوازە بێت ئەم یاسایە دوایی (٦٠) رۆژ لە بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی وقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کەس ماوە قسە بکات؟ ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٧) ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە (ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کێ قسەی هەیە؟ حسیبە خان فەرمووو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسێن:**

وەقایعی کوردستان لە کەوانەدا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە دوایی ماددەی (٢٦) پێشنیاری زیاد کردنی ماددەیەکی تر دەکەم بۆ ئەوەی ئامانجەکە با بڵێین حوکمە کۆتاییەکە شوێنی خۆیی بگرێتەوە ئەویش ئەوەیە کە ماددەیەك زیاد بکرێت بەوەی کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزانی کاتی خۆی بۆچی ئەوە دانەنرا؟ لەبەر ئەوەی هەندێك سەڵاحییەتمان داوە بە وەزیر کە لەگەڵ هاوتا فیدراڵییەکەی ڕێك بکەوێت سەڵاحییەتمان داوە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ لەگەڵ دەستەی گشتی گومرگەکان ڕێك بکەوێت هەستمان کرد ئەو ماددەیە ڕەنگە ئیشکالمان بۆ دروست بکات لیژنە تایبەتمەندەکانیش خۆیان ئەگەر ڕەئیێکی جیاوازیان هەبوو، یەعنی دانەنانەکەی لەبیرچوون نییە ئەمان خۆیان ئازادن ئەگەر دواتر ئیزافەی بکەن.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەبەستم لەوە نەبوو کە هەڤاڵانمان بڵێین خوانەخواستە گلەییمان هەیە لە نووسینەوەی یاساکان، بەڵام پێشتر هەر وا بووە وە ئاماژەش بەوە دەدرێت کە کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت کە ناکۆك بن، بۆیە بنووسرێتەوە هیچ کێشەیەکی وای نابێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دیراسەی بکەن کاك بژار لەگەڵ کاك عەلی ئەو پێشنیارەی حسیبەخان سەیر بکەن ئەگەر پێتان باش بوو ئیزافەی بکەن، ماددەی (٢٧)، بەڵێ (٢٧)مان تەواو کرد.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچواندن

لە پێنـاو بنیادنـانی کەرتـی پیشەسـازی و کشـتوکاڵی خۆمـاڵی و پاراسـتنیان لە پیادەکـاری زیـان بەخش کە دەبێتە هۆکاری لە دەستدانی ڕەگەزەکانی کێبڕکێـی ڕەوا و دادپەروەرانە بە مەبەسـتی ڕەخسـاندنی دەرفەتـی گونجـاو بـۆ بەرهەمهێـنە خۆماڵیەکـان و بەرزکـردنەوەی تواناکانیـان و ئامادەکردنیـان بـۆ کێبڕکـێ کـردن لە بـازاڕی نـاوخۆیی و نێودەوڵەتیەکـان وە ڕەچـاوکردنی بەرژەوەنـدی بەکـاربەری نـاوخۆیی بە ئاراسـتەی کەم کـردنەوەی کـاریگەریە نەرێنییەکـان بـۆ نزمتـرین ئاسـت و ڕێگـری کـردن لە بەرز بـوونەوەی بەهـای بەرهەمە خۆمـاڵییە پارێزراوەکـان لە بازاڕی ناوخۆیی ئەم یاسایە دەچوێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ، هەر بەڕێزێـك ئیـزافەی هەیە کـاك سـیروان، کـاك مەم، کـاك دکتـۆر عثمـان، کـاك سـیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێـڕای ئەو نوسـخەی لەبەر دەسـتی ئـێمە کە دەڵێـت لە پێنـاو بنیادنـانی کەرتـی پیشەسـازی هاوڕێمان خوێندیەوە پاڵپشتی تێدایە لێرە تێیدا نییە ئەگەر لە نوسخە ئەسڵیەکە تێیدایە وشـەکە ڕاسـت بێـت لە پێنـاو بنیادنـان و پاڵپشـتی کەرتـی پیشەسـازی، لای ئـێمە تێیـدا نیـیە ئەگەر لای جەنابتان تێیدایە ئەوە تەواوە، ئەگەر تێیدا نیـیە پێشـنیاز دەکەم بـۆی زیـاد بکرێـت، لەبەر ئەوەی ئەم کەرتە پاڵپشتی پێویستە وە لە داهاتوودا ئەو فەراغە دروست نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك دکتۆر عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچواندن پێم باشە بکرێتە هۆکارە پێویستییەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك مەم فەرموون.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرلەبەری هۆیەکانی دەرچواندن ئەم پێشنیازە دەخەمە بەردەمی ئەندامانی لیـژنەی مەعنـی، لە پێناو بنیادنانی کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی و خۆماڵی و پاراستنیان لە زیان کە ببێـتە هـۆی لە دەسـتدانی کێبڕکێـی ڕەوا و دادپەروەرانە و ڕەخسـاندنی دەرفەتـی گونجـاو بـۆ بەرهەمهێـنە خۆماڵییەکان و بەرز کردنەوەی تواناکانیان و ئامادە کردنیان بۆ کێبڕکێ کردن لە بـازاڕە نـاوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و ڕەچـاوکردنی بەرژەوەنـدی بەکـاربەری نـاوخۆ بە ئاراسـتەی کەم کـردنەوەی کـاریگەرییە نەرێنییەکـانی بـۆ نزمتـرین ئاسـت و ڕێـگە گـرتن لە بەرز بـوونەوەی نرخـی بەرهەمە خۆماڵییەکان ئەم یاسایە دەرچوێندرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کاك دابان فەرموو ببورە.

**بەڕێز دابان محمد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەم شەش حەوت دێرەی كە نووسراوە یەك دێری تایبەت كراوە بۆ ڕێگە گرتن لە بەرزبوونەوەی نرخ، نازانم ئێمە لە ناو قانوونەكە توانیمان جێی بكەینەوە لە شوێنێك برادەرانی لیژنەی یاسایی شوێنێكیان بۆ دیاری كردووە یان نا؟ دوو ووشەی بەها ئەگەر مەبەست لێی نرخە پێویستە بیگۆڕن بە نرخ، ئەگەر مەبەست لێی قیمەتە نابێت ڕێگری بكرێت، بۆ نمونە لە قیمەتی بەرهەمەكەی خۆمان، ئەگەر مەبەستی لە نرخە دەبێت بگۆڕدێت بە نرخ نەك بەها، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێزان داوا لە پەرلەمانتارانی گروپی پەرلەمانتارانی هەڵەبجە دەكەین بۆ (٣/١٦) یادداشتێكی تێر و تەسەل لەسەر هەڵەبجە ئامادە بكەن بە راسپاردەكانیان بە كەم و كوڕییەكانی هەڵەبجە، بۆ ئەوەی لە ئێستاوە ئامادەكاری بكەن، بەم شێوەیەش كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دەهێنین.

| **د. ڕێواز فائق حسێن** | **هێمن هەورامی** | **منى نبى قهوچى** |
|---|---|---|
| سەرۆكی پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سكرتێری پەرلەمانی |
| كوردستان - عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)ی**
**چوارشەممە رێكەوتی ٢٠٢١\٣\١٠**
**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)
# چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٢١/٣/١٠

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ٢٠٢١/٣/١٠ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. رێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لە ماددەی (١٦) بڕگەی سێیەم لەو ماددەی ( ١٨) بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠) ماددەکانی (٤٧و ٤٨و ٥٢و ٥٤و٥٥و٥٦و٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٢١/٣/١٠ بەم شێوەیە بێ:

یەکەم: خستنەڕووی بیرۆکەی بەڕێز پەرلەمانتار هیڤیدار احمد سلیمان پەیوەست بە ژینگە بەپێی حوکمی خاڵی دووەم بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٤٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای پاراستن و تۆڕو بنجینەکانی ئاو و ئاوەرۆ لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەڕێزان فەرموون دانیشن بۆ ئەوەی دەست بە کۆبوونەوە بکەین، بەرێزان فەرموون بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین، سەرەتاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم بەرنامەی کارو پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو بخوێنێتەوە فەرموون.

**بەڕێز منی نبی نادر قهوەچی/سکرتێری پەرلەمانی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار بە پێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لە ماددەی (١٦) بڕگەی سێیەم لەو ماددەی (١٨) بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠) ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و٥٥ و٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٣) ی

ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی چوارشەمە رێکەوتی (٢٠٢١/٣/١٠) بەم شێوەیە بێ.

١- خستنەڕووی بیرۆکەی بەڕێز پەرلەمانتار هیڤیدار احمد سلێمان پەیوەست بە ژینگە بە پێی حوکمی خاڵی دووەم بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٤٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
٢- خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای پاراستن و تۆڕو بنچینەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە دووی ئاسایی بە پێی حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٢٠، ٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی دووشەمە رێکەوتی (٢٠٢١/٣/٨) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

١- دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار پوختەی دانیشتن ناوی ئەندامان ئامادەبوو ئامادە نەبوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
٣- دەست پێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لە لایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.
٤- خستنە روی راوبۆجوونی پەرلەمانتاران سەبارەت بە راپەرینە مەزنەکەی گەلەکەمان.
٥- ئاڵوگۆڕکردنی بڕگەی سێیەوم و دووەم بەرنامەی کار بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبوانی ئەندامانی پەرلەمان.
٦- خوێندنەوەی یاداشتێك لە لایەن بەڕێز سەرۆکی لێژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت بە بۆنەی یادی (٨)ی مارس وەك رۆژی جیهانی ئافرەتان.
٧- خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان.
٨- کۆتایهاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

ناوی ئەو ئەندامانەی کە بە مۆڵەت بە بێ مۆڵەت لە کۆبونەوەی لێژنەی هەمیشەیەکان ئامادە نەبوون،دانیشتنی ژمارە دووی خولی بەهارەی لە (٨-٣-٢٠٢١) هەموویان مۆڵەتیان پێدراوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان (باڵانبۆ محمد علی، جلال محمد امین، زکری احمد اسماعیل، شاخەوان رووف، شنۆ أشقی عبدالله، شوان کریم محمد، شیرن یونس عبدالله، صباح محمود محمد، عبدالستار مجید قادر، فاهیك کمال صوغومون،گلیزار رشید حاجی، مم اسکندر مم، هاورێ بنأ محمد) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا دەست بە جێبەجێکردنی بەرنامەی کار دەکەین، بڕگەی یەکەم: خستنە روی بیرۆکەی بەرێز پەرلەمانتار هیڤیدار احمد سلێمان پەیوەست بە ژینگە بە پێی حوکمی خاڵی (٢)ی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٤٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان -عێراق،کاك هیڤیدار وەرە ئێرە خۆت حازربکە تا وەریان دەگرم ئەو بەڕێزانە بیان

نووسه، كێ نوقتەی نیزامی هەیە؟ (مامۆستا عمر، د.عثمان، كاك كاوە، روپاك خان، كاك سیروان، سەرچنار خان، كاك ریڤنگ، سەوسەن خان، بەدریە خان،كاك دیاری، كاك كاروان، رۆژان)، بەڵام تكایە با نوقتەی نیزامی بێ كاك ریڤنگ فەرموو نوقتەی نیزامی یەك دەقەیە.

**بەڕێز ریڤنگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ، حەز دكەم مولەتی بدەنە من ئەگەر یا چەوا بیت، دیارە كو د مەها ئاداریێ دا خۆشی و نەخۆشییێن گەلێ كوردستانی یێن تێدا مە ژی هندە سالە ژ ناكۆكییا گەلەك زەرەرمەندی یا دیتی ژ بەر هندێ ژی پێشمەرگا ژ هەر چینەكا دیترێ پتر زەرەرمەند بوونە د ناكۆكیێن ناڤبەینا لایەنێت سیاسیدا ب ناڤێ لیژنا پێشمەرگە ل پەرلەمانێ كوردستانێ داخازێ ژ دەستەیا سەرۆكایەتیا پەرلەمانێ دكەین و ژ هەمی پەرلەمانتارێن هێژا كو ئەم بانگەوازەكێ بكەین بۆ لایەنێن سیاسی و بۆ بەڕێز سەرۆكێ هەرێمێ و لایەنێن سیاسی هەم یێت د دەسەڵات و هەم یێن ئۆپۆزسیۆنێ ژی ئو ئەمێن ل ناڤا ڤێ هۆڵێ دلێ خۆ دگەلێك پاك بكەین، وە ئەم بانگەوازا ئاشت بوونەوە و سۆزنامە و دیالۆكەكا نیشتیمانی دەست پێ بكەین د كوردستانێدا كو هەتاكو نوكە مە ژ ناكۆكیا گەلەك زەرەرا دیتی و سەركەفتنا مەژی د ئاشت بوونێ دایە، ژبەر هندێ دووبارە ب ناڤێ لیژنا پێشمەرگە ل پەرلەمانێ كوردستانێ داخازا دیالۆگەكا نیشتیمانی كوردستانی دكەین كو هێزێن كوردستانی ژی ب یەك دەنگ بشێن وەڵاما ئاشت بوون و دیالۆگا نیشتیمانی ل بەغدا ژی بكەن، گەلەك سوپاس بۆ هەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پەیڕەوی ماددەی (٦٦) قسە دەكەم بەس تكا دەكەم پێم مەبڕە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئێمە وەك لیژنەی مافی مرۆڤ شەش یاداشت لە شەش بەرواری جیاواز پێشكەش بە سەرۆكایەتی پەرلەمانمان كرد، لەسەر ئەنجامدانی كۆبوونەوەیەكی تایبەت لەسەر چاكسازییەكان، بەداخەوە كاتێك كۆبوونەوەكە ئەنجامدرا بە كاڵ و گرجی، تەنها یەك وەزیری بەڕێز ئامادەبوو كە وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتییە، بەشێك لە گرفتەكانی چاك سازییەكانی ئێمە شەش جار تكرارمان كردەوە، جارێكیش كۆبوونەوەی پەرلەمانمان تەئجیل كردەوە كە دووبارە داوامانكرد ئێمە هەرسێ وەزیری پەیوەندیدار ئامادەبێ لە كۆبوونەوەكە، بەداخەوە داواكەمان جێبەجێ نەكرا، بۆیە ئێمە لێرەوە وەك بڕیاردەری لێژنەی مافی مرۆڤ داوا دەكەم كۆبوونەوەیەك ئەنجام بدرێ بە نوێنەرایەتی هەرسێ وەزیری پەیوەندیدار، بۆ ئەوەی كە لە بارودۆخی چاكسازییەكان چۆن بڵێی هەنگاو بنێی، بەراستی لۆدێكی زۆرمان لەلایەن كەس و كاریانەوە لەسەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بەڕێز سەرۆكی لیژنەی كۆمەڵایەتی و مافەكانی مرۆڤ، ئەگەر ئێوە وەكو لیژنە ئەتانەوێ جارێكی تر كۆبوونەوە بكرێ، وەزیرانی تری بەڕێز كە داوای دەكەن ئیزافەی بكەن بۆ

دانیشتنەکە، جارێکی تر یاداشت پێشکەش بکەونەوە، چونکە ئێمە ئەو کۆبوونەوەمان کردووە فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمه رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دیاریکردنی بەرنامەی کارو کاتی دانیشتنی پەرلەمان دەبێ لەوادەی خۆیدا ئەنجام بدرێ، بەداخەوە بۆتە نەریتێك بەردەوام دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان زیاتر لە نیو کاتژمێر دوا دەکەون لە ئەنجامدانی دانیشتن، چەند جارێکیش ئەوەمان وتووە، بەڵێ لەبەر ئەوەی لە بەرنامەی کاردا هاتووە دانیشتن کاتژمێر (١١) یە بۆتە نەریت، یەکەم جار نییە، یەعنی چەند جارێکی دیکە بە هەمان شێوە زیاد لە نیو کاتژمێر دانیشتن دوا کەوتووە، لە کاتێکدا کە ئێوە بە ئێمە دەڵێن دەمانەوێت قسەیەك بکەین یان باسی کێشەیەك گرفتێك بکەین، لە دەقەیەك تێپەر دەبێ ناهێڵن ئێمە قسە بکەین، بەڵام خێرە ئێوە نیو سەعات دانیشتن دوا دەخەن نایەنە ئێرە، ئەگەر مەوزووع نیصابە ئەمرۆ تەقریبەن لە (١١)و دەدەقەوە نیصاب تەواو بووە ئەوە یەکەم، دووەم دەستەی سەرۆکایەتی لەبەر ئەوەی نایەن بۆتە نەریت، من پێم وایە بۆیە فراکسیۆنەکانی تریش نایەن ئێمە وەك بەرێوەچوون بەشێکی زۆر لێرە بووین، هیوادارم ئەمە دووبارە نەبێتەوە و دانیشتنەکانی پەرلەمانیش لە هەفتە وەکو خۆی ئەنجام بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ئێمە لێرە دوو مۆزەفمان هەیە کاك دلێر و کاك ئارام نوسینگەکانمان بە بەردەوامی پەیوەندیان لەگەڵ دەکەن پێیان دەڵێین کە بوو بە (٥٦) ئەندام پەرلەمان، پێمان بڵێن کە پێمان دەڵێن یەکسەر دێین، لەبەر ئەوە ئەوان بەر پرسن لەوەی ژمارەکە بکەن، ئەگەر (٥٦) ئەندامی پەرلەمان لە ژوورەوە بوو، ئێمە یەکسەر دێینە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، بەڵام جاری وا هەیە دواکەوتنەکە پەیوەندی بە نیصابەوە هەیە، فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە (١٢) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان یاداشتێکمان لە ٢٠٢٠/٢/٦ تەقدیمی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرد، داوامانکرد دانیشتنێکی تایبەت بە پرسی دەرچووانی دانەمەزراو رەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان بکرێ، بە ئامادەبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢/٦وەوە، واتا زیاتر لە (١٣) مانگە نە سەرۆکایەتی پەرلەمان وەڵامی ئێمەی داوەتەوە، نە دیارە حکومەتیش وەڵام دەداتەوە، بەراستی پێمان خۆشە وەڵامێکی دروست وەربگرین، ئایا حکومەت ئامادە نییە لە سەر پرسی دامەزراندن و بەگەرخستنی گەنجان بێتە پەرلەمانی کوردستان، یاخود سەرۆکایەتی پەرلەمان داواکارییەکەی ئێمەی ئاڕاستە نەکردووە، چونکە بۆخۆتان دەزانن تا دێ رێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێ، تا دێ سالانە دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکان زیاتر دەبن، بەداخەوە حکومەت یان دەبێ هەلی کار برەخسێنێ یانیش دەبێ لە کەرتی گشتی دامەزراندن بکاتەوە، نە هەلی کار دەرەخسێنێ، نە لە کەرتی گشتیش خەڵك

دادەمەزرێنێ، لە کاتێکدا خۆتـان دەزانـن سـاڵانە بە هەزاران خەڵك خانەنشـین دەبـێ، بـۆیە داوا دەکەین کە وەڵامێکی دروستمان لەو بارەیەوە دەست بکەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس ئێسـتا جوابـت دەدەمەوە، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان سـەبارەت بە دامەزرانـدنی دەرچووانی زانکۆکان ئێمە پرۆژە یاسامان هەبووە لە پەرلەمـانی کوردستـان، پێشـنیازە یاسـامان هەبووە ئاراستەی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان کـراوە، زیـاتر لە پێشـنیازە یاسـایەك ئەوان بە فەرمـی وەڵامـی ئێمەیـان داوەتەوە کە دامەزرانـدن لە دەسـەڵاتدا ئیقرارکـراوە، قانونییەکـانی ئەنجومەنی وەزیرانە پێویستی بە قانونێکی تـر نییـە و ئەگەر ئەوان بیـانەوێ خەڵك دابمەزرێـنن دەرچووەکـان دابمەزرێـنن، هـیچ بۆشـایەکی یاسـایی لە هەرێمـی کوردسـتاندا نیـیە ئەوە یەك، سـەبارەت بە پلانـی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ دامەزرانـدنی دەرچووەکـان و دەرچـووە یەکەمەکـان و فەرمـانبەرانی گرێبەسـت بە ئامـادەبوونی بەڕێـز سـەرۆکی حکـومەت جێگـری سەرۆکی حکومەت وەزیری دارایی زیاتر لە (١٤) پرسیار لەو پرسیارانەی کە ئەنـدامانی پەرلەمـان کردبوویان پەیوەست بوو بە دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆکان، باشە لە دانیشتنێکا کە (١٤) جـار ئەو پرسیارە کرابێ و بەڕێز سەرۆکی حکومەت وەڵامـی دابێـتەوە جەدوای چییـە، ئـێمە جـارێکی تر بە ئامادەبوونی وەزیرێك کۆبوونەوەکە بکەین، لە کاتێکـدا دەسـەڵاتەکانی سـەرۆکی حکـومەت وازح و دیارترە، ئەگەر کۆبوونەوە هەر بۆ کۆبـوونەوەیە ئـێمە ئاسـاییە بەلامـانەوە یاداشـتەکەتان پێشـکەش بـکەنەوە جـارێکی تـر دەینێـرینەوە، بەڵام لە روی زەمەنیـیەوە لە رووی تەسەلسـولی زەمەنییەوە ئەو پرسیارانەی کە لە ناو ئەو یاداشتەدا کـراون لە دوای هـاتنی سـەرۆکی حکـومەت ناتوانین جارێکی تر بۆیان بنێرینەوە، چونکە ئەوان یەکسەر بەوە وەڵاممان دەدەنەوە کە هـاتوون جارێکی تر یاداشت پێشکەش بکەنەوە، ئێمەش جارێکی تر دەینێـرینەوە بـۆ حکومەت،،مامۆسـتا عمر فەرموو بەس ئەوانە وەر دەگرم کە ناویان نووسیوە.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن بە پێـی مـاددەی (٥٦) قسـە دەکەم، سـەبارەت بە بابەتێـك قسـە دەکەم کە سـنووری یاسـاو دەسـتوورو ئەخـلاق و هەمـوو رەوشـتێکی تێپەرانـدووە، ئەویـش بـابەتی قاچاخچیەتییە،،قاچاخچیەتی لە رابردوودا لە زۆر بابەتی ژیاندا کـراوە کە زیـانی گەورەی مـاددی بەم وڵاتە گەیاندووە، بەڵام ئێستا قاچاخچییەکـان دەسـتیان بـردووە بـۆ مەترسـیدارترین دیـاردە ئەویـش هێنـانە ژوورەوەی دەرمـان بە بـێ فلـتەر، بە بـێ پشـکنین، بەبـێ هـیچ تێپەربوونێـك لە کـوالیەتە تەندروسـتییەکان، لەگەڵ شـیری منـداڵان، ئەم بـابەتە پەیوەندیـدارە بە ژیـان و تەندروستی هەموو ئینسانێکەوە لە هەرێمی کوردستان، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان تکایە بە بەر پرسیاریەتی خۆت وەکو دەسەڵات وەکو دەستەی سـەرۆکایەتی هەسـتن وەك ئەوەی کە لە خـاڵی پێنجەم لە مادەی (١٦) ئەرك و دەسەڵاتەکانتان هاتووە لیژنەیەکی دیـاریکراو راسـپێرن، بـۆ ئەوەی بێجگە لە زیانە مادیەکان تەخمینی زیانە تەندروستییەکانی قاچاخچیەتی و دەرمان و شیر بکـات و کەسـانی سـەر پێچیکـار دەسـت نیشـان بکـات، بـۆ ئەوەی ئامـانجەکەش بپێکـین، داوا دەکەم

زۆرینەی لیژنەکە لە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن پێك بێت، بۆ ئەوەی بتوانن کەسانی دەست درێژیکار لەسەر حورمەتی ئەو میللەتە لەسەر تەندروستی ئەو میللەتە، لە سەر ژیان و ژیانی تەندروستی و ماددی ئەو میللەتە دەست نیشان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە لیژنەی تایبەتمان هەیە لە پەرلەمانی کوردستان پەیوەست بە بابەتی دەرمان و لیژنەی تەندروستی لە پەرلەمانی کوردستان رادەسپێرین، بۆ ئەوەی سەبارەت بەو یاداشتەی مامۆستا عمر بە دیاریکراوی یاداشتەکەت ئاڕاستەی سەرۆکایەتی بکە، ئێمە ئاڕاستەی لیژنەی تەندروستی دەکەین لە کوێ دەکرێ دەروازەکە کوێیە گومانت لە کێ هەیە، بۆ ئەوەی لیژنەکە بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن، وەکو لیژنەی تایبەتمەند بە دواداچوون بکەن کە ئەندامانی هەموو فراکسیۆنەکانی تێدایە، کاك علی گیان دەرفەتیشت بدەمێ ئاخیرکەسی، لەبەر ئەوەی خەڵکی تر پێش تۆ ناوی نوسیوە چاوەرێ بکە، دکتۆر عثمان فەرموو.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان، بە پێی ماددەی (١٨) برگەی دووەم ئەرك و دەسەڵاتی بەرێزتانە ئەم پەیڕەوە جێبە جێ بکەن و لە خولی بەهارەی ساڵی سێیەمی تەمەنی ئەم پەرلەمانەین لە ماددەی (٥٨) تاکو ماددەی (٦٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کە چاودێری و دڵ و کاری پەرلەمانییە، بەهۆی خۆ لادانی ئەو حکومەتە لە وەڵامی پرسیارەکان و چاودێری حکومەت زۆر لاوازە بەداخەوە ئەوە یەك، دووەم لە ماددەی (٦٨) اکو ماددەی (٧٦) کە پرساندنە بە داخەوە، بە هەر پێنج خولەکەی پەرلەمان تاکو ئێستاش ئەگەر بۆ دیکۆریش بەو بێ پرساندن نەکراوە، هەڵبەتە لە پەرلەمان کراوە پرساندن، بەڵام بە داخەوە نە وەزیرێکی بەڕێز، نە حکومەت ئامادەی لێپرسینەوە نین و ئەمەش لادانە لەو پەیڕەوە، سوپاست دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ناتوانین بەو موگلەقیە قسە بکەین، جەنابت پیاوێکی ئیمانداری هیچ نەکراوە، ئەمە لە راستیدا هیچ ئەسڵ و ئەساسی نییە با قسەکانمان بکەین، ئەی لیژنەی شەهیدان ئەوە پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە، جەنابت ئەندامی ئەو لیژنەیەی تەبعەن قسەی خۆتت کردووە، با خەڵکیش قسەی خۆی بکات لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەر پرسن لە پرۆسەی چاودێری ئەندامانی پەرلەمان بەرپرسن لە پرۆسەی چاودێری ئەم بابەتە پەیوەندی بە سەرۆکی پەرلەمانەوە نییە ئەوەندەی ئێمە دەزانین لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەرێزتان وەکو ئەندامانی پەرلەمان دەیان پرسیارتان کردووە و دەیان پرسیاریشتان وەڵام دراوەتەوە لە کۆبوونەوەی کردنەوەی ئەو وەرزە تەشریعیە، ژمارەی ئەو پرسیارانەی کە کردووتانە ژمارەی ئەو پرسیارانەی کە وەڵام دراوەتەوە ژمارەی ئەو پرسیارانەی کە وەڵام نەدراوەتەوە بۆتان راگەیاندرا سێ لە سەر چوار زیاتری پرسیارەکانتان وەڵام دراوەتەوە، ئێمە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین ئەو یەك لە سەر چوارەش وەڵام بداتەوە بە ئەرکی خۆی هەڵ بستێ، روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز رویاك احمد رحمان:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
بە نـاوی خـوای گەورەو میهرەبـان،بە گـوێرەی مـاددەی (٦٦) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی كوردستان قسە دەكەم، ئێمە زیاتر لە (١٠) ئەندامی پەرلەمان داوای خستنە رووی بابەتێكمان كـرد، لەسەر زیادكردنی نرخی كارەبا دەبینین حكومەتی هەرێمی كوردسـتان مـووچە نـادا بە خەڵك بە لێبرینەوە پێـی دەدا، بەڵام هەتـا دێ نرخـی خزمەتگـوزاری زیـاد دەكـا لە مـاوەی رابـردوو سـكاڵای هاوڵاتیانمان بۆ هاتووە كە نرخی كارەبا بۆ دوو قات زیادی كردووە تا ئێستا وەڵامـی ئەو یاداشـتە نەدراوەتەوە، نەخراوەتە بەرنامەی كـاریش، نـازانم یاداشـتەكانی پەرلەمانتـاران یـاخود داواكـاری پەرلەمانتاران چی لێ دێت لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتی، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
سـوپاس بـۆ تـۆ، جـارێ ئـێمە دوو هەفـتەیە دەسـتمان بە دەوام كـردۆتەوە و مـن یەك هەفـتەیە هاتۆتمەوە بۆ دەوام، كۆبـوونەوەی دەسـتەی سـەرۆكایەتیمان كـردووە، یاداشـتەكانتان ئاڕاسـتەی وەزارەتـی كارەبـا كـردووە، هەركـاتێ ئامـادەی دانیشـتنی پەرلەمـان بـوون ئـێمە ئەو دانیشـتنە دا دەنێـین، ئەو یاداشـتە ئێـوە داواتـان كـردووە لایەنـی پەیوەندیـدار ئامـادە بـێ، یاداشـتەكەمان ئاڕاستەی حكومەتی هەرێمی كوردستان كردووە، كاك سیروان فەرموو.
**بەڕێز سیروان فرج محمد:**
**بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان.**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
مـن بە پێـی مـاددەی (٤٣) قسـە دەكەم، مـاوەیەكی زۆر لەمەو پـێش لیژنەیەكـی پەرلەمـانی پێكهێنـدرا، لە بەشـێكیا داوای منـیش بـوو لەسـەر ئەو خۆپیشـاندانانەی كە لە دەڤەری سـلێمانی شەهیدو بریندارو ماڵ وێرانی زۆری لێكەوتەوە، باسـی بیرۆكـراتیەكە دەكەم سـێ لیـژنەی بەڕێـز هاتنە سلێمانی، هەتـا ئێسـتا مـن نـازانم لەسـەر چـی مـاوە، پێشـوتر جەنابـت لە كۆتـایی وەرزەكە پرسیارت كرد وتت ئیمزایەكـی مـاوە، دوای جەلسـەكەی تـر پـێش كۆتـایی ئەم جەلسـەیە دیسـان وتیان والله رێك نەكەوتوین، هەفتەی پێشـوو بەڕێـز جێگـری سـەرۆكی پەرلەمـان لێـرە پرسـیاری كرد وتیان ئیمزایەكی ماوە، یەعنی بیروقراتـی لیـژنەیەك ئـاوابێ لە پەرلەمانـدا ئیتـر ئـێمە بـۆچی سكاڵا بكەین لە دەردوو ژیان و ئەو هینە، بەس بابەتەكە پەیوەستە بەوەی كە هێرشكراوەتە سـەر خۆ پیشاندەران، تەعدا كراوە لە پەرلەمانتاران، ماڵ وێرانی بووەو شەهیدمان بووە، ئایا ئەم سـێ لیژنە بەڕێزە نەیانتوانیوە تا ئێستا راپۆرتەكەیـان ئامـادە بـكەن و بیهێـنن بـۆ بەردەمـی بەڕێزتـان، تكایە وەڵامێكمان دەوێ و نەك بە ان شاءلله و سبەینێ و دوو سـبەی وەڵامـێكم دەوێ، بـۆ ئەوەی بزانم بە دەر لەوەی كە خۆم یەكێكم لەوانەی كە بەشـدارم كە خـۆم پێشـنیازم كـردووە یەك كەس پرسیاری لە لیژنە نەكردووە، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
سوپاس بۆ بەڕێزت، هەمـوو شـتێ بە ان شـاءلله دەبـێ، ئەبـێ بەڕێـزت دڵنیـاش بـی كە ئەو شـتە هەیە ئـێمە لیژنەمـان راسـپاردووە لە دەسـتەی سـەرۆكایەتی دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەمـڕۆ راپـۆرتەكەی پـێ بگـا دوو رۆژی تـر ئـێمە دانیشـتن دەكەیـن لەگەڵ ئەزانـی چـی بەڕێـزان ئـێمە

ئەندامانی بەڕێزمان لە لیژنە تایبەتمەندەکان راسپاردووە، بۆیە راپۆرتەکە ئامادەبکەن راپۆرتەکە ئامادەبکرێ بخرێتە بەر دەست سەرۆکایەتی پەرلەمان دانیشتن دەکەین، نەکرێ ئێمە هیچمان پێ ناکرێ لەگەڵ رەفیقەکانتان قسە بکەن لە لیژنەکان و داواتان لێ دەکەین بەڕێزان ئەو لیژنانەی راسپێردراون هەوڵ بدەن رێك بکەون لەسەر ناوەرۆکی راپۆرتەکە، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین کۆبوونەوەکەمان بکەین، سەوسەن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میر خان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو پێیەی کە مانگەکانی ئادار خۆشی و ناخۆشیەکانی گەلی کورد لەو رۆژەدایە، من داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە تۆزێ زیاتر دەرفەتمان پێ بدەی، چونکە لیژنەی شەهیدان لیژنەیەکە کە لەو مانگەدا یەعنی پێویستە کارو چالاکیەکانی خۆی ئەنجام بدات بە پێی ماددەی (٤١و ١٢٤) و لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان وەکو لیژنەی شەهیدان، داوا دەکەین کە ئەو ماوەیەی کە لە بەر دەستماندا ماوە، یەعنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کار بکەن بۆ بە جینۆساید ناساندنی ئەنفال و هەڵەبجە وە بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار دەکەین هەموومان چالاك بین و کاری جدی بکەین لەو ماوەیەی کە لە بەر دەستماندا ماوە بەو پێیەی کە لە جەلسەی رابردوو پەرلەمانی کوردستاندا، وەکو سەرۆکی پەرلەمان جەنابتان لیژنەیەکتان راسپاردووە بەدواداچوون بۆ کێشەکانی هەڵەبجە لە ٣/١٦ دا من داوا دەکەم کە ئەو کارە لە رێگای لیژنەی شەهیدانەوە ئەنجام بدرێ و هەر پەرلەمانتارێکی بەڕێز کە حەز بکا دەتوانێ لەو لیژنەیە لەگەڵمان بەژداربێ، چونکە ئەوە لە راستیدا کاری لیژنەی شەهیدانە و من داوا دەکەم کە دەوری زیاترو سەرەکی بە لیژنەی شەهیدان بدرێ سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس پەیامەکەت گەیشت، ئێمە پەرلەمانتارانی دەڤەری هەڵەبجەو شارەزوورمان راسپاردووە، بۆ ئەوەی یاداشتێك بۆ کەموو کورییەکانی شارەکە ئامادە بکەن، هیچ شتێك رێگر نییە کە لەوەی لیژنەی شەهیدانی پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی خۆیان بکەن یاداشتی خۆیان ئامادە بکەن، چونکە ئێمە کۆبوونەوەی ٣/١٦ تایبەت دەکەین بە هەڵەبجە، لەبەر ئەوەی بەڕێزیشتان راسپێردراون بۆ ئەوەی یاداشتی خۆتان لەو رووەوە ئامادە بکەن، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٧٩ و ٨٤ و ٨٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠١٩ پرۆژەیەك پێشکەش کرا، بە دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست هەر لە ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمانی کوردستان نووسراوی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بە ژمارەی (٧٦/١٨) کە راو بۆچوونیان لەسەر ئەو پرۆژەیە دەربڕن و سەرۆکی دیوانی پەرلەمان بەم نووسراوە ئاراستەی وەزارەتی دارایی کردووەو وەزارەتی دارایی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجەی کردووە لە ٢٠١٩/٩/٢٦ بە پێی ئەم نووسراوە بە سێ خاڵ وەڵامی داوەتەوە، بە داتا سەلماندوویەتی کە فەرمانبەرانی

گرێبەست كە ژمارەیان (٢٩) هەزارو (٨٨٦) فەرمانبەرە، ئەگەر بە هەمیشەیی دابمەزرێن بارگرانی لەسەر حكومەت دروست ناكات و لە كۆتایشدا وتوویەتی دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست قورسایی ناخاتە سەر وەزارەتی دارایی و ئابووری بە بەراورد بەو زانیاریانەی سەرەوە ئەو زانیاریانە بە سێ خاڵ هێناویەتی دەڵێ، ئەگەر لە مانگێكا فەرمانبەری گرێبەست وەكو ئێستا كە لە نێوان (٤٠٠) بۆ (٥٠٠) هەزار مووچە وەردەگرن (١٤,٩٤٣,٠٠٠) چواردە ملیار و نۆسەدو چل و سێ ملیۆن دینار بۆ یەك مانگ وەر دەگرن، بەڵام ئەگەر بكرێن بە هەمیشەیی لەبەر ئەوەی دامەزراندنی دەرچووی زانكۆ (٢٩٦) هەزارە و هەروەها (٢٦٥) هەزارە، هی هەر پەیمانگایە،لەگەڵ ئەو ( ٤٥٪) ی بە كورتی، ئەگەر ئەوە (١٤) ملیار بێت ئەگەر ئەوان دابمەزرێن بەو رێژەیەی كە باسم كرد (١٢) ملیارو (٨٢٦) ملیۆن و (٦٤٢) هەزار دینار زیاد دەكات، یەعنی كەمتریش دەكات ئێمە داواكارین ئەو پڕۆژەیە كە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، لەبەر ئەوەی بارگرانی دروست ناكات وەڵامی وەزارەت و ئەنجومەنی وەزیرانیشە خوێندنەوەی دووەمی بۆ بكرێت و ئەو بابەتە كۆتایی پێ بێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس لە تازەترین نووسراوی كە ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەرلەمانی كوردستانیان كردووە ئەڵێن بە هەمیشەیی كردنی فەرمانبەرانی گرێبەست لە دەسەڵاتەكانی ئەنجومەنی وەزیرانە و ئێمە مامۆستایانمان كردووە بە بێ ئەوەی كە قانونێك هەبێ ئەگەر مەبەستمان بێ ئەوانی تریش دەكەین پێویستمان بە قانونێكی دیاریكراو نییە بۆ ئەو بابەتە بە كورتی ئەو یاسایە ئەو پێشنیازە یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە رەتكراوەتەوە كاك كاروان فەرموو.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ناوی خودای گەورەو میهرەبان، من نوقتەی نیزامی وەر دەگرم لەسەر بەرنامەی كاری ئەمڕۆ لە سەرخاڵی دووەم پاراستنی تۆڕەكانی ئاو ئاوەڕۆ لە هەرێمی كوردستان لە راستیدا لە كۆی (٢٨) مادەی پڕۆژە یاساكە (٧) ماددەی پڕۆژە یاساكە وەكو سزا دیاریكراون، لە ئەساسدا ئەمە خۆی تاوان نییە تا سزای بۆ دابندرێ، بەڵكو موخالەفەیە دەكرێ ئەمان بە رێنمایی چارەسەر بكرێن و من پێشنیاز دەكەم پێش ئەوەی كە دەست بكرێ بە خوێندنەوەی دووەمی پڕۆژە یاساكە ئەو (٧) ماددەیە كە ماددەی (٥) تا (١٠) و (١٤) برگەی دووەمی (١٦) برگەی دووەمی لەلایەن لیژنەی یاسایەوە تاوتوێ بكرێتەوە دووبارە بۆ ئەوەی لانی كەم خوێندنەوەی دووەمی بۆ نەكرێت، چونكە بە راستی ئەوان موخالەفەن دەكرێ لە دەرەوەی قانوونەكەش هەبن بە رێنمایی لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە دەربچن، زرۆ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەوانەی كە لە ناو ئەو پڕۆژە یاسایەدا هاتوون هیچیان سزا نین، ئەوانە پێیان دەوترێ عقوباتی كارگێری كە لە دەسەڵاتی كارگێرین و ناچنە مەحاكم و حوكمی عقوبەی جەزائیان نییە دیاریكراوە كە ئەوانە سزای كارگێرین، رۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەز د ماددەی (٥٦) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەرکی جەنابێ وەیە ماددەی (١٨) ی پەیڕەوی بپارێزن، ڕاستی هەر جارە ئاماژە پێبکەین هەر وەك خۆیە، چەند خاڵی پەیڕەوی بی، یەعنی ئەغلەبی وەختی مە ڕاستی زۆر بە هەدەر بدەن، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، کاك فرید فەرموو.

**بەڕێز فرید یعقوب ایلیا:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەم خاڵی مافی پێکهاتەکان لە چەند ڕۆژێ گۆڕیدا سەرەدانا پاپای فەرەنسیس پاپای ڤاتیکان، بەراستی هەندێك پەیامێ هەندێك کەسێن ئاینی یەعنی زۆر خراپ لەئەم دەمانە بەحسێ وەسفەکی زۆر کرا وەسفی مەسیحیەکان لە هەرێمی کوردستان بە وەسفی کافر کراوە،ئینجا داخوازێ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەکەین وەکو پەیامەکی فەرمی تایبەت گرێدای ئەم بابەت و هەروەها موخاتەبەتی وەزارەتی ئەوقاف و ناوخۆی بۆ دادگای بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتی دژی مرۆڤایەتییە دژی ئاینیە دژی ڕێسای سماوینە دەخوازین ئەو بابەتە بێتە چارەسەرکردن زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس هەرێمی کوردستان هەرێمێکە بۆ پێکەوە ژیانی هەموو پێکهاتە ئاین و نەتەوەیەکانە کە ئێمە هەمووومان پێکەوەین بەڕێزتان وەکو فراکسیۆن کریستیان لە پەرلەمانی کوردستان دەتوانن یاداشتێك ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن بەو داواکاریەی کە هەتانە ئێمەش ئاڕاستەی وەزارەتی ئەوقاف و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەکەین بێگومان،،کاك علی حمە صالح فەرموو.
**بەڕێز علی حمە صالح:**
**بە ناوی خوای گەورە.**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من بە پێی ماددەی (٣١) قسە دەکەم، پێنج مانگ پێش ئێستا جەنابتان لە سەر دۆسیەی داگیرکردنی نزیکەی (١٠) هەزار دۆنم زەوی کە ئێمە ورووژاندمان، لیژنەی شارەوانیتان ڕاسپارد، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا هیچ ئەنجام و بەدواداچوونێکی نییەو نازانین هۆکاری چییەو، بەڕێزیشتان ئایا لێپێچینەوەو لێپرسینەوە وپرسیارکردن تیاکردن و بە دواداچوونتان بۆ کاری لیژنەکە کردووە یا نا؟ یەعنی لەگەڵ ئەوەی فەرمانبەران زەویان نییەو هەیە (١٠) ساڵە ئەمری وەزاری هەیە، هەیە (٣٠) ساڵ خزمەتی هەیەو وەری نەگرتووە، بەڵام هەیە (١٠٠) قوتعەی هەیە بە نایاسایی، هەیە (٢٠٠) هەیە، هەیە (٣٠٠)، ئەخیری (٢٠٠٠) قەتعەی فرۆشتووە، ئەمە کێشەکە هەر پارەو داگیرکردنی (١٠) هەزار دۆنم نییە، دڵنیابن دوای سێ ساڵی تر دەیان کوشتنی

خوێندکاری بەدواوە دێ، چونکە نە تاپۆی هەیە نە هینی هەیە، کارتە دە دەست دەکاتەوە، بۆیە داواکارم ئەم بابەتە دیسان بە جدی وەربگیرێ، چونکە گەندەڵییەکی زۆر گەورەیە، فەزاحەتێکی زۆر گەورەیە، یاسا شکێنی و داگیرکاریەکی زۆر گەورەیە، دەوڵەمەندکردنی کۆمەڵێك خەڵکێکە بە ناقانوونی دروستکردنی کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی گەورەیەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، بەڕێزان لە لیژنەی شارەوانی پێشتر رامانسپاردبوون، ئێستاش راتان دەسپێرینەوە سەبارەت بەو یاداشتەی کاك علی حمە صالح، بەڵام کاك علی حمە صالح بە دیاریکراوی یاداشتێك بدە بە سەرۆکایەتی، ئێمە ئاڕاستەی لیژنەی شارەوانی دەکەین، لە کوێ کەسەکان کە بەڕێزت دەیان ناسی و هەیانەو تەواو یاداشتەکەت ئاڕاستە بکەو بەو نەوعەی دەتوانێ ئاسانکاری بۆ لیژنەی شارەوانی بکات، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان داواکارییەکی وای هەیە دەتوانێ بە نووسراو ئاڕاستەی سەرۆکایەتی بکا، ئێمە ئاڕاستەی لیژنەی تایبەتمەندی دەکەین، بێگومان بە بەدواداچوون، بەلێ،فەرموو کاك سەرکۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك قسەم هەبوو لەوەی کە باسی ئەوە کرا لە سەردەمی حوکمرانی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستاندا، تاکو ئێستا لێپرسینەوە لە سەرۆکی حکومەت نەکراوە، واتا پرساندنی بۆ نەکراوە، ئەوەی کە ئێمە لە ماوەکانی رابردوودا لە کابینەی ئەوکاتەی تێکەڵکرا، بەڕێز دکتۆر بەرهەم کە لە پشکی یەکێتی کە سەرۆکی حکومەت بوو بانگێشتی پەرلەمانکرا و پرساندنی بۆکرا و خرایە دەنگدانیشەوە، دووەم رەخنەم لە بەڕێز سکرتێری سەرۆکی پەرلەمانە کە وەك پێکهاتەیەك، دەبوایە لە رەخنەکەمان ئەوەیە کە بۆ لە رۆژی جلی کوردیدا جلی کوردی لەبەر نەکردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، منی خان کوردستانی خۆش دەوێ و ئێمە دڵنیاین خۆی حەز دەکات وەڵامت بداتەوە، ئەوانە هیچی نوقتەی نیزامی نین.

**بەڕێز منی نبی نادر قهوەجی /سکرتێری پەرلەمانی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، کاك سەرکۆ من کەسێکی بیدایەتەوە لەوانەیە دەتوانم بڵێم لە هەموو کوردێك زیاتر من کوردو کوردستانیمە و کوردستان جێگای پێکەوە ژیانە، سەرجەم مافی هاوڵاتییەکانیش پارێزراوە لە چوار چێوەی یاسا بەرکارەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان بەشێکی زۆری ئەو قسانە دەکرێن دەزانم نوقتەی نیزامی نین، بەڵام ئێمە ڕێزتان دەگرین و دەرفەتان دەدەینێ، یەعنی عیلاقەی بەس بەوە هەیە، کاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك بڕیاردەری لیژنەی شارەوانی دەمەوێ زانیاریەکی راست و دروستر لەسەر پڕۆژە پێشنیازە یاسای پاراستنی تۆڕەکانی ئاوو ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان بۆ برای بەڕێزم کاك کاروان گەزنەیی راست بکەمەوە، کە (٢٨) مادده نیە، بەڵکو (٢٦) ماددەو لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ئەندامی پەرلەمان وەڵامی ئەندامی پەرلەمان ناداتەوە، بەڕێزان گلوستان خان و کاك عباس و کاك ڕۆمیۆ ماون تەواو لەگەڵ کاك پێشەوا.

**بەڕێز گوڵستان سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە پێی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٦) قسە دەکەم، لە هەرێمی کوردستان لە سەرجەم شارو شارۆچکەکان یەکەی نیشتەجێبون دروستکراوە کە هاوکارو یارمەتیدەر بێ بۆ خانەوادەی شەهیدان، بۆ خانەوادەی هەژارو کەم دەرامەتان، بەڵام ئەوەی کە من بە دواداچوونم کردووە ژمارەیەکی زۆر لەو یەکانە تەواو نەکراوە وێرای ئەوەی کە ئەو کەلوپەل و ئەستۆ پێداویستییانەی کە هەن لەو یەکە نیشتەجێبونانەدا زەرەرو زیانی بەرکەوتووە لە لایەن هاووڵاتییانی بێ بەرپرس، یەعنی بەرپرسیارەتیان لە ئەستۆ نەگرتووە ئەبینین، یەعنی ئەمە جارێکی تر زەرەرو زیانە بۆ ئەو یەکانە، بۆیە من داوا لە جانابت دەکەم کە لیژنەی پەیوەندیدار راسپێریت بە دواداچوون بۆ سەرجەم شارو شارۆچکەکان بکات، بۆ ئەوەی ئامێرێکی دەقیق و وردمان دەست بکەوێت، بۆ ئەوەی بتوانین حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم بەر پرسیارەتییە بگرێتە ئەستۆ لەبەرامبەر چارەسەری تەواوکردنی ئەو یەکانەدا، خاڵێکی تر ئەمەیە....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاتەکەت تەواو بوو، لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو وەبەر هێنان رادەسپێرین بۆ بەدواداچوونی ئەو زانیاریانەی کە گوڵستان خان لەم دانیشتنە ئاڕاستەی کردین، بە مەرجێك گوڵستان خان بەنووسراو یاداشتێك ئاڕاستەی سەرۆکایەتی بکات، داوا بکا کە یاداشتەکە ئاڕاستەی لیژنەی تایبەتمەند بکرێ، کاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من بۆیە قسە دەکەم بۆ ئەوەی ئەم قسانە دووبارەو سێبارەو سەد بارە نەبنەوە، ئێمە مەرجەعی هەرە گەورەی تەشریعین لە هەرێمی کوردستان و پەرلەمان ئەم یاسایەی دەرکردووە رۆژی جلی نەتەوەییە، نەك رۆژی جلی کوردی، ئاشوری، تورکمانی، حەز دەکەم چیتر دووبارەو سێبارە نەکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە خاڵی پەیڕەوییە، کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٥٦) لە پەیڕەوی ناوخۆ، بەراستی خاڵەکانی دیاریکردووە کە کام شت خاڵی پەیڕەوی ناوخۆیە، خۆ کە هەندێك جار ڕێگە بە هەندێك شتیش بدەن کە دەزانن خۆتان کە خاڵی پەیڕەوی نییە، ئەوا هەمووومان لە ئێستادا قسەمان هەبێت و بتوانین قسەی جوان ریز بکەین و بۆ ئەوەی خۆمان، بۆیە یا ئەوتا کاتێکی ئازاد لە هەموو جەلسەیەکدا بدرێت بە هەمووومان، بۆ ئەوەی هەمووومان قسەی خۆمانی بۆ ئامادە بکەین و هەموو بابەتەکانی تێدا باسبکەین، یا ئەوتا ناکرێ ڕێگە بە هەندێك بدرێ و بە هەندێك نەدرێ، من یەك قسە دەکەم بۆ ئەوەی سەرچنارخان بەراستی پشتیوانی دەکەم، لێرە جەنابیشتان حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی رەسمی خوێندنەوەی یەکەممان بۆ پرۆژەی گرێبەستەکان، بۆ هەمیشەییکردن ووتی تەنها یەك هەفتە لەسەرمان راوەستن تا ئیحسای دەکەین، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم هەفتەیە بوو بە چەند مانگێك، بۆیە تکایە ناکرێت ئێمە لێرە هەر قسە بکەین و نەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و بە رەسمی حکومەت وەڵاممان نەداتەوە، یەعنی ئەهەمیەتی ئەم پەرلەمانە بەراستی دێتە خوارەوە، بۆیە پێویستە کاتێکی کراوە بۆ ئەم بابەتان بکرێ و ئەنجومەنی وەزیرانیش لێرە ئامادەبن وەڵامی رەسمی وەربگرینەوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەوان بە رەسمی وەڵامیانداوەتەوە پێشنیازە یاسایەکەیان رەت کردۆتەوە، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەوانەیە کەمێك لە قسەکانم کرابێت، بەڵام من هەندێکیم لە فکردا ماوە ئەیکەم، کاتێك بەڕێزت ڕێگە بە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەدەی قسە بکەن، ئێمە پێزانینمان هەیە بۆ ئەمە، بەڵام پێویستە بەڕێزت ڕێز لە پەیڕەوەکەش بگری، یەعنی تەنها ئێستا ئێمە لەم هۆڵە فراکسیۆنی پارتی لەم هۆڵە (٤٥) کەسین، ئەگەر بگاتە ئەوە تەنها (٢٥) مان قسە بکەن،ئەبێ هەتا ئێوارە ئێوە دانیشن و سەیرمان بکەن حەقی خۆشمانە، بۆیە کە قسە ناکەین یان هەمووومان بەشێکی زۆرمان زۆربەی کات بێدەنگین، مەبەست ڕێز گرتنە لە پەیڕەوەکە، بۆیە تکایە لە پەنای ئەو ڕێگە دانەی بەڕێزت مەهێڵە کەس ئیستغلالی ئەوە بکات بۆ خۆی بابەتەکە خاڵی نیزامی نییە، جگە لەوەی کە خاڵی نیزامی نییە دەرفەت دەدرێت بە هەندێك شت بەوەی کە لەوانەیە هێرشکردن بێت، بە جۆرێك وابکا بکەوینە جواب و جوابکاریەوە، بۆیە داواکارم ڕێز لەو پەیڕەوە بگیرێ، ئەگەر خاڵێك پەیڕەوی نەبوو رایبگرە ئەگینا لەمەو دوا ئێمەش لە (٤٥) ئەندام (٣٠)مان دەست بەرز دەکەینەوە بۆ قسەکردن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راست دەکەی قسەکەی تۆ دروستە، ئەزانین کامە خاڵی پەیڕەوییەو کامە خاڵی پەیڕەوی نییە، بەراستی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانیش هەر هەموویان دەزانن کامە خاڵی پەیڕەوییەو کامە

خاڵی پەیڕەوی نییە، لە نەزانین نییە کە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەو دەرفەتەی ئێمە پێیان دەدەین شتێك دەڵێن لە دەرەوەی خاڵی پەیڕەوییە، ئەوە هیچی لە نەزانین نییە، ئێمە دەمانەوێت پەیوەندییەکی تەندروستمان لەگەڵ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەبێ، ئەوەندە ئیش لەسەر دێواندنی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی پەرلەمان نەکرێ کە ناهێڵێ قسە بکات، هەندێك جار دەرفەت دەدەین، بەڵام تەقدیری زۆر زۆرمان هەیە بۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان کە دەزانن ئەوەی دەیڵێن خاڵی پەیڕەوی نییەو دەیلێشن بە ناوی خاڵی پەیڕەوی، لەبەر ئەوە ئێمە دوو رۆژ پێش ئێستا دەرفەتمان رەخساند بۆ ماوەی (٤٠) دەقە تەبعەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەم ئسلوبە بەکار دەهێنێ لە نێوان دوو سێ هەفتەدا، نەك هەموو جەلسەیەك لە نێوان دوو سێ هەفتەدا دەرفەتێك دەدا بە پەرلەمانتاران بۆ باسێکی گشتی پەرلەمانتار هەیە با بڕوا بە پرۆتۆکۆلەکەدا بڕواتەوە یەك قسەی لەوانەیە سی جار کردبێ، هەر ئەو قسەیەی سی جار کردووە راست دەکات خەمی خەڵکە، بەڵام خاڵی پەیڕەوی نییە ئێمە دەمانەوێت هەندێك خۆمان بپارێزین لەوەی کە لە بەرچاوی رای گشتیدا کە هەمووتان دەزانن کە ئێستا راگەیاندن چۆن ئیش دەکات، سۆشیاڵ میدیا چۆن ئیش دەکات، ئێمە بدوێین کە رقمان لە خەڵکە رقمان لە خەمەکانی خەڵکە وا پیشانی خەڵك بدرێین و هەڤاڵەکانمان و برادەرەکانمان زەمینەکانمان لە پەرلەمان وا پیشان بدرێین کە ئەوان دەیانەوێت خەمی خەڵك چارەسەر بکەن، بەڵام ئەوە ئێمەین کە ناهێڵین قسە بکەین، لەبەر ئەوە دەرفەتمان داوە ئێمە تێکەڵەیەك دەکەین، ئەوەی خاڵی پەیڕەوی بێ ئیحترامی دەگرین و جوابی دەدەینەوە و لەسەر بەرمەبنای خاڵە پەیڕەوەکە یا لیژنەیەك را دەسپێرین یان داوای وەڵام لە لیژنەیەك دەکەین، ئەوە مانای وایە ئەوە خاڵی پەیڕەوییە، بەس ئەوەی کە وەڵام نادەینەوە ئەوە لە دڵەوە ئەزانم ئەو خاڵەی دەیڵێ خاڵی پەیڕەوی نییە، بەڵام نایشکێنم و زۆر سوپاستان دەکەم و دەست بە جێبە جێکردنی بەرنامەی کارەکەمان دەکەین.

**بەڕێز د. ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش نوقتەی نیزامان هەیە، منیش دووپات لەوە دەکەمەوە کە بە پێی ماددەی (٤٨) بڕگە (٣) ماددە (٥٤و ٥٥و٥٦) بەشێکی زۆری لە ئاخاوتنەکان نوقتەی نیزامی نەبوون، بەراستی ئەمە خەلەلە، من جارانی رابردووش باسم لەوە کردووە هەڵوەستەمان لەسەر ئەوە کردووە کە پێگیری بکرێ بە دەقی پەیڕەوەکە، چونکە ماددەی بەرزەفتکردنی تێدایە ماددەی ئەوەی کە چەند خولەکێك بدرێ، تەنزیمکردنی دانیشتنەکان پێویستە پێگیری بە پەیڕەو بکرێ، من حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم کە هەندێك لە هەڤاڵانی بەڕێز لە ئەنجامی وەرگرتنی دەرفەتێك تانەو تەشەنە لە لایەنێکی سیاسی دەدات، من بەراستی ئەگەر وایە ئێمەش دەتوانین توانج بنێین و توانج بگرین کە کەس رەنگە نەتوانێ وەڵامی توانجەکەی ئێمە بداتەوە، بۆ نمونە ئەگەر داواکراوە پێشبینی کراوە داواکراوە کاك دکتۆر بەرهەم صالح هاتووە بۆ ئەوەی بۆ پرساندن پرسی پێکراوە، من دەڵێم کاك مەسرور بارزانی لەسەر داوای خۆی بە ماددەی (٦٨) هاتووە، یەعنی کاك مسرور بارزانی و ئەنجومەنی وەزیران هیچ باکیان نییە لەوەی کە بێن لێرە روونکردنەوە لە سەر هەر بابەتێك بدەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێزت، تەواو کاك سەروان فەرمووو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٥٦) قسە دەکەم، یەك خولەك مۆڵەتم لە بەڕێزتان دەوێت ئەویش چەندەمین جارە ئاماژەی پێدەکەم، ئێمە نووسراوێکمان بەرزکردۆتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، حەقە سەرۆکایەتی پەرلەمان زوو نووسراوەکە ئاڕاستەی لایەنی پەیوەندیدار بکات، بەراستی لەسەر واجبی پێشمەرگە باشە کارەساتە ئەمڕۆ سەرۆکی پەرلەمان من ئەو تەڵەبیە لە ئێوە دەکەم لە هەموو پەرلەمانتاران، یەعنی مووچە هەمووومان دەزانین مووچەی پێشمەرگە چۆنە، باشە چ خوا قەبوڵ دەکات (٢١) رۆژ لە دەوام بێ، یەك هەفتە لە ماڵ بێت، خێزانی پێشمەرگەیەك تەلەفۆنی بۆمن کردووە بە گۆڕی شەهیدان وتوویەتی داوای جیابوونەوەم کردووە لە پیاوەکەی خۆم کە (٢١) رۆژە نەم بینیوە، یەعنی تاوانە کارەساتە (٢١) بە (٧) لەم رۆژگارە پێشمەرگە واجبی پێ بگری، بە حەزی فەرماندە چۆن دەبێت واجبی پێ بگرێ بۆ خاتری خوا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سروان زۆر سوپاس، ئێمە بە شەخسی خۆم ئەو یاداشتەی جەنابتم نەبینیوە، لە راستیدا من ئەوە دەڵێم کە هەیە واقیعەکە یاداشتەکەمان ئاڕاستە بکەنەوە ئەمڕۆ ئاڕاستەمانی بکەنەوە، هەر ئەمڕۆ بیهێنە بۆ خۆم کاك سروان بیبە بۆ سکرتێری پەرلەمان بۆمان دەهێنێت و ئێمە ئاڕاستەی دەکەین، دڵنیا بن تەواو، سوپاس کاك هیڤیدار دەست بە جێبەجێکردنی بەرنامەی کار دەکەین، زۆر سوپاس با ئەو بڕگەیە تەواو بێ کاك هەڵکەوت با ئەو بڕگەیە تەواو بێ فەرمووو.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلێمان:**

**بە ناوی خودای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان بەرێزان، هەڵبژێردراوانی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەمەوێت لە رێگەی پێشکەشکردنی ئەم راپۆرتە باسی یەکێك لە مەترسیترین بابەتەکانی ئێستای جیهان بکەم، هەروەها باسی هەرێمی کوردستانیش بکەم لە کوێی ئەو مەترسیە داین بابەتەکە پەیوەندی بە ژیانی تاك بە تاکی ئێمەوە هەیە، بەرپرسیاریەتەکەش دەگەرێتەوە بۆ هەموومان دەبێ هەر ئێستا کاری بۆ بکەین چەند دوا بکەوین مەترسیەکە زیادو زیاتر دەبێتن، بەڵێ ئەوەی من دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم ژینگەیە مەترسیەکەی حەتمیە ئەگەر خۆمانی بۆ ئامادەنەکەین لە نێومان دەبات ئێستا زەوی هاوار دەکات لە دەست گروپەکان کە ژینگەیان تێکداوەو هەر مرۆڤەکانیشن دەتوانن چاکی بکەنەوە.

ئایا دۆخی ژینگە لە سەر ئاستی جیهان چۆنەو بەرەو کوێ دەچێت بەراست مەترسیدارە؟ ئەی عێراق و هەرێمی کوردستان لە بارەی ژینگە دۆخیان چۆنە دەبێ هەرێمی کوردستان چ بکات و چ پلانێکی دارێژێت هەوڵ دەدەم لەم راپۆرتەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رێکخراوی (کلای ماسانتراڵ) تایبەت بە کەش و هەوا کە بارەگای سەرەکی

لە ئەمریکایە لە کۆتایی ٢٠١٩ لەسەر ژینگە دەڵێت ئاماژەکانی کەش و هەوا لەسەر کۆی زەوی وێرانکەرن.
چونکە لە هەردوو قووتبی باکوورو باشووری گۆی زەوی بەستەڵەکان دەتوێنەوە ئاستی ئاو بەرز دەبێتەوەو بەشێکی ئەم جیهانە نقومی ئاو دەبێتن، راپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لەسەر ژینگە کە (١٠٤) شارەزاو زانا لە بواری ژینگە لە (٣٦) دەوڵەت ئامادەیان کردووە، دەڵێن ئاستی دەریا لە جیهان لە ساڵی ٢٠٣٠ (٦٠) سانتیمەتر بەرز دەبێتەوە، بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان کە پێشبینی دەکرێت لە ساڵی ٢٠٥٠ (٦٤٠) ملیۆن ماڵ لە دونیا ژێر ئاو بکەون، بەشێك شارەکانی ئاسیاو ئەوروپا نوقمی ئاو دەبن، یەك ملیار کەس لەم دونیایە دەکوژێتن، ئەم گۆڕانکاریانەی کەش و هەواو بەرز بوونەوەی پلەی گەرما مەترسی لەسەر بەرهەم هێنانی خۆراك دروست دەکات، ئێستا هەرێمی کوردستان (٧٠٪) بەرهەمی خۆراکی خۆی لە دەرەوە دابین دەکاتن، ئاسایشی خۆراك لە هەرێمی کوردستان لە مەترسییەکی گەورە دایە، بەڵێ گۆڕانکاری زیاتری کەش و هەوا حەتمیەو دەبێ خۆمان بۆ ئەو گۆڕانکارییە ئامادە بکەین، بەرهەمە سەرەکییەکانی خۆراك وەك گەنم و برنج گران دەبن، چونکە بە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما بەرهەم هێنانی ئەم بەرهەمانە کەم دەبێت، لە دونیا مەترسیدارترین پێشبینی لە تێکچوونی کەش و هەواو بەرزبوونەوەی پلەی گەرما دابینکردنی ئاوی خواردنەوە دەبێت، نەتەوە یەکگرتوەکان لە (٢٠٢٠/٣/٢٢) لەسەر کەمبوونەوەی ئاو هەر ئێستا هۆشداری دەدات لە (٢٠٥٠) نەبوونی ئاوی خواردنەوە لە (٥٢٪) لە دەست دەدەین و کەم دەبێتن.
ئەو راپۆرتەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێکی زۆر مەترسیدارە، باسی کەمبوونەوەی ئاو دەکات و بە ناو ناوی عێراقی هێناوە کە کاریگەری لەسەر دیجلەو فورات دروست دەکات، هەندێك شارەزایی ناوچەش دەڵێن پێشبینی دەکرێت لە (٢٠٤٠) شتێك بە ناوی رووباری دیجلە و فورات لە عێراق نامێنێت و وشك دەبێتن، بۆیە پێشبینیەکی زۆر هەیە شەڕێکی زۆر گەورە لەسەر ئاو رووبدات، ئاژانسی ناسا لە (٢٠٢٠/١١/١٠) راپۆرتێکی بڵاوکردۆتەوە کە مانگی ئەیلولی (٢٠٢٠) گەرمترین مانگ بووە لە مێژووی گۆی زەویدا، ئەوەی کە زاناکان زۆر لێی دەترسن بەرزبوونەوەی دوو پلەی سەدیە لە (٢٠٥٠)، بەڵام لە عێراق چوار پلەی سەدی بەرز دەبێتەوە، راپۆرتە نێو دەوڵەتییەکان زۆر بە ترسناکی باسی ژینگەی عێراق دەکەن کە بیابان بوونی (٧٠٪) زیاد بووە،بیبیسی بەریتانی لە راپۆرتێکدا لەسەر عێراق دەڵێ لە کۆتایی ئەم سەدەیا ژیان لە عێراق موستەحیل دەبێت، پرۆفیسۆر (فلیب ئەلیستۆن )کە بڕیاردەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ لەسەر هەژاری، لەسەر بەرزبوونەوەی پلەی گەرماو ژیان دەڵێت لە عێراق بە ئیفلاج ناوی هێناوە، خەڵکی بە تەمەنەکان و منداڵەکان بە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما نەخۆش دەکەون و دەمرن.
دکتۆر هاشم نیعمە عێراقیە مامۆستای زانکۆیە لێکۆڵینەوەکانی لە جوگرافیا لەگەڵم ئەنجام داوە بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، دەڵێ لە ناوچەکانی ناوەراست و باشووری عێراق (٥٠٪) ئاوی رووبارەکان کەم بۆتەوە لە چاو ساڵی ١٩٩٩، (٧٠٪) کشتوکاڵی عێراق پشتی بە باران دەبەست لە ناو چووە، هەردوو رووباری دیجلەو فورات لە عێراق بە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما تووشی خوێ بون وبوونە (٦١٪) خاکی کوشتوکاڵی عێراق تووشی خوێ بوون بووە، ساڵانە سەد هەزار دۆنم لە عێراق تووشی بیابوون دەبێت، عێراق چی دیکە ناتوانێ بۆ دابینکردنی خۆراك پشت بە

خـۆی ببەسـتێت، بەڵکـو پشـت بە دەرەوە دەبەسـتێت، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـانی کوردسـتان ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان ئەم زانیـاری و ئامـارانەی باسـی دەکەم زانیـاری و ئامـاری فەرمـی دەوڵەت و حکـومەتی عێراقـی فیـدراڵن، وەزارەتـی ژیـنگەی عێـراق کە ئێسـتا بـۆتە بەشـێك لە وەزارەتی تەندروستی عێراق لە راپۆرتی خۆیدا لە ٢٠١٧ دەڵێـت (٧٠٪) خـاکی کشـتوکاڵی عێراقـی بۆتە بیابان (٧٢٪) خەلك پشـتی بە بـارانی دەبەسـت لە نێـو چـووە (٩٠٪) ئەو خـاکەی بـۆ بەخێـو کردنی ئاژەڵ بەکار دەهات لە عێراق بەهـۆی گەرم بـوونەوەی گەرمـاو کەم بـوونەوەی ئـاو لە نێـو چووە، راپۆرتی ژیـنگەی جیهـان لە سـەر نـاوچەی رۆژ ئـاوای ئاسیا باسـی عێـراق دەکـات دەڵێـت عێراق پێنجەم هەژارترین دەوڵەتە لە دونیا بۆ دابینکردنی ئاو وخۆراك، ئێسـتا بەڕێـزان عێـراق لە بەردەم پێنج مەترسی زۆر گەورە دایە.

یەك: گـرتنەوەی سـەرچاوەکانی ئـاو لە دەورووبەری عێـراق لەسـەر عێـراق، بەرزبـوونەوەی پـلەی گەرمـا کەم بـوونی بـاران بـارین بـاو تۆزەکـانی خـۆڵ بـارین، کەم بـوونەوەی زەوی کشـتوکاڵ و سـەوزایی، بـانکی نێـو دەوڵەتـی لە سـەر ئـاو لە رۆژهەڵاتـی ناوەراسـت سـاڵی ٢٠١٥ لە کۆربەنـدی ئـابووری دەڵـێ کەمتـرین ئامادەکـاری کـراوە بـۆ دابینکردنـی ئـاو کەم بـوونەوەی ئـاو زۆر زۆر مەترسیدارترە لە نەبوونی سـەقامگیری و سیاسـی و بێکـاری،بەرێزان عێـراق دەکـوڵێ هەرەشـەی تێدانەمانی ژیـانی لە سـەرە، بەتـایبەت لە باشـووری عێـراق دەبـێ هەرێمـی کوردسـتان خـۆی بـۆ کـۆچکردنی عێراقییەکـانی باشـوور دواتـر ناوەراسـت ئامـادە بکـات، پێـی دەڵێـتن کـۆچکردنی ژینگەیی رۆڵی هەرێمی کوردستان لەمەدا چی دەبێت.

بـابەتی ژینگەیـی ئێسـتا لە دونیـا ئێمرجنسـیە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان نـاتوانێ کـاری ژینگەیـی بکـا، بەڵام ئـێمە بەڕێـزان نـاتوانین موشـەك دروسـت بکەیـن، نـاتوانین فـرۆکە دروسـت بکەیـن، نـاتوانین شـەمەندەفەر دروسـت بکەیـن، دەتـوانین ببیـنە لێـدەری ژیـنگەی لەم نـاوچەیە، چونکە ئاو خاك هەوای زۆر لەبارە تکایە فریا بـکەون سـەرۆکی پەرلەمـان، بەڵـێ دەبـێ لە دروشـم دەربچین بە کردەوە ژینگە بپارێزین یەکێتی ئەوروپـا تەنیـا پـار سـاڵ (٤٠٠) ملیـۆن دۆلاری داوەتە دەوڵەتـی گرامبیـا لە ئەفریقـا، بـۆ ئەوەی دارسـتانەکانی بپارێزێـت و هەوای سـازگار بـۆ ئەوروپـا بچێـتن، سـاڵانە لە نەتەوە یەکگرتوەکـان بە دەیـان ملیـۆن دۆلار پـارە بـۆ ژیـنگە خەرج دەکەن، دەتوانن سودی لێ وەربگرین وەکو هەرێمی کوردستان، لە هەرێمی کوردستان ئەندامانی بەڕێـزی پەرلەمان ئاوی سەر زەوی دەروات ئێمە ئاوی ژێرزەوی دەردەهێنین.

مەزندە دەکرێت ئاوی ژێر زەوی لە هەرێمی کوردسـتان پێـنج پۆینـت و چـوار مەتـر سێجا بێـت، ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە بڕوات مەترسی لەسەر ئاوی ژێـر زەوی لە هەرێمـی کوردسـتان هەیە، بە گـوێرەی بەدواداچـوونێکم بـۆ ئەم پرسـەو ئەنجامـدانی چـاو پـێکەوتن بـۆ ئامـادەکردنی ئەم راپۆرتە هەندێ حەوزی ئاو ژێر زەوی لە هەرێمـی کوردسـتان لە شـەقلاوە (٦٠) مەتـر دابەزیـوە، لە هەولێر (٣٠) مەتر دابەزیوە، دەزانن لە سـاڵی ١٩٨٨ لە گەرەکـی بـاداوە بیرێکـی ئیرتیـوازی لێـدراوە کە یەك مەتر ئاوی حەوزی ژێرزەوی کەم بۆتەوە، بڕیـاردرا کە بە هـیچ شـێوەیەك نـابێتن جـارێکی دی بیر لێ بدرێتن لە هەولێر.

پێشتر بە (٩٠) یا (١٠٠) مەتر بیری لێدراوە ئاو هاتۆتە سەر زەوی، ئێستا دەبێ (٤٥٠) مەتر بیـری لـێ بدرێ تا ئاو بێتە سەر زەوی، لە شارو کۆمەڵگەی بەحـرکە پـار سـاڵ بیرێکـی (٣٠٠) مەتـری لێـدراوە

ئاوی ژێـر زەویـیەکە وشـك بـووە، خەتەرێکـی زۆر جـدی هەیە لە هەنـدێك دەوڵەت لێـدانی بیـری ئیرتیوازی تەنیا دەسەڵاتی مەلیـك و سـەرۆك وڵاتەکەیە، بـۆیە بـابەتێکی زۆر مەترسـیدارە،هەموو پێشبینیەکان لەسەر ئاو لە عێراق ئەوەیە کە ٢٠٠٤ عێراق رووبـاری هەمیشـەیی نـامێنێ، مەترسـی دروسـت بـوونی شـەڕ لە نێـوان شـارەکان دروسـت دەبـێ، ئەمە بە هێنـانەوەی نمـونەیەك ئەوە دەسەلمێندرێت کە ئەم شەرە حەتمیە کاتێك ئاو نەما کەم بوو.

خەڵکی ئەو شـارانە بێکـار دەبـن واز لە جوتیـاری دەهێـنن دەبـنە گرووپـی چەکـدار یـان گرووپـی چەکداری دروست دەکەن و تا گرووپـی چەکداریش زیـاتر بـن، شـەر زیـاتر رودەداتـن، ئەنـدامانی بەرێزی پەرلەمانی کوردسـتان ئەگەر بمانەوێـت بەهێـز بمێنیـنەوە ئەوە ئـاوە دەمـانهێڵتەوە، بەڵام ئەگەر بە باش بەرێوەبەرین یەك مەتر سێجا ئاو ئێسـتا دەگـاتە (١٠٠٠) لیتـر، ئەگەر بتلـیش لە بـازار بفرۆشـین یەك ملیـۆن دینـار دەکـاتن، ئەگەر سیاسـەتی ئاومـان هەبـوو ئەوە دەبیـنە بەرژەوەنـدی خاوەنی بەرژەوەندی بـاڵا، لانـی کەم لە عێـراق ئامـارە فەرمییەکـانی هەرێمـی کوردسـتان لەسـەر ژینگە چیمان پێ دەڵێ، ئایا دۆخی هەرێمی کوردستان لە رووی کەش و هەوا لە عێـراق باشـترین بە گوێرەی ئامارە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان تەنیـا نـۆزدە پـۆین چـل وچـوار ئەو خـاکەی ئێسـتا بە کـاردێنین سـەوزاییە، لانـی کەم سـتاندارە نێـو دەوڵەتییەکـان دەڵێـت نابێـت لە (٢٥٪) کەمتر بێت (١٧٧٦) ئۆتۆمبێل تـاوەکو مـانگی شەشـی ٢٠٢٠ لە هەرێمـی کوردسـتان تۆمـارکراوە، لە هەنـدێ وڵات ئەوانەی کە گرنگـی بە ژیـنگە دەدەن هەر هـاووڵاتییەك واز لە ئۆتۆمبێـل بێنێـتن، حکومەت پلیتی شەمەندەفەرە، کڕینی ناوخۆ بەکار دێنێت بێ بەرامبەر، چونکە ئەوان گرنگـی بە ژینگە دەدەن.

ئێمەی هەرێمی کوردستان لە کوێی ئەو بابەتەین دانیشتوانی ناوەنـدە شـارەکان هەر وادێ زیـاتر دەبێ، هەولێر گەورەتر دەبێت، سلیمانی گەورەتر دەبێت، دهۆك گەورەتـر بێـت، ئەبـێ ئیهتیمـام بە سـۆران و بە زاخـۆ بـدەین و بە ئـاکرێ بـدەین و بە رەوانـدز بـدەین، ئەو شـارانەش گەورە بکەیـن پڕۆژەش بۆ ئەوان بڕواتن، بـۆ ئەوەی پـیس بـوونی شـارەکان تەنیـا بـۆ شـارە گەورەکـان نەبێـتن، دەبـێ کـار لەسـەر رۆشـنبیری حەز دەکەم بە دەقیـق گـوێ لەم داتایـانە بگـرن کە بە فەرمـی لە هەرێمی کوردستان هەن، هەر تاکێك لە هەرێمی کوردسـتان رۆژانە یەك کیلـۆ و نیـو خاشـاکی بەر دەکەوێت رۆژانە (٧) بۆ (٨) هەزار تۆن خاشـاکمان هەیە لە هەرێمـی کوردسـتان، (٧٠٪) خـواردنە، ئەم هەمـوو خـانوو پـڕۆژەی نیشـتەجێ بـوون و تاوەرەکـان دروسـت دەکـرێن، هـیچ پێـوەرێکی ژینگەیی تێدا نییە، هەمووی دەکـرێتە جـام و پـلەی گەرمـا زیـاد دەبێـتن، دەزانـن ئێسـتا پـڕۆژەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان دروسـت دەکرێـت سـەدا یەکـی سـەوزایی تێـدا نیـیە، ئەدی حکومەت لە کوێیە؟ ژینگەی وەزارەتەکان لە کوێن؟ چۆن ئەو بـابەتە بەسـەر ئـێمەدا تێـدەپەرێت، بە گـوێرەی تـوێژێکی زانسـتی دکتـۆرایی لەسـەر ژیـنگە بەشـێکی ئەو بۆیاغـانەی کە هـاوردەی هەرێمی کوردستان دەکەن، خانووەکانی خۆمان پـێ بۆیـاغ دەکەن، مـاددەی سـەرەتانی دروسـت دەکەن، کارگەکـانی ئـێمە ئەوانەی بە تـایبەت ئەوانەی بەرهەمە سـووتەمەنییەکان بەرهەم دێـنن پێوەری ژینگەیی وەك پێویست تێدانییە، بگـرە مەترسـیدارترین کەرتـن بـۆ پـیس بـوونی ژیـنگەو نەخۆشیەکانی ژێر پەنجەی، بە تایبەت ژێر پەنجەی گەروو سیەکان، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـانی کوردستان دەبێ هەرێمی کوردستان چی بکات؟

دوو: دەبێ کۆنفراسێکی زانستی لەسەر ژینگە بە پشتیوانی نەتەوە یەکگرتوەکان و دەوڵەتانی دۆست زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێتن، چونکە،هەرێمی کوردستان وەکو عێراق نییە بە سێ رەگەزی سەرەکی ئاوی زۆری سەر زەوی ژێر زەوی، خاکێکی بە پیت و بەرەکەت کە هێشتا بەکار نەهات و بۆ کشتوکاڵ سێیەم هەوایەکی پاك.
سێ: هەر ئێستا پلانێك هەبێت بۆ ئاوەدانی دوای دە ساڵ کە کۆچکردنی هاونیشتیمانیانی عێراقی هاتنە ناو هەرێمی کوردستان باشووری ناوەراست، ئەبێ خۆمان هەر ئێستا بۆ ئامادە بکەین حکومەت پلانی هەبێتن.
چوار: لە رووی زانستییەوە بیر لە زیادکردنی پزیشکی پسپۆر لە بواری شێرپەنجە لە زانکۆکان بکەین بە تایبەت پسپۆرانی گەروو سیەکان.
پێنج: دەکرێ هەندێ نەخۆشخانەی تایبەت و گەورە لەسەر ئاستی عێراق لە هەرێمی کوردستان دروست بکەین بۆ وەرگرتنی ئەو نەخۆشانە کە ئەو دەوڵەتانەی دیکە سوودی لێ وەرنەگرن، ئێمە دەتوانین ئەو کارە بکەین بە گوێرەی راپۆرتی وەزارەتی تەندروستی عێراق، شێرپەنجە لە ساڵی ١٩٩١ لە عێراق ئەوانەی کە تووشی شێرپەنجە بوون (٥٧٢٠) کەس بوون، ئێستا (٦٧٪) زیادی کردووە، زۆرترین ئەو تووشبوانەی شێرپەنجە دوای ئەوەی شێرپەنجەی مەمك، شێرپەنجەی گەروو سیەکانی لای پیاوەکان زۆرترین تووشبوون، ئەوە پارەیەکی زۆرە دەچێتە دەرێ، بەمە هەرێمی کوردستان دەتوانن وەکو سوودێکی لێ وەربگرن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەم راپۆرتەی ئێمە هەر ئێستا بۆ حکومەت بنێرن، ئامادەکاری بکەن، هەر ئێستا خۆمان ئامادە بکەین، بەراستی بابەتێکی زۆر مەترسیدارەو، جۆبایدن کە بوو بە سەرۆکی ئەمریکا پێش هەموو شتێك جۆنکێری کردە راوێژکاری خۆی تایبەت بۆ مەسەلەی کەش و هەوا، کە ئەمە لە هەرێمی کوردستان ئەوە بابەتێکی زۆر زۆر لاوەکیە، زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە ویستم ئەو راپۆرتە کە ماوەی پێنج مانگە ئیشم لەسەرکردووە پێشکەشی بەڕێزتانی بکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەستت خۆشبێ و راپۆرتەکە ئاڕاستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، زۆر زۆر سوپاس دەست خۆش کاك هێڤیدار، زۆر سوپاس، بەڕێزان بڕگەی دووەمی بەرنامەی کارەکە جێبەجێ دەکەین، داوا لە سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی شارەوانی و یاسایی دەکەین فەرموو بێنە ئێرە، کاك هەڵکەوت تا ئەوان دێن نوقتەی نیزامیەکەت بڵێ، بەدریە خان ناتوانین دوو نوقتەی نیزامی بۆ یەك کەس سەیری ماددە قانوونییەکە بکە.

**بەڕێز هەڵکەوت أنور خليفە:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٥٤) جەنابت دەبێ ئاخاوتنی پەرلەمانتارێك رابگریت ئەگەر قسەی نەشیاوی کرد، بۆیە بە بڕوای من ئەوە کە بوترێت لیژنەیەك لە ئۆپۆزسیۆن پێك بێت قسەیەکی نەشیاوە، چونکە ئێمە کەسمان پاڵ پشتی و پشتیوانی لە قاچاخچییەتی ناکەین و کەسیش لە خۆمان دڵسۆزتر نازانین بۆ رێگیری کردنی قاچاخچییتی لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێمە لیـژنە بەو شێوەیە پێـك نـاهێنین، لیـژنەی تایبەتمەنـدمان هەیە لە پەرلەمـانی کوردستان رایان دەسپێرین بۆ ئەو بابەتە، سوپاس، مژدە خان نـوقتەی نیزامیـت هەیە؟ فەرمـوو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکـارم لە بەڕێزتـان دانیشـتنێکی تـایبەت پـێش مـووچەی مـانگی ئەو مـووچەیەی کە دەدرێ دانیشتنێکی تایبەت بکەین، بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حکومەت و وەزیری دارایی سـەبارەت بە لێبڕینی مووچە بە رێـژەی (٢١٪) بێـت یـان (١٨٪)ی یـان هەر رێـژەیەك بێـت، لەبەر ئەوەی نرخـی نەوت ئەگەر یەك دۆلار بـێ یـان سـەرووی (٧٦) دۆلار بـێ و ئەوە هەر لێبـڕین هەر هەیە، مـاقول نییە، هیوادارم دانیشتنێك بۆ ئەوە بکەین و، داواکاری دووەمم لە بەڕێزتان سـەرۆکی پەرلەمـان و دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەیەکـی تایبەتمەنـد پێـك بهێنـدرێ بـۆ لێکـۆڵینەوە لەو کەیسـەی بەڕێـز پەرلەمانتـار (غالـب محمـد) کە بەرۆژی روونـاك هێرشـی کـراوەتە سـەر و تاوانبـاران بە فشـاری سیاسی یاخود بە قسەی سیاسییەکانی ئەو زۆنە، ئەو کەسانە ئـازادکراون مەعقـول نیـیە، چەقـۆ کێشێك بە ئازادی بسورێتەوە، یاداشتێکمان داوەتە دەستەی سەرۆکایەتی بـۆ ئەوەی هاوکاریمـان بکەن، بۆ ئەوەی بتوانین راگیراوانی دەڤەری بادینان بینین، پێشـتر کـاك هێمن جێگـری سـەرۆکی پەرلەمـان وتـی هەر کەسـێك ئەوەی دەوێـت دەتـوانێ سـەردانیان بکـات، یـاخود هەر شـتێك بـا ئاگادارمان بکاتەوە، ئێمە کار ئاسانیان بۆ دەکەین، ئـێمە دوێنـێ یاداشـتەکەمان تەقـدیم کـردووە، هیوادارم کار ئاسانیمان بۆ بکەن، بۆ ئەوەی بتوانین سەردانیان بکەین و لە رەوشی تەندروسـتیان و لە بارو دۆخیان ئاگاداربین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس، دوو بابەتـت باسـکردووە، سـەبارەت بە دۆسـیەی پەرلەمانتـار بەڕێـز کـاك غالـب ئەوا لە دادگـایە و هەر بـابەتێکیش چـووە دادگـا نـابێتە بـابەتی دانیشـتنی پەرلەمـانی کوردسـتان و، لە راستیدا لە چاوی ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی پەرلەمان شتێك نییە ناوی زۆن بـێ، هەرێمی کوردستان نـاوی هەرێمـی کوردسـتانە، ئەم بـابەتە لە دادگـایە و ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عێراقی خاوەنداریەتی لێ دەکـات و گەیشـتە هەر ئەنجامێـك، ئـێمە تەقـدیری قەراری مەحـکەمە دەکەین، سوپاس،فەرموو کاك چیا تەواو بووە، بەدریە خان با بێینە سەر بڕگەکە.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس تێبینیەکم هیە لەسەر ئاخافتنا کاری هینـانە وشـە بادینـان، وشـە بەکـار هینـان وشـەکی زۆر زۆر غەڵەتە، چونکە ئەمە پارێزگاها دهۆکە، چونکە زۆر جار دەچیـنە سلێمانی تشـتك بـی نـابێژین دەڤەرا سۆران پارێزگایە سلێمانیە هەر روداوەك لە هەر پارێزگـایەکی بیـت بەکـار هێنـانە وشـەی بادینان وشەکی زۆر زۆر ئیعلامیە، راگەیاندن زۆر زۆر غەلەتە رێزگرتن بۆ دەڤەرا بادینان خودانی هەزاران شەهیدانە دەبی بێژیت پارازگاها دهۆکی زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، حەقی خۆتانە کاك بهجت فەرمووو بەڕێزتان.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەرکێ دەستەی سەرۆکایەتییە پەرلەمانێ جێبەجێکردنا پەیڕەوێ ناوخۆی پەرلەمانە، دەمێ وەرگرتنا نوقتەی نیزاما ئەگەر پەیڕەوە وێ نوقتەی نیزامێ نەیەتە کردن بێتە دەستەی سەرۆکایەتیە ئەگەر دەرفەت هەبوو ئەندامی دی بەڕێز ڤێتن تو عەدالەت ناو دابکە، ئەگەر یەکی ڤیا تشتەکی باشبی لەسەر بابەتەکی کە پەیوەندی پیوە هەیە مەجالی بدەیە چەندین جار هەوڵ بدە زۆر سوپاس، بەس بابەتی یەکێ نیشتەجێبونێ ڕۆژا ٢/٣ مە بەڕێز وەزیرا ئاوەدانکردنەوە مێوان کرد بۆ لێژنا ئاوەدانکردنەوە و ئێکیش، ئەگەر سەرەکیا مێوانداری کردنا بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە ئەڤ بابەتە بوو کە بابەتەکی گرنگە خەڵکی هەژارو کەم دەرامەتێ هەرێمێ کوردستانێ گرێدایە و ٢٠١١ بۆ ٢٠١٢ حکومەتا هەرێمێ کوردستانێ سەرانسەرێ هەرێمی کوردستانێ پارێزگایە هەرێمی کوردستانێ هەمی قەزاو ناحیە ئەڤ یەکێ نیشتە جێبونا هاتە دابەشکردن لێ هاتە راوەستان، ما داخوازیا کریا یان پشتیوانیا پێشنیارە بەڕێز وەزیرێ ئاوەدانکردنەوە کری کیتابەکەی رسمی مە ئاڕاستەی سەرۆکایەتیا پەرلەمانی کری ئاڕاستەی سەرۆکایەتیا ئەنجومەنی وەزیران بکەم بۆ هەندێ جارەکا دی ئەو پێشنیارێ وان بکەفتە کاری و خەڵك ببیتەیەکدانێ خۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەوە لەگەڵ گلستان خان بۆ خۆتان موناقەشەی بکەن بە یەکەوە، دواتر سوپاس بۆ روونکردنەوەکە، بەڵێ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی و دەستەی سەرۆکایەتی هەردووك لیژنە، دەست بە جێبە جێکردنی بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار دەکەین فەرمووون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله (کۆچەر):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە راپۆرتی لیژنەی یاساییە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بابەت راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کە راستاندی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی کاروباری یاسایی رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٠٢١/٢/٨ کاتژمێر (١١) کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا، بەمەبەستی پێداچوونەوەو دارشتنی یاسایی و دڵنیا بوون لە دژی نەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوور یاسا کار پێکراوەکان بە پێی حوکمەکانی ماددەی (٨٥) بڕگەکانی یەکەم و سێیەوم، سەبارەت بە راپۆرتی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشتوگوزار تایبەت بە خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای پاراستنی تۆرو بنچینەکانی ئاو ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا-عیراق، ئەنجامی کۆبوونەوە لێژنەی یاسایی ئەم دارشتنەی خوارەوەی پێ پەسەندە.

سەبارەت بە ناو نیشان پێشنیازە یاسای پاراستن و پرۆژەو تۆرەکانی ئاو ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

بەشی یەکەم: پێناسەو ئامانجەکان.

مـاددەی یەك: پێناسـەکان بـۆ مەبەسـتی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە ئەم دەسـتەواژانەی خـوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن.

١- هەرێم هەرێمی کوردستان -عێراق.
٢- وەزارەت وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.
٣- وەزیر وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.
٤- بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاو ئاوەڕۆ لە وەزارەت.
٥- بەرێوەبەری گشتی بەرێوەبەری گشتی ئاو ئاوەڕۆ.
٦- بەرێوەبەرایەتی ئاو یان بەرێوەبەرایەتی ئاوەڕۆکان.
٧- بەرێوەبەر بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی ئاو یان ئاوەڕۆکان.
٨- لێپرسراوی فەرمانگە لێپرسراوی فەرمانگەی ئاو یان ئاوەڕۆکان.
٩- تۆڕەکان تۆڕەکانی ئاو ئاوەڕۆ پێکهاتەکانی.
١٠- پڕۆژەکـان پڕۆژەکـانی پـاڵاوتن و چارەسـەرکردنی ئـاو ئـاوەڕۆ بیرەکـان پڕۆژەکـانی وەرگرتنـی سەرچاوەکانی ئاو عەمبارکردنی ئاو ئاوەڕۆ وێستگە لاوەکیەکانی گواستنەوە دەگرێتەوە.
١١- لایەنـــی پەیوەندیـــدار بەرێـــوەبەرایەتییە خزمەتگوزارییەکـــانی هەماهانـــگ لەگەڵ بەرێوەبەرایەتییەکانی فەرمانگەکانی ئاو ئاوەڕۆ.
١٢- سەرپێچی زیان گەیاندن یان شکاندن یان لە نـاو بـردن و تێکدانی پڕۆژەکـان تـانکی عەمبـار ئـاو هێلەکانی گواستنەوەو تۆڕەکانی ئاو ئاوەڕۆ قوفلی ئاو منهۆڵ سەری مەنهۆڵ چەپەری وەرگرتنـی ئاوەڕۆکـان بـۆری وەرگرتنـی ئاوەڕۆکـان و هەر پێکهـاتەیەکی تـری ژێرخـانی ئـاو و ئـاوەڕۆ دەگرێتەوە.
١٣- زیادەرۆیی بەستنی بۆری بە تۆڕەکان و هێلەکانی گواستنەوەی ئاو ئاوەڕۆ بەسـتنی ترومپـای ئـاو لەسەر هێڵی سەرەکی تۆڕەکان کارکردن لە محەرەماتی بۆڕی گواستنەوە و بەستنی ئـاوی قـورس بە تۆری ئاوەڕۆکان بە بێ مۆڵەت یان زیاتر لەوەی مۆڵەتی پێدراوە دەگرێتەوە.
١٤- محەرەمات سنووری پڕۆژەو تۆڕەکانی ئاو ئاوەڕۆیە کە نابێـت هـیچ جـۆرە کـارێکی تێـدا ئەنجـام بدرێت وەك بیناسازی دانان و راکێشانی تۆری ئەنتەرنێت هێلی کارەباو سـتوونەکانی پیسـکردنی سەرچاوەی پڕۆژە ئاویەکانی هەر کارێکی دیـکە بە بـێ وەرگرتنـی رەزامەنـدی بەرێـوەبەرایەتی و فەرمانگەکانی ئاو ئاوەڕۆ.
١٥- هـــاوبەش هەر ســـوودمەندێك بە پێـــی مـــۆڵەتی فەرمـــی بەرێـــوەبەرایەتی و فەرمـــانگی پەیوەندیدارەکان سودی لە خزمەتگوزاری ئاو ئاوەڕۆ وەرگرتبێت.
١٦- لیژنەی تایبەت ئەو لیژنانەی کە کاری بەدواداچـوون و چـاودێری جێبەجێکردنـی حوکمەکـانی ئەم یاسایە دەکەن.

ماددەی دووەم: ئامانجەکان.

١- رێگیریکردن لە سەرپێچی و زیادەرۆیی و لەسەر پڕۆژەو تۆرو ئاو ئاوەڕۆ.
٢- پاراستنی سامانی ئاو پاك راگرتنی ئاوی خـواردنەوەی هاوبەشـەکان و کەمکـردنەوەی کێشـەکانی ئاو.

٣- رێگریکردن لە تێکەڵبوونی ئاوی ئاوەڕۆ لەگەڵ ئاوی خواردنەوە بە هۆکاری زیادەڕۆیی لەسەر پڕۆژەو تۆڕەکان بە مەبەستی بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی پەتاو نەخۆشی و پاراستنی تەندروستی گشتی.
٤- رێگیری کردن لە بەهەدەردانی سامانی گشتی.
٥- پێدانی دەسەڵات بەلایەنی پەیوەندیدار بە مەبەستی نەهێشتنی زیادەڕۆیی و سەرپێچی بەسەر پڕۆژەو تۆڕەکانی ئاو ئاوەڕۆ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم: رێکارە یاسایەکان.

ماددەی سێیەم:

١- بەرێوەبەرایەتی گشتی دەسەڵاتی پێدانی فەرمانی بە لیژنە تایبەتەکان هەیە بۆ هەژمارکردن جۆرو شێوەی زیادەرۆیی سەرپێچیەکان لەسەر ئاستی سنووری دەسەڵاتی هەر بەرێوەبەرایەتی و فەرمانگەیەك.
٢- لێژنەی تایبەت بە فەرمانی بەرێوەبەری گشتی یا بەرێوەبەر یا لێپرسراوی فەرمانگە هەر یەکەیان لە سنووری کارگێری خۆیدا بە هەمەهەنگی و بەشداری لایەنی پەیوەندیدار پێك دێت.
٣- لێژنەی تایبەت هەر ژمارەو جۆرو سەرپێچی زێدەرۆیەکان دەکات و بە راپۆرتێك لایەنی بڕیاردەر ئاگادار دەکاتەوە لایەنی بڕیاردەریش بە بڕیاری پێویست لە بارەی سەرپێچی یا زیادەرۆیەکە دەر دەکات و بڕی سزایەکە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دیاری دەکات.
٤- پێکهاتەو ئەرکەکانی لیژنەی تایبەت بە رێنمایەك رێك دەخرێت کە لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت.
٥- جۆنیەتی هۆشداریدان بەو کەسەی کە سەرپێچی یان زێدەرۆیی دەکات و ئاگادارکردنەوەی لە جۆری سەرپێچی و زێدەرۆیی پێراگەیاندنی سزایەکەیان بە رێنمایەك رێك دەخرێت لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت.

ماددەی چوارەم:

١- بەرێوەبەری گشتی یا هەر کەسێك کە رایدەسپێردرێت دەسەڵاتی دادوەری و کەتنی لە سەپاندنی ئەو سزایەنە هەیە کە لەم یاسایەدا هاتووە.
٢- بڕیاری سزای پێبژاردنی شیاوی تانە لێدانە بە پێی یاسای ئەنجومەنی شوڕاو بەرکار لە هەرێمی کوردستان.

ماددەی پێنجەم:

١- سەرباری سزاکانی هاتوو لەم یاسایەدا تێچوو چاکردنەوەی تۆڕەکانی ئاو پڕکردنەوەی سەر تۆری ئاو گەڕاندنەوەی بۆ باری ئاسایی خۆی بەپێی خەسڵەتە ئەندازیارە بەرکارەکان مواسەفاتی هەندەسیە دەخرێتە ئەستۆی زێدەرۆکارو سەرپێچی کار و لەلایەن بەرێوەبەرایەتی یا فەرمانگەی ئاو بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار جێبەجێ دەکرێت.

٢- جگە لەو تێچووانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم مـادەیەدا هـاتووە هەرکەسێك لەم سـەرپێچیانەی کە لەم یاسایەدا هاتووە ئەنجام بدات بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە و.

أ- بڕێـك کە لە (٢٥٠) هەزار دینـار کەمتـر نەبێـت و لە (٤٠٠) هەزار دینـار زیـاتر نەبێـت، ئەگەر سـەر پێچی لەسەر بۆری ئاوی تیرەی یەك و نیو ئینج تا سێ ئینج بوو.

ب- بڕێك کە لە (٤٠٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن دینار زیـاتر نەبێـت، ئەگەر سـەرپێچی لەسەر بۆری ئاوی گەورەتر لە سێ ئینج تا شەش ئینج بوو.

ت- بڕێك کە لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٢) ملیۆن دینـار زیـاتر نەبێـت، ئەگەر سـەرپێچی لەسەر هێلی ئاوی گەورەتر لە (٦) ئینج تا ( ١٢) ئینج بوو.

ث- بڕێك کە لە (٢) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٦) ملیـۆن دینـار زیـاتر نەبێـت، ئەگەر سـەر پێچـی لەسەر هێڵی ئاوی گەورەی (١٢) ئینج تا (٢٤) ئینج بوو.

ج- بڕێك کە لە (٦) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێـت، ئەگەر سـەرپێچی لە سەر هێڵی ئاوی گەورەی (٢٤) ئینج بەرەو سەرو بوو.

دووەم: هەر کەسێك ئەو زێـدەڕۆیانەی لەم یاسـایەدا هـاتووە ئەنجـام بـدات بە پێبژاردنێـك سـزا دەدرێت بەم شێوەی خوارەوە.

أ- بڕی (٤٥٠) هەزار دینار لە کاتی بەستنەوەی بۆری تیرەی یەك و نیو ئینج بە تۆڕەکانی ئاو.

ب- بڕی (٧٥٠) هەزار دینار لە کاتی بەستنەوەی بۆری تیرەی سێ لە سەر چوار ئینج بوو تۆڕەکانی ئاو.

ت- بـڕی یەك ملیـۆن دینـار لە کـاتی بەسـتنەوەی بـۆری تیـرەی سـێ لە سـەر چـوار ئیـنج بـوو بەروەو سەروو بە تۆڕەکانی ئاو.

ث- بڕی (٢٥٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٥٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێت لە کاتی بەسـتنی ترومپـای ئـاوی راسـتەوخۆ لەسـەر تـۆری گواسـتنەوەو دابەشـکردنی ئـاوی شـارو شـارۆچکی گونـدەکان مەبەسـتی راکێشـانی ئـاو بە بـێ رەزامەنـدی لیـژنەی تـایبەت سـەر بـاری دەسـت بە سـەرداگرتنی ترومپاو گشت کەرستە بەکار هێندراوەکان لە زێدەرۆیەکەدا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عباس فەرمووو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم:

١- هەر کەسـێك سـەرەرای ئەنجامـدانی سـەرپێچی یـان زیـادەرۆیەك کە لەم یاسـایەدا هـاتووە کەرەسـتەیەکی پـرۆژەو تۆرەکـانی ئـاو ببـات سـەرەرای هەر سـزایەك کە لە یاسـای بەرکارەکانـدا هاتووە بە پێ بژاردنێك سزا دەدرێت کە لە (٣٠٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٧٥٠) هەزار دینـار زیاتر نەبێت بۆ هەر دانەیەك.

٢- حوکمەکـانی بـڕگەی یەکەمـی ئەم مـاددەیە بەسـەر هەر کەسێك جێبەجـێ دەکرێـت کە کـڕین و فرۆشتن بەو کەرستە براوانەیان کردبێت.

ماددەی حەوتەم:

یەکەم: هاوبەش بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت لەم بارانەی خوارەوەدا.
١- بە بڕی (٥٠) هەزار دینار ئەگەر ئاو گرەوەی تەوافە لە سەر عەمباری ئاوەکە نەبەسترابێت.
٢- بە بڕی (٥٠٠) هەزار دینار ئەگەر دەسکاری پێوەری ئاو پاشکۆکانی بکات.
٣- بە بڕێك کە لە (٤٠٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٧٥٠) هەزار دینار زیاتر نەبێت بە گوێرەی تیـرەی بۆریەکە ئەگەر بە بێ مۆڵەتی بەرێوەبەرایەتی و فەرمانگە لە یەك هاوبەشی زیاتری هەبوو.
دووەم: نرخـی ئەو ئـاوەی کە هـاوبەش لە تۆرەکـانی ئـاو بە پێـی حـوکمی بـڕگەی یەکەمـی ئەم ماددەیە بە فیرۆیداوە بە پێی ماوەو نرخی کاتێك دیاریکراو لە هاوبەش وەردەگیرێـت و لەلایەن بەرێوەبەرایەتی و فەرمانگەکانەوە ئاماژە دەکرێت.
ماددەی هەشتەم:
یەکەم: هەرکەسـێك سـەرپێچی و زیـادەرۆیی لەسـەر تۆرەکـانی ئـاوەرۆ ئەنجـام بـدات تێچـوی چاککردنەوەو پڕکردنەوەی بە شێوەی ئەندازەی داپۆشین و گەڕاندنەوەی بـۆ بـاری ئاسـایی خـۆی بە پێی ئاکارە ئەندازەیە بەرکارەکان دەخرێتە ئەستۆ و لەلایەن بەرێوەبەرایەتی یـان فەرمـانگەی ئاوەڕۆ بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار جێبەجێ دەکرێت.
دووەم: هەرکەسـێك سـەرپێجی و زیـادەرۆیی لەسـەر تۆرەکـانی ئـاوەرۆ ئەنجـام بـدات سـەرباری چاککردنەوەی بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت بەم شێوەی خوارەوە:
١- بڕی (١٥٠) هەزار دینار بۆ تۆری ئاوەڕۆ تیرە (٢٠) تا (٤٠)سانتیم.
٢- بڕی (٣٠٠) هەزار دینار بۆ تۆری ئاوەڕۆی تیرەی (٤٥) تا (٧٥) انتیم.
٣- بڕی (٥٠٠) هەزار دینار بۆ تۆری ئاوەڕۆی تیرە (٨٠) تا (١٢٠) سانتیم.
٤- بڕی یەك ملیۆن دینار بۆ تۆری ئاوەڕۆی تیرە لە (١٢٥) تا (١٨٠) سانتیم.
٥- بڕی (٢) ملیۆن دینار بۆ تۆری ئاوەڕۆی تیرە (١٨٥) تا (٢٧٥) سانتیم مەتر یەن.
٦- بڕی (٥) ملیۆن دینار بۆ تۆری ئاوەڕۆی سندوقی بە هەموو ئەندازەکانیەوە.
٧- بە بڕێك کە لە (١٠٠) هەزار کەمتر نەبێت و لە (٣٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێت بـۆ ئەوەی فرێـدانی هەر ماددەیەك یان پاشـەرۆیەك کە کـاریگەری هەبێـت لە سـەر توانـاو ئـاوە شـۆرکردنی تـۆڕی ئاوەڕۆ.
٨- بە بڕێك کە لە (٦٠٠) هەزاردینار کەمتر نەبێـت و لە یەك ملیـۆن و پێـنج سـەد هەزار دینـار زیـاتر نەبێـت بە هـۆی بەسـتنەوەی ئـاوەڕۆکە بە بـێ مـۆڵەت بەرێـوەبەرایەتی یـان فەرمـانگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:
سـەرباری گەڕانـدنەوەی کەرسـتەی بەردراو یـان لە ئەسـتۆکردنی گـرینەوەی بە نرخـی رۆژ سەرپێچیکار بە پێبژاردە سزا دەدرێت بەم شێوانەی خوارەوە.
١- بە بڕی (٢٠٠) هەزار دینار بەرامبەر بردنی تۆری موشەبەك لە چەپەری وەرگرتنی ئاوەڕۆ.

٢- به بڕی (٢٥٠) هەزار دینار بەرامبەر بردنی تۆری سەر چەپەری و وەرگرتنی ئاوەڕۆ بە چوارچێوەکەیەوە.
٣- بە بڕی (٤٠٠) هەزار دینار برامبەر بردنی قەپاغی مەنهۆڵ.
٤- بە بڕی (٥٠٠) هەزار دینار بەرامبەر بردنی بە قەپاغی مەنهۆڵ بە چوار چێوەکەیەوە.

ماددەی دەیەم:

یەکەم: هەر کەسێك بۆ جاری دووەم زیادەڕۆیی لە ڕێگەی پرۆسەی بەستنەوە ئەنجام بدات بە بژاردنێك سزا دەدرێت کە لە (٥٠٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت لەگەڵ دەست بەسەر داگرتنی کەرستەکانیش.

دووەم: ئەم بارانەی خوارەوە بە دۆخی توندکراو دادەنرێت.

١- ئەگەر زیادەڕەوی لەلایەن کەسێکی هونەری یان پێشرەو ئەنجام بدرێ.
٢- ئەگەر زیادەڕۆیی لەلایەن فەرمانبەرانی وەزارەت ئەنجام بدرێ.
٣- ئەگەر زیادەڕۆکار لەسەر ئەو تۆرەی کە زیادەڕەوی لەسەر کردووە ڕێگە بە زیادەڕەوی یان سەرپێچی کەسانی تر بدات.

سێیەم: ئەگەر باری ئەو سزایەی کە لە خاڵی دووی بڕگەی دووەم ئەم مادەیەدا هاتووە فەرمانبەران لە حوکمەکانی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران بە کار لە هەرێم بە دەرناکرێن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك نزار.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

١- بڕی ئەو پێبژاردنەی کە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بڕیاری لێ دەدرێ بە ڕێژەی سەدا (٣٠) لە سەد کەم دەکرێتەوە ئەگەر سەرپێچیکار یان زیادەڕۆکار لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕێکەوتنی دەرچوونی بڕیارەکە ئەستۆی خۆی لێ پاك بکاتەوە.
٢- بڕی پێبژاردنەکە بە ڕێژەی (١٥٪) لە سەد کەم دەکرێتەوە ئەگەر سەرپێچیکار یان زیادەڕۆکار لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیارەکە ئەستۆی خۆی لێ پاك بکاتەوە.
٣- بڕی پێبژاردنەکە بە پێبژاردەی (١٠٪) کەم دەکرێتەوە ئەگەر سەرپێچیکار یان زیادەڕۆکار لە ماوەی (٦٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیارەکە ئەستۆی خۆی لێ پاك بکاتەوە.

دووەم:

١- ئەگەر زیادەڕۆکار یان سەرپێچیکار ئامادە نەبوو بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بڕیاری پێبژاردنەکە بدا ئەوا بە پێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزەکانی حکومەتیش ژمارە (٥٦) ی ساڵی (٧٧)ی هەموار کراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ.
٢- ئەگەر وەرگرتنی بڕی پێبژاردنی بڕیار لێدراو بە پێی خاڵی (أ )ئەم بڕگەیە مەحاڵ بوو ئەوا دۆسیەی سەرپێچیکاری یان زیادەڕۆکار ڕەوانەی دادگای تایبەتمەندی ناوچەکە دەکرێت و بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە لە سێ مانگ کەمتر نەبێت و لە شەش مانگ زیاتر نەبێت سزادەدرێت.

٣- حوکمدارو بە پێی خاڵی دووی ئەم بڕگەیە، ئەگەر ماوەی بەندکردنەکەشی تەواو بێ تا بڕی پێبژاردنی بڕیاری لێدراو رادەست نەکات ئازاد ناکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم محەرەماتی پڕۆژەو تۆرەکانی ئاوو ئاوەڕۆ .

ماددەی ( ١٢):

یەکەم: موحەڕەماتی پڕۆژەکانی ئاو بەو شێوەیە هەژمار دەکرێت.

١- بۆ موحەڕەماتی ئاو بیرو خواردنەوە لە سەنتەری بیرەکە (١٥) مەتر.

٢- بۆ موحەڕەماتی کانییەکان و بیرە رۆکارییەکان (٢٥) مەتر کەمتر نەبێت.

٣- بۆ موحەرەماتی پڕۆژەکانی وێستگەکانی ئاو لە شۆرگە (٢٥) مەتر بۆ موحەرەماتی وێسگەی لاوەکی ناو ئاو لە شۆرگەی (١٥) مەتر بۆ موحەرەماتی خەزانی ژێر زەوی و سەر زەویی بە شۆرگە (١٠) مەتر بۆ موحەرەماتی خەزانی بڵند و پێوانەیی بەرزییەکەی یەك پۆین پێنج دەبێت.

دووەم:

کارگەکانی چەو لیم دەبێت لایەنی کەم سێ کەم دوو بێ لە بەشی وەرگری پڕۆژەکانی ئاو، ئەگەر کەوتبوو بەشی سەرەکی وەرگری پڕۆژەکە و یەکەم دوور بێت ئەگەر کەوتبووە بەشی خوارەوە وەرگری پڕۆژەکە و لە هەردوو دیوی روبەرەکە لەگەڵ جێبەجێکردنی گشت رێکارەکانی پاکو وەرگرتنی رێڕەوی سێ یەکی رووبار سەرچاوەکان لە هەر جۆرێکی پیس بوون.

سێیەم:

پڕۆژەو کلکەکان بەخەوێوکردنیان ئاژەڵ و پەلەوەر و ماسی پێویستە دەوریان لە کانییەکان و بیرۆکارییەکان و پڕۆژەکانی پاڵاوتنی ئاو ئاوەڕۆ لە (٥٠٠) مەتر کەمتر نەبێت.

ماددەی سێزدەهەم:

موحەرەماتی تۆڕەکانی ئاو لە سەنتەری بۆری بەم شێوەیە هەژمار دەکرێت.

یەکەم: بۆ تۆرەکانی دابەشکردنی موحەرەمات بۆری ئاو کە تیرەکەی تا (٨) ئینج بێت یەك مەتر.

دووەم:

بۆ تۆرەکانی گواستنەوە لە ناو سنووری شارەوانییەکان بەم شێوەیە هەژمار دەکرێت.

١- بۆ موحەرەماتی هێڵی ئاو زیاترلە تیرەی ( ٨ تا ١٦) ئینج یەك پۆینت مەترو نیو .

٢- موحەرەماتی هێڵی ئاوی زیاتر لە تیری (١٦ تا ٢٤) ئینج دوومەتر.

٣- بۆ موحەرەماتی هێڵی ئاوی تیری (٢٤) ئینج بەرەو سەرەوە (٣) مەترو نیو یان زیاتر بە گوێرەی پێویست هەبونی مەودای پێویست.

سێیەم:

بۆ تۆرەکانی گواستنەوە لە دەرەوەی سنوورەکانی شارەوانییەکان بەم شێوەیە هەژمار دەکرێت.

١- بۆ موحەرەماتی هێڵی ئاو زیاتر لە تیری (٨ تا ١٦) ئینج (١٤) مەتر.

٢- بۆ موحەرەماتی هێڵی ئاو زیاتر لە تیری (١٦ تا ٢٤) ئینج (٧) مەتر.
٣- بۆ موحەرەماتی هێڵی ئاو بۆ تیری (٢٤) ئینج بەرەو سەرەوە (١٠) مەتر.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ١٤:

یەکەم:

١- لە سنووری موحەرەماتی پرۆژەو تۆڕەکاندا نابێت بە بێ ئەوەی وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هیچ جۆرە کارێك ئەنجام بدرێت وەك بیناسازی راکێشانی تۆڕی ئینتەرنێت و کارەبا دانانی ستونی کارەباو پیسکردنی سەرچاوەی پرۆژە ئاوییەکان یان هەر کارێکی دیکە.
٢- تێچونی لادانی زیادەڕۆیی لەسەر موحەرەماتی پرۆژەکانی ئاو گەڕاندنەوەی بۆ باری ئاسایی پێش زیادەڕۆیەکە بەپێی ئاکارە ئەندازەیە بەرکارەکان دەخرێتە ئەستۆی زیادەڕۆکارو لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ئاو ئاوەڕۆ بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار ئەنجام دەدرێت.

دووەم:

سەرباری لە ئەستۆگرتنی تێچوی لادانی زیادەرۆکە بە پێی خالی یەکەم ئەم بڕگەیە زیادەرۆکار بە پێ بژاردنێك سزا دەدرێت کە لە (٧٥٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.

ماددەی ١٥:

موحەرەماتی ئاوەڕۆ بەم شێوەیە ئەژمار دەکرێت:

یەکەم: موحەرەماتی بۆری ئاوەڕۆ لە لێواری دەرەوە لە هەر لایەکی دوو مەتر دوور دەبێت بە رەچاو کردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

دووەم: موحەرەماتی ئاوەڕۆی سندوقی بە هەموو ئەندازیەکانییەوە لە لێواری دەرەوە لە هەر لایەکی (٣) مەتر دەبێت بە رەچاوکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

سێیەم: موحەرەماتی کەندی ئاوی سرووشتی بە پانتایی کەندەکە پارێزراو بێت لەگەڵ (١٠ تا ٢٠) مەتر وەك موحەرەمات لە هەر لایەك و لەلایەن لیژنەی تایبەت بڕیاری لەسەر بدرێت.

چوارەم: موحەرەماتی تایبەت بە پرۆژەو وێستگەکانی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ دەبێت (٢٥) مەتر لە شورەکە دەبێت دووربێت.

ماددەی ١٦:

یەکەم: تێچوی لادنی سەر پێچی لەسەر موحەرەماتی ئاوەڕۆ گەراندنەوەی بۆ باری ئاسایی پێش سەرپێچیەکە بە پێی ئاکارە ئەندازە کار پێکراوەکان دەخرێتە ئەستۆی سەرپێچیکار و لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ئاو ئاوەڕۆ بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار ئەنجام دەدرێت.

دووەم: سەرباری لە ئەستۆگرتنی تێچوی لادانی سەرپێچیەکە بە پێی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە سەرپێچیکار بە پێ بژاردنێك سزا دەدرێت کە لە (٧٥٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە ملیۆنێك و پێنچ سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.

ماددەی ١٧:
تێپەڕاندنی سنووری هەر موحەرەماتێك كە سەرچاوەی پیسبون بێت و لە حوكمەكانی ئەم یاسایە دیاری نەكرابێت یان ئامـاژەی پـێ نەكرابێت یان واقع حاڵ بێت لە ڕێگای لیژنەیەكی تایبەت پشكنینی بۆ ئەنجام دەدرێت بۆ یەكلای كردنەوەو چارەسەركردنی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شنۆ خان.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی ١٨:
قەرەبووكردنەوی گشت ئەو زەوییانەی شوێنی پرۆژەكانی ئاو ئاوەڕۆ بەكار دێت یان وەك موحەرەمات دیاری دەكرێت لە ڕێگای خۆ ماڵەكردنی یا كوژاندنەوەی یان بە پێی یاسا بەركارەكان و بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار دەبێت و بەڕێوەبەرایەتی ئاو ئاوەڕۆ بەردەوام دەبێت و لایەنی پەیوەندیدار لەو یەكە كارگێریە تۆمار دەكرێت.

بەشی چوارەم:

دانانی یەكەی چارەسەر وحدات و موعالەجە:

ماددەی ١٩:

یەكەم:

١- پێویستە سەرجەم پرۆژەكانی نیشتە جێبوون بازرگانی پیشەسازی گەشتیاری تەندروستی یان هەر پرۆژەیەك پاشەڕۆی شلەی پیسی هەبێت یەكەی چارەسەری ئاوەڕۆییەكاندا دا بنێت لە كاتی پێدانی مۆڵەتی پرۆژەكە گشت نەخشەو هێڵكاریەكان یەكلای دەكرێتەوە لە ژێر سەرپەرشتی راستەو خۆی بەرێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەكان جێبەجێ دەكرێت.
٢- پێویستە شوشتنگەو بەهەموو جۆرەكانی بەنزینخانەكان و شوشتنگەكانی خزمەتگوزاری چاكردنەوەی ئۆتۆمبێل یەكەی چارەسەری ئاوی بەكار هاتوو دابنێت و لەكاتی پێدانی مۆڵەتی پرۆژەكە گشت نەخشەو هێڵكارییەكانی یەك لای دەكرێتەوە لە ژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی بەرێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەكاندا جێبەجێ دەكرێت.
٣- پێویستە گشت ئەو پرۆژانەی كە پاشەڕۆی كیمیایی شلی هەیە یەكەی چارەسەری كیمیایی دابنێت و شێوەو چۆنیەتی چارەسەركردنی پاشەڕۆكانی لە هەر دۆخێكدابێت دیاری بكات و لەكاتی پێدانی مۆڵەتی پرۆژەكە گشت نەخشەو هێڵكارییەكانی یەكلایی دەكرێتەوەو لە ژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی بەرێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەكان دا جێبەجێ دەكرێت.

دووەم:

١- جێبەجێكردنـی هەر یەك لە خاڵەكـانی بـڕگەی یەكەم یەكەمـی ئەم مـاددەیە لەلایەن بەرێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەكان بە پێی ئاكارە ئەندازەیە بەركارەكان دەبێت.
٢- سەرپەرشتی بە دواداچوونی چۆنییەتی كاركردنی یەكەكانی چارەسەركردنی ئاماژە پێكراو بڕگەكانی ئەم ماددەیە لە ئەستۆی بەرێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەكانە.

بەشی پێنجەم:

حوکمە گشتییەکان:

ماددەی ٢٠:

١- ئەو گوژمـانەی بە پێـی ماددەکـانی چـواری ئەم یاسـایە وەردەگیرێـت بە داهـاتی کۆتـایی بـۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان تۆمار دەکرێت و راسـتەوخۆ بـۆ مەبەسـتی چاکسـازی و خزمەتگـوزاری پڕۆژەکانی ئاو ئاوەڕۆ و هاندان خەرج دەکرێـت و وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری بە هـۆی ئەم داهاتە هیچ گوژمەیەك لە بودجەی بەڕێوەبەرایەتییەکان کەم ناکاتەوە.

٢- رێـژەی (١٥٪) ئەو گوژمـانەی بە پێـی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە وەردەگیرێـت دەدرێـت ئەو فەرمـانبەرانەی کە لە بەشـی یـان هـۆبەی سـەرپێچیەکان و زیادەڕۆییەکـان کـار دەکەن و ئەو لایەنـانەی سـەرپێچیەکان لا دەدەن ئەمەش بە پێـی رێنمایەکـان رێـك دەخرێـت و لەلایەن وەزیر دەردەکرێت.

ماددەی ٢١:

١- پێـوەرو گشـت ئاکـارە تەکنیکییەکـانی تـایبەت بە پـڕۆژەو تۆڕەکـان لەلایەن بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی و بەڕێوەبەرایەتییەکـانی ئـاو ئـاوەڕۆ بە هەمـاهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیـدارەکان ئامادە دەکرێت.

٢- مەرج و رێکـارو دەسـەڵاتی پێـدانی مـۆڵەتی هـاوبەش لە خزمەتگـوزاری ئـاو ئـاوەڕۆ ئەرکـی جێبەجێکردنی بە رێنمایی لەلایەن وەزیر رێك دەخرێت.

٣- بەستن و خوێندنەوەی پێوەری ئاو دیاریکردنی نرخی خزمەتگوزاری ئـاو ئـاوەڕۆ بە رێنمـایی لە لایەن وەزیر رێك دەخرێت.

٤- ئەنجام دانی هەر پڕۆژەیەك لە پڕۆژەو تۆڕەکانی ئاو بە بێ رێپێدانی بەرێـوەبەرایەتی گشـتی و بەرێوەبەرایەتیەکانی ئـاو ئـاوەڕۆ بە هەمـا هەنگـی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیـدارەکان رێـگەی پێنادرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٢٢:

یەکەم: سـزایەکان هـاتوون لەم یاسـایەدا ئەو کەسـانە نـاگرێتەوە کە زیـادەڕۆی یـان سـەرپێچیان کردووە لە مـاوەی (١٨٠) رۆژ لە رێکەوتـی دەرچـوونی ئەم یاسایە ئاگاداری بەرێـوەبەرایەتی یـان فەرمانگەکـان دەکەن لە شـوێن و جـۆری زێـدەڕۆیی یـان سـەرپێچی و بە شـێوەیەکی فەرمـی بەڵێنامە پێشکەش دەکات لە ماوەی (٣٠) رۆژدا لە ژێر چاودێری لایەنـی پەیوەندیـدار زیـادەڕۆیی یـان سـەرپێچییەکان لا بـدەن و لایەنـی پەیوەندیـدار لابـردنەکەو ئاسـایکردنەوەکە بە فەرمـی پشتراست بکەنەوە بە پێچەوانەشەوە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

دووەم:

ئەو کەسـانەی مـۆڵەتی فەرمـی لایەنە پەیوەندیـدارەکانیان هەیە دوای هەڵسـەنگاندن لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتمەند لە سزایەکانی هاتوون لەم یاسایە بەدەر دەکرێن.

ماددەی ٢٣:
هەر کەلوپەل و ئامێرو ئامرازێك بۆ سەرپێچی و دەست درێژی کردنە سەر ئاو ئاوەڕۆ بەکار هێندرابێت دەستی بەسەر دادەگیرێت بە گوێرەی ڕێساییەکانی دەست بەسەر داگرتن مصادەرە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.
ماددەی ٢٤:
هەر کەسێك بەشداربێت لە سەرپێچی کردن و زیادەڕۆیی لەسەر تۆڕەکانی ئاو ئاوەڕۆ بە بەرامبەر بێت یان بە بێ بەرامبەر بە هەمان سزای سەرپێچی کاری زیادەڕۆکار سزا دەدرێت.
ماددەی ٢٥:
بە مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە وەزیر ڕێنمایی پێویست دەردەکات.
ماددەی ٢٦:
ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبە جێ دەکەن.
ماددەی ٢٧:
کار بە دەقی هیچ یاساو بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.
ماددەی ٢٨:
ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هۆیەکانی دەرچوواندنیش بخوێنەوە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچواندن:
بە مەبەستی پاراستنی پڕۆژەو تۆڕەکانی ئاو ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان و دڵنیابوون لە تواناکانی ئەم تۆڕانە لە رووی هونەرییەوە پارێزگاری کردن لە ژینگەو پێدانی ئاوی خاوێن بە هاووڵاتییان بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو پاراستنی تەندروستی گشتی و پاراستنی ژێرخانی ئابووری و بە فیرۆ نەدانی سامانی گشتی ئەم یاسایە دەرچووێندرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ئەم راپۆرتە ببێتە بنەمای گفتوگۆ، با دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس بە دەنگی (٦٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا کە ئەم راپۆرتە بکرێتە بنەمای گفتووگۆ، فەرموون ناو نیشان بخوێنەوە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناو نیشان: پێشنیازە یاسای پاراستنی پڕۆژەو تۆڕەکانی ئاو ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان - عیراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان تێبینی لەسەر ئەو ناونیشانە هەیە با بفەرموێ ناوی خۆی بنووسێت (کاك مەم، کاك گۆران، د.شایان، گلستان خان، کاك چیا، سارا خان، کاك

رزگار، کاك بەلین، د.ڕێبوار، بەدریە خان، د.گەڵاویژ) کێمان نەنووسیوە، بەڕێزان ئەو ناوانەی خوێندمانەوە، کاك ڕۆمیۆ نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی من نوقتەی نیزامی بەشی زۆری خەڵکی کوردستانە، خۆی لەمە لەسەر پێچی کردن و سزادانی سەرپێچی کار لە ماددەی (٣ بۆ ١٢) هەموو باسی غرامات و پێ بژاردن دەکات، بەڵام لە ماددەیەك کە بە سێ فەقەرە باسی پێوەری ئاو دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با بگەینە ئەو ماددەیە ئەوە نوقتەی نیزامی نییە کاك ڕۆمیۆ، نوقتەی نیزامی نییە ئەوە، فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بەدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێکم هەبوو لە لیژنەی یاسایی بۆ پرسی ئاو بەنداوەکانی ئاو ئاوەڕۆ سێ پرۆژە یاسای خوێندنەوەی یەکەمی بۆکراوە لە بەرواری ٢٧-١٠-٢٠٢٠ ئایە ئەمە کام راپۆرتەی ئامادەکراوە، هیوادارم کە جواب وەربگرین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڵێ ئەی چۆن دەبێ جواب بدەنەوە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان سێ پرۆژە یاسا خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کرا لە پەرلەمانی کوردستان و دواتر ئاراستەی لیژنەی شارەوانی کرا، ئێمە لە لیژنەی شارەوانی وێرای ئەوەی خۆمان چەند کۆبوونەوەیەکمان کرد و دواتر کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی ئاو ئاوەڕۆ لە هەر چوار پارێزگاکەو ئیدارە سەربەخۆکە کرد و کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان کرد، دواتر لەگەڵ بەشی یاسایی و لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گواستنەوەو گەشتو گوزار لە هەرێمی کوردستان گفتوگۆمانکرد دەر ئەنجامی هەموو ئەو پرۆژانەو و ئەو سەرنج و تێبینیانەی بەڕێوەبەرانی ئاو ئاوەڕۆ لە هەر چوار پارێزگاکەو ئیدارە سەربەخۆکان هەیان بوو، لە دوو توێی ئەم رەشنووسە ئامادەکراوەو دواتر بۆتە ئەم پێشنیازە یاسایەی کە ئەمڕۆ گفتوگۆی لەسەر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ناونیشانی یاساکە، بەڵام بەراستی من دەمەوێت تێبینیەك بخەمەڕوو، یەکەم هەدەفی ئەو یاسایە وەکو هەندێك لە بڕگەکەو ماددەکانیشدا هاتووە، باسی ڕێگریی کردن و پاراستنی سامانی ئاو دەکات، لەگەڵ لە بنەرەتدا ناوەرۆکی پرۆژە یاساکە یا پێشنیازی یاساکە ئەو

هەدەفەی کە ئێمە بۆ ئەم یاسایە مەسەلەی پاراستنی سامانی ئاوە، یا مەبەستی ئەو تۆڕو بنچینانەیە ئەمە یەکێکە لە کێشە ئەساسیەکان، ئێستا برای بەرێزم کاك هیڤیدار لە بیرۆکەکەی باسی کرد کە ئێمە لە چەند ساڵی ئایندە فعلەن من دەست خۆشی لێ دەکەم بیرۆکەیەکی زۆر باش بوو کە تووشی چەند مەشاکیلی گەورە دەبین لە ئاو، ئایا ئەم یاسایە سامانی ئاو دەپارێزێت؟ یا تۆڕو بنچینەکانی دەپارێزێت؟ ئەگەر سامانی ئاو دەپارێزێت بەراستی خەلەلێکی گەورە لە بڕگەو ماددەکانی هەیە و، ئەگەر نا دەبێ لەو بڕگەو ماددانەی کە مەسەلەن لە ماددەی دوو لە ئامانجەکان باسی پاراستنی سامانی ئاو پاك ڕاگرتنی ئاو دژی یەکێکە یا لە فەلسەفەی دەرچوواندنی یاساکە، هیوادارم هەم لیژنەی قانوونی ڕوونکردنەوەمان بداتی، ئەگەر مەبەستمان بۆ سامانی ئاویشەوە بێت فەسڵێکی تێدا جێگە بکەینەوە، بەراستی ئەگەر نا لەو بڕگەو ماددانەی کە باس لە پاراستنی سامانی ئاو دەکات پێویستە لا ببرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیازە یاسای پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان، پڕۆژەیەکی زۆر ستراتیژیە، پێشنیازە یاسای زۆر ستراتیژیە خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کردووە، ئەمە بە تەنها پەیوەندی بە پاراستنی بونیەی تەحتی ئاو ئاوەڕۆ هەیە، هیچ پەیوەندی بە پاراستنی خودی ئاوەکەوە نییە، بۆیە باسی ئەو بابەتانە نەکراوە و ئەگەر لیژنەکان قسەیەکتان هەیە دکتۆر بژار.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەو پڕۆژە یاسایە ئامانجەکە پاراستنی تۆڕو بنچینەکانی ئاو ئاوەڕۆیە لە هەرێمی کوردستان و بە پێی ڕاپۆرتەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان دەست درێژی و زێدەڕۆیی یەك جار زۆر دەکرێتە سەر تۆرو بنچینەکانی ئاو ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش زیانی زۆری بە سامانی گشتی گەیاندوە وای لێکردوە کە لە زۆرێك لە شارو شارۆچکەکان تاکو ئێستاش کێشەی کەمی ئاومان هەبێت، بۆیە ئەم یاسایە پێویستە و فەراغی تەشریعی لەم بوارە دا هەیە، نەك لە هەرێمی کوردستان تەنانەت لە عێراقیش هەیە، بۆیە بۆ پاراستنی تۆڕەکانی ئاو چارەسەرکردنی کێشەو گرفتی ئاوی خواردنەوە لە ماڵان و ئاوەڕۆش دەرچوواندنی ئەم یاسایە پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ناوەڕۆکی یاساکە باسی پاراستنی سامانی ئاو دەکات و لە هۆیەکانی دەرچوواندنیش باسی دەکات، بۆیە لەگەڵ ناو نیشانەکە دەبێ یەك بگرێتەوە، پێشنیار دەکەم بنووسرێت پێشنیازە یاسای پاراستنی ئاو پڕۆژەو تۆڕەکانی ئاو و پرسیارێکیشم هەیە، ئایا مەبەست چییە لە بنچینەکانی ئاو مەبەستیان سەرچاوەکانی ئاوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، پرسیارەكانی پەرلەمانتاران بنووسن، حەز دەكەن یا یەكێك لە بەڕێزتان جوابیان بدەنەوە، فەرموو كاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبەست لێی دیارە شەبەكاتی ئاوە بنچینەكان، یەعنی تەئسیساتی ئەو بۆڕی و هی ئاو ئاوەڕۆش هەردووكیان دەگرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی، فەرموو كاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیەك و ئیزافەك هەیە، پێشنیازی یاساو پاراستنی پڕۆژەو تۆڕەكانی ئاو ئاوەڕۆ لە هەرێمی كوردستان من پێم باشە ئەگەر ڤی شێوازی بێت پێشنیازە یاساو یاسای پاراستن و چاودێری پڕۆژە تۆڕەكان و ئاو ئاوەڕۆ، چونكە ئەگەر تۆ چاودێری نەكەی و شەبەكەكانی پاراستنی ئەوەی بیكەی، بۆ نمونە ئەگەر شەبەكەی تۆڕێكا ئاو بێتە شكاندن بیتە لیژنەیەكا تایبەت یا گروپەكا تایبەت ئاڤ كە چاودێری بۆریا شەبەكات بپارێزێ كەلیمات چاڤدێری ببێتە ئیزافەكرن باشتر بیتە سەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆرە گەلاوێژ.

**بەڕێز د.گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیازە یاسای پاراستنی پڕۆژەو تۆڕەكانی ئاو ئاوەڕۆ لە هەرێمی كوردستان – عێراق، پێم باشە بنووسرێت پێشنیازە یاسای پاراستنی پڕۆژەو وێستگەكانی تۆڕەكانی ئاو ئاوەڕۆ لە هەرێمی كوردستان، واتا وێستگەكان واتە محەتات بۆی زیاد بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سارا خان.

**بەڕێز سارا دڵشاد بكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشانەكە پێم باشە ناونیشانەكە بكرێ بە قەدەغەكردن و دەستكاری كردن زیان گەیاندن بە تۆڕو بنچینەكانی ئاو ئاوەڕۆ - لە هەرێمی كوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس من تێبینیەكە پێشكەش ناكەم، سوپاس .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران عمر علی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان،

قسەکانی من بەشێکی زۆری لە لایەن کاك بەڵێن و دکتۆرە شایانەوە کرا،بەڵام پێویستە ئەم پڕۆژە یاسایە لە یەکتری جیا بکرێتەوە پێم وابێت تێکەڵەیەك هەیە پاراستنی سامانی ئاو،چونکە ئاو سامانە لە هەموو جیهاندا و پاراستنی تۆڕو بنچینەکانی ئاو ئاوەڕۆ بکرێتە پڕۆژە یاسایەکی ترو زۆر سوپاس .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان :**

سوپاس، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ناونیشانی ئەم پێشنیازە یاسایە بە بڕوای من لە جیاتی ئەوەی بڵێین پێشنیازە یاسای پاراستنی پڕۆژەو تۆڕەکانی ئاو ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان – عێراق، پێم باشە بکرێتە ئەوەی کە پێشنیازە یاسای پاراستنی پڕۆژەو تۆڕەکانی ئاو ئاوەڕۆ قەدەغەکردنی دەستکاری کردنیان لە هەرێمی کوردستان - عێراق قەدەغەکردنی دەستکاریکردنیان بۆی زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کار ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە پێشنیازە یاسای یا پڕۆژە یاسایەکی گرینگە، ئەو بابەتە بابەتێکی ستراتیژیە وەکو چۆن پسپۆڕانی بواری چۆپۆڵەتیك پێیان وایە لە بیست ساڵی داهاتوو شەر لەسەر ئاو دەبێت، هیوادارین ئەوە کە بوو بە یاسا حکومەتی هەرێم وەکو عەرەب دەڵێ بە (اضافرها) جێبەجێی بکات، من لەسەر تایتڵەکە لە راستیدا دوو تێبینیم هەیە، تێبینیەکیان شکڵی ئەویدیکەیان ناوەرۆکە، ئەگەر لە نێوەڕۆکەکەوە دەست پێ بکەین لە هۆیەکانی دەرچووانـدن فەقەرەیەك هەیە دەڵێت پاراستنی سامانی گشتی، واتا پاراستنی ئاو وەکو سامانی گشتی، جەنابیشت ئاماژەت پێدا ئێمە پێشنیازە یاسای خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا لەسەر ئاو بوو لەسەر تۆڕو بنچینەکان نەبوو، کەواتە ئەم تایتڵە دەبێ لەگەڵ هۆیەکانی دەرچووانـدن یەك بگرێتەوە، لە شێوەی تایتڵەکە، من وشەی پڕۆژە لەبەر ئەوەی تایتڵەکە بڕێك درێژە، ئەگەر وشەی پڕۆژە لەبەر ئەوەی لە پێناسەکان هەیە، من بە پێویستی نازانم لە عینوانەکەدا هەبێت، بۆیە بەو شێوەیەی خوارەوەی لێ بکرێت

پێشنیازی یاسای پاراستنی ئاو ئاوەڕۆ و تۆڕەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان – عێراق، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەرفەتان دەدەم لیژنە دواتر قسە بکەن، کاك ملا ویسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**
**بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان.**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من پرسیارێکم هەیە بۆ ئەوەی لیژنەی یاسایی و هەم بۆ لیژنەی تایبەتمەند لە کۆی گشتی ئەو پێشنیازە یاسایەی پاراستنی پڕۆژە و تۆڕەکانی ئاو ئاوەڕۆ لە هیچ شوێنێك باسی بەستانی پێوەرو ئەوانە نەکراوە، کە ئێستا پێوەری ئاویش بۆتە یەکێك لەو شتانەی کە سەرپێچی بەرامبەر دەکرێت، ئایا پێشتر بووە لە یادکراوە مەبەستەکە بۆ تێدانییە و زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
دەرفەتان دەدەم جەواب بدەنەوە، کاك رزگار با کاك رزگار قسە بکات کاك دابان وەرت دەگرم بەسەر چاو.
**بەڕێز رزگار محمد محمود:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە پاراستنی تۆڕەکانی ئاو ئەوا پرۆژەیەکی زۆر باشە، بەڵام دەبوو بۆ پاراستنی سامانی ئاو هەر لەم یاسایە ئەوەی جێبکرابایەوە، چونکە ئەوە تەنها باس لەوە دەکات هەتا سەعاتی ئاوەکە با بڵێین ئەو یاسایەیە، بەڵام کە ئاوەکە دەرواتە ماڵەکەی ئیتر لەوێ هیچ سزایەك نییە، بۆ ئەوەی ئەو سامانە بپارێزێ وەکو جەنابیشت ئیشارەتی پێدا کە یاسەیەکە ئەو یاسایە لەگەڵ ئەمە دابوایە، بۆئەوەی ئەو سامانی ئاو لە ماڵەکە بە فیرۆ دەدرێ و و بەردەرگای پێ دەشۆرێ و ترومبێلی پێ دەشۆرێ ئەوانەش سزای بۆ دیاری بکرێ و زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، رێگە بە لیژنە تایبەتمەندەکان دەدەین وەڵامی پرسیارانی ئەندام پەرلەمان بدەنەوە بەڕێزان.
**بەڕێز عباس فتاح صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئێمە گفتوگۆمان لەسەر ناو نیشانەکەیەتی، بەڵام من روونکردنەوەیەك دەدەم بۆ ئەو ناونیشانە دانراوە، خۆی ئەگەر تۆڕەکانی ئاو پەیوەندی بە ئاوی خواردنەوەی ماڵانەوە هەیە، نەك بە ئاوی گشتییەوە پەیوەندەی بە ئاوی خواردنەوەی ماڵەکانە، ئەگەر تۆڕەکانی ئاو بپارێزین بێگومان ئەوەش پاراستنی ئاوەو زیادەڕۆیە، ئەمەیە کە مەسەلەن خەڵك هەیە ئاوێك و دوو سێی بەستاوە مەسەلەن بە جۆرێك لە جۆرەکان ئیجرائاتی لەگەڵ بکرێ، بۆریەی شەبەکانی مەسەلەن بۆ نمونە هەولێر ئەمەی شکاندوە ئەمە رێگری کردنە لەمە، بۆیە ئەوەش دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی کە پارێزگاری لە ئاو بکەین، مەسەلەی بەستانی سەعات خۆی سەعات بڕیاری بۆ دەرچووەو کاتی بۆ دیاری کراوەو هیچ پێویستی بەوە نییە، جارێکی دی یاسا دانێی ئیلان دەبێ سەعات ببەستی، بەڵام باسی ئەوە کراوە کە تۆ ئەم سەعاتەت چۆن شکاند بە جۆرێك لە جۆرەکان یەعنی ئیجرائاتی لەگەڵ بکرێ، یەعنی هەموو بابەتەکە ئەوەیە کە لەسەر ناونیشانەکە یان هیچ شتێکمان دەست کەوت،ئێمە تەنها پارێزگاریکردن لەم شەبەکاتەی کە ئاو بۆ ماڵان دەگوازێتەوە، ئەگەر پارێزگاری لێ نەکەین و رێگری لێ نەکەین ئەم غراماتانە خۆی ئیجرائاتە، کەواتە ئاو بە فیرۆ دەچێت، ئەگەر بە فیرۆ نەچێت، کەواتە ئەوا پاراستنی سامانی ئاوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بژار قسەتان هەیە بەڕێزتان، كێ قسەی هەیە، كاك لقمان، كاك رزگار.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها سەبارەت بە پرسیارێكی مامۆستا ویسی لە ماددەی (٢١) دا هاتووە باس لە پێوەری ئاو كراوە، ماددەی (٢١)ی ئەم پێشنیازە یاسایە دوای ئەوەی گەیشتینە ئەوێ دەتوانین ئەم مەسەلەیە زیاتر دەوڵەمەند بكەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ كێی تر قسەی هەیە لە لیژنەكان، فەرموو كاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە پێش ئەوەی كە ناوی ئەندامان بنووسرێ دەستم بەرزكردبۆوە، بۆ ئەوەی كە نوقتەی نیزامی وەربگری، من پرسیارێك لە بەڕێزانی شارەوانی دەكەم زیاتر لە دوو ساڵە ئێمە لە دیراسەكردنی پرۆسەیەكی زۆر گرنگین و ئەم پرۆژە یاسایەش پرۆژەیەكی زۆر ستراتیژی و گرنگە مەسەلەی پێوەری ئاوە، لێرە لە ماددەی (٢١) دا هاتووە لە دوو فەقەرەدا، بەڕێزان لە شارەوانی ئاگادارن ئێمە وەكو لیژنەی نەزاهە، وەكو لیژنەی شارەوانی لەسەر خەت بووین و كەموكوریەكانیمان خستۆتەڕوو و لەگەڵ وەزارەتیشدا لەسەر خەت بووین، ئێمە نەگەیشتوینەتە نەتیجە لەسەر ئەو پرسە لەگەڵ كۆمپانیاكاندا لەسەر خەت بوین لەگەڵ وەزارەتی شارەوانییدا لەسەر خەت بویین و ئێستا هاووڵاتی لەگەڵ كۆمپانیاكاندا كۆمپانیاكان لەگەڵ وەزارەتی شارەوانیدا وەزارەتی شارەوانی لەگەڵ ئێمەدا ئیشكالیان هەیە، چۆن ئەو پرسە هاتووە لە ناو ئەو پرۆژە یاسایە یەعنی من بۆخۆم جۆرێك لە گومانم بۆ دروست دەبێ ئەبێ برادەران جواب بدەنەوە، لە كاتێكدا ئەو كێشەیە موعەلەقە لە ناو لیژنەكاندا موعەلەقە لە بەینی هاووڵاتی و كۆمپانیاكاندا كۆمپانیاكان كێشەی گەورەیان لەگەڵ حكومەتدا هەیە، ئەم پرۆسەیە پرۆسەی پێوەری ئاو شكستی هێناوە بۆچی لەو پرۆژە یاسایە بە دووجار ناوی هاتووەو زۆر زۆر سوپاس با وەڵام بدەنەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، یەعنی چاوەڕێ ناكەی بگەینە سەر ماددەكە ئێستا دەتەوێ؟

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببورە دكتۆرە، دەڵێم بۆچی هاتووە لەو پرۆژەدا لەكاتێكدا ئێمە برادەرانی لیژنەی شارەوانی ئێمە لەسەر خەت بووین پێكەوە بووین، یەعنی كێشەیەكی موعەلەقە، بۆچی هێناویانەتە ناو ئەو پرۆژە یاسایە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون جواب دەدەنەوە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك ئاماژەمـان پێكـرد سـەبارەت بە ئامـادەكردنی ئەم پـڕۆژە یاسـایە، ئـێمە لەگەڵ وەزارەتـی شارەوانی و بە دیاریكراوی لەگەڵ بەرێـوەبەرایەتی پەیوەندیـدار كە بەرێـوەبەرایەتی گشـتی ئـاو ئاوەڕۆ لە هەرێمی كوردستان چەندین دیدارو گفتوگۆمانكردوە، پێوەری ئـاوی مـاڵان یەكـێكە لەو كێشـانەی كە ئەورۆ لە هەرێمـی كوردسـتان هەیەو و بەدیـاریكراویش لە لیـژنەی شـارەوانی ئـێمە هەم بە دواداچوونمـان بـۆ كـردووە، هەم كێشـەیەش لای ئـێمە وجـودی هەیە، رەنـگە سـەرنجمان لەسـەر ئەو گرێبەسـتانەش هەبـێ كە پەیوەندیـدارە بە كێشـەی پێـوەری ئـاوی مـاڵان و مەفـروزە چارەسەر بكرێ، من پێم وایە دیاریكردنی ماددەی (٢١) لە چوارچێوەی ئەم پێشنیازە یاسـایەی كە ئێمە لەگەڵ برادەران بە پەسندمان زانی لەسەر راسپاردەو پێشـنیازی وەزارەتـی شـارەوانی بـوو، ئەتوانین بە مداخەلەی برادەران و بە پێشنیازی تازە كۆمەڵێك قەیـدو شـەرت دابنێـین، بـۆ ئەوەی بتـوانین كێشـەی پێـوەری ئـاوی مـاڵان لە چوارچێـوەی ئەم پـڕۆژە یاسـایە چارەسـەر بكەیـن و كۆمەڵێك مەرج دابنێین بۆ لایەنـی پەیوەندیـدار، كە رێكـارو هەنگـاو بـاوێ بـۆ چارەسـەركردنیان، چونكە یەكێك لە كێشەكانی شـارو شـارۆچكەكان كێشـەی ئـاوە، خۆتـان دەزانـن زۆرێـك لە شـارو شارۆچكەكان بە دەست كەمی كێشەی ئاو دەناڵێنن، دوو رێگا هەیە بـۆ چارەسـەركردنی ئەمە بەم یاسایە ئەوانەی كە سەرپێچیان كردووەو زیاتر لە جارێك ئاویان بە موخالەفە راكێشـاوەو و ئەمە دەبێ كۆتایی پێ بێ، دوو بە تەنزیمكردنی پێوەری ئاوی ماڵان دەتوانین كۆمەڵێـك قیـود دابنێـین لە بەرژەوەندی هاووڵاتیان لە چوارچێـوەی ئەم یاسـایە، بـۆ ئەوەی بتـوانین چارەسـەری بكەیـن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سـوپاس، بەرێـزان ئـێمە ئێسـتا پشـوویەك وەردەگـرین سـەعات (٣) دەسـت دەكەیـنەوە بە كۆبوونەوەكەمان.

# پاش پشوو

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان فەرمووون لە شوێنەکانی خۆتان دابنیشن فەرمووون، بەڕێزان لە لیژنەی شارەوانی و لیژنەی یاسایی وەرنە جێگەکانی خۆتان، کاك ڕزگار عیسی سوار، کاك نزار، کاك لوقمان، کاك عباس، فەرمووون بەخێربێنەوە فەرمووون دانیشن، بەڵێ بەڕێزان دەست بە کۆبوونەوەکەمان دەکەینەوە، فەرموو بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ماددەی (١) بخوێنەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١) پێناسەکان بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:

یەکەم: هەرێم هەرێمی کوردستان - عێراق.

دووەم: وەزارەت/ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.

سێیەم: وەزیر/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.

چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو ئاوەڕۆ لە وەزارەت.

پێنجەم: بەڕێوەبەری گشتی/ بەڕێوەبەری گشتی ئاو ئاوەڕۆ.

شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی/ بەڕێوەبەرایەتی ئاو یان بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆکان،

حەوتەم: بەڕێوەبەر/ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ئاو یان ئاوەڕۆکان.

هەشتەم: لێپرسراوی فەرمانگە/ لێپرساوی فەرمانگەی ئاو یان ئاوەڕۆکان.

نۆیەم: تۆڕەکان/ تۆڕەکانی ئاو ئاوەڕۆو پێکهاتەکانی.

دەیەم: پڕۆژەکان پڕۆژەکانی پاڵاوتن و چارەسەرکردنی ئاو ئاوەڕۆو بیرەکان پڕۆژەکانی وەرگرتنی سەرچاوەکانی ئاو عەمبار کردنی ئاو ئاوەڕۆ وێسگە لاوەکییەکانی گواستنەوە دەگرێتەوە.

یازدەیەم: لایەنی پەیوەندیدار بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزارییەکانی هەماهەنگ لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکان و فەرمانکەکانی ئاو ئاوەڕۆ.

دوانزەیەم: سەرپێچی زیان گەیاندن یان شکاندن یان لەناوبردن و تێکدانی پڕۆژەکان تانکی عەمبار ئاو هێڵەکانی گواستنەوەو تۆڕەکانی ئاو ئاوەڕۆو قوفڵی ئاو مەنهۆڵ و سەری مەنهۆڵ چەپەری وەرگرتنی ئاوەڕۆکان بۆڕی وەرگرتنی ئاوەڕۆکان و هەر پێکهاتەیەکی تری ژێرخانی ئاو ئاوەڕۆ دەگرێتەوە.

سێزدەیەم: زیادەڕۆی بەستنی بۆڕی بە تۆڕەکان و هێڵەکانی گواستنەوەی ئاو ئاوەڕۆ بەستنی ترۆمپای ئاو لەسەر بۆڕی سەرەکی تۆڕەکان کارکردن لە مەحەرەماتی بۆڕی گواستنەوەو بەستنی ئاوی قورس بە تۆڕی ئاوەڕۆکان بەبێ مۆڵەت یان زیاتر لەوەی مۆڵەتی پێدراوە دەگرێتەوە.

چواردەیەم: مەحەرەمات سنووری پڕۆژەو تۆڕەکانی ئاو ئاوەڕۆیە کەنابێت هیچ جۆرە کارێکی تێدا ئەنجام بدرێت، وەك بیناسازی دانان و ڕاکێشانی تۆڕی ئینتەرنێت وە هێڵی کارەباو

ستونەكانی و پیسكردنی سەرچاوەی پڕۆژە ئاوییەكان و هەر كارێكی دیكە بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەكانی ئاو ئاوەڕۆ.
پانزەیەم: هاوبەش هەر سوودمەندێك بەپێی مۆڵەتی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە پەیوەندیدارەكان سودی لە خزمەتگوزاری ئاو ئاوەڕۆ وەرگرتبێت.
شانزەیەم: لیژنەی تایبەت ئەو لیژنەیەی كە كاری بەدواداچوون و چاودێری و جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەو یاسایە دەیكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، هەركەسێك دەیەوێت قسە لەسەر ئەو ماددەیە بكات با بفەرموێت، ناوەكان دەخوێنمەوە، لیزا خان، كاك شێخ ظاهر ، حسیبە خان، دكتۆرە گەلاوێژ، كاك حكمەت، كاك ڕێبوار، گوڵستان خان، ئاشنا خان، كاك عوسمان سێدەری، دكتۆرە شایان، كاك یاسین، نجاە خان، بدریە خان، كاك عومەر، كاك مەم، كاك مسلم، دكتۆر كاظم، كاك باڵانبۆ، هلز خان، دكتۆر محی الدین، لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنسبەت ماددەی (١) دوانزەیەم سەرپێچیەكان، پێم باشە بەستنی پێوەرە ئاوییەكانیش تێدا زیاد بكرێت، هەرچەندە گفتوگۆیەكی زۆر هەیە لەسەر پێوەری ئاو ئەو سیستەمەی كە حكومەتی هەرێمی كوردستان وەكو وەزارەتی شارەوانی ئێستا كاری لەسەر دەكات، گلەیی هاووڵاتیانیشی لەسەر هەیە، بەڵام بەپێی ئەوەی ئاگاداربووم، وەزارەتی شارەوانی لە هەوڵی ئەوە دایە كە گلەییەكانی هاووڵاتیان بڕەوێنێتەوەو هەروەها كاریش لەسەر نەهێشتنی گرفتەكان بكات، بۆیە ئەگەر ئێمە باسی بكەین و باسیشی نەكەین لە داهاتوو ئەمە دەبێتە سیستەمێك لە حكومەت، بۆ ئەوەی كە ڕێگری بكەن لە بەهەدەردانی ئاو، ئاوی پاك ئەو ئاوەی كە بۆ خواردنەوە بەكار دێت، بۆیە گرینگە كە بەڕای من ئەمە دەرفەتێكە كە هاتۆتە پێش و گرینكە باسی لێوە بكرێت وە لیژنە تایبەتەكانیش ئەوانەی كە تایبەتن بەو پرسە كاری لەسەر بكەن، بۆ ئەوەی گرفتەكان نەمێنێت، بۆیە پێشنیار دەكەم لە سەرپێچیەكان ئەمە زیاد بكرێت ئەگەر هەر ڕێگە نەدانێك بە بەستنی پێوەری ئاو، یاخود زیان گەیاندن بە پێوەری ئاو ڕووبدات ئەوە بە سەرپێچی بێتە هەژماركردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شێخ ظاهر .

**بەڕێز شێخ ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر بڕگەی (دەیەم) هەیە، وشەی (عەمباركردن) هاتیە بكرێتە گلدانەوە، بڕگەی چواردەیەم وشەی (محەرەمات) لەم یاسایە نزیكەی لە بیست و شەش جێ هاتووە، وە محەرەمات وشەیەكی كوردی نییە، بۆیە پێشنیاز دەكەم بكرێتە سنووربەند، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێزحسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١)م لە بڕگەی (نۆیەم) تۆڕەکان هاتییە لە پێش تۆڕەکان، من پێم باشە چڕی تۆڕەکانی ئاو باس بکرێت، چونکە لە بەشی سێیەم لە پڕۆژەی تۆڕەکانی ئاو باس لە مەودای درێژی و هەروەها مەکعەبی پڕۆژەکان هاتەکردن، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەو پێناسەیە زیاد بکرێت چڕی تۆڕەکانی ئاو پەیوەندی درێژی ڕێڕەوە ئاوییەکان لە ناوچەیەکی دیاری کراوی ڕووی زەوی لەگەڵ ڕووبەرەکەی، هەروەها لە بڕگەی سێزدەم زیادەڕۆی بکرێتە زێدەڕۆی، وە بەمشێوەیە دابڕێژرێتەوە، بەستنی بۆڕی ئاو بە تۆڕەکان و هێڵەکانی گواستنەوەی ئاو ئاوەڕۆ، بەستنی ترۆمپای ئاو لەسەر بۆڕی سەرەکی تۆڕەکان و کارکردن لەسەر بۆڕی گواستنەوەی ڕێگە پێنەدراو، بەستنی پڕۆژەی چارەسەرکردنی ئاوی قورس بە تۆڕی ئاوەڕۆکانی بێ مۆڵەت یان زیاتر لەوەی مۆڵەتی پێدراوە دەگرێتە بەر، هەروەها لە بڕگەی چواردەهەم پشتگیری کاك شێخ دەکەم محەرەمات وشەیەکی عەرەبیە زیاتر لە بیست جار دووبارە بۆتەوە، بۆیە باشترە یان بکرێتە ڕێگە پێنەدراو یانیش بکرێتە قەدەغەکراو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) ئەم پێشنیازی یاسایە، پێشنیار دەکەم لە خاڵی دەیەم بۆ پڕۆژەکان، پڕۆژەکانی پاڵاوتن و چارەسەرکردنی ئاو ئاوەڕۆ بیرەکان، لەدوای بیرەکان پڕۆژەکانی کانیاو و کارێزەکانیش، چونکە یەکێکە لەو سەرچاوانەی کە ئاوی لێوە دێت ئەوە زیاد بکرێت کانیاو کارێزەکان، لە خاڵی سیانزەهەم وشەی محەرەمات هاتووە لەگەڵ چواردەهەم، پشتیوانی لە ڕاکەی کاك شێخ ظاهر دەکەم کە بکرێت بە سنوور بەند، لە هەر شوێنێکیا هاتبێت محەرەمات بە بڕوای من سنوور بەندەکە گونجاوترە، وە خاڵی دوانزەهەمیش کە باسی قوفڵی ئاو دەکرێت بەڕاستی ئەمە هەقە لەسەرپێچیەکانا بکرێت بە دەستکاری کردنی قوفڵی ئاو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١) لە چەند بڕگەیەکا دیاریکراوە کە ئەڵێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو یان بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆکان، من پێشنیار دەکەم کە ئەمە بکرێت بە بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆکان، نەك وەك دوو بەڕێوەبەرایەتی بەیەکەوە بەسترابێتەوە، بابڵێین جیاکراوەیە لێرە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەیەکی ببەستێتەوە دەبێت بەیەك بەڕێوەبەرایەتی، وشەی محەرەماتیش وشەیەکی کوردیە هەرچەندە لەناو هەرێمی ئێمەش وەکو عورفێکی لێهاتووە با نەڵێین محەرەمات خەڵك نازانێت ئەو شوێنەی ئاوی پیا دەڕوات هەرچەند دیارە دەڵێ ئەو شوێنانە

نابێت هیچ بینایەك یان شتێکی تێدا بکرێت ئەی ئەگەر کرا بوو، تەبعەن دیارە لە بڕگەکانی کە چارەسەرکراوە، زۆر سوپاس،

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆرە شایان فەرموو.

**بەڕێز د. شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١) بڕگەی (شەشەم) بەڕێوەبەرایەتی پێناسە کراوە، بەڕێوەبەرایەتی ئاو یان بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆکان گەر لیژنە بەڕێزەکە ڕوونکردنەوەمان بداتێ مەبەستەکە چییە؟ یان بۆچی (یان) دانراوەو لەگەڵ کامە معامەلە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی دەیەمەوە، پشتگیری دادە گوڵستان دەکەم کە کانیاوەکان زیاد بکرێت، لەبەر ئەوەی بۆ نموونە ئاوی سەرچناری سلێمانی، یاخود ئی ڕانیە قولەی ڕانیە، هەر لە قولەیەوە ئاو نەقڵی ماڵان دەکرێت، بەنسبەت ماددەی سێزدەهەم دەڵێ بەبێ مۆڵەت یان زیاتر لەوەی مۆڵەتی پێدراوە، بۆڕی نەقڵ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان نابێت بەهیچ جۆرێك هیچ کەسێك ئاوی لێ ڕاکێشێت، لەبەر ئەوەی بۆڕی نەقڵ بۆی هەیە ژەهراوی بکرێت، بۆیە دەبێت ئەوە بگۆڕدرێت و مۆڵەت نەدرێت بە هیچ کەسێك کە ئاوی لە بۆڕی نەقڵ ڕاکێشێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١) بڕگەی (چوارەم) بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ لە وەزارەت، وە دیسانەوە لە بڕگەی شەشەم، من پێم باشە پێناسەی بەڕێوەبەرایەتی لاببرێت وە پێشنیار دەکەم بڕگەی حەوتەم و هەشتەم لاببرێت، چونکە لە بڕگەی پانزەدا لایەنی پەیوەندیدار پێناسە کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەربارەی ماددەی (١) ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی (٢٥) سەرەتا ئەڵێ وەزیر بۆی هەیە ڕێنمای دەربکات، ئەم یاسایە کۆی ئەم یاسایە لەگەڵ دەست خۆشیم بۆ لیژنەی پەیوەندیدار، بەڵام مەجالی نەهێشتۆتەوە بۆ ڕێنمای دەرکردن ئەوەندە چۆتە ناو وردەکارییەوە، خۆی کۆی یاساکە پێویست دەکا کورتکرێتەوە، سەبارەت بە ماددەی یەکەمی ئەو پانزە پێناسەیەی کە کراوە من

پێشنیاز دەکەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت، پێناسەی چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەم لابرێن پێویست بەوە ناکات کە دەڵێت لایەنی پەیوەندیدار ئیتر دوای ئەمە بەپێی ڕێنمای وەزارەت کە دەری دەکات دەڵێ بەڕێوەبەری فلان دایرە پەرلەمان نەیەتە ئەو وردەکارییەوە کە باس لە سەرۆکی فەرمانگەیەك بکات، یانی لەناو ڕێنماییەکانی وەزارەت ئەو دەسەڵاتانە شۆڕکاتەوە، ئەوە بە کافی دەزانم، خاڵێکیتر دوانزەیەم سەرپێچی کاتێ پێناسەی سەرپێچی دەکات هەڵبەتە پێویست بەم تەفاسیلە ناکات شکاندن و لەناوبردن و پرۆژەو تانکی عەنبارو هێڵەکانی گواستنەوەو تۆڕەکانی ئاو، هەموو ئەوانە پرۆژەن پرۆژەی ئاو و ئاوەڕۆن، بۆیە من پێشنیاز دەکەم بۆ لیژنەی پەیوەندی دار بۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان سەرپێچی بەم شێوەیەی لێکرێت زیانگەیاندن بە کەرتی ئاو و ئاوەڕۆو پرۆژەکانی، ئیتر کۆی ئەم پرۆژانە هەمووی دەگرێتەوە، ئەمێنێتەوە سەر بڕگەی چواردەیەم، هەڵبەتە چەند ئەندامێکی بەڕێز باسیانکرد محەرەمات زۆر هاتووە تەنیا لە ناو ماددەکانی دووانزەو سێنزە، پانزەجار وشەی محەرەمات هاتووە هەر باش نییە، مەسەلەی محەرەمات کە ئەڵێی محەرمات یان قەدەغەکراوەکانە جێگەی بگرێتەوە یان ڕێگا پێنەدراوەکان، بۆیە پێشنیاز دەکەم ڕێگا پێنەدراوەکان بێت ڕەنگە یەکێك لەو دوو دەستەواژەیە بەکار بهێنرێت باشترە، جگە لەوە لە کۆتایەکەیا ئەڵێ بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەکانی ئاو و ئاوەڕۆ دیسان ئەمانە هەر لابەین بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت، وەزارەت دواتر ڕێنمای دەرەکا ئەڵێ فەرمانگەکان ئەرکیانە ئەمەیە بۆ نموونە لە ڕانیە لە سەید سادق لە زاخۆ هەموو ئەمانە بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەکان ئەم ئەرکانە لە ئەستۆ ئەگرن، ئەم وردە کاریە بخەینە گۆڕەپانی وەزارەت، وەزارەت دواتر ئەمانە بە ڕێنمای شۆڕ ئەکاتەوە یەعنی لێپرسراوی فەرمانگەیەك ئەمە ئەکات پێویست ناکات لەناو دەقێکی یاسای پەرلەمانا هەبێت، بەنیسبەت شانزەیەم لیژنەی تایبەت هیچم نییە لەوەیا، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو هلز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددا ئێك، پێناسەکان من پێشنیازا هەی بو شەشەم و هەشتەم، پێناسەدا بەڕێوەبەرایەتی ئاو (یان) سێ جارا پێناسەدا هاتی، ئەگەر ئەو (یان)ە بێتە لادان لەگەڵ یەعنی ڤێ شێوەی بێتە سیاغەکرن، بەڕێوەبەرایەتی ئاو لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆکان، هەشتی ژ نەفسێ وی بیتە داڕشتن، من پرسیارەك هەی ئەویش لیژنێت مەعنی سەبارەت بڕگا یازدێ، لایەنی پەیوەندی دار پێناسەێ دا هاتی بەڕێوەبەرایەتیا خیزمەتگوزاریەکان ئایا ئەڤە کیش ڕێڤەبەرینە ئەگەر تەوزێعەکی بو ئێمە بدەن، سەبارەت بڕگا چاردەێ، پشتگیریا کاك مەم دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (دووەم و سێیەم) وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم، پێم وایە مادام یاساکان کە بۆ هەرێمە نووسراوە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، پێویست ناکات وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم، هەرێمەکان لابەین، پێموایە پێناسەی وەزارەتی گەشتوگوزارو وەزیری گەشتوگوزاری هەرێم پێم باشە لایبەین، لەخاڵی سێیەم لە سەرپێچیەکان هەندێجار پەکخستن هەیە، یەعنی نە زیانی پێگەیاندیە نەشکاندیتی نە لەناوی بردیە نە تێکی دایە، بەڵام پەکی خستووە، ڕەنگە تەزووی کارەبای لەسەر گرتبێتەوە، ڕەنگە قوفلەکەی گرتبێتەوە نە زیانی پێگەیاندووە نە شکاندوویەتی، بۆیە تەحتیلیش هەندێ جار پەکخستنی پڕۆژەکانی ئاویش، پێم وایە دەچێتە سەر ئەو بابەتەی، خاڵێکیتر سەبارەت بە محەرەمات لە ماددەی چواردەم دیسان هەمان دەستەواژە دووبارە بویتەوە، بۆیە ئەگەر یەکیان بخەی لە ماددەی چواردەم بڕگەی یەکەم هەمان شت دووبارە بویتەوە، لە سنوورەکان ڕێگا پێنادرێت بۆ ئینتێرنێت و ئیتر تەنها ئەگەر بە مۆڵەت نەبێت لەوێش هەر دووبارە بویتەوە، پێموایە تەئکید کەنەوە، پرسیارێکم بۆ هەردوو لێژنەکە، سەبارەت بە لیژنەی تایبەت ئەو لیژنەیە کە کاری بە دواداچوون و چاودێری و جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا دەکات، ئەرکی لیژنەی تایبەت نییە چاودێری جێبەجێکردنی یاسادا بکات، ئەرکی ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە یاسا جێبەجێ بکات ئەو لیژنەیە لە ناو خودی وەزارەتە چۆن دەتوانێ بەدواداچوون بۆ خودی یاساکە بکات، بۆیە پێم وایە ئەوە زیادە ئەرکی جێبەجێکردنی یاساکە لە خودی ئەستۆی ئەنجومەنی وەزیرانە وە لایەنی پەیوەندیدارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز نجاە شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پالپشتیا ئاخافتنێ لیزا خانێ دکەم لە ماددا (١) بڕگەی (دووانزە) لە سەرپێچیا پیڤەرێ ئاوێ بیتە زێدە کرن، زور سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە گەلاوێژ.

**بەڕێز گەلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١) پێناسەکان دەیەم، لە دەیەم نوسراوە پڕۆژەکان، پڕۆژەکانی پاڵاوتن و چارەسەرکردنی ئاو من پێم باشە لەجیاتی پڕۆژەکانی پاڵاوتن بنووسرێت پڕۆژەکان و وێستگەکانی پاڵاوتنی ئاو ئەوە لە دەیەم، لە خاڵی شانزەیەمیش لیژنەی تایبەت ئەو لیژنەیە کەکاری بەدواداچوون و چاودێری دەکات، پێم باشە کاری چارەسەری گیروگرفتەکانیش بکاتن، یەعنی بۆی زیادبکرێتن ببێتە لیژنەی تایبەت ئەو لیژنەیەی کە کاری بەدواداچوون و چاودێری و چارەسەری گیروگرفتەکان دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) و پێناسەكانی، هەڵبەتە پێوەری ئاو ئامرازێكی گرینگە بۆ پێوانـدنی ئـاو، بزانە لە هەر شوێنێكا كە پێوەری ئاو هەبوو واتـا جۆرێـك لە چاودێری هەیە لەلایەن حكومەت و لایەنە پەیوەندیدارەكان، بۆ ئەوەی كە ڕێـژەی ئـاو چەنـد بەكـار دێـت، بەڵام مـن پـێم باشـە وەكـو دەستەواژە پێوەری ئاویش پێناسەی بۆ بكرێت لە ماددەی یەكەم هەرچەند ئەو پێوەرە ئـاوەی كە لە ماڵەكـان هەیە خەلەلێكـی زۆری فەنـی تیـا دروسـت كـراوەو تەكنیكـی وە زۆرێـك لە دەنگـۆی دروست كردوە كە گوایە وەكو پێویست نییە، هیوادارین كە لایەنەپەیوەندیـدارەكان چارەسـەری ئەو بابەتە بكەن، خاڵێكیتر برای بەڕێزم ئاماژەی پێكرد، دكتـۆر محـی الـدین بەڵـێ منـیش هەمـان ڕەئــیم هەیە كاتێــك لە ناونیشــانی ســەرەكی دەنووســرێ هەرێمــی كوردســتان - عێــڕاق، لە پێناسەكاندا پێویست ناكات هەرێمی كوردستان دووبـارە بكرێتەوە، خـاڵێكیتر بەڕێـز سـەرۆكی پەرلەمان وشەی محەرەمات، یەعنی بەڕاستی لای من سەیرە بۆ وشەیەكی كـوردی نەدۆزرێـتەوە بۆ ئەو بابەتە، ئێستا بۆ نموونە بڵێـین عەرەبێـك ئەگەر شـارەزای زمـانی كـوردی هەبێـت بێـت ئەو یاسـایەمان بـۆ بخـوێنێتەوە لەبەر سـومعەی لـوغەوی ئـێمە دەڵـێ باشـە ئەوە وشـەیەكی كـوردی نەبوو جێگەی محەرەمات بگرێتەوە، بۆیە حەقە ئەم وشەیە، وشەیەكی ئاسانیشـە زۆر زەحـمەت نییە حەقە لە جێی محەرەمات وشەیەكی كوردی دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی(١)بـڕگەی (سـێنزەیەم) زیـادەڕۆی، كاتێـك بـاس لە ترومپـای ئـاو دەكرێـت بە زیـادەڕۆ نـاو ئەهێنرێ، ئێمە هەموومـان وەزعـی ئـاو و ئـاوەڕۆی شـارەكانی كوردسـتان دەزانـین كە لە ئێسـتادا باسی ئەو جێگەیە دەكەم كە خۆمی لێ ئەژیم لە حەفتەیەكدا دوو ڕۆژ هەیە و دوو سـەعاتە، ئایـا دوو سەعات ئاو بەشی خێزانێكی دەكەسی بەباشی ئەكا؟ وە هەندێك بینا هەیە دوو قات و سێ قات و چوار قاتن وە هەندێك بیناش هەیە بینای یەك قاتن، ئایا ئەوەندە لە تۆڕەكانی ئاو دڵنیـاین كە هەموویـان وەكـو یەك ئەم ئـاوە پەخـش ئەكـرێ بۆیـان و سـوودمەند نەبـن لە ئەم ئـاوە، وە ئەوەش ئەزانین كە ئەمڕۆ تەكنەلۆژیا زۆر پێشكەتووە ئەو كەسەی كە ترۆمپای ئاو دائەنێ شـەرت نییە لە حەوشەكەی دایبنێت لەوانەیە لە سـەرووی خـانوەكەی دایبنێـت، ئایـا بە پێـی یاسـا ڕێـگە پێدراوە كە كرێكارێكی دائیرەی ئـاو یـان ئەو لیـژنەیەی دائیـرەی ئـاو دایناوە بەبـێ پرسـی قـازی بڕوات ئەو ماڵە بپشكنێت ئایا ترومپای ئاوی لێیە یان لێی نییە؟ لێرەدا ئێمە ئەبێت ڕەچاوی ئەوە بكەین كە هاووڵاتیـان هەموویـان وەكـو یەك بتوانرێـت ئاویـان پێبگەیەنرێـت، لێـرە پێویسـتە كە دائیــرەی ئــاو مــولزەم بكرێــت بەوەوە كە ئەم كێشــە چارەســەر بكرێــت پــێش ئەوەی ئــێمە

کێشەیەکیتر بۆ هاوڵاتیان دروست کەین کە هەندێك بینا هەیە وەکو ئاماژەم پێدا بەبێ ترۆمپای ئاو ناتوانن موستەفیدبن لە ئاوەکە وە کاتی ئاوەکانیش کەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بە ماددەی (١) پێناسەکان خاڵی نۆیەم تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ پێکهاتەکانی، پێشنیار دەکەم بکرێت بە پێکهێنەرەکانی لەجیاتی پێکهاتەکان بکرێت بە پێکهێنەرەکانی، بڕگەی نۆیەم، بڕگەی دەیەم، لێرەدا ئاماژە کراوە بە وەرگرتنی ئاو بابڵێین باس لەوە نەکراوە لە کوێوە وەربگیرێت وە پێشنیار دەکەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت، پرۆژەکان پرۆژەکانی پاڵاوتن و چارەسەر کردنی ئاو و ئاوەڕۆ بیرەکان و پرۆژەکانی وەرگرتنی ئاو لە ڕووبار و دەریاچەو سەرچاوەکانی ئاو، وە عەمبارکردنی ئاو ئاوەڕۆ، ئاوەڕوش لەوێیە لاببرێت، چونکە ئاوەڕۆ چۆن عەمبار دەکرێت چۆن هەڵ ئەگیرێت هەڵناگیرێت، خاڵی نۆزدەیەم سەرپێچی زیان گەیاندن ئەو (یان)ە بکرێت بە فاریزە، یان شکاندن ئەوەش هەر بکرێت بە فاریزە، وەهەروەها هێڵەکانی گواستنەوەو ئەو (واو)ە بکرێت بە فاریزە، ئینجا لەجیاتی وشەی چەپەری دەریچە بەکاربهێنرێت باشترە وە قسەشم لەگەڵ هەندێك لە بەڕێزان کرد ئەوانەی کە پسپۆڕیان هەندەسەیە وتیان ئێمە خۆمان لەناو خۆمانا دەریچە بەکار ئەهێنین کەواتە بکرێت بە دەریچەی وەرگرتنی ئاوی باران، وە تایبەت بە خاڵی سێزدەهەم لێرەیا ئاماژە بە باتێکی گرینگ نەکراوە کە هەندێ جار شکاندنی بۆڕی ئەکرێت لەلایەن هاوڵاتیانەوە بۆ ئاودان بە مەبەستی کشتوکاڵی شکاندنی ئاوەڕۆ بۆڕی ئاوەڕۆ، بۆیە من ئەمە ئیزافە دەکەم تەبعەن لە کۆتایی پێش دەگرێتەوە کە ئەمە ئیزافە بکرێت شکاندنی بۆڕی ئاوەڕۆ بە مەبەستی کشتوکاڵ یان هەر مەبەستێکی دیکە، چواردەیەمیش محەرەمات لەوە پشتگیری تەواوی ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە باسیان لەوە کرد کە جێگرەوەی وشەی محەرەمات بەکار بهێنرێت، وە لێرەش ئاماژە بە بابەتێکی گرینگ نەکراوە، مەرج نییە ئەو محەرەماتە هەر لە لایەکیەوە بێت جاری وا هەیە لە سەرەوە ئەکرێت بۆیە گرینگە ئاماژە بکرێت بە هەموو لایەکانی بەمشێوەیە محەرەمات سنووری پرۆژە، کارگە، تۆڕەکان، تۆڕەکان پێویست ناکات ئێمە جارێکیتر باسی لێوە بکەینەوە پێشتر تەعریف کراوە تۆڕەکان لە هەموو لایەکەوە دەگرێتە کە نابێت هیچ جۆرە کارێکی تێدا ئەنجام بدرێت وە لەو شوێنانەش کە باسکراوە بیناسازی دانان و ڕاکێشانی تۆڕی ئینتەرنێت و هێڵی کارەباو ستونەکانی پێشنیار ئەکەم شورای باخیش ئیزافە بکرێت دەستان خۆشبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ئاشنا، خان هەندێ شتت وت ئەگەر بەنووسین پێتە بیان دەیتێ هەندێ شتی تیابوو باش بوو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشی لەم دوو لیژنە بەڕێزە، من پێشنیار ئەکەم کە لەڕووی زمانەوانی و هەڵەی چاپەوە پێداچوونەوەیەکی باشی پێدا بکرێت، زمانەوانییەکە لەوە ئەچێ لەم هۆڵە گفتوگۆی لێوە کرێت، بەڵام هەڵەی چاپ زەرووره لە هەندێ وشە لە هەندێ پیتا ماناکا زۆر ئەگۆڕێت، ئێستا تۆڕەکان تەنها حەوتی سەر واوەکە لاچێت ئەبێتە تورەکان زۆر فەرقی هەیە بۆ زمانی کوردی لەوانە زۆر وردەکاری ئەوێ لە زۆر شوێنی کەش ئەمە ڕووی داوە، بۆیە ئەوە ئەڵێم ئەوە یەك، دووەم ئەو بەڕێزانەی باسیان کرد وشەی محەرەمات بەهەمان شێوە بەس من پێشنیاری وشەی سنوور دەکەم، سنور یان سنووره قەدەغە کراوەکان ئەوە واتایەکە زۆر جوان ئەداو کوردیشە، وشەی عەمبارکردن یان نەمێنێت وەك ئەو بەڕێزانە باسیان کرد وەك شوێنەکانی هەڵگرتن و پاراستنی ئاو یان گلدانەوەی ئاو یاخود ئەگەر بمێنێت (ع) ببێتە (ئ) ئەنبارکردن، دکتۆر عومەر پەتی هەیە هەموو جار کە من ئەبینێت ناڵێت عومەر ئەڵێت مامۆستا ئۆمەر، ئەڵێ ئەگەر ئێمە (ع) بەکار بهێنین لە کوردیا باشترە بیکەینە (ئەلف) ئەوەش شارەزایان هەیە، سەبارەت بە خاڵی دووازدەیەم پێم باشە ئەو داڕشتنەوەی کاك مەم پشتگیری ئەکەم ئەگەر ئەو داڕشتنەی کاك مەم دانەنرێت کورت بکرێتەوە پوخت بکرێت تۆزێ داڕشتنەوەیەکی تر بکرێت وەك بڵێی ئاسانکاری بێت لەسەر زمانی، ئێستا سێ دێر قسە ئەکەین لە ئەخیرە ئەوەستین فەرمانەکە یەت بڵێن زیان گەیاندن یان شکاندن یان لەناو بردن و تێکەڵکردنی هەریەکە لەمانە دەگرێتەوە ئیتر ڕیزیان کەی ئەمە تۆزێ ئاسانترە فەرمانەکە پێشکەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم ئەوانەی خۆشت ئەگەر بە نووسین هەتە، یارمەتیان بدەی.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) من قسەم لەسەر بڕگەی سێزدەمە وەك ئاشنا خان باسیکرد، زۆرجار بەڕاستی بە نایاسایی بۆڕی گواستنەوەی ئاوی پاك ئەگوازرێتەوە بۆ ناو باخچەکان وە بۆ ناو ڤێلاکان لەناو شارو شارۆچکەکان، بەڕاستی ئەوە زیاد بکرێت، لە بڕگەی چواردەیەمدا هەمان ئەو پێشنیارەم هەیە کە محەرەمات بکرێتە ڕێگەپێنەدراوەکان، بێجگە لەوەش بەڕاستی ئەوە پێناسەیە، بەڵام هیچ ستاندەرێکی تیانیە بۆ ئەو پرۆژانەی لێرە نووسراوە هەر پرۆژەیەکی دیکە، یان هەر کارێکی دیکە ئەوانەی ئەو پرۆژانەی کە لەڕووی تەندروستییەوە زیان بە نزیکی لە بۆڕی یان سەرچاوەی گلدانەوەوی ئاوی خواردنەوە ئەگەیەنن لە دەرەوەی سنوورەکان و شارەکان، ئایا ئەمە پێویست نەبوو سنوورێك دیاری بکرێت؟ وە ئەگەر ئەمە ناکرێت دیاری بکرێت لێرە لە پێناسەکان ئایا ئەمە ئەچێتە ناو ڕێنمایی وەزارەت؟ لێرە پێویستم بە ڕوونکردنەوەیەك بوو بۆ ئەوەی کە سنوورێك دیاری بکرێت لە ڕووی دووری و نزیکی لە عەمبارو گلدانەوەی ئاو و گواستنەوەی تۆڕی ئاو بۆ ناو شارەکان، چونکە هەندێ پرۆژە هەیە زیان بە تەندروستی ئاو دەگەیەنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك کازم.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لە ماددەی (١) لەسەر دوو بڕگەیە، بڕگەی دووانزەیەم پێم باشە چۆن دانراوە بە هیچ شێوەیەك پێوەری ئاوی تیا باس نەکرێت، لەبەر ئەوەی ئەو پڕۆژەیە پڕۆسەیەك بوو فەشەلی هێناوە زۆر سەری نەگرتووە وە ئەگەر لەم یاسایە باسکرێت هەر لەسەرەتاوە کەموو کورتییەك هەبێت بۆ یاساکە لە ماددەی حەوتیشا دوای زیاتر وردەکاری باس دەکەین...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هێڤیدار ناکرێت هەر لێرەوە هاتی و پێدا بڕۆی، بەڵێ دکتۆر کاظم فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

بەڕێزانی لیژنە پرسیارێکم هەیە لەسەر بڕگەی چواردەیەم کە ئەڵێ سنووری پڕۆژەو تۆڕەکانی ئاو، سنوورچەنێك مەترێکە دە مەترە، بیست مەترە، کیلۆ مەترێکە چەنێکە؟ چونکە بەڕاستی ئەوە مەطاطیە، یەعنی ئەوە لە ماددەیەکی ترا وردەکاریتان باسکردوە دووسەو پەنجا هەزار دینار و چوارسەد هەزار دینار، لێرەیا زۆر گرینگە سنورەکە دیاری بکرێت بزانین چەند مەترە بزانین چەنێکە سنوورەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینی هەبوون یەکێ چواردەهەم، محەرەمات ئەز لەگەل هەندێمە ببێتە (پاوان) پەیڤەکا بادینیم هەیەو جێ وی گریت ئەز بێژم، یەعنی ڕێژەکا گەلەکا مەزنە سەدێ، پاوان یەعنی (مەحمیە) مەحمیە ئەو جیگایەیە ئەوە باشتر دگریتن وشەیەکی بادینیە لەوی حەرز کراون. بەرێزان ئێمە زۆر پێویستە گوێ لە یەکتر بگرین ئەم قانوونە قانوونێکی موهیمە، بەڵێ کاك دکتۆر تێبینی دووەم لیژنەی تایبەت ئەڵێت ئەو لیژنەیەی کەکاری بەدواداچوون و چاودێریە بەس جیگای ئەو لیژنەیە دیاری نەکراوە لە کوێ دەبیت لە کێ مودیریە دبیت ئەوە زروریە بێتە ئاشکرا کرن، چونکە هەموو شار پێویستی ئەو لیژنە هەنە، ئەبیت دیار بیتن لە کوێ هەبیتن لە هەموو مودیرییەکان دبیت یان لە مودیریەی عام دبیتن ئەوە یەعنی زەروریە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە لیژنە تایبەتەکان پرسیارتان زۆر لێکرا، بەڵێ کاك حکمت.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری تەواوەتی قسەکانی لیزا خان دەکەم، ئەوەی تریش ئەو ناوەی محەرەماتە پشتگیری دکتۆر اسماعیل دەکەم، بەڕاستی یەعنی ئەگەر سنووربیت، سنوور زۆر بەرفرەیە بەس پاوان یان

پاوان دار یانیش شتەکە پاوانت کردیە شتەکی مەعیـیەنە، نـازانم لە ئەو پـڕۆژە یاسـایەدا باسـی حەوز نەکرد، یەعنی مەزبەح مەزبەحـی مـاڵان حەزەکەم بـڕگەیەك لـێ زیـاد ببیـتن و بـێجگە لەوە زۆر مەشرۆع هەنە ڕاستە مەشرۆعی خزمەتگوزاری ئەوانەنە، بەڵام ئاوەکی زۆر زیـاد لـێ سـەرف دبیـتن وابـزانم پـارەش نـادەن، نسـبەت بیرەکـانیش یەعنـی لەوانەیە لە هەمـوو باژێرەکانـدا لە هەموو دێیەکاندا بیر هەبن سـاڵانە گەر بـڕە پـارەیەك لەوانـیش وەرگریتن بـاش دەبیـتن ئەویـش زیاد دبیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوار جوابم پێیە، بەڵام پـێش ئەوە حەز دەکەم تێبینـیەك ئامـاژە پێـبکەم، خـۆ یاسـایە پێشـنیازە یاسایەك زیاتر لە بیست ماددە پێکهاتبێت، تەبیعی یەعنی هەر ماددەیەك موحتەمەلە لە جێگایەك حەلەقە و ڕەبتـی هەبێـت بە مـاددەیەکی تـر، تەبیعەتـی ماددەکـان تەقسـیم دەکرێـت، بەڵام مەوزووعەکە زۆر یەکـدی دەگـرنەوە لە ماددەکـانی تـر، بـۆیە پێویسـتە دووجـار، سـێ جـار ئەم پێشـنیازە یاسـایە هەر لە عنـوان تـا هۆیەکـانی دەرچووانـدن بە دەقیقـی بخوێنـدرێت، بـۆ ئەوەی بزانین ناوەڕۆکەکەی چی تێدایە لێرە سێ، چوار پرسیار هاتووە هەر سێ چواریـان جـواب دەدەم کە وجوودیـان هەیە لەنـاو ڕاپـۆرتەکە، مەوزووعـی پێـوەری ئـاو ئەوە لە مـاددەی (٢١)دا، هـاتووە بـڕگەی سـێیەم تـایبەتە باسـی پێـوەری ئـاو کـرایە، جـوابی دووەم، لێـرە هـاتووە بەڕێـوەبەرایەتی گشتی ئەگەر سەیری یاسای ژمارە (١٢) ساڵی (٢٠١٠) بکەیـن، یاسـای وەزارەتـی مەعنـی وەزارەتـی شـارەوانی کە باسـی پێکهاتەکـانی وەزارەت دەکـات مـدیریەکی عـام هەیە، بەڕێـوەبەرایەتییەکی گشـتی ئـاو ئـاوەڕۆ هەیە، ئەمە جیـاوازە لە بـڕگەی شەشـەم کە باسـی بەڕێـوەبەرایەتی دەکـات مدیریەت، لێرە لە بڕگەی شەشەم مـدیریەت لەسـەر ئاسـتی پارێزگاکـان دوو مـدیریە هەیە، لەبەر ئەوەی (یان) بەکار هاتووە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئـاو ئـاوەڕۆ، کەواتە یەك مـدیریەیە لە هەردوو بڕگەکـانی تـر کە(یـان) بەکـار هـاتووە، یەعنـی دەلالەتـی ئەوە دەکـات کە دوو مـدیریەی لێکجیـان بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو هەیە وە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەڕۆ ئی سێیەم، سەبارەت بە لیژنە ئەو لیـژنە تـایبەتە کە ژمـارەیەکی بـرا بەڕێزەکانمـان ئامـاژەی پێـدا ئەوەش لە بـڕگەی چـوارەم لە مـاددەی (٣) ی ئەم پێشـنیازە یاسـایەدا بە وازحـی هـاتووە، دەڵێـت پێکهـاتەو ئەرکەکـانی لیـژنەی تایبەت بەڕێنمایەك ڕێکدەخرێت کە لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت، سنووری محەرەماتەکە دیاری کراوە ئەویش لەمـاددی (١٤) سـنووری محەرەمـات و پـڕۆژەو تۆڕەکـانی ئـاو و ئـاوەڕۆ لە چـواردە دەسـت پێـدەکات، بەشـی سـێیەم لە چـواردە دەسـت پێـدەکات و ژمـارا مـاددا یەکەم ئەوە لە ناوەڕۆکی پێشنیازە یاساکەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تێبینی و سەرەنجی خرانە ڕوو، وە ئەو پرسیارانەی کە کران بەشێکیان برای بەڕێزم کاك بـژار وەڵامـی دایەوە بە دیـاری کـراوی، ئەوەی پرسـیاری بەڕێـز دکتـۆرە شـایان کە بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆ لەسەر ئاستی پارێزگا لێك جیا بکرێتەوە، بۆیە ناوی هاتووە، ئاو جیایە، یەعنی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆی هەولێر دوو دامەزراوەی جیان، لەبەر ئەوە بە(یان) لەوێ هاتووە، سەبارەت بەبەستنی ترۆمپا کاك باڵانبۆ ئەو پرسیارەی کرد ڕێگە پێدراوە هاووڵاتییەك لە ماڵەکەی چەند ترۆمپا لەسەر ئەو ئاوەی دەبەستێت تەنها لەسەر بۆڕی سەرەکی ئاو، واتا ئەگەر هاووڵاتییەك لەسەر بۆڕی سەرەکی ئاو ترۆمپای بەست ئەمە بێگومان موخالەفەیەو سزاشی بۆ دانراوە، بەنسبەت محەرەمات باسی کرد، کاك بژاریش ئاماژەی پێدا لە ماددەی(١٢) لە دە مەترەوە دەست پێدەکات تا سێ کیلۆمەتر بەپێی شوێنەکە واتا چەند دووربێت، زۆر زۆر گرینگە محەرەمات بۆ پاراستنی تۆڕو بنچینەکانی ئاو بەتایبەت ئەو بۆڕیە سەرەکیانەی کە لەدەرەوە دێن داخیلی شارەکان دەبن، بەڵام شوێنەکانیان دیاری کراو گەیشتینە ماددەی (١٢) بەوردەکاری لە دە مەترەوە دەست پێدەکات بۆ سێ کیلۆمەتر، بەنسبەت لیژنەی تایبەت لیژنەی تایبەت لەسەر ئاستی شارەکان پێکدێت، چونکە یەکێك لە ئەرکەکانی ئەو یاسایە دواجار جێ بەجێکردنی ئەم یاسایە دەبێتە ئەستۆی هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو و ئاوەڕۆ، بۆیە لیژنەی تایبەتمەند بەجێ بەجێکردنی ئەم یاسایە ئەبێ لەسەر ئاستی شارەکان، لەسەر ئاستی تەواوی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لیژنەی تایبەتمەند پێکبێت بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ لابردنی زێدەڕۆکان و وە بۆ ڕێگری کردن و چاودێری کردنیش، لەبەر ئەوە بەو شێوەیە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك لقمان یەك پرسیار بۆ تەوزیحی زیاتر، ئەگەر لیژنەی تایبەت ئەوەیی کە لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی یان فەرمانگەکانی ئاو و ئاوەڕۆ پێکدێت دەبێ ئیزافەی کەن، چونکە ئەو لیژنەی تایبەتە زۆر بەموتڵەقی هاتووە، دوای خۆشتان لەناو خۆتانەوە موناقەشەیەکی بکەن، فەرموو کاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕێیانم ڕونکردنەوەیاندا، بەڵام ئەگەر ڕێم پێبدەی بۆ ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، ئەم ماددەیە خۆی باسی کێشەو چارەسەری کێشەکان ناکات، بەڕاستی ئەم ماددەیە پێناسەی ناوەڕۆکی یاسایەکە دەکات، زۆرجار بابەتێك لێرە هاتووە کە دەرێین محەرەمات دەزانن لەناو ناوەڕۆکەکە زۆر باسی محەرەمات کراوە، بەڵام لێرە پێناسەیەکی داوە کە محەرەمات مەبەستمان ئەو ئیشەیە، ئێمە بۆخۆمان زۆر موناقەشەمان کردووە خۆزگە برادەرانیش کە محەرەمات پێیان ناوێکی نامۆیە، هەر یەکی مەسەلەن ناوێکی بەدیلی هەبوایە، بۆ ئەوەی هەموومان لەسەر ناوێك ڕێکەوین، خۆ ئێرە پەرلەمانە کە هەموومان لەسەر ناوێك ڕێکەوتین ئێمەش دایدەنێین و

دەنگی لەسەر دەدەین، بەڵام ئەمە هەیە محەرەمات سنوور لە بەشی سێیەمی پرۆژە یاساکە بخوێننەوە، بەڕاستی لە پرۆژە یاسایەکە یەعنی زۆر بە تەحدیدەوە چەند مەترەو کیلۆمەتر دیاری کراوە، یەعنی ئێمە لێرە بەس پێناسەمان کردووە، ئەمەیە دوای ناوەڕۆکەکەی، چونکە باسکراوە بەجدی، بە لیژنەی بەدواداچوون و ئەوە بۆی چارەسەر دابنێین خۆی ئەم یاسایە بۆی چارەسەرە بەڕاستی، بەڵام لیژنەیەکی دەوێت بۆ ئەوەی چاودێری بکات، بۆ ئەوەی ئەگەر موخالەفەی کرد ئەم یاسایەی لەسەر جێبەجێ بکەین، هەدەفی بابەتەکە لەمەیە لەگەڵ یان ( لەگەڵ بێت، یان ) بێت خۆی دوو بەڕێوەبەرایەتییە، بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆ، کێشەیەك هەیە پەیوەندی بە ئاوەڕۆ هەیە، پێویست ناکا لەگەڵ یان هەردووکیان ئیشەکە جێبەجێ بکەن، بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆیەکان ئیشەکە دەکات، ئەگەر پەیوەندی بە ئاوەوە هەبوو بەڕێوەبەرایەتی ئاو جێ بەجێی دەکات بۆ ئەو(یان)ە لەگەڵ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم نوقتە نیزامیت هەیە، فەرموو لە پرۆژە یاساکانا هەرچەند بتانەوێت قسە بکەن پێ ئەوەنیم، چونکە هەمووی بۆ دەوڵەمەند کردنە، مایکتان بکوژێننەوە کاك مەم ئیزافەیەکی هەیە.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ئیشکالەتییەی هەیە بە غەڵەت تێنەپەڕێت بەسەرمان، یان یاخود لەگەڵ ئەوەیا لەگەڵ تەواو، مەسەلەن ئەڵێی چی باشە ئەڵێی پێناسەی بەڕێوەبەرایەتی ئەکەی، ئەڵێی بەڕێوەبەرایەتییەکانی شوێنەوارو بەڕێوەبەرایەتییەکانی تاپۆو بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانووبەرەو بەڕێوەبەرایەتییەکان، ئەمە نابێت ئەگەر(یان)وت، کەواتە یان ئەمەیە، ئەبێ بڵێی ئەم پێناسە مادام پێناسەی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە پێناسەکە ئەم مەجمووعە بەڕێوەبەرایەتییە دەگرێتەوە، بۆیە لێرەیا (لەگەڵ) تەواوترە یەعنی بەڕێوەبەرایەتی فلان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئەوەئەگرێتەوە، هەستم کرد روونکردنەوە لەسەر قسەکانی کاك عباس (یان)ەکە دروست نییە، یەعنی بۆ خزمەتی بەڕێزان، بەڵام (لەگەڵ)ەکە دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دووەم بەڕێزان، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٢) ئامانجەکان:

یەکەم: ڕێگری کردن لە سەرپێچی و زیادەڕۆی لەسەر پرۆژەو تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ.

دووەم: پاراستنی سامانی ئاو و پاك ڕاگرتنی ئاوی خواردنەوەو هاوبەشەکان و کەمکردنەوەی کێشەکانی ئاو.

سێیەم: ڕێگری کردن لە تێکەڵ بوونی ئاوی ئاوەڕۆو لەگەڵ ئاوی خواردنەوە بەهۆی زێدەڕۆی لەسەر پرۆژەو تۆڕەکان بەمەبەستی بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی پەتاو نەخۆشی و پاراستنی تەندروستی گشتی.

چوارەم: ڕێگری کردن لە بەهەدەردانی سامانی گشتی.

پێــنجەم: پێــدانی دەســەڵات بەلایەنــی پەیوەنــدی دار بەمەبەســتی نەهێشــتنی زێــدەڕۆی و سەرپێچی بەسەر پرۆژەو تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوەکان ئەخوێنمەوە بزانین کێمان نەنووسیوە، گوڵستان خـان، ئاشـناخان، شـنۆخان، کـاك بەڵێن، کاك مەلا ناصر کاك، عثمان سێدەری، شـیرین خـان، کـاك ادریـس، کـاك بهجـت، سوسـن خـان، کـاك سروان، کاك حاجی سفین، کاك ڕێبوار، کاك مەلا جهاد، کاك چیا، کـاك ظـاهر ، حسـیبە خـان، دکتـۆر اسـماعیل، کـاك سـیپان، بـدریە خـان، مامۆسـتا عمـر، کـاك مسـلیم، کـاك مەم، مامۆسـتا ابـوبکر، مژدەخان، هلز خان، کاك مەلا وەیس، کاك مـم اسـکندر، کـاك جنـان، کـاك کـاروان، کـاك شـاخەوان، ڕوپاك خان، مامۆستا نجات.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم هەمی دزانـن هەزاران بیرێـت بـێ مـۆڵەت و نایاسـای لە هەرێمـا کوردسـتانێ هەنە بـۆ لێـدانا بیرێت ئاڤێ بۆ هندەك کەسا ئاسـتەنگیەکی زۆر مەزن دروسـت دکەن و بـۆ هنـدەك کەسـا ژبەلکـو حسابێ بۆ هیچ کەس و یاسایەکێ بکەن بەردەوام بیرێت ئاڤێ لێددەن، بۆیە مـن پێشـنیار دەکەم ماددەی(٢) بڕگەی (یەکەم) بەم شـێوەیە بێـتن، ڕێگـری کـردن لەسـەر سـەرپێچی و زیـادە ڕۆی بـۆ سەر پـڕۆژەو تۆڕەکـانی ئـاو و ئـاوەڕۆ لێـدانی بیرەکـانی بـێ مـۆڵەت، هەروەهـا بـڕگەی (پێـنجەم) لێدانی بیری بێ مۆڵەت لێ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بهجت فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت مادده (٢) ئێکەم بەحس هەندێ دێتە کرن کە ڕێگـری کـرن لە سـەرپێچی و زیـادە ڕەوی بۆ سەر پرۆژەو تۆڕەکانی ئاو و ئـاوەڕۆ، مەعلـومە کە لە هەمـی بـاژێرا پارێزگایێـت مە ل هەرێمـێ ماستەر پـلانەك هەی ماسـتەر پـلان ژ ئاوێـدا، یەعنـی تـۆڵانی تێتە دانـان، ئەز پێشـنیار دکەم ڤـی شێوەی لێ بێتن ڕێگری کردن لە سەرپێچی و زیادە ڕۆی بۆسـەر پـڕۆژەو تۆڕەکـانی ئـاو و ئـاوەڕۆ لەبەرچاو گرتنی ماستەر پلانی شارەکان، بەپێی کە ماستەر پلانەکە دادەنرێتن ئاگایـان لێبیـتن کە چۆن تەزارب نەکاتن لەگەڵ ماستەر پلانی شارەکان، دووەم: پاراستنی سامانی ئاو و پاك ڕاگرتنی ئـاوی خـواردنەوەی هاوبەشـەکان لێـرە پاراسـتنی ژیـنگەش ئەگەر ئیـزافە بکـرێتن لەسـەری، وە کەمکردنەوەی کێشەکانی ئاو، سەبارەت بڕگەی( پێنجەم) پێدانی دەسەڵات بە لایەنـی پەیوەنـدی دار بەمەبەسـتی نەهێشـتنی زیـادە ڕۆی و سـەرپێچی بەسـەر پـڕۆژەو تۆڕەکـانی ئـاو و ئـاوەڕۆ مەعلومە کە لایەنـی پەیوەنـدی دار پارێزگـا پێـی ڕا دبیـتن، ئەگەر تـو ئیشـارەتی پـێ نەدەی هەتـا موافەقەتا وەزارەتێ دێتە وەرگرتن ئێکێ شوان وەزارەتـێ مەعنـی یەعنـی شـولەکێ وەخـت پـێ دڤێـتن ل بەر هنـدێ پێشـنیار دکەم، پێـدانی دەسـەڵات بە لایەنـی پەیوەنـدی دار لە پارێزگاکـان بەمەبەسـتی نەهێشـتنی زیـادە ڕۆی و سـەرپێچی بەسـەر پـڕۆژەو تۆڕەکـانی ئـاو و ئـاوەڕۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك حاجی سفین.

**بەڕێز حاجی سفین اغا عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) بڕگەی (یەکەم) ڕێگری کردن لە سەرپێچی و زیادەڕۆی بۆ سەر پڕۆژەو تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ، پێم باشە لەجیاتی ڕێگریکردن لە سەرپێچی ببێتە نەهێشتنی زیادەڕۆی بۆ سەر پڕۆژەو تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ، بڕگەی (چوارەم) ڕێگریکردن لە بەهەدەردانی سامانی گشتی، سامانی گشتی زۆرە، پێم باشە ئەوەش شێوەی بگۆڕێتن ببیتە ڕێگریکردن لە بەهەدەردانی ئاو لە چوارچێوەی سامانی گشتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جنان فەرموو.

**بەڕێز جنان جبار بویا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك ادریس دەکەم، لەبەر ئەوە عەینی قسەی من بوو، عەینی پێشنیار بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) بڕگەی (چوارەم و پێنجەم) تێبینیم هەیە لە بڕگەی چوارەمدا دەڵێت ڕێگریکردن لە بەهەدەردانی سامانی گشتی، سامانی گشتی خۆی ناوێکی گشتییە وە پڕۆژەکەش ناوەڕۆکی پێشنیازەکەش باسی ئاوە، بۆیە پێشنیار دەکەم وا بنووسرێت، ڕێگریکردن لە بەهەدەردانی ئاو، فەقەرەی پێنجەم دەڵێت پێدانی دەسەڵات بە لایەنی پەیوەندی دار بێگومان لایەنی دەسەڵاتدار خۆی دەسەڵاتی هەیە لە جیاتی پێدانی دەسەڵات، وا بنووسرێت لایەنی پەیوەندیدار مولزەمە بۆ نەهێشتنی زیادەڕۆی سەرپێچی بەسەر پڕۆژەو تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) بڕگەی (چوارەم) پشتگیری قسەکانی کاك مەم دەکەم، بۆ بڕگەی پێنجەم پێدانی دەسەڵات بە لایەنی پەیوەندیدار، لێرەدا لایەنە پەیوەندیدارەکە تەحدید نەکراوە، واتا بەمەتاتی نووسراوە، سەرباری ئەمە لە ماددەی (٣)دا دیسانەوە باسی ئەو دەسەڵاتە دەکات، لیژنەی تایبەتمەندی دیاری کردووە، بۆیە پێشنیار دەکەم لە ماددەی (٢) بڕگەی (پێنجەم) هەڵبگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك كاروان.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـاددەی (٢) لە ڕاسـتی دا ئامانجەكـان پێمـوایە دووبـارەن، ئەگەر موتـابەعە بكەیـن یەكەم ڕێگریكردن لە سەرپێچی و زیادەڕۆی ئەمە خۆی بە پێنج ماددەو دوو بڕگە تەرخانكراوە بۆ ئەم بڕگەیە، بڕگەی (دووەم) پاراستنی سامانی ئاو ئەمەش خۆی تەواوی پڕۆژەكە لە خزمەتی ئەم بڕگەیە دایە بۆ پاراستنی سامانی ئاوە بە ئەكیدی، وە سێیەمیان ڕێگریكردن لە تێكەڵ بوونی ئاو و ئاوەڕۆ ئەمەشیان لە هۆیەكانی دەرچوواندن زۆر بەوازحی هاتووە، وە بڕگەی (چوارەم) ڕێگریكردن لە بەهەدەردانی سامانی گشتی ئەمە بڕگەیەكە زۆر مەتاتییە، چونكە سامانی گشتی وەكو برادەرانیش باسیان كرد زۆر شتی تر دەگرێتەوە، پێنجەمینیان كاتێك باس لە پێدانی دەسەڵات بەلایەنی پەیوەندیدار دەكرێت، ئەم پڕۆژە یاسایە وەك ئەوەیە كە لایەنی دەسەڵات ئەمە كۆتایی پێبێنێت و ڕێگری لێ بكات دەسەڵاتی پێدراوە، بۆیە من پێشنیاز دەكەم تەواوی ماددەی (دووەم) لابدرێت، چونكە ماددەیەكە دووبارەیە ئەمە بۆتە عورف بەڕاستی ئامانجەكان كە لەكۆمەڵێك پڕۆژە یاسادا جێگیر كراوە بۆتە عورفێك و بەردەوام دووبارە دەكرێتەوە، بۆیە بۆ ئەوەی كە یاساكەمان تەواو جێگیربێت پێم باشە كە ئەو ماددەیە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شنۆ خان.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن پرسـیارێكم لە لیـژنەی پەیوەندیـدار هەیە، وێـڕای دەسـت خۆشـیم بـۆ بەڕێـزان لە لیـژنەی پەیوەندیدار لە ئامانجەكانا بە ڕوونی دیارە كە باس لە دوو بەشی ئەساسی دەكات كە لە بڕگەی( پێنجەم) پێدانی دەسەڵات بەلایەنی پەیوەندیدار وە لە بەشەكانی تریشا بڕگەكانی یەكەم و دووەم و ئەوانە باس لە سزادانی هاووڵاتی دەكات، ئایا چ ئەركێك لەسەر حكومەتە تەنها سزادانی هاووڵاتی؟ ئامانجی ئێمە پێدانی دەسەڵاتە بە لایەنی پەیوەندیدار، بۆ ئەوەی سزای هاووڵاتی بدا، كە غرامەیەكی زۆر هەیە كە من پشتیوانیش لە غرامەكان دەكەم، بەڵام گرفتی زۆر زۆر گەورەتر هەیە كە پێویستە حكومەت چارەسەریان بكات، من پێشنیارێك دەكەم لە بڕگەی (سێیەم) كە ڕێگری كردن لە تێكەڵ بوونی ئاوی ئاوەڕۆ لەگەڵ ئاوی خواردنەوە، بە چ میكانیزمێك یەعنی لە بەشەكانی تر باسكراوە هیچ میكانیزمێكی تر دانەنراوە، بۆ ئەوەی ڕێگری لەوە بكات، لە كاتێكدا حكومەتی كوردستان ئەتوانێ فلتەر دابنێ بۆ ئاوەڕۆكان، بۆ ئەوەی دووبارە سوودیان لێوەرگیرێتەوە بۆ ئاودانی كۆمەڵێك باخچەو سەوزایی و زۆر شتی تر هەیە كە حكومەت ئەتوانێ بیكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك عبدالناصر.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢) بڕگەی (سێیەم) ڕێگریکردن لە تێکەڵ بوونی ئاوی ئـاوەڕۆ لەگەڵ ئـاوی خـواردنەوە بە هۆکـاری زیـادەڕەوی لەسـەر پـڕۆژەو تۆڕەکـانی، بەمەبەسـتی بەرگریکـردن لە بـڵاو بـوونەوەی پەتـاو نەخۆشـی و پاراسـتنی تەندروسـتی گشـتی تەبـعەن، بەڵام بە داخەوە زۆربەی ئـاوی ئاوەڕۆکان ئی شارەکان تێکەڵ بە دەریاچەو ڕووبارەکان دەکرێت، دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینـگە، بۆیە پێویستە ریسایکلین بکرێت نەك بکرێتە دەریاچەو ڕووبارەکانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پـێش ئەوەی تێبینـیەکەم بڵـێم، داوا لە لیـژنەی تایبەتمەنـد دەکەم مـاددەی (٢) بخـوێننەوە لەگەڵ هۆیەکـانی دەرچووانـدن، یـانی جیاوەزیەکەیمـان پێبڵـێن، یەعنـی ئەوەی کە ئامانجەکـان لەم ماددەیەیـا هـاتووە، یەعنـی تەواو پشـتیوانی قسـەکانی کـاك کـاروان دەکەم، یەعنـی هەمـووی زیـادەیە بێجگە لەوەی زیادەشـە لە هۆیەکـانی دەرچووانـدنیشـا بە نەصـخا هـاتۆتەوە، لەبەر ئەوە پێشـنیاز دەکەم مـاددەکە لابرێـت بەڕاسـتی، چـونکە هەم بە نەص لە هۆیەکـانی دەرچووانـدن هاتۆتەوەو هەم زۆر مەتاتییەو هیچ هینێکی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خـۆی ئێسـتا زۆر بەکەمـی ئامانجەکـان لەنـاو یاسـاکان دائەنرێـت، لەبەر ئەوەی کە هۆیەکـانی دەرچووانـدن زۆر تەفسـیلیە، لیـژنە تایبەتمەنـدەکان و دواجـاریش پەرلەمـان بڕیـاردەدا کە ئایـا تێکەڵیان دەکەن، یان لێکیان جیادەکەنەوە، بەڵێ سوپاس، فەرموو کاك سیپان.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی (٢) دیارکرنا ئامانجان لڤێری بە پێنج خاڵان هـاتینە ئامـاژە پێکـرن، کە ئامـانجێ چـنە ل بەتەمـامی پشـتگیریا گـۆتنێ کـاك کـاروانێ دکەم، وە کـاك بەڵێنـی کـو براسـتی تـوێن دەرچووانـدنێك و بەگشـتی بەعـس لێ هـاتییە کـرن لێ ئەگەر بمینیـتن ژ ئامانجـا یەك تشـت مە ئاماژە پێ نەکریە، کو ئەوژی پێچەوانیا پاراستنان ڤان تۆڕێ ئاڤێ دگەل وێ چەندێ دا، ژی دابـین کرنا ئاڤەکا ساغلەم یان ئاڤەکا پێکڤی یان سیستەمێکی گونجاوی ژ بۆ خەلکی، لەوڕەن ئامانجـان گرینگە ئاماژە بوێ چەند ژی بدەین سەرەڕای پاراستنا ڤان تۆڕێ ئاڤێ و نە هێلانا زێـدەڕۆی سـەر ڤان تۆڕێ ئاڤێ لێ گرینگ ئەوەیە چەندین ژ ئاماژە پێبدەین پێچەوانیە دابین کرنـا سیسـتەمێکی گونجای ژ بۆ پێدانا ئاڤێ بهێتە زێدە کرن، یان ماددە بەگشتی بهێتە لادان یان ئەڤ چەنـدە بهێـتە زێدە کرن کو ڕێگری کرن ل بەهدردانا سامانێ گشتی ئاڤێ هەم میکانزمەکا گونجـان بـۆ پێـدان و بڵاڤ کرنە ئاڤێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منـیش پشـتگیری لە قسـەکانی کـاك کـاروان و کـاك بەڵـێن ئەکەم، بـۆ لابردنـی ئەم مـاددەیەو هێشتنەوەی هۆکـانی دەرچووانـدنی ئەم یاسـایە کـافیە، ئەگەر هەر مـایەوە یـانی ئەم بڕگـانە زۆر دووبارە بۆتەوانێ، بۆیە من لە سێ بـڕگە کـورتم کـردۆتەوە، بەڵام پشـتگیری لابـردنەکە ئەکەم کە بکرێت بە سێ بڕگە، بڕگەی یەکەم و پێنجەم بکرێت بەیەك کە نەهێشتنی سەرپێچی و زیـادەڕۆی بۆسـەر پڕۆژەکـان، پـڕۆژەو تۆڕەکـانی ئـاو و ئـاوەڕۆ لە ڕێـگەی پێـدانی دەسـەڵات بە لایەنـی پەیوەندیدار، بڕگەی دووەم و سێیەم بکرێت بەیەك پاك ڕاگرتنی ئاوی خواردنەوەی هاوبەشـەکان و ڕێگـری کـردن لە تـێکەڵ بـوونی بە ئـاوی ئـاوەڕۆ بەمەبەسـتی بەرگە گـرتن لە بڵاوبـوونەوەی نەخۆشـی و پەتـاو پاراسـتنی تەندروسـتی گشـتی، بـڕگەی چـوارەمیش بکرێـت بە پاراسـتن و پەرەپێدانی تۆڕەکانی ئاو، وەك بەشێکی گرینگ لە سامانی گشتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاز دەکەم لە ماددەی (٢) بڕگەی (دووەم) لابـرێ، چـونکە لە بـڕگەی سـێیەم هەمـان شـتەکان دووبارە بۆتەوە هەر هەمان مەبەستە، وە پێشنیار دەکەم هەر لە ماددەی (دووەم) بڕگەی پێـنجەم لابرێ خۆی لایەنی پەیوەندیدار دەسەڵاتی هەیە، بـۆیە پێشـنیار دەکەم ئەوەش لابرێـت بـڕگەی دووەم و پێنجەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مسلم.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) بەڕاستی من تێبینیم لەسـەر خـاڵی دووەم و سـێیەم و پێـنجەمە، ئەوەی دووەم و سێیەم بەڕاستی پێموایە موحتەواکی ئامانجەکەی هەر لە پاك ڕاگرتنـی تۆڕەکـانی ئـاوە، پـێم باشـە بەم جـۆرە لـێ بکرێـت، ڕێگـری کـردن لە تـێکەڵ بـوونی ئـاوی ئـاوەڕۆ لەگەڵ ئـاوی خواردنەوەو پاك ڕاگرتنی، بەمەبەستی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی پەتاو نەخۆشـی و پاراسـتنی تەندروستی گشتی، سەبارەت بە بڕگەی پێنجەم خۆی ئەو بابەتی پەیوەندی لایەنی پەیوەندیـدار خـۆی خـاوەنی دەسـەڵاتە، بـۆیە پێمـوایە تەئکیـد بکـرێتەوە بە پیـادە کردنـی دەسـەڵات لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە نەك دەسەڵاتیان پێ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك وەیسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مـاددەی (٢) بـڕگەی (یەکەم) پێشـنیار دەکەم کە داڕشـتنەوەکە بەو شـێوەیەی لـێ بکرێـت ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی نایاسای و سەرپێچی و زیادەڕۆی دەمەوێت ئەم وشەیە زیاد بکرێـت، وەهەروەهـا لە بـڕگەی یەکەم پشـتگیری لە ڕایەکەی کـاك ادریـس دەکەم چـونکە بیرەکـانیش هەمیشـە زێـدەڕۆیان دەکـرێتە سـەر وە هەروەهـا لە بـڕگەی چـوارەمیش پشـتگیری مـام حـاجی سەفین و کاك مەم دەکەم بۆ ئەوەی وشەی ئاو لە سامانی گشتی دیاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بیرتان بێت ئێمە لە چەند پڕۆژە یاسایەکی پێشـتریش لەسـەر ئامانجەکـانی دەرچوواندنی یاسا، کە هاوتەریب هەمان مانای هەیە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن بیروبۆچـوونی جیاوازمـان هەبوو، داوامان کرد لابرێت دوای ئەوەی تووشی جەدەلێکیش بووین لەگەڵ لیژنەی قـانوونی کە ئەوان مکوڕ بـوون لەسـەر ئەوەی بمێنێـت، دەپرسـم کە تـۆ دەڵێـی هۆیەکـانی دەرچوواندن، واتە ڕێك بـاس لە ئامانجەکـان دەکەی ئەو ئامـانجەی کە لە مـاددەی دووەم هـاتووە هـیچ ئیزافەیەکـی ئەوتۆی بۆ نێوەڕۆکی ماددەکانی تر دروست نەکـردووە، بەڵام ئـۆکەی بـۆ ئەوەی کە هـاووڵاتییەك تێبگـا مەبەسـت لە دەرچووانـدنی ئەم یاسـایە چیـیە، تەنهـا ئیکتیفـا بە هۆیەکـانی دەرچوواندن بکرێت باشە، بۆیە جەخـت دەکەیـنەوە لەسـەر ڕای پێشـووترمان کە ئەمە زیـادە، قاعیـدەیەکیش هەیە دەڵێت (الزائد کالناقص) ئەمە لە لایەك، لە لایەکـی تـریش لە خـاڵی پێـنجەم هـاتووە دەڵێـت پێدانی دەسەڵات بە لایەنـی پەیوەندیـدار، ئـێ خـۆ لایەنـی پەیوەندیـدار خـۆی دەسـەڵاتی هەیە، چـۆن تـۆ بە یاسـا دەسـەڵات بە لایەنـی پەیوەندیـدار دەدەیـت، خـۆی لایەنـی پەیوەندیـدار کە جیهەتی تەنفیزیە و خۆی دەسەڵاتی هەیە، چ پێویست دەکات تۆ لێرە بنووسی پێدانی دەسـەڵات بە لایەنی پەیوەندیدار، جا ئەگەر لایەنی پەیوەندیدار دەسەڵاتی نەبێت بۆ لایەنی پەیوەندیدارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێــڕای پشــتیوانیم لە گوتەکــانی کــاك ســیپان، لە راســتیدا ئەوەی کە روونە ئــاوی مــاڵان سـەرچاوەیەکی گرنگـی ژیـانی هاووڵاتییـانە، بـۆیە لە مـاددەی دووەم، لە بـڕگەی دووەم، مـن لە لیژنەی تایبەتمەند دەپرسم چۆن ڕێگری دەکرێت لە پیس بـوونی ئـاوی مـاڵان؟ چـونکە ئەوەی کە تێبینی دەکەین بۆ نمـوونە مـن ئەگەر شـاری هەولێـر وەربگـرین زۆرجـار کە فیلـتەری ئـاوی مـاڵان دەگۆڕدرێت دەڵێن ئەو ماڵە یان ئەو ناوچەیە پێویستی بە یەك مـانگە تـا فیلـتەرەکـان بگۆڕدرێـت، بەڵام لە هەندێك شوێنی تر پێویستی بە شـەش مـانگە، لە راسـتیدا ئەوە نمـوونەیەکە، ئێمە چـی

بکەین بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوی ئەم مەنتیقانە وەکو ئەك خاوێن رابگرێت، چونکە زۆرجار ئەو پیس بوونی ئاوە دەبێتە سەرچاوەی نەخۆشی، دەیان نەخۆشی بۆ هاوڵاتیانی کوردستان، چۆن رێگری دەکرێت لە پیس بوونی ئەو ئاوە، ئەوە پرسیاری منە بۆ لیژنەی تایبەتمەند، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مەلا جهاد فەرمووو.

**بەڕێز جهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەیا دووێ و ئامانجەکان، تەبعەن ل دەستپێکێ پشتگیریا د.ڕێبواری دکەین، ب راستی مادام هۆیەکان هەیە دبێژین داعی ناکەت ئەڤ ئامانجە بێنە نڤیسین، بەس دگەل هەندێ ژی ئەگەر هەر هاتە دانان پشتگیریا برایێ خۆ کاك بهجەتی بکەم، ب تایبەتی ل خالا پێنجێدا وی ئاماژە پێدا کو بێژن رایا پارێزگاکان بێتە وەرگرتن، چونکە ئەگەر بێن سەحکەنە پارێزگەها دهۆکێ هەندەك تەوەرێك گەلەکێك مەزنێت تێنە چێ کرن، یەعنی ئیحتیمالە ئەڤە بۆ دائیرەیا هاتی مولەتا وێ مەحدودە چەند تابقەك بن، بەس دێتە وەزارەتێ ئان ب رێکا واستەکی دێکەتن دێ دەە ڤاتا ئان پازدە ڤاتا دێکەتن، زێدە کرنا ڤانا چ تشتە ئەگەر سەحکێ مەجارییێت وانا بچیکن سەندوقن تەحەمولا وان مالان خرا ناکەت، دێجە ئەڤە دێ کێشەکا گەلەکا مەزن ل ئایندەدا دێ چێکەت بۆ پارێزگەها دهۆکێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان**

کاك عوسمان سێدەری فەرمووو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو، بڕگەی دوو، من پێموایە شتێکی بۆ زیاد بکرێت پاراستنی سامانی ئاو و پاك راگرتنی ئاوی خواردنەوە و راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان گەڕەك و ماڵەکاندا کە ئەمە زۆر گرنگە، مادام ئەو ماددەیە باس لە ئامانجەکان بکات، ئامانجی سەرەکی هاوسەنگیە لە نێوانیان، جاری وا هەیە، گەڕەکی وا هەیە دەڵێن فلان گەڕەکە دوو رۆژە ئاوی نیە و فلان گەڕەکە ئاوی هەیە یان نیەتی ئەوە پێموایە لە بڕگەی سێیەمیشدا پشتگیری لە قسەکانی کاك مەلا ناصر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان**

گولستان خان فەرمووو.

**بەڕێز گولستان سعید حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوو و ئامانجەکان، پێشنیارێك دەکەم بۆ خاڵی یەکەمیان، رێگریکردن و قەدەغەکردنی سەرپێچی و زیادەڕۆیی لەسەر پرۆژە تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ، وشەی قەدەغەکردنی بۆ زیاد بکرێت، سەبارەت بە خاڵی دووەمی، ئێمە ئامانجی ئەم یاسایە تەنها پاراستنی ئاو نییە، پاراستنی ئاو و ئاوڕۆکانیشە، بۆیە پێمباشە خاڵی دووەم وای لێبکرێت

پاراستنی ژێرخانی تۆڕەکانی ئاو و ئاوڕۆ لە دەست درێژی و بەکارهێنانی خراپ، واتە ئاوڕۆشی بۆ زیاد بکرێت، سەبارەت بە خاڵی چوارەم کە ڕێگریکردن بە هەدەردانی سامانی گشتی نووسراوە، پێشنیار دەکەم بکرێت بە ڕێگریکردن لە بەهەدەردانی سامانی ئاو و دەستەبەر کردنی دادپەروەری و سوودمەندبوونی هاووڵاتییان لە سامانی ئاو، چونکە بەڕاستی نا دادپەروەریەکی زۆر دەبینین لە بەینی گەڕەکەکان و شوێنە گشتییەکان بۆ خەڵك، هەندێك گەڕەك هەیە ماوەی ئاوەکەی زۆرتر بۆ دابین دەکرێت هەشە کەمتر، بۆیە ئەو دادپەروەریەش زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕوپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو ئامانجەکان، پشتگیری لە قسەکانی کاك کاروان دەکەم کە لابرێت، ئەگەر هەر بمێنێتەوە پێویستە ئەو گۆڕانکاریانە بکرێت، چوارەم ڕێگریکردن لە بەهەدەردانی ئاو لە چوارچێوەی سامانی گشتی، پێموایە هاوڕێیانی تر کاك حاجی سفین پشتگیری ئەو دەکەم، بەڵام چوارەم بێتە یەکەم، چونکە ئەسڵەکە پێموایە ئەوەیە، وە ئامانجی سەرەکی ئەوەیە، یەکەم بێتە چوارەم، دووەمیش هەر لە جێگەی خۆی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ئەو ڕەئیە دەکەم کە پێیوایە ئەم ئامانجانە زیادە لەم ماددەیە، بە تایبەت بە هۆی لاواز داڕشتنەوە، بەڕاستی داڕشتنەکان زۆر لاوازن، بە تایبەت خاڵی پێنجەم هەر زۆر زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە قسەکانی کاك کاروان دەکەم بۆ لابردنی ماددەی دووەم و ئامانجەکان، هۆیەکانی دەرچوواندن بە رای من کیفایەتە، هەروەها ئەگەر بمێنێتەوە پشتگیری لە قسەکانی گولستان خان دەکەم بە هەموارەوە، وە پشتگیری لە قسەکانی روپاك خانیش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پشتگیری لەهەر بۆچوونێك دەکەم کە بۆ کورتکردنەوەی ئەم یاسایە بێت، زۆر درێژ داڕێژراوە لەگەڵ ڕێزی بێ پایەنم بۆ ماندوبوونی ئەو بەڕێزانە ئەوە یەك، دوو: ئەو پێشنیازەی کە

چەند ئەندامێکی پەرلەمان سەرەتا کاك کاروان گوتی دواتر ئەندامانی تریش پشتیوانی دەکەن، منیش لەگەڵ ئەوەدام ئامانجەکان لابرێن و لە ناو هۆیەکانی دەرچوواندندا و دەستکاری بکەین و لەگەڵ هۆیەکان سیاغەکەی بگۆڕین ئەمانەی تێدا جێگەی بکەینەوە ئەگەر شتێکی بوێت، بەڵام ئەگەر ئەمە شانسی دەنگی نەهێنا من ئەم پێشنیارە دەخەمە بەردەم ئەندامانی بەڕێز، ئامانجەکان بەم شێوەیە بێت، یەکەم: رێگریکردن و نەهێشتنی بە وشەی نەهێشتنی وا دەکەین بڕگەی پێنجەم لاببەین، بەس بە وشەی رێگریکردن و نەهێشتنی ئیزافە بکەین بڕگەی پێنجەم لا دەبەین، بۆ بڕگەی سێیەمیان رێگریکردن لە تێکەڵبوونی ئاوی ئاوەڕۆ لەگەڵ ئاوی خواردنەوە بە هۆکاری زیادەڕۆیی لەسەر پڕۆژەی تۆڕەکان، واتە بەپێی ئەم بڕگەیە بێت ئەگەر ئاو و ئاوەڕۆ تێکەڵی یەك بووبن، بەڵام هۆکارەکەی زیادەڕۆیی نەبێت لەسەر پڕۆژە و تۆڕەکان ئەوە رێگری لێ ناکەیت، ئەوە مەفروزە ئەم هۆکارە لابرێت، یەعنی ئەوەش زیادە بە هۆکاری زیادەڕۆیی لەسەر پڕۆژەی ئاوەکان، بە مەبەستی بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی و پاراستنی تەندروستی گشتی تەحسیل حاسڵە ئەمە، لەبەر ئەوەی کە تۆ رێگرێت کرد بۆچی دەیکەی، بۆ ئەوەی خەڵك تووشی نەخۆشی و ئەو شتانە نەبێت، پێویست بەوە ناکات ئەم تەفاسیڵ و وردەکاریە زیاتر بخرێتە ناو ئەو مەسەلەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی پشتگیریا وان برایان دکەم ئەوێت گووتی ئەڤە یا زێدەیە، ل هۆیەکان کافیە، یەعنی جێگای وی دەگریت، ئەگەر ئەو نەبوو بڕگەیا دووێ ئەز پێشنیار دکەم تشتەکی لێ زێدە بکەین، تێبینیەکی بێژین و سوود وەرگرتنەوە لە ئاوی بەکار هاتوو، ئەڤ ئاڤەی بەکار هینای ئیستیفادە لێ بێتە کرن، ئەو ژی ئارمانجیت وی بیت، وە خالا چوارێ پشتەڤانیا بۆچوونا حاجی سەفین دکەم، دڤێت ئاو لێرە زیاد بکرێت، چونکە سامانی گشتی زۆرن نە ئاو ب تنێیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموستا نجات فەرموو.

**بەڕێز نجات شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەیا دووێ ئامانجەکان، ئەگەر هاتوو چوو ئامانجەکان مانەوە ل ڤێرەدا ب دیتنا من ئەڤ خاڵە لێرە بێتە زێدە کرن، دەست ڤە ئینانا ئێك ژ ئامانجێن گەشە پێدانا دەم و درێژ، یەعنی ئامانجێت تەنیا موستەدامە تڤیا جێ بەجێ بکات ئان دەست ڤە بینیتن، ئەو ژی رێگریکردن ل هەدەردانا ئاڤێ ژبەر مەترسی کێمبوونا ئاڤێ سەر ئەجیالێت داهاتی پێتڤیا ئەڤ رێگریە بکەن کو ئاڤ هەدەر بچیتن دا بۆ ئەجیالێت داهاتی بمێنیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ زاهیر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینم لەسەر بڕگەی چوار هەیە، لەبەر ئەوەی بابەتی سەرەکی لەم پێشنیازە یاسایە بریتیە لە ئاو، بۆیە پێشنیاز دەکەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت، ڕێگریکردن لە بەهەدەردانی سامانی گشتی لە بەهەدەردانی ئاو کە سامانێکی گشتیە، پشتگیری ڕوپاك خان و کاك حاجی سفین دەکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ناوەڕۆکی ئەم یاسایە زۆربەی زۆری ماددەکانی ئەم یاسایە باس لە سزا دەکات، بۆیە من پێشنیاز دەکەم لە ئامانجەکان بڕگەیەکی تر زیاد بکرێت، بکرێتە بڕگەی شەشەم بەم شێوەیە، لەبەر ئەوەی بەشی هەر زۆری ماددەکانی ئەم پێشنیازە یاسایە بریتیە لە سزادانی سەرپێچیکار و زیادەڕۆکار، بۆیە پێشنیاز دەکەم کە بڕگەی شەشەم زیاد بکرێت بەم شێوەیە، سزادانی سەرپێچیکار و زیادەڕۆکار بۆ سەر پڕۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆ، وە پشتگیری لەوەش دەکەم کە ئامانجەکان بمێنێت، لەبەر ئەوەی ئامانج لە سیاغەکردنی هەر یاسایەك زەرورە و گرنگە پێویستە بمێنێت هیچ ڕەبتێکی بە هۆیەکانی دەرچوواندن یاخود هۆکارەکان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان**

کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستی من هەندەك دووبارە بوون ل ڤان ماددان هەنە، بۆ نموونە ماددەی یەکەم و دووەم ئەگەر ب دروستایی بهێن ئەم دشێین ل یەك ماددێدا خلاس بکەین، ڕێگریکردن لە سەرپێچی و پاراستنی سامانی ئاو، یەعنی ماددەیا یەکەم و دووەم ئەم دشێین بکەین ب یەك ماددە، هەروەسا ماددەیا چوارەم ئەز دبینم تشتەکی زێدەیە، ڕێگریکردن لە بەهەدەردانی سامانی گشتی هیچ پەیوەندی بە ڤێ ماددە ڤە نینە، ئەز ژی پشتەڤانیا کاك کاروان و کاك مەم اسکندر دکەم، هەروەسا کاك سیپان و برادەرێن دی، ئەڤ ماددە زێدەنە، پێتڤیە پیچەکێ بێتە کورت کرنێ، هەروەسا ئەز پشتەڤانیا کاك مەم برهان دکەم کە یەکێش ژ ئارمانجا مە کورت کرنا ڤان خالا بیت، بەڕاستی ئەڤە بیست و هەشت ماددەنە، ئەگەر ب دروستاهی ئەڤی شەڤێ دی خاندن ئەز دشێم ڤێ پڕۆژە ل دەه ماددە سافی بکەم و بە کورتی ژی عەینەن مەعنا بدەن، یەعنی ئێستا چوار ماددە ل ڤێرێ هەنە ئەڤ چوار ماددە ب دروستاهی دشێین یەك یان دوو ماددە ژی بێنە تەفسیڵ کرنێ، هەروەسا تێبینەکا مە بەرێ ژی هەبوو ئەو تێبینە چەندین جارا وا پێشنیار کرا وەختی ئەڤ پڕۆژە یاسایە ل هەردوو لیژنەی پەیوەندیدار خلاس بوون پێتڤی بوو چەند برادەرێکی زمان زان یان کوردیەکی باش کە یەك زمان زانی دروستای کری با یا ژی دی کورت

کرن با، یەعنی تەخلیس کرن با، ئەڤ ماددە بیست و هەشت ماددە بەڕاستی زۆرن، پێتڤی بوو ئەو برادەرێن تایبەتمەند ب زمانی پێداچوونەکی بکردبا بۆ کورت کرنا ڤی پڕۆژەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بەوەی ژمارەی ماددەکانی زۆرە لەبەر دوو سەبەبە، سەبەبی یەکەم ئەوەیە کە ئەمە شێوازێکی تا رادەیەك دەتوانم بڵێم تازەیە کە ئێمە دەسەڵاتی غەرامە دەدەینە ئیدارە لە جیاتی ئەوەی بچێتە مەحاکم دەبێت هەندێك حەسریکەی بزانی لە کوێ عقوبە دەدرێ و عقوبەکەی چەندە، یەعنی ئەم جۆرە لە غەرامە ئەم جۆرە لە پێ بژاردنە کە پێ بژاردنی ئیداریە ناچێتە مەحکەمە، لە راستیدا هەندێك تازەیە، ناڵێم نیە، هەیە، بەڵام هەندێك تازەیە، لەبەر ئەوە هەردوو لیژنە و تەنانەت خودی وەزارەت هەندێك بە حەزەرەوە لەگەڵ کردووە کە سەڵاحیەتەکان زۆر ورد بکرێتەوە، زۆر تەحدید بکرێت، وە عقوبەکان دیاری بکرێت بە دیاریکراوی بەشێکی پەیوەندی بەوە هەیە، بەشەکەی تری پەیوەندی بەوەوە هەیە ژێرخانی ئاو و ئاوەڕۆ خۆی ژێرخانێکی دەوڵەمەندە بە هەندێك لە موستەڵاحات کە ئێمە و مانان نایزانین و لە قوانینی تریشدا تەعریف نەکراوە، ناچاربووین لێرە تەعریفی بکەین، یەعنی هەر ماددەیەك زیاتر لە شانزە بڕگەیە، دوور و درێژی ئەم پڕۆژەیە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە خۆی بۆشایی یاسایی هەیە لە مەجالەکەدا، وە ئەو موستەڵاحاتانەش لە قەوانینی تری زۆر بە وردی تەعریف نەکراون پێویستی بە تەعریف و بە وردەکاری هەبووە، هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا ل ڤان بەڕێزان دکەم ئەڤێت پێشنیار کری کو ئامانجەکان نەمێنیت، وە داڕشتنەکا دی بێتە کرنێ دگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، دێ ئەگەر وەکی خۆ ما ئەز پێشنیار دکەم بڕگەیا ئێکی و بڕگەیا پێنجێ دگەل یەکدا بێنە دەمچ کرن و داڕشتنەکا دی تر بۆ بێتە کرنێ، ڕێگریکردن و نەهێشتنی سەرپێچی و زیادەڕۆیی بۆ سەر پڕۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ، خاڵا پێنجێ دەسەڵات بە لایەنی پەیوەندیدار ئەگەر تۆ یاسایەك دەر بکەی دەسەڵاتێ دەدەیێ، یەعنی حەوجە ناکەت ل ڤێرێدا دووبارە بیت ئەڤە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە پێچەوانەی برادەران ئامانجەکان دەبینم، وا بزانم ئێمە هەر یاسایەك دەنووسین ئەگەر لە ناو یاسایەکە ئامانجێك نەبێت هیچ واتایەکی تەواو نادەین بەو یاسایە، وە ئامانجەکانیش هیچ پەیوەندیەکی وایان نابێت بڵێین بیبەستینەوە بە هۆیەکانی دەرچوواندن، هۆیەکانی دەرچوواندن پوختکراوەی کۆی بابەتەکانە نەك بە تەنها ئامانجەکان، بۆیە من لێرەدا چەند پێشنیارێکم هەیە، لە بڕگەی دووەمدا پێشنیاری ئەوە دەکەم بڕگەی چوارەم و دووەم بە یەکەوە بەسترێنەوە بەو شێوەیە، ڕێگریکردن لە بەهەدەردان و پاراستنی سامانی ئاو و پاك راگرتنی

ئـاوی خـواردنەوەی هاوبەشـەکان و کەم کـردنەوەی کێشـەکانی ئـاو، سـێیەم: ڕێگریکـردن لە تێکەڵبـوونی ئـاوی ئـاوەڕۆ لەگەڵ ئـاوی خـواردنەوە و ئەو سـەرچاوانەی کە بـۆ ئـاوی خـواردنەوە بەکار دێن بە هۆکاری زیادەڕۆیی لەسەر پڕۆژە تۆڕەکان لە ڕێگەی دانانی پـڕۆژەی چارەسـەکردنی ئـاوی قـورس بـۆ مەبەسـتی ڕێگریکـردن لە بڵاوبـوونەوەی پەتـا و نەخۆشـی، بـۆ پاراسـتنی تەندروستی گشتی، هەروەها لە خاڵی پێنجەم پێشتگیری کاك بەهجەت دەکەم، پێدانی دەسـەڵات بە لایەنـی پەیوەندیـدار، خۆیـان لایەنـی پەیوەندیـدارەکان دەسـەڵاتیان هەیە، بـۆیە باشـتر بەو شـێوەیە دابڕێـژرێتەوە، پێـدانی دەسـەڵات بە لایەنـی پەیوەندیـدار لە پارێزگاکـان و یەکە ئیدارییەکان بۆ مەبەستی نەهێشتنی زیـادەڕۆیی و سـەرپێچی بەسـەر پـڕۆژە و تۆڕەکـانی ئـاو و ئـاوەڕۆ، هەروەهـا پێشـنیاری زیـادکردنی مـاددەیەکی تـر دەکەم، لەبەر ئەوەی ئـێمە لەم یاسـایەدا مەبەستمانە کە سەرپێچیکارەکان و زیادەڕۆکارەکان ئەوانەی کە لەناو یاساکە ڕێگری لـێ بکرێـت، پشـتگیری لە قسـەکانی کـاك شـێخ زاهیـر دەکەم بەوەی کە بـڕگەیەك زیـاد بکرێـت بەم شـێوەیە، سزادانی سەرپێچیکار و زیادەڕۆکار بۆ سەر پڕۆژەکانی ئـاو و ئاوەڕۆکـان لە هەرێمـی کوردسـتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی هەموو ئەو هاوڕێیـانە دەکەم کە لەگەڵ لابردنـی مـاددەکە دان، بەڵام ئەگەر هەر بڕیار درا و قەرار وابێت بمێنێتەوە ئەوە پێمباشە ئەوای لێ بکرێت، بڕگەی سێیەم: ڕێگریکـردن لە پـیس بـوونی ئـاوی خـواردنەوە، ڕێگـری لە پـیس بـوونی ئـاوی ڕووبـار و دەریاچەکـان بەهۆکـاری زیادەڕۆیی لەسـەر پـڕۆژە و تۆڕەکـان بە مەبەسـتی بەرگـرتن لە بڵاوبـونەوەی پەتـا و نەخۆشـی و پارستنی تەندروستی گشتی و ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی ئاوی پیس بۆ کشتوکاڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە تایبەتمەندەکان وەڵامتان بۆ ئەندامانی پەرلەمان، فەرموون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە سەرەنج و تێبینـی بەشـێکی کە خـرانە ڕوو و ئەو پرسـیارانەی کە ئاڕاسـتەی لیـژنەی تایبەتمەند کران، سەبارەت بە زەرووەرەتی بوونی ئامانجەکان لەم پڕۆژە یاسایەدا دەگەڕێتەوە بـۆ ئەوەی ئەم پڕۆژە یاسایە تۆزێك هەستیارە و پێویستە دەکات ئێمە بچینە ناو هەنـدێك تەفاسـیڵ و وردەکـاری بە تـایبەت پێـدانی دەسـەڵات بە لایەنـی پەیوەندیـدار ئـێمە لە چوارچێـوەی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە دەسـەڵات دەدەیـن بە بەڕێوەبەرایەتییەکـانی ئاووئـاوەڕۆ لەشـارو شارۆچکەکان، واتە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاو و ئـاوەڕۆ دەسـەڵاتیان پـێ دەدەرێـت، بـۆیە لایەنـی پەیوەندیدار کە لێرە لە ئامانجەکان تەئکیدی لەسەر دەکـرێتەوە بە مەبەسـتی ئەمە هـاتووە، دوو: ئامانجەکـان بـۆ ئەوەی ڕوون بـن، ئەگەر ئـێمە بگەڕێیـنەوە بـۆ گفتوگـۆکردن لەسـەر مـاددەی یەك بەشێك لە خوشك و برایانمان کە تەدخولاتیان کرد گووتیان بـۆ بە سـزا دەسـت پـێ دەکـات، ئەمە

ڕێگریکردنە لە زیادەڕۆیی، زیادەڕۆییەکی زۆر دەکرێتە سەر تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، وە بۆ ئاوی پاك لەگەڵ ئاوەڕۆ تێکەڵ دەبێت، بێگومان لە ئەنجامی زیادەڕۆیی ئاوەکە تێکەڵ دەبێت، یەعنی ئاوەکە بە سرووشتی تێکەڵ نابێت، ئێمە زۆرێکمان ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ شار و شارۆچکەکانی خۆمان دەبینین لە کۆڵانەکان، لەسەر جادەکان تۆڕەکانی ئاو شکاون، وە کەسیش چاکی نەکردۆنەتەوە، کەسێك کە ڕەنگە پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری دەکات، کۆمپانیایەك هێڵێکی ئینتەرنێت رادەکێشێت، کەسێك دێت شۆستەیەك خراپ دەکات بە ئامانجی کارێك ڕەنگە نزیك بێت لە ماڵەکەی تۆڕی ئاوی پاکی خواردنەوە دەشکێنێت و چاکیشی ناکاتەوە، ئەمە پیس دەبێت، ئامانجەکە ئەوەیە، بۆیە ئێمە دەبێت ڕێگری بکەین، لە تەواوی شار و شارۆچکەکان ڕەنگە لە بڕگەکانی دی بیینە سەر زۆرێك شت، خەڵك هەیە چەند جارێك ئیشتیراکی ئاوی کردووە و ئاوی راکێشاوە بە زیادەڕۆ، ئەمە دەبێت سنووری بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی عەدالەت لە دابەشکردنی ئاو هەبێت، پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتیەکانی شار و شارۆچکەکان گەلێك گرنگە، بۆیە ئێمە ئەم ئامانجانە پێمان زەرور بووە هەبن و ئەکید پێداگیری لەسەر مانەوەیان دەکەین و دواتر دەخرێتە دەنگدان و بێگومان ئەو ڕەئیانەی کە داوای لابردن دەکات، ئامانج سزادانی هاوولاتی نییە، ئامانجەکە ئەوەیە بە پێچەوانەوە ئەگەر سزای سەرپێچیکارانی دەست درێژیکردن بۆ سەر تۆڕی ئاو و ئاوەڕۆ بدەین ئەوە لەبەرژەوەندی هاووڵاتییانە دواجار، چونکە ڕەنگە ژمارەیەکی کەم بن ئەوانەی کە زیادەڕۆییان بە تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ دەگەیەنن، بۆیە ئەوە دواجار دەچێتە خانەی بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی هاووڵاتییان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر باس لە ئامانجەکان کرا هەر وەکو برای بەڕێزم کاك لقمان باسیکرد، ئەگەر ئامانج لەم راپۆرتە بە دەقیقی باسی دەکەین ناچینە قۆناغی داڕشتنی یاسایەکە، ئەگەر ئامانج دیار نەبێت و روون نەبێت لە پێش چاومانیش روون نابێت کە بە چ شێوازێك ئێمە یاساکە دادەڕێژین، بۆیە تەئکید لە مانەوەی خاڵەکانی ئامانج دەکەین، دەکرێت هەموو خاڵەکان دەوڵەمەندتر بکرێت، بەڵام بوونی ئەمە زۆر بە زەروور دەزانین، تەبعەن دەڵێین ئامانجەکە دەبێت لابرێت و هۆکارەکان بمێنن، تەبعەن ئامانجەکان زۆر بە دەقیقی خاڵ بە خاڵ باسی هەموو ئامانجەکان دەکات، هۆکارەکان پوختەی کۆتایی هەموو پرۆسەی یاسا دانانەکەیە کە ئێستا باسی لەسەر دەکرێن، خاڵی دووەم کە حەز دەکەم باسی بکەم کە گوایە ئەم یاسایە بۆ سزادانی هاوڵاتیانە، بە پێچەوانەوە ئەم یاسایە بۆە ڕێکخستنی عەدالەت لە بەینی هاووڵاتییانی بەڕێزە هەموویان بە شێوەیەکی یەکسان و عادیلانە ئاوی پاك و خاوێن بۆ ماڵەکان بڕوات و ئەو کەسانەی کە مافی هاووڵاتییان پشێل دەکەن ئەو کەسانە سزا دەدرێن، کەواتە نەك هاووڵاتی، ئەمە بۆ پاراستنی مافی هاووڵاتیانە، نەك ئەو کەسانە کە سەرپێچی دەکەن، نوقتەی سێیەم کە حەز دەکەم باسی بکەم هەر وەکو بەڕێزتان باستانکرد ئەم پڕۆژەیە پڕۆژەیەکی ئیستراتیجیە و فەراغێکی یاساییە،

لەبەر ئەوە ئەم یاسایە دادەڕێژین، لەبەر ئەوەی عقوبەی تێدایە بۆ ئەو سەرپێچیکارەکان بە رەئی من ئەگەر خاڵەکان زیاتریش بکرێن و دەقیقتریش بکرێن باشترە لە ئەوەی کورتتر بکرێنەوە، ئەگەر پوختە بکرێتەوە مەوزووعێکی ترە، بەڵام لادانی هەر یەك لەم پێشنیازی یاساکان کە ئێستا لێدەکەن ئەگەر لابرێت رەنگە جێ بەجیکردنیان ئەم یاسایە تووشی گرفت ببین، بۆیە لەبەر دەقیقی لەبەر ئەوەی کە عقوبەی تێدایە ئەم یاسایە زۆر دەقیقە، ئەوەی خاڵی تریش پێدانی دەسەڵات ئەوەی برای بەڕێزم کاك لقمان باسیکرد، هەر ئەوەندەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

محاوەلە بکەن بە تایبەتی ئێوە قسەی یەکتر دووبارە مەکەنەوە، ئەگەر رەفیقێکتان قسەیکرد مەیکەنەوە، کاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار مەلا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیریمان لە پرۆژە یاساکە وەکو لیژنە، بەڵام خۆم تێبینیم هەبوو لە ماددەی دوو لە ئامانجەکان، سەبارەت بە خاڵی یەکەم و دووەم و سێیەم کە لە رووی زمانەوانیەوە چەند رێگریکردن بەکار هاتووە، بۆیە لێرە پشتگیری بەڕێزان کاك ابوبکر و کاك سیپان و کاك کاروان و کاك مەم اسکندر و کاك مەم برهان قانع دەکەم کە لە رووی زمانەوانیەوە دەکرێت سێ جار، چونکە لە گوتار بێژی و لە نووسینیش ئەگەر وشەیەك سێ جار یان چوار جار بەکارهات دەبێت دارشتنێکی تر یاخود تەعبیرێکی تری بکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.کاظم فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیە چاوەڕێ بووم بەڕێزانی لیژنە روونکردنەوەی زیاترمان پێبدەن لەسەر بڕگەی سێیەم لە بابەتی پاراستنی تەندروستی گشتی و ئەوانە، بەڵام لە روونکردنەوەکان ئەوە دەرکەوت تەنها بۆ سزادانی ئەو هاووڵاتییانەی کە سەرپێچی دەکەن، ئەو لایەنەم تێدا نەبینی هەرچەند لە روونکردنەوەکە و لە دەقی ماددەکەشدا ئەوەی تێدانەبوو مەسەلەن حکومەت، ئێستا نموونەیەك هەیە بۆ بەڕێزتان و چەندین نموونە هەیە، بەڵام یەکێك لە نموونە زیندووەکان ئەوەیە کە ئاوەڕۆی شارۆچکەی دوکان راستەوخۆ دەڕژێتە ناو ئاوی دوکانەوە، وە لە چەند سەد مەترێك خوارترەوە پڕۆژەیەکی ئاوی لێیە ئاو وەردەگرێتەوە و دەینێرێتەوە بۆ سلێمانی و دەوروبەری و دەیخۆنەوە، یەعنی ئاوڕۆکە زیرابەکە بە کوردییەکەی دەڕژێتە ناو ئاوی دوکانەوە لە خوارترەوە ئاوەکەی لێ وەردەگیرێتەوە بە حیساب تەسفیە دەکرێت و دەخورێتەوە، ئەی ئەمە کە حکومەت مەسەلەن خۆی کردوویەتی و چۆن لەم ماددە و بڕگەیە جێگەی دەکرێتەوە و ئەمەش

تەندروستی گشتییە، حەزمکرد ئەمەش ئیزافە بکەم و بەڕێزانی لیژنە وەڵامی بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانج لەم یاسایە عقوبەدانی هاوڵاتی نیە، لە راستیدا ئەوەی کە زیادەڕۆی دەکاتە سەر تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ زیاتر کۆمپانیاکانن، ئەگەر دیقەت بدەی لە ئەنجامی کارکردنیانە، لە ئەنجامی گەیاندنی پڕۆژەکانیانە، بۆیە ئامانج لەم پرۆژە یاسایە پاراستنی هاوڵاتیانە، پاراستنی بەرژەوەندی هاوڵاتیانە و تەحقیقی عەدالە لە ئەنجامی دابەشکردنی ئاو و پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو، بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر بێینە سەر ماددەکانی تر بە دیقەتەوە بخوێنینەوە چۆن هەنگاو دەندرێت بەرەوسەرکردنی پاش ماوەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە ماددەکانی تر دێینە سەر، بەڵام ئەکیدە بە ئامانجەکە پاراستنی بەرژەوەندی هاووڵاتییانە و عقوبەدانی ئەو لایەنانەیە کە سەرپێچی دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن (کاروان گەزنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکم هەیە لەسەر پرۆژە یاساکە، کاتێك ئێمە موناقەشەی ماددەیەکی پرۆژە یاساکە دەکەین هەڵبەت پێشتر دیراسەمانکردووە، ئێمە نییە کە لێرە هاتبێتین ماددەیەك بێنین کە ئەوان بیخوێننەوە و ئێمە موناقەشەی بکەین، من بەش بە حاڵی خۆم لە کاتی گەشتنە دەستی ئەم پرۆژە یاسایە راوێژم بە چەندان خەڵکی خەبیرکردووە لەم بارەیەوە، یەعنی بەڕاستی موناقەشە ناکەین بۆ ئەوەی جەدەل دروست بکەین، جار وایە کە ئێمە بیست یان سی کەسی قاعەکە قانەعەتی لەسەر ماددەیەك جێگربێت و بەڕێزان لە لیژنەی هاوبەش و لیژنەی یاسایی هەمان بۆچوونی پێشووتریان هەبێت پێویست ناکات ئەوە موناقەشە بکەین، وە ئەگەر قەرار وایە کە ئێمە موناقەشە دەکەین بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە ناوەرۆکی پرۆژە یاساکەدا بکەین ئەوە با دەست بکەین بە موناقەشەی خۆمان، تکایە تێبینەکانمان بە هەند وەربگرن، پێشتریش لە پرۆژە یاسای تریش تێبنیم لەسەر ئەم بابەتە هەبووە، یەعنی بەڕاستی ماددە هەبووە چوار بۆ پێنج بۆ دە پشگیری هەبووە، بەڵام ماددەکە وەکو خۆی جێگیرکراوە و هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا نەهاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە لیژنە تایبەتمەندەکان هەر پێشنیارێك کە لەم هۆلە کرا سێ کەس پشتیوانی کرد ئێوە لە راپۆرتی خوێندنەوە بەبێ گومان هەر واشتانکردووە دەیهێنن دەیخەنە دەنگدان، جا ئەگەر

دەنگی هێنا ئەوە ئەگەر لیژنەکانیش پێیان خۆش نەبێت و ئێمەش پێمان خۆش نەبێت کە دەنگی هێنا ئەوە دەبێتە ماددەیەك، وە ئەگەر دوو کەسی کۆتایی و پێش کۆتایی کەسیشیان لەگەڵ نەبوو بۆچوونەکانیان هەر دەهێندرێت و دەخرێتە دەنگدان، دەچینە سەر ماددەیەکی تر، فەرموون.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم

ڕێکارە یاساییەکان

ماددەی (٣):

یەکەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەسەڵاتی پێدانی فەرمانی بە لیژنە تایبەتەکان هەیە بۆ ئەژمارکردنی جۆر و شێوەی زیادەڕۆیی و سەرپێچیەکان لەسەر ئاستی سنووری دەسەڵاتی هەر بەڕێوەبەرایەتیەك و فەرمانگەیەك.

دووەم: لیژنەی تایبەت بە فەرمانی بەڕێوەبەری گشتی یان بەڕیوەبەر یان لێپرسراوی فەرمانگەکە هەر یەکەیان لە سنووری کارگێڕی خۆیدا بە هەماهەنگی بەشداری لایەنی پەیوەندیدار پێکدێت.

سێیەم: لیژنەی تایبەت ئەژماری جۆر و شێوەی سەرپێچی و زیادەڕۆییەکان دەکات و بە راپۆرتێك لایەنی بڕیاردەر ئاگادار دەکاتەوە و لایەنی بڕیاردەریش بڕیاری پێویست لە بارەی سەرپێچی یان زیادەڕۆییەکە دەر دەکات و بڕی سزاکە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دیاری دەکات.

چوارەم: پێکهاتە و ئەرکەکانی لیژنەی تایبەت بە ڕێنماییەک ڕێك دەخرێت کە لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت.

پێنحەم: چۆنیەتی هۆشداریدان بەو کەسەی کە سەرپێچی یان زیادەڕۆیی دەکات و ئاگادارکردنەوەی لە جۆری سەرپێچی و زیادەڕۆیی و پێڕاگەیاندنی سزاکەیان بە ڕێنمایەك ڕێك دەخرێت کە لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر کەسێك بۆ ماددەی سێ دەیەوێت قسە بکات ناوی تۆمار بکات، ئەم کەسانەی ناویان تۆمارکردووە (مامۆستا ابوبکر، کاك مەم، مامۆستا عمر، ئاشنا خان، کاك کاروان، کاك جمال، شادی خان، دکتۆرە شایان، کاك مەلا ئیحسان، کاك ڕێبوار، حەسیبە خان، کاك مەلا وەیس، لیزا خان، کاك جنان، کاك هەڵکەوت، خدیخە خان، مامۆستا عوسمان)، کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوای چەندجار خوێندنەوەی ئەم ماددەیە پێموایە باس لە لیژنە تایبەتەکان دەکات، لیژنە تایبەتەکان لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەکان، بۆیە پێمباشە

ناونیشانی ماددەکە بکرێتە لیژنە تایبەتەکان، چونکە رێکارەکان دوایی سزاش ریکارە بەڕاستی، وە لە سێ ماددەشدا کورتم کردۆتەوە ئەو پێنج ماددەیە، لیژنە تایبەتەکان، یەکەم/ پێکهێنانی لیژنەی تایبەت بۆ ئەژمارکردنی جۆر و شێوازی سەرپێچی و زیادەڕۆیی بۆ سەر تۆڕەکانی ئاو لە سنووری یەکەی کارگێڕی خۆیاندا، دووەم/ لیژنەی تایبەت دوای تەواوبوونی کارەکانی لە ماوەی دە رۆژدا راپۆرت ئاڕاستەی بەڕێوەبەری گشتی دەکات، سێیەم/ پێکهاتە و ئەرکەکانی لیژنەی تایبەت و رێکارەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ سەرپێچیکار و زیادەڕۆکار بە رێنمایی رێك دەخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەلا احسان فەرموو.

**بەڕێز احسان محمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی بابەتێ ئاڤێ بابەتێکی ئیکجار زەروریە، دەمێ ئەم هەمی بەرێخۆ دەینە ئاینێ سەماوی و هەتا قوانینێت عەردی ژی هەمی موتەفیقین کو ئاڤ مولْکی گشتیە، ئەگەر ئەم بێین بەرێخۆ بدەینە نزانم ل ڤێ پرۆژە یاسایدا هەمی مە نەدیت بەحس ل وە سەرپێچی دێتە کرن کو بیرێت ئاڤێ ئەڤرۆکە بازرگانیەکا مەزن ل ڤان بیرێت گشتیدا ل مولْکی گشتی یا ئاڤێ یێ دێتە کرن، مەسەلەن دێ دێبینی هەندەك مەزرەعە سەد یا پێنج سەد مەزرعە یا هەزار مەزرعە ل جێهەکێ کو ب خۆ نە قانونیە نە یاسایینە دێ بینی کابرایەك چووە بیرەکا ئاڤێ و واستەیەکی ئینایە و ئاڤێ دفرۆشیتن هەتا خەتێ ئیحتیمالا ب دەفتەرەکا دۆلاری ژی ڤێ دێتە فرۆشتن، لەو مانێ دڤێتە رێکخستن ئاڤ نە شەخصەك ئیستیفادەی لێ بکە واستەی بینیتن، ئاڤ ل ژێر دەستێ حکومەتێدا دادپەروەرانە بێتە دابەشکردن و ئەو داهات بۆ حکومەتێ بزڤریتەوە نەچیتە بەریکا هەندەك بازرگانادا، دووە/ باشە مە ل ڤێرێدا گوتی ماددەیا سێ خاڵا ئێکێ دبیژیتن بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە رێکارێت یاسایی بەرانبەر وان کەسان کو سەرپێچیێ بکەن، باشە ئەگەر ڤان بەڕیوەبەرایەتی یان ڤان فەرمانگەهی ئەوان سەرپێچی لەلای وان هاتە کرن وان کەمتەرخەمی کر ئایا چ سزایەك بۆ ڤان هەیە دەمێ واستەکاریەك قەبیل دکەت بۆ شەخصەکی و چاڤێ خۆ لێ نقیتەڤە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هەڵکەوت فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جاری وا هەیە بەڕێز جەنابی وەزیر بڕیارێك دەردەکات هەر وەزیرێك بێت لە هەر وەزارەتێك خۆی ئیلتیزام بە بڕیارەکەی خۆی ناکات، بۆ نموونە لە پرۆژەکانی بیری ئیرتیوازی یان پرۆژەکانی رێگاوبان، من دەسەڵاتێکم هەیە یاخود کابرایەکی دەسەڵاتداربم یان لە رووی هەر بەرپرسێکی باڵاوە لە هەرێمی کوردستاندا دەگەمە ئەو وەزیرە یان ئەو بەرپرسە باڵایە ئەو کارەی من هەرچەندە رێگای پێ نەدراوە لە یاساکە، بەڵام بە هۆی ئیلتیزاماتێکی ئەوەی کە بەپرسێکی باڵام یان بەرپرسێکی باڵا پشتگیریم دەکات ئەو یاسایە بۆ من جێ بەجێ ناکرێت، ئیلتیزام دەکەن

بەوەی کە خـاڵا جـێ بەجـێ بـکەن ئەو پـڕۆژە دەکەم، بەڵام بـۆ خەڵکێکـی کەم دەرامەت و بـێ دەسەڵات کە پشتگیریەکی نییە لە ناو دامەودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا سـەد لە سـەد لەسـەر ئەوان جـێ بەجێـی دەکەن، ئینجـا داواکـارم پەرلەمـانی کوردسـتان هەرچەنـدە ئەمەش شـتێکی جوان نییە ئەم قسەیەش بکەم بڕیارێك دەربکات بۆ خودی ئەو وەزیرانە کە خۆیـان ئیلتیـزام بەو بڕیارەی خۆیانەوە بکەن، ئەگەر نا وەکو چۆن ئەو خەڵکە غەرامە دەکەن با وەزیرەکـانیش غەرامە بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پابەنـدبن بە قسـەکردن لەسـەر ئەو مـاددەیەی کە خوێنـدراوەتەوە، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال حویز مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی سـێ، بـڕگەی یەکەم پێمباشـە بەم شـێوەیە دابڕێـژرێتەوە خـۆی بەڕێـوبەرایەتی گشـتی دەسەڵاتی پێدانی فەرمانی بە لیژنە تایبەتەکان هەیە بۆ ئەژمارکردنی جۆر و شێوەی زیـادەڕۆیی و سـەرپێچیەکان لەسـەر ئاسـتی سـنووری دەسـەڵاتی هەر بەرێـوەبەرایەتی و فەرمـانگەیەك، مـن پێمباشـە وا دابڕێـژرێتەوە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی دەسـەڵاتی هەیە فەرمـان بـدات بە لیـژنە تایبەتەکان بۆ ئەژمارکردنی جۆر و شێوەی زیادەڕۆیی و سـەرپێچیەکان لەسـەر ئاسـتی سـنووری دەسـەڵاتی هەر بەڕێـوەبەرایەتی و فەرمـانگەیەك، بـڕگەی دووەم/ لیـژنەی تـایبەت بە فەرمـانی بەڕێوەبەری گشتی یان بەڕێوەبەر یان لێپرسـراوی فەرمـانگە هەر یەکەیـان لە سـنووری کـارگێڕی خۆیـدا هەمـاهەنگی و بەشـداری لایەنـی پەیوەندیـدارەکان، مـن پێمباشـە وا سـیاغە بکـرێتەوە لیژنەی تایبەت بە فەرمانی بەڕێوەبەری گشتی یان بەڕێوەبەر یان لێپرسراوی فەرمـانگە پێکـدێت هەر یەکەیان لە سـنووری کـارگێڕی خۆیـدا بە هەمـاهەنگی و بەشـداری لایەنە پەیوەندیـدارەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی سـێیەم، بـڕگەی سـێیەم، لە دێـری دووەم کە دەڵێـت لایەنـی بڕیـاردەریش بڕیاری پێویست لە بارەی سەرپێچی یان زیادەڕۆییەکە دەردەکـات و تـا کۆتـایی بـڕگەکە، لایەنـی بڕیاردەریش بڕیاری پێویست لە بارەی سەرپێچی یان زیادەڕۆییەکە دەردەکات لابرێـت، چـونکە ئەوە بەدیهیە کە لایەنی بڕیاردەر خۆی بڕیار دەردەکات، پێویست ناکات بڵێی بڕیاری پێویسـت لە بارەی سەرپێچی یـان زیـادەڕۆییەکە دەردەکـات، لەجیـاتی ئەوە ئـاوای لـێ بکرێـت، کە دەڵێـت لە دێـری دووەم لایەنـی بڕیـاردەر ئاگـادار دەکـاتەوە ئەویـش بـڕی سـزاکە بەپێـی حوکمەکـانی ئەم یاسایە دیاری دەکات، سەبارەت بە بڕگەی پێنجەم، چۆنیەتی هۆشداریدان ئەلێـرەوە بەو کەسـەی کە سـەرپێچی یـان زیـادەڕۆیی دەکـات لابرێـت، بکـرێتە بە سـەرپێچیکار یـان زیادەڕۆکـار، واتە

ئەوای لێدێت چۆنیەتی هۆشداریدان بە سەرپێچیکار یان زیادەڕۆکار وە ئاگادارکردنەوەیـان، نەك ئاگادارکردنەوەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیسانەوە من جەخت دەکەم لەسەر کورتکردنەوەی ئەم پێشنیازە یاسایە بە گشتی، لەبەر ئەوەی بیست و پێنج ماددەیە، ئەو بیست و پێنج ماددەیە زیاد لە شەش هەزار وشە دەبێت، دەستووری ئەمریکـی نیـوەی ئەمە نابێـت، ئەم تەفاسـیڵ و شـتەی ناوێـت، یەعنـی بـا بێیـنە سـەر مـاددەی سـێیەمی ئەم یاسـایە کە مـن پێشـنیاز دەکەم بـۆ هەردوو لیـژنەی پەیوەندیـدار، ئێسـتا دەستکاریەکی بڕگەی یەکەم دەکەم بۆ ئەوەی پاڵپشت بەم دەستکاریە بڕگەی دووەم و چـوارەم و پێنجەم بسڕدرێتەوە، لابرێت، بەست تەنها بڕگەی یەکەم و دووەم بمێنێتەوە، بـڕگەیە یەکەم بەم شێوەی لێبکریت، لە جیاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەچینەوە دیسان ئاستی بەڕیوەبەرایەتی یان فەرمانگەیەك و ئێمە وەکو پەرلەمان، وەزارەت دەسەڵاتی پێکهێنـانی لیـژنە تایبەتەکـان و پێـدانی فەرمـانی هەیە بـۆ ئەژمـارکردن و جـۆر و شـێوەی زیـادەڕۆیی و سـەرپێچیەکان لەسـەر ئاسـتی سنووری دەسەڵاتی هەر بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەیەك، کە گوتمـان پێـدانی مـافی ئەوەی هەیە کەواتە بە چی ئەوە دەکات غێر بە ڕێنمایی، کەواتە ئەوە لە نەتیجەدا هەر ڕێنمایی دەردەکـات، کە ڕێنمایی دەرکـرد ئیتـر بـڕگەی دووەمـی تێـدایە، جێگیـر دەکرێـت، بـڕگەی چـوارەمی تێـدا جێگیـر دەکرێـت و بـڕگەی پێنجەمـیش تێـدا جێگیـر دەکرێـت، ئەم تەفاسیڵ و ئەمـانەی ناوێـت، بـڕگەی دووەمیـان بەم شـێوەی لێبکرێـت کە بـڕگەی سـێیەمی ئێـرەیە، لیـژنەی تـایبەت ئەژمـاری جـۆر و شێوەی سەرپێچی و زیادەڕۆییەکان دەکات نا، دیاریـدەکات و بە راپۆرتێـك لایەتـی بڕیـاردەرەوە ئاگادار دەکـاتەوە لایەنـی بڕیـادەریش بڕیـاری پێویسـت لە بـارەی سـەرپێچی یـان زیـادەڕۆییەکە دەکات و بڕی سزاکە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەبێت، ئینجا بۆیە دیسانەوە پێشـنیاز دەکەم ئـێمەی ئەنـدامانی پەرلەمـان ئەوەی لە خـوارەوە یـان ئەو بەڕێـزانەی تـر کە لەسـەر سـتەیج دانیشتوون وەکـو لیـژنەی پەیوەندیـدار ئەوە نیە لە دوو جەبـهەی جیـاوازبین، دواجـار ئەوەی کە موناقەشەی دەکەیـن ئەم پێشـنیازانە دەکەیـن ئەو کەم کوڕیـانە دەکرێـت لە نـاو ئەم گفتوگۆیـانە لەلای ئەنـدامانی بەڕێـز و ئەو لیـژنە لیـژنە پەیوەندیـدارەش گەڵاڵە بکرێـت بـۆ ئەوەی یاسـایەکی پوخت، یاسایەکی بێ کەم کوڕی بەرهەم بێنین، بۆیە ئەو پێشنیازانەم خستە روو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نووسراو بیدە بە لیژنە تایبەتمەندەکان کاك مەم، لیزا خان فەرمووو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم، لەسەر دوو بڕگە تێبینم هەیە، بڕگەی سێیەم دەڵێت لیـژنەی تـایبەت ئەژماری جۆر و شێوەی سەرپێچی و زیادەڕۆییەکان دەکات بە راپۆرتێك لایەنی بڕیاردەر ئاگادار دەکاتەوە، پرسـیارم ئەوەیە لە لیـژنەی تایبەتمەنـد ئایـا لایەنـی بڕیـاردەر کێـیە؟ چ لایەنێکە؟ ئایـا

وەزیرە؟ ئایا بەڕێوەبەری گشتییە؟ بەڕێوەبەرایەتیەکەیە؟ پێشنیارێکیشم هەر لەسەر ئەم لایەنی بڕیاردەرە باشتر وایە ئەگەر بکرێت لە پێناسەکان لایەنی بڕیاردەر روون بکرێتەوە کە کێیە بۆ ماددەی یەکەم، یەعنی بۆ ماددەی یەکەم زیاد بکرێت، هەروەها سەبارەت بە بڕگەی چوارەم لە هەر هەمان ماددەی سێیەم، هەرچەندە موعالەجەی ئەوەی کردووە کە پێکهاتە و ئەرکەکانی ئەو لیژنەیە چین، بەڵام پێمباشە پێکهاتەکەی لێرە لەم یاسایە دیاری بکرێت و بەم شێوەیە پێکهاتەکەی لیژنەکە دیاری بکرێت کە پێك بێت لە موەزەفێکی ئیداری، هەروەها ئەندازیارێك و موەزەفێکی یاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جنان فەرموو.

**بەڕێز جنان جبار بویا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەشی دووەم، ڕێکارە یاساییەکان، ماددەی سێیەم، بڕگەی سێیەم: لیژنەی تایبەت ئەژماری جۆر و شێوەی سەرپێچی و زیادەڕۆییەکان دەکات بە ڕاپۆرتێك بە لایەنی بڕیاردەر ئاگادار دەکاتەوە و لایەنی بڕیاردەریش بڕیاری پێویست لە بارەی سەرپێچی یان زیادەڕۆیی دەردەکات، من پێشنیار دەکەم بۆ ئەو ڕاپۆرتەی تەحدید فەترەیەکی زەمەنی بکەن، تاوەکو کۆتایی ڕاپۆرتەکە بنووسرێت، مەسەلەن سێ ڕۆژ کەمتر نەبێت، لە حەفتەیەك کەمتر نەبێت، لەبەر ئەوەی لاوانەیە مانگێك یان دوو مانگ یان سێ مانگ، یان ساڵێك دەڕوات تاوەکو سەرپێچیەك سزای خۆی وەربگرێت، تەحدیدی فەترەیەکی زەمەنی بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم، بڕگەی یەکەم و دووەم، ئەگەر سەیری بکەین لە بڕگەی یەکەمدا بەڕێوەبەری گشتی دەسەڵاتی پێدانی فەرمانی هەیە، لە بڕگەی دووەمیش لیژنەی تایبەت بە فەرمانی بەڕێوەبەری گشتی یان بەڕێوەبەر یان لێپرساو هاتۆتە خواری، بۆیە پێویست ناکات، من بەم شێوەیە بڕگەی یەکەم و دووەمم داڕشتۆتەوە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەسەڵاتی پێدانی فەرمانی بە لیژنە تایبەتەکان هەیە بۆ هەژمارکردنی جۆر و شێوەی زیادەڕۆیی و سەرپێچیەکان لە سنووری کارگێڕی خۆیدا بە هەماهەنگی و بەشداری لایەنی پەیوەندیدار، هەروەها سەبارەت بە بڕگەی سێیەم منیش لەگەڵ کاك مەم دام کە باس لە سەرپێچی و زیادەڕۆییەکان دەکرێت بەو شێوەیە پێویستە داڕێژرێتەوە، لیژنەی تایبەت هەژماری جۆر و شێوەی سەرپێچی و زیادەڕۆییەکان دیاری دەکات و بە ڕاپۆرتێك لەلایەنی بڕیادەر ئاگادار دەکاتەوە و لایەنی بڕیاردەریش کە وەزارەتە بڕیاری پێویست لە بارەی سەرپێچی یان زیادەڕۆییەکە دەردەکات و بڕی سزاکە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەبێت، هەروەها بڕگەی چوارەمیش لاببرێت و بڕگەی پێنجەم ببێت بە چوارەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لایەنی بڕیاردەر وەزارەت نیـیە، چـونکە ئـێمە لە بـڕگەی یەکەمـدا گوتوومـانە دەسـەڵاتەکان شـۆڕ دەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکان، کاك ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن هەسـت دەکەم مـاددەی سـێ بە هەر پێـنج بـڕگەکەیەوە جۆرێـك لە تێکەڵـی و پێکەڵـی هەیە، زۆری و بۆریشی هەیە لە سیاغەکردنی بڕگەکانی، من دەتوانم هەر پێنج بـڕگە لە دوو خاڵـدا کـۆی بکەمەوە، بە نمـوونە لە خـاڵی چـوارەم بـاس لە پێکهـاتە و ئەرکەکـانی لیـژنەی تایبەتمەنـد دەکـات تاوەکو کۆتایی سەتر کە دەڵێت بە ڕێنماییەك ڕێـك دەخرێـت لەلایەن وەزیـرەوە، لە بـڕگەی یەکەم بـاس لە پێکهـاتەکەی دەکـات و لە چ سـنوورێك بێـت، سـەبارەت بە ئەرکەکـانی لە خـاڵی یەکەم و سـێیەمیش دیسـان باسـی ئەرکەکـانی دەکـات کە دیـاریکردنی سـەرپێچییەکەیە و جـۆری سـەرپێچیەکە، کەواتە ئەو زۆری و بـۆریە پێویسـت بەوە ناکـات، جـارێکی تـر پێویسـتیمان بە ئیعادەی سیاغە هەیە کە من جەخت دەکەمەوە هەر پێنجیان دەکرێت لە دوو خاڵ کۆی بکەیەوە و زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو دوو خاڵە بنێرە بۆ لیژنەی تایبەتمەند، حسیبە خـان ئەوەی بەڕیزیشـتان بنێـرن، پێویسـتی بە کورتکردنەوەیەك هەیە، دەتوانین کورتی بکەینەوە، سلمە خان فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەسەڵاتی پێدانی فەرمانی لیـژنەکە واتە ئەم لیـژنەیە، ئەم بەڕێوەبەری گشتییە فەرمان بکات بۆ پێکهێنانی لیژنەکان پێشنیار دەکەم دەسـەڵاتەکە بـدرێت بە بەرێوەبەرەکـان لە پارێزگاکـان بـۆ کەم کـردنەوەی رۆتینـات و چەسـپاندنی لامەرکەزی، هەمـان پرسـیارم هەبـوو لەسـەر ئەوەی لایەنـی بڕیـادەر تەعریـف نەکـراوە، جەنابـت روونکـردنەوەت دا لەسەر ئەوەی دەسەڵاتەکان شۆڕدەکرێتەوە، بەڵام لایەنی بڕیاردەرەکە خۆی تەعریف بۆ نەکـراوە، نـازانین مەبەسـتمان چـیە بە لایەنـی بڕیـاردەر، هەروەهـا پشـتیوانی خاڵەکـان و داڕشـتنەوەکانی بەڕێز کاك جمال دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسـەکانی مـن کـرا، مـن تەنهـا پشـتیوانی قسـەکانی مامۆسـتا ابـوبکر و کـاك جمـال دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شادی خان فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن دەمەوێـت پشـتگیری هەمـوو ئەو هاوکـارانەم بـکەم کە بـاس لەوە دەکەن کە مـاددەکە بە تەواوەتـی زۆر دوور و درێـژە، زۆر تـێکەڵە، پێویسـتی بە داڕشـتنەوەیەکی زۆر بـاش هەیە، لەگەڵ ئیزافەکردنـی ئەوەی کە ئـێمە بە درێژایـی دانـانی یاسـاکان و هەمـوارکردنی یاسـاکان یـاخود ئینفازکردنی یاساکان بە دەسـت یەك خـاڵەوە دەنـاڵێنین لەگەڵ حکومەتـدا ئەویـش دەرنەکردنـی ڕێنماییەکانە کە لە کاتی پێویسـتی خۆیـدا، چـونکە ئەو ڕێنماییـانەی کە لە یاسـاکان ئامـاژەی پـێ دەدرێت وەزیرە بەڕێزەکان زیاتر لە کـاتی خـۆی تـێ پەڕێنرێـت و ڕێنماییەکـان دەرنـاکەن و کـاری پێویست بە یاساکە جێ بەجێ ناکرێت و کاری پێ ناکرێت، بۆیە پێویستە لەم یاسایە ئەو بڕگەیە کە داڕێـژرایەوە ئیـزافەیەك هەبێـت بەوەی کە سـەقفی زەمەنـی بـۆ دیـاری بکرێـت لە دەرکردنـی ڕێنمـاییەکەدا تـا وەزیـر مـولزەم بێـت بەوەی کە لە کـاتێکی دیـاریکراودا ڕێنمـاییەکە دەربکـات و دەست بکرێت بە کارکردن بە یاساکە بە تەواوەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەلایەن مامۆستا مەم قسەکانی من کرا، بەڵام ئەگەر مۆڵەت هەبێت یەك فەرموودەی پێغەمـبەری خوا (د.خ) دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی هەم هاووڵاتیان زیاتر پێـوەی پابەنـد بـن و هەمـیش بـۆ ئەوەی ئـێمە خـوا نەخواسـتە کـورد گـوتەنی نە شـیش بسـوتێ نە کەبـاب، پێغەمـبەری خـوا (د.خ) بەلای یەکێـك لە صـەحابەکان دەڕوویـی کە سـەعدی کـوڕی وەقـاس بـوو فەرمـووی دەسـت نـوێژی دەشوشت دیارە چوار کەڕەت ئاوی بە دەست داکردووە، فەرمووی (ما هذا الاسراف یا سعد، أفـی الوضوء اسراف، قال نعم وان کنت علی نهـر جـار)، فەرمـووی ئەی سـەعدی کـوڕی وەقـاس ئەگەر لەسـەر رووبـارێکی وەکـو دوکـان وەکـو بادینـانیش بیـت ئیسـراف هەیە، مـادام بە نـاوی دەسـت نـوێژەوەیە ئەو هـاووڵاتیەی کە سـەیارەی لەبەردەم دەرگـا دەشـوات، یـاخود شـەقام دەڕشـێنێت، یاخود حەدیقەی کردووە هەمـوو پـێچەوانەن، بەڵام ئەوەنـدە بـۆ هاووڵاتیـان بڵێـین پێوەرەکـانی ئـاوی مـاڵان زۆر کەمیـان دروسـتن، ئەو کۆمپانیایـانە بە داخەوە پابەنـد نەبـوون بە ڕێنماییەکـان، ئەگەر لیژنەی تایبەت سوپاسیان دەکەین بۆ ماندووبوونیان ئەوەنـدەش بـکەن پێـداچوونەوەیەك بۆ پێوەرەکانی ئاو بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن (کاروان گەزنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا بەشێك لە بـرادەران ئاماژەیـان بەوەکـرد کە وردەکـاری یەکجـار زۆر لەم چەنـد خـاڵەدا هەیە لە ماددەی سێیەمدا، وە یاسا مەبادئی عـامە پێویسـت ناکـات بچیـنە جزئیـاتەوە، بـۆیە مـن پێشـنیاز دەکەم لە دوو خاڵــدا ئەمە کــورت بکەیــنەوە، یەکەمیــان بــڕگەی یەکەم و دووەم و

سێیەمیان بکرێت بەمە، لیژنەی تایبەت بە فەرمانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان لێپرسراوی فەرمانگە لە سنووری یەکەی ئیداری خۆی دادەمەزرێنرێت دەسەڵاتی پێدانی فەرمانی بە لیژنە تایبەتەکان هەیە بۆ هەژمارکردنی جۆر و شێوازی زیادەڕۆیی و سەرپێچییەکان، بڕگەی چوار و پێنج بەو شێوەیەی لێبکرێت، پێکهاتە و ئەرکەکانی لیژنەی تایبەت و چۆنیەتی هۆشداریدان بە کەسی سەرپێچیکار یان زیادەڕۆکار بە ڕێنماییەك ڕێك دەخرێت و لەلایەن وەزیرەوە دەردەچووێندرێت، پێموایە ئەم دوو بڕگەیە کیفایەت بێت بۆ هەر پێنج بڕگەکە، ئەوەی تر زیادەیە و دووبارە دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

به نووسین بیدەرە لیژنەکان بۆ ئیستیفادەی لێبکەن کاك کاروان، کە مەلا وەیسی فەرمووە.

**بەڕێز وەیسی سعید وەیسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕێکارە یاساییەکان لە بڕگەی سێیەم پێمباشە بەڕاستی تۆزێك دەوڵەمەندتر بکرێت، یاخود درێژتر بکرێت، وە سەبارەت بەو بەڕێزانەی کە لایەنی کەمتەرخەمن لە جێ بەجێکردنی ئەو یاسایە لە بەڕێوەبەر و لە بەرپرسانی فەرمانگەکانی ئاو سزای تایبەتیان بۆ دیاری بکرێت، هەروەها لە بڕگەی پێنجەم کە باس لەوە دەکات بە ڕێنماییەك ڕێك دەخرێت لەلایەن وەزیرە پێمباشە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ بێت، چونکە بەشێك لەو ئیجرائاتانە ئیجرئاتی سزایینە، پێویستە دامودەزگاکانی پۆلیس لێوە ئاگاداربن، بۆیە بە بڕوا و تێڕوانینی من پێویست بەوە دەکات بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێ، من پێموایە کە ئەو بڕگانە کە پێنج بڕگەیە ئەگەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە ڕێزبەندی ئەو بڕگانە دروست نییە، دەبێت بڕگەی دووەم ببێتە یەکەم، چونکە باسی ئەوە دەکات کە ئەو لیژنەیە بە فەرمانی بەڕێوەبەری گشتی پێکدێت، وە بڕگەی چوارەمیش دەبێت ببێتە بڕگەی دووەم، چونکە باس لە پێکهاتنی ئەو لیژنەیە و ئەرکەکانی دەکات، بڕگەی یەکەمیش دەبێت ببێتە سێیەم، ئینجا بڕگەکانی سێیەمیش ببێتە چوارەم، ئەوەی تریش پێنجەم دەبێتە کۆتایی، ئەگەر بەم شێوەیە ئەو بڕگانە هەمووی بمێنێتەوە، ڕێزبەندەکەی بەم شێوەیە بێت، بەڵام لە ڕوویەکی ترەوەش پێموایە کە ئەو هەموو بڕگەیەش پێویست ناکات، چونکە لە بڕگەی چوارەم کە باسی پێکهاتە و ئەرکەکانی لیژنەی تایبەت دەکات کە دەڵێت بە ڕێنماییەك ڕێك دەخرێت لەلایەن وەزیرەوە، بەس بۆچی دێت لە بڕگەی سێیەم و پێنجەمیش کاری لیژنەکە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو لیژنەیە دەبێت چی بکات، یەعنی ئەو هەموو ڕوونکردنەوە بۆچیە مادام دەسەڵاتی بە وەزیر داوە کە بە ڕێنماییەك کاری ئەو لیژنەیە ڕێك بخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم لەم ماددەیە بڕگەی چوارەمی بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، وەزیر پێكهاتەی لیژنە و ئەركەكانی دیاری دەكات و ڕێنمایی پێویست لەم بارەیەوە دەردەكات، چونكە داڕشتنەكەی كەمێك كێشەی تێدابوو بەو شێوەیە جوانترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماموستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە بۆچوون و قسەكانی مامۆستا ابوبكر هەڵەدنی دەكەم، ئەویش ئەوەیە ئەم ماددەیە پێویستی بە سیاغە هەیە، ئەگەر مامۆستا ابوبكر دایڕشتەوە ئەوە زۆر باشە، بە تایبەت خاڵی چوارەم و پێنجەم، وەزیر ڕێنماییەك دەردەكات بۆ دەست نیشانكردنی پێكهاتە و ئەركەكانی لیژنەی تایبەت و چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ سەرپێچكار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنە تایبەتمەندەكان قسەتان هەیە، كاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت ئەو سەرەنج و تێبینیانەی ئەندامانی پەرلەمان هەیانبوو ئێمە هەموومان لای خۆمان تۆمار دەكەین، لە كاتێكدا ئەگەر سەرەنج و تێبینیەكانمان لە ڕۆژی دەنگدان نەخستەڕوو مافی گلەییان هەیە، بەڵام بەر لەوەی ئێمە بێینە قۆناغی دەنگدان لەسەر یاساكە حەق نیە لە ئێستاوە گلەیی بكەن، سەبارەت بیری ئاو، بیری ئاو پڕۆژە یاسایەك هەیە تایبەت بە پاراستنی سەرچاوەكانی ئاو، پێموایە لە لیژنەی كشتوكاڵە كاری لەسەر دەكەن لە ڕۆژانی داهاتوو، بۆیە ئاوی ژێر زەوی بیری ئاوە دەچێتە ئەم چوارچێوەیە ئومێدەوەرین بتوانین لە چوارەچیوەی ئەم پێشنیازە یاسایە چارەسەری بكرێت، سەبارەت كە ئەگەر فەرمانبەرێك سەرپێچی كرد ئەمە لە ماددەی دە زەرفی موشەدەدی بۆ دیاریكراوە، دێینە سەر ئەگەر هاتینە سەر ماددەی دە، ئەگەر فەرمانبەر سەرپێچی كرد یان هاوكاری كرد بە ئامانجی سەرپێچیكردن و دەست درێژیكردنە تۆڕەكانی ئاو و ئاوەڕۆ، سەبارەت بە لایەنی پەیوەندیدار یان ئەو لیژنەیە چیە، ئەو لیژنەیە بێگومان رەنگە لایەنی بڕیاردەر سەرۆكی فەرمانگەیەك بێت لە قەزایەك، ئێمە لە چوارچێوەی ئەم یاسایە دەسەڵات دەدرێتە بەڕێوەبەرایەتییەكانی ئاو و ئاوەڕۆ لە شار و شارۆچكەكان، لیژنە رەنگە دوو فەرمانبەری دائیرەكە بێت بچێتە شوێنێك ببینیت سەرپێچیكار سەرپێچیەك كراوە، دوای ئەوەی راپۆرتەكەی بەرزدەكاتەوە سەرۆكی فەرمانگە لە چوارچێوەی ئەو سزایانەی لەم یاسادا دیاریكراوە دیاری دەكات كە جۆری سزاكە چیە، بۆیە لایەنی بڕیاردەر سەرۆكی فەرمانگە بێت و دەكرێت بەڕێوەبەری ئاو بێت لە پارێزگاكان و دەشكرێت لە پایتەختیش بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆ بێت، بەڵام دەشكرێت سەرۆكی فەرمانگە بێت، بۆیە لێرە بە لایەنی بڕیاردەر هاتووە، وە كۆی ئەو سەرەنج و تێبینیانەی بەڕێزان ئاماژەیان پێكردووە لە

چوارچێـوەی ئەم پێشـنیازە یاسـایەی ئـێمە نووسـیتمانەوە و هەمـوو خـاڵ و بڕگەکـانیش ئەگەر پێویستیکرد بێگومان بواری پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە تـایبەتی لەسـەر ئەم مـاددەیە قسـەی زۆر باشـکرا، بەڕێـزان لیـژنە تایبەتمەنـدەکان، هیـوادارم بتوانن کۆی بکەنەوە لە کۆی هەموویـان ئیعـادەیەکی سیاغەی ئەو مـاددەیە بکەنەوە شتێکی وا تەوافوقی دەربچێت، ئێمە پێویستیمان بەوە نەبێت هەموو ئیختیـاراتی جیـاواز جیـاواز بخـیەنە دەنگدان، چونکە بە بڕوای خۆشم هەر وەکو قانونیەك قسە دەکەم نەك وەکو سەرۆکی پەرلەمـان، لەسـەر ئەم مـاددەیە قسـەی زۆر باشـکرا، لەبەر ئەوە هیـوادارم بە نەزەری ئیعتیبـار وەری بگـرن، فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن تێبینیەکـی پەیـڕەویم هەیە، دیـارە زۆربەی ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان کە قسـە دەکەن بەشێکی زۆریان پشتگیری ڕاکەی ئەوەی تر ناکات، خۆی بەپێی پەیـڕەوی نـاوخۆ لە مـاددەی (٩١)، لە بڕگەی سێیەم هەر ڕایەك کە دواتر لە جەلسەی داهاتوو بخـرێتە نـاو پـڕۆژەکە و دەنگـی لەسـەر بـدرێت پێویسـتی بە پاڵپشـتی هەیە، بەڵام زۆربەی ئەو ڕایـانەی کەوا لێـرە دەخـرێنە ڕوو ڕاسـتە بەشێك لەو ڕایانە لە یەکتریشەوە نـزیکن، بەڵام پاڵپشـتی یاسـایی نیـیە، بـۆیە ڕەنـگە یەك مـاددە یـاخود یەك بـڕگە لە یەك مـاددە دە ڕاو سـەرەنجی جیـاوازی لەسـەر بێـت، دواتـر نووسـینەوەی لیژنەی یاسایی ئیشـکال دروسـت دەبێـت ڕەنـگە نەشـخرێتە نـاو ڕاپـۆرتەکەوە بـۆ ئەوەی دەنگـی لەسەر بدرێت، ئەوە ئیشکالیەتێکە ئەگەر ئەوە چارەسـەر بکرێـت یـان ڕایەکـان کـۆبکرێنەوە ئەوە باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دروسـتە لە ڕووی پەیـڕەوییەوە، بەڵام هەنـدێك ڕەئـی هەیە یەك کەسـیش دەیڵێـت ڕەنـگە ئێمە وەکو سەرۆکایەتی و لیـژنە تایبەتمەنـدەکانیش نەچـووبێتینە سـەر ئەوە، زۆر باشـە دەتـوانن ئەو کاتە وەکو ڕەئیەك نەیخەنە دەنگدان، خۆتان تەوافوقی لەسـەر بـکەن بـیکەن بە ڕەئـی لیـژنە، چـونکە بە دیـاریکراوی لەسـەر ئەم مـاددەیە قسـەی زۆر باشـکرا، ئەوەی پێتـانکرا لە بەهەنـد وەرگرتنی ڕەئی ئەندامانی پەرلەمان داواکارم وەری بگرن، گلستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلستان سعید حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێ، بڕگەی یەکەمی، من پێموایە بڕگەی یەکەم هەر بۆ خۆی زیـادە، چـونکە دەتوانین لە بڕگەی دووەمدا کە باسی لیژنەی تایبەتمەند دەکـات بە فەرمـانی بەڕێـوەبەری گشـتی یان بەڕێوەبەری فەرمانگە، لێپرسـراوی فەرمـانگە هەر یەکەیـان لە سـنووری کـارگێڕی خۆیـدا، بە بـڕوای مـن وای لێبکرێـت، هەر بـڕگەی یەکەم و دووەم کە دەمجـی دەکەیـت، لیـژنەی تـایبەت بە فەرمانی بەڕێوەبەری گشتی یـان بەڕێـوەبەری لێپرسـراوی فەرمـانگ پێـك دێـت هەر یەکەیـان لە سنووری کارگێڕی خۆیدا بە هاوکاری و هەمـاهەنگی دەزگـا پەیوەندیـدارەکانی دیکە بەرپرسـە لە

گـرتنەبەری سـەرجەم رێ و شـوێنە پێویسـتەکان بـۆ پاراسـتنی تـۆڕی ئـاو و ئاوەڕۆەکـان، مـن دەستخۆشـیتان لێـدەکەم، یەعنـی مـن درك بەوە دەکەم بە تـایبەت لەم یاسـایە مەسـەلەی نـا ناوەندیەتی پەیڕەو دەکرێت تێیـدا کە ئەم زۆر گرنگە، لە پێنـاو ئەوەی بەڕاسـتی ئەوەنـدە شـار و شارۆچەکەکان نەگەڕێنەوە بۆ مەرکەز بتوانن هەندێك ئیجرائاتی پێویسـت هەیە لە کـاتی خۆیـدا ئەنجام بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنە تایبەتمەندەکان ماددەی چوار بخوێننەوە، فەرموو رۆبینە خان.

**بەڕێز رۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤):

یەکەم: بەڕێوەبەری گشتی یان هەر کەسێك کە رادەسـپێردرێت بە دەسـەڵاتی دادوەری کەتنـی لە سەپاندنی ئەو یاسایانە هەیە کە لەم یاسایەدا هاتوون.

دووەم: بڕیاری سزای پێ بژاردن شـیاوی تانەلێـدان بەپێـی یاسـای ئەنجـومەنی شـوورا بەرکـار لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر بەڕێزێك دەیەوێت لەسەر ماددەی چوار قسە بکات ناوی تۆمار بکات، ئەم ناوانە ناویان تۆمارکردووە (ئاشنا خان، کاك جمال، رۆژان خان، کاك بەڵێن، کاك کاروان، دکتۆرە شایان، کاك سروان، کاك شێخ زاهیر، د.محی الدین، د.اسماعیل، مامۆستا ابوبکر، مامۆستا عمر، کاك مەم)، کاك سەروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێمباشە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان ئێوە لەسـەر ئەنـدامانی لیـژنەی تایبەتمەنـد ئەوانەی کە پرۆژەکەیان ئامادەکردووە تێبینی لێـرە نەدەن بەڕاسـتی، چـونکە ئەوان چەنـدین کۆبوونەوەیـان کردووە تا ئەو پرۆژەیە هاتووە، لێرە تێبینیەکانیان بڵێن ئەوە کوشتنی کـاتە و بەهەدەردانـی کـاتە ئەوە یەك، چونکە ئەوەی کە تێبینی هەبووە خۆ کۆبـوونەوەی کـردووە، لە کۆبـوونەوەکە دەبـوایە ئەو تێبینیانە بخرابانە روو نەك لێرە ئەو شتانە بکرێت، دوو: پێشنیارم بۆ سـەرۆکایەتی پەرلەمـان و بۆ هەموو پەرلەمانتـارە بەڕێزەکـانە ئێسـتا ئـێمە چەنـد تێبینـی و چەنـدجار تێبینیمـان هەبـووە دەنگی هێناوە و پاڵپشتیشمان کراوە، بەڵام کۆتایی بڵێین پێش کاك زانـا کـاك ئومێـد لێـرە بـوو کە ئەو دەستی بەرز دەکردەوە ئێتر ئێمە هەر چل و چوارەکەی تر بەرزمان کردۆتەوە، بۆیە پێویسـتە راستی ئەوە ئەو پەڕی بێویژدانیە ئێمە لەگەڵ خۆمانی دەکەیـن، لە کـاتژمێر (١١)ەوە دانیشـتووین تـاوەکو ئێسـتا سـێ ماددەمـان باسـکردووە، کۆتـایی سـەرۆکی فراکسـیۆنی یەکێتـی کە دەسـتی بەرزکردەوە هەر هەموویان بەرز دەکەنەوە، من پێنشنیار دەکەم بۆ هەر هەمـوو پەرلەمانتارەکـان و سـەرۆکایەتی پەرلەمـان هەر پـرۆژەیەك هێنـدرایە پەرلەمـان لە فراکسـیۆنەکان یەکلایـی بکرێتەوە، لێرە چەند کەسێك، چەنـد ئەنـدام پەرلەمانێـك راو سـەرەنج و شـتەکانی خۆیـان بڵێن

نەك هەر هەمووموان هەر ئەوە بڵێین کە تێبینیمان هەبێت، بەڕاستی ئەگەر وا بڕوات هەر بۆ ئەمڕۆ بۆ ئەم پڕۆژەیە تاوەکو کاتژمێر سێ و چواری بەیانیش ئەمە تەواو نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیشکالی ئێمە ئەوەیە کە بەپێی پەیڕەو پەرلەمانتار بۆی هەیە قسە بکات لەسەر مادده یاساییەکان، یەعنی ئەوەی تر دەگەڕێتەوە سەر ئیتیفاق کە ئیتیفاق لەسەر شتێك موعەیەن دەکەین یان نا، ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار، بڕگەی یەکەم، من پێمباشە بکرێ بە بەڕێوەبەر یان هەر کەسێك رای دەسپێرێت دەسەڵاتی دادوەری کەتنی لە سەپاندنی ئەو سزایانەی هەیە لەم یاسایەدا هاتوون، ئێمە ئەشکالەکمان لە ئاستی پارێزگاکان و بۆ خوارەوە بۆ قەزا و ناحیەکانە، یەعنی ناکرێت بۆ هەر قەزیەیەکی بچووك بچێتەوە لای بەڕێوەبەری گشتی، ئەگەر ئەو دەسەڵاتە لای بەڕێوەبەر بێت باشتر دەبێت، بڕگەی دووەم بە بڕوای من تەحسیل حاسڵە، یەعنی پێویست بە نووسینی ناکات ئەگەر لێرە نەش نووسرێت ئەوە کە سزایەکی کاگێڕی بێت و بەپێی یاسا ئەنجومەنی شوورا تەعامولی لەگەڵ دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانی من هەر ئەوەی ڕۆژان خان بوو، پشتیوانی لە قسەکانی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال حویز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار، بڕگەی یەکەم، بەڕێوەبەری گشتی یان هەر کەسێك کە رادەسپێردرێت دەسەڵاتی دادوەری کەتنی لە سەپاندنی ئەو سزایانەی هەیە کە لەم یاسایەدا هاتوون، من پێمباشە وا دابڕێژرێتەوە بەڕێوبەری گشتی یان هەر کەسێك کە رادەسپێردرێت دەسەڵاتی دادوەری کەتنی هەیە لە سەپاندنی ئەو سزایانەی کە لەم یاسایەدا هاتوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان**

د.محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار، بڕگەی یەکەم، پرسیار دەکەم ئایا دەکرێت بەڕێوەبەرێکی گشتی یان هەر کەسێك ئەو رای دەسپێرێت دەسەڵاتی دەدوەری پێ بدرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، بە یاسا بەڵێ، چونكە هەمانە لە یاسای مرور و ئەوانە هەمانە، هەر نەسی ئەوەمان هەیە، د.اسماعیل فەرمووە.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز دبینم هۆسا دێ باشتر بیتن ئەم نەبێژین سەلاحیاتێت حاكمی جناح دەنێ، بێژین بەڕێوەبەری گشتی یان هەر كەسێك كە رای دەسپێرێت دەسەڵاتی پێ بژاردن یا دادوەری دادگای كەتن هەیە لە سەپاندنی ئەو سزایانە كە لەم یاسایەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا ابوبكر فەرمووە.

**بەڕێز ابوبكر عمر (ابوبكر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم ماددەی چوار تاوەكو ماددەی دە بكرێتە بەشێك بە ناوی بەشی سێیەم سزاكان، چونكە هەمووی باس لە سزاكان دەكات، یەعنی بكرێتە بەشێكی سەربەخۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێخ زاهیر فەرمووە.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم/ بەڕێوەبەری گشتی یان هەر كەسێك كە رادەسپێردریت دەسەڵاتی دادوەری كەتنی هەیە لە سەپاندنی ئەو سزایانەی كە هەیە لەم یاسایەدا هاتوون، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، لێرە وشەی هەر كەسێك بە موتلەقی هاتووە، لەوانەیە ئەو كەسە مەسەلەن شەهادەی شەشی سەرەتایی هەبێت، لەوانەیە هەر بێ شەهادە بێت كە بەڕێوەبەری گشتی رای دەسپێرێت چون دەكرێت بكرێتە مەرتەبەی دادوەری كەتن لە كاتێكدا ئێمە دەزانین كەسێك ببێتە دادوەر چەندین مەرجی قورسی هەیە و كەسی دادوەریش خودی كەسی دادوەر چەندین سیفاتی تێدایە كە ناكرێت لە كەسێكی ئاساییدا هەبێت، بۆیە من پێشنیار دەكەم بەڕاستی بەم شێوەیەی لێبكرێت، بەڕێوەبەری گشتی یان كەسی تایبەتمەند دەسەڵاتی دادوەری كەتن یان كەسی تایبەتمەند دەسەڵاتی دادوەری كەتنی لە سەپاندنی ئەو سزایانە هەیە كە لەم یاسایەدا هاتوون، یاخود وشەی دادوەری كەتن لابرێت یان وشەی هەر كەسێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێوەبەری گشتی بەس دەتوانێت بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری فەرمانگە رابسپێرێت، ئەگەر مولاحەزەتان كردبێت لە سەرەتای نەسەكەدا هەیە دەتوانێت كێ رابسپێرێت، یەعنی تەحدیدكراوە كە بەڕێوەبەری گشتی دەتوانێت كێ رابسپێرێت، ئەوانەی دەتوانێ رای بسپێرێت بەڕێوەبەرە لەسەر ئاستی پارێزگاكان و یەكە ئیدارییەكان یان بەرپرسی فەرمانگەیە، ناتوانێت

خەڵکی تر رابسپێرێت و سەلاحیەتەکەشی بە تەنها لە فەرزی ئەو غەراماتە ئیداریانە هەیە کە لە ناو ئەم قانونە هەیە، سەلاحیەتەکانی دادوەری کەتن وەرناگرێت و موناقەشە و جەدەلێکی زۆری لەسەرکرا کاك بژار لێرە نییە لەم لەحەزەیە لەگەڵ راوێژکارانی لیژنەی یاساییش، قسە لەسەر ئەوەبوو چۆن بەڕێوەبەری گشتی بۆ نموونە ئاوی سلێمانی سەلاحیەتی فەرزی (٧٥٠٠٠٠) غەرامەی هەبێت لە کاتێکدا کە سیفەتێکی نەبێت بۆ فەرزی غەرامە، وەکو گوتم ئەم جۆرە عقوبە ئیدارییانە تازەیە لە سیستەمی قانوونی ئێمە و بە دیاریکراوی لە هەرێمی کوردستان، هەیە نالێم نییە، بەس زۆر کەمە، بۆیە حەزەرێك کراوە لەوەی بە تەحدیدکراوی یە تەنها لە فەرزی ئەو غەرامانەی لێرە هەیە، لە شتی تردا ئەو دەسەڵاتەی نییە بێگومان، وە خۆشتان دەزانن بەڕێوەبەرەکان و بەڕێوەبەری فەرمانگەکان عادەتەن بەکالوریۆسیان هەیە لە یەکێك لە ئیختیصاصەکاندا، وە قابلیشە بۆ ئەوەی موناقەشەی زیاتر بکرێت، کاك ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینم هەبوو، بەڵام یەکیان هەر بەڕێزتان باستانکرد، بۆیە من دووبارەی ناکەمەوە پاڵپشتی هەمان قسەی بەڕێزت دەکەم، دێمە سەر تێبینی دووەم، چونکە ڕێك ئەوەیە بەڕێوەبەرە یان بەڕێوەبەری فەرمانگەیە، لە خاڵی دووەم دەڵێت بڕیاری سزای پێ بژاردن شیاوی تانە لێدانە بەپێی یاسای ئەنجومەنی شورای بەرکار لە هەرێمی کوردستان، من ئەوەشی بۆ ئیزافە دەکەم یاسا بەرکارەکانیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار، بڕگەی یەکەم، بەڕێوەبەری گشتی یان هەر کەسێك کە ڕای دەسپێرێت دەسەڵاتی دادوەری کەتنی هەبێت یان هەر کەسێك کە ڕای دەسپێرێت لابرێت، با دەسەڵاتەکە تەنها بەڕێوەبەری گشتی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر چۆن دەبێت عەکسی ماددەکانی پێشترە کە ئێمە باوەڕمان بەوەی هێناوە کە بەڕێوەبەری گشتی دەتوانێت بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری فەرمانگەکان ڕاسپێرێت، یەعنی بۆ ئەوەی هەموو جارێك نەگەڕێتەوە بۆ بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆکان بۆ نموونە لە وەزارەت، بۆ نموونە دەیانەێت لە دوکان یەکێك یەکێك سزا بدەن، ئایا دەبێت بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی دوکان ئەوراقەکە بێنێت بۆ هەولێر، ئەوە ئیشکالەکە ئەلەوێدایە، کاك کاروان و ئاشنا خان لێرە نین، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم، من ئەم پێشنیازەم هەیە، بەپێی ئەم ماددەیە بێت کە بەڕێوەبەری گشتی دەسەڵاتی هەیە یاخود بەڕێوەبەری فەرمانگەیەك مخەول دەکات بۆ ئەو دەسەڵاتانە کە

بیداتێ، ئەگەر دیقەت بدەین لە ماددەی پێنج بڕگەی دوو لقی (٥) شەش ملیۆن بۆ دە ملیۆن غەرامەی تێدایە، واتە بەڕێوەبەری فەرمانگەیەك دەسەڵاتی غەرامەکردنی تا دە ملیۆنمان پێداوە، من بۆ ئەم ماددەیە پێشنیاز دەکەم کە داڕشتنەوەکە چۆن بێت ئەو دەسەڵاتە لە دەستی وەزیر بێت، لە وەزارەت بێت و زائیدەن لەم چوارچیوەیەدا ماددەی (٥، ٦،، ٧، ٨، ٩، ١٠)یەمی یاساکە بسڕدرێتەوە و بە یەك پەڕەگرافی دوو دێڕی، وەکو چۆن لە یاسای بازرگانی کە هەموو ئەو شتانە سڕایەوە کە هەر چەندە من لەگەڵیشی نەبووم، بەڵام ئەمە لێرەشدا ئەم سزایانە و غەرامە و دوو سەد و پەنجا بکرێت بە رێنماییەك کە وەزارەت دیاری دەکات لە نێوان ئەوەندە و غەرامەکان تەحدید دەکات، ئەو هەموو تەفاسیلە یەکەمجارمە لە مێژووی یاسا بینیندا بەم شێوەیە دەیبینم کە دینار بە دینار وردکراوەتەوە کە بە زیادی دەبینم، بۆیە ماددەی چوار من پێشنیاز دەکەم بەم شێوەیە بێت، بکرێتە یەك بڕگە بەم شێوەیە، یەکەم و دووەم لابرێت، بەس ماددەی چوار، وەزارەت دەسەڵاتی سزای پێ بژاردنی هەیە کە لەم یاسایەدا هاتوون و بڕیاری سزاکەش شیاوی تانە لێدان بێن بەپێی یاسای ئەنجومەنی شورای بەرکار لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی دووەم، سەبارەت بە تانە لێدان، تەبعەن ئەوە شتێکی باشە کە لە ئاستی خوارەوەی فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان دەسەڵاتی سزادانیان هەبێت و لیژنە دروست بکەن، بەڵام تانە لێدان پێمباشە لای ئەوان نەمێنێت، چونکە ئەوە بابەتێکە بۆ مامەڵە دەسەڵاتەکە بدرێتە قایمەقامیەتییەکان، قایمەقامیەتییەکان زۆرن و زۆر لە شار و شارۆچکەش هەن، نازانم ئایا بەپێی یاسای ئەنجومەنی شورای بەرکار ئاوایە کە من لێی تێگەیشتووم، ئەو جیهەیەی کە سزاکەی داوە کەسی سزادراو دەتوانێت تەزەلوم بنووسێت لای هەمان کەس، ئەگەر وا دەگرێتەوە من پێم باش نییە، سزادەر و ئەو کەسەش کە پێداچوونە بە سزاکە دەکات و تانە دەگرێت هەمان کەس بێت، چونکە ئەم بابەتێکە بۆ مامەڵە، قایمەقامیەتییەکان زۆر جار بابڵێین وەکو ریش سپی شارەکان وان، مەسڵەحەتی شارەکانیان دەزانن، بۆیە پێمباشە دەسەڵاتی بینینی تانە بدرێتە قایمەقامیەتییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام لە قاواعیدی عامەیە، هەر جیهەیەکی ئیداری کە قەرارێکی ئیداری دەردەکات هەر کەسێك کە پێوابێت ستەمی لێکراوە لەو قەراراە ئیداریە تەزەلوم بە تەنها لەبەردەمی ئەو جیهەتە تەقدیم دەکرێت کە قەرارەکەی دەرکردووە و رەنگە لە قەرارەکەی پەشیمان بێتەوە، ناکرێت مەسەلەن فەرمانگەی ئاو قەرارەکەی دەربکرێت تۆ بچیت لای قایمەقام تەزەلوم بنووسی، چونکە سەلاحیەتەکە لە ئەسڵدا هی فەرمانگەی ئاوە، ئەوە موخالیفە بۆ ئەو قواعیدە عامەی کە لە ناو قانونی ئەنجومەنی شورا هەیە، ئێمە ناتوانین لە ناو قانونێکی تردا موخالەفەی ئەو قاعیدە عامەیە بکەین لە راستیدا، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن (كاروان گەزنەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار تەبعەن لە ئەساسدا من تێبینی ئەساسەكەم لەسەر ئەم ماددەیە هەبوو، لەوەی تر دوو تێبنیم هەیە، تێبینی یەكەمیان بەڕێوەبەری گشتی لێرەدا دەسەڵاتی قەزائی پێدراوە كە ئەمە پێموایە ئەشكالێكی گەورەی قانوونییە یان لایەنی كەم ئەشكالێكی قانوونی دروست دەكات بۆ برادەران لیژنەی قانوونی ئەگەر وەڵاممان بدەنەوە، بڕگەی دووەم و كۆی ماددەكەش بە گشتی دووبارە من پێموایە قانوون بۆ مەبدەئی عامە، بۆ ئەو مادانەی كە بە دوای خۆیدا دێت، ناكرێت بیچنە زۆر جزئیات و وردەكاریەوە، بۆیە پێموایە بە قانوونی عقوباتی عێراقی هەموو ئەو سزایانەی كە هەن لە دوای ئەمەوە دەتوانرێت چارەسەر بكرێن، بۆیە لەو ماددەیەدا پێشنیاز دەكەم بۆ ئەوەی لە ماددەكانی تر زۆر دووبارەی نەكەینەوە، چونكە حەوت بۆ هەشت ماددە تەرخانكراوە بۆ سزاكان، لە ئەساسیشدا عقوبەیە، مادام عقوبەیە پێموایە بە عقوبە دیاریكراوە خۆی موخالەفەیە دەكرێت بە ڕێنمایی چارەسەر بكرێن، لەوە تێدەگەم كە ئەمە ڕەنگە بۆ ڕێگەگرتن بێت لە ئیجتیهاداتی شەخصی لە كاتی دەركردنی بە ڕێنمایی، بەڵام هەر لەبەر ئەوەی كە ئیجتیهادی شەخصی تێدەكەوێت ناكرێت بەڕاستی پڕۆژە یاسایەك حەوت بۆ هەشت ماددە بۆ موخالەفەی قانونی تەرخان بكرێت، بۆیە من پێشنیاز دەكەم ئەم بە قانوونی عقوباتی عێراقی چارەسەر بكرێت لە بری ئەو هەموو سزایەی كە لە پڕۆژە یاساكەدا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

یەكەمجار بەو وەڵامە دەست پێدەكەین بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەڵێن بۆچی سەڵاحیەتی دادوەری كەتن دراوە بە بەڕێوەبەری گشتی یان هەر كەسێك ئەو رایدەسپێرێت، ئەگەر بەڕێزتان روونكردنەوەیەكتان هەبێت، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ئەم بابەتە حەز دەكەم دوو سێ دەقە كات بە ئێمە بدەن، سەبارەت بەم بابەتە بە گرنگی دەزانم چەند سەرەنج و تێبینەیەك بخەمە روو، یەك: ئەم بابەتە خۆی تەبیعیە موناقەشە هەڵبگرێت و ئیجتیهاد و تەفسیری زۆرە، بە شێوەی خاڵ وەڵام دەدەمەوە، دوو: بە مەبەستی ئامادەكردنی راپۆرت بۆ خوێندنەوەی دووەم سەبارەت بەم پێشنیازە یاسایە، لیژنەكەمان زیاتر لە شەش كۆبوونەوەیان ئەنجامداوە، زۆرترین گفتوگۆ و موناقەشەی قانونی لەسەر ئەم ماددەیە كراوە، سێ: سەرەڕای ئەوەی كە وەزارەتی تایبەتمەند پێمان باشبوو كە ئەم دەسەڵاتەی هەبێت دیراسەیەكی وردمانكرد لە ناو سیستەمی یاسای عێراقیدا ئینجا بۆمان دەركەوت پێدانی ئەو دەسەڵاتە بە دەسەڵاتی جێ بەجێكردن بوونی هەیە هەتا نموونەكەشی لە یاسای خۆمان كە لە پەرلەمانی كوردستانەوە پەسەندبووە، چوار: راستە خۆی لە ئەسڵدا بەپێی پرەنسیپی جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان گونجاوترە كە ئەم دەسەڵاتە بۆ فەرزی عقوبە یان غەرامەكە مەبەستمانە غەرامەیە بۆ دادگاكان بێت، بەڵام پێچەوانەكشی دروستە و بوونی هەیە زیاتر لە یاسایەكدا، لەبەر ئەوە بۆمان دەردەكەوێت چۆن بە یاسا دەسەڵاتی فەرزی عقوبە بە دادگاكان

دراوه تەبیعیشـە هەر بە یاسـا بەشـێکی دیـاریکراوی ئەو دەسـەڵاتە بـدرێتە دەسـەڵاتی جـێ بەجێکردن، پێنج: ئاماژە پێکردنی چەند یاسایەك بەم نموونە قانوونی مروری عێراقی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١٩) لە بڕگەی یەکەمدا خاڵی (أ، ب) لە ماددەی (٢٨) دەسەڵاتی فەرزکردنی غەرامە بە زابت و مفەوزی مروری داوە لە جیاتی دادوەری کەتن، قانوون دائرە البلديات ژمارە (١٦٥)ی ساڵی (١٩٦٤)، ماددەی (٩٤)، خاڵی (٢) کە تێدا هاتووە وەزیر تەخویلی دەسەڵاتی حاکمی جەزائی دەداتە (امین العاصمة یان رئیس البلدیة) تێروانینی ئەو کەیسانەی کە لە ئەنجامی جێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دروست دەبن و حوکم هەتا حوکمیش بە بەندکردن کە لە (١٠) رۆژ زیاتر نەبێت و یان فەرزکردنی پێ بژاردن بدات، یاسایەکی ترمان هەیە لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندبووە، لە هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٨) یاسای پاراستن و چاککردنەوەی ژینگە لە هەرێمی کوردستان، لە ماددەی (٤٢) لە بڕگەی سێیەمدا هاتووە وەزیر یان رێپێدراوەکەی بۆی هەیە غەرامەیەك بسەپێنێت کە لە سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت بۆ هەر کەسێك سەرپێچی لە حوکمەکانی ئەم یاسا و پەیڕەو و رێنماییانە بکات، بۆیە بە تێڕوانینی ئێمە هیچ کێشەیەکی یاسایی تێدا نییە، پشتیوانی لە راپۆرتەکەی خۆمان دەکەین، وەکو لیژنەی یاساییش پێمانباشە وەکو خۆی بمێنێت، وە ئەو مەسئولیاتەش هەڵدەگرین، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینی ئێمەیە بەڕاستی مەبلەغی غەرامەکەیە ئەوەش لەبەر تایبەتمەندی لیژنەی تایبەتمەند وەکو لیژنەی یاسایی دەستکاریمان نەکرد، بەڵام ئەو تێبینیە لەلای ئێمە هەبوو کە مەبلەغەکە زۆرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خدیجە خان.

**بەڕێز خدیجه عمر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە ئایا چۆن دەکرێت دەسەڵاتی دادوەری بە لایەنی ئیداری بدرێت، من پێموایە راستە کە ئێمە مەبدەئی (فصل بین السلطات)مان هەیە، بەڵام ئەو فەسلەی کە باس دەکرێت فەسلێکی مەرنە یەعنی فەسلێکی جامد نیە کە بڵێین کەس بۆی نییە تەداخول لە دەسەڵاتێکی تر بکات، وە دەبێت تەعاون و هەماهەنگی هەبێت لە نێوان ئەو سێ دەسەڵاتە، بۆ نموونە چۆن ئێمە مەسەلەن کە پەرلەمان دەسەڵاتی یاسادانانی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا حکومەتیش بۆی هەیە کە پڕۆژە یاسا بنێرێت و مافی ئەوەی هەیە، ئەوە شێوازێکە لە تەعاون و هەماهەنگی لە نێوان پەرلەمان و حکومەت، بە هەمان شێوەش کە دەکرێت هەندێکجار دەسەڵاتی دادوەری بە جیهاتی تریش بدرێت، بەڵام لە چوارچێوەیەکی یاسایی و بە دیاریکراوی نەك بە شێوەیەکی رەها، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ماددەی پێنج بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز رۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥): یەکەم: سەرباری سزاکانی هاتوو لەم یاسایەدا تێچووی چاککردنەوەی تۆڕەکانی ئاو پڕکردنەوەی سەر تۆڕی ئاوەکە و گەڕاندنەوەی بۆ باری ئاسایی خۆی بەپێی خەسڵەتی

ئەندازیارییەوە بەرکارەکانی (المواصفات الهندسية) دەخرێتە ئەستۆی زیادەڕۆکار، سەرپێچیکار لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی یان فەرمانگەی ئاو بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار جێ بەجێ دەکرێت.

دووەم: جگەلە لەم تێچووانە لە بڕگەی یەکەم ئەم ماددانە هاتووە:-

١- هەر کەسێك ئەم سەرپێچیانە کە لەم یاسایەدا هاتووە ئەنجام بدات بەپێبژاردەیەك سزا دەدرێت بەم شێوەی خوارەوە:-

أ-بڕێك کە لە دوو سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە چوار سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت ئەگەر سەرپێچی لەسەر بۆڕی ئاو تیرەی یەك لەسەر دوو و نیو ئینج تا سێ ئینج بوو.

ب- بڕێك کە لە چوار سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت ئەگەر سەرپێچی لەسەر بۆڕی ئاو گەورەتر لە سێ ئینج تا شەش ئینج بوو.

ج- بڕێك کە لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت ئەگەر سەرپێچی لەسەر هێلی ئاو گەورەتر لە شەش ئینج تا دوازدە ئینج بوو.

د- بڕێك کە لە دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە شەش ملیۆن دینار زیاتر نەبێت ئەگەر سەرپێچی لەسەر هێلی ئاو گەورەتر لە دوازدە ئینج تا بیست و چوار ئینج بوو.

ە- بڕێك کە لە شەش ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت ئەگەر سەرپێچی لەسەر هێلی ئاو گەورەتر لە بیست و چوار ئینج بەرەو سەرەوە بوو.

٢- هەر کەسێك ئەو زیادەڕۆییانەی کە لەم یاسایەدا هاتووە ئەنجام بدات بەپێبژاردنێك سزا دەدەرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

أ-بڕی چوار سەد و پەنجا هەزار دینار لە کاتی بەستنەوەی بۆڕی تیرەی یەك لەسەر دوو ئینج بە تۆڕەکانی ئاو.

ب- بڕی حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار لە کاتی بەستنەوەی بۆڕی تیرەی سێ لەسەر چوار ئینج بە تۆڕەکانی ئاو.

ج- بڕی یەك ملیۆن دینار لە کاتی بەستنەوەی بۆڕی تیرەکەی سێ لەسەر چوار ئینج بەرەو سەرەوە بە تۆڕەکانی ئاو.

ە- بڕی دوو سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت لە کاتی بەستنەوەی ترۆمپای ئاو راستەوخۆ لەسەر تۆڕی گواستنەوە دابەشکردنەوەی ئاوی شار و شارۆچکەکان و گوندەکان بە مەبەستی راکێشانی ئاو بەبێ رەزامەندی لیژنەی تایبەت سەرباری دەست بەسەرداگرتنی ترۆمپا و گشت کەرەستە بەکارهێنراوەکان لە زیادەڕۆییەکاندا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەسەر ماددەی پێنج ناوتان دەنووسین و یەك جارەك ئیسراحەت وەردەگرین و دەگەڕێینەوە، ناوەکان دەخوێنمەوە (د.کاظم، مامۆستا ابوبکر، مامۆستا عمر، مژدە خان، کاك مسلیم، کاك مەم، د.عثمان، ئاشنا خان، کاك بەڵانبۆ، کاك شاخەوان، دکتۆرە شایان، کاك یاسین، کاك مەلا ناصر، کاك رزگار، کاك عثمان سێدەری، کاك کاروان، کاك حاجی هێرش، کاك زانا، کاك حکمت، کاك بەهجەت، گولستان خان، کاك سەروان، کاك حاجی سەفین، مامۆستا نجات، کاك رێبوار، حسیبە خان، کاك هەڵکەوت، شێخ زاهیر).

## پاش پشوو

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیمە لەبەر ئەوەی بریارە لە ٣/١٦ کۆبوونەوەیەك بکەین سەبارەت بە هەڵەبجە کە تەنیا یەك بڕگە ئەبی و تایبەت ئەبی بە دۆخی هەڵەبجە، ئەبی ئەوە تەواو بکەین، چونکە ناتوانین بچینە سەر بڕگەی تر، ماددەی (٥) ئەو بەڕێزانەی ناومان نووسیون، فەرموو دکتۆر کاظم.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) بڕگەی دوو فەقەرە (٢) خاڵی (د) باسی ئەوە ئەکات (٢٥٠) هەزار دینار کەمترین و (٥٠٠) هەزار زۆرترین کە کەسی ترۆمپا ببەستی لە تۆڕی ئاوی نیشتیمانی، هیچ ماڵی نییە بێ مزەخە ئاو بچێتە ناو تانکی، ئەم سزایە چۆن ئەکرێ، یان ئەبێ بڵێی بێ ئاو دانیشە، یان ئەو سزایە ئەبێ دڵنیایی بدرێ کە (٢٤) سعات ئاوی خواردنەوە بۆ ماڵەکان دابین ئەکرێ و ئەڕوا بۆ لای کەم (٣ بۆ ٤) قات، ئینجا ئەتوانی ئەو سزایە دابنێی، خۆ ئەگەر مەبەست موزەخە نییە با بە وازیحی بنووسرێ کە مەبەستی موزەخەی ماڵان نییە، ئەگەر نا ناکرێ و تانکی بەتاڵ ئەبێ، یان ئەو فەقەرەیە لادرێ یان روون کردنەوە بدرێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رەنگە ئەندامی تریش هەمان ڕای هەبێ، لیژنە روون کردنەوەی تر بدات مەبەستان هاوبەشی ماڵانە؟

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە هیچ شێوەیەك مەبەستی موزەخەی ماڵان نییە، یانی ئەگەر کەسی بچێ موزەخە لەسەر بۆرییەکی رەئیسی لە دەرەوەی ماڵی خۆی ببەستی، هەر هاووڵاتییەك ئاوەکەی داخلی ماڵی ئەبێ ئازادە لەوەی بە موزەخە سەری ئەخات، مەبەست لە بۆڕی سەرەکی دەرەوەیە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ئەوەی زۆر دووبارە نەبێ قسەکان، فەرموو مامۆستا ئەبو بەکر.

**بەڕێز ئەبو بەکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان تێبینیم هەبوو.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر زانا.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) سەرەتای دەست نیشان کردنی سزاکانە، خۆم لەگەل ئەوەم توندترین سزا هەبێ بۆ سەرپێچیکار، لە بەرژەوەندی هاووڵاتییە، بەڵام لەماددەی (٤) دەسەڵات دیاری کراوە هەتا

سەرۆکی فەرمانگە هات، فەرمانەکان سەرۆکی لیژنە باشتر ئەزانن لە بەرێوەبەرایەتی ئاو لە هەر پارێزگایەك لە ناحیە و کۆمەلگاکان، بۆ نموونە فەرمانگەی ئاوی فلان ناحیە، کەوایە لەوی هەندی بڕگە هەیە رینجەکەی زۆرە، (٦ بۆ ١٠) ملیۆن، ئەوە زۆرە، کێ بڕیار ئەدات چەندە؟ (٥ یا ٦) ە ئەوە بەڕای من دیاری بکرێ چاکترە لەوەی بەو شێوەیە رەنگە مەعامەلەی بکەوێتە ناوی، بۆیە ئێستا بەری لێ بگرین باشترە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حیکمەت.

**بەڕێز حکمت محمد عبو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو سزایەی دانراوە پێم وابی بۆ مالانە، لەبەر ئەوە ئەو پارەیە زۆرە، ئەگەر (١٠٠ تا ٢٠٠) هەزار بی باشترە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولستان خان.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەما سەر پیچی هاتە کرن تەمامە کو بریگا یاسایی سەرەدیری بهیتە کرن، دا پتر پابەند بین، ئەڤ برە پارە هاتیە دانان و دیار کری لە برگا دووی زۆرە، ئەگەر بیتە کیم کرن باشترە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) زۆر غەرامەی تێدایە، ئەوە پارەیەکی زۆرە، کەسی لە نەزانین ئەچی بۆرییەك هەلئەقەلینی یان تەجاوزی کردووە و خانووی دروست کردووە و حکومەت ئیشتیراکی ناداتی بیی (٢ تا ٣) ملیۆنی لێ بستێنێ ئەوە زۆر زۆرە، پشتگیری قسەکانی کاك زانا ئەکەم کەم بکریتەوە، نالێم نەمینی بەس (٥٠ تا ١٠٠) هەزار بی، ئەزانن ولاتی ئێمە ئەو هەموو قەیرانە، ئینجا ملیۆن و دە ملیۆن بدات زۆرە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە لیژنە تایبەتمەندەکان ئەکەین بۆمان روون بکەنەوە ئەو مەبلەغانەی هاتووە بۆچییە؟

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو سزایانە ئەگەر دیقەت بدەن تەنیا بڕگەی (ا) پەیوەستە بە بۆڕی مالان کە نیو ئینجە، ئەوەی تر پەیوەستە بە بۆری دەرەوەی مالان و شار و شارۆچکەکان، ئەو سزایانە بۆ ئەوە دانراون هاوولاتی ئاسایی ناتوانی زیان بە بۆڕی سەرەکی ئاو بگەیەنی، ئەو کۆمپانیایانە ئەگریتەوە بۆری ئەشکینن و چاکی ناکەنەوە، بۆ کۆمپانیاکانە، رەنگە فەرمانگەیەکی حکومی بی، تەنیا ئەو بۆڕیەی نیو ئینجە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سزایەکان بۆ ئەوەیە سەرپێچی نەکرێ، نەك کە سەرپێچی بکرێ، ئینجا سعری بۆ دیاری بکرێ، بە نیسبەت ئەو فەراغە زۆرەی لە نێوان (١) بۆ (٣) ملیۆن هەیە، راستە تەئیدی قسەی کاك زانا ئەکەین و ئەتوانین پێداچوونەوەی پێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام یەك حالەت هەیە، کێ تەقیمی، ئەگەر بە (٥٠٠) هەزار دیاری بکەین، کاتی بۆری گواستنەوەی ئاوی نێوان مەخموور هەولێر ئەشکینری، کێ تەحدیدی ئەوە ئەکات رێژەی زیانەکەی بەر بۆڕیە سەرەکیەکە کەوتووە چەنە، ئەگەر حەدی ئەدنا و حەدی ئەقسامان نەبی بۆ ئەوەی تەقیم بکرێ، ئەوە مەسەلەی گرنگە ئەبێ لیژنەکان روونی بکەنەوە، فەرموو کاك ناصر.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی دووەم ئەڵی جگە لەو تێچووانەی لە بڕگەی یەك هاتووە کە سەرپێچیکار سەرباری چاك کردنەوەی تۆرەکانی ئاو غەرامەش ئەکرێ، بۆیە غەرامەکە زۆرە بە تایبەتی لەو بارودۆخەی هەرێم، سەرەڕای ئەوەی ئەکەویتە دەرەوەی شارەکان لەلایەن کۆمپانیاکان و فەرمانگەکان، بەڵام ئەوەی هاوولاتی زۆرە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخەوان رۆوف مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر کۆی غەرامەکان زۆرە و حەق وایە کەم بکرێتەوە، هەر کۆمپانیاکان نییە سەرپێچی ئەکەن، لە ناو پرۆژە، ئەبێ جیاکاری بکرێ و هاووڵاتی جیا بکریتەوە لە کۆمپانیا، هەتا کۆمپانیا رێژەی غەرامە زیاتر بی ئاساییە، بەڵام بە نیسبەت هاووڵاتی بۆ نموونە لە مەشروعیك یان لە دەستکاری کردنی کۆڵان، بۆریەك ئەشکی وا بکرێ لە ماددەی (٥) جیاکای بکرێ و کەم بکرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرۆکی لیژنەی یاسایی روونی بکەنەوە، پێوەری جیاکاری هاووڵاتی و کۆمپانیا چۆن جیا ئەکرێتەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاماژە بە دوو بڕگە ئەکەم، ماددەی (٣) بڕگەی یەکەم (بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەسەڵاتی پێدانی فەرمانی بە لیژنە تایبەتەکان هەیە بۆ هەژمار کردنی جۆر و شێوەی سەرپێچیەکان لەسەر ئاستی سنووری دەسەڵاتی هەر بەرێوەبەرایەتی و فەرمانگەیەك)، لە هەمان ماددە بڕگەی (٣) لیژنەی تایبەت هەژماری جۆر و سەرپێچی و زێدەڕەوی ئەکات بە راپۆرتێك لایەنی بڕیاردەر ئاگادار

ئەکاتەوە و ئەویش بریاری پێویست لە بارەی سەرپێچی یان زێدەڕەوییەکە دەرئەکات و بڕی سزا بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە دیاری ئەکات، دواتر بڕگەی چوارەم هەیە، پێکهاتە و ئەرکی لیژنەی تایبەتمەند بە ڕێنماییەك ڕێك ئەخرێ کە لەلایەن وەزیرەوە دەرئەچێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرۆکی لیژنەی شارەوانی ئەو پرسیارەی کاك شاخەوان هەیەتی بەچی جیا بکرێتەوە کە هاوولاتی خاوەن نفوس چییە، بە تەنیا کە بۆڕیەکە چەند ئینجە؟

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیان گەیاندن بە بۆری و قەبارەی بۆڕییەکە نرخەکە دیاری ئەکات، جا هاوولاتی بێ یان کۆمپانیا، ئەشێ هاوولاتییەك بیشکێنێ و هەمان غەرامە بدات، بەلام کەسی لە حالەتێکی گشتی ئاو بۆ مالەوە رائەکیشی بە نیو ئینج ئەبێ، ئەو بۆڕییانە ئەکەوێتە دەرەوەی شارەکان، بۆڕی سەرەکین، بۆیە جیاوازی نییە، هاوولاتی زیان بە بۆڕی گەورە بگەیەنی ئەکید ئەبێ عقوبە بدرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە تێبینیەکانی وەزارەتی شارەوانیش کە ئاراستەی پەرلەمان و لیژنەی تایبەتمەند کرابوو، بڕگەیەك هەبوو لە ماددەی یەکەم بڕگەی (١٧) کە تەعریفی کەسیش کرابوو کە مەعنەوی یان یاسایی، خۆم لەگەڵ ئەوە بووم ئەو تەعریفە لە راپۆرتی ئێمەش هەبووایە، دوای ئەوەی کەسی سەرپێچی ئەکات کە کەسی مەعنەویش و ئاساییش هەیە، بەلام دەرمانهینا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو موژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) بڕگەی دوو خالی یەکەم هەر کەس ئەوە تەعریف بکرێ و جیا بکرێتەوە، بڕی غەرامە کەم بکرێتەوە جیایە لەگەڵ کۆمپانیا، خەڵك هەیە بەهۆی نەزانی بکەوێتە هەڵەوە بۆڕییەکی گەورە زیانی پێ بگات، بۆ هاوولاتی بڕی غەرامە کەم بکرێتەوە، پێشنیار ئەکەم لە دووەم بڕگەی (د) تەوزیحاتی پی بدرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عوسمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان داواکاری هەبوو دکتۆر کازم وتی لە لیژنە، ئەو کەمکردنەوەش ڕێژەی غەرامە هەر کەس ئەو سەرپێچیە، ئەو کەسە زۆر پێم شتیکی مەتاتییە، هەر کۆمپانیایەك یان هاوولاتیەك.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەسی باخیکی هەیە (١٠) دۆنمە، لەسەر زەوییەکی کشتوکاڵی کردوویەتی و ڤێلایەکیشی تێدا دروست کردووە، ڤێلاکەی ئەکەوێتە سەر جادەییەکی رەئیسی کە بۆڕی ئاوی رەئیسی نێوان دوو شاری پێدا ئەڕوا، کەسێکی خاوەن نفوزە، شوفل ئەهێنی و هەڵیئەداتەوە و بۆڕییەکی گەورەی لێ رائەکیشی، راستە هاوولاتییە، بەڵام ئاسایی نییە، لە مەسەلەی نیو ئینج هەر کەم کردنەوەییەك بکرێ ئاساییە، بەڵام ئەوەی دەست ئەبات بۆ بۆڕی ئاوی نێوان دوو شار خەڵکی ئاسایی ناتوانی ئەوە بکات، فەرموو کاك سەروان.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوە سزاکە بۆ هاوولاتی، جونکە سەرۆکی لیژنەی یاسایی وتی ئەو (٢٥٠) هەزارە تا (٤٠٠) هەزار بۆ هاوولاتییە، منیش ئەڵێم هاوولاتی کە نیو ئینج رائەکیشێ، حەتمەن لە بۆڕییەکی گەورەتر لە نیو ئینجی خۆی رایئەکیشی، ئەوکات بە هەڵە شکا ئەو غەرامە ئەکرێ، سەرۆکی لیژنەی یاسایی وتی لە ماددەی (٤) وتی سوودمان لە یاسای قانوونی عقوباتی عیراقی وەرگرتووە بۆ سزاکان، لە یاسای سزای عیراقی (١٠٠) هەزار کەمتر نییە و (١٠) ملیۆنیش زیاتر نییە، ماددەم بۆ وەك ئەوان نەبی؟ بۆ لە سزادان سێ ئەوەندەی عیراقی بین، بەڵام لە پاداشت کەمی بکەینەوە؟ لە عیراقی زۆر شت کراوە لە هەرێم چاو لەوان کراوە، بەڵام کەمترین، بەڵام لە عقوبات سێ ئەوەندەی عیراقی بین؟ دوو، داوا ئەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامان ئەکەم بۆ ئەوەی پشتگیری ئەو رایەی من بکەم، ئەمڕۆ ئەو جەلسەیە کۆتایی پێ بی و بۆ دوو ئەم هەلگیری، چونکە لە ماددەی (٥) جین وا بوو لە مەغریب.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیمە سێ شەممەمان داناوە بۆ جەلسە، ناتوانین جگە لە هەلەبجە هیچ شتیکی تر دابنین لەبەر بایەخی هەلەبجە، انشالله تەواوی ئەکەین، فەرموو مامۆستا نەجات.

**بەڕێز نجاه شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی (٥) پشتگیری کاك زانا دەکەم لە یەکەم، لە دووەمیش یەکەم دەربارەی سزاکان تێچووی چاکردنەوەی تۆڕەکانی ئاو تا دوایی، ئەمەوی ئیشارەت بەوە بدەم ئەبیێ راست نەکرنا خسلەتا ئەندازەیی بۆ مواسەفاتی ئەندازەیی دەچیتن، دەبی بەرکارەکان بچێت دوای مواسەفاتیت هەندەسی، چونکی بۆ هەمیات نایەتە مەعنەوی ئەڤە مابەینی دوو کەوانە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بالانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی یەکەمیش ئاماژەم پێدا، لێرە خالی (د) باسی ترۆمپای ئاو ئەکرێ بەرێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی دووجار روون کردنەوەی دا، بەس ئەتوانم بڵێم روون کردنەوەیەکی دروست نییە کاتی باسی راستەوخۆ ئەکری، ئەگەر بمانەوێ بەو شێوەیە بەدەر بکەین لەوەی هاوولاتی

توانی لە ناو بینای خۆی یان حەرەمی ماڵی خۆی ترۆمپای بەست ئەبـی سیاغەی ئەو بـڕگەیە بەو شێوەیە لێ بکەین (بڕی ٢٥٠ هەزار دینار کەمتر نەبی و لە (٥٠٠ هەزار زیاتر نەبێ) لە کاتی بەسـتنی ترۆمپای ئاو لە دەرەوەی حەرەمی ماڵ یان لە دەرەوەی بینـایە لەسـەر تـۆڕی گواسـتنەوە، چـونکە تۆڕی گواستنەوە چەند دوور بێ لە مال یان بینایە کە بۆریت لـی بەسـت و ترۆمپـات لە بـۆریەکە بەست راستەوخۆ ئەکا، لە کوی ئەبی بە ناراستەوخۆ لەوەی کە قەتعێـك لە بەینـی هەبـێ یـانی لە بۆڕی رەئیسـی لە حەوشـی خـۆت ئـاوەکە بـرژێتە نـاوی و مـوزەخەی لـێ ببەسـتی، ئەو خـاڵە زۆر گرنگە پێشتریش ئاماژەم پێدا کە تۆڕەکانی ئاوی ئێمە تا ئێستا ئەوەنە پێشکەوتوو نین کە خەڵك بتوانێ بە شێوەیەکی دادپەروەرانە موستەفید بی لێی، سەرجەم ئەم یاسایە لە یەك جێگـا باسـی گونـدەکانی تێـدا کـراوە کە ئەزانـین ئێسـتا فراوانبـوونێکی زۆر هەمـو و شـارو شـارۆچکە و گوندەکانی گرتۆتەوە و گوندیش ئێستا خاوەنی سەرچاوەی ئاو و تـۆڕی ئـاون، ئەگەر ئەو یاسـایە بۆ ماوەیەکی کاتییە پێویست ناکات ئاماژەی پـێ بکـرێ، ئەگەر بـۆ مـاوەیەکی درێـژ خـایەنە و بـۆ ئەوەی هەمـوار نەکـرێتەوە پێویسـتە ئامـاژە بـدرێ بە شـێوەیەك لە گونـدەکانیش کەس نەتـوانێ تۆڕی ئاو بشکێنێ و حەرەمی سەرچاوەی ئاوی گوند بپـارێزرێ کە ئەزانـین زۆری گەشـتیاران روو ئەکەنە گونـدەکان و لەسـەر سـەرچاوەی ئـاو دائەنیشـن و ئەبینـین ژیـنگەی گونـدەکانیان پـیس کردووە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان لە لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی یاسایی تۆڕی گواستنەوە و دابەش کردن لە ئەسلە پیشـتر تەعریف کرابوو، ئەوەی ئاوی ماڵانە پێی ئەوترێ هاوبەشی، ئەگەر ئەو دوو تەعریفەمـان هەبـوایە تووشی ئەو ئیشکالە نەئەبووین، ئەندامانیش گەیشـتنە ئەو بـاوەڕەی مەبەسـت لە دانـانی تورمپـا لەسەر تۆڕی گواستنەوە و دابەش کردن مەبەسـت لە هاوبەشـی نـیـیە، لەبەر ئەوە بە شـێوەیەك لە شێوەکان چارەسـەری بـکەن و، بەرێـزانیش ئەنـدامان سـەبارەت بەو بـابەتە دووبـارەی نەکەنەوە، چونکە بەگوێرەی پەیڕەو دووبارە کردنەوە ناچارین راتانگرین، فەرموو کاك رزگار.

**بەرێز رزگار عیسی سوار:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) بڕگەی یەك مواسەفاتی هەندەسـی بگـۆڕی بە وشـەیەکی کـوردی شـیاو، سـەبارەت بە غەرامەکانیش لەسەر قەبارەی بۆڕیە، ئەو بۆڕییانەی بـاس ئەکـری لە نیـو ئیـنج تـا (٢٤) ئیـنج، ئەو جۆرە لە گەڕەکەکان نییە، بەڵام نیو ئینج تا ئەگـاتە (١٢) ئیـنج لە نێـو گەڕەکەکـان هەن، ئەوەش لە نێو گەڕەکەکان ئەگەر هاووڵاتییەك تەجاوز بکاتە سەری یان بە نەزانی بۆڕییەکی لێ ببەسـتێ ئەو غەرامەیە زۆرە، ئەوەی کۆمپانیاکـان زیـاتر بکـرێ، بەڵام لە (٣) ئیـنج تـا (٤) لە (٤٠٠) هەزارەوە بـۆ ملیۆنیك ئەوە لە گەڕەکەکـانە ئەوەش زۆرە بـۆ هـاووڵاتی، ئەو بۆڕییـانەی قەبارەیـان (٢٤) ئیـنجە ئەوە خەڵکی تر تەجاوز ئەکاتە سەری، من لەگەڵ ئەوەم ئەوەی گەرەکەکان کەم بکریتەوە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حاجی هێرش.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

غەرامەکـان زۆرن، پێشـنیار ئەکەم ئەو سـزایانە لە ٧٥٪ بکەوێـتە سـەر لایەنـی ئەرکـی چـاودێری تۆڕەکـانی لەسـەر شـانە و ٢٥٪ لەسـەر سـەرپێچیکار، لەبەر ئەوەی هەڵکەنـدن و بـۆڕی شـکاندن کارێکی ئاسان نییە بە سەعاتیك بکرێ، چەند رۆژێکی ئەوێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك موسلیم.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێکم هەبوو، لە یەکەم ئەڵێ سەرباری سزاکانی هاتوو لۆ یاسایە کەسێك سـەرپێچی ئەکـات تێچـووی چـاك کـردنەوەی تـۆڕی ئـاو و پـڕ کـردنەوەی سـەر تـۆڕی ئـاو و گەڕانـدنەوەی بـۆ بـاری پێشووی ئەندازەیی خۆی، بە پێی خەسڵەتە ئەندازەییە بەرکارەکان کە پیشتر هەیوو، کەسـی ئەو (٣) ئەرکەی بکەوێتە سەر شان بۆ کەسیکی ئاسایی قورسە هەموو تێچووی پێشووتری زیانەکەی بگەڕێنێـتەوە و سـزاش بـدرێ، پـێم باشـە ئەو وشـەی هەر کەس جیـا بکـرێتەوە و ئەگەر ئەو سزایەش لە خاڵی یەکەم لە (ا تا ج) و جۆری دووەمیش جیا کراوەتەوە، بەڵام بـۆ کەسـی ئاسـایی جۆرێك و بۆ مەعنەوەیی و کۆمپانیاش جۆریکی تر.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك لوقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زەرووڕە ئەو روون کـردنەوەیە بـدەین، رەنـگە زۆرمـان ئەزانـین شـاری چەمچەمـاڵ یەکـێکە لەو شارانەی ئێسـتا کێشـەی ئـاوی هەیە، بەپێـی بەدواداچـوونی لیـژنەی شـارەوانی ئـێمە ئەو بـۆڕییە سەرەکییەی ئاو لە دووکانەوە دی بەرەو چەمچەماڵ ئەچێ باخ و بەنزینخانە و کارگەی بچـووك و مەعـمەل و هەرچـی هەیە راسـتەوخۆ بـۆڕی سـەرەکی ئـاوی کـون کـردووە و ئـاوی راکێشـاوە، سەرەنجام ئاوی هاووڵاتی نییە، لە چوارچێوەی حوکمی ئەو یاسـایە ئەتـوانی رێگری لەوە بکـرێ، پرسیار ئەوەیە ئایا چاوپۆشی بکەین؟ دوو، ئەگەر کەسی زیـانی بە بـۆڕی گەیانـدن و راسـتەوخۆ چـاکی کـردەوە هـیچ گرفـت نـیە، زیـانی پـێ بگەیەنـێ دوای ئەوەی کەشـف ئەبـێ ئەو لیـژنەی چاودێری سەرپێچی ئەکات و ئەبینی ئەبێ هەلی بکەنـی و چـاکی بکـات و دۆخەکە بگەڕێنێـتەوە بـاری ئاسـایی، بـۆ بێگیـریتەوە بـاری ئاسـایی؟ جـار وایە جـادەیەك هەڵئەکەنـی، خـۆ نـاکرێ ئـاوا بمینێتەوە، ئەگەر باس لە بۆڕی تیرەی نیو ئینج ئەکرێ کاتێ ئەشکێ بێگومان بەرێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆ یان شارەوانی بەرپرسە لە تۆڕەکانی ئاو تا داخلی حەرەمی ماڵ ئەبێ، ئەگەر بۆڕی ئـاوی ماڵی خۆشت بێ و ئیشتراکی شەخسی خـۆت بـێ و ئەگەر شـکاندت و وات بەجـێ یەشـت ئەبـێ چاکی بکەیەوە، ئەگەر چاکت کـردەوە کێشـە نیـیە، چاکـت نەکـردەوە ئەوکـات چـاکی ئەکەیەوە و غەرامەش ئەکـــرێ. لە بـــڕگەی دوو فەقەرەی یەك بە خاڵەکـــانییەوە و فەقەرەی دوو بە خاڵەکـانیەوە، ئەگەر هـاتوو ئەو بـڕە پـارەی دانـراوە بـۆ سـزا لە کاتێکـدا ئەو بـڕە پـارە لە ئاسـتی

دابەزین و هەڵکشان بوو، ئایا ئەو سزا کەم ئەکرێتەوە یان زیاد ئەکرێ، بۆیە پێم باشە ماددەیەك زیاد بکرێ و هەموار بکرێتەوە، لە خاڵی دووش هەمان بۆچوونی کاك زانام هەبوو پشتگیری ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك بەهجەت.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو ووشە هەیە لەو ماددەیە، زیدەڕۆکار و سەرپێچیکار، تەعریفی ئەوان دیار نییە کێیە، لەبەر ئەوە دێینە سەر دووەم خاڵی یەك دەڵێ هەر کەس ئەم سەرپێچیانە لەو یاسایە هاتووە ئەنجام بدات سزا ئەدرێ بە غەرامە، لێرە دیار نییە، ئەگەر بەڕێوەبەری دائیرەیەك بم و خاوەن کۆمپانیایەك ئیمکانیاتی زۆری هەیە و بۆڕییەکی گەورە بشکێنێ ناتوانم غەرامەی بکەم، لەبەر ئەوەی ناوی لێرە نەهاتووە، دەڵێ هەر کەس، ئەوە هاووڵاتی ئاسایی ئەگرێتەوە، ئەبێ بڵێین هەر کەس یان خاوەن کۆمپانیا، دوو، بڕگەی دوو (د) زۆر جێگە هەیە بۆ نموونە دهۆك شوێنیکی چیاییە، دەڤەر ئاو بە یەکسانی ناگەینێ، بۆیە ترۆمپا بەکاردێ، ئەگەر نەبێ ئاو نابێ، ئەبێ ڕەچاوی ئەوە بکرێ، پشتگیری دکتۆر زاناش دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەعریفی سەرپێچیکار و زیدەڕۆکار هەبوو لە راستی، بەڵام کە تەعریفی سەرپێچی و زیدەڕۆکار کرابوو فاعیلی سەرپێچی سەرپێچیکارە و زیدەرۆش زیدەرۆکارە، بۆیە لیژنەی یاسایی لایان برد، کەسیش موتلەقە لە قانوون مەعنەوی و ئاسایش ئەگرێتەوە، سەرۆکی لیژنەی یاسایش وتی ئەتوانن تەعریفی بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك ریبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەم کرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو حەسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچوونی من جیاوازە، یەك، لە رووی داڕشتنی بڕگەی یەك (سەربار) وشەیەکی جوان نابێ لە نووسینی یاسا، بکرێتە سەرەڕای، بەم شێوەیە، سەرەڕای سزاکانی هاتوو لەو یاسایە بڕی تێچووی چاکردنەوەی تۆڕەکانی ئاو و پڕکردنەوەی تا دوایی، ئەوەی تر خۆی دیاری کراوە، بڕگەی دوو، خاڵی یەك باسی کەسی سەرپێچیکار ئەکات، ئەو کەسانەی سەرپێچی ئەکەن و خاڵی دووش زیدەڕۆکار، بەڕای من ئالوگۆڕی خاڵی یەك و دوو بکرێ، ئەگەر سەیر بکەین کەسی سەرپێچیکار ئەو کەسانەن کە سرووشتی یان مەعنەوی بێ گەڕانەوە بۆ یاسا کارێك یان

کردەوەیەك ئەکات، بۆیە ئەو کەسانە لە رووی یاساییەوە پێویستە سزای قورستریان بەسەر بسەپێ لە کەسی زیدەڕۆکار، کەسی زیدەڕۆکار ئەو کەسە بێ لە رێگەی مۆڵەتی یاساییەوە بە هاورێیەتی بێ یان هەر شتێکی تر خەلەلیکی یاسایی هەبی، پێم باشە ئەو سزایەی بۆ کەسی زیدەڕۆکار و سەرپێچیکار دانراوە شوێنی بگۆڕی و سزای سەرپێچی زیاتر بێ لە زیدەڕۆکار.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان.

**بەرێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناچارم بگەڕێمەوە سەر تێبینیەکانی پێشووم، ئەکرێ بە رێنمایی حەل بکرێن بە نموونەیەك، لە هەرێم کۆکردنەوەی پارەی کارەبا ئێستا پێوەری زیرەك هەیە، پارەیەکی زۆر کۆئەکاتەوە، بە هیچ یاسایەکیش دیاری نەکراوە، تەنیا بە رێنمایی وەزارەت خۆیەتی، دووبارەی ئەکەیەوە بۆ پاراستنی عمومیاتی یاساکە و نەچینە ناو تەفاسیل ئەو ماددانە هەمووی زیادە، بەڵام دووبارە پێم وایە نییەتی موشەریع رەنگە گۆڕانکاری بەسەر بی، لە ئەگەر مانەوەشی پشتگیری دکتۆر کازم ئەکەم لای کەم تەعریف بکرێ، بۆ ئەوەی جەنابی سەرۆکی لیژنەی یاسایی باسی کرد.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان گلەییمان هەیە کاتێ حکومەت باجێك و رەسمیك ئەکا بی قانوون، ئەڵێن ئەمە تەداخولە لە ئیشی موشەریع و ئەوان هاتوون لە جیاتی ئەوەی قانوونی پێ دەربکەین بە رێنمایی فەرزی باج ئەکەن دەستکاری ئەکەن و غەرامە ئەکەن، لەو ڕووە ئیحتیفاز بە حەقی خۆمان بکەین لەوەی کە دانانی دەسەڵات بە بەرێوەبەرێکی گشتی و وەزیریك، بۆ ئەوەی فەرزی غەرامە بکات، ئێمە وەکو دەسەڵاتی یاسا دانان لە هەرێمی کوردستان بکەین لەوەی سوڵتەی تەنفیزی بیکات، کردمان بە رێنمایی ئیتر ئەبیتە دەسەڵاتێکی سوڵتەی تەنفیزی، رەنگە لەو رووە بۆ ئیحتیفاز کردن بی بە حەقی خۆمان وەکو دەسەڵاتێکی تەشریعی، بەتایبەتی کە موعالەجاتی قانوونی بۆ ئەم بابەتە جگە لە قانوونی عقوبات و هەندێ پەیڕەو و ئەوانەی پێشتر هەبووە لە ئێستا وجودی نییە، فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەرێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشیم بۆ هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، ئەگەر دەرفەت بدرێ مولاحەزەم هەیە لەسەر ماددەی (٥) لە دێری کۆتایی باس لەلایەنی پەیوەندیدار کرایە، لە ماددەی (١) لە بڕگەی یانزە پێناسەی لایەنی پەیوەندیدار کرایە" کە ئەڵێ بەرێوەبەرایەتییە خزمەتگوزارییەکانی هەماهەنگ لەگەڵ بەرێوەبەرایەتییەکانی فەرمانگەی ئاو و ئاوەڕۆ، لە دێری کۆتایی بەرێوەبەرایەتی یان فەرمانگەی ئاو بە هەماهەنگی لابرێ" تەنیا لایەنی پەیوەندیدار بمێنی، چونکە پێشتر لایەنی پەیوەندیدار پێناسە کرایە، هەمان شت ماددەی (٨) بڕگەی یەکەم و ماددەی (١٤) بڕگەی دووەم خاڵی یەك، ماددەی (١٦) بڕگەی (١)، ماددەی (٢١) بڕگەی (١ و ٤) دووبارە بۆتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمـوو سـەرۆکی لیـژنەی یاسـایی لایەنـی پەیوەندیـدار کـێ ئەگـرێتەوە؟ یـانی بەڕێـوەبەری فەرمانگە بۆ پێویستی بەوەیە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بۆ جێ بەجێ کردنی غەرامەکە؟

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

... دکتــۆرە لە مــاددەی یەکەم بــڕگەی (١١) باســی عەینــی بەڕێــوەبەرایەتی ئــاو و ئــاوەڕۆ و فەرمانگەکـان ئەکـات، لێـرە هەم دووبـارە بـۆتەوە، مەبەسـت ئەوەیە لایەنـی پەیوەندیـدار خـۆی بەڕێوەبەرایەتییەکان و ئاو ئاوەڕۆ و فەرمانگەکان ئەگرێتەوە بۆ دیسان باس کراوەتەوە؟

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئامـانج ئەوەیە هەر بەڕێـوەبەرایەتییەك لە بەڕێوەبەرایەتییەکـانی ئەو نـاوچە، بەڕێـوەبەرایەتی شارەوانی، کارەبا، گەشتوگۆزار، هەر بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیـدار بـێ ئامـانج لەوەیە کە لەگەڵ بەریوەبەرایەتییەکانی ئاو و ئاوەڕۆیە کە لایەتی پەیوەندیدار ئەگرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو سزایانە و تەحدید کردنـی نیسـبەی زەرەر" پێویسـتیان بە شـارەوانییە" چونکە ڕەنگە زەرەر بە جادە کەوتبـێ، پێویسـتیان بە پۆلیسـە، بـۆ تەجـاوزات، لەبەر ئەوە لایەنـی پەیوەندیـدار ئەو لایەن کە لە دەرەوەی فەرمانگەکـانی ئـاو و ئـاوەڕۆ پێویسـتن بـۆ جـێ بەجـێ کردنی سزا، فەرمووکاك حاجی سەفین.

**بەڕێز سەفین اغا عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووکاك شیخ زاهیر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی یەکەم سـەرباری سـزاکانی هـاتوو لەو یاسـایە تێچـووی چـاکردنەوەی تۆڕەکـانی ئـاو و پڕکـردنەوەی سـەر تـۆڕی ئـاو و گەڕانـدنەوەی بـۆ بـاری ئاسـایی تـا کۆتـایی، پـێم باشـە بکـرێتە تایبەتمەندییە ئەندازەییەکان، بڕگەی دوو، پیم باشە بری سەرپیچی وەرگیراو دیار بـی نەك ٢٠٠ تـا ملیۆنیك، بکریتە (٣٠٠) هەزار بۆ کاتی جێ بەجێ کردنی یاساکە یاری پێ نەکرێ، کەسێك دەسـت ڕۆیشـتووە ئەتـوانێ کەمـی بکـاتەوە، یەکـی تـر دەسـەڵاتی نیـیە زۆری لـێ وەرئەگیـرێ، بـڕگەی یەکەمیش تایبەتە بە ئاوی ماڵان لە (٢٠٠) هەزار زیاتر نەبێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووکاك عوسمان سیدەری.

**بەڕێز عثمان كريم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڵـێ هەر كەس زێـدەڕۆییەك بكـا پێـی چـاك ئەكـرێتەوە، بە بۆچـوونی مـن ئەو سـزایانە زۆرە، وابكرێ ٧٥٪ لابدرێ، ئەزانن لەسەر زێدەڕۆكار لەسەر ماڵ و موڵكی دەوڵەت وەك پێویست خەڵك بـۆی نەچـووە، پـێم وایە ٢٥٪ بمێنیـتەوە، ئەوەی بـاس ئەكـرێ كۆمپانیـا ٢٪ بـۆ ٣٪ كۆمپانیـایە، ئەوەی تر خەڵكە، خەڵكی دەوڵەمەندیش كەمتر ئەو شتانە ئەگرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی یەكەم پێم باشە دوای تۆڕەكانی سەرباری سزاكانی هاتوو، لەو یاسـایە تـا ئـاو و تۆڕەكـانی سـەر ئـاو لابـرێ، چـونكە پێشـتر پێناسـەی كـراوە، تۆڕەكـان و تەواو، وشـەی خەسـلەت بكـرێ بە ڕەوش، پرسیارم لە پسپۆرە ئەندازیارییەكان كرد، وتیان خۆمـان ڕەوش بەكـاردێنین، بـڕگەی دوو، جـگە لەو، بكـرێ بە (الا) بە عەرەبـی سـەرباری ئەو تێچـووانەی لە بـڕگەی یەكەمـی ئەو مـاددەیە هاتووە، بۆ ئەوەی تێبینیش زۆر لەسەر هەر كەسـەكە، پێناسـەی بـكەن، پـێم باشـە وای لـێ بكـرێ، هەر كەس دەزگـایەك كۆمپانیـایەك لایەنێـك، ئیتـر ڕوون ئەبـێ، لەسـەر بڕەكـانیش پـێم باشـە ئەو بڕانە زیادەیە، یەكسەر لە لەكەوە دەست پێ بكات كێشە نیـیە، لە (٢٥٠) هەزار دینـار كەمتـر نەبـێ، ئەگەر هەر دانراش گوژمە دابنرێ، بڕ كەمییە، گوژمە باشترە، بڕەكە لابـرێ، لە بـڕگەی دووشـە هەر كەس و لایەنێك و دەزگا و كۆمپانیاییەك زیاد بكرێ، ماددەكانی دواتریش هەر ئەوەیە، مـوداخەلە ناكەم لای خۆتان تەسجیل بكەن باشترە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥) ی ٢٠٠٧ ئەڵێ ئەگەر كەنـاڵێكی ڕاگەیانـدن شـتیكی بلاوكـردەوە یەك ملیۆن بۆ (٥) ملیۆن، بڕگەیەكی تر، میدیاكە (٥) ملیۆن بۆ (٢٠) ملیۆن، نوقتە، سەری دێر، ئیتـر نـاڵێ ئەگەر هەواڵێكـت بـڵاو كـردەوە ئەوەنە غەرامەیە، ئەگەر ئەوە بـۆ ئەوەیە، ئەو تەفاسـیلەی نـاوی، مـاددەی ٥، بیزەبیـت مواسـەفاتە، بەڵام خەسـڵەتە ئەنـدازەییە بەركارەكـان مواسـەفاتی هەندەسەیی نییە، ئەبێ بڵێ مواسەفاتەكانی ئەندازەیی لە قەوسا مواسـەفەی هەندەسـەیی هـی بەركارەكان، بۆ بڕگەی دوو، لە كۆی ئەو پیتانەی هاتوون لە ناویان لە خـاڵی دوو و یەك، پێویسـتی بەو تەفاصیلە نەدەكـرد، بڵـێ لە دوو ملیـۆن بـۆ ئەوەنە دیسـان لە ڕێنمـاییەك یـان پەیـڕەوی بـۆ دەربكرێ بۆ ماددەكـانی (٥-٦-٧-٨-٩-١٠) بەپێـی پەیـڕەو لە ئەنجـوومەنی وەزیـران یـان دەسـەڵات بدرێتە وەزارەت ئەو غەرامە دیاری بكرێ، ئەگەرنـا بمێنیـتەوە، ئەو تەفاصیلەی نـاوی، بـۆ نمـوونە مـاددەی (٢) بڵـێ، جـاری پرسـیارم لە لیـژنەی بەرێـز سـەرپێچی و زیـادەڕەوی، زیـادە ڕەوی هەیە

ســـەرپیچی نەبـــی؟ هەمـــوو زیـــادەڕەوییەك ســـەرپێچییە، بـــۆ خـــالی دوو، هەر کەس ئەو سەرپێچیانەی لە یاساکە هـاتووە بە پێبژاردنێـك لە نێـوان ئەو ئینجـانە کە دیسـانەوە هـاتووە، بـۆ نموونە (٢٥٠) بۆ (٤٠٠) هەزار ئەگەر لە ئینج و نیویـك بـۆ (٣) بـوو، (٥٠٠) هەزار بـۆ ئەوەنە ئەگەر (٦) ئینج و ئەوەنە بـوو، لەوەنە بـۆ ئەوەنە ئەگەر ئەوەنە بـوو، ئەتـوانی بە (٥) دیـر کـورتی بکەیـتەوە، ئەگەر ویستتان بە نووسراو ئەیخەمە بەردەستان، هەروا ئایا زێدەڕەوی هەیە سـەرپێچی نەبـی؟ ئەگەر هەیە جیای بکەینەوە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم مـاددەیە زۆر هەڵئەگری، شـاری سـلیمانی بـاس ئەکەم وابـزانم هەولێـریش هـاوینی رابـردوو روویدا کە ژمارەیەکی زۆر ماڵ بی ئاو بوون بە هۆی کارکردنی کۆمپانیایەك لەسەر تۆرەکانی ئـاو، لە سلیمانی هێلی دووەمـی دووکـان هەیە تـا تاسـلوجە بە ئاسـن هـاتووە زۆر بەهێـزە، حافـارەش ناتوانی بیشکینێ، بەڵام لە تاسـلوجە بـۆ چەمچەمـاڵ وەکـو کـاك لوقمـان باسـی کـرد تـا سـەرچنار بۆڕییەکی پلاستیکی ناسکە، بە ئیش کردنـی مـاڵی دەوڵەمەنـدیش ئەشـکێ، بە مـاڵی فەقیـریش، بـۆیە مـن لە روانـگەی ئەو گفتوگۆیـانەی کـران پـێم باشـە ئەو سـەرپێچی و زێـدەڕەوییانە جیـا بکـرێتەوە بـۆ هـاووڵاتی و کۆمپانیـا کە لە کێشـەی پێناسـە و زوڵـم کـردن رزگارمـان ئەکـات، جـێ نایەڵین بۆ لیژنەکان بە دڵی خۆیان دیاری بکەن، ئەگەر سـەرپێچیکار هـاووڵاتی بـوو ئەم سـزایانە، کۆمپانیـــا بـــوو ئەوەنە، لە ســـلیمانی هـــاوینی رابـــردوو دوو جـــار بـــۆڕی ئـــاو شـــکا، کۆمپانیـــا شـکاندوویەتی، هەرجـارێ لای کەم سـەد هەزار خێـزان دوو رۆژ و سـێ رۆژ بـێ ئـاو بـوون، ئەگەر هەر خێزانی بە (٢٥) هەزار ئاوی کریبی و کە خۆشم کریومە و سەدان خەڵکیش کرووییەتـی ئەوا بە یەکجـاری شـکاندنی ئـاوی سـەرچنار (٢) ملیـار و (٥٠٠) ملیـۆن دینـار زیـانی بە هـاووڵاتی گەیانـدووە، ئەکـرێ کۆمپانیـایەك خەریکـی بەرژەوەنـدی خـۆیەتی دوو ملیـار زەرەر بـدات لە هـاووڵاتی تـۆش بە (٦) ملیـۆن غەرامەی بـکەی؟ بـۆ هـاووڵاتی سـزاکان زۆرن، بکـرێ بە نیـوە، بـۆ کۆمپانیا زیاتر بکرێ، لە سلیمانی و هەولێریش ئەو کێشە هەیە، پێم باشـە هەردوو جـۆری سـزاکە جیـا بکـریتەوە بـۆ هـاووڵاتی و کۆمپانیـا، هـی هـاووڵاتی بـۆ نیـوە کەم بکـریتەوە، ئەو مـاوەیەش بمێنێـتەوە، چـونکە لیـژنەکە تەخمینـی ئەکـات ئەو شـکانە عەمـدەنە یـان بە هەڵەیە، چـونکە جـار هەیە هاووڵاتی و کۆمپانیاش بە هەڵە ئەشکێنن، بە ئەنقەستیش هەیە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هاووڵاتی ناتوانێ بۆڕی نێوان تاسلوجە و سلیمانی بشکێنێ، فەرموو لیژنەی تایبەتمەند.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیاری کاك سەروان لەسـەر یاسـایەکی مـوعەیەنی ئامـاژە دەدەم، مەبەسـتم ئەوە نەبوو هەر دوو یاسامان هێنا کو عەینـی یاسـا بـوو، وەکـو نمـوونە ل نـاو ئەو قـانوونە ل یاسـایی عیراقی هەبووە کـو دەسـتەلاتا جـێ بەجـێ کرنـی فەرزا غەرامەی هەبـێ، بەس نمـوونە بـوو، زۆر

باس لەسەر سەرپێچی و زیادەڕەوی کرا، موقەدیمەی ماددەی یەك دیارە ئەڵێ بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەو یاسایە ئەو دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانیان بەرامبەریانن، زیادەڕەوی جیایە و سەرپێچیش جیایە، باس ئەکرێ هاووڵاتی و شەریکە، کۆمپانیاش هاووڵاتییە بەڕێوەی ئەبات، تەنیا مەسەلەی ئەگەر سکاڵا بی شەخسیەتی مەعنەوی هەیە، گرنگ نییە هاووڵاتی و کۆمپانیا جیا بکریتەوە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رێبوار.

**بەرێز رێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستم نییە وەڵامی کەس بدەمەوە تەنیا روون کردنەوە، بەپێی مواسەفاتی هەندەسی بۆڕی ئاو نابێ ئاسن بێ، ژەنگ ئەگری، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەڵێن.

**بەرێز بەڵێن اسماعيل حاجی ابراهيم:**

هەست ئەکەم غامیزیەك هەیە لە نێوانی ئێمە و ئەندامانی لیژنە، ئەگەر هاووڵاتی بۆڕییەکی لە ماڵی خۆی شکاند و چاکی کردەوە سەرپێچی نەکردووە، یانی بە ئەنقەست بوو جێی هێشت، پێویستە سزا بدرێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرنجتان بۆ ماددەی (٢٢) رائەکێشم بۆ ئەوەی ئەوە نەمێنێ، سزاکانی هاتوو لەو یاسایە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە زیادەڕەوی یان سەرپێچیان ئەنجام داوە و لە ماوەی (١٨٠) رۆژ لە رێکەوتی دەرچوونی ئەو یاسایە ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی یان فەرمانگەکان ئەکەن لە شوێن و جۆری زیادەڕەوی و یان سەرپێچی و بە شێوەیەکی فەرمی بەڵێنامە پێشکەش ئەکەن کە لە ماوەی (٣٠) رۆژ دا و لە ژێر چاودێری لایەنی پەیوەندیدار سەرپێچیەکە لائەدەن و لایەنی پەیوەندیداریش سەرپێچیەکە و زیادەڕەویەکە بەفەرمی پشتراست ئەکەنەوە، بەپێچەوانەوە حوکمەکانی ئەو یاسایە ئەیانگرێتەوە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەم.

**بەرێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەوێ روون کردنەوە بدەن لەسەر بڕگەی (١٣) ماددەی یەك کاتی پێناسەی زیادەڕەوی ئەکرێ، زیادەڕەوی موبالەغەیە نەك تەجاوز، ئەوەی باسی زێدەڕەوی ئەکات حەز ئەکەم بەرێز سەرۆکی لیژنەی کاروباری یاسایی یەك ووشەی ئەو پیناسەیەمان پێ بڵێ سەرپێچی نەبێ، قسە لەسەر زێدەڕەوی ئەکەین، ئەڵێ بەستنی بۆڕی بە تۆڕەکان و هێڵەکانی گواستنەوەی ئاو ئاوەڕۆ بێ مۆڵەت، تا ئەخیر، ئەمانە پێناسەی زێدەڕەوی.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تەجاوز و موخالەفە فەرقیان هەیە بۆمان روون بكەنەوە.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له كاتی خۆی لەگەڵ ئەوە بووین كه سەرپێچی هاتووە سەرپێچیكاریش پێناس بكەین، هەبوو و نەمانهێشت، زیادەڕەوی هەبوو و زێدەڕۆكاریش هەبوو، كەس هەبوو تەعریف كرا، ئەوەی بەو ئیشە هەڵئەستێ خۆی زێدەڕۆكارە، زۆر جیان، تەبیعیە بكرێتە یەك و سەرپێچی، ئەگەریش بڵێی هەردووكی رەبتی بە یەكە نەخێر زۆر فەرقن، سەرپێچی زیان گەیاندنە، شكاندنە، لە ناوبردنە، زێدەڕەوی بەستنی بۆڕی بە تۆڕەكان، بەستنی ترۆمپا، زۆر شتی تر، زۆر جیان، ئەگەریش پێتان باشە بكرێتە یەك بڕگە كێشە نییە، بەڵام جیان.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێزان سەرپێچی موخالەفەیە، زێدەڕەوی تەجاوزە، تەجاوز یەكی بۆی هەیە بۆڕی هەیە بۆڕی نیو ئینج ببەستێ، بەڵام یەك ئینج ئەبەستێ، ئەمە زێدەڕەوییە، یەكێكی تر بۆڕییەكی یەك ئینجی ئەبەستێ بۆڕییەكەش ئەشكێ، تەجاوز نییە بە تەنیا موخالەفەش ئەكا، ماددەی (٦) فەرموو.

**بەرێز خەدیجە عمر طە:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی ٦:

١ هەر كەس سەرەڕای ئەنجامدانی سەرپێچی یان زیادەڕەویەك لەو یاسایە هاتووە كەرەستەیەكی پڕۆژە و تۆڕەكانی ئاو ببات سەرەڕای هەر یاسایەك لە یاسا بەركارەكان هاتووە بە پێبژاردنێك سزا ئەدرێ كە لە (٣٠٠) هەزار دینار كەمتر نەبێ و لە (٧٥٠) هەزار دینار زیاتر نەبێ بۆ هەر دانەیەك.

٢-حوكمی بڕگەی یەكەمی ئەو ماددەیە بەسەر هەر كەسێك دا جێ بەجێ ئەكرێ كە كرین و فرۆشتنی بەو ماددانە كردبێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كی قسەی هەیە؟ ناوەكان ئەخوێنمەوە (دكتۆر اسماعیل، كاك سیروان، موژدە خان، كاك مسلیم، روپاك خان، كاك شاخەوان، كاك رزگار، كاك یاساین، گولستان خان، كاك مەلا احسان، كاك حیكمت، كاك مەلا جیهاد، كاك رێبوار، لەنجە خان، لیژا خان، كاك شێ زاهیر)، فەرموو كاك سیروان.

**بەرێز سیروان فرج محمد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٦) هەركەسێ سەرەڕای ئەنجامدانی سەرپێچیەك تا كۆتایی، كەرەستەیەكی پڕۆژە و تۆڕەكانی ئاو ببات، ئاو بباتە مەخسەد لە دزین یان دەست بەسەردا گرتنە، بەڵام لە شوێنێك نووسراوە هەر یاسایەكی تر سزای لەسەر ئەدرێ، لێرە هاتووە بە پێبژاردنی برێك (٣٠٠) هەزار تا (٧٥٠) هەزار، ئەی ئەگەر هاتوو ئەو شتەی دەستی بەسەر داگرت یان دزیوییەتی باوی دوو ملیۆن بوو، پێشنیارم هەیە، دووەم، حوكمی بڕگەی یەكەمی ئەو ماددەیە لەسەر یەكێ جێ بەجێ

ئەکرێ کە کرین و فرۆشتنی هەبێ، لە هەموو دونیا یاسا وایە ئەگەر شتێ ببەم لە ئیحتیاجی و بەکاری بێنم بۆ خۆم سزایەکی لەسەرە، ئەگەر کڕین و فرۆشتنی لەسەر بکەن سزای توندتری لەسەرە، پێشنیار ئەکەم لەسەر بڕی ئەو مادده دەست بەسەر گیراو یان دزراوە سزاکە تەعین بکرێ، چونکە لەو سەریشەوە بە ماددەیەکی یاسایی سزا ئەدرێ ئیحتیماله بگیرێ، بۆ بڕگەی دووەمیش ئەوەی بۆ زیاد بکرێ دووەمیش مادام کڕین و فرۆشتنی پێوە ئەکرێ دوو، سێ مادده ئەیگرێتەوە، ئەبێ سزاکەی زۆر زیاتر بێ، نابێ موڵکی دەولەت یان موڵکی کۆمپانیاییەك دەست بەسەردا بگرێ و بکرێ و بیفرۆشی وەکو ئەوە بێ بۆ ئیحتیاجی خۆت بەکاری بێنی، ئەگەر حەزیشتان کرد پێشنیارەکەم ئەنووسمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیزافەیەکم هەیە، لێرە ئاماژە تەنیا بەوە دراوە سەرپێچی یان زیادەڕەوی ئەکەن، بەڵام بمانەوێ یا نا هۆشیاری یاسایی لای خەڵك کەمە، هەمیشە ئیستیغلالی کەرستە و پێداویستی نزیك ماڵەکەی ئەکات، لە ساڵانی رابردوو ئەو لافاوانەی لە سلێمانی روویدا بۆخۆم ئەزموونێکم هەیە بەشێ لەوانە دەرەنجامی ئەوەی سەری مەنهۆڵەکان گیرابوو، جۆرێك خاشاك و زبل و بەتایبەت ئەو شوێنانەی وڵاغداری تێدا ئەکرد ئەو هینەیان ئەکردە سەر مەنهۆڵەکان کە گیرابوو، حەقە بەرپرسیاریەتی یاساییان بکەوێتە ئەستۆ لە کەوتنەوەی هەر روداو و زیان گەیاندنێك بە بەرژەوەندی گشتی خەڵك، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو روپاك خان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی دووەمی ماددەی (٦) باس لە کڕین و فرۆشتنی ئەو کەرستە بردراوە ئەکات، ئەوەی کە ئەیفرۆشێ دیارە ئەوەیە کە بردوویەتی، ئەوەی ئەیکرێ لەوانەیە عیلمی نەبێ کە بردوویەتی، ئەبێ ئەو کەرستانەی لە پرۆژە و تۆڕەکان بەکاردێن نابێ لە بازار کڕین و فرۆشتنی پێوە بکرێ، لە بازار ئەکردرێ کەرستەی پرۆژە و تۆڕەکانی ئاو لەلایەن بەرێوەبەرایەتییەکانەوە، یان ئەبێ بە عام قەدەغە بکرێ، یان نابێ ئەو ماددەی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەلا احسان.

**بەڕێز احسان محمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك سیروان ئەکەم، لە بڕگەی دووەم دەلێ هەرکەسێك جێ بەجێ دەبێ ئەگەر کرین و فرۆتنێ پێ بکەت، ئەز بێژم خالەك زێدە کرن ئەگەر ئەڤ کەسێ کرین و فرۆتنێ

دكەت فەرمانبەرەك بيت يان ئەندازيار يان رێڤەبەرەك بى لە دائيرەك عقوباوى مەزن تر بى دابيتە رەدعەك ئەڤ گەندەليە نێتە كرن.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو ليزا خان.

**بەرێز ليزا فلك الدين صابر كاكەيى:**

**بەرێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لەسەر ماددەى (٦) برگەى يەكەم ئەو مەبلەغە بۆ سزاكە پێم وايە واقيعى نييە، كاك سيروانيش باسى كرد كەرەستە هەيە سەر بەو پرۆژەيە رەنگە نرخەكەى (٥٠) هەزار دينار بێ، رەنگە دوو مليۆن بێ، بۆيا ديارى كردنى نرخ واقيعى نييە و پێويستە ئەو ليژنەى تايبەتە بەو كارە با خۆيان خەملاندن بكەن بە پێى ئەو زەمەنە، رەنگە نرخى كەرەستەش گۆرانكارى بەسەر بێ، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

بەرێزان ليژنەى تايبەت مەند ئەو دوو نرخە دانراوە پێشنيارى وەزارەتە يان خۆتان؟

**بەرێز لقمان حمد حاجى:**

**بەرێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ديارى كردنى ئەو نرخە لەسەر پێشنيارى وەزارەتى شارەوانى بووە بە ديارى كراويش ئاو و ئاوەرۆى هەرێم، ئەكيد ئەكەمەوە لەگەڵ بەرێوەبەرى گشتى ئاو و ئاوەرۆى هەرێم و بەرێوەبەرەكانى ئاو و ئاوەرۆ لە پارێزگاكان و ئيدارە سەربەخۆكان گفتوگۆمان كرد و مۆڵەتى (١٥) رۆژمان پێدان كە رەئيمان بۆ بگێرنەوە، لەسەر پێنشيارى ئەوان ئەو نرخە بە گونجاو دانرا.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو لەنجە خان.

**بەرێز لەنجە ابراهيم عبدالرحمن:**

**بەرێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لە خاڵى يەكەم كاك لوقمان روون كردنەوەى دا، بەڵام پشتگيرى لە قسەكانى ليزا خان و كاك سيروان و كاك احسان ئەكەم كە سزاكە بەپێى نرخى بەهاى كەرەستەكە بێ، لە دووەم تا كۆتايى زۆر دروستە، بەڵام ئەگەر بە مەبەستى كرين و فرۆشتن نەبوو؟ بۆ سوود وەرگرتنى تايبەت يان تێكدان بوو، پێشنيار ئەكەم لە كۆتايى يان بە هەر بە مەبەستێكى تر ئەو كەرەستانە ببردرێ، ئەوە زياد بكرێ، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو كاك حيكمت.

**بەرێز حكمت محمد عبوزيد:**

**بەرێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پشتگيرى كاك سيروان و كاك احسان دكەم، ل ماددێ (٦) كو هەر كەس تشتەكى وان كەرستا بيات و (٣٠٠) هەزار تا (٧٥٠) هەزار دێتە جەزا كرن، پێ باشە ئەڤ جەزا بمينێتن عەينى وەخت ئەو شتى بردى بێتە زڤراندن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر تێبینیتـان کردبـێ ئەلـێ لە (٣٠٠) بـۆ (٧٥٠) هەزار بـۆ هەر دانەیەك، دیـارە وەزارەت ئەزانـێ نرخی ئەو شتانەی ئەبڕدرێ سعری لە چەنە، فەرموو سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تەماشای ماددا (٩) بکەی باشتر دارێژراوە، سەرباری گەڕاندنەوەی کەرستەی بـردراو یـان لە ئەسـتۆ گرتنـی کـرینەوەی بە نرخـی ڕۆژ سـەرپێچیکار بە پێبژاردنێـك سـزا ئەدرێ بەم شـێوەی خوارەوە، لەوێ یاسی بردنی موشەبەك ئەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخەوان ڕۆوف مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان قسەی هاوڕێیانم هەیە، باشتر وایە تەخمینی کەرەستە و شتەکان بکـرێ و لەسـەر ئەساسی تەخمینەکە بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێچەوانەی هەمووان ئەو بڕیارە ئەدەم، هەر کەرەستەیەك بدزرێ یان ببردرێ، جەنابـت دکتـۆرات لە قـانوون هەیە، کـاك بـژار کەسـێکی قـانوونییە، هەر شـتێك ببـردرێ ئەدزرێ، سـزا چیـیە (٣٠٠) هەزار، سەرە مەنهۆل بێ یان قفلێك ئەچێتە قـالبی دزی، قفـل هەیە بە (٦) ملیـۆن ئەچـم ئەیـدزم، بە (٣٠٠) هەزار نەجاتم بێ شتی وا هەیە، ئەچێتە قـانوونی عقوبـاتی عێراقـی، مـن قـانوونی نـیم، بەڵام کەسـێ کە ئەیکـرێ لە قـانوون ئەچێـتە مـاددەی حـایز کە شـتی دزی کڕیـوەتەوە، وەك ئەو تاوانبارە، (٣٠٠) هەزار چۆن ئەبـێ، خەڵـك هەیە لەسـەر دوو کـۆتر پێـنج سـاڵ حـوکم درایە، چـۆن لەســەر سـەرە مەنهـۆل و قفـل ئەچێـتە دزی، نـابێ پـارەی تێـدابێ، ئەبێـتە دزی بـێ، ڕوون کردنەوەیەکیش، زۆر دەستم بەرز کرد، لەسەر مەسـەلەی کۆمپانیایەکـان ئەڵێن ئەبـێ سـزا بـدرێ، هەر کەس تەنـدەری پـڕ بکـاتەوە کە مەشـروعێك ئەکـات لە خـوار تەنـدەرەکە نووسـراوە ئەگەر تەلەفۆن و وایەری تەلەفۆن و زێراب و ئاو و کارەبا خراپ بکات ئەبێ چاکی بکاتەوە، سـزای چـی ئەدەی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کـاك یاسـین بـڕگەی یەکەم لەبەر دەسـتت هەیە، ئەگەر ئینجـازە بـێ، یەکەم، هەر کەس سـەرەڕای ئەنجامـدانی سـەرپێچی یـان زێـدەڕەوییەك کەلەم یاسـایە هـاتووە، کەرەسـتەیەکی پـرۆژە و

جۆرەکانی ئاو بیات، سەرەرای هەر سزایەك کە لە یاسا بەرکارەکان هاتووە، هەموو مەوزوعەکە ئەگۆرێت، حەپس و سجنیش هەیە لە چوارچێوەی قانوونی عقوبات.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو موژدە خان.

**بەرێز مژدە محمود محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەدەر لەو بڕگەیە شتێکی بچووکم هەبوو، ئەو کەسانەی یان ئەو ئەندامانەی مەوجود نین چەنجارێك حیسابم کرد (٥٠) بۆ (٥١) کەسین بە لیژنەی بەرێزیشەوە، ئەوانە بە مۆڵەت ئەڕۆن یان ئیستیغلالی ئەوە ئەکەن پلە بالا، ئەوانەی ئەندامن و لێرەن لە جەلسەن ماونەتەوە هەیە منداڵی جێ هێشتووە، یەکی شەو ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، هەمووی ئیتلیزامات هەیە و برسیەتی، بەڵام مەعقول نییە نیوە زیاتری مەوجود نییە، زەرووره....

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەشێکیان مۆلەتیان وەرگرتووە، لەبەر ئەوەی جەلسە ئینعیقاد بووە موناقەشەی قانوونێك ئەکەین ئەوەی بەلایەوە گرنگ بووە ئەمێنێتەوە، جاری واش هەیە بەرێزت ئەڕۆیتە دەرەوە یان رەنگە کاك دکتۆر کاظم، جاری وایە من.

**بەرێز مژدە محمود محمد:**

زۆرجار شتی زەروور دێتە پێشەوە، ئەگەر ئەوانیش بمێنەوە دانیشتنەکە دەوڵەمەندتر ئەبێ، ئەگەر غیاباتی سێیەمیش هەبێ باشترە، ماددی شەش دوو برگەیە، تۆزێ درێژە، برگەی یەکەم، هەر کەس سەرەرای ئەنجامدانی سەرپێچی یاسا زێدە رەویەك لەو یاسایە هاتووە، کەرەستەیەکی پڕۆژەکانی ئاو ببات، ئەوەی برگەی دووەم ریزی ئەخیر، کرین و فرۆشتن بەو کەرەستانەوە بکرێ، ئەگەر ئەوە دەمج بکرێ هەم یاساکە کورت و پوخت ئەبێ، هەم مەفهومیش ئەگات، ئەگەر بکرێ ئەوەش ئیزافە بکرێ ئەوەی ئەیبات بیگەرێنێتەوە، مولزەم بکرێ ئەوەی بردوومە بیگەرێنمەوە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تیایەتی وابزانم لە ماددەی نۆیە، فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەرێز اسماعیل علی رشید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڤێ قاعیدەیێ حەز دکەم لیژانا یاسایی باش ئاگادار بیتن، دوو جار دێت سزا، سەرەرای هەر سزایەك لە یاسا بەرکارەکان هاتووە، ئەز دزانم ناقانوونییە، ئیشکالەك هەیە برایان ئیشارەت کری گوتی کەرەستە لە کەرەستە فەرقە، دوو ملیۆنە، هەیە هەزار دینارە، بۆ حەلە ڤێ ئیشکالە ئەز بێژم ئیزافە ببیتن، هەر سزایەك کە لە یاسا بەرکارەکان هاتووە سەرەرای گەراندنەوەی کەرەستە یان بەهای کەرەستە، لێژە نیە، پاشی ئەو عقوبەی تر، مولاحەزەی دی، دووەم، حوکمی برگەی یەکەم ئەم ماددەیە بەسەر هەر کەسێکدا جێ بەجێ ئەکرێ کە کرین و فرۆشتن، ئەوەی ئەکرێ نازانێ، یەکێ بۆمن هێنا، فرۆشتنی بەو کەرەستە بردراوانە نەکردبێ، بکات، کردبێ ئەسەر

ڕەجعیشی ئەکات، مەعنا ئەوەی پێش چەند مانگ بردبی موستەحەقی عقوبەیە، کردبێت ببێتە بکەر، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەلا جیهاد.

**بەڕێز جهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش سەرنجم بدەم ئەز نوکە ئەندامم لێرە دەنیشتیمە، مەسئولم و جەنابیشت لێرەیە ئەبێ کێ غیابە و کێ دەردەچێ، هەیە (٧) سەعات لێرەین، هەیە فەقەراتی هەیە، نوێژ ئەکات، چ کارم بە برادەری خۆم هەیە، پەرلەمانتار نابێ پەرلەمانتار بشکێنێ، ئەڤ قانوونێت و ئەڤ جەزایەت هاتیە (٣٠٠) هەزارە، لەگەلم چونکی دزی شتەکی کرێتە، ئانێت ئیسلامێ برین لێدا، راستە دچیتە قانوونێ عوقباتێ سالا (٦٩)، ئەز دگەلم ئەو شتێ دزی بزڤری نیتن، بەس نوقتا دوێ، حوکمی برگەی یەکەمی ماددەی بەسەر هەر کەس جێ بەجێ ئەکرێ کە کرین و فرۆشتن بەو کەرەستە، کرین و فرۆشتن مەخسەدا ئەوێت کری ژی؟ یان مەخسەدا بفرۆشیت، چونکی ئەوێت کری گەلەك جارا نازانی ئەڤە دزیە، یەکێ مانتۆرەکی هیناى بێژنە من وەرە غەرامە بدە، پرسیارا دوماهێ ژی، مە تشتەك گوت مانابیت (٣) کەس پشتگیریا مە دکەت، ئەگەر (٣) کەس پشتگیری نەمەت دێتە خوندن؟ هەگەر نایەتە نووسین ما بۆچی وەختێ خۆ ببەین؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بێگومان ئەینووسنەوە، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی تۆماری ڤیدیۆیی ئەو دانیشتنە ئەباتە مالەوە، بە ئەمانەتەوە باس بکەم جاری وایە (١٠) سەعات (١٢و ١٤) سەعات قسەی لەگەڵ ئەکەم، ئەو پیاوە گوێ لە هەموو ئەو قسانە ئەگرێ کە ئێوە کردووتانە، هەمووی ئەنووسێتەوە، بە هێدفۆن گوێی لێ ئەگرێ جگە لەوەی بە دەست ئێستا لەگەل سەرۆکی لیژنەی شارەوانی و ئەندامانی لیژنەی قانوونی بە دەست هەنێکی ئەنووسنەوە.

**بەڕێز جیهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزانم کاك بژار زۆر خەم خۆرە، بەڵام ئەگەر پشتگیری نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پەیڕەوە، هەندێ جار هەندێ قسە یەك کەس ئەیکات، بەڵام ناخرێتە دەنگدان، چونکە (٣) پشتگیری نییە، زۆرجار هەبووە لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی قانوونی قسەی ئەندامێکی پەرلەمانیان پێ باشە بووە، کردوویانە بە ئیختیاری لیژنەی هاوبەش و یەك پەرلەمانتاریش بووە، بەڵام ئەگەر پشتیوانی نەبێ ناتوانن وەکو بژاردە بیخەنە دەنگدانەوە، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك، ئەو کەسەی دزی ئەکات دووجار غەدری لێ ئەکرێ، جارێ ئەڵێ سەرەرای هەر سزایەك لە یاسا بەرکارەکان هاتووە، لە قانوونی عقوباتی عێراقی کەسێ کەرەستەیەکی ئاو و ئاوەڕۆی دزی (٦) مانگ سزا درا، ئەبێ لەگەلی (٣٠٠ تا ٧٠٠) هەزار بژمێرێ، غەدرێکە لەو کەسە، دوو، ماددەی (٦)

بـۆ کەسـی تەبیعـیە، بـۆ کۆمپانیاکـان نـیـە، حکـومەت ئەگەر تەنـدەرێکی هەبـێ بە کۆمپانیاکـان ئەدات، ئەگەر کۆمپانیا کەرەستەیەك بێنێ دوایی خۆی لە خۆی دزی لە خۆی بکاتەوە، سەبارەت بە بـڕگەی یەك و دوو، جەخـت لەوە ئەکەمەوە ئەو درێـژیە ئەکـرێ کـورتی بکەیـنەوە کە پێشـنیارێکم هەیە ئەویــش بەو شــێوەیە کە بــڕگەی یەك و دوو کــراوەتەوە یەك بــڕگە (هەر کەســێك ســەرەڕای ئەنجامـدانی سـەرپێچی یـان زیـادەڕەویەك کە لەو یاسـایە هـاتووە کەرەسـتەیەکی پـرۆژە و تۆڕەکانی ئاو ببات یان کرین و فرۆشتنی پـێ بکـرێ سـەرەڕای هەر سزایەك لە یاسا بەرکارەکـان هاتووە بە بژاردنێك...) ئەگەر وەرگرن سوپاستان ئەکەم.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بیهێنن، فەرمووو کاك شێخ ظاهر .

**بەرێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم، زۆر لە برادەران باسیان کرد، پرسیار لە لیژنەی تایبەتمەندو و لیـژنەی یاسـایی، ئایـا مەبەسـت چیـیە کەرەسـتەی پـرۆژەی تۆڕەکـانی ئـاو، چـۆن و بە چ شـێوەیەك ئەیبـات، ئەگەر بە ڕێگەی قانوونی بیبات سزای لەسەر نییە، بە دزی بیبا دزییە، وشـەی ببـا بەکـار نەیەت، دزیـش بە قــانوونی عقوبــاتی عێراقــی مــاددە (٤٤٤) بــڕگەی (١١) هەر کەس کەلــوپەلی حکــومەت ببــات عقوبەکەی (٧) ساڵ زیندانییە، لێرەش غەرامەی تـری لەسـەر درایە، عقـوبەی ئەشـەد تەواو نـاکرێ عقوبەی تری بدەی، برگەی دوو، پشتگیری بەرێـز روپـاك خـان ئەکەم، پێشـنیار ئەکەم بەو شـێوەی لی َبکرێ (حوکمی بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە بەسەر هەر کەسێك جێ بەجێ ئەکـرێ کە کـڕین و فرۆشتن بەو کەرەستە بردراوانە بکـات بەو مەرجەی زانیـاری هەبـێ ئەو کەرەسـتە بـردراون واتە دزراون)، ئەگەر کەسێ نەزانی شەرت نییە سەرە مەنهۆل بێ لۆ عقوبە بدرێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر تێبینیتان کردبێ لە ماددەی (٦) لەبەردەمی (٢) شتین، موخالەفەیەك و تاوانێـك، کەسـێ یـا سەرپێچی و زێدەڕەوی ئەکات، چی تریش ئەکات، دزیش ئەکات، بۆ دزیەکە ئەچین بـۆ قـانوونی عقوباتی عێراقی، بۆ موخالەفە و زێـدەرەویەکە غەرامەی ئەکەیـن، کەسـێ دوو شـت ئەکات دوو عقوبە ئەدرێ، ئەگەر بەس کەرەستە ببات لە ماددەی (٩) موعالەجە کراوە، باسـی ئەوە ئەکا زێـدە رەوی ناکـات، دزی ئەکـات، قـانوونی عقوبـاتە، ئەوەی دووەمـی مـاددەی (٦) زێـدەڕەوی ئەکـات ســەرباری ئەوەی کەرەســتەش ئەبــات، لەبەردەمــی تــاوان و موخــالەفەین، هەم غەرامە و هەم عقوبەی قانوونی عقوباتیش ئەدرێ، فەرموو کاك موسلیم.

**بەرێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شەش پشتگیری لیزا خان ئەکەم، جگە لە سزاکان بۆ سەرپێچی لە بردن یـان شکاندنی تۆڕەکانی ئاو ئەگەر ببیات بە دزی حیسابە، بەڵام ئەو نرخەی ئێرە لەگەڵ ئەو نـرخەی لە بەستن و شکاندنی لە ماددەکانی پێشوو وەکو غەرامە دانرابوو زۆر جیاوازیی نییە کە دزی کـردن ئەبێ سزاکەی زۆر زیاتر بێ، پێم باشە هەمان ئەو لیژنە پسپۆریەی باسمان کرد هەڵسێ بە دیـاری کردنـی نرخـی خەملێرنـراو بـۆ کەل و پەلـی دزراو، چـونکە نرخـی کەل و پەلـیش بـۆ یەکـی تـر

جیاوازە، سەرە مەنهۆل لەگەڵ قفل جیاوازن، ئەم لیژنەیە دیاری بکات، ئەی ئەگەر ئەو کەسە ئەو شتەی هینایەوە سزا ئەدرێ؟ سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رزگار.

**بەرێز رزگار محمد محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا لەلایەن کاك سیروان و کاك شاخەوان و لیزا خان، کەرەستەیەك ببردرێ ئەبێ خەملاندنی بۆ بکرێ، پێشنیاری ترم ئەوەیە ئەو دانیشتنە ماددەی (١٠) موناقەشەی لەسەر بکرێ، دواتر دانیشتنەکە هەلگیرێ، لەبەر ئەوەی ئەندامان بەو ماندوویەتییە ناتوانن ئەو پرۆژەیە رەبتی بە خەڵکەوە هەیە بە ماندوویەتی ناکرێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەرێزان لیژنە.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیاری دکتۆر اسماعیل بڕگەی دوو حوکمی ئەو ماددەیە بەسەر هەر کەس جێ بەجێ ئەکرێ کە کڕین و فرۆشتن بەو کەرەستە بردراوانە کردبێ، لە قانوونی بەرکار دوو نیەتمان هەیە کە لە قانوون بەکار هینای، ئەو کەسە بچیتە بەردەم دادگا بەرامبەر ئەو موخالەفە یان عقوبە ئەگەر دەرکەوت حسن نیەیە مەوزوعەکە، ئەگەر نیەتی خراپ بو جیاوازە و توشی سزا دەبی.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی شارەوانی.

**بەرێز لقمان حمد حاجی مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

پێم وایە ماددەی (٩) ئاشکرایە، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٧) فەرموو.

**بەرێز نزار مەلا غفار:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧):

یەکەم: هاوبەش بە پێبژاردنێك سزا ئەدرێ لەو بارانەی خوارەوە:

١ بە بڕی (٥٠) هەزار ئەگەر ئاوی گرەوەی تەوافە لەسەر عەباری ئاوەکە نەبەسترابێ.

٢- بە بڕی (٥٠٠) هەزار دینار ئەگەر دەستکاری پێوەری ئاو و پاشکۆکانی بکات.

٣- بە بڕێك لە (٤٠٠) هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە (٧٥٠) هەزار دینار زیاتر نەبێ بە گوێرەی تیرەی بۆڕییەکە ئەگەر بەبێ مۆڵەتی بەرێوەبەرایەتی و فەرمانگەیەك لە یەك هاوبەشی زیاتر هەبوو.

دوو: نرخی ئەو ئاوەی هاوبەش لە تۆڕەکانی ئاو بەپێی حوکمی برگەی یەکەم ئەو ماددەیە بە فیرۆ دراوە بە پێی ماددە و نرخی کارپێکراو لە هاوبەشی وەر ئەگیرێ لەلایەن بەرێوەبەرایەتی و فەرمانگەکانەوە هەژمار ئەکرێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (کاك مەلا احسان، حەسیبە خان، کاك جیهاد، سەوسەن خان، کاك وەیسی، ئاشنا خان، شنۆ خان، کاك کاروان، مەلا ناصر، کاك دابان، کاك شەمۆل، کاك رزگار، کاك یاسین، شایان خان، کاك گۆران، کاك شاخەوان، دکتۆر کازم، دکتۆر محی الدین، دکتۆر اسماعیل، کاك سیروان، مامۆستا عمر، موژدە خان، مامۆستا ابو بەکر، دکتۆر عوسمان، کاك مەم، کاك مسلم) فەرمووو کاك دابان.

**بەرێز دابان محمد حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاست ئەکەم ئەگەر دەرفەت بدەی زیاتر لەسەر ئەو ماددەیە بوەستین، هەموومان هیلاکین ئەزانم، سەرباری ئەوەی ناساغم گفتۆگۆی ئەو ماددەیە راستەوخۆ پەیوەندی بە خەڵکی کوردستانەوە هەیە، دەستپێك، ئەو پرسەی ئاو زۆر گەورەیە، لای خەڵك و ئێمەش زۆر گرنگە، کاتێ هاووڵاتی ئیستیعدادی تێدایە لەو دۆخە (٦٠) تا (٧٠و١٠٠) هەزاریش بەرەو ژوور بدات بە پێوەری ئاو ببەستێ، کەوایە ئەو پرۆسەی لا گرنگە، بەڵام لە پشتی ئەوە کاتێ شتی تر ئەبێ و پرۆسەکە گەندەڵی تێدا ئەکرێ، حەقی خۆیەتی دیفاعی لێ بکەین و نەبین بە بەشێك لەو زولمەی لە خەڵك ئەکرێ، ئەو پرسە باگراوندی هەیە و کاك لوقمان وەرتێش ئاماژەی بەوە کرد ماددەی (٢١) و پێوەری ئاو لەسەر داوای وەزارەتی شارەوانی خزێندراوەتە ناو ئەوەوە، هەموو ئەو پرۆژە لەلایەك و پرسی پێوەری ئاو بەلایەك، مەسەلەی تەجاوەز و زیادەڕەوی رەنگە حاڵەت بێ و ماوەیەکی زۆر بات، مەسەلەی پێوەری ئاو هەموو سەری مانگێك یان دوو مانگ جارێك (٣) کۆمپانیا دێنە بەردەمی ماڵەکە و لەسەر ئەساسی ئەو پێوەرە پارەت لەسەر ئەژمار ئەکرێ، لە کاتی خۆی مەسەلەی پێوەری ئاو لە وەزارەتی شارەوانی کراوە و (٢) یان (٣) کەس کردوویەتی، پرسیان بە پەرلەمانی کوردستان نەکردووە، ئەو پرسە نەچۆتە سەر و سەرکەوتوو نەبوون، جارێ لە ئەنجومەنی شورا بڕیاریان هێناوەتەوە بۆ سزادانی خەڵك و بۆیان نەچۆتە سەر، خۆیان وەکو بەرێوەبەرایەتییەکانی ئاو و وەزارەتی شارەوانی سزایان داون بۆیان نەچۆتە سەر، ئێستا پەنایان بۆ پەرلەمانی کوردستان هێناوە لە کاتێکدا ئێمە وەکو لیژنەی نەزاهە و لیژنەی شارەوانییەکان وەزارەتمان بانگ کرد نەگەیشتینە هیچ نەتیجەیەك، دوو کۆمپانیا لە هەرێم پێوەری ئاویان هێناوە و فرۆشتوویانە، لەسەر ئەساسی سەفقەیەك لە سەرەتای ٢٠١٤، ئەو دوو کۆمپانیا لە یەکەم گوژمەی هێنانی (١٠٠) هەزار پێوەر، (٥٥) هەزار پێوەری سینیان هێناوە، لە کاتێدا ئەبوو ئەو پێوەرانە ئیتالی بن و ئەلمانی بن، بۆیان چۆتە سەر و لە بەرێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانییەوە ئاسانکاری کراوە، ئیسَتا لە ٨٠% بۆ ٩٠% ی ئەم پێوەرانە لە سلێمانی شکستی هێناوە و خراپ بوون، بەبێ دیراسە کردن ئەو پێوەرانە هاتۆتە هەرێم، ئەو پێوەرە بۆ شوێنی گونجاوە کە تۆرەکانی پڕ ئاو بن، یانی بۆ سیتیەکان گونجاوە، بۆ ئەو گوندانەی کە بەردەوام ئاوی تێدایە گونجاوە، بەڵام شەبەکەی ئاوی ماڵان کە کاك باڵانبۆ وتی ماڵی ئەندام پەرلەمانە لە هەفتەیەك دوو

جار ئاو دێتەوە و لەو دوو جارەش دوو سەعات دێتەوە، پێویست ناکات پێوەری ئاوی هەبێ و هەوا بخوێنێتەوە و پارەی هەواش بدات، ئەم پێوەرە هەوا ئەخوێنێتەوە، کاك هێڤیدار لێرە نییە، پێوەرێکی ئیتالی دەرەجە یەك بە حزوری بەرێزان لە شارەوانی دام بە دەستی کاك هێڤیدار و فوی پێدا کرد هەوای ئەخوێندەوە، هەوا و هەر جولەیەکی تر ئەخوێنەوە، هیچی تێست نەکراوە و لەگەڵ عەقدەکە کە هاتووە، بە وەسلی گومرگی هاتۆتە هەرێم، قەرار بوو ئەو کۆمپانیای پێوەر ئەهێنێ بنکەی خزمەتگوزاری چاك کردنەوەی پێوەری هەبێ، هیچ یەکێ لەو کۆمپانیایانە بنکەی خزمەتگوزاری چاکردنەوەی پێوەر نییە، لە ساڵی ٢٠١٧ ەوە کۆمپانیااکان خراونەتە بلاك لیستەوە و کۆتاییان بە کارەکانیان هێنراوە، کۆمپانیای جنون سەرباری ئەوەی لە ٢٠١٧ ەوە لە لیستی رەشە، تا ئەو دەقەیەش پێوەری ئاو بە خەڵك ئەفرۆشێ و هەلئەکوتێتە سەر ماڵان، ئەو پێوەرانە وا لە عەقدەکە هاتووە پێویستە بەرگەی پلەی گەرمی و ساردی بگرێ، لە مەنتیقەی گەرمیان ئەو پێوەرانە زوو تێك ئەچن، چونکە گەرمە، لە شارباژێر و بناری گۆیژە و ئەو شوێنە ساردانە بەرگەی ناقس پێنج ناگرێ لە زائید پێنج تێك ئەچن، قەرار بوو لە ٥٠٪ فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتییەکانی ئاو و وەزارەتی شارەوانی بخرێتە سەر کۆمپانیاکان، بەڵام هیچیان نەخراوەتە سەر ئەو کۆمپانیایانە، داتا سەنتەر پرۆسەیەکی زۆر خەتەرە، قەرار بووە لە دهۆك و هەولێر و سلێمانی ئەو داتا سەنتەرە هەبێ، چونکە هیچی کەمتر نییە لە بنکەیەکی ئاسایشن کۆد و ناوت لێ وەرئەگرێ، ژمارە تەلەفۆنت لێ وەرئەگرێ و بە جی پی ئێس ئەرواتە سەر ماڵەکە و هەموویان پێچاوەتەوە و تەنیا لە هەولێر نەبێ، کۆمپانیایەی سلێمانی نازانێ ئەوەی هەولێر چین، ئەوە پرۆسەیەکی بازرگانییە تەنیا مەبەست فرۆشتنی پێوەرە بە ماڵان، لە دەربەندیخان پێوەر بە گەرەك فرۆشراوە کە تۆری ئاوی بۆ نەچووە و پارەکەیان لێ وەرگرتووە، بەڵام هیچ گەرەکێك کە ماڵی مەسئول و بەرپرسی تێدایە پێوەری ئاو نەچووە، ئەو پێوەرانە بوون بە گرفت، هەرێمی کوردستانە تۆرەکانی بەردەوام ئاوی تێدا نییە، دوو هەفتە جارێ هاووڵاتی ئاوی بۆ ئەڕوات، ئەو پێوەرانە بوون بە بەربەستن ناهێلی بە موزەخەش ئاوەکە بێت، خالێکی زۆر گرنگ، داهاتی حکومەتی هەرێم مانگانە لە پرۆسەی ئاو لە داهاتی ئاو لە داهاتی پێشتر حدودی (١٦) ملیۆن دۆلار بووە، ئێستا بەو پێوەرە مانگانە یەك ملیۆن دۆلاری بۆ کۆنابێتەوە، داتاکانی وەزارەتی شارەوانی هەمووی هەڵەن، لە پێناو ئەوەی عەقدی کردووە لەگەل سێ کۆمپانیا بۆ خوێندنەوە پێوەری ئاو ئەبێ لە ٨٠٪ خەڵك پێوەری ئاوی بەستبێ، بەڵام بە قسەی کۆمپانیاکان لە ٣٠٪ نەبەستراوە، رۆژانە ئەبینین لە دەڤەری راپەرین و کۆیە و گەرمیان خەڵك پێوەری لێ ئەکاتەوە، چونکە زیاتر لە چوار گوژمە پێوەری خوێندۆتەوە زیاتر لە (٤٠٠) هەزار بۆ خەڵك هاتۆتەوە، لە ساڵی رابردوو کۆمپانیا و هاووڵاتیانمان بینیووە و زانیاریمان کۆکردۆتەوە، کۆمپانیاکانی خوێندنەوەی پێوەر بنکەکانیان داخست ساڵی پار بە فشاری وەزارەت خۆ کردوویەتییەوە، ئەوکاتی وەزارەت (١٠٠ بۆ ٢٠٠) هەزاری غەرامە بۆ هاووڵاتی بڕیووە، نووسراوی کۆمپانیا هەیە ئەڵێ غەدرە لەو قەیرانە تۆ سزای هاووڵاتی بدەی، یەعنی کۆمپانیا لە وەزارەت زیاتر دڵی بە هاووڵاتی ئەسوتێ، وەزارەت سوورە چونکە لەو عەقدە ئەو پرۆسە شکست بێنێ حکومەتی هەرێم و وەزارەتی شارەوانی (٦٠) ملیۆن دۆلار بە هەرسێ کۆمپانیاکە ئەدۆڕێنێ، بۆیا وەزارەت سوورە، ئەو پارەیە لە گیرفانی هاووڵاتی بە فشارە، مانگی (١١) ی ٢٠١٧ ئەو دوو کۆمپانیایە لە بلاك لیستن، کۆمپانیای جنون کە ئیشی فرۆشتنی پێوەری

کردووە، هەمان کۆمپانیا ناوەکەی گۆڕیـوە کە چـۆتە بـلاك لیسـتەوە و کۆمپانیـای گرنگـی دروسـت کردووە و بە سەفقە هاتووە خوێندنەوەی پێوەریشـی بـۆ دەرچـووە کە کۆمپانیـایە لە بـلاك لیسـت بووە، داوا لە هاورێیانم ئەکەم با نەبین بە بەشێك لە زوڵم کردن لە خەڵك، ئەو پرۆسە لە پەرلەمانی کوردستان لە بەینی لیژنەی ئێمە و لیژنەی شارەوانی گەورەتـرین کێشـەیە، نەگەیشـتینە نەتـیجە و پێشم سەیرە هاتۆتە نـاو ئەو پـرۆژەیە، داواکـارم ئەو بـرگەیە و مـاددەی (٢١) و هەر وشـەیەك نـاوی پێـوەری ئـاوی مـاڵانی تێـدابێ لەو پـرۆژەیە لابـرێ، چـونکە پـڕ کێشـەیە و بـا نەبێـتە ئەوەی ئـێمە و خەڵکیش دژی یاسایەك بوەستین لێرە دەری ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، چۆن چەپڵە ئاسایی نییە بۆ فراکسیۆنی پارتی و یەکێتـی، بـۆ بەرێزیشـتان ئاسـایی نیـیە نابێ چەپڵە لێ بدەن.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـێمە لە لیـژنەی شـارەوانی دیراسـەیەکی ورد و بەدواداچـوونی وردمـان بـۆ پێـوەری ئـاوی مـاڵان کردووە، لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و بەدیاری کراوی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی ئـاو و ئـاوەڕۆ هەموو ئەو خەلەل و کەموکوڕیانەی لە بواری پێوەری ئاوی ماڵان هەیە رووبەروومـان کـردوونەوە، هەموو ئەو سکاڵایانەی لەلایەن هاووڵاتیـان هـاتوونە سـەبارەت بە خراپـی کـوالێتی پێـوەر و زیـاد خوێندنەوەی پـارە و هەوا خوێنـدنەوە و بەشـێ لە شـار و شـارۆچکەکان ئـاو تەسـفیە نـاکرێ و بـێ تەسفیە کردنی ئاو پێوەر فەرز کراوە بەسەر هاووڵاتیـان، هەمـوو ئەو کەموکوڕیانەمـان گەیانـدۆتە وەزارەتـی شـارەوانی، وەزیـری شـارەوانی بەڵێنـی پێـداین ئەو پرسـە بە حـوکمی ئەوەی بەر لەو کـابینەیە گرێبەسـتەکە واژوو کـراوە بـاتە ئەنجـومەنی وەزیـران، بـۆ ئەوەی بتـوانین چارەسـەر بدۆزنەوە، بە هیچ شێوەیەك لە لیژنەی شارەوانی نەچووینەتە ژێرباری پشتیوانی لە پێـوەری ئـاوی مـاڵان بکەیـن، لە ئێسـتاش نـاچین، لە لیـژنەی یاسـایی و لیـژنەی شـارەوان بە وردی دیراسـەی ئەو پرسە و خالەکانیش دوای ئەوەش، ئەکید لە ماددەی (٢١) یش سەرنج و تێبینی زۆر لەسـەر پێـوەری ئاوی ماڵان هەیە، چی لە بەرژەوەنـدی هاووڵاتیـان بـێ لە لیـژنەی شـارەوانی و بە هاوکـاری لیـژنەی یاسایی ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە خـاڵی دوو، لە بـڕگەی یەکەم ئامـاژە بە بـرگەی یەکەمـی مـاددەی (٥٤) ی پەیـڕەو دوای ئەو شەرحەی بەرێز کاك دابان کردی و بەدواداچوونی پێشتریشان هەبـووە، دوای قسـەکانی بەرێـز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی هیچ کەس سەبارەت بەو بابەتە دووبارەی نەکاتەوە، تا هەردوو لیـژنەی پێکەوە ئەگەنە سیغەیەکی هاوبەش و پێمـان ئەلێـنەوە، پێویسـت بە دووبـارە ناکـات، تێگەیشـتین موشـکیلەی پێـوەری ئـاو چـین لێـئەگەرین بـۆ لیـژنەی تایبەتمەنـدو لیـژنەی قـانوونی، دووبـارە کردنەوەی ئەوە موخالەفەی پەیڕەوە، هەر کەس قسەی تری هەیە با بیکات، فەرموو شنۆ خان.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی کاك دابان ئەکەم، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك مەلا ناصر.

**بەرێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەكانی كاك دابان دەكەم، بەڵام لە ماددەی (٧) بڕگەی یەكەم بە تایبەتی خاڵی یەك بڕی پەنجا هەزار دینار ئەگەر ئاوگرەوە لەسەر عەمباری ئاوەكەی نەبوو، لەبەر ئەوە هاووڵاتی كە پێوەری داناوە و ئیمانمان بە پێوەرەكە هەیە، پێوەری نەبەستووە بۆچی غەرامە بكرێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە نییە ئەڵێین لابرێ، بینیومانە تەنكی سەربانی پڕ ئەبێ ئەو ئاوە بەسەر ئەو جادەیە ئەڕوا، هاووڵاتیانی هەرێم چاوی ئێمەن بەس ئاویش سامانی نیشتیمانییە، بە تەنیا هی ئەو نەوەیە نییە، هی نەوەكانی داهاتووشە، قەیچی ئەكات.

**بەرێز عبدالناصر احمد علی:**

تەوافە دائەنێ، بەڵام پارەی لەسەر سەرف ئەكرێ ئەگەر ئاوەكەی بڕوا.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك بەهجەت.

**بەرێز بەهجت علی ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی یەكەم خاڵی یەكەم، بەهایەت تەوافا ئاڤێ ل سەر تانكێت بانا جەنابێتا بەحس كری پێنج هەزارە، ئەگەر ئەڤ ێ بژاردنا پەنجا هەزار دینارە، چەند ل سەدێ زێدە كریە، پێشنیار دكەم بكەنە (٢٥) هەزار دینار.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەی ئەگەر دوای (٢٥) هەزارەكەش هەر نەیبەست؟ فەرموو سەرۆكی لیژنەی یاسایی ئەگەر كردمان بە (١٥) هەزار ئەگەر تەوافەی نەبەستبوو، دوای هەر نەیبەستا، بۆمان باس بكە.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەكانی دواتر ئەگەینە سەر.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سەوسەن خان.

**بەرێز سوسن محمد میرخان:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی یەكەم، هاوبەش بە بڕی (٥٠) هەزار سزا ئەدرێ، پێم وایە ئەو بەهەدەردانی ئاوە لە شوێنێ بۆ شوێنێكی تر جیاوازە، لە كۆمپانیایەك دە تانكەری ئاو دانراوە، لە ماڵێك یەك تانكەرە، هیچ تەوافەیەك نەبەستراوە، پێویستە جۆری سزا بەپێی بەهەدەر دانی ئاو بێ، لەو بڕگەیە بە گشتی تەحدید كراوە و سزاكەش (٥٠) هەزارە، دادپەروەری نییە، پێشنیار ئەكەم بكرێ بە پێی بەهەدەر دانی ئاو، من لە لیژنە تایبەتەكان ئەپرسم ئەی ئەو كۆمپانیایانەی كە ئەسڵەن تەوافەی ئاویان

نەبەستووە و شوێنی تانکەری ئاویان لە پەناگەیە، چۆن تەعامولیان لەگەڵ ئەکرێ و سزا ئەدرێن، ئاو سامانێکی وڵاتە، چەند سزای لەسەر بێ کەمە، هەموو ئەزانین بەهۆی نەبەستانی تەوافە ئاوێکی زۆر بەهەدەر ئەڕوا، سزاکەی چەند بێ کەمە، هاووڵاتی پابەند ئەبێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەروان.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری کاك دابان ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەلا وەیسی، فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری کاك دابان ئەکەم، لە ماددەی (٧) تێبینیم هەیە لەسەری، ئیزافەیەکم هەیە و بڕەکانیش ئاماژە پێ ئەدەم، بڕی (٢٥) هەزار ئەگەر تەوافە نەبەسترابوو یان لە کار کەوتبوو، چونکە لە کاریش کەوتبێ وەك ئەوەیە نەیبەستبێ، دووەم بڕی (٢٥٠) هەزار دینار ئەگەر دەستکاری پێوەری ئاو و پاشکۆکانی بکات بێ ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی یان فەرمانگە، بۆی هەیە بە ئیزنی فەرمانگە دەستکاری بکرێ، سێیەم، بە بڕێك لە (٢٥٠) هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە (٥٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێ بە گوێرەی تیرەی بۆڕییەکە، ئەگەر بێ مۆڵەتی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە لە ئاو هاوبەشی زیاتری هەبوو نا، مەرج نییە هاوبەشی زیاتری هەبێ، پێشنیار ئەکەم بەو شێوەیە بێ، بۆڕی بەستبوو لە تۆڕی ئاو یان بۆڕی زیاتری لە ڕێپێدراو بەستبوو، پێشنیاریش ئەکەم بڕگەیەکی تر زیاد بکەن، (٥٠٠) هەزار دینار سزا ئەدرێ ئەگەر بۆڕی لەسەر تۆڕ بەستبوو، بینا و خانوو مۆڵەتی نەبوو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مۆڵەتی نەبوو بە هاوبەش هەژمار ناکرێ و عقوبەش بەس بۆ هاوبەشە، هاوبەشیش موعەرەفە، مۆڵەت بۆ ئەو کەسەیە بیناکەی مۆڵەتی هەیە، فەرموو دکتۆر کاظم.

**بەڕێز د. کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ رای تر هەیە لەسەر بڕگەی دووەم، بەدەر لە پێوەری ئاو ئەو هەموو کێشەی هەیە، لە بەستنی پێوەرەکەش پارە لە هاووڵاتی وەرگیراوە، نزیکی هەشت هەزار وەرگیراوە، بەدواداچوونم کردووە خۆم چووم بۆ بازار کۆمپانیا هەبووە لە بازار وتوویەتی ئەو سەعاتی ئاوەم بە کوالێتی باشتر هێناوە تەنیا بە حەوت دۆلار، چەند دانەیەکم لێ فرۆشتووە و حکومەت هاتۆتە سەرم پێی راگرتووم، وتوومە خۆتان بیفرۆشن بە هاووڵاتی بە حەوت دۆلار، بۆ ئەوەی هاووڵاتی و قازانج بکات، وتوویانە نابێ نە تۆ بە حەوت دۆلار بیفرۆشی و نە ئێمەش بە حەوت دۆلار ئەیفرۆشین، ئەبێ هاووڵاتی بە (٤٢) هەزار بیکڕێ و (٨) هەزار بۆ بەستنە و جگە لەوە دائەنیشی بە دیار سەعاتی ئاو فیکەت بۆ لێدەدا، هەوا یەت و پارەش حیسابە، لە هیچ وڵاتێ

نەبووە لە ٦٠٪ پێکهاتەی جسمی بەشەر ئاوە، لە بەریتانیا نییە ئاو بە پێوەر بێ، ئاو سەرچاوەی ژیانە، هاووڵاتی پێوەر نەبەستێ ئەبێ وشك بیێتەوە، ئەبێ ئەو پێوەرە راگیرێ، کوالێتی زۆر خراپە، پێشنیار ئەکەم ماددەیەك زیاد بکرێ بەو شێوەیە (هیچ هاووڵاتی یان هاوبەش مولزەم نییە بە بەستنی پێوەری ئاو)، چۆن جاران هاووڵاتی بەپێی مەتری مەساحەی ئاو ئاوی پێ ئەدرا بەو شێوازە، هەرچەند ئەوەش نا عەدالەتییە لەبەر ئەوەی ئاو (٢٤) سەعات نییە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەرێز د. اسماعیل علی طه:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم، بڕی (٥٠) هەزار دینار ئەگەر ئاو گروەی لەسەر عەمباری ئاو نەبەستبوو، ئیشکالێك هەیە، بەستوویەتی بەس بە عاتڵی بەستراوە، حەل نییە ئەبێ لیژنە حەل بدات، پشتگیری مامۆستا دابان دەکەم، خالا دوو و سێ نەمینیتن، ئیشکال ل سەر پێوەری دکەتن، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سیروان.

**بەرێز سیروان فرج محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی دووەم هاوبەشی کۆمپانیا جیا نەکراوەتەوە لە هاوبەشی ماڵ، ئەوەش غەسلی سەیارەی هەیە زۆر لەو پارەیە زیاتر سەرف ئەکات ئەگەر سەرپێچی کرد ئەبێ جیا بکرێتەوە، لە هەموو ئەو یاسایە ئەگەر بڕگەیەك زیاد بکرێ، کۆمپانیا هەیە بە قەد هەزار ماڵ سەرف ئەکات، وەکو ئەو دوو هاوڕێیە ئەزانم باستان کرد، ئەو پێوەرە لە وڵاتی ئێمە بیرمە ساڵی چوار جار کەسی ئەهات ئەو پێوەری ئاوەی ئەخوێندەوە و هیچ کەس بۆ نەبوو دەستکاری ئەو قورقوشمە بکات، پارەیەکی زۆر کەم، باوکم (٤٥) دینار هەبوو (١٠٠) فلسمان بە سێ مانگ ئەدا، ئێستا چارەسەر ئەوەیە ئەو پێوەرە دائەنرێ دە ساڵی تر هاووڵاتی لای ئەبات و شتی تر دێتە ئاراوە، پێوەر ئەبێ گەورەیی خانوو و سەرنشینی خانوو، مالی پێنج کەسە بزانرێ چەند ئاو سەرف ئەکات بۆ خۆ شوشتن.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شەمۆل.

**بەرێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی کاك دابان ئەکەم بە لابردنی خاڵی دوو بڕگەی یەکەم لەو ماددەیە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران.

**بەرێز گۆران عمر علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك دابان ئەکەم بۆ خاڵی دوو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك رزگار.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەكانی كاك دابان ئەكەم، ئەو سعرەی لەسەر ئاو هەیە، لە لیژنەی شارەوانی موناقەشەمان كرد، جیاوازی لە ناوچەكانیش بكرێ، سەیری كفری بكەی ماڵێك دوو داری هەبێ ئەبێ لە چلەی هاوین جارێك ئاوی بدات، لە پێنجوین بە سێ رۆژ جارێ ئاوی نادات، ئەوە وا ئەكات ئاو لە سنووره گەرمەكان سەرف بكرێ، یەك سعریشە، بۆ نەوت پێنجوین بە جیا لەگەڵ گەرمیان حیساب ئەكرێ، بۆ ئاویش با وابێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا نەجات.

**بەڕێز نجات شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پەخشان خانی وتی ئاخافتا كاك دابانی ئاخافتنا هەمیایە، قەبیل ناكەم ئەڤە هەمیا نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو حەسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەلایەن زۆربەی هەڤالان تێنەگەیشتنێك لەسەر خوێندنەوەی ئەو یاسایە هەیە، هەمووکمان خەمی هاووڵاتیمانە، لە هەمان كاتیش زۆرجار ئەتوانرێ لە رێگەی پێبژاردنەوە هاووڵاتی پابەندی یاسا بكرێ، نموونە لە هۆڵەندا بۆ پاراستنی ژینگە هاووڵاتیان لە رێگەی یاسا و پێبژاردنەوە پابەندی بنەماكانی ژینگە كراون، بۆ ماددە (٧) یش پشتگیری رای هاوبەش ئەكەم، پێویستە ئەو بڕەی دانراوە كەمە، پێشنیار ئەكەم بكرێتە سەد هەزار.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك مەلا احسان.

**بەڕێز احسان محمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ل دەست پێكێ دەست خۆشی ل هەردوو لیژنەی تایبەتمەند ئەكەین، پشتگیری گوتنا كاك بەهجەت ئەكەم، (٥٠) هەزار زۆر كەمە بۆ تەوافێ، زۆربەی خەلكی ئیحتیمالە تەئسیری مالی خۆ دكەتەڤە، لە خالا سێ یەكەم بیژیتن مەبلەغەكی (٤٠٠) هەزار كێمتر نەبیت و (٧٥٠) هەزار زیاتر نەبتین، ئەگەر بێ مۆلەتا بەرێوەبەرایەتیا فەرمانگەهێ ئێك هاوبەش زیاتر هەبوو، دیتنا من بێ مۆلەتی بەرێوەبەراتیا فەرمانگەهێ بێتە ژی برن، چنكی ئەگەر لە یەك هاوبەش زیاتر هەبوو بە بێ مۆلەت كو رێی دایە بەبێ مۆلەت دوو خەتا بۆ خۆ بینیتن ئەڤە دەبیتە بابەتێ گەندەلی و گەلێت جارا نەكرن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە هەولێر ژمارەکی زۆر زەوی (٢٠٠) مەتری مان هەیە کراوە بە دوو سەد مەتری، حکومەت ناچارە دوو هاوبەشی بداتێ، فەرموو کاك کاروان، فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك دابان ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە پەیوەندی بە تەوافە هەیە ئەپرسم فەرمانگەکانی حکومەت بە تایبەتی شارەوانییەکان توانای ئەوەیان هەیە چاودێری هەموو ماڵەکان بکەن کە زیاتر لە ملیۆنێك و نزیکی دووسەد هاوبەشیان هەیە، بزانن تەوافەیان هەیە یا نا، پێش ئەوەی هاووڵاتی سزا بدرێ پێویستیان بە هەلمەتێکی هۆشیار کردنەوە هەیە بۆ ئەوەی سزا نەدرێن، سەرباری پشتگیری کاك دابان، بە گوێرەی ئامارەکانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر لە مانگی یەکی ٢٠٢٠ تا مانگی (٨) ی ٢٠٢٠ دە هەزار هاوبەش لە هەولێر موراجەعەی بەڕێوەبەرایەتی ئاویان کردووە لەسەر کێشەیی پێوەری ئاو، کێشە ئەبێ چارەسەر بکرێ، نە هەدەردانی ئاو بەو شێوەیە و نە هاووڵاتی زەرەرمەندێ بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر.

**بەڕێز د.زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٨٨) بڕگەی یەکەم لە پەیڕەوی ناوخۆ هەر ئەندامێکی بەڕێز مافی قسە کردنی هەیە بۆ دوو خولەك، دەست خۆشی لە بەڕێزتان ئەکەین، ئەزانین لەبەر ئەوەیە ئەتانەوێ هۆلی پەرلەمان ئارام بێ، ئەندامان بە ئازادی خۆیان قسە بکەن، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کەسێك لە کەسێکی تر دڵسۆز ترە، هەموومان دڵسۆزین، ئەگەر بابەت پێوەری ئاوی ماڵان بێ بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نین غەدر لە هاووڵاتی بکرێ بۆ قازانجی کۆمپانیایەکی دیاری کراو، پێمان باشە بە ڕەچاوی کردنی ئەو جۆری ئارامیەی ناو پەرلەمان و ئەو مافە بۆ هەموومان وەکو یەك بێ، ئێمە خۆمان بە بەشێکی گرنگی هاووڵاتیان ئەزانین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە هەندێ جار دەرفەت ئەدەین بە تایبەت لە موناقەشەی قانوونەکان، لەبەر ئەوەی بەڵکو شتێکمان لە بیر چووبێ و ئەوان دەوڵەمەندی بکەن، بەڵام ئەبێ قسە کردنەکە پەیوەست بێ بەو ماددەی قانوونییەی قسەی لەسەر ئەکرێ، نەك بابەتێکی تر، سوپاس، فەرموو دکتۆر عثمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بە ناوی پرسیار یان پێشنیار بێ ئایا پێتان باش نییە فەقەرەیەك ئیزافە بکرێ، بۆ ئەوەی ئەگەر کارێکی تێکدەرانە کرا سزایەکە جیا بێ لەوەی کارێکی لائیرادی بێ، لە یاسای سەماویش دوو قەتل هەیە، عەمدی و خەگء، عەمد ئەکوژرێتەوە و خەگء ناکوژرێتەوە، پیاوێك خانووی دروست ئەکرد گەڵابەیەکی هێنا شوێنەکە نەوی بوو تایەکەی نیشت و بۆڕی بن ئاوەکەی شکاند، ئەو سزایە جیا بێ، ئەگەر کۆمپانیایەك کارێکی تێکدەرانەی کرد لە تۆڕی ئاو بۆ ماوەی (١٠تا ١٥) ڕۆژ چاکی نەکردەوە، ئایا سزاکەی هەر وەکو ئەو ڕۆژە ئەبێ چاکی ئەکاتەوە، چەند تاخیری بکات زیاد ئەبێ یان نا، ئەو پێوەری ئاوەش لابرێ وەك کاك دابان وتی، سوپاس، ئەگەر ماش داوای لێبوردنی گشتی لە هەموو ئەو غەرامانەی هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقە ئەوانەی لێرە دانیشتوون لە (١١) بەیانی تا ئێستا بە ئێوەی بەڕێزیشەوە کاتێ گفتوگۆ ئەکەین بۆ دەوڵەمەند کردنی تێکستەکەیە، ئەتوانین بۆ مۆڵەت وەکو هەندێ هەڤاڵان بچینە ماڵەوە و ئیسراحەت بکەین و دۆڵمەیەکی گەرمیش بخۆین، حەقە گفتوگۆی ئێمە بە هەند وەرگیرێ، بە نیسبەت خاڵی یەکەم و بڕی سزا (٥٠) هەزار دینارە، من قسەیەکی جیاوازم هەیە لەگەڵ ئەو برادەرانەی پشتگیری ئەوە ئەکەن (٥٠) هەزارەکە دابەزێ، پێم باشە بکرێ بە سەد هەزار، ئەزانی مەعاناتی ئەو کەسەی کە ئەنالێنێ بە تایبەت شوقەکان، شوقەی سەرو ئەگەر تەوافەی نەبەستبێ ئەوەی ژێرەوە مەعاناتی هەیە، حەقە بۆ تەشجیعی ئەوەی ترسێك هەبێ حەقە سزا زۆرتر بێ، بە نیسبەت پێوەری ئاو، ئەگەر داوا بکەین پێوەری ئاو نەمێنێ لەو پێشنیارە یاسایە لەبەر ئەوەی کەمووکورتی تێدایە لەگەڵ ئەوەین ئەو کەمووکورتیانە نەمێنێ، بە شێوەی ئاسایی هاووڵاتی سوودی لێ وەرگرێ، حکومەتیش لەسەر ئەوە کرێی ئاو وەرگرێ، ئەگەر داوا بکەین لاچێ شتێکە داواش بکەین پێوەری ئاوی باش هەبێ پێداچوونەوە بەوە بکرێ ئەوەی هەیە شتێکی ترە، من لەگەڵ ئەوەم بمێنێ، بەڵام پێوەرێکی تر بە ستاندارد دابنرێ بۆ ئەوەی هەردوولا سوودمەند بن، لە ماوەی ڕابردوو هەندێ حاڵەت ڕوویدا لە هەندێ گەڕەگ، نموونە لە یەك دوو گەڕەك وەکو گرێبەست، مەسەلەی جیابەیە حکومەت وەریئەگرێ، نەمبیستووە کۆمپانیا جیبایە وەرگرێ، لە یەك دوو گەڕەکی شاری هەولێر بیستوومە کۆمپانیا هەبووە کۆمپانیا کرێی ئاوی وەرگرتووە، پێشنیار ئەکەم حەسرەن ئەبێ حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار ئەو پارە وەرگرن، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك حیكمەت.

**بەرێز حكمت محمد عبو زيد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەست خۆشی ل لیژنێت تایبەتمەنـد بەرێزتـان ئەكەم، (٥٠) هەزار سـزا ئەگەر نەبەسـترابێ، هـاوڕام دگەل قسەكانی دكتۆر ڕێبوار، لازمە بێتە زێدە كرن، راستە پێـنج هەزارە بەس زەرەرێ وی چەنـدە، ئاڤ ب جادە دچیتە خارێ، تەمام هاورای قسەكانی دكتۆر ڕێبوارم، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك یاسین.

**بەرێز یاسین خضر طه:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەكانی كاك دابان ئەكەم، پشتگیری ئەوەش ئەكەم پـارەی سـزاكە كەم بكـرێتەوە بەڵام ببەستریێ، دكتۆر ڕێبوار وتی كۆمپانیا پارەی ماڵان وەرئەگرێ، بەڵێ لە رانیا كۆمپانیایەك پارە مـاڵان خڕ ئەكاتەوە، مەسەلەی ئەو پێوەرە هەیە نەیبەستووە، (٢٠٠) هەزاری لێ سـەندراوە، هانـای بـۆ مـن هێناوە و ئەڵـێ مـن ئاگـام لـێ نەبـووە خـانووم فرۆشـتووە لە دائیـرەی تـاپۆ و زەریـبە وتوویـانە تـا وەرەقەی پێوەری ئاومان بۆ نەهێنێ تاپۆت بە ناو ناكەین، قانوونێك هەیە لە شارەوانییەكان ئەڵـێ لە (٢٤) سەعات (٢٢) سەعاتت ئاوی هەبێ، ئینجـا مـانگی دە هەزاری بـدەی، ئێسـتا بە (٤٨) سـەعات یەك سەعات و نیو ئـاو هەیە، (١٠) هەزاریـش وەرئەگـرێ، بـۆ هـاووڵاتییەك نیـیە (٤٨) سـەعات، یەك سەعات ئـاو هەبـێ، مانـگ نیـیە بـای سـەد هەزار ئـاو نەكرِم، ئەو پێـوەرە حەقە حكـومەت بۆخـۆی بیكـات، بچـێ ئەو پێـوەرەی زەمـانی بەعـس هەبـوو باشـترین پێـوەر بـوو بـا دایبنـێ، نەك هەواش بخوێنێتەوە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر.

**بەرێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی یەكەم لەگەڵ قسەكانی كاك سیروانم كە وتی جیای بكەیـنەوە بـۆ هـاووڵاتی و كۆمپانیـا، زۆر جیاوازە هاووڵاتی لەگەل كۆمپانیـایەك ئەو سـەرپێچیە بكـات، دوو، (٥٠) هەزاری تەوافە، دوو جـۆر هەیە، یەكیان بە ئەنقەست ئەبێتە هۆی بەفیرۆ چوون، جۆرێك بە هۆی خراپی ئـاوە لەو شـارۆچكە یـان گەڕەكە، هەیە بە ناچـاری تەوافە ئەبەسـتێ و هەسـت بە مەسـئولیەت ئەكـات لە زسـتانە ئـاو زۆرە، لە هاوین ئاو نامێنێ خوا خوایەتی سەركەوێ بۆ ناو تانكی، ئەچێ تەوافە لێ ئەكاتەوە، ئەبـێ گەشەی یاساكان هاوتا بێ بە گەشەی خزمەتگوزاری، ناكرێ هەفتەی یەك رۆژ ئاو لە هـاوین بێـتەوە تـۆ لەسـەر نەبەسـتنی تەوافەكەی لە كاتێكـدا پەیوەنـدی بە خزمەتگـوزارییەوە هەیە (٥٠) هەزار غەرامەی بكەی، پێم باشە ئاوای لێ بكرێ، یەك، ئەگەر بە ئەنقەست بوو سزا بـدرێ بـۆ جـاری یەكەم دە هەزار، بۆ جـاری دووەم ( ٢٥) هەزار، بـۆ جـاری سـێیەم (٥٠) هەزار، سـەبارەت بە دووەم، پێـوەری ئاو وەكو پێوەری كارەبا وایە، (٣٥) هەزارە وابزانم، یەك ئیشیش ئەكات، پێم سـەیرە بێـت بلّـێ (٤٠)

هەزاریــت ئەویٚ بــۆت ئەبەســتین، (٥٠) ئەویٚ بــۆت ئەبەســتین، (٨٠) ئەویٚ، فەرقــی چیــیە، ئەو کۆمپانیایانە ئیستغلالی دۆخەکەیان کردووە، پشتگیری قسـەکانی کـاك دابـان ئەکەم لە خـاڵی دوو، سەبارەت بە خاڵی سیٚ بۆ هاوولاتی....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك پرسیار، هاووڵاتییەك بچیٚ دوو ئاو راکێشیٚ، بە ئەنقەسـت، رەنـگە تەئسـیری لەسـەر دراوسـێی هەبیٚ.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

...... وەکو عەرزم کردی یاساکان هاوتـای ژیـانی خەڵـك گەشـە بکـات، لێـرە بە (٧٥٠) هەزار غەرامەی بکەی بـا سـەرپێچیش بـیٚ، ئەو سـەرۆك خێـزانە مـووچەکەی (٤٠٠) هەزار و پێـنج منـاڵی هەیە، ئەو سـزایە لەسـەر حیسـابی منالەکانیشـە، تەنیـا هەڵەی بـاو نیـیە، بـۆیە سـزا ئەبـیٚ حیکمەتـی هەبـیٚ، ئەوەندە توند نەبیٚ زولمی هەبیٚ، بۆ هاووڵاتی کەم بکرێتەوە بۆ نیوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ســەبارەت بە خــاڵی یەك، ئەو قســەی دکتــۆر محــی الــدین زۆر دەقــیقە، لە رووی عەمەلیــیەوە شارەوانییەکان ناتوانن ماڵ بە ماڵ بگەڕێن بزانن کیٚ تەوافەی بەسـتووە، عـادەتەن ئەوانەی ئـاو لە ماڵیان دێتە دەرەوە بۆ سەر جادەکە، یان شـارەوانی خـۆی ئەیبینـیٚ، یـان خەڵـك شـکایەت ئەکـات، رەنگە ئەوانە عقوبە بدرێن، ئەگەرنا کەسیٚ خۆی ئاوی نییە بڕوا ناکەم شارەوانی بچیٚ و بزانـیٚ ئەو ماڵەی کە ئەسلەن خۆی ئاوی نییە عقوبەی بـدات، بـۆ ئەوانەیە ئـاو لەبەر دەرگـا ئەڕوا یـان سـەیارە ئەشۆن، فەرموو کاك موسلیم.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی زۆر کـرا، پشـتگیری کـاك دابـان ئەکەم بـۆ خـاڵی دووەم، بـۆ خـاڵی یەکەمـیش (٥٠) هەزارەکە خۆزگە بەدواداچوون ئەکرا بـۆ بەسـتی تەوافەی مـاڵان، چـونکە جیـرانم هەبـووە دوو تـا سـیٚ رۆژ سەفەری کردووە ئەو ئاوە بەردەوام رۆیشتووە و تەلەفۆنم بۆ کردووە و ئیـزنم وەگرتـووەو بەسـەر دەرگا چوون گرتوویانەتەوە، سێیەم، ئەو نرخەی دیاری کـراوە، قسـەم لەسـەر نـرخەکە نیـیە، قسـە لەسەر ئەوەیە لیژنەی مـوختەس جیـاوازی بکـات لە خەملانـدنی نـرخ، سـیٚ بـۆڕی سـیٚ ئینجـی کە سێجار راکێشـراوە جیـاوازە لەگەڵ دوو بـۆڕی و سـیٚ بـۆڕی (٢٤) ئینجـی، ئەو نـرخە ئەبـیٚ لیـژنەی موختەس دیاری بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو موژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر خاڵی دووەم کە ئەڵێین ئەو کۆمپانیایانەی ئەو پێوەرەیان بە خەڵك فرۆشتووە ئەسـەلمێنین کە ئەو پێــوەرە لە شــوێنی خــۆی بــاوی (١٦) دۆلارە، بەڵام قســە لەگەڵ ئەوانە کــردووە پێوەریــان فرۆشــتووە و چــوونەتە بەردەرگــای مــاڵان، هەیە وتــوویەتی بە ئــارەزووی خۆمــان پارەمــان وەرگرتووە، لە رانیە (٤١) هەزار و (٤٥) هەزاریش بۆ هەمان پێوەر وەرگیراوە، ئەو سیٚ کۆمپانیایـانە

بە قسەی وەزارەتی شارەوانیش چێك کردنەوەی وەزارەتیان کردووە بە ئەلیکترۆنی، بۆیە پێیان وتوون ئەتوانن ئەو پێوەرانە بێنن و ئەتوانن حەقی ئەوە بخەنە سەر پێوەرەکە، من کرێی ئاوم بۆ دێتەوە یەك یان دوو هەزار کەمتر دابشکێنیّ، یانی خۆی (١٦) تا (١٧) دۆلارە، لە هەندێ گەڕەك پێوەر بەستراوە هەندێك نەبەستراوە، لە گەڕەکی ئاوبارەی سلێمانی هەموو ماڵێك پێوەرەی بەست و دە هەزاری بۆ دێتەوە، حیکمەتی بەستنی ئەو پێوەرە چییە، بە نموونە ماڵ هەیە تا (١٠٠) هەزاری سەرف کردووە تا پێوەری بەستووە، من کە نەمبەستووە وەك ئەو دە هەزارم بۆ بێتەوە، هەیە (٣٥٠) هەزاری بۆ هاتۆتەوە ژنێك و پیاوێکی بەتەمەن بوون کە چوون بۆ دوکانێك ویستوویانە چاکی بکەنەوە وتوویەتی (٣٥٠) هەزارم بۆ هاتۆتەوە یەك درەخت لە حەوشەکە نییە، رۆژی یەك شەمە بەدواداچوونم کرد بۆ بابەتی ئەو پێوەرانە، هەموو ماڵێك (٤٠٠) هەزار دینار بە ناوی کرێی ئاو قەرزارە، ئەگەر ئەو بڕگەیە جێ بەجێ بکرێ، پێوەر ئاو هێواش ئەکات، رۆژ نا رۆژێ بێ مەجبووری لیێی بکەیەوەو (٥٠٠) هەزار غەرامەیە، هیوادارم ئەو بڕگەیە لابرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەلا جیهاد، ببورە ئاماژە لە بڕگەی دوو لە ماددەی (٤٨)، موناقەشە کردنی ئەو بابەتە ئەخەینە دوای دانیشتنی تایبەت بە هەڵەبجە، ئەبێ بەدەنگدان بێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە تەواو کردنی ماددەکانی تری ئەو پێشنیاز یاسایە بە مەبەستی رەخساندنی دەرفەتی باشتر بۆ هەردوو لیژنەی تایبەتمەند بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ وەزارەتی تایبەتمەند، سەبارەت بە پێوەری ئاو بخرێتە دوای دانیشتنی ٣/١٦؟ دوای ئەو بڕگەیە قسە کردن لەسەر ئەو پێشنیازە یاسایە ئەخەینە رۆژی دوای ٣/١٦، فەرموو کاك شاخەوان، عەفوو کاك مەلا جیهاد.

**بەڕێز جهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە بە دەنگی خەلکی هاتینە ڤێرێ، کارەکی باش بوو دانیشتنەکە دواخرا، هندەك جارا بۆمە ناخۆشە بەحسێ عقوباتێت و سزا دێ ل سەر خەلکی، هندەك پەرلەمانتار دبێژن ئەم دگەل سزایێت نین، سزا هاتیە دانان کو کارەك بەرێڤە بچیتن، هندەك دبێژن ئەم دگەلین، بۆ ئەڤەیە حوکم بێتە بکار ئینان، ئەڤە نە مەخسەد خەلکی سزا بدەت، بەس قانوونەکا بێتە جێهینان، گەلەك مال حتا ڤێگاڤێ ل کوردستانێت هەی تەوافا قیمەتەکا گەلەك کێمە بەس دوژمناتیا دگەل هەی، دبێت مە وەسا تێنەگەینین، ئەڤە بۆچوونات مەیە دائیرا ئاڤێ ئان دائیرێت موعەین ئەگەر ب ئیخلاس کار بکەت کێشا چارەسەر کەت، نوقتا دوێ، ئەڤ نرخێ بۆ ئاڤێ چ پێڤەر هەیە ئەو بزانیت چەند چووە حەتا عقوبەك نەکا ؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ئەبو بەکر.

**بەڕێز ابو بکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خالێکی پەیڕەویم هەیە دوایی قسە ئەکەم، یەك، بەپێی ماددەی (٥٤و٥٥) زەبت کردنی کۆبوونەوەی پەرلەمان لە ئەستۆی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە، دوو، بەڕێزت پێشتر ئەندامی پەرلەمان بووی و ئەندامی لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بووی، خوا لێ خۆشبوو دکتۆر

فرست كه سەرۆكی لیژنەكه بوو، زۆر تەبیعیه هەڤالێكمان لێره نەبێ، ئەوەی چووینه پەرلەمانی سوێد تەنیا لیژنەی مەعنی قسەی له پرۆژه یاسا ئەكات، ئەوەی ئێمه له كارەبا و سامانی سروشتی و پەروەرده و زەراعه قسەی لەسەر ئەكەین، زۆر ئاساییه فراكسیۆنەكان پرۆژه یاساكانیان پێ ئەدرێ له رێی نوێنەرەكانیان هەموو سەرنجی خۆیان ئەگەینن، تەبیعیه مەعلوماتم نییه نامەوێ لەو یاسایه قسه بكەم، ئەوەی لێره نییه تاوانی نەكردووه و ئێمەش ماوین ئازایەتیمان نەكردووه، دووەم، لەسەر سزا، حەزرەتی عوسمان قسەیەكی جوانی هەیە، لەگەل سزایام، (زجرون لی ساحبه و ردعون لی غیره)، له پرۆتۆكۆل و ئەرشیفی ئەو پەرلەمانه سەیر بكەین دۆستی دێرینی گەلەكەمان دكتۆر اسماعیل بێشكچی له یەكەم كۆبوونەوەی ئەو پەرلەمانه كه بروسكەی پیرۆزبایی ئەنێری و ئەڵێ نۆزده جار لەسەر قەزیەی كورد گیراوم دوژمنی كورد له داهاتوو له رێگەی ئاو شەری ئێوه ئەكەن، خۆشمان دوژمنی ئەو سامانه نیشتیمانیەین كه ئاویش و كارەباش به هەدەر ئەدرێ، بۆیه ئەبێ سزا هەبێ، پشتگیری كاك دكتۆر رێبوار و كاك حەسیبه خان ئەكەم ئەبێ تەوافه هەبێ، پێم وایه له ٦٠٪ هاوولاتیان تەوافەیان نییه، ئەبێ بیكەین به سەد هەزار نەك پەنجا، بەڵام برگەی دوو، پێوەری ئاو پڕ پڕه له ناعەدالەتی من لەگەڵ كاك دابانم و بگەرێینەوه بۆ شێوازی پێشوو، یان هەر ئالیەتێك له داهاتوو ئەدۆزینەوه، له ئێستا بەو پێوەره ستەم له خەڵك ئەكرێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شاخەوان.

**بەرێز شاخەوان رۆوف مصطفی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەكانی كاك دابان و كاك عوسمان و مامۆستا عمر ئەكەم، مەسەلەی ئاوی ماڵان ئەزانن ئێستا وای لێ هاتووه له هەفتەیەك دوو رۆژ ئاو هەیە، قوەتی ئاوی ماڵان كەمە بەشی زۆری خەڵكی ئەو وڵاته تەوافەی سەربان نابەستێ، مەسەله كەمتەرخەمی نییه، مەوزع ئەوەیه ئێستا له هەفتەیەك دوو رۆژ ئاو هەبێ قوەتی ئاو كەم ئەبێ، ئەبێ حكومەت موعالەجەی ئەو حالەته بكات، ئەگەر له هەفتەیەك پێنج رۆژ ئاوی ماڵان و گەڕەكەكان هەڵكرا ئەوكاته حكومەت ئەتوانێ ئیجرائاتی توندتر بكات، له برِی ئەو پەنجا هەزاره ئەكرێ زیاتر بێ، بەڵام ئێستا پەنجا هەزار دیاری كراوه له كاتێكدا له هەفتەیەك دووجار ئاو هەیه، پێش هەموو شتێ حكومەتی هەرێم بەتایبەتی بەرێوەبەرایەتی ئاوی شارەكان ئەو گرفته موعالەجه بكات، له هاوین جار هەیه یەك جار ئاو هەیه، ئەبێ پێش وەخت ئەوه چارەسەر بكرێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك مەم نوقتەی نیزامی.

**بەرێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمرۆ نزیكی (٧) كاتژمێر زیاتر له كۆبوونەوەین، بەپێی ماددەی (١٨) برگەی سێیەم، كردنەوەی خول و دانیشتەكانی پەرلەمان و سەرۆكایەتی كردنیان و كۆتایی پێهێنان و دواخستنیان و دەست

نیشان کردنی کاتی ئەنجامدانی دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانە، هیچ داعی نەبوو ئەو دانیشتە بخرێتە دەنگدان، سەلاحیەتی خۆت بوو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەلاحیەتی من نییە، سەیری ماددەی (٤٨) بکەن، موناقەشەی کۆبوونەوەی ئەو یاسایە لە کۆبوونەوەی داهاتوو یەکەم بڕگە بێ، ئەڵێ تا گفتوگۆ لەسەر بڕگەیەکی بەرنامەی کار تەواو نەبێ بڕگەیەکی تر گفتوگۆی لەسەر ناکرێ، ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك نەتوانرا گفتوگۆ لەبارەی بڕگەیەك تەواو بکرێ دەستەی سەرۆکایەتی ئەتوانێ ئەو بابەتە بە هەڵپەسێراوی بهێڵێتەوە و بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی ئامادە بوو ئەو بابەتە بۆ دانیشتنی داهاتوو دوا ئەخرێ و بڕگەی دوای ئەوە گفتوگۆی لەسەر ئەکرێ، ئەگەر ئێوە دەنگ نەدەن ناتوانی کۆبوونەوەی داهاتوو تایبەت بکەین بە تەنها هەڵەبجە، ئەبێ بڕگەی یەکەك بکەینە تەواو کردنی گفتوگۆ لەسەر ئەو پرۆژەیە، ئینجا ئەتوانین بچینە سەر بابەتی هەڵەبجە کە هەموومان ئیتیفاقمان کردووە لەبەر گرنگی دۆخ و تایبەمەندی هەلەبجە، ئێستا لیژنەی تایبەتمەندەکان.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك مەلا عوسمان پرسیاری کرد، لە ماددەی (٢٢) بڕگەی یەکەم عیلاج کراوە، تێبینیەکی ترم هەیە، قاعیدەی قانوونی چۆن ئیلزام ئەکرێ، بە سەپاندنی سزا لە موخالەفە کردنی، سزاش دوو عونسری هەیە مالی و مەحسوس بێ، ئەگەر بڕەکەش کەم بێ و مادەی مەحسوس نەبێ کێ ئیلتیزام بەو قاعیدە قانوونیە ئەکرێ، ئەوە عونسرە ئەبێ هەبێ، پرسیاری تر، دوای پێبژاردن هەر پابەند نەبوو ئەوا بڕگەی دووەمی ئەو ماددەیەی لەسەر جێ بەجێ ئەکرێ، بەڕێزت پرسیارت ئاراستە کرد، دوو یان سێ ئەندامی پەرلەمانیش، دوای پێ بژاردن هەر مولکەچ نەبوو ئەوکات بڕگەی دووەمی لەسەر جێ بەجێ ئەکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی شارەوانی.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس بۆ بەرچاو روونی ئیشارەت بەو خاڵە ئەدەم کە پێوەری ئاو بە گشتی بەو فراوانییەی لە هۆلی پەرلەمان باس کراوە هیچ پەیوەندی بەو یاسایەوە نییە، لە کێشەی پێوەری ئاو ئاگادارین، لەگەڵ وەزارەتی مەعنی باس کراوە، بڕگەی دوو زۆر باسی دەستکاری ئەکات، نە باسی عقود و نە باسی بەستنەوەی ئەکات، لە ئێستاش ئەو ئیحتیکاریەی کۆمپانیاکان هەبوو بۆ سێ مارکەی فەرز کرابوو نەما، هەر هاووڵاتیەك ئەتوانێ پێوەری ئاو خۆی بیکرێ و بیباتە بەرێوەبەرایەتییەکە و بارکۆدێکی

لەسەرە چێك ئەكرێ تەواو بێ ئەتوانێ ببەسترێ، بۆیە زۆر بە روونی داوا ئەكەیـن بـابەتی كێشـەی پێوەری ئاو زۆر جیاوازە لە خاڵی دووەم كە ئێستا باس كرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان بەو شێوەیە كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دێنین، سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |